# ڕامان ١٨٦

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی حەڤدە/ تشرینی دووەمی ٢٠١٢



- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام



ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 07504494662 - 2228506
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان


**● دەق**

- نەدەتوانین بژین نەمرین/ زانا خەلیل/ 3
- سرتەیەکی تر.. یان تازە/ محەمەد ئەحمەدی (سامالّ)/ 5
- ژیانێکی تر (دەمەوێ ئەوها بژیم)/ تەیب قادر/ 7
- چما تو هاتی/ وەجیها عەبدولڕەحمان/ 9
- بۆ تیمار/ لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی/ 10
- دێو/ سەردار بیانی/ 12
- خەو/ فوئاد قامووسی/ 22
- سوێند/ ئەمین گەردیگلانی/ 25
- خەلا/ ئەدیب پۆلات/ 28
- چەند مینیمالێک/ لە فارسییەوە: جەبار سابیر/ 31

**● هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی هەمەلایەن لەگەڵ وەرگێڕ و نووسەری پێشەنگ (عەبدولکەریم شێخانی)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 33
- دیمانەیەک لەگەڵ (سیمین بێهبەهانی)ی شاعیر/ لە فارسییەوە: ئارام حەسەن پوور/ 47

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- ئەرکی هونەر/ تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 55
- مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی/ لە فارسییەوە: سیما چۆمانی/ 67

**● هزر و فەلسەفە**

- گوتلۆب فرێگە: بنەماکانی فەلسەفەی شیکاریی لۆژیکی زمان/ د. حەمید عەزیز/ 77
- کاریگەریی ئەندێشەکانی تۆماس هابز لەسەر سیاسەتکاریی فەرمانڕەوایانی عەرەب/ لە فارسییەوە: مقداد شاسواری/ 88

**● وتار**

- ئاگر و گوڵ/ ئەحمەد یاسینی پشکۆ/ 96
- هەندێک ڕێوشوێنی ساکار بۆ پیتچنین/ محەمەد ئەمین شاسەنەم/ 102
- جوانیناسی (ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی بزاڤی جوانیناسی)/ لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد/ 106

**● زمانزانی**

- زمانی ستاندارد لە هەندێک وڵاتدا/ د. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو/ 109

**● مێژوو**

- بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە خانەقین و ناوچەی بنکوورە/ ئەحمەد باوەڕ/ 127

**● بیرەوەری**

- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 131

**● هونەر**

- ئارکیۆلۆژیای کات و شوێن لە ئێستای هونەردا/ سۆران ئیسماعیل/ 136
- دیاردەی شانۆی بچووک/ موحسین محەمەد/ 140

**● خوێندنەوەی کتێب**

- فەلسەفەی پێش سوکرات لە تالیسەوە تا دیمۆکریتۆس/ هاشم سەڕاج/ 144

**● نامە**

- نامەیەکی مستەفا بەگی کوردی بۆ حەسرەتی، وەڵامی سالم بۆ کوردی و حەسرەتی/ ئا: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)/ 154

**● نرخاندن**

- گۆڤاری (ڕامان)ی پێشەنگ/ مەدحەت بێخەو/ 159

**● سووکە لەنگەر**

- جیهانی تایبەت بە منداڵ/ یووسف عەبدولقادر ڕەسووڵ/ 160

# نه دەتوانین بژین نه بمرین

زانا خەلیل

مەسەلەکە بۆ یەکێ کە بزانێ دەزانێ
دەزانێ هیچ بایەخێکی نییە
چی بکا یا نەیکا
لەپێناو زۆرتر یا کەمتر ژیان.

مەسەلەکە بۆ هەموومان ئەوەیە کە بزانین و
نەمانەوێ بزانین
کە هیچ بایەخێکی نییە
چی بکەین یا نەیکەین
لەپێناو کەمتر یا زۆرتر ژیان.

لە فیلمێکی دوکیۆمێنتی پڵنگێک دەبینین
تیمساحێک نیوەی ڕوخساری خواردووە
نە دەتوانێ بژیێ و نە دەتوانێ بمرێ
لەو ناوەدا بەدەم گریانەوە دێت و دەچێ و نازانێ چی بکا.

**کەشتییەکی بەردهەڵگر**

ئەوەندە، ئەو هاتن و چوونە دووبارە مەکەوە.
ئەوەندە بەردەوام مەبە، لە دووبارەکردنەوەی
ئەو هەموو هاتن و چوونە
بەو پێڵاوەی کە ژێرەوەی مووسە
بەسەر ئێسکوپرووسکی مندا.

ئەوەندە بەردەوام مەبە
لە دووبارەکردنەوەی ئەم هەموو هاتن و چوونە
ئەوەندە، ئەو هاتن و چوونە دووبارە مەکەوە
بەو کەشتییە بەردهەڵگرە
بەناو دەمارەکانی مندا.

لە نزیکمانەوە کەسێک دەبینین
لە مەتبەخ دانیشتووە و لەسەر مێزەکەیدا
سینییەک ئێسکوپرووسک و ٥ لیتر خوێنی منی
لەپێشدایە.



### که دەمرم

که دەمرم.. ڕۆحم دەچێته بەر پاکەتێک جگەره
لەوانەیه ژنێک بمکێشێ..
که دەمرم.. ڕۆحم دەچێته بەر بتڵێک عەرەق
ڕەنگه عاشقێک بمخواتەوه
یاخود وەک ئێستا دەبمەوه شیعر
عاشقێکی سەرخۆش
که ژنێکی جگەرەکێشی خوشدەوێ دەمخوێنێتەوه.
یا ژنێکی عاشق که سەرخۆشێکی خۆشدەوێ
دەمخواتەوه.
که دەمرم.. ڕۆحم دەچێته بەر
مەکاکێکی بەربەری لە چیاکانی ئەتڵەسی
ژنێکی جگەرەکێش و عاشقێکی سەرخۆش،
که ژنێکی جگەرەکێشی خۆشدەوێ و
ڕێکخراوێکی ئاژەڵپارێزی و هەندێ نووسەر بەدوام
دەگەڕێن
تا ڕەگەزم لە قڕبوون بپارێزن
چونکه دەزانن من لەو ژیانەدا
جگه لە مەیموونێکی باڵدار و بەربەری شیعر،
هیچی دیکه نەبووم.

### من لەسەدای ڕەنگی خۆم نیم

من، من نیم و من لەسەدای ڕەنگی خۆم نیم
من لە من نا.. من هەرگیز لە من نا..
من لە تۆم.

ژنێک بۆم دەنووسێ:
بڕۆ بنوو کوڕەکەم (تا) نا، بورکانت گرتووه.

کەوابێ
من، من نیم و من لە سەدای ڕەنگی خۆم نیم
من لە من نا.. من هەرگیز لە من نا
من لە تۆم.

ژنێک بۆم دەنووسێ:
وڕێنه مەکه کوڕەکەم، (تا) نا، تۆ بوومەلەرزەت گرتووه؟

دەڵێم: بورکان و بوومەلەرزە نا
من سەرەتانی مەمکەکانتم لێیه
بۆیه دڵنیام
من، من نیم و لە سەدای ڕەنگی خۆم نیم
من لە من نا.. من هەرگیز لە من نا..
من لە تۆم.

# سرتەیەکی تر.. یان تازە...

محەمەد ئەحمەدی (ساماڵ)
(بۆکان)

لە داڵانە شینەکانی تەمەندا
ئێستا
پیاوێکم بەردین؛
هەڵپەی هاویشتران
لە گۆری باسکمدا،
هەنگاو دەنگی با،
پێ لە پەلە،
کەللە مزری جووتێک چاوی ڕەش
شێت

لەوەتای ئێرەوە
بەردەوە
گرێپووچکەی زمان
لە بێژەری هەموو شتێک پسکا و
کۆڵان کەوت بەلای چاویلکەکانیدا
شەقام ڕۆیی تا جەمسەری سپی قژم
تۆ
تاوی بە تەمەنم دا
یاوی بە جەستەم دا

نەگونجا هیچ
تەنانەت سرتەیەکی تر
یان
تازە

تر

تازە
مەودای منە و باڵندەی وێڵ
مەودای منە و باڵندەی بێکار
مەودای منە و باڵندەی جووتێک چاوی شێت
هەر بە ڕاستی شێت

لەوەتای مەوداوە



باڵندەی وێڵ  دەسەلمێنێ ئاسمان شین
لێڵ... کە ماخولیای شیعر و
باڵندەی بێکار دەسەلمێنێ خۆر کە ئیشراق
کەڵەشێرێک
لە ماڵی سوڵتان سەلاحەدین
کازیوەی لە بیندا منگ و
سی و حەوت جار حەوت
بە داڵانە شینەکانی مێژوودا
ئێستا
شاران لەسەر شانان
دەبێ بڕۆم
بێ وەک هەمیشەی ڕۆیشتن
یان وەک ڕێگا
کە چووزانی
لە کوێی تری دنیا
قوڕە و چڵپاو

دەبێ بڕۆم
لە بۆنی ڕێگاوە
تەنیا بم هەڵمژێ باڵ و
سی و حەوت جار حەوت
هەڵفڕین
لە ئێرە
بەرد

دەبێ بڕۆم
بە ژیاندا باڵندە
«لە ژیاندا برین گەلێک هەن وەک خۆرە»

من لە زامی باڵندەوە وێڵ
لە ڕکێفی تەنیاییدا بەیدەست
لە شەڕی دەستەویەخەی واتا
دەپێوم هیچ بە قولاڻجی با
پێوانی جووتێک چاوی شێت... عارفانە
وڕ
پێوانی مەودا بە زاراوەی باڵ
دوو هێڵی سوور
دوو ناوەختی هاوکات
لە نوختەی درزی  ئێرەوە
بەردەوە
تا خزینی هەموو شتێک لەمەداری وەک

وەک بڵێم
کەڵەشێرێک یەکەم جار
ئەسپێک
حیلاندی سەحەرە
سەفەرە و
سی و حەوت جار حەوت بە داڵانە شینەکانی مێژوودا
ئێستا
سەفەرە و
شیعرێک لە کۆڵنجی کاغەز دەشکێ
زمان شێواو
کە نەک هەمان هەرگیز بن
کە دەرزەکانی دنیا بە لۆکە بگرم و
کە بنووسم
سرتەیەکی تر.. تازە..

# ژیانێکی تر
## (دەمەوێ ئەوها بژیم)

**تەیب قادر**

(١)
ژیان دەسـت گرتنی ژنێکی دڵ نارنجییە
لـە تەمـەنێکی درێژ درێژدا
بە دیارییـەوە دانیشی
سـەبر سـەبر قسـەی خۆشی بدەیتێ
پیاڵە پیاڵە نازی بە دەمـەوە بکەیت
نەرم نەرم سـەرە پەنجەکانی پێ بشێلی
قیچ قیچ بیخۆیتەوە.

(٢)
ژیان کۆکردنەوەی ئێوارەیە.

(٣)
ژیان گۆرانییـەکی شـین شـینە
وەک دەنگی بەربوونەوەی چەپکێک ئاو لە دەمی شـاخێکدا
قل قل مۆسـیقا بخەیتە گوێچکەت
تەنک تەنک سـەما بخەیتە قاچەکانتەوە.

(٤)
ژیان کراسـێکی سـپی مـەیلەوشـینە.

(٥)
ژیان ڕۆیشـتنێکی پڕ پڕی ڕاوەسـتانە
خۆت بە سـەیرکردنی گوڵێک بخافڵێنی و
بە سـەتڵێک بۆنەوە
ئێواران بگەڕێیتەوە ماڵەوە.

(٦)
ژیان سـەتڵێک کۆترە بەسـەر تەنافی ئاسـماندا.

(٧)
ژیان دەنکە ترێیـەکی ڕەش ڕەشـە
بە ڕووناکییـەکی سـپی سـپییـەوە بیکێشـی و
قوم قوم بیدەیتە ڕوحت.

(٨)
ژیان کراسـێکە بە بەری هـەموو بەردێک ناکا.



(٩)
ژیان دوو جووت پێڵاوی فراوانە
لە هەموو سەفەرەکان هاودەمتە
بێزاری ناداتە ڕۆیشتنەکان.

(١٠)
ژیان چاوشارکێی دوو مندالە
١- جارێک لە مندالی بەدەم گەورەبوونەوە دەخەوێ
٢- جارێک لە پیری بە بیرکردنەوەی گەڕانەوە بۆ مندالی دەمرێ.

(١١)
ژیان مەترێک زەوی سپی سپییە
پێیەکانی لێ جێ بێڵی و
چایەکی تێر تێری لێ پێ بکەی.

(١٢)
ژیان خۆ خافڵاندنە بە چەند وشەیەکی شیرین شیرین
وەک ئەمرۆ سەرقاڵم بە خوێندنەوەی دنیا
یان با بچین بۆ کرینی ئەستێرەکان.

(١٣)
ژیان بەردێکی نەرم نەرمە
لەسەر پشتی دنیا خۆی ڕادەخا
دان دەداتە کۆترەکانی سبەی.

(١٤)
ژیان ئاگرێکی فێنک فێنکە
بەنێو کۆڵانەکانی جەستەدا بە لەنجەیەکی نەرم نەرم
پیاسەکانی بڵاودەکاتەوە.

(١٥)
ژیان قۆپچەی کراسی هەنجیرێکە.

(١٦)
ژیان سێبەری ڕۆیشتنی کیلۆیەک هەورە
هەموو دەقەیەک کڵاوی قەڵەباڵخیم دەگرمەوە و
قل قل جێ پێیەکانی دەخەمە نێوی.

(١٧)
ژیان ڕاکێشانی دەنگی سێبوورییە لە هەیوانێکی پیردا.

(١٨)
ژیان بەیانی باشی ڕەنگ مۆرە
لە دۆڤەیەکی فراواندا بڵاودەبێتەوە.

(١٩)
ژیان کرینی عەلاگەیەک چاک و چۆنییە
بەدەم ڕێگاوە بەسەر قەڵەباڵەخی دابەشی بکەی.

(٢٠)
ژیان یەک دەفتەری تەژی لەپرچی سەبوورییە
کۆتاییەکەی لە هەیوانی گریان کۆتایی نایێت.

(٢١)
ژیان پەقرەجێکی نەرم نەرمە
لێوان لێوە لە سەردانی لە ناکاو
بێ یەکتر ناسینی پێشوەختی ئێوارە.

(٢٢)
ژیان گەیشتنەوەی دوو کەشتی دابڕاوە بە یەکتر
کە لە زەمانێکی زوو زووەوە تۆران تێکی شکاندوون.

(٢٣)
ژیان دەست گرتنی دوو سەرە کۆڵانە
لە ئاهەنگی خەمێکی شل شلدا.

(٢٤)
ژیان دامێنی سێبەرێکی پەمەییە.

(٢٥)
ژیان کۆترێکی دڵخۆشە
فڕین دەداتە بیرکردنەوە و
ڕۆیشتن دەداتە نیشتنەوە.

(٢٦)
ژیان هێلکەیەکی دوو نەفەرییە.

(٢٧)
ژیان پرچی پەرەسێلکەیەکی سپییە
پشدێنی تەژییە لە خەیاڵی ئاوەدانی
چرا بەسەر چاک و چۆنی دەخوێنێ
هاتنەوە دەڕژێنێتە بن پێیان.

(٢٨)
ژیان دەستی سێبەرێکی نارنجییە
ڕاکێشان دەهێنێتە ژێر کەلەکە
ئاسوودەیی دەداتە خەوتن
پشوو بۆ پەرێشانی دەنێرێ.

(٢٩)
ژیان پیاسەیەکی درێژە لە شەوێکی کورتدا.

# چما تو هاتی

**وەجیها عەبدولڕەحمان**
**(حەسەکە)**

ژ چیاییێن قەلاووز...
و دوومانا قەلوونا بەرفێ
دەما ڕۆکتیرێژا خوە
ل دلێ پرتکێ وێ دخە
و دقەلینە...
پرسا من ل سەر لێڤێن
ڕۆژێن ببورتی نوو دبە
و ژ کەسێ ئەڤینا من یا چوویی
دادوەریڤە ...
ب سالێن ببورتی رە
نوە تو تێ یی
و خەونا من یا زەلال
نوە دکی
ب لاری ئەز ژ تە رە
پەیڤێن مە یێن کو مە ب هەڤ رە گۆتن
ساز دکم.
سترانێن مە
کازەکازا وان
د گومانێن من دە
هەردەم پێل ل وان دخە
بەلاڤ دبم
پشتی کو،
سال و ڕۆژ و کێلیک ...
هاتن هێران...؟!
ڕێ و بیرانین ...
فەدی و لیسک ...
خوە نوو دکن
کا ژ من رە بێژە ...
چما تو هاتی
پشتی کو ئەز چوو بووم ...؟
تە کراسێ پرسێن منی
کەڤن و قەتیایی
ب بێهنا دەنگێ خوە یی دوور
ژ نوو ڤە خەملاندی.



**ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (فیغانا پێنووسێن نازک)، ئامادەکرنا ئەڤین شکاکی ڕووپەلێن (٤١٣-٤١٤) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا ٢٠١٢ ل ئامەد هاتیە چاپ و بەلاڤکرن. هەژی یە بێتە گۆتن کو هەلبەسڤان وەجیها عەبدولڕەحمان ل باژێڕی دێرکا حەمکۆ ژدایکبوویە و خوەندنا خوە هەر ل وی باژێری ب داوی ئانییە. دەرچوویا پەیمانگەها مامۆستایانە - پشکا عەرەبی. نها ل باژێرێ حەسەکێ مامۆستایە.**

**«ڕامان»**

# بۆ تیمار

ئەحمەد شاملوو
لە فارسییەوە: فەرامەرز (وریا) ئاغابەیگی
(بۆکان)

چ پێویستێکە من بیڵێم
کە چەندەم تۆ دەوێ من؟
ئەتۆ چاوت وەکو ئەستێرە وایە و
دڵت پاکی گومانە
❊ ❊ ❊
قومێکم خواردەوە وشکایی لێ هات.
وەها زەریایەکی شیرین
لەگەڵ تینوویەتی بێ ڕادەیی من
ئەمن دەمزانی
پێک نایەن.


چ پێویستێ بوو من بیڵێم
کە چیهام ئەو دەویست من؟

**گۆرانی ئاشنایی**

ئەتۆ کێی وا
کە بەم جۆرە
بەمتمانە
ئەمن ئێوم دەڵێم پێت و
کلیلی ماڵێ دەسپێرم بە دەستت
لەگەڵ تۆ بەش دەکەم من نانی شادی
لەلای تۆ دادەنیشم جا
بەسەر ئەژنۆتەوە
بەم چەشنە ئارام
بەرەو ئامێزی گەرمی خەو دەچم هێدی؟
❊ ❊ ❊
ئەتۆ کێی گیانە ئاوا تاسەمەند من
لە زێدی خەونەکانمدا
وچان دەگرم لەگەڵتا؟

**عاشقانە**

ئەوەی وا پێم دەڵی: لام خۆشەویستی
مەقامبێژێکی دڵتەنگ و غەمینە
کە دەنگی خۆی لە دەست داوە ئەمێستا
ئەرێ خۆزگە لە بۆ عەشقیش
زەمانێ بۆ بەیان بایە
مەلی کاکۆڵ بەسەر شادانی چاوی تۆ هەزارانە
قەناری بێ سەدای ناخی گەرووی ئەمنیش هەزارانە.
لەبۆ عەشقیش
ئەرێ خۆزگە زەمانێ بۆ بەیان بایە
❊ ❊ ❊



ئەوەی وا پێم دەڵێ: لام خۆشەویستی
دڵی غەمباری شەوگارێکی تارە
لە دووی مانگی موڕادی بۆتە ئاوارە.

ئەرێ خۆزگە لە بۆ عەشقیش
زمانێ بۆ بەیان بایە
هەزاران ڕۆژی پشکووتوو لە لەنجە و نازی تۆ دایە
هەزاران ئاسمان ئەستێرەیی ئەسرین
لە ویست و ئارەزووی مندا.
لەبۆ عەشقیش
ئەرێ خۆزگە زمانێ بۆ بەیان بایە

**مەرگی «نازلی»**

« – نازلی گیان! ئەرخەوان سوورە و بەهاریش پێکەنی.
یاساکەی پیرۆکی داوێن پەنجەرەی ماڵێ گوڵووکی(*) کرد.
دەس لە سۆ(*) هەڵبگرە ئاخر!
چەندە دەستەملانی مەرگی شووم دەبی!
مان لە مردن چاترە ئێستاکە جا جەنگەی بەهار...»

نازلی هەر بێ سەدا بوو،
سەربەرز
دانی قینی نا بەسەر جەرگی شەکەتباریوە ڕۆی...

* * *

« – نازلی! دە شتێ بڵێ!
ئەم مەلی بێ دەنگییە،
بەرهەمی مەرگێکی ژانداری لە هێلانەت بە دیاری
پێوەیە!»

نازلی هەر بێ سەدا بوو،
چەشنی خۆرێ بوو لە تاریی هاتە دەر
خەڵتانی خوێن بوو ژینی ڕۆی..

* * *

نازلی هەر بێ سەدا بوو
نازلی ئەستێرەیەک بوو
چرکەساتێک لەم شەوەزەنگاوییە ڕووناکی بەخشی و هەڵفڕی..

نازلی هەر بێ سەدا بوو
نازلی وێنەی وەنەوشەی دەم بەهار
هاتە گوڵ دان و
هەواڵی خۆشی دا: «زستان نەما دەورانی سەختی ئەی گەلۆ!»
ئەمجار ئەدی ئاسوودە ڕۆی...

**لە مردن**

ئەمن هەرگیز نەترساوم لە مردن
ئەگەرچی دەستی تورتتر بوو لە پەستی.
هەمووو ترسم – بەڵێ – مردن لە زێدێکە
کە حەقدەستی قەبر هەڵکەن
بەهای زیاتر
لە ئازادی بەشەر بێ.

* * *

بە شوێندا چوون،
گەڕان تاکو وەدیخستن
لە ئاخردا
بە ویستی دڵ پەسەندکردن
بە ئەم جۆرەی کە خۆشت هەی
بناغە و ڕیشە داخستن –
ئەگەر مردن بەهای زۆر و زەبەندتر بێ لەوانە
ئەمن قەت قەت نەترساوم لە مردن.

**شەوانە**

یارانی من وەرن دەی
بە هەرچی ناوی دەردە لاتان
کۆڵباری دەردی خۆتان
لە زامی جەرگی من وەرێنن.

زیندووم بە ژانەوە من...
چرای لەشم دەیاییسێ بە دەردەوە...

یارانی من وەرن دەی
بە هەرچی ناوی دەردە لاتان
ژەهراوی دەردی خۆتان
لە زامی جەرگی من ڕژێنن.

**گۆرانی فرمێسک و ڕۆژ**

– ئەرێ زەریا، ئەرێ زەریا
چ قەوما لێت
ئەتۆ گریای؟
– کەمێ تاریکترم دی من، لە حاندی ڕۆژ هەبوونی خۆم.
– چرای کز دایساوی بیر
چ قەوما لێت
کە باڵای کرد گڕی تۆ؟
– کەمێ ڕۆشنترم دی من، لە حاندی ڕۆژ هەبوونی خۆم.

**لە دایک بوون**

لەناکاودا
بە چەشنی ڕۆژ
ئەوین ڕووبەندی لادا
هەموو دنیا بە ئاهەنگی «وەدەرکەوتی» خرۆشا
بریقەی ئاگرئاسایەک ڕژا خوارێ و
وجوودی هاتە دی ئینسان.

بۆ تێمار: شاهۆ، شاوەشینکە
(*) گوڵووک: شکۆفە
(**) سۆ: گومان
**سەرچاوە:** مجموعەی اشعار احمد شاملو – تهران، انتشارات نگاه، چاپ ششم: ١٣٨٤.



# دێو

**سەردار بیانی**

هیچ شتێک نەدەبووە ئاستەنگ لەبەردەمی، دەشتەکانی دەخستە پاش سەر، لەناو دارستانە چڕەکان مار ئاسا دەخزی، بێ ئەوەی بەر دارێک بکەوێت، یان لە خێراییەکەی کەم ببێتەوە، بەسەر چیاکاندا بازی دەدا، ئەوەش لەچاو تررووکاندنێکدا، هەروەها بە سەر دەریاکاندا دەفڕی بێ ئەوەی مەترسی کەوتنە خوارەوە بۆ یەک سات پەلاماری متمانەی بدات. ئێستاش پەککەوتە و شڕ و داماو، پاڵی بە دیواری حەوشەکەوە داوە.

سێ ڕۆژ بوو کە تۆزوخۆڵ دەباری، دەتگوت لەسەرەوە بە پانایی ئاسمان خاک لە بێژەنگ دەدەن. ئەوەندە خۆڵ لەسەر پەلکەکانی دار پڕتەقاڵی ناو حەوشەیان نیتشبوو، کە خۆیان بە ڕەنگی زەردێکی غەمبار دەنواند، گەڵاکان تەنیا لە ڕووی خوارەوەیان ڕەنگی سەوزی خۆیان پاراستبوو. ئەو مات و کز بەرانبەر دار، کە سێبەرە تۆزاوییەکەی خۆی خستبووە سەر پاسکیل، دانیشتووە و ئەژنۆکانی گرتووەتە باوەش و چەناگەی خستووەتە سەر و بە چاوی گومان لێی دەڕوانێت.

دەرگای حەوشە بە جیڕە جیڕ خرایە سەر پشت و باوکی هاتە ژوورەوە، کە ئەوی بینی بە پەرۆشییەوە پرسیاری کرد: چی ڕووی داوە میرزا؟

پاش کەمێک خۆ هێنان و بردن وەڵامی دایەوە:

- هیچ نییە- نازانم چی لەم پاسکیلە بکەم؟
- ئەمە هەفتەیەکە لاتە، بەسە بۆ برادەرەکەت بیگەڕێنەوە.
- هی خۆمە لە کەسم وەرنەگرتووە، بە ٩٥٠ کڕیومە.

باوکی کە ئەوەی بیست، کوتوپڕ ئەو نیو بزەیەی سەر لێوی ون بوو، برۆیە پەڕەکانی لەیەک ئاسی بوون و سێبەری

تووڕەیی نیشتە سەر پانایی ڕووخساری.
– واتە درۆت لەگەڵ کردم.
دواییش بە حەسرەتەوە بەردەوام بوو: ٩٥٠ دەمانتوانی تەلەفزیۆنێکی نوێ بکڕین، ئەگەر کەمێکی ترمان خستبایە سەر.
بەدەم ئەم قسانەوە حەوشی بەجێ هێشت و چووە ژوورەوە. بەر لە دوازدە ساڵ باوکی بەڵێنی پێدابوو، پاسکیلێکی بۆ بکڕێت تا ئەویش وەکو منداڵەکانی تر هەست بە هیچ کێماسییەک نەکات. دوای چەند مانگ لە جیاتی پاسکیل بۆ ئەو، ڕادیۆیەکی دوازدە مەوجی بۆ خۆی کڕی بۆ ئەوەی هێواران لەگەڵ برادەرەکانی لە یەک کۆم ببنەوە و لەناو خشەخشی بێ برانەوەی ڕادیۆ گوێ لە دەنگوباسی شەڕێکی بێ دەرئەنجام بگرن، تا ئەو و برادەرەکانی کە هەموویان بریندار و پەککەوتەی شەڕ بوون، جار بەجار بە خۆهەڵکشانێکی بێ مانا بەو مەرامە کە تۆزقاڵێک هەتوان بخەنە سەر دەمارە گرژەکانیان، تێکڕا هاواریان دەکرد، ئەگەر ئەمانە یەک تۆز دەماریان هەبوایە و وەکو ئێمە خۆیان لە گوللە نەدزیبایا و پەنایان بۆ ناو کۆشی ژنەکانیان نەبردبایە و خۆیان لەوێ نەشاردبایەوە، ئەوە لەمێژە ئەم شەڕە یەکلادەبوو و کۆتایی پێ دەهات. ئەم گرم و قاڵە ئەوەندە بەردەوام بوو کە تەواو بێ تاقەتی کرد، هەستی کرد باوکی هەر لەبیری چووە کە چ بەڵێنێکی بە ئەو داوە، مانگێک دوای ئەوە بە باوکی گوت: کەی پاسکیلەکەی بۆ دەکڕێ، ئەویش لە وەڵام تەنیا مۆڕەیەکی لێ کرد و سەرێکی هێناو برد و هیچ وەڵامی نەدایەوە، بەڵام خەونەکانی ئەوەندە شیرین بوون و هەمووشیان لە کانیاوی تەنیا پاسکیلێک و بەڵێنی باوکی هەڵدەقوڵان، بۆیە هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە دەست بەرداریان بێت. دوا نیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی نیسان کە منداڵەکانی هاوتەمەنی لەناو کۆڵان خەریکی یاری و پاسکیل سواری بوون، سادە و ساکار لە ڕووی باوکی هاتە قسە: پیاو دەبێت بەڵێنەکەی بێنێتە جێ، لەنێوان چاو و برۆیەک هاوارەکانی ئەویش گەیشتنە لای منداڵەکانی تر و لە هاتوهاواری ئەوان گیر بوون و بەم چەشنە دەرئەنجامەکانی ئێشوئازار لەگەڵ هیی خۆشی و کامەرانی تێکەڵ بوون، دواییش ئەم وشانە لەناو گوێیەکانی زرینگانەوە.
«سەگ کە دڵی لێدانی هات نانی شوان دەدزێت.»

دنیای ڕەنگاوڕەنگ و جوان کە بۆ ئەو لە تۆپێکی سەبەتە بچووکتر بوو، خۆی لەسەر زینی پاسکیلێک دەدیتەوە بە جارێک گرۆڵ بوو، کەوتە ناو چاڵێکی تاریکی بێ بن، کە تەنیا پاڵەوانێکی ئەفسانەیی دەیتوانی بەدوایدا بڕوات و لەناو تاریکی بێ سنووردا لەدوای کوشتنی دەیان ئەژدیها و دێو بیگەڕێنێتەوە.
ساڵەکان هاتن و ڕۆیشتن، میرزا بیرەوەرییەکانی یەک لەدوای یەک لەبەر چاوی زیندوو دەبوونەوە، دەیبینی چۆن بناغە بۆ خانووە نوێیەکانی هەڵدەکەنێت، ڕەزەکانی دەکۆڵێ، لۆری لۆری کەرپووچی دەگوازتەوە، نیسک و نۆکی دەڕنییەوە، چەندین مانگ و ساڵ لەناو باغ و دارستانەکان بە کرێکاری و ئاوارەیی بردە سەر ئەو شەوانەی دەهاتەوە بەرچاو کە خوێن لە پەنجەکان و لەپی دەستی فرکەی دەکرد، لەبەر ئێشوئازاری جەستەی هاواری دەکرد و هاواری شانەکانی جەستەی دەبوون بە فرمێسک و بەگلێنەی چاوە بێ تاوان و پڕ لە تاسەی دەهاتنە خوار. هەتا ئەو پاسکیلە جوانەی کڕی، کە لەژێر دار پرتەقاڵە تۆزاوییەکەی ناو حەوشەیان پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو، بەڵام چیتر مەراقی ئەوی پڕ نەدەکردەوە، دڵی پێ خۆش نەبوو، دڵی بەهیچ خۆش نەبوو، دوای یەک هەفتە بە دووسەد زەرەر بۆ خاوەنەکەی گەڕاندیەوە، کە پرسیاری لە میرزا کردبوو بۆ تایە پەنچەرەکەی پشتەوەی چاک نەکردۆتەوە؟ میرزا لەوەڵامیدا وتبووی: چونکە من دوو دەستی چەپانم هەیە. کە پارەکەی خستە ناو لەپی باوکی، چاوەکانی وەکو چاوەکانی ڕێوییەکی پیر، کە لە هێکڕا باڵندەیەک لە ئاسمانەوە بەربێتەوە بەردەمی، دەرەوشانەوە. دوای کڕینی تەلەفزیۆنێکی گەورە و ڕەنگین، دیسان سەر و کەللەی برادەرە کۆنەکانی باوکی پەیدابوون، سەرەتا کەناڵ کەناڵ سەیری هەموو نووچە و ڕووداوەکانیان دەکرد، تا هەموو پارتە سیاسییەکان تەواو یەکتریان قێزن و بێزەوەر دەکرد، ئینجا نۆرەی ئەوان دەهات، تا بە بەژن و باڵای هەموویان بێنە خوارەوە و هەموویان تێکڕا بە دز و درۆزن لە قەڵەم بدەن. میرزا دوای ئەو تەمەنە درێژەی کە بەسەری بردبوو و جار بەجار بۆ خۆشی دەیگوت: لەسەرم کردووەتەوە. چاک لە مانای درۆ تێ دەگەیشت.
ئەو زوو پێی زانی چەند تۆز و بەفر و باران لە ئاسمان دەڕژێتە سەر ئەرز. ئەوەندەش درۆ بگرە زیاتریش لە ئەرز بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت، درۆ وەک گیای هەرز لە

هەموو شوێنێک دەڕوا و ڕەگوڕیشەی دادەکوتا و خێرا و کارامە باوەشی بە هەموو شتێکی سەر ئەرزدا دەگرت، میرزا هەر زوو لێهاتوویی خۆی دیارخست و بە چاوەکانی خۆی دەیبینی، کە چۆن درۆ شەپۆل شەپۆل بەناو کۆڵان و شەقامەکاندا دێت و دەڕوات و گوێ لە غڵبەغەڵب و هاژە هاژەکەی دەبوو، یەکەم وانەی کە لە منداڵەتی بە تێهەڵدانێکی چاک بۆی شی کرابووەوە، بە باشی لەبەر کرد و هەر ئەوەش وای کرد، زوو لەم ڕاستییە تێ بگات، کە بێجگە لە هونەری خۆ دەرباز کردن و نەکەوتنە ناو تەڵە و تۆڕی درۆوە. پێویستە خۆیشی لە تەڵە و تۆڕ نانەوە لێهاتوو بێت. سۆزی بەخۆی دا ببێتە دێوێک، کە تەنانەت چیاکانیش سەری بۆ دانەوێنن، ببێتە ئەژدیهایەک کە هەزاران شۆڕەسواری ئەفسانەیی بەیەک هەناسەی ئەو ببنە خۆڵەمێش، بە وردی لەم ڕاستییە تێگەیشت، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پێویستی بە دوو شت هەیە، «بارێکی درۆ، یان بارێکی دراو»، ئەمەی کردە دروشمی ژیانی و هەموو ڕۆژێک وەک شمشێرێکی سیحراوی لەسەر تەنیشت و نێکی خۆی دەبەست. سەرەتا هیچ دراوی نەبوو، بەڵام لێواری تیژی درۆی شمشێرەکە کارەکانی بۆ ئاسان دەکرد، دەرگا داخراوەکانی بۆ دەخستە سەر پشت، بۆ دووەم جار لە ژیانیدا دووچاری خۆشەویستی هات، جوانی بێ وێنەی کچی تاقانەی ئاغایەک، کە ناوەکەشی تەنیا خان بوو تەنگی پێ هەڵچنی، بەهیچ جۆرێک ئامادە نەبوو ئەم خۆشەویستییەی لە کیس بچێت، بۆیە ئەوەندەی بەگوێی (تەنیا خان)دا خوێند و هێناو بردی، کە من تەنیا کوڕی میریکی گەورەم و هەفت گوندمان هەیە و یەکێک لەوانە بە تەنیا هی خۆمە و کانیاوێک لەناو ئەرزەکانمدایە بەناوی کانی کۆتر، کە ئاوەکەی هەفت ئاش دەسووڕێنێ و هەفتا گوندی دەوروبەر گەنمی خۆیان بۆ ئاشەکەی ئەو دەگوێزنەوە، سەرئەنجام تەنیا خان وەکو کەو کەوتە ژێر تۆڕی درۆ، شەوێکی بەهاری کە ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە خۆی لە نهۆمی دووەم هەڵدایە خوارێ و ئەویش لەگەڵ چەند هاوەڵێکی بە بەتانی گرتییانەوە. بەم چەشنە کچەکەی ئاغای هەڵگرت، دوای ئەوە کە ڕاستییەکەی ئاشکرا بوو کە نە کوڕە میرە و نە گوند و نە سامانێکی هەیە و کانی کۆتریش هەر ئەوەندەی فرمێسکەکانی تەنیا خان کە دەستبەجێ وەکو بارانێکی لەناکاو دەهاتنە خوارێ ئاوی لێ دەزێ، هەر ئەوەندە کە دەتوانێ تێنوویەتی کۆترێک بشکێنێ، یان نا!، دەستێکی بەم لاو دەستێکی بەولادا کەوت و تووشی خەموخەفەتێکی بێزارکەر هات و زۆری نەبرد، کە لە شەوێکی زستانی ساردوسڕ، لە ناو دەریای پڕ لە ئازاری پەشیمانیدا مرد. میرزا ئەو شەوە لە بەختی خۆی هیچ زویر نەبوو، بە پێچەوانەوە لە کانگای دڵییەوە هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد و تەنانەت بە مێشکیدا هات، کە شەوێکی زۆر لە بار بووە بۆ مردنی تەنیاخان، لە هەمان کاتدا کە فرمێسکی تیمساح ئاسای دەڕشت، بیری لەوە دەکردەوە چۆن دەتوانێ لێواری دیکەی شمشێرەکەی تیژ بکات و بە زەبر و هێز زیرەکانە بەکاری بێنێت و هەربۆیەش لەجیاتی درۆکردن بۆ ژنەکان کەوتە درۆکردن بۆ خەڵک و ئەم مەبەستەی، کە ژنەکان وەکو دانەکانی تەسبیح یەکە یەکە دوای یەک ڕیز بکات و بیانخاتە تەڵەو داوەوە بۆ چەندین ساڵ دواخست، لەناوچەکەیان دوو بنەماڵەی دەست ڕۆییو هەبوون کە دڵگرانییەکی کۆن، جار بەجار وەکو هاژەی بایەک لەنێوانیاندا دەهات و دەڕۆیشت، وێ دەچوو دوای چەند ساڵ و زەمەنێکی دیکە بۆ هەمیشە لە مێشکی نەوەکانی نوێ بسڕدرێتەوە، ئەو دەست بەکار بوو، شارەزایانە کونی کەرب و کینی دێرینەی هەڵدایەوە ئینجا لە دوورەوە دانیشت و سەیری کرد چۆن کەرب و کین سەرلەنوێ وەکو گڕکانێک سەرهەڵدەداتەوە و وەکو ژەنگە سوورە، کە کەسێک داری لە کونەکەیان ڕۆ کردبێت، ئازران و ڕژانە دەرەوە و کەوتنە پێوەدان و لەناوبردن بەجارێک هەموو شت بۆ دۆخی جاران گەڕایەوە، چل و حەفت کەس لەنێوان هەردوو بنەماڵە کوژران، دیاریش بوو کە ئەم ئاگرە ئاوها بە ئاسانیش ناکوژێتەوە، لەوانەش بوو کە هەتا هەتایە بەردەوام بێت و بڵێسەی تەشەنە بکات و هەموو جیهان بگرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش کە ماندوو ببوون، پەشیمان بوون، بەڵام کار لە کار ترازابوو، بە ڕۆژ سکی یەکتریان دەدڕی و دڵ و ڕیخۆڵەی یەکتریان دەردەهێنا، بە شەوانیش لەبەر خوا دەپاڕانەوە ئەم بەڵایە هەرچی زووتر کۆتایی پێ بێت و لە کۆڵیان ببێتەوە، میرزا کە چاوەڕێی ئەمەی دەکرد، وەکو دەستی پەروەردگار کەوتە نێوانیان و دەرگای ئاشتی و برایەتی پێ نیشان دان، ئەوانیش شەل و شەکەت لە شەڕ و بێزار لە ڕابردووی تاریکیان، کەوتنە داوی جوامێرایەتی میرزا و دوای ئەوەش لەلایەن هەردوو بنەماڵە بوو بە دەم ڕاستیان، دەستەکانی وردە وردە درێژ

بوون، خەڵک کۆمەڵ کۆمەڵ لە دەوری کۆم دەبوون و بە دەوریدا دەخولانەوە و چاویان لە دەمی ئەو دەبڕی و ئەویش لێهاتووانە و ژیرانە بۆیان دەدوا، لەژێرەوەش ئەوەی هەیانبوو تالانی دەکرد و ئەوەی نەشیان بوو وەکو خەون و خەیاڵێکی پیرۆز بۆی بەجێ دەهێشتن، بەڵام هیچ شتێک ئەوی ڕازی نەدەکرد، هەر ئەوەندە تا دەگەیشتە مەبەستی خۆی، ئەوسا دەستکەوتەکەی لەبەرچاو دەکەوت، هەستی دەکرد بۆشاییەک وەکو چاڵێکی بێ بن لە دەروونیدا سەری هەڵداوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەو بۆشاییە تاریکە بەرفراوانتر دەبێت، بە هیچ شتێک پڕ نەدەکرایەوە، نە کۆشک و تەلارەکانی بێ وێنە و پڕ شکۆی، کە پڕ بوون لە گەوهەر و زێڕ و زیو، نە ژنەکانی کە هەموویانی لە یەک جیا نەدەکردنەوە و لەلای ئەو هەریەکەیان وەکو کانیاوێک وابوو، کە ئاوی هیچ کامیان تێنوویەتی نەدەشکاند و بەردەوام بەدوای کانیاوی نوێ دەگەڕا، تەنانەت خۆی خستە تەنگژەی ئۆدیبیشەوە، بەڵام بۆشایی دەروونی هەر هاواری دەکرد زیاتر زیاتر بۆ وەڵامی ئەم هاوارە پڕ لە ئێشوئازارە، قۆڵەکانی هەڵکرد و دەستی بەسەر هەموو وڵاتدا گرت، لە بڕینی ئەو ڕێگە سەختە، پەنای بردە بەر هەر ئامرازێک، هەر ئامرازێکی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی هەنگاوێک لە ئامانجەکەی نزیک ببێتەوە، دەستی بۆ پەستترین فرتوفێڵەکان درێژ کرد، کە بە هیچ چەشنێک لەگەڵ خوو و ڕەوشتی مرۆڤ نەدەگونجان، دوژمنەکانی بەدەستی خزم و کەسەکانیانەوە ژەهر خوارد کرد، بابەکان و کوڕەکانیانی ناچار کرد ڕوو بەڕووی یەکتر بووەستن و دەستەکانیان بە خوێنی یەکتر ئاڵ دەکەن، دوای سەرکەوتنی تا حەفت ساڵ بۆنی خوێن لە داروبەردی وڵاتەکەی هەڵدەستا، دوای شەڕیش بەمەوە نەوەستا، سەرکردە و جەنگاوەرەکانی خۆی، کە ساڵیانی ساڵ شان بە شانی جەنگا بوون بە بیانووی جۆراوجۆر و پلانی داڕێژراو، سەردەبڕی، دوو کوڕی خۆی بەدەستی خۆی کوێر کرد و کوڕێکی تری ناچار کرد واز لە هاوسەرە شۆخوشەنگەکەی بێنێت و دواییش بە خۆی شەوانێک لە کانیاوی جوانییەکەی خواردەوە، ئەوسا ناردییە ڕیزی ژنەکانی تری، کە تا مردنیان دەبوایە خەون بە ماچێک، بە نوازشتێکی بچووکەوە ببینن.

میرزا بەرانبەر بە دوژمنەکانی بێباک بوو، دوای ڕۆژگارێکی دوورودرێژ و پڕ لە فرازونشێو گەیشتبووە ئەم باوەڕە کە پێویستە ڕێز لە دوژمنەکانی بگرێت، هەرچەند لاوازیش بن، بەڵام لە یەکەم دەرفەتدا دەبێت وەکو سەگ بیانتۆپێنێ. سەبارەت بە دۆستەکانی هەمیشە وشیار و چاوکراوە بوو، بەخۆی دەگوت: نامەوێ وەکو قەیسەر بەدەستی ئەوان خەڵتانی خوێن بم، بەلای ئەوەوە دەبێت چاکترین دۆست پاداشت بکرێت و دوایی بەدەستی خۆت چاڵێکی بۆ هەڵکەنیت و ئەوسا لە مەراسیمێکی شکۆداردا بچیتە ژێر تابووتەکەی و بەرەو گۆڕستان بەڕێی بکەیت. میرزا دوای ئەوەی دۆست و دوژمنەکانی لەکۆڵ خۆی کردەوە، جلوبەرگی خوێناوی داکەند، ڕۆژێکی تەواوی خۆی خستە دەستی حەمامچییەکان، ئێوارە جلوبەرگێکی شاهانەی لەبەرکرد و تاجێکی زێڕینی دانایە سەر سەری و لەسەر تەختی شاهانە، شایانە دانیشت و پێی ڕاستی خستە سەر پێی چەپی و دەستووری دا مۆسیقاژەنەکان بێنە خزمەتی و جوانترین کچەکان، کە تەمەنیان لە چواردە ساڵ زیاتر نەبێت، گۆزە گۆزە شەراب بگێڕن و میوانەکان لە پیاڵەی زێڕیندا بخۆنەوە. جەژنەکەیان سێ ڕۆژ و سێ شەو درێژەی خایاند و لە شەوی سێیەمدا میرزا لەسەر تەختی شاهانە بەدانیشتنەوە خەوی لێ کەوت و نیوەی شەو لە هاوارێکی سامناک بە ئاگاهاتەوە، بۆ شایی بوو، هەموو وڵاتەکەی هەڵمژیبوو و هەمدیسان داوای زیاتری لێ دەکرد، وڵاتەکەی ئەوەندە بچووک ببۆوە کە لە چاوترووکانێکدا لەناو ئەو بۆشاییە ون ببوو، وەکو دێوێک وابوو کە پارووە نانێک لەژێر ددانەکانیدا گیری خواردبێت.

میرزا دوای ماوەیەکی درێژی خەڵوەت کردن، بە ڕیشێکی پان لە چیایەکان هاتە خوار و دوای ئەوەی خەڵک وێنەی کەرتە مەڕەکان کە لە دەوری شوان کۆم دەبنەوە، لە دەوری کۆم بوونەوە، بە زمانی دڵ لەگەڵیان هاتە قسە، بۆ ئەوەی هەمان کات هێزی ئاوەزیش بێنێتە پاڵ پشتی خۆی، بەم جۆرە دوا: (خواوەند سێ مافی بە مرۆڤ بەخشیوە، ئازادی، ئاشتی و یەکسانی)، بەڵام لە دەروونی خۆی کە بە بۆشایی داگیرکرابوو بڕوای بە هیچ کامیان نەبوو، مرۆڤ دەیتوانی لەوپەڕی برسییەتی ئازادی بە لەتە نانێکی ڕەق و وشک بگۆڕێتەوە، ئاشتی لەدوای شەڕێک تەنیا بۆ کۆکردنەوەی هێزێکی نوێ بۆ شەڕێکی نوێ بوو، هەرچەندیش لەمێژووی مرۆڤەکان بەدوای ئاسەواری یەکسانیدا گەڕابوو، بۆی نەدۆزرابووەوە

و به شتێکی نامۆی له قەڵەم دەدا، له هەمان کاتدا نموونەی زۆری دەست کەوتبوو، کە نەژادێک خوێنی له نەژادەکانی تر پاکترە، نەتەوەیەک لەلای پەروەردگار له نەتەوەکانی تر خۆشەویستترە، بۆیەش لەگەڵ مەزنەکانیان بە قسە هاتووە و کیتابیان پێ بەخشیوە و بە زمانی ئەوان دواوە، بەڵام ئەم بیروباوەڕە نەهێنیانەی دەروونی نەدەدرکاند.

بەدەستی چەپ کتێبێکی بەرز کردەوە و گوتی: «ئازادی و ئاشتی و یەکسانی پەیامی ئێمەیە بۆ هەموو جیهان»، سەرەتا دەستەیەک هەڵسان، کە دڵیان لەپێناوی مرۆڤایەتی سنگیانی دەهەژاند و گوتیان: «ئەی گەورە ئێمە لەگەڵ تۆین بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە پیرۆزە».

دەستی ڕاستی درێژکرد و شمشێرەکەی بەرز کردەوە، ئێمە ئامادەین لە پێناوی ئەم پەیامەدا سەرمان دانێین و ڕێگە بە کەسیش نادەین ڕێگەمان لێ بگرێ. لەم کاتەدا زۆرینەی خەڵک، کە بۆنی نان و ئاو مێشکی داگیرکردبوون هەڵسانە سەرپێ و لە هەمان کاتدا کە سەریان دادەنواند هاواریان کرد، تا مردن لەگەڵ تۆین گەورە.

میرزا هاتەوە قسە: من پێویستیم بە بلیمەتی و زانایەتی ئێوە هەیە، ئینجا دەستەی سێیەم کە چاوەکانیان وەکو بڵێسەی ئاگر لەشەوەزەنگی هزر و بیرە تاریکەکانیاندا دەدرەوشانەوە، هەڵسان و کڕنۆشیان بۆ پاشا برد، بیریان لەوە دەکردەوە، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەرفەتی ئەوە هەڵدەکەوێت تا لە سایەی گیانفیدایی خەڵکێکی دڵسۆز و زۆرینەیەکی بێ خەبەر پلەوپایە و سەروەت و سامانیان دەست کەوێت.

بەم جۆرە میرزا ڕاستی و خەیاڵی وەکو شیر و شەکر لەناو یەکدا تواندەوە و ئازادی و ئاشتی و یەکسانی لەو خەڵکەی کە دوای کەوتبوون کردە تەون و ڕیس. سنوورەکان بە زێنران، دەشتەکان کەوتنە ژێر پێی ئەسپەکان و عارەبانەکانی شەڕ، دەنگی شەیپوورەکان بەرسینگی کێوەکان دەکەوتن و کێوەکان دەهەژان، لە هەر وڵاتێک خەڵکانێکی زۆر هاتنە ڕیزی دەستەی مرۆڤ دۆست و نان خواز و دەرفەت پەرست، هەروەها ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان کەوتبووە ژێر سێبەری مەترسی دەستیان بۆ شمشێر برد، بەرژەوەندی ئەوان و ئاواتەکانی نادیار کەوتنە پێکدادان، لەم بەینە ئاواتەکان سەرکەوتن و بەرژەوەندییەکان بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکان بە ڕووی ئاواتەکانی نوێتر و لە هەمان کات بێ سەروشوێن تر بەکارهاتن. لە شەڕەکان مرۆڤ دۆستەکان مەردانەتر لە هەموو کەسێک دەجەنگان، زۆربەی هەرە زۆریشیان کوژران، میرزاش بە مەرگی هەر کامیان هەناسەیەکی ئاسوودەی هەڵدەکێشا، چونکە دەیزانی دوارۆژ هەر دەبێت لەکۆڵی خۆی بیانکاتەوە، بەلایەوە باشتر بوو لە مەیدانی شەڕ بکوژرێن بۆ ئەوەی ڕەنجی ئەو کارە نەکەوێتە ئەستۆی ئەو. بە جوانترین وشە لەسەر گۆڕیان دەدوا، زۆرینەی لایەنگرانی کە دوای ژیانێکی باشتر کەوتبوون و وەکو ئەڵقەکانی زنجیر بە یەکەوە گرێ درابوون و هەریەکە و ئەوی تری ڕادەکێشا، بە هەست و سۆز بۆیان دەگریان و چیرۆکەکانی ئازایەتی و فیداکاری ئەوانیان لەناو دڵی خۆیاندا دەپاراست، ئەوانەی بڵێسەی ئاگر لەناو چاوەکانیان دەدرەوشایەوە، هەمیشە سەر سەلامەت لە مەیدانی شەڕ دەردەچوون، چونکە هەرکات لە ڕیزەکانی دواوە بوون، لە هەمان کاتدا کە خەریکی شاردنەوەی بزەی پڕ لە بەختەوەرییان بوون، لەسەر گۆڕی قارەمانەکان سۆز و پەیمانیان نوێ دەکردەوە، کە ئیزن نادەن خوێنیان بە فیڕۆ بچێت و دەستی ڕاستیان لەسەر دڵی پڕ ئارەزوو و تاسەیان دادەنا، کە دەستکەوتەکانی ئەوان لە پێناو ئازادی و ئاشتی و یەکسانی دەپارێزن.

میرزا سنوورەکانی یەک لە دوای یەک سڕییەوە، وڵاتەکان، یان خۆیان بە دەستەوە دەدا، یان بە شەڕ داگیر دەکران، پاشای هەر نیشتمانێک دوو ڕێگەی لەبەردەم بوو، یان سەر دانەوێنێ و ببێتە خزمەتکاری پەیامێکی پیرۆز، یان میرزا بە زەبری شمشێر سەری پێ دادەنەواند، سەرەڕای ڕێز و نوازش بە چەشنێک کە کەس گومان لە ئەو نەکات سەری ئەوانەی ڕێگەی یەکەمیان هەڵدەبژارد چەشنی ئەوانەی ڕێگەی دووەمیان گرتبووەبەر دەخستە ژێر پێ و دەیتەقاندن. هیچ ڕێگەی سێیەمیش لە ئارادا نەبوو. لە هەر وڵاتێکیش کە داگیر دەکرا، مزگێنی داهاتوویەکی پڕ لە ئازادی و ئاشتی و یەکسانی بە خەڵک دەدرا، دوای ئەو موژدەیە دەچووە خەڵوەتێکەوە و سنگی ئازادی و ئاشتی و یەکسانی دەدڕی و ئەوەندە تۆوی ناتەبایی تێ دەئاخنی، کە چەند هەزار ساڵ کات پێویست بوو بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو وڵاتانە بتوانن خۆیان لەو تەڵە و داوە شاراوانە ڕزگار بکەن، تەنانەت ئەوەش جێگەی گومان بوو، کە گەیشتە ئەرز و بوومی ڕەشەکان کەشتییەکانی پڕ لە ژن و پیاو و منداڵەکان کرد و لە

ولاتەکانی تر دایە دەست بازرگانەکان تا ژن و پیاو و منداڵەکان جیا جیا بفرۆشن، بۆ ئەوەی ڕق و کینە دڵەکانیان بەرانبەر هەموو ڕەنگەکانی تر داگیر بکات و هەتاهەتایە باری ئەو ئێشوئازار و نەهامەتی و سووکایەتییە نەوە لە دوای نەوە بە کۆڵ ڕابکێشن. پێشەواکانی ئایینێکی لەبەردەم پێشەواکانی ئایینێکی تر سەر دەبڕی و ئەوانی لەگەڵ خۆ دەبرد، لە ولاتێکی تر ئەوانیشی بۆ ڕەزامەندی ئایینێکی تر دەکردە قوربانی، ناتەبایی خستە ناو ڕەنگەکانیش، ئینجا خوێنی پاک و ناپاک و نەتەوەپەرستی هێنا ئاراوە، مرۆڤەکان لە هەموو لایەک کەوتنە گیانی یەکتر، بەم جۆرە دەشتەکان و کێوەکان و دارستانەکان سوور هەڵگەڕان و ژنەکان و منداڵەکان ڕووبار ڕووبار دەگریان، شارەکان دەسووتان و لەوپەڕی شەڕ و خوێن ڕشتن تا ماوەیەکی دووردرێژ کەس لە یادی نەمابوو چەند ڕۆژ، مانگ، یان ساڵ دەهات، کە کەس چاوی بە خۆر نەکەوت. لەناو ئەو هەموو هاتوهاوار و ناڵە ناڵەی مرۆڤەکاندا میرزا تەنیا گوێی لە شتێک دەبوو، کە دێو ئاسا لە دەروونییەوە هەڵدەستا و دەینەڕاند: زیاتر... زیاتر.. میرزا ئەوەندە درێژەی بە شەڕ و تەون و داو نانانەوە دا تا هەموو دنیای داگیر کرد، بەم چەشنە خەونی ئەسکەندەری مەکدۆنی زۆر خوازیاری تری ئەم خەونە لەسەردەستی ئەو هاتە دی. دەست بەسەر جیهاندا گرتن سەد ساڵی ئازگاری خایاند، کە میرزا شمشێرەکەی لەبەر دەرگای شکۆدارترین تەلاری جیهاندا لەسەر سەکۆیەک دانا، تا هەفت ساڵ دوای ئەوەش هەر خوێنی لێ دەچۆڕا، لە هەمان کات بزەیەکی ئەهریمەنی نیشتە سەر ڕوخساری، هەروا کە سەیری ئاپورەی خەڵکی دەکرد، بیری کردەوە بۆ ئەم سەرکەوتنە ئەوەندە قەرزداری بلیمەتی و لێهاتوویی خۆم نیم، بەڵکو لەمە زیاتر قەرزداری نەفامی و نەزانی ئێوەم. دوای ئەم بیرکردنەوە خێرایە، ئینجا دەستووری دا گەورەترین و ڕازاوەترین جەژنی جیهان بۆ ماوەی چل ڕۆژ و شەو بگێڕن، کە شایەکانی ئێران و یۆنان و ڕۆما جەژنەکانی خۆیان لەبەرچاو بکەوێت و کەم بەها و بێ ئەرزش دەرکەون. مۆسیقاژەنەکان، سەماکەرەکان، جادووگەرەکان، جوانترین و کەم تەمەنترین کچەکان بانگهێشت کران و بەتامترین شەرابەکان لەسەردابی کلێسەکان دەرهێنران و گۆزە گۆزە خورانەوە و دوای خواردنەوەیان گۆزەکان لەسەر مەرمەڕەکانی ژێر پێیان بە نیشانەی گەورەترین سەرکەوتن لەناو چەپڵە و پێکەنین و سەمادا ورد و خاش کران. میرزا بەدوو چاوی زەقەوە لەو بەزمەی دەڕوانی و بە دەم پێکەنینەوە بیری لەوە دەکردەوە چۆن سەری ئەو دۆست و کەسانە، کە بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە لە سەرەتاوە تا ئێستا لە هەموو شەڕەکان گیانیان بەسەلامەت دەر بردبوو، لە قوڕ و پیسایەتی نقوم بکات. هەستی بە شادییەکی بێ سنوور دەکرد کاتێک هەموو گەورە پیاوانی جیهان لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا سەری بۆ دادەنوێنن، دیسان خەڵک کۆمەڵ کۆمەڵ بە دیارکەوتنەوە، هەندێک ڕۆژێکی تەواو لەبەردەمیدا ناوچەوانیان بە ئەرزەوە دەنووساند، خەڵکێکیش ئەوەندە کڕنۆشیان بۆ دەبرد تا بڕبڕەی پشتیان دەهاتە ژان، گرووپێکی تر لەسەر سنگ و زک لە ڕێگە دوورەکان بەرەو کۆشکی میرزا دەخزین بۆ ئەوەی لە گوناهەکانیان پاک ببنەوە، ئەسکیمۆ و سوور پێستەکانیش لەوێ بوون. بێ ئەوەی چاو بنووقێنن هاج و واج سەیری ئەم بەزمەیان دەکرد و وا وێ دەچوو بەپێوە خەون ببینن.

لەم بەینەدا میرزا گەورەترین بڕیارەکانی خۆی دا، خۆی و پلانەکانی داهاتووی یەک لا کردەوە، دوازدە مرۆڤ کە قارەکانەکانی شەڕ بوون ئەو لە هەموو کەس زیاتر لە ئەوان نیگەران بوو، وەکو شێر بە پێوە بوون و بیریان لەوە دەکردەوە دوای ئەو شەڕە دووردرێژە ئازادی و ئاشتی و یەکسانی لە جیهان سەقامگیر بکەن و ئەم پەیامە بکەنە یاسایەکی ئەبەدی کە هەتا هەتایە مرۆڤ لەژێر سێبەری ئەم یاسایەدا بحەسێتەوە.

کوشتنی ئەو دوازدە کەسەی دواخست بۆ کاتێکی لەبار و لە هەمان کاتدا ئەوان هێشتا زمانی خەونە پیرۆزەکان بوون و ئەو تا کاتێک کە ئەو زمانانە لە ڕووی هەڵنەگەڕاونەتەوە کە ناچار بە کورت کردن و بڕینیان بێت پێویستی بە ئەوان هەبوو، زۆرینەی دەستەی دووەم کە وێنەی کونە مێروولەکان لە ئەردو ئاسمان هەڵدەقوڵان. هەروەکو دۆخی جاران هەر نیوە برسی و نیوە تێربوون و بەردەوام خەونیان بەنان و ئاوی زیاترەوە دەبینی، لە گەورەترین شەڕی جیهان تەنیا شانازی بەشداری لەو شەڕەیان بۆ مابووەوە، میرزا لە ئەوان دڵنیابوو مادەم بەردەوام دەیانتوانی بە خەون و خەیاڵ دڵی خۆیان تێرکەن و شانازییەکان دەتوانن برسییەتیان لە یاد بەرنەوە. ئەوانەی بلێسەی ئاگر لە چاوەکانیان بوو بە دوو دەستە

دابەش کرد، ئەوانەی چاویان لە پلەوپایە و سەروەری کردن بەسەر خەڵک و لاف لێدان بوو. ئەوانەش کە تەنیا بەدوای سەروەت و سامانی زۆردا دەگەڕان.

دەستەی یەکەمی بۆ سەربڕین دانان و ئەمانە خۆیان لە پەنای ئاپۆرەی خەڵک دەشاردەوە، بۆیەش یەک تاڵەموو لەسەریان کەم نەببووەوە، لە کاتی شەڕ پێویستی بە ئەوان هەبوو، تا خەڵک بەرەو پێشەوە هان بدەن و بەرەو شەڕی مان و نەمان پاڵیان پێوە بنێن، زۆر جاریش خەڵکیان بەرەو هەڵدێر بردبوو، خەڵک خۆشیان نەدەویستن، لەسەردانی ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر دەبووە مایەی ڕەزامەندی خەڵک و ئەوەش پلەوپایەی ئەویان دەگەیاندە شوێنێک کە تەنیا خواوەندەکان لەوێ ئاسوودە و بێ باک ئاکنجی بوون. بۆ دەستەی دووەمیان تەڵە و داوێکی تری نایەوە، ئەوان کە هەمیشە لە دوایین ڕیزی کاروانی شەڕ جێگیر دەبوون، مەیدان بە مەیدان دەهاتن و مردووەکانیان پاک و پوختە تالآن دەکردن و بەزەییان بە دۆست و دوژمن نەدەهاتەوە. لەسەر ئەوان بڕیاری دا، وەکو ڕاوچییەکانی چینی کە جۆرە باڵندەیەکی مراوی ئاسا، کە ماسییان ڕاو دەکرد و هەر کاتێ ماسییەکیان دەگرت، پێش ئەوەی قووتی بدات، ڕێک ڕاوچی پاش ملی دەگرت و ئەوەندەی دەگوشی تا ماسییەکە هەڵبێنێتەوە، ئەویش بە هەمان شێوە ناوە ناوە پاش ملیان بگرێت تا ئەوەی چنگیان کەوتووە بیهێننەوە، لە داهاتووشدا وازیان لێ بێنێ، تا چاک قەڵەو بن، ئینجا زگیان هەڵدڕی و لەشیشیان بدات. میرزا کە وێ دەچوو ئۆقرەی هاتووەتەوە بەر و بڕیاری پێویستی بۆ داهاتوو دۆزیوەتەوە و سەری بە هەموو کون و کەلێنەکاندا بردووەتە خوار و هیچ قوژبنێک نەماوە تیشکی بڕیارەکانی ڕووناکی نەکردبێتەوە، لە هێوارەی ڕۆژی چلەم پەیکی زێڕینی خۆی کە بەسەری دوو شێر دەرازییەوە بەرز کردەوە بۆ خەڵک و بەم جۆرە دوا، دەخۆمەوە لە پێناوی ئازادی و ئاشتی و یەکسانی بۆ گشت جیهان دەخۆمەوە بەیادی ئەو کەسانەی، کە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە لەگیان و ژیانی خۆیان خۆش بوون و لە داهاتووشدا لەسەر ئەم ڕێڕەوە بەردەوام بن.

دوای ئەم قسە کورتانە هاواری بژیت بژیت لە هەموو جیهان هەڵسا، بێجگە لەو دوازدە کەسە کە بە گومان و ترسەوە لە یەکتریان ڕوانی و مۆژدەی شەڕێکی بێ کۆتایی و دەرئەنجام لەناو گوێیەکانیان زرینگایەوە.

میرزا هێمن و ئاسوودە هەستایە سەرپێ، دەستی جوانترین کچی دنیای گرت، کە کچی یەکێک لەو کەسانە بوو، بڵێسەی ئاگر بە گوڕتر لەوانی تر لەناو چاوەکانی دەدرەوشایەوە، ئینجا وەکو سەرکەوتووترین و پیرۆزترین پاشای جیهان دەستی ڕاستی کە خوێن لەسەری مەیی بوو و پاک نەدەکرایەوە بەرزکردەوە و بەرەو خەڵوەتگەی شەوانەی کەوتەڕێ.

واوێ دەچوو میرزا سەرئەنجام ئۆقرەی بۆ گەڕابێتەوە و ئارامی و تەناهی بەسەر دڵ و دەروونیدا باڵی کێشابێت، بەڵام شەوێک یەکێک لە جوانترین کچەکانی جیهان نیوەشەو بە ئاگا هات و میرزای لە تەنیشت خۆی نەبینییەوە، هەموو کۆشکی خستە ژێر پێ، تەنانەت ژێرزەمینەکانیش کە تا قوڕگیان لەزێر و ئەڵماس و گەوهەری بێ وێنە ئاخنرابوون گەڕا، سەری بۆ هەموو گۆشە و کەناری کۆشک ڕاکێشا، بەڵام هیچ خەبەرێک لەمیرزا نەبوو، هەوای فێنک و دڵ ڕفێنەری شەویکی بەهاری بەهەوەس ڕایکێشایە سەر بان، لەوێ بوو کە میرزای دۆزییەوە، میرزا وێنەی پڵنگ خۆی لەسەر چوار دەست و پێ گرمۆڵە دەکرد و خۆی بەرەو ڕووی مانگ هەڵدەدا و دەستە خوێناوییەکەی بۆ درێژ دەکرد و بەو ئومێدەی کە دەستی لێ گیر بێت و ڕایکێشێتە خوارەوە. لە هەمان کات گوێی لە غەڵبە غەڵبێک بوو کە بێ بەزەییانە دەیگوت میرزا زیاتر زیاتر.. ئاسوودەیی و ئارامی بە جارێک میرزای بەجێ هێشت هەروەکو هەر نەبووبێت. بە ڕۆژ بە حەسرەتەوە لە خۆری دەڕوانی، بە شەوەکانیش وەکو پڵنگ لە سەربانی کۆشک خۆی بۆ مانگ و ئەستێرەکان هەڵدەدا. بۆشایی بەدەمە پان و بەرینەکەی کە وێ دەچوو جێگەی هەموو ئاسمانەکانیشی تێدا ببێتەوە لە قرخێنەی برسیەتییەکی بێ سنووری دەدا و داوای زیاتری دەکرد، میرزا بە پاڕانەوە لەگەڵی دەهاتە قسە: چییە؟ بۆ تێر نابی، ئەم جیهانەم بە هەموو کێو و دەشت و دەریا و بیابانەکان خستە ناو دەستت، خوێنی هەزاران سوارچاک و قارەمان و پاڵەوانت ڕووبار ڕووبار فڕ کرد. ناتەباییم خستە نێوان دۆست و دوژمنەکان، شمشێرەکان تا لێواریان لە کوشتن و بڕین کول بوون و ژنگیان گرت نەچوونەوە ناو کالوانی خۆیان، ئەوەی پیرۆز بوو بە تۆم بەخشی، چیتر ماوە کە چەنگت نەکەوتبێت؟ ئینجا بۆ شایی هاواری دەکرد: میرزا زیاتر.... زیاتر...

میرزا دیسان کەوتەوە خۆی، ئەو پلانەی کە لە کاتی

جەژن دایڕشتبوو موو بە موو جێبەجێی کرد، بێجگە لە کوشتنی ئەو دوازدە کەسە، بەڵام ئەمە کەم بوو و هاواری زیاتر زیاتر هەر بەردەوام دەهات قـرخـێنەی برسـیـیـەتی وەکو هەورەتریشقە ئاسمانی دەروونی دەهەژاند، ڕۆژەکان و شەوەکان وەک مارێکی ڕەش و سپی بەردەوام دەخزی، بەختەوەری و ئاسوودەیی وێنەی باڵندەیەکی کۆچبەر لە شەقەی باڵی دابوو و جیهانی دڵ و دەروونی میرزای بەجێ هێشتبوو، ئەو نائومێدانە تێدەکۆشی و سەری خەڵکی دەبڕی وەکو دانەوێڵە بە هەموو لایەکدا پەرش و بڵاوی دەکردنەوە، بۆ ئەوەی ئەو باڵندەیە بگەڕێنێتەوە، هەزاران بیانووی جۆراوجۆری لە خەڵک و نزیکەکانی خۆی دەگرت، یەکێک سەیری ناو چاوی کردبوو، چارەی یەکێکی تری بە دڵ نەبوو، گومانی هەبوو لە کەسێکی تر، یان بە چاوی گومان لەوی ڕوانیبوو، لەژێر ناوی درۆ و دزی و خەیانەت کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکی ڕەوانەی ناو بۆشایی دەروونی دەکرد، بەڵام ئەمانە هەمووی بێهوودە بوون، ئەو باڵندەیە ببووە تۆزقاڵێک و تۆفانێک لە چەشنی نوح باوەشی پێدا کردبوو و بەرەو شوێنێکی نادیار دووری خستبووەوە. جاروبار ڕۆژوشەو وشەیەکی لە دەم نەدەهاتە دەر، تەنیا دەم و لێوی خەڵکی دەبینی، بەڵام هیچ شتی نەدەبیست، جار جاریش دەهاتە ئاخافتن و چەند ڕۆژ نەیدەبڕییەوە، ڕۆژێکیش دەچووە ناو خەڵکی و هەژارەکانی نوازش دەکردن، دۆستەکانی خۆی بە بۆنەی وەفاداری هەمیشەییان خەڵات دەکرد، ڕۆژی دواییش دەستی وەکو دەستی چارەنووسێکی نووسراو بەرز دەکردەوە وەکو چەکوشێک بەر تەپڵی سەریان دەکەوت. خەڵک گومان کەوتە دڵیان کە ئەو لەوانەیە شێت بووبێ، بەڵام ئەو لەو کورتە ساتانەی بەتەواوی هۆشیار دەبووەوە، ئەو باوەڕەی لەلا ساغ دەبووەوە کە هەموو کارەکانی، ئەوپەڕی شێتایەتین.

شەوێک لەسەر بانی کۆشکەکەی دوای ئەوەی لە چنگ ڕاخشاندن لە ڕووی مانگ تەواو بێ تاقەت ببوو، لەسەر پشت ڕاکشاو چاوی لە ئاسمان بڕی، بەردێکی ئاسمانی وەکو ئەستێرەیەک لە ئاسمان هاتە خوارێ و سنگی ئاسمانی پەیتا قڵشی و بە هەمان خێراییش کوژایەوە، بیرو هزرەکانی بۆ کاتی منداڵەتی گەڕاندەوە، کە بیستبووی هەر کاتێک بەردێکی وا لە ئاسمان بەردەبێتەوە کۆتایی بە ژیانی مرۆڤێکی گەورە دێت. بۆشایی لەم ساتەدا وەکو بورکانێک دەمی کردەوە.

میرزا گوتی: مردنێکی گەورەت پێشکەش دەکەم.

ڕۆژی دوایی بەیانی زۆر سادە و ساکار بەدەرکەوت و چاوی بە دوازدە کەسەکە کەوت، لەناو گوێی یەکێکیان کەوتە چرپە چرپ، ئەویش سەری دانەواند و پاشان هەر دوازدەیان کۆشکیان بەجێ هێشت. ڕۆژی دووەم میرزا بەدوای دوازدە کەسەکەیدا ناردەوە و پرسیاری کرد؟ ئایا هەر منداڵێکی ئەم جیهانە پاسکیلێکی پێ بەخشراوە؟ هەموویان یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە: بەڵێ پاشای گەورە. ئەی هی من؟ لەناو باخدایە گەورەم. ئەوسا بەڕێ کەوت و لەبەر چاوی هەمووان سواری پاسکیل بوو و وێنەی منداڵێک بەرەو هەموو لایەک لێی دەخوڕێ. چەند جار بەربووەوە سەر ئەرز بە پێکەنین و لەناو پێکەنینی هەمووان هەڵسایەوە و دیسان سواری ئەو پاسکیلە بچووکە بووەوە، کە تەنیا بۆ منداڵێکی هەفتساڵان بەکاردەهات. لەم دیمەنانەدا دیسان گوڵی هیوا و ئومێد لە دڵی دۆستەکانی پشکووت، کە تەنیا میرزا شایستەی پاشایەتی جیهانە و دەتوانێت پەیامی پیرۆزی ئازادی و ئاشتی و یەکسانی بپارێزێت و ئاڵاکەی بەسەر گشت جیهان بشەکێنێتەوە. کە شەو داهات، دەستوری دا بە تەنیا بەجێی بهێڵن. لەژێر تریفەی مانگدا سەیری مەیدانی باخی کرد، ئاسەواری تایەکانی پاسکیلی بینی کە چۆن وێنەی تار و پوودی فەرشێک لە یەکتر گیرببوون و ئاڵۆز و لە یەک ئاڵا بوون، ئەوسا بە تاڵی گریا، ئەوەندە گریا کە فرمێسکەکانی بوون بە جۆگە و جۆگەکان ڕژانە ناو ڕووبارەکان و ڕووبارەکانیش تاڵی و سوێری فرمێسکەکانی ئەویان بۆ دەریاکان گواستەوە، دوای ئەوەش ئاوی دەریاکان تامی شیرینی خۆیان لە دەست داو بۆ هەمیشە سوێر و تاڵ هەڵگەڕان و ئیتر کەس نەیتوانی لێیان بخواتەوە. میرزا هەروا دەگریا، ئەوە یەکەم جار بوو دوای ساڵانێکی زۆر کە ئەژمارەکەی لە دەستی دەرچوو بوو، بە هەردوو چاو دەگریا، ئەو فێرببوو کە بە چاوێک بگری و چاوەکەی تری لە خەڵکی سوور بکاتەوە، یانیش پێ بکەنێت و لە هەمان کاتیشدا ددانەکانی وەکو بەردەکانی ئاش بە یەکتردا بێنێت و چیا چیا کەرب و کینە بداتە دەرەوە، بەڵام ئەو شەوە لە کانگای دڵییەوە دەگریا و لەژێر لێوەوە دەیناڵاند: ئاخ ئاخ خەتە خوارەکان بەرهەمی گایە پیرەکانن.

ڕۆژی سێیەم میرزا کە سەروچاوی داپۆشیبوو و هاتە دیوان و لە دوازدە کەسەکەی پرسی ئایا ژوورەکە تەواو

بووە؟ وڵامیان دایەوە: بەڵێ پاشای جیهان هەروا کە دەستووورت دابوو. میرزا دەستی دایە گۆزەیەک شەراب و گوتی با برۆین. بەرەو گۆشەیەکی باخ کەوتنە ڕێ، لەبەر دەرگای ژوورێک کە لەبەرد دروست کرابوو و دیوارەکانی بە پانایی یەک مەتر دەهاتن و تەنیا یەک دەرگای بۆ چوونە ژوورەوە هەبوو و چەند پاسەوانێک لەبەر دەرگا بە نیشانەی ڕیزێکی بێ سنوور وەک ئەستوونەکانی کۆشک بێ دەنگ و قیت وەستابوون، میرزا چووە ژێر گوێی بەرپرسەکەیان و بە ئەسپایی کە تەنیا ئەو گوێی لێ بێت گوتی: ئەم دەرگایە تا چل ڕۆژی تر لەدوای سەرمان دادەخەن و بەهیچ شێوەیەک نایکەنەوە، دوایی خۆی و لە پاش سەری ئەویش دوازدە کەسەکە بە ژوور کەوتن. ژوورێکی سادە و ساکاری بێ پەنجەرە بوو، حەوزێکی بەردینی بچووک کە تەنیا جێگەی یەک کەسی تێدا دەبووەوە هەر چوار دەوری بەجوانترین گەوهەر دەرازایەوە لە ناوەڕاستی ژوورەکە و لە شلەمەنییەکی بەدبۆ پڕ کرابوو، کە دەرگا لە پاش سەریان داخرا، میرزا ڕووی لەو دوازدە کەسە کرد و گوتی: سوپاسی ئێوە دەکەم، لە هیچ شتێک دریغیتان نەکرد، ئێوە هەمیشە دەستی ڕاستی من بوون و خواوەند دەزانێ کە من بێ ئێوە نەمدەتوانی بەگژ جیهاندا بڕۆم و بەسەر دوژمنەکانم سەرکەوم، ئێستاش کاتی مەرگم هاتووە، بەڵام سامناک مەبن و منیش سامناک نیم، چونکە دەزانم دوای من جیهان لەناو دەستەکانی ئێوە بە هێمنی و ئاسوودەیی دەسوورێتەوە.

یەکێک ویستی قسەیەک بکات، میرزا بواری نەدا، ئێوە هەمیشە سەختترین فەرمانەکانتان بەجێ گەیاندووە، ئێستا شتێک لە دەروونمدا بانگم دەکات، پێویستە ڕووبەڕووی ببمەوە، دوای مردنم ئەم گۆزە شەرابە بە یادی سەرکەوتنە گەورەکان بخۆنەوە و گۆزە شەرابەکەی دایە دەستیان ئەوسا باڵا پۆشەکەی فڕێ دایە سەر زەوی، میرزا هەموو موویەکانی لەشی لەخۆ دوورخستبووەوە، دوای چەند سەد ساڵ تەمەن لە کوڕە گەنجێکی تەمەن بیست ساڵان دەچوو. دوازدە کەسەکە شڵەژان. میرزا بە بزەیەکی پڕ لە مانا هاتەوە قسە: هەراسان مەبن، من دەچمە ناو ئەو تێزاوە کە توامەوە، خۆتان دەزانن تەنیا کونی ژێرەوەی بکەنەوە بۆ ئەوەی جەستەی تواوەم بگاتە قووڵایی زەوی، دواییش حەوزەکە بەرەو ڕووی دەرگا ڕاست کەنەوە، مەترسێن هەموو شتێک باش دەبێت.

دوایی چووە ناو حەوز و بە پێوە توایەوە بێ ئەوەی یەک سات بزە لە لێوەکانی دوورکەوێتەوە، بۆشایی کەوتە هەڵمژینی و ئیتر لە قرخێنەی برسییەتی نەدەدا. دوازدە کەس تا دوایەمین سات چاویان تێ بڕی کە چۆن ئەو هەرقەلەی لەو سەر جیهان ئەوانی گەیاندبووە ئەم سەر، وەکو تۆپە بەفرێک بە ئەسپایی دەتوێتەوە، کە تەواو توایەوە، هەر وایان کرد کە میرزا لێی داوا کردبوون، وا ڕێکوپێک کارەکانیان جێبەجێ کرد، وەکو بڵێیت میرزا هەر زیندووە، ئێستا لە کۆشکی خۆی لەسەر تەخت دانیشتووە و ئەو ئەوانی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە بەڕێ کردبێت، حەوزەکەیان هەڵگەڕاندەوە، ئێستا لە تەختێک دەچوو، کە تەنیا شایانی پاشای گەورەی جیهان بوو لە سەری دابنیشێت و پاڵی پێوە بدات. ئەوسا گۆزەی شەراب دەست بە دەست گەڕاو هەریەکەیان چەند قورتێکیان لێ خواردەوە.

دوای چل ڕۆژ کە دەرگای ژوورەکە کرایەوە، تەنیا ئاسەواری میرزا باڵا پۆشەکەی بوو، تەختێکی پرشنگداریان بینی کە دوازدە کەس بە دەوریدا بە پێوە وشک هەڵگەڕاون، ئەگەر چاوێکی شارەزا سەرنجی دابا دەیزانی کە ئەو دوازدە کەسە بۆ داپۆشین و سڕینەوەی ئاسەواری گەورەترین درۆ کە مێژوو بەخۆیەوە بینیبووی ژەهرخوارد کراون، بەڵام خەڵک کە نەگۆڕابوون، وێش نەدەچوو هەزاران ساڵی تر بگۆڕێن و خۆیان بە خەون و خەیاڵەوە گرتبوو، لەسەر لەتێکی باڵا پۆشەکە لە سەروکەللەی یەکتر بەسەر دەکەوتن. لەو ڕۆژەوە میرزا بوو بە ئەفسانە، خەڵکێک دەیگوت میرزا بووە بە ئەستێرە و بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە تا هەموو جیهانی لێ دیار بێت و بیپارێزێت، دەستەیەکی تر لەو بڕوایەدا بوون کە یەزدان میرزا و دوازدە کەس لە پیرۆزترین هاوڕێیەکانی بۆ لای خۆی گەڕاندۆتەوە، بۆ ئەوەی ڕزگاری جیهانەکانی تری پێ ڕاسپێرێت، بەم جیاوازییە، کە میرزا ئەوەندە پیرۆز بوو، گیان و جەستەی بەیەکەوە بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە، بەڵام ئەو دوازدە کەسە تەنیا گیانیان کەوتۆتە بەر بەزەیی ئەو. ئەوانەی بڕوایان لە ڕادە بەدەر بوو، دەیانگوت، میرزا زیندووە و هەر کاتێک پەیامی پیرۆزی ئازادی و ئاشتی و یەکسانی کەوتە بەر مەترسی و جەور و ستەم جیهانی داگرت ئەوسا میرزا بە شمشێرە پانەکەی دەگەڕێتەوە و ئەوەندە سەری ستەمکارەکان پەل دەدات تا دەستی ڕاستی بۆ هەمیشە بە ڕەنگی سوور

هەڵدەگەڕێت.

ساڵەکان هاتن و ڕۆیشتن، ئازادی و ئاشتی و یەکسانی کە میرزا پەیامەکەی ڕاگەیاندبوو، بەری گرت و ئاوستەن بوو و دواییش سکی کرایەوە و ئەو تووەی میرزا تێ ئاخنی بوو هاتە سەر جیهان و ئەو زارۆکە تەنیا یەک گوێ و یەک چاوی هەبوو، بەڵام چەندین دەمی ڕەش و بەد دیمەن لە هەموو لایەکی جەستەیەوە هاواریان لێ هەڵدەستا: زیاتر... زیاتر.


ئەوسا شمشێرە ژەنگاوییەکان لە کالوانەکانیان دەرهێنران و جەلا دران و تیژ کران و دیسان بریسکانەوە. مرۆڤەکان کەوتنەوە گیانی یەکتر، ڕەنگەکان کەوتنە شەڕ و پێکدادان، خوێن پاکەکان ئەرزیان لە خوێنی ناپاکەکان سوور هەڵگەڕاند، درۆ وەکو خۆشترین شیعر و ئاوازەکان جێگەیان لەسەر زارەکان خۆش کرد، دزی بوو بە پیشە، خەیانەتیش بوو بە زانستێکی پڕ بایەخ، بەڵام لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا ئەفسانەی میرزا بەردەوام دەگێڕدرایەوە، سۆز و دڵدارییەکانی لەژێر دەیان ناوونیشانی ڕەنگاوڕەنگ دەخوێنرانەوە، فرمێسک و ئاخەکانی ڕژانە ناو جوانترین شیعری شاعیران و شاعیرەکانیش دوای مەی و شەراب کەوتن، سەرگوزەشتی کازانۆ و بەشێکی بچووک لە هەوسەکانی لەبن نەهاتووی میرزا بوون، زانایەک کتێبەکەی خۆی بەناوی ئەوەوە کرد و هەموو ژیانی لەپێناوی ئەوە دانا چۆن شازادەکان فێرکات تا وەکو میرزا هەڵگری پەیامێکی پیرۆز بن و لەژێرەوەش ژیرانە تێ بکۆشن لە هارمۆنیای درۆ و خەیانەت تێ بگەن و بە دزی لە کێوەکانی دەست هەڵات سەرکەون. فەیلەسووفێک هەموو تەمەنی لە پێچوپەنای مێژوو بەدوای ئیرادەی سەرکەوتووی میرزا بەسەر چاکە و خراپەدا گەڕا، تا کاتێک کە خۆی لەناو پێچوپەنای مێژوودا شێت بوو. پیاوە ئایینییەکان لاسایی میرزایان دەکردەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک لەخۆیان کۆبکەنەوە بە زمانی دڵ لەگەڵیان دەئاخافتن، هەزاران پەیکەری ڕەنگاوڕەنگ کە هەڵگری هەزاران خەون و خەیاڵی جۆراوجۆر و مەبەستی شاراوەبوون لە میرزا دروست کران و لە سەرانسەری جیهاندا قیت کرانەوە، ئەو شوێنانەی پێ پیرۆز کرا، دوای شوێنە پیرۆزەکان کەوتنە دژایەتی و یەکتر لە خوێن گلاندن و بڵاوکردنەوەی تۆوی ناتەبایی کە هەرگیز نەدەبووە جێگەی ڕەزامەندی ئەو زارۆکەی میرزا، کە یەک چاو و یەک گوێی هەبوو، هەرچەندیش گەورەتر دەبوو بە هەموو دەمەکانی بەرزتر لە جاران دەینەڕاند: زیاتر... زیاتر.

ئەفسانەی میرزا هەموو مێژووی داگیر کرد، بە جۆرێک کە شەست هەزار ساڵ پێش سەر گوزەشتی میرزا لەبەر دەرگای ئەشکەوتێک لەنێوان مرۆڤە نیاندرتاڵەکانیشدا ناسراو بوو، لە دوا نیوەڕۆیەکی پاییزی کە بەرگی دارەکان خۆیان سەوز و زەرد و پرتەقاڵی دەنواند و لووتکەی کێوەکان لەژێر تیشکی خۆردا سوور هەڵگەڕابوون و لەناو گەلی و دۆڵەکاندا کە سنگیان بەرەو ئاسمان کردبووەوە و دەنگی دڕندەکان دەهات، چەند منداڵێکی ڕووت و بەتیروکەوانی داری ڕادووی یەکتر دەکەوتن، پیاوێک کە خۆی دوور لە ئەوانی تر گرتبوو، بە دزییەوە هەندێک نەرمە گۆشتی لەژێر بەردێک دەردەکرد و دەیخستە ژێر ددانە زلە ڕەش و زەردەکانی، لەولاتریش پیاوێکی پرچ گروازەی تووکن و پیس ئێسقانی ماموتێکی دەلێستەوە، منداڵێکی ڕووت لە تەنیشتی دانیشتبوو و دەستی لە ئەژنۆکانی ئاڵاندبوو و چەناگەی خستبووە سەری، بە حەسرەتەوە لە منداڵەکانی تری دەڕوانی، بە جارێک ڕووی لە پیاوە ئێسقان بەدەستەکە کرد و بە ئاماژەی دەست و زمانێک کە تەنیا بۆ خۆیان ئاشنا و بیستراو بوون هاتە قسە: بابە مانگێکە پێم دەڵێی کەوانێکت بۆ دروست دەکەم ئەی کوا؟ پیاوەکە کە لەدەست ئێسقانە بێ گۆشتەکەی بێزار ببوو، ئێسقانەکەی لەناو دەم و ڕیشی دەرکرد و لەسەری منداڵەکەی دا، منداڵەکە قیژەیەکی کرد، پیاوەکە هەڵسا، بەڵام ئەو بەسەری خوێناوییەوە ڕای کرد و دوورکەوتەوە، منداڵەکان لە قیژەی ئەو لە یاری کردن وەستان، جاری یەکەم سەری شکاوی ئەویان بینی، بەڵام کە دوایی بینییان ئەو لە ترسان میزی بەخۆیدا کردووە، بێ بەزەییانە پێکەنین، منداڵەکە ئاوڕێکی دایەوە و سەیرێکی باوکی کرد کە دیسان ئێسقانەکەی دەلێستەوە، کەمێک ئەم لاو ئەو لای کرد بەسەر دوودڵییەکەیدا زاڵ بوو، بەرەو ئەو شوێنەی دەنگی دڕندەکانی لێ دەهات چوو، پێی نایە ناو دارستانی تاریک.

٢٠١١/٦/٢١

# خەو

**فوئاد قامووسی**
**(سەقز)**



شەوێکی ئاسایی ڕەنگە دوا شەو

سەرەتای شەو بوو، ئاسمان هەروەک هەمیشە لە داوێنی خۆی چەند ئەستێرەی حەشار دابوو و مانگ بێ دەنگ بێ ئەوەی شتێکی پێ بێ بۆ وتن وەنەوزی دەدا. جار بە جارێک دارودیوارەکانی ئەم ماڵە بەساڵاچووە دەبوونە ماری حەوت سەر و شاهۆ لە ئاستیان وەک کەروێشک، یان ئاسکێکی ترساو ئۆقرەی نەدەگرت و پاش چەند کاتژمێر کە دەتگوت بەری بەیانە تەزوویەکی خۆش لە ملیەوە دەستی دەکرد بە ڕاکردن و پاش بزواندنی ناوشانی لە بازنەی کەمەریدا ون دەبوو و کە چاوی لە حەوشە دەکرد، نا، بەداخەوە هێشتا دار چرای کارەبای بەر دەرگەکەیان تاریکی دەسووتاند و نەونەمامەکەی باخچەی ئەم ماڵەی دەگەشاندەوە و سێبەرێکی سامهێنەری لەم دارمێوە بەسەر دیوارەکاندا دەنەخشاند، بە شێوەیەک کە دیوارەکان خۆیان پتر ڕادەگرت لەوە دەچوو تەسکتر بووبێتنەوە و جێگایەکی بەس کەمتریان گرتبێ.

لە درزی پەنجەرەکەوە سووزی سەرمایەکی سەیر، وەک نەشتەر لە دڵی کار دەکات و دەڵێت گیانی دەرزی ئاژن دەکرێت. سەرمایەک کە لەمێژە بووە بە هاوڕێی حەوشە و تاریکی و دارمێو و دیوار و شەو. سەر سووڕهێنەرتر لەو سەرمای ناو جەنگەی بەهارە، ئەوە بوو کە تەنانەت گەر ئاگریشت لە ئامێز بگرتبایە، دیسان ئاگر و گەرمی پاشەکشێیان دەکرد و لەوە دەچوو سەودایەکی چاکیان لەگەڵ سەرما کردبێت.

کاتژمێر ئیتر لەم هەموو هاتوچووە بێ ئاکام و سەیروسەمەرە شەکەت ببوو، زۆر بە ئەسپایی بە دزی چاوە زیتەکانی شاهۆوە ماوەیەک هیلاکی دەردەکرد و دیسان بە ڕێگایەکی باریک، بەڵام درێژ هەنگاوە وردیلەکانی دەخستە ڕێ.

– ئەرێ تۆ ناتەوێت بخەویت؟
ئەم وتەیە ئاوێتەی هەراوهوریای خەیاڵی شاهۆ دەبێ و لە وەڵامدا لەبەرخۆیەوە دەڵێ:
– من دوێ شەو خەوتم، بچۆ بنوو کاکە گیان تۆ هیلاکی.
– باشە کاکە من دەنووم، بەڵام...
ناکاو زرموکوت ئەوەندە زۆر دەبێ، کە تەنیا جوولانەوەی دەبینێ، زۆر شەکەت بووە، بەڵام دەبێ خۆڕاگر بێ و ئەرکی سەرشانی بەجێ بهێنێ و ئەم شەویش وەک دەیان شەوی دیکە وریا بێ و لە پەنجەرەیەکی بێ هێزەوە چاو دەبڕێتە ڕێگایەکی لارولەوێر و هەندێک جار سەرما شەپۆل دەدا و تەنیا ئاورینگی هەناوی شاهۆیە کە لەمپەرە.
بۆ هەر مژێک لە جگەرەکەی سەر دێنێتە خوارەوە و هەموو کات دەبێ لەبیری بێ کە نابێ لەبەر پەنجەرەدا بەشەو جگەرە بکێشێ، یەک دوو مژ، یەک لەدوای یەک، یەک لە یەک قورستر و پتر سییەکانی دەجوولێنێتەوە، تا مژەکانی قورستر دەبن، وێنەی بەخاڵ کوتاوی سەر مەچەکی چاکتر ون دەبێ، ون بوونێک لە وێنەی ون بوونی چەپکە هێرۆکانی دەست هەتاوی خوشکی کە سالێکیان یاسا دەرچوو: چەپکە هێرۆ قەدەغەیە، مەگەر ئەوە هەر بەرگێکی بە تەنیا بێ.
چاوەکانی زیتتر لەوەی کە دەبێ ببێ، خۆیان لە بوومەلێڵدا دەنوێنن و سوور هەڵگەڕانیان بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی دڵنیا، خاتر جەم بێ کە ئەم شەویش خەو بێتە چاوی شاهۆی مێردی نەچووە و ڕوونە کە وەڵامی پرسیارەکەی شەوی ناو دەیان نابوو!
لە مێژ بوو شەونخوونی و چاوداچڕان لە کاتژمێر بۆ شاهۆ ئاسایی ببووەوە و جار لەگەڵ جار بۆ دڵنیا ئەستەمتر و ناخۆشتر دەبوو.
کاتژمێر بە ڕۆژ باڵ دەگرێتەوە و بەشەو هیلاک و ماندوو و ڕەنگە لاقەکانی لە سەرمادا گۆ نەکا کە بڕوا.
دیسان شەو و شەوێکی دیکە و دیسان شەو ڕەنگە دوا شەو.
– دوێ شەویش دیسان نەخەوتی!! بەخوا ئاخری دیق بە من دەکەی و خۆیشت لەبەر بێ خەوی دەمری.
– من خەوتم، من لەوەتی بووم خەوتم.
– بەزیاوم نەکرد لەم خەوەی تۆ!
جۆری دەموفلچی دڵنیا و شێوەی قسەکردنی لە دوێرد دەچوو و بەشێوەیەکی سەیر دڵی شاهۆ بە یەکدا هات.
یەک دوو هێلنج و ناکاو ڕشانەوە، ڕشانەوەیەکی سەیر و دزێو و بۆگەن، لەوە دەچوو لە مێژ بوو کە ئەم شتانە لەشی شاهۆیان قورس کردبێ.
دڵنیا بە گورجی تەشتێکی فریا دەخا، ئەژنۆکانی دەکەونە لەرز، بەئەسپایی ڕائەکشێ و ملی لەسەر تەشتەکە ئەنێ، تا دڵنیا دەچێ پەڕۆیەکی بۆ بهێنێ و کە دەست و پلی پێ خاوێن بکاتەوە بە شێوەیەک کە هەموو کات دایکی لە کاتی ڕشانەوەدا سەری دەگرت، سەری خۆی دەگرێ و هەست بە نەرمی دەستی ناو چاوی دەکات:
ڕۆڵە گیان ئێمە بەرگەی ئەم تەکان و شەکانانە ناگرین، بۆ خاتری خوا لەم بەوبەختییە بمانپارێزە، خۆمان بە قەت دنیا خوا قوڕی کردووە بەسەرماندا... ئای ڕۆڵە یاخوا دایکت زووخاو هەڵێنێ، ئەرێ بۆ وات لێ هات؟
زرموکوت ڕووخان دیسان جێ بەم وتانە تەنگ دەکەن و هاوارێک دەبێتە تاقە سواری سارای گوێی و دەڵێی ئەم دەنگە هیچ سامێکی لەو زرموکوتانە نییە:
– لێرە گەڕێ، ئەو کوڕە بکە کۆڵ و بڕۆ
دەنگێکی بەرز و بەخۆ، گورجوگۆڵ
هەست بە تەڕی دەکات، لەوە دەچێ جلوبەرگەکانی شەلاڵی ئارەق و ئاو، یان خوێن و زووخاو بووبێ، داخۆ کامیانە؟!
کە چاو هەڵێنێ، دڵنیا هەر بەو دەموفلچە دوێرد ئاساییەوە دێت دەڕوات و وێنەیەک بەناوچاوانی دیواری ژوورەکەدا خۆی دەنوێنێ: چین ژن و پیاو بە جلوبەرگی سەیر شیپ و شۆڕ ناحەزەوە، بە شێوەیەک کە مرۆڤ وا تێ دەگات، ئەمانە هیچ لە جوانی و جوانکاری نازانن، سەریان شۆڕ کردووەتەوە و وێنەکە بووە بە بەڵگەی ناشیرینی ئەو مرۆڤانە! بە هەوەڵ نیگا تەرمی کۆن کەوتووی زەردەخەنە و خۆشی کە بۆگەنەکەی ڕۆژەڕێییەک دەڕوا خۆی دەنوێنێ کە بەسەر جلوبەرگ و ناچاوانی مرۆڤەکانەوە وشک بووە.
هێدی هێدی دڵی پڕ دەبێ و ئەم جار شەپۆل شەپۆل فرمێسک کێلگەی ڕوومەتی پاراو دەکەن.

سووزێکی سەرمای ناسراوە سەیر ناوچاوانی ئەتەزێنێ، لەوە دەچێ بەری بەیان بێ، بە توندی هەڵدەستێ و هەڕا دەکاتە حەوشە و دەست ئەداتە قوڵەنگ و بەردەبێتە گیانی دیوار و دارمێو، بەڵام شاهۆ زۆر لاواز بووە، سەرما دیسان تەوژم دێنێتە سەرشان و قۆڵی و بە گورجی دێیتەوە ماڵۆ، بۆ یەک چرکە لە خۆی دەترسێ، بە هێواشی ئەم وشانە لە مێشکیدا هاتن و چوون: باشە سەرما چی بەسەر دارمێوو دیوارەوە هەیە؟ باشە من بۆ وا دەکەم؟!

دیسان شەو و شەوێکی تر و دیسان شەو ڕەنگە دوا شەو.

ڕەنگە ئەم شەو دوا شەو بێ.

شاهۆ شوورەکانی هزری شل دەکاتەوە و دەیەوێ خۆی بداتە دەست شالاوی بیرەوەری و دەنگ و دیمەنێکی کۆن و ناسراو و خۆشەویستی تر ببینێ:

– ئەرێ زۆر سازدە چ بکەین؟

هێشتا پیتە دواییەکانی وشە ئاخرەکەی ئەم ڕستەیە تەواو نەبوو کە...

کە شاهۆ وێنەی بە دیوارەوە هەڵواسراوی لە ئامێز گرت و ڕچەی ڕێگای حەوشەی دیسان شکاند و بە پەنجە ماندووەکانی بنجی دارمێوی دایەوە و زۆر بە گورجی لەقێ شەمچەی خستە داوێن دارمێوی ویشک بوو. وێنەکەیش بەسەر شاخ و بەرگییەوە بە ئەسپایی بۆ هەمیشە ڕاکشابوو. هەر هەموویانی کردە قوربانی لەقێ شەمچە.

– چەند ئاگرێکی سەیر سوور و گەرم، دڵنیا.. دڵنیا وەرە.. چەند گەرمە.. خەوم دێ، دەمەوێ لە ئامێزت بنووم.

**بەفرانباری ٢٧٠٨ (٢٠٠٨ز)**



# سوێند

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

تازە سەری کردبۆوە باڵنجەکەی و خەو دڵی گرتبوو، دەنگی گریان و وڕێنەی کوڕە نۆ ساڵانەکەی دایچڵەکاند.

چاوی لەکاتژمێرە دیوارییەکە کرد، چوار و حەڤدە خولەکی بەر بەیانی بوو. ئەم شەویش وەک شەوانی ڕابردوو، وەک هەموو شەوە پڕ لە خەم و تەنیایی و ئازارە تاقەتپڕووکێنەکانی ئەو سێ ساڵەی کە ئاوەڵناوی بێوەژن خۆی بە ڕوح و جەستە و هەستییەوە لکاندبوو، بوغزێک گەرووی گرت و ڕەگە چڕوپڕەکەی بە سینگیدا ڕۆچووە خوارێ و خۆی لە دڵی توند کرد و ڕێکی گوشی.

سەری کوڕەکەی خستە سەر قۆڵی و لە پاڵیدا ڕاکشا. فرمێسک لەچاویدا قەتیس مابوو و لەبەر شۆقی سەوزی شەو خەوەکە سووچی بنمیچی ژوورەکە لێڵتر ببوو. لە پشت تەمی فرمێسکەوە لەرزینی دیوارەکە و بزەی سەر لێوی مێردەکەی دەدی، بزەیەک کە چەندین ساڵە درزێکی چکۆلەی خستۆتە سەر لێوی و ڕیزی ددانە سپییەکانی وەدیار خستووە و شەو و ڕۆژ لەبەر چاویەتی.

قۆڵی لەژێر سەری کوڕەکەیدا کەوتبووە مێروولە کردن و نووکی قامک و لەپی دەستی تەزوویەک دەرزی ئاژنی دەکرد. ئەو خەمەی دڵی ڕێک دەگوشی وردەوردە شل بۆوە و قورسایی خۆی خستە سەرپێڵووی چاوی، بەڵام چەند خولەکی نەخایاند دیسان سارۆ دەستی کردەوە بە جووڵەجووڵ و وڕێنەکردن. قۆڵی لەژێر سەری کوڕەکەی دەرهێنا و دەستی نایە سەر نێوچاوانی و هەنیشکی نایە سەر باڵنجەکە. بێ ئیختیار چاوی لەسەر دیوارەکە و بزەی لێڵی مێردەکەی گیرسایەوە.

(شەهلا من دەزانم چیمە. تۆش دەزانی. تازە چاک بوونەوەم مەحاڵە، بەڵام...)

لێوی لەرزی بوو دڵۆپەی فرمێسک دوای ئەوەی تەمی خستبووە سەر بیلبیلەی، لەسووچی چاویەوە بە لاڕوومەتیدا،

هاتبووه خوارێ.

(ئەو قسانە چییە دەیانکەی کامیل گیان! خۆ لەم دنیایەدا هەر تۆ نەخۆش نەکەوتووی؟ پیاو نەخۆشیش دەبێ و ساغیش دەبێ و... بیر لەو شتانە هەر مەکەوە، تۆ دەبێ بیر لە ژیانی کوڕەکەمان بکەیتەوە...)

چاوی لەسەر ڕوخساری لێڵی مێردەکەیەوە گوازتەوە سەر سارۆ و دەستی لەسەر نێوچاوانی لابرد؛ سارۆ جوولایەوە و لە بن لێوەوە چەند وشەی جاوییەوە، بەڵام هیچی لێ حاڵی نەبوو. کوڕە تۆزێ دەستی گێڕا و خەوی لێکەوتەوە.

ژنە دیسان خەوەکەی زڕابوو، بیر و خەیاڵ لە مێشکیدا جمەیان دەهات و ئاراوقارایان لێ هەڵگرتبوو.

(شەهلا گیان! چاوەکەم، خۆ ئاوا نابێ! تا کەنگێ دەتەوێ بە تەنیا بژی؟ بیر لە کوڕەکەت بکەوە، کەیوانی برام نزیکەی ساڵێکە خۆت دەزانی ژنەکەی مردووە و دەیەوێ ژن بێنێتەوە. سوێندی دەخوارد کە سارۆی لە ئەولادی خۆی خۆشتر دەوێ و ناهێڵێ هیچ کەس بزانێ کوڕی خۆی نییە. دەیگوت ئەگەر حەز دەکا، دەچین بۆ شارێکی تر و ئیتر منداڵی دیکەشمان ناوێ...) سەبری خانمی جیرانیان ئەوەی پێ گوتبوو.

لەپاڵ سارۆدا ڕاکشا، ڕوومەتی نا بە ڕوومەتییەوە و موچڕکێکی پڕ لە خۆشەویستیی دایکانە بە ژێر ئێسکی سینگیدا نەرم خوشی، لەبەر پێیەوە دەرچوو. ماوەیەک چاوی لەسەر یەک دانا و ویستی خەیاڵەکان لە مێشکی بتارێنێ، بەڵام دەردی تەنیایی و قسە و قسەڵۆکی خەڵک و خەمی سەغیر بوونی کوڕەکەی، وەها لە نێو خوێن و دەمار و ئێسکی لەشیدا ڕەگاژۆیان کردبوو، خەوی لێ نەدەکەوت. ڕوومەتی لە ڕوومەتی کوڕەکەی کردەوە و هەستا دانیشت. سەری بەرز کردەوە و بزەی لێڵی مێردەکەی، باوەشی بۆ چاوە خەو لێ زڕاو و ماندووەکانی کردەوە.

(خۆشەویستەکەم، بڕوام پێ بکە تەواوی جوانی و خۆشییەکانی دنیا لەچاوی تۆدا دەبینم. خۆزگە سینگم وەک کتێب دەکرایەوە و بتخوێندبایەتەوە، جا بۆت دەردەکەوت چەندەم خۆش دەوێی...)

فرمێسکێک بەسەر ڕوومەتیدا خوشی، لە چەناگەی داوەری و بەنێوان مەمکیدا چووەخوارێ. ژانێکی قورس چنگی لە لاجە سەری گیر کردبوو، بوغزێک گەرووی ڕێک دەگوشی و لەوانەبوو بیخنکێنێ. حەزی دەکرد قوڵپەی گریانەکەی بتەقێتەوە و لە گوێچکەی کەڕی دار و دیواردا ببێ بە زایەڵە. لەپڕ هەنیسکێکی دا لەوانە بوو بەندی دڵی هەڵکەنێ.

کازیوەی بەیان شووشەی پەنجەرەکەی زێو ئاژان کرد و وردە وردە ژوورەکەی ڕووناک بۆوە. پێنج و دوازدە خولەک بوو. لەپڕ فوویەک بە بڵێندگۆی مزگەوتەکەدا کرا و دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەر گوێمی بێ دەنگی بەرەبەیانی شڵەقاند. لەگەڵ دەنگی بانگەکە، چاوی لەسەر قورئانە بەرگ سەوزەکەی سەر ڕەفحەی سووچی ژوورەکە گیرسایەوە.

تەزوویەک بە دڵیدا هات، هەستایە سەر پێ و چووە حەوشە دەسنوێژی گرت، هاتەوە ژوورێ و دوو ڕەکاتی نوێژ کرد، پاشان لەسەر بەرماڵەکە دانیشت و چاوی لە دیواری پێش خۆی بڕی. دوای هێندێک دوعا و پاڕانەوە ئایەتەلکورسیی خوێند و فووی لەخۆی و سارۆی کوڕی کرد. کە فووی لە سارۆ کرد و سەری بەرز کردەوە، دیسان چاوی فڕی بۆلای قورئانی سەر ڕەفحەکە و تەزوویەک بە سەرتاپای گیانیدا مێرووڵەی کرد؛ لەرزێکی نەرمی بە مۆرەغەی پشتیدا هێنا و سەری بەر دایەوە.

دوێنێ بەیانی کە سارۆی برد بوو بۆ قوتابخانە، مامۆستای وەرزشەکەی سارۆ، بەپەلە هاتبوو بۆ لای، دەستی سارۆی گرتبوو و لەگەڵ ئەوەی دەستێکی بە سەربشیدا هێنابوو، بە سلاوێکی ئاوێتەی بزەوە دووجاری کوڕەکەی ماچ کرد بوو. کاتێک مامۆستا لەگەڵ کوڕەکەی لێی دوور کەوتنەوە، هەتا گەیشتنە نێو منداڵەکان، مامۆستا سێ جاری ئاوڕ بۆ لای دابۆوە و بزەیەکی شیرین، ڕیزی ددانە سپییەکانی وەدیار خستبوو، بریقەیەک لە چاوانیدا بوو کە بێ ئیختیار تەزوویەکی شیرینی بەدڵی ئەمدا هێنا بوو.

سەری بەرز کردەوە و دیسان چاوی لەسەر قورئانەکە نیشتەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و خەیاڵ گەردەلوول ئاسا لە خۆیەوەی پێچا، بەڵام زۆر زوو دەنگی کۆخەی باوکی لەو دیوی دەرگاکەوە هەودای خەیاڵی پساند.

بەپەلە هەستا بەرماڵەکەی قەد کرد و لە ژوورەکەی چووە دەرێ. باوکی بە هەنگاوی شل و پشتی کۆمەوە بۆ لای دەرگای حەوشەکە دەچوو. فەرغوونی کەلوپەلەکانی باوکی کە پەڕۆیەکی بۆری بەسەردا کێشابوو لە ژێر کەپری سووچی خوارووی حەوشەکە ڕاگیرا بوو و پشیلەیەکی ڕەش لە پەنا تەگەرەکەیدا خۆی مەڵاس دابوو.

– دایکە گیان ئەوە هەستاوی؟ ئەی بۆ لێرە

ڕاوەستاوی، سەماوەرەکەت هەڵکردووە؟
دەنگی دایکی بوو لە ژوورەکەی هاتە دەرێ و ئەویش دەیەویست بچێ بۆ حەوشە دەسنوێژ هەڵگرێ.
- بەڵێ دایەگیان، ئێستا دەچم هەڵیدەکەم.
دایکی چووە حەوشە و شەهلا سەرنجی بەدوای ئەودا بەری کردەوە بۆ ئەو دیوی دەرگاکە و لەسەر چاوەکانی پشیلە ڕەش گیرسایەوە کە بە خشپەی پێی دایکی قووت ببۆوە. لەچاوی زەرد و تیژی پشیلەکەدا شتێکی دیت و بیری ڕۆیی.
چەند مانگ لەمەوبەر دەستی سارۆی گرتبوو لە قوتابخانەوەی دەهێنایەوە بۆ ماڵێ. بە بەر دوکانێکدا تێپەڕیبوون. سارۆ کراسێکی دیتبوو و لاقی لە عەرزی وەژاندبوو گوتبووی هەر دەبێ بۆم بکڕی.
ناچار بەدوایدا چووبووە نێو دووکانەکە و قیمەتی کراسەکەی پرسیبوو.
کابرا قیمەتێکی گوتبوو کە بۆی نەکڕدرابوو، کوڕەش هەر دوو پێی لە کەوشێک کردبوو و گوتبووی هەر دەمەوێ.
- خانم بۆ بۆی ناکڕی؟ دڵت دێ دڵی ئەو کوڕە جوانە بشکێنی؟
- کاکە گیان زۆر گرانە، بەخوا من ئەوەندەم پارە پێ نییە.
کابرا زەردەیەکی گرتبوو و گوتبووی: (جا بۆ تۆ هەر هیچی ناوێ، تۆ خۆت هەموو شتێکی!) کە ئەوەی بیستبوو لەرزێک ئەندامی داگرتبوو، تەزوویەکی بەژان سینگی ڕێک گوشیبوو و لە ئەوکیدا ببووە بوغز و زمانی لە گۆ چوو بوو. بە پەلە دەستی سارۆی گرتبوو و بەرەو دەرەوە ڕایکێشا بوو. جەستەی سڕ و نیوە گیانی خۆی و گریان و گوڕووی سارۆی هەتا سەر شۆستەکە کێشا بوو کە کابرای دووکاندار لە نێو زارکی دوکانەکەوە زەردەیەک لەسەر لێو پێی گوتبوو: (نەمزانی ئەوەندەش سرکی خانم، خۆ خەڵکی شتێکی دیکەیان دەگوت.) کە ئاوڕی دابۆوە زەردەی لێو و چاوی زەردەی کابرا وەک زەردەچاڵووک لە گلێنەی چەقیبوو.
باوکی لە حەوشە بەرەو ژوورێ دەهاتەوە و بە خشپەی لاقی ئەو پشیلە ڕەش بە چاوە زەرد و گوێچکە نووک تیژەکانی قوتەیەکی کرد و هێواش لە بن فەرغوونەکە هاتە دەرێ بە نێردیوانەکەدا سەر کەوت بۆ سەربان. پێش ئەوەی باوکی بگاتەوە ژوورێ، خۆی کرد بە چێشتخانەکەدا و سەماوەرەکەی هەڵکرد. دەیویست بچێتە ژوورەکەی و تۆزێک لەگەڵ کوڕەکەی ڕاکشێ.
باوکی هاتەوە ژوورێ. دوای بەیانی باش و چاک و چۆنی کردن باوکی گوتی: (دایەکەم چەند جارم پێگوتووی، دیسان پێت دەڵێمەوە، خەمت نەبێ، پرسی چەند مەلا و عالم کردووە سوێندت لێ ناکەوێ. بەقسەی باوکی خۆت بکە. خۆ ڕووناکایی من و ئەو پیرێژنە هەر تۆی، بەڵام ئاواش نابێ. من بۆیە پێت دەڵێم لە سەرم فەرزە، دەنا تا لەم ماڵە دابی جێگات لەسەر سەرمە و کوڕەکەشت ڕووناکی چاومە، بەڵام...)
بەرماڵەکەی بۆ باوکی ڕاخست و هێشتا باوکی نوێژەکەی دانەبەستبوو، ئەو ڕۆیشتەوە ژوورەکەی و لە ژوور سەری سارۆ دانیشت. گزنگی بەیان لە شووشەی سەرووی پەنجەرەکەی دابوو و ترووسکەی ڕووناکی خۆر کەوتبووە سەر بزەی شیرینی مێردەکەی. کوڵی گریانێک ئەوکی گرت و فرمێسک لە چاویدا قەتیس ما؛ چەند دڵۆپ بە سووچی چاویدا خزینە خوارێ و بەسەر ڕوومەتیدا خوشین و چوون بۆ پەنای لێوی.
لە هاڵەکە دانیشتبوو و گوڵدۆزیی دەکرد، خەمی نەخۆشی مێردەکەی دڵ و ڕوحی ژاکاندبوو. (شەهلا گیان! بڕوام پێ بکە بە قەد خودام خۆش دەوێی! من دەزانم تازە چاک نابمەوە، ئەو نەخۆشییە کاری خۆی دەکا...) کە سەری هەڵێنا مێردەکەی کز و ڕەنگ بزڕکاو لە پشت سەری ڕاوەستابوو. قورئانێکی بەدەستەوە گرتبوو و لۆیەکی بەرگە سەوزەکەی بەلای دەستیدا شۆڕ ببووەوە و دەلەرزییەوە. (شەهلا گیان، من دەزانم تازە ناژیم بەم زووانە... بەڵام تو ئەو قورئانە...) بوغزێک ئەوکی گرتبوو و لە پەنای لاقیدا دانیشتبوو. شەهلا دەرزی و کاماوکەی دانابوو، بە پەلە هەستا بوو چووبووە دەرێ، دەستنوێژی گرتبوو و هاتبۆوە ژوورێ. قورئانەکەی لە مێردەکەی وەرگرتبوو سێ جاری دەست پێدا دابوو کە دڵنیا بێ.
سارۆ چاوی هەڵێنا و کە دیتی دایکی لە ژوور سەری دانیشتووە، بە پێکەنینەوە باوەشی پێدا کرد و ڕوومەتە بە فرمێسک خووساوەکانی ماچ کرد. ئەویش کوڕەکەی توند بە سینگییەوە گوشی و لەگەڵ ئەوەی نێو چاوانی کوڕەکەی ماچ دەکرد، چاوی لە قورئانە بەرگ سەوزەکەی سەر ڕەفحەکە بڕی و تەزوویەک بە دڵیدا هات.



# خەلا

**ئەدیب پۆلات**
**(ئامەد)**

" سێ سـال بوهورین. سێ چلە، سێ بهـار، سێ هاڤین ... داران پەلێن خـوە وەشـاندن، پالەیان تۆڤ ڕەشـاندن، گوندیان ئاردۆ کشاندن، تو هێژا هاتی، تو چما هاتی؟"

گـاڤا مـێرێ وێ ژ ترێنا ڕەش داکەت، ئاسیـا وها ئاخفی. بێ دلێ خوە، ب دەنگەکی کـەتی هەر دو پەیڤێن داوی دوبارە کر:

" چما هاتی؟ ئەو دەر ل تە خوەش هاتبوو، تە یەکا پۆرزەرا، چیمڕووتا تانگۆ ژی ژ خوە رە بدیتانا، ئیسمەتێ کهەڕ بلا مارا وە ژی ب دەستێ خوە ببرییانا، یێن کو ئەڤ خەلا ب سەر مە دە ئانی و تەزکەرە دان دەستێ تە بەرێ تە دان ناڤ خزانییێ برچیتییێ، بەلەنگازیێ. تو نەبخێرهاتی! ڕۆژەک وەک ئیرۆژ بوو، گاڤا من تە ل ڤێ ترێنا ڕەشا کامباخ سوار کر، بەرێ تە نەکەت ئۆغرێ و پشتا تە نەکەت فەلەکێ، بەرێ تە کەت عەسکەرییێ، ئەو ڕۆژ کو ل ئیستەسیۆنێ ئەم لەقای شاکرێ جیران هاتن. جهێ کو تو دچوویی، ئەو ژ ور دهات. ب تەوفیقا بارێ عەزیم ڕۆژا ئەم ڕاستی هەڤ هاتن، ئەو ڕۆژ ئالا بەر دەرێ ئیستەسیۆنێ داخستبوون نیڤی، شاکرۆ گۆت کەمال مرییە. وی دو سال عەسکەری کربوو. پشتی مرنا کەمال، ئیسمەتۆ عەسکەرییێ کر سێ سال. ئیسمەتۆ نەبیۆم بوونا، خەلای ڕادبوو؟"

" کەچێ بێهنا خوە فرەه بکە! چ گونەهێ ئیسمەتێ ڕەبەن هەیە؟ باران نەباریا، زاد شین نەبوون، لەوما خەلا ڕابوو. ئەوێ خوەدێ چێبکە. نها تو دەڤ ژ کەمال و ئیسمەت بەردە، قالا گاییێن مە بکە. لادۆ و ئینۆ ل بەر دەری نە، ئان نا؟"

"حەمد ژ خوەدێ رە گا هێژا د ئاخورێ دە نە. لێ، چێلەکا قۆرکشکەستی کو بەری خەلایێ بۆخێ ماجران ڕاببوو سەرێ و قۆرکا وێ خوار کربوو، من ئەو کر قوربان ژ تە رە. ئەز تەنێ بووم، کەسەک ل مال تونە بوو کو گۆشتێ وێ

بخوه، لەوما من ئەو کر قەلی و فرۆت، دا ب بارەک زەبەش و ئۆلچەکەک گەنم. باڤێ زارۆکان، تو نزانی ئیسال چ بۆبەلات هاتیە سەرێ مە، هاڤینێ قاما جه و گەنم تەنێ بهەستەک بوو. من ل پەی قرمێ لەقاتێ کر و شۆنک کوتا. لێ، هەیانی تو هاتی ئەو ژی خلاس بوو، هوندور بوو قوربانا دەرڤه."

"مللنەکەتێ، قەی ل ئالیێ ئانەدۆلێ خەلا تونە؟ قەی گیا ل چۆکێ، گەنم ل قرکێ یە؟ ئەز ب جوبێ وەیسل قەرەنی کم، ژ کوتەهیا یێ هەیانی ڤرا من ب گۆشتێ سەرێ کارکەکێ ئیدارە کریە، مێژیێ وێ خوارییە، ل هەستیێ وێ مژییامە."

ژن و مێر ل پەی هەڤ مەشیان. د تاریا شەڤێ دە بەرێ خوە دان گوندێ کو نیڤ سەعەت ژ ئیستەسیۆنێ دوور بوو. رییا وان د ناڤ گوندێ ماجران رە دبوهوری. چلە بوو، هەری و تەقان ل چۆکێ بوون ئەوتە ئەوتە کووچکان دهات، کووچکێن گوندان برچی و دژوار و هار بوون. پاجەییێن مالان زەر دکر، چرا ڤێکەتی بوون، تیرێژێن زافەرانێ ل کوچوان بەلاڤ دبوون. ئاسیا و مێرێ خوە د بەر قاهوەخانا گوند رە بوهورین. کووزا کووزا دێلکەکێ ژ بن کۆکا دارەکێ دهات. ژنک ل مێرێ خوە فتلی، گۆت:
" لێ نەنێهێرە، ئەو دتەلقە!"

بێدەنگ دمەشیان، تەنێ ڤرچە ڤرچا هەرییێ ژ بەر پێیێن وان دهات. چەند گاهڤ وێ دە، رەشاهیەک ل پێشیا وان ل کێتەکا رێ خویا کر: زلامەک بوو، ل قوون روونشتبوو، پشتا خوە دابوو دیوێر، ب دەنگەکی کەتی و بەلەنگاز دکر لاڤە لاڤ. مێرێ ئاسیایێ پەنگاڤ بەر ب وێ دە ئاڤێت، گوهێ خوە دا پەیڤێن وی ماجری: " ژ بۆ خوەدێ! بۆ خازا پێغەمبەر، گەپەک... گەپەکی تەنێ..."

ئاسیایێ ب ملێ مێرێ خوە گرت و کاش کر:
" دەڤ ژێ بەردە، ئەو دمرە! بلا ژ برچینا بکە کووزە کووز، هەتا گەبەر دبە!"

" ئەڤ چ پەیڤە ئاسیا؟ تو کەزەبکەری، کەزەبوەلاقی؟ بەری کو ئەز هەرم عەسکەرییێ، تو نە وها بوویی. چ بوویە ژ تە؟"

" ئەز نها وها مە! ڤان ماجرێن بولخار، حەبەک " پێخەزالک " ل ڤان چۆلان نەهشتن!"

نە رەق و بەق مان د گۆلێن مە دە!
نە مار و مشک مان د چۆلێن مە دە!
" پێخەزالک؟"

" ئەرێ لۆ، پێخەزالک. تو نزانی، ژ بەر کو گیاییێن چۆلێ دخون، گۆشتێ میراتێن کووشتیان چ قاس ب تامە! پیێن وان، مینا یێن غەزالان بێرووند، ب ماسوولک و گۆشتێ سۆرە. ئەم پێخەزالکان ل سەر پشتێ دقەلێن و دوو رە داڤێژن ناڤا تەرافا ئێگر. پشتی دپژن، گۆشت خوە ژ قالک بەرددە.."

مێرێ ئاسیایێ دەنگ نەکر، د ناڤا هەریا رێ دە روونشت. ژ نشکا ڤە " ئولقین " ژ قرکا وی چوو، ڤەرەشیا، ژنا وی ل بەر سەری سەکنی و لێ نێهێری، گۆشت و مێژیێ سەرێ کارکێ، هەموو ل ناڤا تەقانا رێ بەلاڤ ببوو. ئاسیایێ ل وان جێتیێن گۆشتێ هوور و مێژی نێهێری. گۆشتێ پژاندی ئاڤ ب دەڤێ وێ خست. د بەر خوە دە هێدیکا گۆت: " تە جیە نەدیتن تو ل ڤر ڤەرەشیایی؟ تە نەدکارییبوو کو هەیا مالێ خوە بگرتانا؟"

دەما مەلێ ئەشا ئازان دا، ئەو گهشتن مالێ. ب ڤەکرنا دەری رە. بەرفێ خوە چەنگ کر سەر فستانێ ژنکێ. ئاسیایێ گەپەک نانێ جەه یێ بپنجار ئاڤێت بەر پسیکا پووردرێژ یا وانێ. پشتی بەرفێ ل سەر نێن بانیا، ئەو ژی چوو سێنیا خوارنێ ئانی بەر مێرێ خوە: تاسەک ئاڤ، تەیفیکەک تۆراق و نانەکی گەنمی هەبوو ل سەر. مێرێ وێ سەبەبا ڤەرەشەندنێ گەلەکی برچی ببوو. گاڤا گەز ل نێن خست، بێهنا بنجارێ کەت پۆزێ وی. گۆت:

" مالنەکەرێ، من بێریا نانێ گەنمی کربوو، ئەو کێف د گەورییا من دە جەمدی. ئەز دبینم ئەو ژی نەخاسە، بپنجارە."

ژنا وی:

" ئەم چاوا بکن مێرکۆ! پنجار ل ناڤ نەکەڤەن زووکا خلاس دبە! چەنگەک ئارڤان د مالێ دە نەمایە. ژ ئافات هاتیە سەرێ مە، تو زانی؟ تە ئەڤ پەیڤ بهیستیە دبێژن:

"گاڤا ئیسمەت بوو میر،
بانێ مە گارسێ سەمیر*
ئیسمەتۆ، ئیسمەتۆ،
نان ل مە کر قەتۆ!"

ئەرێ نان ل مە کر قەت. شوکر ژ خوەدێ رە، کەسێن کو نانێ تسی، تاسەک ئاڤا قەرسی ل سەر سفرا خوە نەبینن ژی هەنە.

ئەو گاڤ دەنگێ کەچا وان یا چار سالی ژ ئۆدا کێلەکێ هات:

" نانێ پنجارێ ناخوم، نانێ پنجارێ پیسە!"

ئاسیایێ خوە ل کەهرییێ دانی، دەنگێ کەچکێ نەبر خوە. پشتی گۆتنا خوە کو خلاس کر، راهشت کیسەکێ بچووک و چوو ل هەمبەر مێرێ خوە، ل سەر میندەرەکێ

ڕوونشت. گاڤا مێرێ وێ نان و تۆراقێ دخوار، وێ ژی تۆراقا قوساندی یا ب کاپەک چەنگ ب چەنگ داڤێت دەڤێ خوە.

مێرێ وێ بالا خوە داییێ کو ژنا وی دەستێ خوە دخە کیسەکێ ل کێلەکێ، ب چەنگان تشتەکی سپی دەردخە و دخوە. پرسی:

" ئەو چ یە تو دخوی کەچێ؟"

" تۆراقا ب کاپەکە. بەرە من دگرە و ناهێلە کو ئەز برچی ببم."

زلام کوور فکری، دوو ڕە سەرێ خوە هەژاند و د بەر خوە دە گۆت:

" من چما تەزکەرە نەچڕاند؟"

پشتی شیڤێ، ئاسیاییێ خواست نڤینان ڕاخە. ئەول دۆشەک دانی، لحێفێ ژ مالنڤینگێ ئانی ژێر، پاشێ ڕاهشت بالیفەکی. ئەو گاڤ بالا وێ تشتەک کشاند: بالیفێ کو بەرێ سڤک بوو، نها گران ببوو! جارەکا دن بلند کر، دانی عەردێ، باش لێ مەیزاند، د دەستێ خوە دە دیسا تەقلاند. باوەڕی ئانی کو بالیف نە مینا بەرێ یە، گران بوویە. ب چاڤەکی ل مێرێ خوە نێهێری، ب ییێ دن ژی ل بالیفێ! تاڤیلێ دەستێ خوە ئاڤێت دروونا کێلەکا بالیفێ و کێل ب کێل ڤەکر. دەما بهوستەک بشکوڤاند، کایا سپی ل سەر تەژکێ بەلاڤ بوو. چاڤ ب کاییێ کەت، ل چۆکا خوە خست:

" وا وەیلێ! وا وەیلێ! دز کەتنە مالێ! کاپەکا بالیفێ مە دزینە!"

تاری کەتبوو سەر ئاخێ، سە دڕەیان، ژ بەر دیواران هووزینا دێلکێن برچی دهات. ئاسیا دەرکەت بەر دەری و بانگ کر:

" گەلی گوندی و جیرانان! ماجر کەتنە مالا مە، کاپەکا بالیفێ مە دزینە، کا خستنە دەوسا کاپەکێ! های ژ مالا خوە هەبن، گاڤا هوون ژ مال دەرکەتن، دەرییێ خوە ڕادن!"

جیرانێ وان شاکرۆ پاجێ ڤەکر:

" جیرانا ئاسیاییێ، ئەو هەبە تونە بە د پاجێ دە کەتنە هوندور. ڤان ڕۆژان پاجەیان دشکینن. جارنا ژی خوە د کولەکان ڕە بەردن خوارێ تشتێ چوو نەدە دوو! حەلا قالا مێرێ خوە بکە، ئەو ژ عەسکەرییێ هاتیە؟"

ئاسیاییێ:

" ئەرێ، نها ئەم ژ ئیستەسیۆنێ هاتن."

شاکرۆ:

" کەفارەتێ گونەهان بە! ئەز دێ نها وەرم زیارەتا وی."

شاکرۆ هات مالا وان، مێرێ ئاسیاییێ همێز کر، ل حال و وەختێ وان پرسی، کێفخوەشی د وان دان.

شاکرۆ:

" تە ل کو عەسکەری کر؟"

مێرێ ئاسیاییێ:

" ل کوتەهیاییێ یە. لێ، ئەز چما هاتم، نزانم. من د شیڤا ئێڤارێ دە تۆراق خوار، نها زکێ من پێ دئێشە، قوڕە قوڕ ژ عوور و ڕۆدییێ من تێ. ل وڕ قەروانە گەلەک بوو، ترشکا فاسوولیا دڕێتن."

شاکرۆ:

" ئەلحەمدولیلاه نۆک و جە هەیە. لێ، دو گاییێ جۆت ژ من ڕە لازمن نزانم ئەز دێ ژ کو دەرێ پەیدا بکم؟"

ئەڤ دەنگێ شاکرۆ چوو گوهێ ئاسیاییێ، تاڤلێ ژ ئەیوانێ بازدا، هات ئۆدێ جەم وان. پەرۆشەک کەت دلێ وێ و ئاخفی:

" ئینۆ و لادۆ ب قوربانا تە بکم! هەر یەک ب چاپەکێن چاپەک نۆک و چاپەک جە بدە مە، بلا گا ژ تە ڕە بن. بابێ زارۆکان ژ عەسکەرییێ هاتیە، ڕەبەنۆ برچیە، هەستیڤالا بوویە."


دۆرترا ڕۆژێ، سەرێ سبەهێ ب قێڕینا ئاسیاییێ ڕە هەموو گوندی ڕابوون سەر پێیا: " ڕەببی تو نەهێلی! کەسێن کو بەرفێ سەرژێکرنە، ئەو ب ژانا زراڤ هەڕن!"

بەرفێ گوراندبوون، پۆستێ وێ ییێ سپی ئاڤێتبوون حەوشێ. ئاسیا چوو د سەر پڕچا وێ یا درێژ دە گریبیا. مێرێ وێ ئەول د پاجێ دە گوهێ خوە دا گری، پاشی پییێ خوە ل شەکالێ خست و بۆنا ڤەگەڕا کوتەهیا، بەرێ خوە دا ئیستەسیۆنێ.

*** سەمیر: جۆرەکێ گارسی یە**

**چیرۆکنڤیس ئەدیب پۆلات ژ دیاربەکرێ یە و دەرچوویێ زانینگەها دیجلە یە – پشکا بایۆلۆجی. چەند سالان مامۆستاتی کریە. چەندین پەرتووکێن وی یێن چاپکری ژی هەنە. ئەڤ کورتە چیرۆکە مە ژ هەفتەمین پەرتووکا وی ( شۆڕبە و فەدی خەلا و غەیدی – ڕووپەلێن ١٩–٢٣) وەرگرتیە کو ل سالا (٢٠٠٥)ێ ب ڕێنڤیسا لاتینی ل ستەنبۆلێ هاتیە چاپکرن و ژ وەشانێن دەزگەها (پێری) بوویە. هەژیە بێتە گۆتن کو چیرۆکنڤیسی دوو خەلات وەرگرتینە: خەلاتێ ئازادیا ڕامانێ ژ ئالییێ ( هیومن رایت وچ) ڤە ل سالا (١٩٩٤). خەلاتێ دووەم ژی ژ ئالییێ ( ئامیریکان پەن یا ئازادیا نڤیسێ – باربارا گۆلدسمیس) ڤە ل سالا (١٩٩٤).**

**«ڕامان»**



# چەند مینیماڵێک

ڕەسووڵ یۆنان
لە فارسییەوە: جەبار سابیر
(سلێمانی)

### نینجای عەشق

بە ئاسماندا دەفڕی.
لە زەویدا ون دەبوو.
کاتێک عاشق بوو، خۆی هەڵدایە گوڵێکی سوورەوە.
ئێستا لە ئینجانەیەکی گڵدا دەژی، لە ماڵی خۆشەویستەکەی!

### بەڵگە

– ئەو هەمیشە نانە وردە کۆ دەکاتەوە، پێموایە شێتە!
– ناتوانێ بەڵگەیەکی قەناعەت پێکەر بێت.
– کەواتە بە بۆچوونی تۆ بۆچی ئەم کارە دەکات؟
– لەوانەیە، لەوانەیە مێروولەیەک لە مێشکیدا هاتوچۆی بێت!
– بۆچی ئامها بیردەکەیتەوە؟
– ئاخر! منیش هەروا دەکەم!

### سەردان

– تۆ لە پشت شیشەکانەوە سەیرم دەکەیت. ڕاستە؟
کابرا وەڵامی دایەوە:

- بەداخەوە بەڵێ! خۆزگە ئەم شیشانە نەبوونایە.
شێتەکە وتی:
- گرنگ نییە، منیش هەروا دەکەم، منیش لە پشت شیشەکانەوە سەیرت دەکەم!
لە یادەوەرییەکانی هاورێیەک کە هەموو یەکشەممانێک دەچووە سەردانی هاورێ شێتەکەی.

### ئەو رۆژە

ئەو خۆرەی بە گۆشەیەکی شانۆکەدا هەڵواسرابوو وەک پرتەقاڵێکی ژاکاو دەبینرا. ئەو رۆژە، ئەکتەرەکان هەر چەندێک هەوڵیان دا کەس پێنەکەنی.
ئەو رۆژە مەملەکەتی خەونەکان نەدۆزراو مایەوە.
ئامادەبووانیش بە رەنجاوی هۆڵەکەیان جێ هێشت.
ئەو رۆژە لە شانۆکە بای دەهات.
حەنە کچییەکە مردبوو.

### تۆ لەوێ بووی

خۆزگە چاوەکانم ئاسایی نەبوونایە و تۆم دەبینی.
تۆ لەوێ بووی..
دۆلفینەکان بۆ بینینت سەریان لە ئاوەکە هێنابووە دەرێ.
باڵندە دەرياییەکان لەسەر کاریتەی کەشتییەکەوە لە ئەسکەلەکە رامابوون.
کەمانچە ژەنە کوێرەکە چما دەیبینی. هاورێیەتی جووڵەی سەرتی دەکرد.
من درەنگ هەستم پێکرد. تۆ یەکێک لەو گەشتیارانە بوویت کە لەسەر ئەسکەلەکە هاتوچۆیان دەکرد.

### گەڕانەوە

پیاوەکە وتی:
- چاوەڕێم بە دەگەڕێمەوە!
ژنەیش چاوەڕێ ما. ساڵانێک تێپەڕین. شەڕ تەواو بوو، بەڵام هەواڵی کابرا نەبوو. ژنە وەک گوڵێک پەژموردە بوو و لە تەنیاییدا پیر بوو و هەرگیز نەهات بە مێشکیدا بیر لە کۆترێک بکاتەوە کە دوای شەڕ لە ژێر شێروانی ماڵەکەیاندا هێلانەی کردبوو.

### شۆفێری

- باشە باوکە بۆچی ئێرە هیچ چرایەکی سووری لێ نییە ؟!
- باشە ئاشکرایە ئێرە ئاسمانە!
ئەوان نیشانەی (رێگەکە داخراو) یان بەسەر تەپۆڵکە گەشتیارییەکەوە نەبینیبوو و بەخێرایی ئاژووتبوویان.

### گوندی وێران

لەقلەقەکان بێ بایەخانە بە ئاسمانەکەیدا رەت بوون. هیچ سەربانێکی بەرز لەوێ بەرچاو نەدەکەوت، بەڵام قەلەڕەشەکان دانەوینەوە.

### گفتوگۆی پاشایەکی سەرکوتکەر و شاعیرێکی شۆڕشگێڕ

**جەمال پاشا:** تۆ شەووڕۆژ خەبات لە دژی ئێمە دەکەیت! ئەگەر دڵم رازی دەبوو لە دارم دەدایت و لەژێر دارەکەشتدا دادەنیشتم و دەمکردە گریە و زاری!
**نازم حیکمەت:** ئەگەر من دەمتوانی ئەم کارە بکەم، یەک دڵۆپ ئەسرینیشم نەدەڕشت!
قاژێک لە ژیانی نازم حیکمەت

### مۆنۆلۆگی گریمانەیی یوونس لە سکی ماسیدا

«پەنجەرە، شتێکی باشە!»

### سەیران

بێ تاقەت بوون. گەر کابرای راوچی فریایان نەکەوتایە، ئێستا ئەوان لە ورگی پڵنگەکەدا بوون و سەیرانەکەیان گۆڕابوو بۆ خواردن. کابرا بە بینینی گڵۆپە دایساوەکانی شار، زیاتر پێی بە پایدەری گازدا ناو وتی:
- دواجار هەرچییەک بوو، تەواو بوو!
ژنە لە کاتێکدا کە هێشتا فرمێسک بە چاوەکانییەوە بوو، رووی کردە ئاسمان و وتی:
- خودایە سوپاست دەکەین! قوتارت کردین!
منداڵەکەیش بیری لە پیرەمێردەکە کردەوە. بیری لە پیرەمێردێکی قەڵەو و میهرەبان کردەوە بە کڵاوێکی حەسیری و سمێڵێکی پڕەوە کە تفەنگێکی کۆنەی پێ بوو، بەڵام باش تەقەی دەکرد.

### دوای رووداو

کەسێک بانگی کرد. کابرا ئاوڕی بۆ دواوە دایەوە. خاوەن دەنگەکە خۆی بوو. سەری سوڕما. لە خۆی نواڕی. تۆپەڵێک غوباری تیشک بوو. تازە بیری کەوتەوە چوار پیاوی دەمامکدار بە رەشاشەوە دابوویانە بەر دەستڕێژ!

**سەرچاوە فارسییەکە:**
**بخشکی شانس! مینی مال های رسول یونان، نشر مشکی، تهران، چاپ نخست، ١٣٩١.**

## عەبدولکەریم شێخانی:
## نە لە کۆن و نە لە ئێستادا نەکەوتوومەتە بەر کاریگەریی هیچ کەسێکەوە.. هەر ئەدیبێکی کوردیش ئەگەر لە کوردی بەولاوە زمانی دیکەی نەزانی، ئەوە لە ئەڵقەیەکی داخراودا دەخولێتەوە.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ - ٢)**



لە دنیای نووسین و وەرگێڕان و ئەدەبیاتی کوردیدا عەبدولکەریم شێخانی بە یەکێک لە پێشەنگەکان دەژمێردرێ کە نیو سەدە زیاترە بەبێ پچڕان لەگەڵ نووسین بە زمانی کوردی و عەرەبی بەردەوامە.

وەک وەرگێڕێک لە ناوەڕاستی حەفتایەکاندا بۆ یەکەم جار چیرۆکی (ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە)ی نووسەری بەناوبانگی فارس سەمەدی بیهرەنگی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و ئەوکاتە دەنگ و سەدایەکی باشی لەنێو ناوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا هەبوو، دواتر لە هەشتایەکاندا بەهۆی وەرگێڕانی ڕۆمانی (براکوژی)ی نیکۆس کازانتزاکی زیاتر وەک وەرگێڕێک ناسرا و ژمارەیەکی زۆریش لەو وەرگێڕانەی فرۆشرا.

وەک نووسەر و زمانزانێک لەمێژە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و فیستیڤاڵ و سیمینارەکاندا وەک کەسێکی چالاک دەرکەوتووە و لە زۆر گۆشەی ڕۆژنامەوانی جیاجیادا وەک خەمخۆرێک بایەخ بە زمانی کوردی دەدا و لەم ڕووەوە نووسینەکانی جێگەی بایەخ و سەرنجی خوێنەران بووە لە هاندان و دەستگیرۆیی لاوەکان کەمتەرخەمی نەکردووە، لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا ساڵانێکی زۆر وەک مامۆستایەک خەریکی وانە وتنەوەو پەروەردەکردنی قوتابیانی کورد بووە و چەند وەچەیەکی پێگەیاندووە، هەروەها لە وەرگێڕان و دانان و بژارکردنی بەرنامەی خوێندن و پەیڕەو و پرۆگرامی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی کوردیدا بەشدار بووە.

ئەمڕۆکە کە تەمەنی مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی نزیکی هەشتا ساڵە، کەچی بە گوڕوتینی لاوێک کار دەکات و دەنووسێ و بەدواداچوونی هەیە و گۆشەی ڕۆژنامەنووسیی بەڕێوە دەبات. دەمێک بوو لە گۆڤاری (ڕامان)دا دەمانویست گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەین، تا بەم دواییە ئەم دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا و ئەم گفتوگۆیەمان لە بارەی چەند پرسێکی جۆراوجۆر لەگەڵی سازدا.

**ڕامان:** خوێندنی حوجره و قوتابخانەکانی سەردەمی ئێوه چۆن بوون؟ تۆ چەند سوودت لەو خوێندنه وەرگرتووه؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بێ گومان خوێندن له حوجره، واته ئەوەی ئێمه پێی دەڵێین «سوختەخانه» له قوتابخانەی سەردەمییانەی حکوومەتی کۆنتره. سەرەتا خوێندن له مزگەوت دەستی پێ دەکرد و ورده ورده بابەتەکان شێوەیان دەگۆڕا، واته له بابەتی سووکەوه، بۆ بابەتی گرانتر، ئەمەش بەپێی پێشکەوتنی سوختەکه (قوتابییەکه) و کرانەوەی مێشکی. بەبیری من دوو سوختەخانه له کۆیه هەبوون، یەکێکیان وەک دەیانگوت سوختەخانەی (مەلای ڕەش) باپیری (عەزیز سەربەست) لەلای گۆڕەپانی جاسماغا، یان دوکانی (عەیشێ قادری)، من ئەو سوختەخانەیەم نەدیوه. دووەمیان سوختەخانەی (مەلا سابیر) بوو، ئەمەیان له ماڵی خۆمانەوه زۆر نزیک بوو. ئەو مەلا سابیره بانگدەری مزگەوتی گەوره بوو و پێم وایه خەڵکی کەرکووک و شاعیریش بوو و نازناوی (مەیلی) بوو. من بێ گومان نەمدەزانی شاعیره، چونکه ئەو سەردەمه پێنج ساڵم تەواو نەکردبوو، دواتر زانیم شاعیره، به تایبەتیش که تایەر تۆفیق یەکێک له شیعرەکانی ئەوی کردووه به مەقام «مەیلی» یا مائیلی گەر ڕووحی شیرینت دەوێ.

من منداڵ بووم که ناردیانم بۆ سوختەخانەکەی مەلا سابیر، هەر ئەلف بێتکەیان پێ گوتم، بەڵام هیچ فێر نەبووم و زووش وازم هێنا. له سوختەخانەی ئەو سەردەمەدا به فێربوونی «ئەلف، بێ» دەست به خوێندن دەکرا، بەبێ نووسین... ئینجا (أ) (ئەلف سەر ئه)، تا پیتەکان به (سەر و بۆر و ژێر)ی به دوادا دەهات، واته پیتەکان به (فتحة و ضمة و كسرة)وه، ئەمه شێوازی خوێندنی سوختەخانه بوو. من هیچ سوودێکم لەو خوێندنه نەدیت، چونکه بەردەوام نەبووم که بۆ خوێندن له قوتابخانه نێردرام، بەپێی دەفتەری نفووس من ساڵێک له تەمەنی خۆم کەمتر نووسرابووم، بۆیه له قوتابخانەی یەکەم (أولی) وەرنەگیرام، بەڵام لەبەر ئەوەی مامۆستا (زەکی هەناری)ی بەڕێوەبەری قوتابخانەی دووەم (الثانية) خزمی باوکم بوو به (خاتر) وەری گرتم و له پۆلی یەکەم به نمرەی باش دەرچووم، بەڵام له پۆلی دووەم و سێیەم، هاوینەکەی که پشووی قوتابخانه بوو، باوکم و دایکم، به تایبەتیش دایکم نەیاندەهێشت له کۆڵانان



**ئازا عەبدولواحید - عەبدولکەریم شێخانی**

بسووڕێمەوه، بۆیه که له پۆلی دووەم دەرچووم، ئەو هاوینه له مزگەوتی (مەلا ئەسعەد) و ساڵی دواتریش له مزگەوتی (حاجی ئەفەندی) قورئانم خوێند، نەک هەمووی، بەڵکو چەند جزمێک و ڕەنگه هەر ئەوەش بووبێته هۆی ئەوەی که زمانم بۆ عەرەبی له بار بێت.

**ڕامان:** ئەو ساڵانەی ئێوه له شاری کۆیه بوون، ژینگەی ئەو ساڵانەی شاری کۆیه له ڕووی پەروەرده، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری چۆن بوو؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** شاری کۆیه به گەواهی دۆست و دوژمن، مەڵبەندی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و نیشتمانپەروەری بووه، ئەو مۆرکه جیاکەرەوەیەی زۆر باش پێوه دیار بووه. له ڕووی پەروەردەییەوه بڵێین: مزگەوتەکان باشترین مامۆستای ئایینییان پێ گەیاندووه، که سەردەستەکەیان حاجی مەلا عەبدوڵڵای باوکی مەلای گەورەیه و دواتریش مەلای گەوره خۆی که له هەموو لایەکی کوردستانی گەورەدا ناو و ناوبانگی هەبووه، بێجگه لەوەش شاعیره گەورەکان هەر هەموویان له قوتابخانەی مزگەوتەکانەوه فێری وانەی نیشتمانپەروەری بوون که حاجی قادری کۆیی سەردەستەیانه. دوای ئەویش چەندان شاعیری دیکەی وەکو مەلا ڕاجی که یەکێکه له شاعیره هەره ناودارەکانی کۆیه. له ڕووی کۆمەڵایەتییەوه، جۆره سازان و گونجانێکی کەم وێنه لەنێوان خەڵکەکەیدا هەبووه.. ڕاسته له کۆیه دوو بەرەبابی ئاغایان هەبوون، حەوێزی و غەفووری، به بیری من نەمبیستووه هیچ کامێک لەو ئاغایانه زوڵم و زۆرییان له کەس کردبێ، به پێچەوانەوه ئاغاکانی بەرەبابی حەوێزییان خوێندەواری چاکیان تێدا

هەڵکەوتووە و یەکێک لەوانە ئەمیناغای ئەختەرە کە ئێمە هەموومان شانازیی پێوە دەکەین، لەو لاشەوە حەماغای گەورە و کاکە زیادی کوڕی، کە یەکێکە لە نیشتمانپەروەرە هەرە دیارەکانی کۆیە و جێگری دووەمی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. لە ڕووی سیاسیشەوە، کۆیە زۆر دیار و بەرچاو بووە، دڵداری نەمر کۆمەڵەی دارکەری دامەزراندووە و دوای ئەوە حزبی هیوا دامەزراوە کە ڕەفیق حیلمی سەرۆکی بووە، ئینجا دوای ژان و ژوارێکی سیاسی زۆر لە ساڵی ١٩٤٦ پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا.

هەر لەو کاتانەشدا (حزبي تحرري وطني) دامەزرا کە ڕووی ئاشکرای حزبی شیوعی عیراق بوو. ئەمانەی کە لەپێشەوە باسم کردن، هەندێکیانم بۆ خۆم دیوە و کاریگەریی زۆریان بەسەرمەوە هەبووە، مامۆستایانی قوتابخانەمان هەم لە ڕووی پەروەردەییەوە پێشەنگ بوون و هەم لە ڕووی نیشتمانپەروەریشەوە، بۆ نموونە (حەمەدئەمین مەعرووف، مەجید شێخ نووری، تایەر سەعید) دەوری خۆیان هەبووە، بۆ نموونە دەڵێم، بێ ئەوەی خوانەخواستە لە نرخی ئەوانی دیکە کەم بکەمەوە، مامۆستا (حەمەدئەمین مەعرووف) یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان. محەمەد تۆفیق وردی، هەروەها ناڕاستەوخۆ فێری کوردایەتی دەکردین، ئەویش بە خوێندنەوەی شیعری خۆش و بەجۆش، بەڵام بەداخەوە زۆر نەمایەوە و گواستیانەوە بۆ تەقتەق، لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە شاری کۆیە زۆر پێشکەوتوو بوو و لە شارەکانی دیکە پەنجەی بۆ ڕادەکێشرا.

ساڵی ١٩٥٣ لە بەغدا دەمخوێند، ئێوارەیەک چووم بۆ خوێندنگەکەمان کە لە بینای (دارالمعلمين الأبتدائية) بوو. گۆڤاری (وعي المستقبل)م پێ بوو کە تێکۆشەرێکی شیوعی بەناوی (رسمي العامل) دەری دەکرد. چوومە باخەکەی قوتابخانە، چەند کەسێک دانیشتبوون. من گۆڤارەکەم بەدەستەوە بوو. یەکێکیان کە وا دیاربوو بیروباوەڕی چەپی هەبوو، لەبەر گۆڤارەکە سەرنجی منی دا و زانی کە من عەرەبی نەتەوە پەرست نیم، قسەی لەگەڵ کردم و لەشێوەی قسەکانیشمەوە بۆی دەرکەوت کە کوردم و لێی پرسیم: «أنت منين، من السليمانية؟ منیش گوتم: «لا، من كويسنجق» گوتی: «ماكو فرق».

**شاری کۆیە بە گەواهی دۆست و دوژمن مەڵبەندی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و نیشتمانپەروەری بووە.**

هەر لە ڕووی پەروەردەوە، ئاماژە بەهەندێک بابەت دەکەم، لە پێشەوە باسی مامۆستا (محەمەد تۆفیق وردي)ی نەمرم کرد، ئەو لە پۆلی پێنجەم (أشياء و صحة)ی پێ دەگوتین کە ئێستا پێی دەڵێن زانستەکان. (أشياء) باسی زانستی دەکرد، (صحة)ش باسی تەندروستی و نەخۆشییەکانی وەک (مەلاریا) و (بەلهارزیا) و (تیفۆئید) و نەخۆشی دیکەی دەکرد، بەڵام بەداخەوە گواستیانەوە بۆ تەقتەق، مامۆستاکان هەر هەموویان بەڕێز و پەروەردەکار بوون، بەڵام مامۆستا (حەمەد ئەمین مەعرووف) کە لە پۆلی شەشەم (أشياء و صحة)ی پێ دەگوتین، خۆی زۆر بەو دوو بابەتەوە ماندوو دەکرد، کتێبمان نەبوو، مامۆستا بابەتەکانی دەکردە کوردی و ئێمە دەماننووسییەوە، دەفتەرێک بۆ (أشياء) و دەفتەرێکیش بۆ (صحە)، لەم ڕووەوە مامۆستا (مەجید نوورەدین)یش (مامۆستا مەجیدی شێخ نووری) کە جوگرافیە و مێژووی پێ دەگوتین، بابەتەکانی دەکردە کوردی و ئێمەش وەکو (أشياء و صحة) دەماننووسینەوە، ئەو سەردەمە دەوام لە قوتابخانە بەیانییان و دوای نیوەڕۆیان بوو، چوار وانە بەیانی و دوو وانە دوای نیوەڕۆ و تەنیا ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە چوار وانە بوو، زۆرجار وانەی (أشياء و صحة) دەکەوتە وانەی شەشەم. ئەوکاتە زستان بوو و خۆر زوو ئاوا دەبوو. مامۆستا (حەمەدئەمین) دوای تەواوبوونی وانەکە و ڕۆیشتنەوەی قوتابییەکان ئێمەی دەهێشتەوە و شتی زانستی بۆ دەخوێندینەوە. گۆڤارێکی ئینگلیزی بەناوی (Reader’s Digest) ڕیدەرز دایجێست، دامەزراوێک هەندێک بابەتی لەم گۆڤارە هەڵدەبژارد و دەیکردە عەرەبی، لە گۆڤارێکدا بڵاوی دەکردەوە بە ناوی (المختار من ڕیدەرز دایجێست) و لەنێو خەڵکیدا زیاتر دەگوترا «المختار». مامۆستا حەمەدئەمین مەعرووف بابەتە زانستییەکانی بۆ باس دەکردین تا ڕۆژ بەتەواوەتی تاریک دادەهات. جارێکیان باسی زانایەکی پزیشکی بۆ کردین کە ناوی «ئەلیکسەندەر فیلیمینگ» بوو و گوتی ئەو زانایە دەرمانێکی میکرۆبکوژی لە کەڕوو دۆزیوەتەوە و ئەو دەرمانە توانایەکی سەرسوڕهێنی میکرۆب کوشتنی

هەیە. ئیدی زۆر بە وردی بۆی باس کردین، ئەوەندەی پێ نەچوو، مامۆستا حەمەدئەمین تووشی هەوکردنی توێژاڵی سەر مێشک (السحایا الدماغیة) هات و بە پەلە بردیان بۆ بەغدا، خۆشبەختانە هەندێک نموونەی ئەو دەرمانەی خۆی بۆی باس کردین، هاتبوو بۆ بەغدا و لە نەخۆشخانە هەبوو، ئەگەر ئەو دەرمانە نەبوایە، نەخۆشییەکە دەیکوشت، بەڵام بە بەکارهێنانی ئەو دەرمانە لە مردن رزگاری بوو، بەڵام کاری کردە سەر چاوی و چاوێکی خێل کرد.

**رامان:** هەموو نووسەرەکانمان بە شیعر دەستیان پێکردووە، ئەوە چۆنە تۆ بەشیعر نووسین دەستت پێ نەکردووە، یان شیعرت نووسیوە و تۆش بەختی خۆت تاقی کردووەتەوە و ئێمە پێمان نەزانیوە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ئێوە ئاگاتان لێ نییە و منیش وەک هەموو نووسەرەکانی دیکە سەرەتا بە شیعر دەستم پێ کرد. من و (حەوێز وەهاب) هاورێ بووین، «کە ماڵی خورشیداغا» کە بە (حاجی خورشیداغا) ناودەبراو پۆلی سێیەمی ناوەندی بوو، من و (حەوێز)ی گرتە خۆی و ئەو فێری یەکەم وانەی سیاسەت و کوردپەروەری کردین. من و (حەوێز) شیعرمان دەنووسی، من نازناوی شیعریم (غەمگین) بوو و (حەوێز)یش «هەژار». من لەو ماوەیەدا چەند شیعرێکم نووسی کە دواتر هەموویان ون بوون و باش بوو خۆشم لێی رزگارم بوو. شیعرێکم بە بۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو «جەمیل ئاغا»ی حەوێزی نووسی، شیعرێکی دووردرێژ بوو کە بەداخەوە تەنیا نیوەدێڕێکم لەبیر ماوە، ئەویش بڕیار بوو لە قوتابخانە بمانبەن بۆ سەیران، بەڵام لەبەر کۆچی دوایی «جەمیل ئاغا» سەیرانەکە نەکرا، من ئەوانەم باس کردبوو و گوتبووم:

**«لەبەر تەعزییەی مەرحوومی سەردار».**

شیعرێکی دیکەم لە بارەی کوردەوە نووسیبوو و تەنیا دوادێڕم بیرماوە:

**بەسیە «غەمگین» بەس بیە غەمگین، بە غەمگینی و بە خەم**

**نابێ ئازاد میللەتت لا ناچێ کووکە و کارەسات**

شیعریکی دڵداریشم نووسیبوو و کەوتبوومە بەر کاریگەریی «لالەباس»ی دڵدار، ئەویش شیعرێکی درێژ بوو، چووم بۆ «مەکتەبەی حاجی قادری کۆیی»، کە زۆربەی کاتی خۆم لەوێ بەسەر دەبرد. شیعرەکەم بەدەستەوە بوو، کاک «عەلی عەبدوڵڵا» پرسی ئەمە چییە؟ منیش گوتم: شیعرە و ئی خۆمە، کاک عەلی خوێندییەوە و گوتی: ئەوە شتی وەهاش دەکەیت؟ من هیچ تێ نەگەیشتم، بەڵام دواتر و درەنگ تێ گەیشتم کە نووسەر هەندێک جار گوزارشت لە زاتی خۆی دەکات و بە خەڵکی دەفرۆشێتەوە، بەڵام دوای ماوەیەک شیعر و میعرم لەبیر چووەوە، هەرچەندە ئێستاش ناوبەناو (دەشیعرێنم) و رەنگە شیعری باشیش بڵێم لە شیعری هەندێک لەم شاعیرە تازانە باشتریش بێت، بەڵام بڵاویان ناکەمەوە.

**رامان:** ئەگەر بە شیعر دەستتان پێکردووە و شیعرەکانتان بڵاونەکردووەتەوە، ئێستا ئێوە تا چەند خوێنەری شیعرن و چۆن شیعری باش لە شیعری خەراپ جودا دەکەنەوە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** لە راستیدا دوای ئەم تەمەنە و گوزەرکردنی رۆژانە بەنێو گوڵزار و مێرگ و چیمەنی شیعردا، ئەگەر شاعیریش نەبم، بەناچاری بوومەتە شیعر دۆست و وام لێ هاتووە وەک کارامەیی زێڕنگەرێک شیعر هەڵسەنگێنم و خاس و خراوی لێک جیاکەمەوە، هەربۆیەشە جاروبار هەندێک شاعیر شیعرەکانیانم بۆ دێنن، بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون و رای خۆم و گەلێک جار سوپاسیان دەکەم، راوبۆچوونەکانم بە هەند هەڵدەگرن.


**رامان:** لایەنگری شیعری قافیەدار، یان شیعری نوێن؟ یان هەردووکیان وەک یەک دەخوێننەوە و چێژیان لێ وەردەگرن؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** لە بارەی ئەوەی پێی دەڵێن شیعری نوێ، یان شیعری ئازادی خۆ رزگارکەر لە کۆتوبەندی (کێش و سەروا)، دەمەوێ بڵێم، ئینجا پشتگیریم دەکرێ، یان نا، کە حەیرانی کوردی جۆرە شیعرێکی تازەیە و پێش ئەوەی ئەو شەپۆلی شیعری تازەیە بگاتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دواتر ئێمەش بگرێتەوە، حەیران هەبووە، بەڵام وەک هەندێک شیعری تازە نەبووە، بەڵکو کێشی تایبەتی خۆی هەیە و سەرواکەشی وەلا نەناوە. هەندێک شاعیر، هەرچەندە رێچکەی شیعری تازەیان گرتووە، بەڵام کێشیان لەبیر نەکردووە و مۆسیقای شیعری لە گوێدا دەزرنگێتەوە و سەرواکەش لە کۆتایی بەندەکاندا، وەک حەیران دەتهەژێنێ و شیعرت دەخاتەوە بیر. لێرەدا نامەوێ ناوی کەس بەرم نەوەک هەندێک پێیان وابێ کە من بە

هەندێک شاعیر هەڵدەڵێم. هەموویان دۆستمن و خۆشم دەوێن، جیاوازییەک لەنێوانیاندا هەیە. هەندێک شاعیر بەو جۆرە شیعرە زۆر ئازادانە دەڵێن: پەخشانە شیعر، واتە نەپەخشانی تەواوە و نە شیعری تەواو، واتە وەکو هەندێک بەنیادەم وایە کە نە نێرن و نە مێ و پێیان دەڵێن «نێرەمووک»، واتە هەندێک بەلای منەوە شیعری ڕەسەن و پتەو شیعری کێشدار و سەرواداره، چونکە بە ڕاستی وەستایی شیعری تێدایە و هەموو کەس دەرەقەتی نایە، بۆیە توخنی ناکەون، هەندێک لە شاعیرە بە تواناکان، هەرچەندە شیعری تازەی خۆ لە کۆتوبەندی کێش و سەروا ڕزگار نەکردوویان هەیە، شان بە شانی ئەوەش، جوانترین و پڕ ماناترین شیعری کلاسیکیشیان نووسیوە و کراویشن بە گۆرانی. بیرمە، جارێکیان دۆستێکم شیعرێکی بۆ بەشی ئەدەبی ئەو ڕۆژنامەیە ناردبوو کە من کارم تێدا دەکرد، کەچی یەکێکی باز بازێنکەر گوتی: ئینجا ئەمە کەی شیعرە؟ گوتم بۆ؟ گوتی: (وزن و قافیە)ی هەیە. منیش گوتم بۆ ئەگەر شیعر (وزن و قافیە)ی هەبێ مانای ئەوەیە بیلامانێ خۆی پیس کردووە؟!.

**ڕامان:** بۆچی تا ئێستا هەوڵتان نەداوە قۆناغ بە قۆناغ بەرهەمەکانتان کۆ بکەنەوە و بەچاپیان بگەیەنن؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** لە ڕاستیدا نووسینی پەراگەندەم زۆرە و گەلێک نووسینم بەناوی خوازراو، یان بە چەند پیتێک بڵاوکردووەتەوە و بۆم ناکرێ کۆیان کەمەوە، بۆ نموونە نووسینم لە ڕۆژنامەی خەبات هەیە بەناوی (سەپان). نووسینم لە ڕۆژنامەی هەولێری سەرەتای شێستەکان هەیە بەناوی (بێ زمان)، جارێکیان شتێکم لە ڕۆژنامەی هەولێری شارەوانی (شارەوانی هەولێر) نووسیبوو، یەکێک گوتبووی ئەوە بێ زمانە ئاوایە، ئەگەر زمانی هەبا دنیای دەخوارد. جارێکی دیکە چیرۆکێکم بۆ گۆڤاری ڕزگاری برد کە خوا لێخۆشبوو شازاد صائب و کاک نەوشیروان مستەفا لە سلێمانی دەریان دەکرد، کەسم نەدەناسی و گوتم ئەم چیرۆکەم هێناوە. لێیان وەرگرتم و منیش هاتمە دەر، ناوی خۆم نەنووسیبوو، بەڵکو (ع.ک.م)م نووسیبوو. دوای ئەوەی من هاتمە دەر، خوێندبوویانەوە و بەدڵیان بوو بوو، بەڵام خاوەنەکەیان نەناسیبوو، بەڕێکەوت دۆستێکم لەوێ بوو کە وەسفی منیان کردبوو، ئەو دۆستەم گوتبووی من دەیناسم. ئیدی ڕۆژێکیان دیتم و پێی گوتم بڕۆ بۆ



عەبدولکەریم شێخانی – ١٩٥٤

گۆڤاری ڕزگاری کاریان پێتە، ئەوەبوو لەگەڵ کاک شازادی خوالێخۆشبوو و کاک نەوشیروان ئاشنایەتیمان پەیدا کرد و ئەو دۆستایەتییە تاڕادەیەکی زۆر بەتین بوو، بەڵام وا خەریکم هەندێک لەبەرهەمەکانم کۆ بکەمەوە و بە چاپیان بگەیەنم و ئەگەر مەرگ لێ بگەڕێ و تەمەن درێژەی هەبێ، ئەوانی دیکەش کۆ دەکەمەوە و مشوورێکیان دەخۆم.

**ڕامان:** لە شیعری ستوونی و شیعری نوێدا چەند ناوێکمان پێ بڵێ کە حەز بە خوێندنەوەیان دەکەیت و پێت وایە شاعیری باشن؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بێ گومان شاعیرە کۆنەکانمان، نالی، مەحوی، حەمدی و تازەکانیش هێمن، هەرچەندە زوو کۆچی دوایی کرد، بەڵام زمانی کوردی زۆر لە جاران شیرینتر کرد. لە شاعیرە تازە خوازەکانیش، حەسیب قەرەداخی، عەبدوڵلا پەشێو، شێرکۆ بێکەس و ناو بەناویش هەندێک شاعیری تازە پێ گەیشتووی دیکە.

**ڕامان:** دەوروبەرەکەت تا چ ڕادەیەک هاوکارت بوون لە ڕووکردنە دنیای نووسین و ئەدەبیات؟ ئایا ڕۆڵی خێزان، یان کەشوهەوای سیاسی لەو خۆ دۆزینەوەیەدا دەوریان هەبوو؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** من لەبەر ئەوەی باوکم و دایکم هەردووکیان نەخوێندەوار بوون، هیچ ڕۆڵێکیان نەبووە لەوەی من ڕوو لە جیهانی نووسین و ئەدەبیات

بکەم، تەنانەت باوکم کە کەوتبووە بەر کاریگەریی قسەی هەندێ مەلا و ڕەفتاری هەندێ کەس. دوو سێ ساڵ لە خوێندن بێ بەشی کردم. دایکم هەرچەندە نەخوێندەوار بوو، بەڵام ژنێکی وریا و زیرەک بوو و هەر ئەویش زیاتر هانی باوکمی دا کە بمبات بۆ قوتابخانە. تەنیا تاقە جارێک باوکم ئێوارەیەک هاتەوە ماڵەوە و باسی پیاوێکی کرد کە لەگەڵ ئەم و چەندان کەسی دیکە کرێکاری فەرمانگەی ئینحیسار بوون و گوتی (حەمەدی مەعرف)ی شیعرێکی خۆشی بۆ خوێندینەوە. ئەو پیاوە تاکە خوێندەوار بوو لەناو ئەو کرێکارانەدا. من حەزم کرد ئەو شیعرە بزانم. واتێ بگەم ئەوکاتە، یان پۆلی دووەم، یان سێیەم بووم. شیعرەکەی بۆ هێنام و تەنیا یەک چوارینەم لەبیرماوە.

**چەند ناخۆشە بێ ئیشی**
**پیاو دەبێ هەر دانیشی**
**چوار فلس پەیدا ناکا**
**کە پێی بتراشێ ڕیشی**

ئەوەی ڕاستی بێ، کوڕێکی زۆر باش هەبوو ناوی (کەمالی خورشیداغا) بوو و پێیان دەگوت «حاجی خورشیداغا» ئەو لەمن گەورەتر بوو و لە ڕووی خوێندنیشەوە لەپێش منەوە بوو، لەپێشدا باسم کردووە کە ئەو ڕێنمایی کردم بۆ نێو جیهانی سیاسەت و جیهانی ئەدەبیش بە تایبەتی شیعر. لەو ماوەیەشدا دوو گۆڤاری کوردی هەبوون، یەکەمیان «گەلاوێژ» کە بۆ ماوەی (١٠) ساڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سوجادی دەریان دەکرد و گۆڤاری دەنگی گێتی تازە کە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا دەری دەکرد. دوو سێ لاپەڕەی یەکەمی لە ستایش و پێداهەڵدانی بەریتانیا و هاوپەیمانان و دژ بە «نازییەت» و دەوڵەتانی میحوەر بوو، ئیدی لاپەڕەکانی دیکە ئەدەب و مێژوو و بابەتی وەرگێڕدراو بوو. ئەم گۆڤارە تۆفیق وەهبی بەگ و حوسێن حوزنی موکریانی سەرپەرشتییان دەکرد. من سوودی زۆرم لەو دوو گۆڤارە دیت چ لە ڕووی فێربوونی زمانی کوردییەوە، چ لە ڕووی چێژ وەرگرتن لە شیعر و ئەدەبیاتی دیکەوە بەگشتی، دواتر ڕێی نووسینیان بۆ کردمەوە، چەند نووسینێکی مامۆستای خوالێخۆشبوو (تاهیر ئەحمەد حەوێزی)م لەو گۆڤارەدا خوێندۆتەوە. لە قۆناغی ناوەندیدا خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو، منیش وەکو هەموو قوتابییەکانی دیکەی هاوپۆل و هاوتەمەنم، عەرەبیم نەدەزانی، بەڵام لە پۆلدا دەبوایە بە عەرەبی قسە بکەین و وانەکانیش بە عەرەبی ڕاڤە بکەین و لە تاقیکردنەوەشدا بە عەرەبی وەڵام بدەینەوە، تەنانەت مامۆستا کوردەکانیش لە پۆلدا بە کوردی قسەیان لەگەڵ نەدەکردین و هانیان دەداین بۆ ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببین، کتێبی عەرەبی بخوێنینەوە، لە ڕاستیشدا خوێندنەوە سوودی زۆر بوو و لە پۆلی یەکەمی ناوەندی وردە وردە فێری عەرەبی بووم و لەخوێندنەوەدا، ئەگەر وشەیەکم نەزانیبایە، دەمپرسی، لەبیرمە لەو پۆلەدا ڕۆمانی (الفضیلة، یان پۆل و ڤرجینی)ی (مصطفی لطفي المنفلوطي)م خوێندەوە کە عەرەبییەکەی لە چاو هەندێ نووسینی دیکە زۆر گرانتر بوو. لە پۆلی دووەمدا «ماجدولین»م خوێندەوە کە ئەویش لە نووسینی (المنفلوطي) بوو، ئیدی وردە وردە ڕۆمانی زۆری دیکەم خوێندەوە، کە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەرچووم، زمانە عەرەبییەکەم واباش ببوو کە پێشبڕکێم لەگەڵ مامۆستایەکی عەرەبی قوتابخانەی کچان دەکرد و ئەو بابەتێکی هەڵدەبژارد و هەردووکمان لەسەرمان دەنووسی و دوای ئەوە بۆ یەکترمان دەخوێندەوە. لە پۆلی چوارەمی دواناوەندی، بێجگە لە خوێندنەوە، حەزم بە وەرگێڕانیش دەکرد، تەنانەت کە دەرچووم بۆ پۆلی پێنجەم هاوینەکەی ئەو ساڵە، دەستم کرد بە وەرگێڕانی ڕۆمانێکی خاتوو (ڕەوشەن بەدرخان) کە بەناوی (مذکرات امراة)ـەوە بوو. ڕۆمانێکی تراژیدی بوو، من بەش بەحاڵی خۆم زۆر کاری تێ کردبووم و یەکەم جار کە خوێندمەوە وەک بارانی بەهاری فرمێسکم داباراند، هەر ئەوەش بوو وای لێ کردم هەوڵی وەرگێڕانی بدەم، یان بڵێم هەوڵی کورداندنی بدەم، بەڵام بەداخەوە کتێبەکە و وەرگێڕانەکە هەردووکیان بزربوون و ئێستاش نازانم چۆن وابزر بوون.

**ڕامان:** لە کۆن و لە ئێستادا کێ زیاتر سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوی؟ لە بواری نووسیندا لەژێر کاریگەریی کێدا بوون؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ئەگەر بڕوام پێ دەکەن، دەڵێم؛ نە لە کۆن و نە لە ئێستاشدا نەکەوتوومەتە بەر کاریگەریی هیچ کەسێکەوە، ڕەنگە کەمتاکورتێک زمانزانێک کاری تێ کردبم، بەڵام لە کار تێ کران و لاسایی کردنەوە، خۆم بە قەرزاری کەس نازانم و ئەوەی کە هەمە هەژارانەیە و یەک لە بارەخۆم زۆر پێی ڕازیم و خۆیشم زۆر بە دڵخۆش و بەختیار دەزانم کە تووشی

خەڵک دەبم دەستخۆشیم لێ دەکەن و زمانەکەی منیان بە دڵە و زۆر سوپاسیان دەکەم، من بە زمانێک دەنووسم خەڵک تێی بگات و بۆ دەستەبژێر و چەند کەسێکی کەم نانووسم. من کوڕی پیاوێکی ڕەنجدەر و چەوساوەم، بۆیە بۆ چەوساوە و ڕەنجدەران دەنووسم. ئەو مشتومڕەی نێوان (دکتۆر طە حسین) و خەباتگێری پێشکەوتنخوازی لبنانی (ڕەئیف خوری)م هەر لەبیرە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (الآداب)ی لبنانی. (دکتۆر طە حسین) ڕای وابوو کە نووسەر بۆ کەسانی تایبەت دەنووسێ، بەڵام (ڕەئیف خوری)ی کۆمۆنیست دەیگوت نووسەر بۆ گشت و خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوە دەنووسێ، بۆیە دەبێ بە زمانێک بنووسێ ئەوان تێی بگەن.

**ڕامان:** تۆ زیاتر وەک وەرگێڕ و زمانزانێک دەرکەوتوویت و ناسراویت، بۆ گوزارشت کردن لە ناخی خۆت چۆنە پەنات بۆ شیعر و چیرۆکنووسین و هۆیەکی دیکەی دەربڕین نەبردووە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** وەکو لە پێشەوە ئاماژەم پێ کردووە، من شیعرم گوتووە و ئێستاش دەیڵێم، هەروەها چیرۆکیشم نووسیوە و لاپەڕەکانی گۆڤاری (ڕزگاری) گەواهی ئەوەم بۆ دەدەن. هەر لەم ڕووەوە لە ساڵی ١٩٧٠ پێشبڕکێیەک بۆ چیرۆکنووسان سازکرا، کاک مستەفا ساڵح کەریمی برا و هاوڕێ پێی گوتم و منیش چیرۆکێکم نووسی بەناوی «چەپکێ گوڵ و چەپکێ یاد» و کاک مستەفا بردی، لە ئەنجامدا سێ کەس دەرچووین، مامۆستا (موحەڕەم)ی خوالێخۆشبوو و کاک مستەفا و من و ڕۆژێکیان دانا بۆ خوێندنەوەی ئەو سێ چیرۆکە، نووسەرێکی زۆر هاتبوون و چیرۆکەکانیش هەریەکەیان درابووە ڕەخنەگرێک، ئەوەی من درابووە مامۆستا (حەمەنووری تۆفیق)ی خوالێخۆشبوو، بێجگە لەوەش دوو کورتە ڕۆمانم نووسیبوو، یەکەمیان بەناوی (فرمێسک و خوێن)، من ئەوسا لە (بنگرد) مامۆستا بووم، ناردم بۆ کاک مستەفا ساڵح کەریم و دوای ماوەیەک چووم بۆ لای لە سلێمانی و وادیاربوو هەندێ تێبینی خۆی نووسیبوو و هێنامەوە و دوای ئەوە کورتە ڕۆمانێکم نووسی بەناوی (تاوانی باوکێک)، بەداخەوە ئەو دوو کورتە ڕۆمانە و چەندان چیرۆکی دیکە لە ساڵی ١٩٧٤ کە چوومەوە دەرەوە و ماڵ و منداڵەکەشم هاتن، کەلوپەل و ناوماڵ و کتێبەکانیان لە ژووری ماڵێک دانابوو، برای خاوەن ماڵەکە بەنێو نووسین و کتێبەکاندا گەڕابوو، گوایە لە ترسی پشکنین حەمامی پێ گەرم کردبوون، یەکێک لەو شتانەی کە سووتاندبووی یادداشتەکانم بوو کە بە هیچ شێوەیەک تۆڵە و قەرەبووی ناکرێتەوە. هەرچەندە ئێستا شت دەنووسم، بەڵام ئەو کۆستە پشتی سارد کردمەوە. سەیریش ئەوە بوو کە ئەو پیاوە ڕۆژێکیان ملی گرتم و داوای پارەی لێ کردم، منیش گوتم: پارەی چی؟ گوتی: چەند جارێک ئەو کتێبانەم گوێزاوەتەوە، بەڵام کە هیچ شوێنێکم بۆ نەدۆزرایەوە، ناچار حەمامم پێ گەرم کردن. منیش پێم گوت: ئەگەر توسقاڵێک دەسەڵاتم هەبێ نەک هەر پارەت نادەمێ، بەڵکو بە ددان قوڕگت دەگرم هەتا نەتخنکێنم بەرت نادەم، تۆ بەشێکی زۆری ژیانی منت سووتاندووە و حەقی ئەو سووتاندنەت لێم دەوێ؟

**ڕامان:** لە شیعر، ڕۆمان، شانۆنامە، کورتە چیرۆک مەیلت بەلای کامیاندا زیاترە بۆ خوێندنەوە؟

**من بە زمانێک دەنووسم خەڵک تێی بگات و بۆ دەستەبژێر و چەند کەسێکی کەم نانووسم.**

**عەبدولکەریم شێخانی:** مەیلم بەلای هەموویاندا دەچێ، بۆ نموونە حەزم لە شیعری جوانە، هەروەها ڕۆمانیش، بەڵام ئەگەر هەستم کرد زمانەکەی نقەنقی پێوە دیارە و خاوەنەکەی ویستوویەتی وەستایی بەخەرج بدات و کوردییەکەیم پێ باش نییە و دەستی لێ هەڵدەگرم و بەلاوەی دەنێم، هەروەها سەبارەت بە کورتە چیرۆک و شانۆنامەش، چونکە کەرەستەی نووسین زمانە و هەر بیرۆکەیەک، یان ژانرێک، یان بابەتێک، ئەگەر بە زمانێکی باش نەنووسرابێت، ناتوانێ جێگای خۆی لە دڵی خوێنەردا بکاتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر پارچە فاسۆنێک هەرچەندە بەنرخ و باش بێت، ئەگەر بەرگدروویەکی باش نەیدوورێ، نابێت بە دەستە جلێکی جوان.

**ڕامان:** پێوەندی و میانەت لەگەڵ هونەرەکان (گۆرانی و مۆسیقا، شێوەکاری، شانۆ، سینەما) چۆنە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** باوەڕ ناکەم یەکێک هەبێت پێوەندی لەگەڵ هونەردا نەبێ، چونکە هونەر خۆراکی گیانە و ئادەمیزاد لەگەڵ گیانداری بێ زمان بەو پێوەندی نزیکییە جیا دەکرێتەوە کە لەگەڵ هونەردا هەیەتی. سروشت خۆی لەخۆیدا زادە و هەوێنی هونەرە. خوڕەی

ئاوی چەم، هاژەی شنە بایەک، هاشەی گەڵای داران کە نەرمە با لێیان دەدا، چریکە و جووکەی مەلان و چەهچەهەی بلبل و قاسپەی کەو و گەلێکی دیکە، هەر هەموویان گۆرانی و مۆسیقان و مرۆڤ لەوانەوە فێربووە، تەنانەت ماریش مۆسیقای پێ خۆشە. مرۆڤ بەگشتی لێوان لێوی هەست و سۆزێکی جیایە لە گیاندارانی دیکە، هەست و سۆزێکی هۆشیارانە کە دەزانێ چۆن و بۆ چیش دەریان دەبڕێ، بۆیە زۆر حەزم لە گۆرانییە و زۆر حەز دەکەم گوێم لە دەنگی خۆش بێت و شانبەشانی ئەویش مۆسیقا، یان وەکو هەندێک کەس دەڵێن میوزیک و ئەوەی کە خەڵکی ڕەش و ڕووت پێی دەڵێن «مۆزیقە». بێ گومان چێژیان لێ وەردەگرم و بە دیار دەنگی خۆش و بە سۆزەوە تێر دەگریم و بەدەست خۆم نییە کە فرمێسک دەزێتە چاوم، ئینجا ئەو گۆرانییە کوردی بێت، یان عەرەبی و ئێستاش شریتی زۆری (محمد عبدالوهاب) و (أم کلثوم)م هەیە و هەندێک جار کە خەمێکی خۆش و هۆ نادیار دامدەگرێ گوێیان لێ دەگرم. ئەمە بێجگە لە گۆرانی کوردی وەک تایەر تۆفیق و عەلی مەردان و ماملێ و هی دیکە. بۆ شێوەکاری، زیاتر حەز بە تابلۆی تراو (شفاف) دەکەم وەک دیمەنی جوان، یان نیگاری ئادەمیزاد بە هەموو شێوەیەکییەوە. ئەوانە زیاتر سەرنجم بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن لە تابلۆیەک کە چەندان جۆرە بۆچوون و لێکدانەوەی جیا جیا هەڵدەگرێ، ڕەنگە خەڵک هەبێ بە پێچەوانەی من بێت، بەڵام هەریەکە بە شێوەیەک چێژ لەو شتانە وەردەگرێت. سەبارەت بە شانۆ و سینەماش، زیاتر حەز بەوەیان دەکەم کە تراژیدیایان بەسەردا زاڵە و هەستی مرۆڤدۆستانە دەجووڵێنن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە حەز لە کۆمیدیا ناکەم، بەڵام کۆمیدیای دەربڕ نەک هەرزان و بازاڕی. من یەک لە بارە خۆم، تەنانەت حەز بە گەمە و گاڵتەیەک ناکەم کە تەنیا بۆ پێکەنین و بازاڕیانە بێت و شوێنەوارێک لە دڵی بەرانبەرەکەی جێ نەهێڵێ و لە هەردوو بارەکەدا، پێویستە ئەو هونەرە ئامانجخواز بێت و سەرپێییانە نەبێت.

**ڕامان:** لەو سەردەمی پسپۆڕییەدا بڕوات بە پسپۆڕی هەیە؟ ئایا خۆ تەرخان کردنی نووسەر بۆ یەک بواری تایبەت نابێتە هۆی داهێنان و دەرەوشانەوەی پتری بەهرەکەی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** باسی پسپۆڕیت کرد لە نووسیندا، من پێم وایە پیاو لێرەدا دەبێ لە ڕا دەربڕیندا کەمێک وریا بێت. ڕای بنەبڕ و ئێجگارەکی نەدات. بەلای منەوە ئەوە بەندە بە توانایی و لێ هاتوویی نووسەرەکە خۆیەوە. تۆ هەندێک جار دەبینی هونەرمەندێکی مۆسیقا توانایی ژەنینی چەند ئامێرێکی مۆسیقای هەیە، بۆ نموونە باکووری عود و کەمان دەژەنێ. خەلیل عەبدوڵڵا عود و شمشاڵ، یان نای دەژەنێ و ڕەنگە کەسانی دیکە هەبن ئامێری زیاتر بژەنن، ئەگەر توانایی بەسەر هەموویان داشکا، ئەوە وەکو دەڵێن «نووری عەلانوورە»، هەروەها سەبارەت بە ئەدەبیش ئەمە ڕاستە و ئەگەر نووسەر ئەو بەهرە و تواناییەی تێدا بوو و توانی لە چەند بوارێکی نووسیندا قەڵەم بگێڕێ و هەڵیسووڕێنێ، ئەمە زۆر باشە و ئێمە بۆچی مێشک و دەست و پەنجەی لە قاڵب دەین و سنووری بۆ دانێین؟

**ڕامان:** تۆ بۆ خۆت لە چەند بوارێکدا کارت کردووە لەوانە (وەرگێڕان) و (ڕۆژنامەوانی) و (زمان) و...تاد چەند لە نووسیندا باوەڕت بە پسپۆڕی هەیە، ئەگەر باوەڕت پێ نییە بۆچی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** وەرگێڕان و ڕۆژنامەوانی پێویستییان بە زمانە، یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێین: زمان بنچینەیە بۆ هەموو بوارەکانی ئەدەب و نووسەر دەبێ لە هەموو بوارێکی نووسیندا زمانی نووسینی باش بێت تا نووسینەکە زۆرتر بکەوێتە بەر دڵان، زمان و ناوەڕۆک مەرجی نووسینی سەرکەوتوون.

لێرەدا شتێکم بەبیر دێتەوە، منداڵ بووم و پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، مامۆستای خوالێخۆشبوو شێخ ئەبوبەکر هەوری سێ چوار چوارینەی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردبووەوە، بەداخەوە بە تەواوەتی لەبیرم نەماون. چوارینەکان بەناوی (پەیڕەوی خەیام) بوون، لە چوارینەیەکیاندا دەڵێ: «دنیا کاوبایە» و لە چوارینەیەکی دیکەیاندا دەڵێ: «هەر سەرە و خوارییە فەرقی هەشت و حەوت» بێکەسی خوالێخۆشبوو لە ژمارەی داهاتووی گەلاوێژدا لێی ڕاپەڕیبوو. بێکەس دەڵێ: ئاخر پێم ناڵێی چۆن دنیا کاوبایە، ئایا هیچی دیکەی تێدا نییە؟ یان جیاوازیی هەشت و حەوت چۆن هەر سەرەو خوارییە؟ ئایا ئەگەر تۆ هەشت دینارت لای یەکێک بێت و ئەو تەنیا حەوت دینارت بداتەوە، لێی قبووڵ دەکەیت؟ لە ژمارەی دواتر مامۆستا هەوری وەڵامی دابووەوە و وادیار بوو کوردییەکەی بە دڵی بێکەس نەبوو. بێکەس ڕەخنەی لە

زمانەکەی گرتبوو و گوتبووی: تۆش وەکو کابرای عەرەبت کرد کە دەڵێ: «ئەمن هات لە تەفتیش لە کوردستان» خۆ دیارە مەبەستەکەی ئەوەیە: «من بۆ تەفتیش هاتم بۆ کوردستان»، بەڵام زمانەکە سەقەتە. دەڵێم ئەگەر نووسەر لە بوارێکدا پسپۆڕ بێت و گوێی خۆی لەو مەیدانەدا بباتەوە، ئەوە زۆر باشە، بەڵام ئەگەر توانایی نەبێت و بیەوێ ڕێی هەموویان بکوتێتەوە، ئەوە وەکو کابرای لێ دێت کە پێی دەگوترێ «سبع صنایع والبخت ضایع» یان کە بە کوردییەکەی دەڵێین: «دوو گندۆرە بە دەستێک هەڵناگیرێ».

**ڕامان:** هەندێ لە نووسەران دوورەپەرێزییان پێ باشترە لەوەی بچنە ناو ناوەندێکی ئەدەبی و هونەری پڕ لە ناکۆکی و گێچەڵ و ئاشووب و پاشقوڵ و ململانێی نارەوا.. تۆ کامەیانت پێ باشترە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ئێمە، بمانەوێ و نەمانەوێ، هەموو بوارێکی کارکردن ئەو یەک دەنگی و یەک ڕەنگییەی تێدا نییە کە ئێمە خەونیان پێوە دەبینین، واتە هەموو شتێک وەک سەعات بەڕێکوپێکی کار بکات. ڕەنگە نەک لای ئێمە، لە هەموو دنیادا وابێ. دەشێ ئەوانەی هاوپیشەن، ئەوانیش لەگەڵ یەکتردا دردۆنگ بن و خۆشییان بە چارەی یەکدیدا نەیەت. بەڕای من دوورەپەرێزی و خۆ دوورگرتن ئەو پرسە چارەسەر ناکات. من یەک لە بارە خۆم لەگەڵ هەموو لایەکیان دۆستایەتیم هەیە و کاتێک خۆمیان لێ دوور دەخەمەوە کە زانیم ئەو دۆستایەتییە، زیانم پێ دەگەیەنێ. ڕاستە لەنێوەندە ئەدەبی و هونەرییەکەدا هەندێ ڕەفتاری بەدڵ نەبوو هەن، هەرچەند کەسێک پێکەوە بوونەتە دەستەیەک، من بەلامەوە ئەمە سروشتی مرۆڤە و شتێکی ئاساییە. پێم وایە گرنگ ئەوەیە مرۆڤ نەبێتە بەشێک لەو ململانێ و پاشقول لێک گرتنە و دەشتوانی تۆ ڕێزی خۆت بسەپێنی و بە ڕێزگرتن لە هەموو ئەوانەی شیاو و شایانی ڕێزگرتنن، چونکە کە تۆ خۆت نەبووی بە بەشێک لەو ناکۆکی و ناتەباییە، کەس زاتی ئەوە ناکات بەناڕەوا ئەو شەڕە بە تۆش بفرۆشێ.

**ڕامان:** ڕۆشنبیرانی کورد کە خۆیان بەشێکن لەو واقیعە ڕۆشنبیرییەی هەیە، کەچی زۆر لێی ڕازی نین و بەردەوام سەرکۆنەی دەکەن و گلەییان لێی هەیە.. تۆ لەم بارەیەوە چ دەڵێی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** تۆ خۆت گوتت و ئەم قسەیە



بەشێکە لە وەڵامەکە. ڕۆشنبیری کورد خۆ لە مەریخەوە، یان لە ئەستێرەیەکی دیکەوە نەهاتووە! ئەویش بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە من و تۆ و ئەم و ئەوی تێدا دەژین بە هەموو چاکە و خراپەیەکی لەنێو کۆمەڵگادا هەیە، واتە هەموومان زادە و دەستکردی ئەوین و کۆمەڵگا ئەو ژینگەیەیە ئێمەی تێدا پەروەردە بووین، واقیعە ڕۆشنبیرییەکەش بەشێکە لەو واقیعی ژیانەی ئێمە دەیگوزەرێنین، نەک تەنیا ئەمە، بەڵکو واقیعە سیاسییەکەش بەشێکە لەو واقیعی ژیانە. ئێمە هەموومان دیارە شتی زۆرمان لەبارەی بەرەوپێش بردنی میللەت و ڕزگارکردنی و هێنانە کایەی سیستمێکی دیموکرات بۆ حوکم خوێندۆتەوە و کەوتووینەتە ژێر کاریگەریی ئەو بیروبۆچوونانە.. ئەمە لە ڕووی تیورییەوە، بەڵام لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ بە ماوەیەکی کەم جۆرە گۆڕانێک بەسەر کۆمەڵگادا هات کە تا ڕادەیەک سلبی بوو، لە ئەنجامی جەمسەرگیری حزبەکان و سەرهەڵدانی توندوتیژی و شیروتیر لە یەکدی سوون، ڕەفتاری خەڵکیش لە ئەنجامی ئەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕا، توێژە ڕۆشنبیرەکەش بەشێکە لەو کۆمەڵگایە، بەڵام دوای هەڵایسانی شۆڕشی کورد، زمانی چەک هاتە ناوەوە، بە تایبەتیش دوای ساڵی ١٩٦٣ لە ئەنجامی کۆدەتا شوومەکەی (٨)ی شوبات، توندوتیژی و کوشتوکوشتار لە چاو جاران بوو بە شتێکی ئاسایی. ئێمە نزیکەی چل ساڵمان لەو ژینگە خوێناوییە بەسەر برد.. تۆ پێت وانییە ئەو بارودۆخە ناهەموارە کار دەکاتە سەر مرۆڤ؟ پێت وا نییە کە توندوتیژی و هەڵچوونیش دەبێتە بەشێک لە کولتوورێکی بێزراو و ناشیرین، بەڵام ڕۆژگارە ڕەشەکە بەسەریدا سەپاندووین. ئێمە خۆزگە و ئاواتمان نەرم و

جـــوان و ئاوریشـــمین، بەڵام ئەوەی کـــە ڕوودەدات و دەگوزەرێت هەمـووی زبری و زەبر و زەنگە. ڕۆشنبیـریش بەشـێکە لەو واقیـعـە و بیـەوێ و نەیەوێ ئەو واقیـعـە نالەبارە لە ڕەفتـارەکـانیدا ڕەنگ دەداتەوە، هەر بۆیەشە لەنێو توێژە ڕۆشنبیرەکەدا دەستەگەری و یەکتر بوغزاندن بە ئاشکرا دیارە.

**ڕامان:** تۆ ساڵانێکی زۆر لەناو ڕیزەکانی یەکێتیی نووسەراندا کارت کردووە، پێت وایە ئەو یەکێتییە ڕۆڵی خـۆی بینیـوە؟ ئەو ڕۆڵە پێش ڕاپەڕین چۆن بووە، دوای ڕاپەڕین چۆنە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ڕاستییەک هەیە دەبێ بیڵێم و لەوانەیە هەمـووشـمان بیـزانین. یەکـێـتـیی نووسـەران لە عـێـراق دوای شـۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بەناوی یەکێتیی نووسەرانی عێـراق دروست بوو، کە نووسەرە کـوردەکـانیش بەشـێک لەو یەکـێـتـیـیـەدا بوون. لەو سەردەمەدا بەشێوەیەکی گشتی نووسـەران هەربەکە و بیروباوەڕی سـیـاسی خـۆی هەبوو و چەپخـوازەکـان، یان وەکـــو دەڵێن چەپەکـــان، بە نووســـەرە عـــەرەب و کـوردەکـانەوە، زۆربنە بوون، ئایا دەکـرێ بڵـێین کـە ئەو یەکێتییە بە تەواوەتی سەربەخۆ بووە و نەکەوتووەتە بەر کـاریگەریی حـزبێکی دیاری کـراوەوە؟ یەکـێـتـیـی نووســـەرانی کـــورد دوای ژان و ژوارێکی تاڕادەیەک ســـەخت، پاش ڕێککەوتننامـەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دروست بـوو و ڕۆڵـێکـی کـــاریگەری بیـنی، چونکە نووسەران لەو سەردەمەی دەسەڵاتی حزبی بەعسدا خۆیان بە پێـشـــمـەرگـەی شـۆڕش دادەنا، لەبەر ئەوەی بەعس دوژمنی ســـەرســـەخـــتی هەمـــوو جـــووڵانەوەیەکی پێـشکەوتنخـوازی و ئازادیخـوازی بـوو، بۆیە هەمـــوو نووسـەران بە شیـوعی و پارتییـەوە لەژێر ئەو ڕەشـماڵە کۆبوونەوە و دەستەی کارگێڕیی باڵا و لقەکان لە هەردوو لای تێدا بوو. خـۆتان دەزانن دوای ڕاپەڕین، کـۆنگرەی شەقڵاوە گیـرا، بەڵام پێش ڕاپەڕین بەگشـتی، بێجگە لە چەند کەسانێکی کەمی کەم، هەر هەموویان لە ڕیزی گەل و شـۆڕشدا دژی ڕژێمی بەعسی سـەرکوتکەر بوون، بۆیە کـۆنگرەی یەکـێـتـیـی نووسـەران لە کـەشـوهەوا و بارودۆخێکی زۆر لەبار گیرا و گرنگترینی ئەو بارودۆخە ئازادی ڕادەربڕین و وتوویژ بوو تا سـەرەنجـام دەسـتـەی کارگێڕی ناوەند و لقەکان هەڵبژێردران، بەڵام بەداخەوە لە ئەنجامی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، یەکێتیی نووسەرانیش پەکی کـەوت و ئەویش بوو بەدوو ئیـدارە و وەکـو دەڵێن زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە هەر قازانجە و ئێستا یەکێتیی نووسـەران بە ناوەند و لقـەکـانەوە ژیانیـان تێ گـەڕاوە و کـۆمـەڵە نووسـەرێکی زۆری، بە پیـــر و لاوەوە، لەبن ڕەشماڵی خۆی کۆکردووەتەوە، ڕەنگە هەندێکمان سووکە تێـبـینی و گلەیی و گـازاندەیەکـمـان هەبێت، چونکە دڵخوازی ئێمە ئەوەیە کە لە هەموو ڕوویەکەوە تەواو بێت و ئەگەر وابیر بکەینەوە و بڵێین ئەو یەکێتییە ڕۆڵی خۆی نەدیوە، ناهەقـیـەکی زۆری لەگەڵ دەکەین و پێم وایە بە بەراورد لەگەڵ یەکێتیی نووسەرانی وڵاتانی دەرودراوسێ و تەنانەت عیراقیش، ئەم یەکێتییەی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر لەپێش ئەوانەوەیە.

**ڕامـان:** لە بواری نـووسیندا چەند توانیـوتانە بوێرانە و ئازادانە بیروڕای خۆتان دەرببڕن؟

**عـەبدولکەریم شـێخانی:** بەدڵنیاییەوە دەڵێم، ئەوەی باوەڕم پێی بووبێت، نووسـیـومـە و ڕای خـۆم دەربڕیوە، بەڵام بە زمانێکی زبر و شەڕانی نا وەک هەندێک کەس.

**ڕامـان:** ئایا بە درێژایی سـاڵانی نووسـینت، لەسـەر نووسین هیچ گرفتێکت بۆ دروست بووە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بەڵێ، لە سەردەمی ئازادی و دیموکـراسی کـوردسـتـان لەسـەر نووسـینێک سـەبارەت بە پەرلەمـان کـە لە ڕۆژنامـەی ڕێگای کـوردسـتـاندا بڵاوم کردەوە، بەڕێزێک، ئەو پارووەنانەی بڕی کە لە شـوینێک لە ئەنجامی کارکردنم لەوێ، وەرم دەگرت و بڕیاریش درا وەڵامم بدەنەوە و لێ پرســینەوەم لەگـەڵدا بکەن، بەڵام (شێخ عەفان نەقشبەندی)ی خوالێخۆشبوو داکۆکی لێ کردبووم و پێی گوتبوون من بانگی دەکەم. لە ڕاستیشدا بەدوایدا ناردم و لە بارەگـای یەکـێـتـیی مـامـۆسـتـایان یەکـتـرمـان دیت و سـووکە گلەییـەکی لێ کـردم و گـوتی: «فـــلانە کـــەس» ویســـتی وەڵامت بداتەوە، بەڵام من نەمهێشت. گوتم: سوپاسی تۆ دەکەم، بەڵام غەدرت کرد کـە نەتهـێـشت وەڵامم بداتەوە، چونکە مـن وەڵامی (دەم شکێنم) لابـوو. سـەیر ئەوەیە کـە ئەو بەڕێزە گـەورەیە وتارەکـەی منی کـۆپی کـردبوو و دانەیەکی لەسـەر مـێـزی هەمـــوو ئەندام پەرلەمـــانەکـــان دانابوو، هەرچەندە هەندێکیـان خـوێندەوارییـەکی ئەوتۆیان نەبوو بگەنە ئاستی من.

**ڕامان:** باشە.. کارکردنی نووسەرێک، هونەرمەندێک، شـاعـیـرێک لە بواری سـیـاسـەتدا چۆن دەبینی؟ ئایا

ئەزموونی نووسینی دەوڵەمەند دەکات، یان دەبێتە هۆی لەباربردنی ئەزموونە ئەدەبییەکەی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ئەگەر ئێمە خۆمان بە هەڵەدا نەبەین، باوەڕ ناکەم نووسەرێکی کورد، یان هونەرمەندێک، یان شاعیرێک. وەک پۆلێنتان کردووە، هەبێ و بە تەڵەی سیاسەتەوە نەبووبێ، سیاسەت بەگشتی خەمخۆرییە بۆ کێشەی میللەت. تۆ سەیری شاعیرە کۆنەکانمان بکە، ڕەنگە لە سەردەمی ئەواندا سیاسەت بەو زەقییە و حزبایەتی بەو شێوە زەقترە نەبووبن، بەڵام تێکڕا لە شیعرەکانیاندا باسی نیشتمان و پێشکەوتن و ڕزگاری گەلی کورد دەکەن، بەڵام لەم سەردەمەدا، پێم وانییە هیچ ئەدیب و هونەرمەندێک هەبێ، دڵی بۆ لایەنێکی سیاسی لێ نەدات. بڕوا بکەن هەندێک نووسەر هەن، ئەگەر سیاسەت نەکەن، لیر دەردەکەن و ئەوان و سیاسەت وەکو ماسی و ئاو وان و لێک دانابڕێن. ئەمڕۆ لە کوردستان چەند لایەنێکی سیاسی هەن و هەریەکەیان دەروێش و مریدی خۆی هەیە. زۆرجاریش دەبینی کە نووسەرێک، یان هونەرمەندێک لە فەرمانێکی ئەو لایەنەی خۆی سەرپێچی دەکات، یان بەدڵی نییە و قسە لە بارەیەوە دەکات و ئەگەر قسەشی کرد خۆ وەکو دەڵێن: «کابە کەچ نابێ». سەبارەت بەوەش ئایا پابەندبوون بە سیاسەت ئەزموونی نووسینی دەوڵەمەند دەکات؟ یان دەبێتە هۆی لە باربردنی ئەزموونە ئەدەبییەکەی؟ من پێم وایە ئەمە بەندە بە کەسەکە خۆیەوە، وەک هەموو بوارێکی دیکەی کارکردن. بۆ نموونە دەبینی مامۆستایەک، بۆیە مامۆستا بە نموونە دەهێنمەوە، چونکە خۆم مامۆستا بووم، هەموو خزمەتی مامۆستایەتی تەواو دەکات، بەڵام هیچ بەهرە و دەرکەوتنێکی پێوە دیار نییە، هەشیانە هەر زوو وەک مامۆستایەکی سەرکەوتوو دەردەکەوێ و بە پلەوپایەی شیاوی خۆی دەگات. نووسەری ئەوتۆ هەیە بەشێوەیەک خۆی بەلایەنە سیاسییەکەیەوە بەستۆتەوە، وەک کارێکی ڕۆتینی ئەنجام بدات، ڕەفتار دەکات، نووسەریش هەن هۆشیارانە لەگەڵ فەرمانەکانی حزبەکەیان ڕەفتار دەکەن و خۆیان ناکەن بە (جەنجەڕ ڕاکێش).

**ڕامان:** تا ئێستا هیچ ڕەخنەیەک لە بارەی بەرهەمەکانت نووسراوە هەستت کردبێ نا هەقیت بەرانبەر کرابێ؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** تەنیا تاقە جارێک، یەکێک ڕەخنەی لە چەند ڕستەیەکی کەمی ڕۆمانی (براکوژی) گرتبوو، بەڵام من وەڵامم نەدایەوە، چونکە نە کوردییەکەی وەک من دەزانی و نە عەرەبییەکەش، بێجگە لەوەش لە هیچ ڕوویەکەوە لە ئاستی مندا نەبوو، بۆیە گوێم نەدایە ڕەخنەکەی، بە تایبەتیش ئەو برادەرە دەیویست بەو جۆرە ڕەخنەگرتنە خۆی دەرخات، بەڵام نەمویست دەریخەم، چونکە ڕەخنەکەی ئەوە نەبوو کە من بایەخی پێ بدەم.

**ڕامان:** بڕوات وایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی وەزارەتی (ڕۆشنبیری!) و داوودەزگا هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆیەوە خزمەتی واقیعی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەریی کردبێ و پاڵپشتی تەواوی لەو بزاڤە کردبێت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بۆ نا؟! وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەمیشە لەلایەن کەسانی ڕۆشنبیر و لێ هاتوو بەڕێوە چووە و ئەوان لەو مەیدانەدا سوارچاک بوون و زانیویشیانە چ شتێک پێویستە بۆ خزمەتی واقیعی ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری و تاڕادەیەک بودجەیەکیان لەبەر دەستدایە بۆ خەرج کردنی لەو ڕێیەدا، بەڵام شتێک هەیە کە دەبێ پەنجەی بۆ ڕاکێشرێت، هەندێک جار کەسانێک دێنە مەیدانەکە، ئینجا لەبەر هەر هۆیەک بێت، شیاوی ئەو جێگەیە نین، یان لێی نازانن دەرک بە شت ناکەن، ئەو جۆرە کەسانە



هەندێک جار کارەکە تێک دەدەن و شانەکە لەسەری وەزارەتی ڕۆشنبیری بەگشتی، یان وەزیر خۆیدا دەشکێنن. دەنا وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دانراوە و دروست کراوە کە خزمەتی ڕۆشنبیری کوردی بکات، ئەگەر ئێمە لەبەر ڕەفتاری نەزانێک خەتێکی ڕاست و چەپ بە سەر کارەکانی دابێنین، ئەوە ناهەقییەکی زۆرمان لێ کردووە. دوای ئەوە، با پیاو قسەیەکی هەقیش بکات، لە کام شوێن و وڵات هەموو کارێک وەکو سەعات بە ڕێکوپێکی و بێ کەموکووڕی دەکرێت؟ دیسان دەمەوێ شتێکی دیکەش بڵێم: ئێمە هەمووومان وەک تاکەکەس لە ژیانی ڕۆژانەماندا کارەکان بەو ڕێکوپێکییەی پێویستە ئەنجام دەدەین؟ پیاو دەبێ دەرزییەک بەخۆیدا بکات، ئینجا سووژنێک بە لەشی خەڵکیدا بکات. ئێمە زۆرجار زیاتر هەر خەریکی ڕەخنەگرتنین و هەندێک جاریش ڕەخنەی بێ جێ، وەکو مەلای مەشهوور (مەزبوورە): جارێکیان کابرایەک خانوویەک دروست دەکات و مەلا لەگەڵ خۆی دەبات تا ڕای خۆی لە بارەی خانووەکەوە بدات. دوای ئەوەی مەلا بەخانووەکەدا دەگەڕێت، دەڵێ: خانووەکە زۆر باشە، بەڵام تەنیا عەیبێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەرگای ئاودەستەکەی بچووکە و سینیی پێوە ناچێ...!؟

**ڕامان:** ئەو کەلەپوور و کولتوورەی بۆمان بەجێ ماوە، چەند زیندوویەتی تێدایە؟ ئەگەر زیندوویەتی تێدا بەدی دەکەن، چەند دەتوانێ وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی سەردەم بێ؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بوونی گومان لە زیندوویی ئەو کەلەپوور و کولتوورەی بۆمان بەجێ ماون، پێم وایە گومان لە بوون و زیندوویی خۆمانە وەک میللەتێک. زیندوویی خۆمان نیشانەی زیندوویی ئەو کەلەپوورەیە کە بەداخەوە تا ئێستا بە تەواوەتی کۆ نەکراوەتەوە و وەکو پێویست بایەخی پێ نەدراوە. من زۆر شتم لەم ڕووەوە لەبارەی کەلەپووری عەرەبی و تا ڕادەیەکیش فارسی خوێندۆتەوە، بەڵام لێرەدا جیاوازییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەوان لەمێژە کەلەپووری خۆیان کۆکردووەتەوە و لە دووتوێی کتێباندا بڵاویان کردۆتەوە، کەچی ئێمە، بەداخەوە، تازە دەستمان پێ کردووە و زۆریش دواکەوتووین. من لە نووسینێکمدا گوتوومە: دەبینی لە کتێبێکدا باسی پیرەمێردێک، یان پیرێژنێکی عەرەب دەکات و دەڵێ: (قال أعرابي)، یان (قالت أعرابية)، لەو چۆڵ و بیابانەی تا چاو بڕ دەکات وشکی و بێ ئاوییە و لە چەند ڕەشماڵێکی شڕ بەولاوە و چەند سەر بزن و چەند سەر حوشترێک و چەند سەگێک، هیچی دیکەی لێ نییە، کێ لەوێ بوو تا ئەو قسەیەی ئەو (أعرابي)یە، یان (أعرابية)یە بنووسێتەوە و نەهێڵێ لەناو بچێت.

دەڵێن لە زەمانی (هارون الرشيد)دا شاعیرێکی عەرەب بەناوی (علي بن الجهم) دەچێتە دیوانی خەلیفە لەبەغدا و ستایشی دەکات و پێی هەڵدەڵێ:

**(أنت كالكلب في حفاظك للود**
**وكالتيس في قراع الخطوب)**

دەستوپێوەندی خەلیفە هەڵدەستن لێی دەن لەبەر ئەوەی خەلیفەی بە سەگ و نێری (سابرێن) شوبهاندووە، خەلیفە پێیان دەڵێ: وازی لێ بێنن، ئەو قوڕبەسەرە لەو بیابانە بێ پایان و لە کۆتایی نەهاتووەدا لەو دوو شتە زیاتر هیچی دیکەی نەدیوە. ئێمە تا هەلەکە بە تەواوەتی لەدەست نەچووە، دەبێ بکەوینە خۆمان و لایەنە پێوەندیدارەکان وەک (ئەکادیمیای کوردی) و وەزارەتی ڕۆشنبیری خەمێک لە کۆکردنەوە و نووسینەوەی ئەو کەلەپوورەمان بخۆن و پلانێکی ڕێکوپێک بۆ ئەو مەبەستە دابڕێژن و کەسانی خەمخۆر و بە تەنگەوە هاتوو بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان بکەن و لە خەرج کردنی پارەی پێویست درێغی نەکەن. جێی وەبیرهێنانەوەیە، ئەگەر ئەم کارە زووتر بکرابایە باشتر بوو، چونکە کەسانی بە تەمەن، ئەوانەی شارەزاییان لەم بوارەدا هەیە، وردە وردە کۆچی دوایی دەکەن و ئەو زانیارییانە لەگەڵ خۆیان دەبەنە ژێر گڵەوە.

**ڕامان:** نووسەر هەن دەڵێن: نووسەران شایەد حاڵی سەردەمی خۆیانن، هەیشە پێی وایە تەنیا شایەدحاڵ نییە، بگرە دەستی لە گۆڕانکارییەکانیشدا هەیە... تۆ چۆنی تێدەگەی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** پێم وایە هەردوو بۆچوون ڕاستن، چونکە هەموو نووسەرێک گوزارشت لەو کۆمەڵگایە دەکات کە تێیدا دەژی و زادەی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی و نووسەری هۆشیار و خاوەن هەست لە شوێنەکەی خۆی چەق نابەستێ و هەوڵ دەدات ئەو بارودۆخەی تێیدایە بگۆڕێ و بەرەو باشتری بەرێ. ئەم حاڵەتە لەمێژوودا هەیە. بۆ نموونە شۆڕشی فەڕەنسا کە بەگەورەترین ڕووداو دادەنرێت و لەسەر ئاستی جیهان

کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبوو بەشێوەیەک ئەورووپای گۆڕی، لە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی نووسەرە بەرزەکانی فەرەنساوە هاتە کایەوە.

**رامان:** چەمکی «ئازادی»ی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان چۆن دەبینی؟ ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا دەگوزەرێ، سنوور بەزاندن و پەلاماردانە، یان ئازادی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ئازادیی بەشێوەیەکی گشتی شمشێرێکی دوو تیخە و هەندێ کەس وای لێک دەدەنەوە کە هەرچییەکی بیکەیت، یان بیڵێیت، تۆ ئازادی و نابێ کەس ڕێگەت لێ بگرێ و دەست بە ڕووتەوە بنێ، بەڵام ئەوەی هەموو کەس دەیزانێ ئەوەیە کە ئازادی تۆ تا ئەو شوێنە بڕ دەکات کە زیان بە ئازادی کەسانی دیکە ناگەیەنێ. ئازادی نووسەر و ڕۆژنامەنووس لەوەدایە کە کەموکوڕی و ناتەواوی بەرپرسێک، یان حکوومەت بەشێوەیەکی گشتی بخاتە ڕوو بێ ئەوەی، کەم، یان زۆر، سووکایەتی بە کەس بکات، یان (تەشهیری) پێ بکات، چونکە لەو حاڵەتەدا نووسەرەکە دەچێتە قسەی ناشیرین پێ گوتن بەوکەسە، یان ئەو لایەنەی ڕووی تێ دەکات. بۆ نموونە، جارێکیان لە کەناڵی زاگرۆس، کوڕێکی گەنج، گوتیان ناوی (هێمن میران)ە، هێرشی کردە سەر دەسەڵاتی کورد و گوتی: «ئەو دەسەڵاتەی ئێمە بە نەقیزە ئیش دەکات». من وتارێکم لەسەر نووسی، مەبەستم ئەوە نەبوو کە داکۆکی لە حکوومەت بکەم، چونکە ئەو دەتوانێ داکۆکی لەخۆی بکات و پێم وایە حکوومەت هەر پێشی نەزانی و قسەی نەکرد، بەڵکو مەبەستم ئەوە بوو فێری بکەم کە چۆن قسە دەکات و بازاڕییانە نادوێت و خەڵک بریندار ناکات، چونکە نەقیزە بۆ کەر و گا لێ خوڕین بەکاردێت و بۆ ئاقڵ کردنی مرۆڤ ڕێگای دیکە دەگیرێتە بەر. من لەوە دڵنیام، ئەگەر ئەو بەڕێزە ئەو قسەیەی بە کەسێک بگوتایە، ئەوە ڕەنگ بوو ئەوکەسە بۆ داکۆکی کردن لەخۆی و تەمبێ کردنی ئەو زاتە دەمولەوسی بکوتێتەوە. شێوە ئاخاوتنی بازاڕییانەی لەم جۆرەمان زۆرن و ئەگەر هەر ڕێکارێکیش دەرهەقیان بگیرێتە بەر، هەندێک کەس بە پێشێل کردنی ئازادی تاکەکەسی دادەنێن و ئەو جۆرە کەسانە بۆ بەڕێوەبردنی ئامانجی نارەوای خۆیان، «پێی خۆیان دەکەنە پارسەنگ» و بەپێی سوود و بەرژەوەندی خۆیان، سووک، یان قورسی دەکەن.

**رامان:** ئەو بەرهەمانەی تا ئێستا نووسیوتانە قەناعەتت پێیان هەیە؟ لە ئایندەدا نیازی جێبەجێ کردنی چ پڕۆژەیەکتان هەیە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بێ گومان قەناعەتم بە بەرهەمەکانم هەیە و دڵم پێیان خۆشە، بە تایبەتی کە دەبینم خەڵک دەست خۆشیم لێ دەکەن. بۆ ئایندەش چەند پڕۆژەیەکم بەدەستەوەیە، ئەگەر تەمەن ڕێ بدات، ڕەنگە تەواویان بکەم. لێرەدا شتێک هەیە حەز دەکەم بیخەمە ڕوو. نووسەری ئێمە بەگشتی وانییە کە (تفرغ) بکات بۆ نووسین، بەڵکو لە بوارێکدا کار دەکات بۆ خۆ ژیاندن و دابین کردنی گوزەران بۆ ماڵ و منداڵی و زیاتر نووسینی وەکو (سەربار) وەرگرتووە. من پێم وایە، ئەگەر نووسەر و هونەرمەند سەرچاوەیەکی ژیان و گوزەرانیان هەبێت، لەوانەیە شاکار و داهێنانی جوان بهێننە کایەوە، بەڵام ئەگەر لەلایەک خەمی دابین کردنی کرێی خانوو، یان دابین کردنی بژێوی و گوزەران بۆ ماڵ و خێزانەکەی هەبێت، بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەو بوارە لە بارەی بۆ نارەخسێ و کاری نووسین دەبێتە شتێکی لاوەکی و گەلێک جاریش «چۆڕبڕ» دەبێ.

**رامان:** لە منداڵییەوە تا ئەمڕۆکە زۆرتر هاوڕێییەتیتان لەگەڵ کێدا هەبووە؟ بە تایبەتی لەناو نووسەران و ئەدیباندا، ئەو هاوڕێییەتییە چەند کاریگەریی بەسەرتانەوە هەبووە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ئەوەی ڕاستی بێت، هاوڕێکانی سەردەمی منداڵیم تێکڕا ئەوانە بوون کە لە قوتابخانە پێکەوە بووین، بە تایبەتی لە قۆناغی ناوەندیدا، ئەو هاوڕێیانە هەندێکیان لە قوتابخانە و خوێندن دابڕان و ڕێگای کاسبی کردنیان هەڵبژارد و هەندێکیشیان بەردەوامییان بە خوێندن دا، بەڵام پێم شک نایە هیچ کامێک لەو هاوڕێیانەم دەستی نووسینیان بووبێ لە بەڕێز «مام جەلال» بەو لاوە، من زۆر خەریکی خوێندنەوە بووم، بە تایبەتی بابەتی ئەدەبی و ڕۆمان و شتی دیکەی لەو بابەتانە. لە کۆبوونەوەی حزبی کە دادەنیشتین، برادەرێکمان کە ئێستاش لە سایەی خواوە ماوە، زیاتر هەواڵی لە ڕادیۆ وەردەگرت و بۆی باس دەکردین. «مام جەلال» دەیگوت: تۆ کە ئەوەندە خەریکی بابەتی ئەدەبیت، پێم وایە لە دوارۆژدا دەبیت بە ئەدیب، پێم خۆشە ئەگەر ئەو پێشبینییەی بەڕێزیم هێنابێتە دی. برادەرێکی دیکەشمان هەبوو «فائق جەمیل»، کە یەک دوو ساڵ پێش ئەمڕۆ لە ئوسترالیا

کۆچی دوایی کرد، درەنگ دەستی بە نووسین کرد. لەوە بترازێ، هاوڕێکانم شتاقیان ئەدیب و نووسەر نەبوون، بۆیە هیچ هاوڕێیەکم لەم ڕووەوە، کاریگەریی لەسەرم نییە، بەڵکو ڕەنگە بە پێچەوانەوە من کاریگەریم بەسەر ئەوانەوە هەبێت.

**رامان:** زۆرتر خوێنەری چ جۆرە بابەتێکن؟ تۆ نووسینی نووسەرە لاوەکان دەخوێنیتەوە؟ نووسینی کام نووسەری لاو سەرنجی ڕاکێشاوی؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** بە زۆری گشت جۆرە بابەتێک دەخوێنمەوە، بەڵام بابەتی ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی زیاتر سەرنجم ڕادەکێشن. سەبارەت بە نووسینی نووسەرە لاوەکانیش، ئەوە ئەوەندەی دەرفەتم هەبێت دەیانخوێنمەوە. هەیانە هێشتا پەلە و نەگەییوییان پێوە دیارە.

**رامان:** ئەو ڕۆشنبیری و داهێنان و ئەدەبیاتەی کورد تا ئێستا بەرهەمی هانیوە، چەند توانیویەتی تایبەتمەندی خۆی هەبێ و لە کاریگەریی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی میللەتانی دەوروبەر و بێگانە خۆی ڕزگار بکات؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** من، نەک هەر پێم وایە، بەڵکو بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەدەبیاتی کوردی، نووسین و ڕۆشنبیریی کوردی هەر هەموویان تایبەتایەتی (خصوصیات)ی خۆیان هەیە. ئێمە، ئەوە قەدەر و چارەنووسمانە و وڵاتەکەمان دابەش کراوە، بمانەوێ و نەمانەوێ، دەکەوینە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی ئەو میللەتانەی لەگەڵیاندا دەژین، ئەگەر بڵێین لە باشووری کوردستان ئێمە بە زمانی خۆمان دەخوێنین و دەنووسین و (صدام حسین) زۆرجار منەتی ئەوەی بەسەردا دەکردین کە ئەو کرانەوەیەی بەرانبەر بە زمانی کوردی لە عیراقدا هەیە، لە ئێران و تورکیادا نییە، ئەمە ڕاستە، بەڵام ئێمە پێش ڕژێمەکەی (صدام)یش و تەنانەت لەسەردەمی پاشایەتیدا بەکوردی دەمانخوێند و تاڕادەیەک گۆڤار و ڕۆژنامەمان هەبوو. ئەو کاریگەرییە پتر لە زمانەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە ئێمە لە دەروازەی ڕۆشنبیریی ئەو زمانانەوە سەر دەردێنین و ڕوو لە ڕۆشنبیری جیهانی دەکەین، بۆیە ئەگەر لەم ڕووەوە کاریگەرییان هەبێت، شتێکی ئاساییە، بەڵام گرنگ ناوەڕۆکە کە بە دڵنیایی کوردییە.

**رامان:** کۆچی عەقڵە زرنگەکان چ کاریگەرییەکی نەرێنی بەسەر ڕۆشنبیری کوردییەوە بەجێ هێشتووە؟ ئایا ئەو عەقڵە زرنگانە چەند توانیویانە لە دەرەوەی کوردستاندا دەور و کاریگەریی خۆیان لە ناساندن و ئامادەیی ئەدەبیاتی کوردیدا هەبێ؟ یان هەر لە بازنەی لۆکاڵی و سنووردار‌دا ماونەتەوە؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** ناکرێ هەوڵ و تەقەلای ئەو ئەقڵە کۆچ کردووانە بۆ دەرەوەی وڵات نادیدە بگرین، چونکە هەر ئەدیب و نووسەرێک دەیەوێ ئەوەی لە ناخ و مێشکیدایە بیگەیەنێ و بەدڵنیاییش ئەوەی لە ناخیدایە تەنیا پێوەندی بەگەلی کوردەوە هەیە، با لە تاراوگەشدا بە زمانێکی دیکە دەریبڕێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ناساندنی کورد و ئەدەبیاتی کوردی بەو وڵاتەی کە تێیدا گیرساوەتەوە و ئارامی گرتووە. لێرەدا باسی دکتۆر هێمنی کورم دەکەم کە بە هێمن کۆیی ناسراوە و هەر چەندە بوارەکەی خۆی جیۆلۆجییە، بەڵام لە ڕووی زمان و ناساندنی گەلی کورد دەورێکی دیار و بەرچاوی هەیە.

دوای ئەوە، ئەو ئەدیبە بەرە بەرە تێکەڵ بە ئەدیبانی ئەو وڵاتە دەبێتەوە و نووسینەکانی بڵاودەکاتەوە، ئینجا بە شێوەی وتار بێت، یان کتێب، بۆیە باوەڕ ناکەم ئەو جۆرە کەسانە کاریگەرییان نەبێ.

**رامان:** بێجگە لە زانینێکی باشی زمانی دایک، زانینی زمانی دیکە چەند بۆ نووسەر و ئەدیبان بە پێویست دەزانیت؟

**عەبدولکەریم شێخانی:** هەر ئەدیبێکی کورد، ئەگەر لە کوردی بەولاوە زمانی دیکەی نەزانی، ئەوە لە ئەڵقەیەکی داخراودا بۆ خۆی دەخولێتەوە، بە تایبەتیش زمانە زیندووەکان وەک زمانی ئینگلیزی و فەرەنسەیی و ئەڵمانی و تاڕادەیەکی زۆریش ڕووسی و ئیسپانی. هەر نووسەرێکی کورد، ئەگەر یەکێک لەو زمانانەی زانی، ئەوە لەڕێی ئەو زمانانەوە بەسەر ئەدەبیاتی جیهاندا دەڕوانێ و لێی هەڵدەهێنجێ، چونکە وەکو دەزانین ژیان بەگشتی و ژیانی ئەدەبی بەتایبەتی لێک وەرگرتن و بەیەکتر بەخشینە و ئەم کارەش زیاتر لە ڕێگەی شارەزایی زمانەوە دێتە کردن.



## سیمین بێهبەهانی:
## من بیر لە کێش ناکەمەوە.. شیعریش بەبێ بیر و ئەندێشە نانووسرێ

**لە فارسییەوە: ئارام حەسەن پوور (بۆکان)**

بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر لەپێشەکی وەڵامی (سیمین بێهبەهانی)دا بە پرسیاری (چۆن بوونە نووسەر و شاعیر؟) (لە کتێبێکدا هەر بەم ناوەوە) نووسیبووم: (سێیەمین ئەستێرەی پڕشنگداری ئاسمانی شیعری ژنانی ئێران سیمین بێهبەهانییە. سێ کوچکەیەک کە یەکیان پەروین ئیعتسامی و یەکی تریان فرووغ فەڕوخزاد)ـە بێژی ئەو ڕۆژە من هەڵەم نەکردبێ و سێ کوچکەیەکی خراپم ساز نەکردبێ؟ ئەوکاتە هۆگرانی شیعری سوننەتی پەروینیان لاپەسەند بوو. (هێشتاکەش هەروا) نوێخوازان و ڕۆشنبیران ئەویندارى شیعری فرووغ بوون. زانستگاییەکان شیعری فرووغیان دەخوێندەوە. کتێبی شیعرەکانی پەروین زۆربەی کتێبفرۆشەکانی بازاڕی (بەینولحەرەمەین) و (ناسر خوسرەو) چاپ و بڵاویان دەکردنەوە. شیعرەکانی فرووغیش بڵاوکەرەوەی (ئەمیر کەبیر) کە ئەوکاتە دەیان فرۆشگەی ڕازاوە و گەورەی لە شاری تاران هەبوو. کتێب فرۆشیی (مروارید)یش بەرانبەری زانستگا (لە دایک بوونێکی تر و ئیمان بێنین بە سەرەتای وەرزی سارد)یان بڵاوکردەوە. شیعری سیمینیش کتێب فرۆشی (زەواری شائاباد) چاپی دەکرد کە لەگەڵ کتێب فرۆشەکانی بازاڕی (بەینولحەرمەین) جیاوازی زۆری هەبوو. لاوەکانیش کەمتر ڕوویان تێ دەکرد. کتێبفرۆشێکی گەورە بوو؛ بەڵام بڵاوکردنەوەکەی باش نەبوو. هەر ئەو بڵاوکەرەوەیەش کە شیعری سیمینی چاپ دەکرد بە باشی دەفرۆشرا، چونکە هۆگرانی پەروین و فرووغیش سیمینیان خۆش دەویست.

سەبارەت بە بەرهەم و پلەوپایەی ژنێک کە چل ساڵی ڕەبەق لە شیعری ئێراندا پڕشنگی بڵاوکردۆتەوە، نە

پێویستی بە زێدەڕۆیی هەیە و نە هەڵاتن لەبەر دەلیل و بەڵگە. هەرچی بێ، شاعیرێکە بە ڕوحێکی سەوز و دڵێکی گەرم و بە هەستەوە شیعر دەنووسێ و لە ئاڵۆزترین و بێ برەوترین سەردەمی بازاڕی شیعردا، کتێبەکەی لە تیراژی سەرووی پێنج هەزارەوە چاپ دەبێ. کەوایە شاعیر چ لەو سەردەمەدا کە (جێ پێ) و (چلچرا) و (مەڕمەڕ) ناوی بەرهەمەکانی بوو، چ ئەمڕۆ کە بەرهەمی وەک (دەربیجەیەک ئازادی)ی هەیە شاعیرێکی بە هەست و کۆمەڵایەتی و خاوەن دەردە. لەنێو خەڵکێکدایە کە شیعرەکانیان خۆش دەوێ، هاوڕێی خەمی ئەو خەڵکەیە و تەنیا کاتی شیعر نووسین شاعیر نییە، بەڵکو هەمیشە شاعیرە، هەمیشە ئینسانە. لەو ڕۆژانەدا کە دەفتەری کارەکەم کرۆکپ بوو، ڕۆژی دوو سێ جار زەنگی تەلەفۆن لێی دەدا؛ لەوانە حەتمەن یەکیان سیمین بوو کە لە حاڵ و باڵی دەپرسیم: (خانی خەم ڕۆژێ دەبینی وەک گوڵستان خەم مەخۆ) هەمیشە ئەوەی لە دوای وتەکانیدا دەگوت. لەوێدا من سەری قسە دادەمەزرێنم و لێی دەپرسم: (سیمین خانم پێم وایە لەم ساڵانەدا شاعیرترن. لە ماوەی بیست و پێنج ساڵێک کە لە دیدار و یەکەمین وتوویژمان تێدەپەڕێ، ئێوە ئەمڕۆ نەک پاڵتان بە پاڵەوپشتی ئەو سەردەمەوە نەداوە، بەڵکو لە کردەوە و جووڵانەوەتدا ڕەنگدانەوەی ڕووداوی دەوروبەری خۆت نیشان دەدەی و ئەو شیعرانەی کە دەینووسیت و بۆمانی دەخوێنیتەوە، یان لە گۆڤار و کتێبەکانتدا بڵاو دەکرێنەوە، پڕ خرۆشترن لە ڕابردوو. زیندووتر و تەڕ و تازەتر و پاراوترن؛ بیروڕای خۆتان چییە؟.

– بەڕاستی وایە.. ڕەنگە لەبەر ئەوەبێ کە ئاڵوگۆڕێک لە وڵاتەکەماندا پێکهاتووە و هەستم بەو دەرد و ئازارانە کردووە کە بەسەر من و ئێمە و ئەو خەڵکەدا سەپاوە. جاران ئەگەر پەرۆشییەکمان ببوایە و هەستمان پێ بکردایە، بۆ (ڤیێتنام)یان بۆ ئاڵۆزی و خەمی سووچ و قوژبنەکانی جیهان بوو. زوڵم و جیاوازی چینایەتی و شەڕ و وێرانی لە دوورەوە هەستمان پێدەکرد، بەڵام لەم ساڵانەدا هەرچی خەم و پەژارە و دڵەخورپە بووە لە نزیکەوە بووە بە پێست و گۆشت و خوێنەوە هەستم پێکردووە. هەر لەو ساڵانەدا بووە کوشت و کوشتار و شەهیدبوون و هەژاری و خۆڕاگریی نەتەوەکەم. هاوکاری و فیداکاری و لەخۆبردوویی ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە ئامانجی سەرەکی هەموویان بوو. تەواوی ئەوانەم لە نزیکەوە دیوە. بە چاوی خۆم دیومە شەوی وابووە، تەنانەت چرایەک لە شەقامەکانی تاراندا هەڵنەکراوە، بەڵام چرای خوێنی شەهیدانم لە کۆڵان و شەقام و بازاڕدا دەدی. لە (بەهەشتی زەهرا) دایکێکم دیوە قیژاندوویەتی و قژی ئاڵۆز کردووە و ڕوومەتی خۆی ڕنیوە و لەهۆش چووە. هەواڵی ڕۆژنامەکان هەموو بۆنی خوێن و شەڕیان لێدەهات و تەلەڤزیۆن دیمەنی شەڕی نیشان دەدا. دیومە مووشەک بەسەر سەرماندا تێپەڕیوە و دووکەڵی تەقینەوە تا ماوەیەک سنگی ئاسمانی داپۆشیوە. دیومە نانەواخانەی گەڕەکەکەمان لە چرکەیەکدا ڕۆیشتووە بە حەوادا، بنەماڵەی وابوو لە سێ پشت پێکهاتبوو لە پاڵ یەکدا بە جۆرێک لەت و کوت ببوون کە لەتەکانی لەشیان لێک جیا نەدەکرانەوە. بە بڕوای من هونەر هەر ئەو بزاوتە ڕێکوپێکەیە کە ڕیتمەکەی ڕەوەندی ڕووداو و گەڕیانی کۆمەڵ و ژینگەی هونەرمەند نەزمی پێدەدا. کاتێک لە دەوروبەری من ئەو ڕووداوە کتوپڕ و دڵهەژێنانە ڕوودەدەن و منیش بە شێوەیەک پێوەندیم لەگەڵیدا هەیە، چۆن دەتوانم لە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانەدا بێ دەنگ و دوورەپەرێز بم و شاعیرێک بم هەر لە حاڵ و هەوای (جێ پێ) و (چلچرا) و (مەڕمەڕ)دا بمێنمەوە؟

* مەبەستی ئێمە لەو ئاڵوگۆڕەی لەکاری ئێوەدا پێکهاتووە تەنیا کتێبی (دەربیجەیەک ئازادی) نییە، ئەگەرچی هەر ئەو کتێبە بۆتە بیانووی ئەم وتوویژە. دەورانی بەرچاوی دووەممان لە کتێبی (خەتێک لە تیژتێپەڕین و ئاور) و (دەشتی بادامەتاڵە) و (دەربیجەیەک ئازادی) لەبەرچاو گیراوە. ئایا سەردەمی ئەم ئاڵوگۆڕە بۆ هەندێک دواتر دەگەڕێتەوە؟

– ئەگەر مەبەستی ئێوە لە ئاڵوگۆڕی فۆرم و ڕواڵەتی کارەکە بێ، وایە. ئەم ئاڵوگۆڕە لەساڵی **١٩٧٣** بەدواوە دەست پێدەکا. یانی لە دوایین غەزەلی چاپ کراو لەکتێبی (پەسڵان)دا کە ئاوا دەست پێدەکات: (من دیتوومە کۆلکەزێڕینە...) هەر لەو ساڵانەدا بوو لە ئێران کوانە چکۆلەکان هەڵدەماسین و کێم و چڵکیان دەکرد. تەقینەوەکانی شەقام و جووڵانەوە نهێنییەکان لە ڕاستیدا دەرک بوون و تەقینی ئەو کوان دەمەڵانە بوون. هەموومان

لە زووەوە لە پێکهاتن و سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوانەدا کە دواتر ڕوویاندا بمانەوێ و نەمانەوێ بەشداریین. گوتم (بمانەوێ و نەمانەوێ!) ئەوەش هەر ئەو ڕیتمەیە کە ڕووداوەکانی کۆمەڵ بەسەریدا سەپاندووین. لەو ساڵانەوە شیعری من وردە وردە لە ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. تا ساڵی ١٩٨١ وەکو کۆمەڵە شیعرێکی ڕێکوپێککراو (خەتێک لە تیژ تێپەڕین و ئاگر) بڵاوبۆوە. ئەم کتێبە لە ماوەی مانگێکدا فرۆشرا و چاپی دووەمی هەر لەو ساڵەدا بە دەرهاویشتنی هەندێک لە شیعرەکانی بڵاوبۆوە. ئەو کۆمەڵە شیعرە بە تەواوی لەژێر کارکردنی ڕووداوەکانی سەردەمدایە.

ساڵی ١٩٨٣ کۆمەڵە شیعری (دەشتی بادامە تاڵە) زنجیرەی پێگەیشتنی ئەو جۆرە شیعرانە بووە کە لە ماوەیەکی کورتدا تەواو بوو. ئیتر لەوە بەدواوە تا ساڵی ١٩٩٠ هیچ کۆمەڵە شیعرێکی ترم بڵاونەکردەوە، چ بەرهەمی بەر لە ١٩٧٨ چ بەرهەمی دوای ئەو ساڵە. کۆمەڵە شیعری (دەربیجەیەک ئازادی) کە لەبەر دەستتاندایە بەشێک لە شیعری ساڵی ١٩٨٤ بەدواوەیە کە نەمتوانی زۆریشی چاپ بکەم. لەساڵەکانی دوای ١٩٧٨ شاهیدی ڕووداوگەلێکی زۆربووم. کە لە هەموویان گرینگتر ٨ ساڵ شەڕی بەردەوام و قورس بوو. بۆمباران، مووشەک باران، قاتی و گرانی، دەربەدەری و ئاوارەیی، دووری ئازیزان و مەرگی لاوانمان بە هەموو دەمارەکانی لەشمانەوە هەست پێکردووە. چۆن دەمانتوانی سەرنجی پێ نەدەین و بەلایدا تیژ تێپەڕین و هەر ئەوە بوو کە ئاڵوگۆڕی بەسەر شیعری مندا هێنا.

* تکایە سەبارەت بە چۆنیەتی ئەم ئاڵوگۆڕە زیاتر بدوێن.

- گوتم کە لە ساڵی ١٩٧٨ بەدواوە دڵە خورپە و نارازی بوون و چاوەڕوانی جۆرێک گۆڕانی - بە هەر شێوە و شکڵێک بێ - لە سەرانسەری کۆمەڵدا پێکهێنابوو. لەنێو تاقمە جۆراوجۆرەکاندا چەشنێک ئامانج و ویست دروست ببوو. کە ڕاستییەکەی شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری هەبوو. یانی لە زەینی هەر تاقمێک لە کۆمەڵدا جۆرێک بیرکردنەوە بوو. کە لەگەڵ بیرکردنەوەی تاقمەکەی دیکە جیاوازیی هەبوو، بەڵام تەواوی ئەم بیر و ویستانە لە کۆتاییدا بە یەک ئاکام دەگەیشتن و ئەویش لەناوبردنی حکوومەتێک بوو کە ساڵەهای ساڵ سەرپۆشی لەسەر هەموو جووڵانەوەیەک و دژایەتییەک دانابوو. دەرفەتی ناسینی سیاسی و ئامرازی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەوپەڕی کەمایەسی گەیاندبوو. گومانی تێدا نییە کە شیعر بێ بیر و ئەندێشە نییە. بە بڕوای من یەکێک لە کۆڵەکەکانی شیعر ئەندێشەیە. ڕەنگە دەربڕینی ئەندێشەی شیعری لەگەڵ دەربڕینی ئەندێشەی فەلسەفی جیاوازی هەبێ. کەوا بوو هەندێک لە شیعرەکانی سەردەمی ئێمە بە قەبووڵکردنی ئەندێشەی بەجێ و تایبەتی زەمانی خۆی، ببووە یەکێک لەو دەرفەتە کەمانە بۆ دەربڕینی دیاردە دژەکان. شیعری من لەو تاقمەی دوایی بوو. لە کتێبی (پەسلان) (١٩٧٣) و (خەتێک لە تیژ تێپەڕین و ئاگر) (١٩٨١) زۆربەی ئەندێشەکانی بەر لە ساڵی ١٩٧٣ی تێدایە.

* ئایا دەتوانین شیعری شەستەکان و هەفتاکان، بەتایبەت هەفتاکان بە (شیعری نارەزایی) ناو بەرین، ئایا دەتوانن هۆی ئەوە ڕوون بکەنەوە؟

- ئەگەر من بەجێی ئێوە بوایەم تەواوی دنیاکەم ڕەگەڵ دەخست، چونکە شاعیر خۆی لە خۆیدا ئیرادگرە. شاعیر زیاتر کەموکوڕییەکان دەبینێ. نەک ئەوەی بۆتە خووخدە، چونکە هەموو جۆرە کەموکوڕییەک بە پێچەوانەی خووخدەیە، چونکە ئەوەی کە لەگەڵ خووخدەیەک دەگەڕێتەوە، قەت نایەتە بەرچاو و قەتیش لە شیعردا جێی نییە. ڕەنگە هەر بەو هۆیەوە بێ کە شیعر شتێکی زۆر باشە بۆ نارەزایی دەربڕین دژی کەموکوڕییەکان.

* ئێوە باسی ئەندێشە و تەنانەت ناسینی کۆمەڵایەتی و سیاسیتان کرد، هەروەها ناسازگاری و عادەت و دژایەتی. پێتان وا نییە کە شیعر توانایی هەڵگرتنی ئەندێشەی سیاسی و ناسین و دژایەتی و ئەم جۆرە شتانەی نەبێ و شیعرێک کە لەو بارەوە بدوێ، وێدەچێ جەوهەری شیعری خۆی لە دەست بدات؟

-قەت وانییە، ڕاستە کە شیعر و بەتایبەت شیعری ئەمڕۆ لەهەموو چەشنە مەنتیقێک خۆی دەبوێرێ و تەنانەت مۆسیقای کەلامیشی بەو شێوەی کە تا ئێستا باو بووە وەرنەگرتووە. بە بڕوای هێندێ کەس شیعری ئەمڕۆ کۆمەڵە وشەیەکی تایبەتە و تەنیا شوێن دانانی زەینی و گشتی لەسەر خوێنەر هەیە. کە دەبێتە هۆی ئەوەی بیسەر، یان خوێنەر بە پێی بیر و سەلیقەی خۆی شتێکی لێ هەڵکرێنێ. نابێ هەموو شێوە وەرگرتنەکان

وەک یەک بن، بەڵام دەبێ بڵێم کە ئەم جۆرە شیعرە هێشتا بە تەواوی مسۆگەر نەبووە. تەنیا زەوقە تەواو پەروەردەکراو و ئاگادارەکان دەتوانن تێی بگەن. بەم جۆرە چەشنێ پێوانەی تازەش دێتە ئاراوە و قەتیش بەبێ بیر و ئەندێشە و بیری تازە نابێ، بەڵام جۆرێ بیر و ئەندێشە کە تایبەتی ئەم شێوە شیعرە بێ، ڕەنگە ویست و داخوازییەکان زۆربن و لێک هەڵاواردنیان دژوار.

* سەبارەت بەو دیوانە شیعرانە کە لەم یەک دوو ساڵەدا چاپ بووە بڕواتان چییە؟

– پێم وایە هیچ ئیرادێکی نییە، بەڵکو ئەم زۆربوونە شتێکی سروشتییە بۆ دروستبوونی زیندەوەرێک ملیۆنان کۆرۆمۆزۆم وەرێ دەکەون، کە تەنیا یەکێ لەوانە دەتوانێ لەشوێنی خۆیدا جێگیربێ و لەگەڵ زیندوویەکی تر ئاوێتە بێ و بگووڕێ. لەو دیوانانەش یەکێکیان سەرکەوتوو دەبن، ئەگەر ئەوانی دیکەش تروسکەیەکیان تێدابێ، ئاوێتەی هەتاوێکی هەرمانتر دەبن، کەوابوو هەروەک هیچ زاتێک لە سروشتدا لەنێو ناچێ، هیچ مانایەکیش بەرەو فەوتان ناڕوا.

* سەبارەت بەو بیر و بڕوایەی کە (شیعر کۆمەڵە وشەیەکی تایبەتە کە لەدەس مانا هەڵدێ) ئایا ئێوەش کارێکتان کردووە؟

– لە زۆربەی کارە باشەکانی هاوچەرخدا، جۆرێک تەمومژی جوان دەبینرێ کە دەتوانێ شوێنی گشتی دانێ، بەڵام ئەگەر بمانەوێ پێوەندی مانایی و مەنتیقی پەخشانی تێدا ببینینەوە، شیعرەکە زایە دەبێ، بۆ وێنە لەو شیعرەی یەدوڵڵا ڕوئیاییدا:

**پەیامی مانگ لەسەر گەڵا، دەبێتە گەڵا گەڵا**
**جێگا پێی تۆش زامێکی ترە لەسەر ڕوومەتی مانگ**
**زامی مانگ لەسەر کۆڵی منە کاتێک کە هەڵدێم**
**لە بۆشاییدا هەڵدێم و خەرمانەی تۆ گەڵایە**
**بۆشاییەکی نەبێن**
**لە خەرمانەیەکی نەبیندا**
**لە ژێر نیگای گەڵادا دەمێنێتەوە**

منیش لە هەندێک لە کتێبەکانی پێشوومدا و لەبڕێ جێی ئەو کتێبەشدا (دەربیجەیەک ئازادی) شیعری لەو شێوەیەم هەیە. وەک: (لاولاوێک وەک ئاڵقەی دووکەڵ) (تەپ تەپ تەپڵی دەکوتا) (هەزار پەپوولەی ئاڵتوونی) و...تاد

* لەنێو ژنانی شاعیری ئێراندا ناوی سێ ژن زیاتر بەسەر زمانەوەیە. پەروین، فرووغ، سیمین، ڕای تۆ سەبارەت بە دوو ژنەکەی تر چۆنە؟

– پەروین شاعیری بەرەیەک، پێش من بوو، کاتێک ئەوم دی لەوپەڕی خۆشەویستی و ناوبانگدا بوو. بەهۆی ئەوەوە ئاواتی شاعیر بوون لە ڕوحمدا چرۆی کرد. کاتێک دەستم بە شیعر نووسین کرد، دایکم و ناسیاوەکان پێیان دەگوتم پەروینی داهاتوو، چونکە شوێنی ئەو زیاتر بەسەر شیعرەکانمەوە دیار بوو. لانی کەم ئەوەی کە سیلەی چاوێکم لە چینی بێ بەشی کۆمەڵ بووە. ئاکامی تێکەڵ بوونم لەگەڵ ئەو هەستە شیعری پەروینە. سەبارەت بە شیعری ئەو لە پێشەکی کتێبی(هەڵبژاردەی شیعرەکانی) بە وردی باسم کردووە و بڕوای خۆم بێ پەردە دەربڕیوە. بێ گومان ئەو ژنێکە کە زۆربەی شاعیران قەرزداری شیعری پڕ لە هاودەردی ئەون، بەڵام سەبارەت بە فرووغ، دەبێ بڵێم کە فەرمانی هەڵاتنی ئێمە لە مەیدانی کێبەرکێدا لە لوولەی دەمانچەیەکەوە تەقێندرا. من و ئەو لەیەک کاتدا دەستمان کرد بە هەڵاتن، چەند کەسی تریشمان لەگەڵ بوو. کە ئەمڕۆ دوور و نزیک بەدوامانەوەن. بەداخەوە فرووغ زوو تووشی ئەو ڕووداوە بوو، بەڵام لەو دەرفەتە کەمەدا جوان هەڵات. لەو ماوە کورتەدا کە لانی زۆری کارکردنە، بەرهەمی زۆر بە نرخ و پڕشنگداری خوڵقاندووە و لە ڕیزی نەمران و هەرمانەکانی شیعری فارسیدایە. ئەگەر دەرفەت و تەمەن هەبێ بە وردی لەسەری دەنووسم.

* باوکت نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی باش بوو، پلەو پایەی ئەو چ شوێنێکی لەسەر شاعیربت دادەنا؟

– باوکم (عەباس خەلیلی)یە، نزیکەی پەنجا کتێبی نووسراو و وەرگێڕانی هەیە و وتارگەلێکی زۆریشی لە ڕۆژنامەی (اقدام)دا کە خۆی سەرنووسەری بوو بڵاوکردۆتەوە. ماوەی پەنجا ساڵ دژایەتیی دەسەڵاتی کرد و حەڤدە جار زیندانی و شاربەدەر کرا. ئەو جۆرەش کە باسی دەکەن، زانیارییەکی بەرچاوی لە ئەدەبی ئێران و عەرەبدا هەبووە. دایکم (فەخرولعەزەمی ئەرغوون)ی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زمانی فەڕانسەیی بوو. ماڵەکەمان شوێنی کۆبوونەوەی زۆربەی شاعیران و نووسەران بوو. وەک: (مەلەک ئەلشوعەرای

بەهار) (سەعید نەفیسی) (ڕەشید یاسەمی) (ئەمیر جاهید) (شاریار) و زۆر کەسی دیکە بوو. زۆر لە خزمەت شاریاردا دانیشتووم و شتی لێوە فێربووم. یەکەمین شیعرم لە گۆڤاری (نەوبەهار)ی مەلەک ئەلشوعەرای بەهاردا بڵاوبۆوە کە ئەوکاتە سێزدە ساڵم تەمەن بوو: (ئەی چینی برسی و ناڵانم چی دەکەن؟) دایکم و باوکم زۆر ئاشقانە زەماوەندیان کرد و دۆستانە لەیەکتر جیا بوونەوە. من لەگەڵ ئەوەی هیچ کەموکورییەکی ماڵیم نەبوو، لەکاتی جیابوونەوەی دایکم و باوکمدا بە پەژارە و پەرێشانی وەک پۆڵای سماخم لێهات. کاتێک بیر لەسەردەمی منداڵیم دەکەمەوە دڵم پڕ دەبێ.

* پێت وایە بۆ گەیشتن بە توانایەکی مەعنەوی، دایک و باوک و جێی پەروەردە بوون، دەتوانێ کاری لە مرۆڤ بکات؟

– قەت پێم وا نییە، زۆر جار وا بووە کە دایک و باوکێکی ساکار و بێ فەرهەنگ، یان بەهۆی نەبوونی یەکێک لەوان، یان هەردووکیان، لە شوێنێکی زۆر ناجۆردا کەسایەتی و توانایی زۆر سەرسوڕهێنەر دەخوڵقێن. وێنەی ئەوەش بە جوانی دیارە، چونکە لە شوێنی لەبار و تێروپڕی و بێ خەمیدا هیچ شتێک ناخوڵقێ. لەبارەی منەوە وایە. کە دەبێ قەرزداری میراتی بارهێنانیش بم و قەرزداری توانایی و فیکریش.

* ئێمە پاڵەو پشتی هەزار ساڵەی ئەدەب و بە تایبەت شیعرمان هەیە، یەکێک لە دەوڵەمەندترین خەزێنەکانی ئەدەبی جیهان هی ئێرانە، ئایا ئەو پێویستییەی لە ئاڵوگۆڕی بەرەوپێشچوونی شیعردا دەبیندرێ هی چییە؟

– بێ گومان لەگەڵ تێپەڕینی زەمان، ژیار وردە وردە دەگۆڕێ و بەرەو کامڵ بوون و گەشەکردن دەڕواتە پێشێ، هاوڕێ لەگەڵ ژیار فەرهەنگیش ئەو ڕێگەیە دەپێوێ. فەرهەنگ لە هەناوی ژیار و شارستانییەوە دێتە دنیا. شوێنیش لەسەر یەک دادەنێن. پێوەندی و یەکێتی فەرهەنگ و شارستانییەت بە جێی یەکتر بەکار دەبەن. گەشەکردن و کامڵبوونی ئەو دووانە لەبەرەوپێش چوونی زەماندا بەیەک شێوە نییە. جاری وایە بە توندی دەڕواتە پێش و جاری وایشە لەسەرەخۆ. دەتوانم ئەوەش بڵێم کە ئەم ڕەوتە هیچ کات بەقەرای کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیست بەپەلە نەچۆتە پێشێ و هیچ سەدەیەک بەقەد ئەو سەدەیە گۆڕانکاری بەسەر فەرهەنگ و شارستانییەتدا نەهاتووە. ڕەنگە لە داهێنانی چەرخەوە تاکو دۆزینەوەی زیندوولە و داهێنانی کارەبا و کەڵک وەرگرتن لەوزەی ئەتۆم، گرینگترین ڕووداوی شوێن دانەر لە شارستانییەتدا تەنیا دۆزینەوەی وزەی بزۆکی هەڵم بێ. دۆزینەوە و داهێنانەکانی سەدەی نۆزدە و بیست هەندێ لە ژیانی مرۆڤدا گۆڕانکاری بەرچاوی بەدی هێناوە، کە لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیست، یان (ڕۆژگاری نوێ) (Labelle epoque) نێو ناوە. خۆزگە ئەو ڕۆژگارە نوێیە بە دوو شەڕی پڕ مەترسی یەکەم و دووەم و شەڕەکانی ناوچەیی تر نەدەشێوا. داهێنانەکانی پەیتا پەیتای ئەم دوو سەدەیە، هێندەی گۆڕانکاری بەسەر شارستانییەت و لە ئاکامدا بەسەر فەرهەنگدا هێناوە، کە شێوەی ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆ بە هیچ جۆرێک لەگەڵ شێوەی ژیانی دوو سێ سەدەی ڕابردوو بەراورد ناکرێ، کەچی شێوە ژیانی مرۆڤی سێ سەدەی پێشوو جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. هەزار ساڵ شیعری ئێمە شێوەیەکی وێکچوو و بێ گۆڕانکاری بووە. دەبێ هەرواش بێ، چونکە شێوەی ژیانی دە سەدە لەمەوبەر جیاوازییەکی بەرچاوی نەبووە: هەر ئەو ماڵانە هەر ئەو حکوومەتانە، هەر ئەو لەشکرکێشی و مردن و قڕان و قەڵاچۆکردن و لەناوچوونە بەکۆمەڵە بەهۆی شەڕ و پەتا و تاعوون و قاتوقڕییەوە. هەر ئەو کشتوکاڵ و وەرزێری و جووتکردن بە گا و نێر و ئامووڕ و پێمەڕە و داس و وزەی ئینسانی، کەوایە فەرهەنگیش بەو پێیە و ئەدەبیش هەر بەوشێوە و ڕەوتە ڕۆیشتووە. هەر ئەو جۆرە چامە و غەزەل و چوارینە و تەرجیع بەند و مەسنەوییە بووە.

ئەمڕۆ بەرەوپێشچوونی فەرهەنگ و شارستانییەتی، جیهانی وەکو وڵاتێک لێکردووە. لە چاوتروکانێکدا هەواڵی دوورترین شوێنی زەویمان پێدەگات. لە ئێران ئیستیک و ماکارۆنی دەخۆین، لە ئەمریکا چڵەوکەبابی و سەرووپێ زۆر و زەبەند. ئەمڕۆ دابونەریتی نەتەوەیی وەک جلوبەرگ و هەڵپەڕکێ و گۆرانیی میللی، تەنانەت ئەدەبی کلاسیک لە فەرهەنگدا حیکایەتێکی تایبەتی دیوەتەوە، یانی تەنیا بۆ ڕاپۆرتێکی مێژوویی دەبێ. ئەمڕۆ قاپوقاچاخ و سەماوەرەکانی سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە چێشتخانە جێیان نییە، لەسەر تاقە و دیکۆرەکان وەک شتێکی مێژوویی دادەنرێن. هیچ

شاعیرێکی عاشقیش کاتی سەفەری گراوەکەی ناڵێ: (ئەی کاروان لەسەرخۆ برۆ) ئەوانە شتێکی ئاشکرا و لەبەرچاون و سادەترین بەڵگەشن بۆ ئاڵوگۆڕ بەسەردا هاتنی ئەدەب. نەرمە ڕەوتی فەرهەنگ و شارستانییەت بۆتە هۆی ئەوەی هۆمیر و ئانیل و دانتە و ڕوودەکی و فیردەوسی، تا دەگاتە مالڕۆب و شکسپیر و قائانی هیچ گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە شیعرەکانیاندا نەبێ، بەڵام لەگەڵ درەوشانەوەی فەرهەنگ و ژیاری نوێ ئەپۆلینێر و ئەندرێ بریتۆن و نیما یووشیج سەریان هەڵدا. ئەوەیە کە نیما دێت و یاسای هەزار ساڵە تێکدەشکێنێ و کێش و سەروا و زمان و وێنە و پانتاکان دەگۆڕێ. گرنگی نیما هەر لەو ورە و وێران و پێشەنگییەدا بووە.

* وتت گرنگی نیما لەو ورە و وێران و پێشەنگییەدا بووە، ئەی لەبواری کارەکانی دیکەیدا گرینگ نەبوو؟

– بەر لە نیما دووسێ کەسی دیکە هاتنە مەیدان، بەڵام هەنگاوەکانیان لەرزۆک بوو سەرنەکەوتن. (یانی زانست و ئاگاداری پێویستیان نەبوو)، یان ترسان و ویستیان پارێزگاری بکەن، بۆیە کارەکانیان هیچ ناکەوێتە بەرچاو و بۆ لێکۆڵینەوە نابێ. تەنیا نیمایە کە توانی بەتاقیکارییەکی زۆر و بەرەوپێشچوونی هەنگاو بە هەنگاو بە سەرکەوتنێکی گەورە بگات. ڕادەی شیعرە باشەکانی نیما کە کۆڵەکەی کارەکەی ئەوبن، لەچاو بارتەقای دیوانەکەی کە بە هەوڵی (سیرووس تاهباز) کۆکراوەتەوە؛ ڕەنگە هەریەک چوارەمی دیوانەکە بێ. باقییەکەی زیاتری تاقیکاری و گەڕان و تێکۆشانە، هەروەها شیعرە کامڵ و گەشەدارەکانی ڕەنگە بتوانین لە کتێبێکی گوڵبژێرکراوی سێ سەد لاپەڕەییدا کۆکەینەوە، بەڵام هەر ئەو شیعرە کەمانە لە چەشنی خۆیاندا بێ هاوتان، هەروەها زۆرجار وتوومە نوێکردنەوەی نیما تەنیا شکاندنی کێش و سەروا نەبووە، چونکە تاقیکاری چل پەنجا ساڵە نیشانی داوە کە لە کێشەکانی نیماییدا لانی زۆری هەوڵی بۆ دراوە و گونجان و هەڵگرتنی ئەوان بەشی تاقیکاری لەوە زیاتری نەکردووە و ئیتر گەیشتۆتە کۆتایی. خۆشی لە بەکارهێنانی کە بەردەوامی ئەو کێشەی گەیشتووە و لە کۆتایی تەمەنیدا شیعری وای هەیە کە چەند کێشی لە شیعرێکدا تێکەڵ کردووە، یان لە تایبەتمەندییەکانی کێشی عەرووزیدا (ئەفاعیلەکانی) تووشی شکان و لەنگی بووە. بەداخەوە تەمەنی ئەو لەوە کورتتر بوو کە ئەو تاقیکارییانە بە ئاکام بگەیەنێ. پێڕەوانی ئەو کەم و زۆر ئەو ڕێگایەیان بڕیوە و ڕەنگە خۆدزینەوەی نوێخوازان و نوێبێژان لە کێشی عەرووزی نیمایییدا هەر بەوهۆیەوە بێ. هەڵبەت ئێستاش نوێبێژانێک هەن کە لەو کێشانەدا کاری بەرز و پیرۆز دەکەن، بەڵام بەبڕوای من داهاتوویییەکان ڕێگای خۆیان دیوەتەوە، ئەویش خۆدزینەوەیە لەکێشە دیاری کراوەکان. گەورەترین سەرکەوتنی نیما لە پێشکەشکردنی ئەندێشەی نوێ و وێنەی نوێ و زمانی زیندوودایە. ئەو کارەی نیما لەگەڵ زمان کردی نائاسایی بوو. بۆ ئاسان خوێندنەوەی شیعرەکە دەبێ بەکاربردنی پیتی زیادی و شێوەی کەڵک وەرگرتن لە (ئاوەڵناو) بەجێی (ناو) و شێوەی بەکارهێنانی شێوەی وێژاری ئەو فێربین. دەبێ لەگەڵ ناوی شوێن و دار و گوڵ و ئاژەڵ و پەلەوەر کە زۆربەیان ناوچەیین ئاشنا بین، دەبێ لەو هۆیانە بگەین کە بوونەتە هۆی ئیلهامی شیعرەکەی. دەبێ لە هەموو ئیما وێنەکان ڕواڵەتێک سازکەین و لەگەڵ مەسەلەی جۆراوجۆر پێوەندی بکەین. ئەو کاتەیە کە دەتوانین شوێنی ئەو لە ئەدەب و شیعری ئەمڕۆدا بناسین. ئەو کاتەیە کە دەزانین هەموو بزاڤێکی نوێ قەرزداری هەوڵ و تێکۆشانی بەنرخی ئەوە. هێشتاش زۆرن ئەو کەسانەی کە ناتوانن بە دروستی شیعرەکانی نیما بخوێننەوە. جەنجاڵی لەسەر ناوی ئەو زۆر زیاتر بووە لە موتالاکردنی بەرهەمەکانی.

* نیما تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر ئێوە هەبووە؟

– من لە شیعری خۆمدا لەچەند جێدا نەبێ، کەڵکم لە کێشی نیمایی وەرنەگرتووە. ئەم چەند شیعرەش لەبەشی دووەمی کتێبی(ئەو پیاوە، پیاوەکەی هاوڕێم)دا بڵاوبۆتەوە. هەندێکیشیان هێشتا بڵاونەبوونەتەوە. کە وەکو تاقیکارییەک بووە، هەروەها بایەخدان بەو پێوانە ڕواڵەتییە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە لە (ئەنتۆلۆژی) شیعری پێشڕەو بەدووربم و لە (کاتگۆری) شیعری کلاسیکیشدا نەگونجێم. ڕاستەقینەش ئەوەیە کە لەکاری خۆمدا بەجۆرێک تاقانەیی و سەربەخۆیی گەیشتووم، بەڵام بە ڕوانینی پانتایی نوێ و زمانی نوێ و وێنەی نوێ و کێشی نوێ و کێشی نەگوتراو و کەم گوتراوی خۆم، نیما کاری تێکردووم.

* ئێوە لەو کێشە تازانەدا هاوڵفی درێژایی دێڕەکانتان

هەروەها پاراستووە، دەکرێ باسی جیاوازی ئەوان لەگەڵ کێشە کۆنەکاندا بکەن؟

– بەرلەمەش زۆرجار وتوومە، من بیر لەکێش ناکەمەوە. هەوەڵێن لەتە شیعرم لەسەرەتاوە کە هەوێنی ئەسڵی هەست و ئەندێشە و ترووسکەی سەرەتایی ئەوە هەر بەو شێوەیە کە لە زەینمدا سەرهەڵدەدا، باقی شیعرەکەی لەسەر دادەڕێژم، دەبێ بڵێم ئەم یەکەم لەتە دێڕە هیچ کێشێکی نییە و من بە دووپاتکردنەوەی بڕگەکانی هاوڵفی ئەو لەدێڕەکانی دواییدا کێشێکی تایبەتیان پێدەدەم، کە لەگەڵ یەکەمین لەتە دێڕی شیعرەکە لەدایک بووە. ڕاستە وەکو شتێک کە دەیخەنە تایەکی تەرازووەوە، هیچ وەزنێکی بۆ دانەنراوە، بەڵام کاتێ هاوکێشی ئەو بخەینە تایەکەی تری، کێشەکەی وەدەست دێ. بەو شێوەیە من کێشگەلێکی تازەم وەدەست هێناوە کە هیچ جۆرە ئاشناییەکی لەگەڵ وشە تایبەتییەکان نییە و دەتوانێ فیکری تازە و وێنەی تازە لەخۆیدا بگونجێنێ، چونکە کێشە کۆنەکان تایبەتی غەزەل بە وشە و وێنە تایبەتییەکانی خۆیان زەینەکانیان وابار هێنابوو، کە هەڵەکردن لە وشەکان و وێنەکان بە هیچ لەونێک نەدەکرا.

* لەم شەرح دانەتدا وێدەچێ کە دەکرێ کێش بە هەموو لەتە دێڕەکان بدرێ، ئایا پانتایی ئەم تواناییە دەکرێ تاکوێ بێ؟

– دەزانم مەترسی ئێوە چییە؟ ئێوە لەوە دەترسن کە لەزمانی فارسیدا هیچ دەستەواژە و لەتە دێڕێک بێ کێش نەبێ، بەڵام لە بیرتان بێ من گوتم تەرازوو، نەمگوت قانتۆری ئەڵمانی، بریا تەرازووی زێڕینگەریم بگوتایە. من لەتە ڕستەیەک دەکەمە شیعر کە مۆسیقای سروشتی و ڕەوانی وشەکە بەوپەڕی خۆی گەیشتبێ. ڕستەکە کورت بێ، بیسەر بتوانێ بەئاسانی لەبەری بکات. زۆریش هەوڵ دەدەم کە ڕستەکە نەچێتە دوو کێشەوە، واتە کاتێ خوێنەر شیعرەکە دەخوێنێتەوە بە دوو شێوە کێش نەتوانێ بیخوێنێتەوە. ئەگەر ئەوەشی تێدا نەبێ، دەستی لێ هەڵدەگرم، بۆیە ئەو کێشانەی کەڵکم لێ وەرگرتوون ڕەنگە هێشتا بە پەنجا نەگەیشتبێ. دەنا دەکرێ بە پەنجا هەزار دانەش پێشکەش بکرێ کە هیچ کام بەکاری شیعر نەیەن.

* ئایا داهێنانی ئێوە زیاتر لە کێشەکەیدایە؟

– هەرگیز.. ئەم کێشانە بەو هۆیەوە گرینگن کە پانتایی نوێ و وێنە و ئیماژی نوێیان تێدا دەگونجێ، هەروەها هاوڵفییەک کە تائێستا کەمتر بینراوە لەودا دەگونجێ. بە گشتی ئەو شێوە غەزەلە جۆرە کێش و هەوایەک سازدەکا کە لەگەڵ غەزەلی کۆن لێک ناچن. تەنیا ڕواڵەت و هاوتەرازی خشتەکانی نابێ.

* دەتەوێ باسەکەمان لە دنیای شیعرەوە بەرەو مەسەلەی کۆمەڵایەتی بەرین؟

– بەڵێ.. ئەگەر بڵێم بوونی ناوەندێکی نووسەران کە بتوانن نیازەکانی کۆمەڵایەتی و گیروگرفتی گشتی خۆمانی تێدا بێنینە ئاراوە، هەروەها داواکانی بتوانێ بەرێوە بچێ. بۆ ئێمە ئەوە زۆر پێویستە، هەوا بۆ هەناسەکێشان چەند پێویستە ئەویش ئەوەندە. من ناڵێم وەکو شیرینی فرۆشەکان یەکێتییەکی سنفیمان هەبێ، چونکە بە گومانی هەندێ کەس، ئێمە تاڵی دەفرۆشین و ڕەنگە شیرینییەکانمان بە مەزاقی برێ کەس خۆش نەبێ.

* بیروڕات سەبارەت بە داهاتووی شیعری ئێران چییە؟

– بەتەواوی نازانم، بەڵام بە پێشبینی و بۆچوونی من شیعر کە لە ڕابردوودا زیاتر باوبووە، ڕەنگە جێی خۆی بدا بە چیرۆک و ڕۆمان. لە ئەدەبی کلاسیکی ئێمەدا شیعر زمانی خەڵکە، زمانی وتووێژی خەڵکە. زۆرکەس لەزەینی خۆیدا ڕایدەگرێ و لەکاتی قسەکردندا واتاکەی خۆی پێ شیرین و بەڵگەدارتر دەکا، بەڵام پەخشان زمانی شانازی و زمانی چینی نووسەران و مامۆستا و ئەدیب زانەکانە. (ڕوودەکی) یەکێ لە یەکەمین شاعیرانی ئێمەیە. لەسەردەمی ئەودا زمانی فارسی تەواو پوختە نەببوو، بەڵام شیعری ڕوودەکی هێندە ساکار و ئاسانە کە وەک قسەکردنی ئاسایی وایە:

**(لەگەڵ چاوڕەشان بژی بە شادی**
**کە ژیان وەکو ئەفسانە و بایە**
**خەمی ئێستاکە و داهاتوو مەخۆ**
**خەمی ڕابردووش مەهێنە کایە**
**من و ئەو شۆخەی قژلوول و بۆنخۆش**
**من و ئەو جوانەی فریشتە سایە**
**ساقی مەی بێنە چی دەبێ، بەتوون**
**دەزانم دنیا وەکو با وایە.)**

بەراوردی پێشەکی شانامەی (ئەبوو مەنسووری) لەگەڵ شیعری فیردەوسی دەتوانێ جیاوازی شیعری ڕابردوو

لەگەڵ پەخشانی ڕابردوو ڕوون کاتەوە، بەڵام ئەمڕۆ بە پێچەوانەوە زمانی پەخشان سانا بۆتەوە و زمانی شیعر چڕ و تەمومژاوی بووە.

من پێم وایە لە داهاتوودا باری پەیامی ئەدەبی زیاتر لەسەر شانی پەخشان دەبێ، شیعر بەربلاوی ئەرکی خۆی لەدەست دەدا و بۆ تاقمێکی تایبەتی دەبێ. چیرۆکنووسە هونەرمەند و لاوەکانی ئەمڕۆ بەڵگەیەکن بۆ ئەم قسەیەم. ڕەنگە شیعری چەند دەنگی و شانۆییش لە داهاتوودا جێی بگرێ. لەم ماوەیەدا شانۆیەکی شیعری باشم دی لە (محەمەد عەلی سەپانلوو) کە زۆر باش بوو بۆ بردنە سەر شانۆ. بێ ئەوەی زیادکردن و کەم کردنەوەی بوێ.

خۆشم لە هەندێ لە غەزەلەکانمدا کەڵکم لە دیالۆگ وەرگرتووە. بۆ نموونە ژن و پیاوێک کە ئیشتیای ئاشیان کردووە، یان دوو ژن کە لە ڕیزی شت کڕیندا پێکەوە دەدوێن، یان دوو هاوکار لەسەر کارێک دەمەتەقێ دەکەن و... لەم شیعرانەدا ڕەنگدانەوەی تەوس (تەنز)یش بەکارهاتووە.

* دەکرێ هەندێ سەبارەت بە ژیانی خۆتان بدوێن؟

– ژیانی من هەروەکو ژیانی زۆربەی ژنانی هاووڵاتیم وایە، کڕین و چێشت لێنان و جلوبەرگ شۆردن و گسک لێدان و دروومان و... چەند ساتێکیش کە دەمێنێ بۆ خوێندنەوە و نووسین، کە لەم بەشەی ژیانمدا ڕەنگە لە ژنە ماڵدارەکان زیاتر هەوڵ بدەم. بیست و نۆ ساڵیش لە قوتابخانە ناوەندییەکانیش دەرسم گوتۆتەوە و ئێستا خانەنشین کراوم. چەند ساڵ لەمەوبەر هەواڵنووسێکی ڕۆژنامە بڕیار بوو وتووێژێکم لەگەڵ ئەنجام بدات، منیش لەبیرم چووبۆوە کە بەڵێنم پێداوە.

لە ماڵێ خەریکی کاربووم کە لە دەرگایان دا، چونکە چاوەڕوانی کەس نەبووم پێم وابوو زبڵ ڕێژە لەدەرگا دەدا، هەروەها بە نێوچاوانی پێچراو و بەرهەڵبێنەوە – دوور لە چاوی مەولەوی – گسک بە دەستێکەوە و زبالەدان بە دەستەکەی ترەوە دەرگام کردەوە. کابرای هەواڵنووس بە دوو شکی و گومانەوە گوتی: ئێوە خانمی سیمین بێهبەهانین؟!)

گوتم: نا من کڵفەتیانم. فەرموون ئێستا دەچم بانگیان دەکەم.

**سەرچاوە:**

**ماهنامەی گەردوون، تابستان ١٣٧٤ شمارەی ٢٩ –**

**ئامادەکردنی: عەباس مەعرووفی.**

# ئەركی هونەر

تەها ئەحمەد ڕەسووڵ
(سلێمانی)

هونەر ئەو کایە زیندووەیە کە لە دێرینەوە تا ئەمڕۆ و لە داهاتووشدا پێ بەپێی ژیانی مرۆڤایەتی هەنگاوی ناوە و ژیار و شارستانییەکانی بە قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا تێپەڕاندووە، بێجگە لە ڕۆڵ و بەها و توانستی لە گۆڕانکارییەکاندا، مرۆڤیشی بۆ ئاستێکی باڵاتر سەرخستووە و خەون بە کامڵبوونی هەموو جومگەکانەوە دەبینێت، لەو پێناوەشدا زۆرینەی فەیلەسووفان و بیرمەندان و توێژەرەوان شرۆڤە و خوێندنەوەی هەمەجۆریان بۆ کردووە و لە میتودەکانیاندا ڕەهەندەکانیان لێکداوەتەوە، یەکێک لەو ڕەهەندانەش ئەو ئەرکانەیە کە هونەر لە ئەستۆیان دەگرێت و لەپێناویاندا تێدەکۆشێت. زۆرینەی پسپۆڕان و بیرمەندان ئەرک و وەزیفەکانی هونەر دەکەن بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم لەم تەوەرە سەرەکییانەدا چڕی دەکەنەوە کە لێرەدا دەستنیشانیان دەکەین: (ئەرکی مۆراڵی، ئەرکی شارستانی، خۆشگوزەرانی، سوودمەندی و بەرژەوەندی، کۆمەڵایەتی، سرووش و خوڵقاندن). هەرچی ئەرکی دووەمیشە ئەرکێکە بە داهێنەرانەوە پەیوەستە.

**یەکەم: ئەرکی مۆراڵیی هونەر**

ئەو پرسیارەی لێرەدا خۆی دەسەپێنێت ئەوەیە بپرسین داخۆ، بێجگە لە ئەرکی ئیستێتیکی هونەر شتێک هەیە بە مۆراڵ و بانگهێشتی مۆراڵییەوە گرێی بداتەوە؟ ئایا هونەر دەروەستی ئەو بانگهێشتە دێت لەنێوان ئیستێتیکای هونەری و ئیستێتیکای مۆراڵیدا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە فەیلەسووفان و جوانیناسان لە پێوەندی هونەر بە مۆراڵەوە دەبن بە دوو بەرەوە، هەرچی یەکەمیانە پێیان وایە ئەرکی هونەر هەنگاونانە بەرەو



**سارتر**

باشی و دوورکەوتنەوە لە خراپی، سەرباری ئەمەش پێدانی هۆشیاری و هۆشمەندی بە خەڵکی، هەردوو فەیلەسووف (ئالن)ی فەرەنسی و (سانتیانا) ی ئەمریکی سەر بەم ڕەوتەن. ئالن (١٨٦٨- ١٩٥١) ڕای وایە کە فەلسەفەی باو لەسەر هەق بووە کە بەهای مۆراڵی بەخشیوەتە بەهای ئیستێتیکا، چونکە شێوەیەکە لە شێوەکانی ئیستێتیکا و لێی جیانابێتەوە، لە زمانە فەرەنسییەکەدا هەموو کردەیەکی مۆراڵی بە کردەیەکی ڕێکوپێک و جوان وەسف دەکرێت و پێوەندی تۆکمەی نێوان خێر و جوانی دەردەخات، سەرباری ئەمەش جوانی شەقڵێکی ئایینی وەرگرتووە و وای کردووە نهێنییە پیرۆزەکانی ئایین لە گوزارشتە هونەرییەکاندا ڕەنگ بدەنەوە، مرۆڤ هەر لە دێرینەوە ڕەهەندی ئیستێتیکای لە ئایین و خواوەند دانەبڕیوە تا ئەو دەمەی هونەری پەیوەست کردووەتەوە بە مەرام و خولیا تایبەتییەکانییەوە کە بووەتە ئامرازێک بۆ خۆشنوودی و چێژبەخشین، لەکاتێکدا لە کۆندا هونەر بە بیروباوەڕی پیرۆز و بالاترین بەهاوە پەیوەست بووەوە، هەر بۆیە ئێستا سەروکاری لەگەڵ مۆراڵدا هەیە، بۆچوونی ئالن دەربارەی داماڵینی مۆراڵ لە هونەر بۆ ئەو ئاقارە دەگەڕێنێتەوە کە مرۆ دوای ئارەزوو و مەیلەکانی خۆی کەوتووە و لەو ڕێیە لای داوە.

جۆرج سانتیانا (١٨٦٣- ١٩٥٢) پێوەندیی هونەر و مۆراڵ و ژیان لە چوار هەڵوێستدا کۆدەکاتەوە، یەکەم دابڕینی هونەرە لە ژیان، چونکە هونەر بۆ هونەر تێدەکۆشێت و چالاکی هونەری هیچ مەرجێکی نییە، بەڵکو لە هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ چالاکییەکی سەربەخۆیە، هەر بۆیە ئەم دیدگایە وای کردووە جوانی ببێتە شتێکی پەرستراو. دووەم دوورخستنەوەی چالاکی هونەرییە لە هەموو چالاکییەکانی دیکەی مرۆڤ، لە نموونە دەرکردنی شاعیران لەلایەن ئەفلاتوونەوە لە کۆمارەکەی و چاودێرییەکی مۆراڵیی توند بۆ هونەر دادەنێت، لەمەشدا ئەوە دەخاتەوە پاڵ هونەرەوە کە ئەرکێکی خۆشنوودی هەیە و ئامرازێکە بۆ گەمەکردن لە ژیاندا.

سێیەم بەخشینی بەهایەکی ناوەندی و ناسەرەکی بە هونەر، بەواتای بوونی وەک بەهایەکی پێویستە بۆ تەنیا قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی دەروونی مرۆڤایەتی، هەر بۆیە دەبێت لەو پێشکەوتنەدا ژیانی ئیستێتیکا تێپەڕێنێ و بچێتە قۆناغێکی دیکەوە کە جیهانی مۆراڵ و ئایینە، هەوادارانی ئەم ڕەوت و بیرکردنەوەیە ددان بە بەهای هونەردا دەنێن، وەلێ ملکەچی بنەمایەکی دەکەنەوە کە لە ئاستێکی نزمتر تەماشای بکەن، وەک لە چالاکییەکی دیکەی مرۆڤایەتی، بەو پێیەش چ شێوەیەکی چۆنیەتی پێ نابەخشن و بە قۆناغێکی دیاری کراوەوە دەیبەستنەوە لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی هۆشمەندیی مرۆیی. چوارەم سانتیانا هونەر وەها پۆلێن دەکات کە لەگەڵ چالاکی ئیستێتیکادا گرێی دەداتەوە و پێی وایە دەڕژێتەوە ناو ژیانی ئاوەزی مرۆڤەوە بەو پێیەی دەبێتەوە سیمایەکی هەوڵدانی مرۆڤ بەرەو گەیشتن بە نموونەی بالا، لێرەشەوە هونەریش دەبێتەوە چالاکییەک لە چالاکییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و لێی جیانابێتەوە، نە گۆشەگیر دەمێنێتەوە لە ژیان و نە ملکەچبوونی ڕەهاش بە ژیانی ڕوحی. سانتیانا لەنێوان بەهای هونەر و بەها مۆراڵییەکاندا جیاکارییەک دەکات و بە بەهای مۆراڵی دەڵێت بەهای ئیستێتیکای نێگەتیڤ، چونکە بەرهەڵستی ئازار و شەڕ دەکات و جیهانی مۆراڵ جیهانی ململانێی خراپەکارییە

و پابەندبوونە بە سیفەتە باشەکانەوە، بەواتای جیهانی مۆراڵ چێژ و سوودی ڕاستەقینەی دنیامان دەداتێ، لەکاتێکدا جیهانی هونەر جیهانی سەربەستی و تێپەڕاندن و چێژوەرگرتنە، هونەر چالاکییەکی ئازادە و گەمەیەکە، لە پێوەر و بەهای جوانیدا بۆ سەرخستنی خۆی تێدەکۆشێت، نەک ئامانجێک کە لەپشتەوە بوونی هەبێت.

بەهای جوانی بەهایەکە لەناو خۆیدا، بێجگە لەمەش دەبێتە بەهایەک لەو ئامرازانەدا کە مەرام و مەبەستیان هەیە، لە مۆراڵدا هەموو ئەو شتانە بەهادارن کە بەهایان هەیە، وەلێ لە چالاکی هونەریدا بەهایەکی سەربەخۆ بوونی هەیە و نارژێتەوە نێو ڕەوشە ڕاستەقینەکانەوە، واتە بەرژەوەندییەکی گشتی و باڵا لە هونەردا هەیە، نەک بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، ئەزموونی جوانی چالاکییەکە خۆی لەژێر پەستانی پێداویستییەکان دەرباز کردووە، هەر بۆیە تێدەپەڕێنێت و دەبێتە گەمەکردن. لای سانتیانا هونەر نمایشکردنی باڵاترین سەربەستییە، لەکاتێکدا مۆراڵ جۆرێک لە چاودێری و کۆت و پێوەندی تێدایە، وێڕای ئەمەش پێوەندییەکانی نێوان هونەر و مۆراڵ ڕەت ناکاتەوە.

هەرچی بەرەی دووەمی بیرمەندان و فەیلەسووفانە هونەر تەواو لە مۆراڵ دادەبڕن و پێیان وایە هونەر هیچ پێوەندییەکی بە مۆراڵەوە نییە. هەوادارانی ئەم دیدگایەش بریتین لە (کانت) و (سارتر) و (کرۆچە).

جیاکردنەوەی کانت بۆ هونەر لە مۆراڵ لە ڕەخنەگرتنی بڕیاردانەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها پێدانی پێگەیەکی سەربەخۆش بە کایەی ئیستێتیکا لە هەموو کایەکانی دیکەی چالاکی مرۆڤایەتی، لای ئەو نەخشونیگار و ئەرابیسک و هەموو ئەو جۆرە کارانە بەرجەستەکردنێکی ڕەسەنی جوانین و هیچ مەبەستێک لەپشت ئەو هونەرانەوە نین، لەپاش توێژینەوەکانیشی کانت لەو بڕیارەی پاشگەز دەبێتەوە و ددان بەوەدا دەنێت کە هونەر هێما و سیمبۆلی خۆشنودییە، هەموو هەوڵەکانی کانت بەفیڕۆ دەڕوات و لە سنووری توێژینەوەی نێوان مۆراڵی و ئیستێتیکی تێناپەڕێنێت.

سارتر (١٩٠٥- ١٩٨٠) پێی وایە هونەر هیچ پێوەندییەکی بە مۆراڵەوە نییە، بەڵکو دەبەنگیشە ئیستێتیکا و مۆراڵیش تێکەڵاو بکەین.

کرۆچە (١٨٦٦- ١٩١١) ئەو تیورە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێت: هونەر کردەیەکی مۆراڵییە. پێی وایە وتەی مۆراڵیی کاری هونەری ناگرێتەوە مادامەکی مەحاڵ بێت بڕیاردان لە وێنەیەک کە لەڕووی مۆراڵەوە باش، یان خراپ بێت، نموونە لەسەر شێوەکان دێنێتەوە و دەڵێت ناتوانین بە چوارگۆشە بڵێین مۆراڵییە و سێ گۆشەش نامۆراڵی، هیچ یاسایەک نییە بڕیار بەسەر زیندانیکردن و لەسێدارەدانی وێنەیەکی هونەریدا بسەپێنێت، هونەر تەواوی دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی مۆراڵەوە. کرۆچە بیرۆکەی هونەری ئاراستەکراو، یان مەبەستداریش ڕەت دەکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا پێی وایە هونەرمەند لەدەرەوەی شانشینی مۆراڵدا نییە، بەڵکو هونەریش پەیامە و ئەرکێکی پیرۆزە.

ئەگەر سەرنج بدەین لە هەڵوێستی هەوادارانی بەرەی یەکەم کە سانتیانا خستوویەتییە ڕوو پەرستنی جوانی ڕەنگ دەداتەوە، وەها لە هونەر دەخوازێت لە ژیانی ڕاستەقینە دوور بکەوێتەوە و چ پێوەندییەکی بە ژیانی ڕۆژانەوە نەمێنێت، هونەر تەنیا بەنگ و تلیاک نییە تاوەکو هەموو ئەرکەکەی ورووژاندنی ئەندێشە و هەڵچوونەکانمان بێت بێ ئەوەی پەیوەست بێتەوە بە خۆشنوودی ژیانی ڕاستەقینەوە، ئەگەر ئاستێکی وەها باڵا ببەخشینەوە هونەر، دەبێت بە ئەرکە ئەقڵییەکانی دیکەوە ببەستینەوە، ناکرێت هەست بە سوودی شتەکان و پێزانینیان بکەین لە هەبوونی ڕاستەقینەی خۆیاندا، سانتیانا دەیەوێت هونەرمەند ڕێز لە سێ کوچکەی پیرۆزی یۆنانییەکان بگرێت کە (کردەوەی چاک و هۆشمەندی و جوانییە) و چالاکییە هونەرییەکەی بکاتە هەوڵدان بۆ گونجاندنیان تا جیهانێکی ئامادەکراو بخولقێنێت بۆ خاتری دەروون، هەروەها دەروونیش لەئامادەباشیدا بێت بۆ قایلبوون بە جیهان، کاتێک هونەر بە هۆشمەندی و کردەوەی چاکەوە گرێ دەداتەوە بەمانای گرێدانەوەیەتی بە مۆراڵەوە، چونکە کردەوەی باش و حیکمەت پەیوەستن بە ئاکاری جوانەوە، هەرچی ئەو فەیلەسووفانەشە کە هونەریان لە مۆراڵ داماڵیوە دەبینین لە ڕای خۆیان پاشگەز بوونەتەوە، یان لەدواجاردا ئاماژەیان بەوە داوە کە ئاوێتەبوونێک لەنێوان هونەر و مۆراڵدا هەیە، ئەگەرچی کەم و باریکیش بێت.



هیگڵ

**دووەم: ئەرکی شارستانیانەی هونەر**

زۆرینەی فەیسلەسووفەکان پێیان وایە هونەر شێوەیەکە لە شێوەکانی تۆمارکردنی هەم شارستانیەتی نەتەوە سەرەتاییەکان و هەم شارستانییەکانیش، ئەزموونی ئیستێتیکاش لەوێوە تەماشا دەکرێت کە تا چ ئاستێک ئەو نەتەوانە شارستانیی بوون، یان دەبن. لەم بارەیەوە (جۆن دیوی) ڕای وایە هونەر بە شارستانییەتەوە پەیوەست دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەزموونە پراکتیزەیی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان لە هەموو شوێنکاتێکدا شەقڵێکی ئاشکرای ئیستێتیکایان پێوە دیارە، بە گەڕانەوە بۆ پاشماوە و جێدەستی کۆمەڵگە کۆنەکان، سیمای ژیان و نەریت و یاساوڕێسا و دروستکراوەکانیان، دەبینین هونەری جوان تەواو ئاوێتەی بایەخدانی ژیانی ڕۆژانە و کۆمەڵایەتییان بووەتەوە، هونەر دیاردەیەکی هاوشان بووە لەگەڵ بوونی پەرستگە و سرووتی ئایینی و ئاهەنگ و یارییە میللییەکان و دادگە و گۆڕەپانەکان و هەموو شێوەکانی ژیانی هاوبەشیانەوە، هەموو دیرۆکی ژیاری مرۆڤایەتی شایەتحاڵی ئەوەیە کە کۆمەڵگەکان ڕۆژێک لە پیشەسازی و ئەزموونی جوانی دانەبڕاون، جۆن دیوی لەو بڕوادایە شتێک نییە مانای هەبێت بۆ ڕەوتی (هونەر بۆ هونەر) و بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی چەند بەڵگەیەک دەهێنێتەوە.

پێی وایە، ئەگەر بانگەشەیەکی وەها هەبووایە ئەوە هەرگیز ئەسینا بەو نازناوە ڕازی نەدەبوو، ئەفلاتوون هەستی بەوە کردووە کە شیعر ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و هەڵچوونەکانە و بە سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست دەبێتەوە، هەر بۆیە ئەم هەستەی بەرەو ئەوەی بردووە چاودێریی بخرێتە سەر شاعیران و هونەرمەندانی شانۆ و مۆزیک، هیچ یەکێکیش لە هاودەمەکانی گومانیان لەوە نەبووە کە مۆزیک بەشێکە لە بەشەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە و سیستەمەکەی. لەلایەکی تریشەوە (دیوی) وای دەبینێت کە تاکەکانی کۆمەڵگە ئەزموونی جوانی نوێ دەکەنەوە و چێژی لێ وەردەگرن و شارستانییەکەیان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خەملاندنی ئەزموونەکانیاندا هەبووە، ئەزموونی جوانیی سیما و تۆماری هەموو شارستانییەتێکە، بەڵکو بۆتەیەکیشە بۆ لەئامێزگرتنی هونەر و پیشەسازیی و سرووت و شیعر و ئەفسانە و بەهاکانیان.

بە بۆچوونی (دیوی) ئەفسانەکانیش لە تێڕوانینی مرۆڤی سەرەتاییەوە تەنیا هەوڵدانێکی ئەقڵی نەبوون بۆ زاڵبوون بەسەر سروشتدا، بەڵکو ئەزموونی جوانیی لەپشتەوە فاکتەری زاخاودان و وروژاندنی هەست و نەستیان بووە. هونەر لە چاخەکانی ناوەڕاستدا تەنیا خزمەتکاری ئایین نەبووە، یان وەک فێرگەیەکی خوێندنگە بێت، بەڵکو دیدگە لاهوتییەکانیش کاریان نەکردووەتە سەر مرۆ ئەوەندەی بەخششی ڕاستەوخۆیان داوەتە هەست و ئەندێشەکان و وایان لە ئایینەکان کردووە نهێنییە پیرۆزەکانیان بە شاکارە هونەرییەکانەوە ببەستنەوە.

ڕای وایە زۆربەی شۆڕشە هزرییەکانیش کە ئەمرۆ گەردووناسان و زانایانی فیزیک بەرپای دەکەن لەگەڵ هەست و ویستی ئیستێتیکاماندا یەک دەگرنەوە، کە خەیاڵمان تیژ دەکەن زیاتر لەوەی تینوویەتی ئەقڵیمان بشکێنن. دواجار ڕایدەگەیەنێت کە ناتوانین هونەر لە ژیانی شارستانی هەموو کۆمەڵگەکان دابڕین مادامەکی شارستانییەت ڕۆڵی لە سەرهەڵدانی زۆرینەی ژانرە هونەرەکاندا هەبووە.

(هیگڵ) پێی وایە هونەر کلیلی هۆشمەندیی لای میللەتان بزر کردووە، چونکە مێژووی دەستکەوتە

گەورەکانیان پاراستووە، لە دەسپێکدا دەڵێت: هونەر تاقە کلیلێکە لای هەندێک نەتەوە بۆ تێگەیشتن لە حیکمەت و ئایینەکانیان، ڕای وایە هونەر دەروونەکان وەئاگا دێنێتەوە، لەلایەکی دیکەیشەوە بیرمەندانی سەردەمی نوێ پێیان وایە هونەر وەک پردێکە لەنێوان مرۆڤەکاندا، یان ئەو زمانە جیهانییەی دیالۆگ لەگەڵ مرۆڤدا دەسازێنێت ئیدی لە هەر شوێنێک بێت، یان بیرکردنەوەی چۆنیش بێت، وێستگەیەکە بۆ پێکگەیشتنی هەموو مرۆڤێک لەم جیهانەدا، نەک گەیاندنی میللەتانیش بەیەکدی، بەڵکو ئێستاش بە ڕابردووەوە دەبەستێتەوە، یان دەگەیەنێت.

کارە هونەرییەکان بە تێڕوانینی (دیوی) تەنیا نێوەندێکن بۆ پێکگەیشتنی مرۆڤەکان بەیەکدی، ئەزموونمان بەرفراوانتر دەکەن و لە مۆرکی ناوچەییەوە دەبنە ئیقلیمی و جیهانی، هەرچی کرۆچەیە ڕایەڵێک دەستنیشان دەکات کە لەنێوان ئێمە و هونەرماندانداندا هەیە، ئەویش لەمیانی کاری هونەرییەوەیە کە تێیدا گوزارشتیان لە خۆیان کردووە، واتە پیشاندان و نمایشکردنی ئەزموونی خودی بۆ هەمووان و بەرکەوتنی ئەزموونەکان پێکەوە وەک ئەوەی هەڵچوون و کاردانەوەکانی خۆیان ببیننەوە، لێرەوە کردەی داهێنان گۆڕاوەتە سەر کردەی چێژوەرگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی هەست و نەستەکان و بەرکەوتنیان، (دیوی) لای وایە ژیانی تایبەتیمان ئەو شتەیە کە بە ڕابردووەکانمانەوە پەیوەست دەبێت، ژیانی کۆمەڵایەتیش بوونی هەیە مادامەکی لەگەڵ هاوشێوەکانمان لە پێوەندیدا دەبین، ئێمە لە کاری هونەرمەندان چێژ وەردەگرین، چونکە دەتوانین هەموو ئەو دۆخ و ڕەوشانە بهێنینەوە پێش چاو کە چۆن وەک ئەوان ملکەچی کاریگەریی جوانییە دیاریکراوەکان بووینەتەوە. دەتوانین بەسەر هەموو ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و مێژووییانەدا زاڵ بین کە ئێمە و ئەو ڕەوشانە لێک دەترازێنن، کە بەخششە هونەرییەکانیان بەرهەم هێناوە، بەم پێیەش هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دەتوانێت چێژ لە کاری گەورە هونەرمەندان ببینێت، ئەگەر بتوانێت لە زەینی خۆیدا خەیاڵ و ئەندێشەی هاوچەشن بخولقێنێت کە بە بیری هونەرمەندانداندا هاتوون، ئەگەر ئەمە نەبووایە شتێک نەدەبوو پێی بوترێت دیرۆکی هونەر، یان بەرهەمی هونەری.

**سێیەم: ئەرکی خۆشگوزەرانیی هونەر**

لەو ئەرکە زیندووانەی هونەر لە ژیاندا هەیەتی خەم و ئازارەکانمان ڕامالێت و چەرمەسەرییەکانی ژیان بە گەمە و زیندوویەتی لەبیر بباتەوە، وردبوونەوە لە جوانی خۆشییەک دەبەخشێت، لەم وردبوونەوەیەدا هەر یەک لە (سپنسەر) و (شیللەر) ویستوویانە شرۆڤەی هونەر وەک وێنەیەکی باڵای گەمە و یاری بکەن، فەیلەسووفەکانی تریش لێرە و لەوێ وەها وەسفی هونەریان کردووە کە چێژ و خۆشی لە چێژبینینی هونەری دەکەوێتەوە. بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە هەنووکە زۆرینەی موزەخانەکان و هۆڵی نمایشکردن و ئێوارە کۆڕە ئەدەبییەکان گۆڕاونەتە سەر سەنتەر و مەڵبەندی تیوریست.

**چوارەم: ئەرکی سوودمەندی و بەرژەوەندیی هونەر**

لە یەکالاکردنەوەی ئەم ئەرکەدا پێویستە بپرسین ئایا هیچ پێوەندییەک لەنێوان هونەر و بەرژەوەندیدا هەیە، ئیدی ئابووری بێت، یان سیاسی و بەکاربردنی؟ سروشتی هونەر چییە؟ ئایا خۆی لەخۆیدا ئامانج و مەبەستە، یان بەرژەوەندییەکیش لەپشتییەوە هەیە؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسە دوو دیدی جیاواز دەربارەی هونەر هەیە، یەکەمیان وای دەبینێت کە هونەر ئاگایی و هۆشمەندیی ئادەمیزاد سەردەخات و پێش دەخات، یان لە ئەستۆیەتی سیستمی کۆمەڵایەتی ڕێک بخات و بەرەو باشتری ببات، دووەمیان پێی وایە هونەر لەخۆیدا مەبەستە و هەر هەوڵدانێک بۆ ئەوەی بیکاتە ئامراز و هۆیەک لەپێناوی مەرام و مەبەستێکدا هەوڵدانە بۆ شێواندنی کاری هونەری و کەمکردنەوەی بەهاکەی.

وشەی بەرژەوەندی شتهایەکی زۆر لەخۆدەگرێت، هەربۆیە دەبێت لەو مانایانە تێ بگەین کە هەریەکە لە فەیلەسووفەکان بەکاری دەهێنن، هەر یەکە لە (چیرنیشڤسکی، جۆن دیوی، جۆرج سانتیانا) بە بەرگریکارانی ئەم ڕەوتە دادەنرێن، هەرچی چیرنیشڤسکییە لای وایە هونەر دەبێت خزمەتی ئامانجە زیندووەکان بکات و نابێت ببێتە هۆی پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵ و ئاسوودەکەرەوەی دەروون، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی هونەر دەبێتە گاڵتەجارییەک بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤ و هەموو ئەو شتانەی بۆ دەستەبەر بکات کە سوودیان هەبێت، بەڵکو هونەر ڕۆڵێکی فێرکاری هەیە و دژ بە

خراپەکاری دەوەستێتەوە و پشتیوانی لە چاکەخوازی دەکات، ئەو سوود و بەرژەوەندییەی چیرنیشفسکی مەبەستێتی سوودێکی پەروەردەیی و فێرکارییە، یان کۆمەڵایەتی بۆ بەگژداچوونەوەی خراپەکاری.

جۆن دیوی پێی وایە هەموو هونەرە جوانەکان هونەری سوودمەندی و بەرژەوەندین، جوانی لە کەڵک و سوود جیا ناکاتەوە و وای دەبینێت ژیانی شارستانی ئەو پێوەندییە قووڵتر دەکاتەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی بەرفراوان بڕوانینە سوودمەندی ئەوە دەکرێت بڵێین هونەرە جوانەکان سوودمەندن، ڕای وایە پیادەکردنی هونەرە جوانەکان کاریگەرییان لەسەر دەروون دەبێت و لە بینینی ڕەنگی نوێدا ئەزموونی جوانی پێزانینمان دەداتێ، هەموو دروستکراوە پیشەسازییەکانیش کە سوودیان هەیە، ئەگەر هونەرییانە مامەڵەیان لەگەڵدا کرابێت دەڕژێنە ئەو بوارەوە، ئەو سەرنجەش دەخاتە ڕوو کە پێویستە هونەرە جوانەکان و هونەرە سوودمەندەکان پێکدا بچن بەبێ ئەوەی چالاکییە هونەرییەکان و پیشەسازییەکان لەیەکدی جیا بکرێنەوە، لەمەوەیە کە (دیوی) هونەر بە ئەزموونەوە وابەستە دەکاتەوە و پێی وایە هونەری جوان و هونەری سوودمەند پێوەندییەکی تۆکمە لەنێوانیاندا هەیە و دەبنەوە سیمای چالاکییەکانی مرۆڤ، پاشان ئەو هۆکارانە دەستنیشان دەکات کە وایان کردووە هەندێک هونەری جوان لە سوود و بەرژەوەندی دابـڕێن لەوانەش فاکتەری ئابووری و پیشەسازی و جەنگەکان. باس لە جەنگەکان دەکات و دەڵێت: ئەگەر تەماشای موزەخانە و پیشانگە تازەکانمان بکەین کە وا ڕاهاتووین بەرهەم و بەخششە هونەرییەکانیان تێدا ئەمبار بکەین، هەست بەو دابڕانەی هونەر دەکەین لەبری ئەوەی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە ببەسترێتەوە، زۆرینەی موزەخانە ناودارەکانی ئەورووپا بەشێکی دیاریکراویان پاشـــاوە و یادەوەریـن بۆ شـــوناسی نەتەوەیی و داگیرکاری، هەر پایتەختێک لە پایتەختەکانی ئەورووپا پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە موزەیەکی نەتەوەییان هەبێت بۆ پەیکەر و تابلۆکانیان، لایەنە مەزنەکانی ڕابردووی هونەرییان بەرجەستە دەکەنەوە، بۆ نموونە لە موزەی لۆڤەردا بەشێک بۆ ئەو زەخیرەیە تەرخان کراوە کە فەرمانڕەواکانیان لە داگیرکردنی گەلاندا بەدەستیان هێناوە و زەوتیان کردوون، نموونەی ئەمە هەگبەکانی ناپلیۆنە، لێرەوەیە کە لە سەردەمی نوێدا لەلایەکەوە هەست بە دابڕینی هونەر دەکرێت و لەلایەکیشەوە دیاردەی نەتەوەیی و سەربازی بەدی دەکرێت.

بۆ فـاکـتـەری ئابووری باس لە گەشەسەندنی سەرمایەداری دەکات وەک هۆکارێکی نەتەوەیی لە سەرهەڵدانی موزەخانەکاندا، ئەم سیستەمە چینە دەوڵەمەندەکانی وەدەرخست بۆ بەخاوەنکردنی کارە هونەرییەکان و خۆگیڤکردنەوەیان بەو گەنجینانە کە بنەوە پشتوپەنای ڕۆشنبیرییان. دواتر کاریگەریی فاکتەری پیشەسازی دێنێتە بەر باس لە دابڕینی هونەر لە ژیان و دەڵێت: هونەرمەند کاتێک بینی ناتوانێت وەک ئامێرێکی میکانیزمی پیشەسازیی گەورە بەرهەم بهێنێت، هەستی بەوە کرد کە چالاکییەکەی وەلانراوە، لەبەر ئەوە وەها کاری کردووە کە هونەرەکەی گوزارشت بێت لە خودی خۆی، کاردانەوەکەشی ئەوەبوو بەرهەمی هونەری ببێتە بەخششێکی سەربەخۆ و بەرجەستەکردنی ناوەرۆکی پەنهان و شاراوە، تا بەرهەمەکانیان نەبنەوە خزمەتکاری هیچ هێزێکی ئابووری، ئەم نەخۆشییەش پەرییەوە بەرەو ڕەخنەی هونەری و وای کرد خەڵکی شاکاری هونەریی مەزن بکەنە شتی سەرسوڕهێنەر و پێیاندا هەڵبدەن، هەموو ئەمەش ئەو هونەرمەندانەی دەگرتەوە کە بایەخیان نەدەدایە دەرککردنی جوانی و لە هەستی پوختەوە هونەریان پێشکەش دەکرد.

سانتیانا ئەو لایەنە دەستنیشان دەکات کە زۆرینە دووچاری ئەو وەهمە بوونەتەوە کە چێژی جوانی لە مەبەستێکەوە دێتە کایەوە، خۆشنوودی هونەری وەک خۆشنوودی ژیان وایە، بەڵام ئەگەر ببێتە هۆی ئەوەی زیاد لە پێویست خۆشنوودی جوانی دەستگیر بکەین و وەک خشڵ و گەنجینەیەکی گرانبەها تەماشای بکەین، ئەوە چێژی جوانی دەبێتە شتێکی خودی و بەپێی نرخ لێکدەدرێتەوە، ئینجا باس لە جۆرێکی دیکەی سوود دەکات کە ئەویش تەبایییە لەگەڵ سروشتدا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە جوانی گەرەنتی کۆکبوونی دەروونە لەگەڵ سروشتدا، ئەو خۆگونجاندنە وای کرد فۆرمی هونەری دیکە بێنە مەیدانەوە، بۆ نموونە هونەری تەلارسازی لەگەڵ پێداویستییەکانی وەک پاراستن و ڕووناکی و هەمەچەشنی کەلوپەلەکان تەبا بێتەوە، چاوی مرۆ بە ڕاهاتنی لەسەر بینینی شێوە دیاریکراوەکان و

دووپاتبوونەوەیان وای کردووە شێوەکان ببنە نموونەیی، ئیدی هێڵی سوودمەندی لەلا بووەتە هێڵی جوانی، لەمەوە سانتیانا لەگەڵ ئەفلاتووندا هاوڕا دەبێتەوە کە جوانییەکی ڕەها هەیە و سیستمی جیهان کۆنترۆڵ دەکات، بەڵکو بڕیاریش دەدات کە سیستمی جیهان لە هەندێک توانستی میکانیکییەوە پەیدا بووە و نموونە و جۆرەکانی دیاری کردووە، ئەو شتانە پێشتر لەلامان جوان نەبوون و پاشان بوونەتە چێژبینینی جوانی.

دواتر باس لە ئەرکی هونەرمەند دەکات کە سوود و بەرژەوەندییەکان بگۆڕێتە سەر ئیستێتیکا، پێی وایە فاکتەری چێژ و خۆشنوودی هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ ڕەنگڕێژکردنی هەندێک فۆرمی ئەبستراکت بە بەهای ئیستێتیکی، ئەمەش لە پێزانینمانەوە بۆ ئەو شێوانەی هەستێکی شیاومان دەدەنێ کە تەریب دەبنەوە بە شپرزەییە ماسوولکەیی و هەستییەکانمان، لێرەشەوەیە کە لە چەمکی جوانیدا گەرەنتی تەبایی دەروون و سروشت دەبینێتەوە.

### هونەر بۆ هونەر

هەوادارانی تیوری هونەر بۆ هونەر و بەرهەم بۆ بەرهەم هەریەک لە (ئەمانوێل کانت ١٧٢٤- ١٨٧٤) فەیلەسووفی ئەڵمانی و (کرۆچە) و (سارتر) ن. کانت دەڵێت: پێوەدانگی جوانی وەلانانی هەموو پێوەدانگێکی بەرژەوەندخوازە لەلایەن تاکەکانەوە، هەروەها دەڵێت: مرۆڤی کۆمەڵایەتی هەموو شتێکی سوودمەند وەک جوان دانانێت، بەڵام بێ گومان ئەو شتە سوودبەخشانەی دەبنە یاریدەدەر تاوەکو بەسەر سروشتدا، یان کەسانی دیکەدا زاڵ ببێت بەلایەوە دەبنەوە شتێکی جوان. لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دیدگەکانی سوود و جوانی لای مرۆڤی کۆمەڵایەتی چوون یەک بێت، هەرچی شتە سوودبەخشەکانە ئەقڵ دەیانزانێت و هەرچی جوانەکانیشە هەست و هەڵهێنجان دەیانبینێت، هەست و هەڵهێنجان بەرفراوانی لەخۆدەگرێت و بە پێوەری ئەقڵ لێک نادرێتەوە، مرۆ کە مەیلی شتێکی هەیە و پێی جوانە لایەنی سوود ناخوێنێتەوە، خۆ ئەگەر پێشتریش بزانێت ئەو شتە سوودمەندە ئەوە لە شیکردنەوەیەکی زانستییەوە دەرکی پێ دەکات، سیمای سەرەکی چێژبینینی جوانی بەوە خۆی جیادەکاتەوە کە ڕاستەوخۆ دێتە کایەوە و بەوەش دیدگەی ئیستێتیکی بەسەر دیدگەی سوودبینیندا سەردەکەوێت.

(هنری لۆڤیڤەر) لەو بڕوادایە کە دوورخستنەوەی ڕەگەزە پراکتیزەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سوود لە هونەر، هونەر دەپووکێنێتەوە. سوود تەنیا ڕەگەزێکی نییە بەڵکو دەبێتەوە ڕەگەزێکی تەواوکەری هونەر، لای کانت سیما و ئەدگاری سوود ڕوون نییە و لای لۆڤیڤەر سیاسی و کۆمەڵایەتییە. کانت ڕای وایە کە پێوەدانگی جوانی بە چێژەوە بەندە، چێژ فەرمانڕەوای بڕیاردانە نەک هەستکردن بە چێژێک و ئازارێک کە لە سوود خاڵی بن، هەروەها دەڵێت: جوانی ئامانج و مەبەستە لە شتێکدا بێ ئەوەی ئەو مەبەستەی بخاتە ڕوو، چێژ بەهای شتەکان پێ دەزانێت نەک خۆشنوودی و ئاسوودەبوون بەبێ هیچ جۆرە سوودێک، ئاسوودەبوون و دڵکرانەوە کانت بە جوان ناوی دەبات.

کرۆچە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە هونەر کردەیەک بێت لە پشتی مرۆڤەوە بۆ گەیشتن بە سوود و بەرژەوەندی لەڕێی چێژ و دوورکەوتنەوە لە ئازارەوە، پێی باش نییە لە ئاستی هونەر نزم بکرێتەوە و سوود بەلایەوە دەرژێتە بایەخە کردەیی و پراکتیزەییەکانەوە، بەرەنگاری تیورە باوەکان دەبێتەوە کە دەیانەوێت هونەر و چێژ و سوود پێکەوە ببەستنەوە، دەڵێت: ڕەنگە ئەو شێوەیەی تابلۆکە بەرجەستەی دەکات لەبەر دڵمان شیرین بێت، هەر بۆیە هەندێک لە یادگاری خۆشمان لا زیندوو دەکاتەوە، پێدەچێت لەڕووی هونەرییەوە ئەو تابلۆیە ناشیرین بێت، لەهەمان کاتیشدا شتێک نییە لەڕووی هونەرییەوە ڕێ لەبەردەم جوانی تابلۆیەکدا بگرێت، کە بابەتەکەی دیمەنێکی دڵگوشەری هەبێت. کرۆچە لەگەڵ ئەو ڕایەدا نییە کە چێژ گەوهەری بایەخدانی ئیستێتیکی بێت، ئەگەرچی چالاکی ئیستێتیکی بە چێژیشەوە بەندە، بەڵکو چێژ خەسڵەتێکە لە چالاکی هونەری، نەک چالاکییەکی ڕوحی، هەر بۆیە کرۆچە ئەوە ڕەت دەکاتەوە لە پێناسەکردنی هونەردا بگەڕێینەوە سەر سوود و چێژ.

سارتر لە کتێبی (ئەدەب چییە؟)دا ئەوە دەخاتە ڕوو کە شاعیر وشە بەکارناهێنێت، بەڵکو خزمەتی دەکات، شاعیران زمان سەردەخەن، تا سوودمەند بێت، مەبەستی سارتر ئەوەیە کە لە کردەی نووسیندا سوودێکی مادی دەستگیر دەکرێت.

**پێنجەم: ئەرکی کۆمەڵایەتی هونەر**

**ڕۆڵی فێرکاری:**

(گــووتێ ١٧٤٩- ١٨٣٢) هونەر بە کــۆمــەڵگەوە دەبەستێتەوە کاتێک باس لە پێویستی ئەوە دەکات هونەرمەند ببێتە مامۆستای میللەت، لەبەر ئەوەی هونەر ڕۆڵی خـۆی نابینێت، تا مـرۆ نەزانێت چۆن ڕەفـتـار بنوێنێت، ئەو دەمە خولیا و ئارەزوویەکی تێدا دروست دەبێت کە بەناوی چەسپاندنی خێر و هەق و جوانی لە ژیاندا کردەیەکی کارا ئەنجام بدات.

هیگڵ جەخت لە ڕۆڵی فێرخوازیی هونەر دەکاتەوە و پێی وایە هونەر لەڕاستیدا یەکەمین ڕۆشنبیرە بۆ گەلان، دەڵێت: هونەر ئاراستەکردن نییە بۆ بازنەیەکی بچووک و لایەنێک، بەڵکو بەگشتی بەرەو نەتەوە دەوەشێنرێت، هەروەها هونەر و میللەت پێکەوە دەبەستێتەوە و دەڵێت: چونکە ڕوحی هونەرە جـوانەکـان ڕوحی دیاریکراون لە مـیللەتدا، هەر لەبەر ئەوەیە هەست بە گشـتگیـرییـەک دەکـات کـە لە ناخیـدا هەیە، پێی وایە نابێت هونەر لە ڕاستـیـیـە گـەوهەرییـەکـانی ژیان و چالاکـیـیـە کۆمەڵایەتییەکان دابیڕێت.

**ڕۆڵی ڕێنمایی:**

هیگڵ پێی وایە هونەر ڕێنمـایی مـرۆڤ دەکـات و ئەم ئامـانجـەی هونەر ئەو وەخـتـە دێتـە دی کـە ڕوحـێکی گەوهەری لە ئاگاییدا بخەملێت لە میانی کارتێکردنی هونەرییـــەوە، چەنـدە هونەر بـالاتر بێت ئـەوەنـدەش ناوەڕۆکێکی مـەزن لەخۆدەگرێت، هەر بۆیە لەڕاسـتـیـدا هونەر یەکەمین مامۆستای گەلانە.

**ڕۆڵی ویژدانی:**

هونەرمەندی مەزن لە دیدی (برگسۆن)دا ئەو کەسەیە کە هەڵچوون و چالاکییەکی نوێتر بە کارەکەیەوە دیارە و ئەو هەسـتـە تازانەمـان لا دروست دەکـات، یـان سـۆز و میهرێکمان تێدا دەخەملێنێت کە پێشتر نەمانبووە، یان هەڵچـوون و بزاوتنێـک کـە بەبیـرمـاندا ڕەت نەبووە. ئەو کاردانەوە و هەڵچوونەی برگسۆن لێرەدا باسی دەکات لەو کـاریگەرییـە ویژدانیـیـە پوخـتـەوە نیـیـە کـە ڕووبەر تێناپەڕێنێت، بەڵکو لێکدان و ئەو کوودەتا دەروونییەیە کـە بەرەو ناخ دەڕوات و جـومگەکـانی دەهەژێنێت، ئەم جۆرە کاردانەوەیە تەنیا لە سنووری کاریگەریی ویژدانیدا ناوەستێتەوە و بۆ بیرکردنەوە دەپەڕێتەوە تا لە دەرووندا بیـــرۆکـــەی نوێ بورووژێنێت و ئەو ڕەوتە هزرییـــانە بخولقێنێت کە هیچ کەسێک پێشتر نەیبوون و پێشبینی نەکردوون. برگسـۆن بڕیار دەدات کـە داهێنان بـەر لە هەر شـــتـــێـک هەڵچـــوون و بزاوتنە، وەلێ ئەو بزاڤــە نە بیـرکـردنەوە وەلادەنێت نە بێ ئومـێـدیش دەداتە ڕامـان و وردبوونەوە، بەڵکو بەمــانای هەڵایســانی ئاگــرێکە لە ویژداندا کە هزر داگیرسێنێت و لە بڵێسەی هەڵهێنجانی هەستەوە ئەفراندنی ڕەسەن بەدەست بێنێت و هونەرمەند گـوزارشـتی شـتـێکی پێ بکات کـە لای وا بووە شـیـاوی دەربڕین نەبووە، لێـرەوە بیـرۆکـەکـان دەخـەمـڵـێنرێن و هونەرمـەند و بـابەتەکـەی پێکەوە ئاوێتـە دەبن، ئاکـامی ئەوەش شتێک سەرهەڵدەدات کە برگسۆن بە سۆسەکردن (الحدس) ناوی دەبات.

برگسۆن وێنای هونەرمەند بە دیاردەیەکی ناوازە دەکات کـە چ پێـوەندییـەکی بەو جـیـهـانەوە نیـیـە ئێـمـەی تێدا دەژین، هونەرمـەند مـرۆڤـێکی تەریک و گـۆشـەگـیـرە و هەموو ئەرکەکەی گونجاندنی خۆیەتی لەگەڵ بابەتەکەیدا، ئەمـــەش بەبێ هیچ پێـــوەندییـــەک بە واقـــیـــعی کــۆمــەڵایەتیــیــەوە. لای برگســۆن هونەر پێــزانین و دەرککردنی خـودییـە، یان سـۆسـەکـردنێکی تایبـەتی. ئارەزووش ناکــات ئەزمـــوونی هونەری بە ئەزمـــوونە مـرۆیـیـەکـانی دیکەوە بلکێنێـتـەوە و لەم شـرۆڤـەیەدا هەندێک بنەمای مـیتافیزیکی پوخت بەیان دەکات وەک سۆسەکردن و جیابوونەوە و داماڵین لە ژیان و کاردانەوە قووڵەکاندا، هەربۆیە ئەرکێکی چۆنایەتی دانسقە دەخاتە سەر شانی هونەر و لەمەدا ئۆرۆستوکراتییانە بیردەکاتەوە کە هەموو کەسێکی ئاسایی دەروەستی هونەر نەیەت، یان پێی نەگات.

**ڕۆڵی گوتار و وەشاندن**

بە وتەی سـارتەر ئـەرکی نووسـەر جـەخت کـردنەوەیە لەوەی مـرۆڤ لە جـیـهـان نەبان نەبێت و بەخـۆی بڵـێت پاکـیـزە و بێ تاوان، لەبەر ئەمـەیشـە ڕەخنە لە (فلۆبێـر) ڕۆمـــانـنووسـی فـــەڕەنسـی دەگـــرێت، چونکـە بۆ قـەسابخـانەکـانی پاریس لە کـاتی کـۆمـۆنەدا بێ دەنگی هەڵبــژاردووە، دەڵێت: فلـۆبێــر و برایانی گــۆنکـۆر بە

بەرپرسیار دادەنێم لەو قەسابخانەیەی کۆمۆنەی پاریسی لە ساڵی ١٨٧١ دا پەکخست، چونکە ئەوان هیچ دێڕێکیان نەنووسی ئەو قەسابخانەیەی لێ نەکەوێتەوە، لای سارتر تۆڵەسێنەرەوە جەنگاوەرێکە چەکی هەڵگرتووە، پێی وایە وشەکان وەک تفەنگی پڕ گوللەن و کاتێک نووسەر دێتە قسەکردن وەک ئەوەیە فیشەک بتەقێنێت، لای وایە بەبێ دەنگی بمێنێتەوە باشترە لەوەی خۆی دانابێت تەقە بکات، کەچی چاوەکانی نووقاندبێت و چێژ لەو تەقانە وەربگرێت کە لەدوورەوە دێنە بەر گوێی، گەوهەری پابەندبوون لای سارتر ئازادییە، بە حوکمی ئەوەی نووسەر هیچ کەسێک زۆری لێ نەکردووە کە پیشەی نووسین پیادە بکات و ئازادی تەواوی لەو پیشەیەدا هەیە، بۆیە لەسەریەتی ئاگایی ئازادی بخولقێنێت.

**شەشەم: ئەرکی سرووش بەخشینی هونەر**

برگسۆن لەبارەی هونەرمەندەوە دەڵێت: ئەو مرۆڤەیە کە دەبینێت، هیچ شک نابات جگە لەوەی چاوی ئەوانی تر بکاتەوە تا ئەو شتانە ببینن کە لێیان بێ ئاگان، هونەرمەند لەمیانی ڕواڵەتەوە ناواقیع دەدۆزێتەوە، کاتێک دەڕوانینە چەند تابلۆیەک، یان گوێ لە هەندێک ئاواز ڕادەگرین نارژێینە ناو واقیعەوە، یان ڕاستییەک پێ بزانین، بەڵکو دوای هونەرمەند دەکەوین تا بگەینە جیهانە ئیستێتیکییە تایبەتییەکەی، لێرەوەیە هەندێک زانای بواری ئیستێتیکا پێیان وایە ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە واقیع ڕەت بکاتەوە تا بەشێوە تایبەتییەکەی خۆی دایبڕێژێتەوە، ئەمەش ئەو هۆیەیە کە ئەفسانە هەمیشە ڕۆڵی ئەوتۆی هەبووە لە هونەرەکاندا. هونەر بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ نییە لەگەڵ شتەکاندا، بەڵکو هونەر لەبنەڕەتدا گەمەیەکە و مرۆ جیهانێکی جوان دەخولقێنێت بەو پێیەی وێنای دەکات و بەرجەستەی دەکات، واتای ئەمە ئەوەیە هونەر دیالەکتیکێکی هەستی بێت و لەسەر ژێری و لێهاتوویی بووەستێتەوە. لای برگسۆن ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە جیهان بگۆڕێت نەک بیپشکنێت و بیدۆزێتەوە.

**داهێنەران و ئەرکی هونەر**

وەک وتمان برگسۆن ئەرکی هونەرمەند لە سۆسەکردندا دەبینێتەوە، بەپێی بۆچوونی ئەو چاوی هونەرمەند سۆسەکردنێکی ئیستێتیکی هەیە و دەتوانێت بەهۆیەوە بابەتەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەمە بە توانستی میتافیزیکییەوە پەیوەست دەبێتەوە و ڕەنگە شتێک نزیکمان نەکاتەوە لە گەوهەری ڕاستەقینەی کردەی داهێنانی هونەری، چونکە هونەر سەبارەت بە داهێنەر هێنانەدی شتگەلێکە دەکەونە سەرووی ئەو گردکردنەوە و کۆکردنەوەیەوە کە برگسۆن ئاماژەی پێ دەکات، بەڵکو ئەرکەکانی هونەر لای داهێنەر لەم شتانەدا خۆیان دەبیننەوە.

**یەکەم: هونەر پانتایی سەربەستی بۆ هونەرمەند دەڕەخسێنێت**

(کانت) هونەر بە بەرهەمی ئازادی لێک دەداتەوە، بەواتای شتێکە نایەتەدی تەنیا لەڕێی ئیرادەیەکی سەربەستەوە نەبێت، کە لەسەر بنەمای ئەقڵی دامەزراوە. چالاکییەکی سەربەستانە خەسڵەتی هونەرە و کانت بۆچوونی وایە کە پێوەندییەکانی بە واقیعەوە نییە ئەوەندەی پێوەندیی بە خودی خۆیەوە هەیە، واتە پێوەندیی ڕێکخستنی پێکهاتەکانی تا جوانی ببەخشێتە هەموان. (سانتیانا) ڕوانینی بۆ هونەر ئەوەیە کە ئەرکێکی گرنگ و زیندووە، چونکە قۆناغی چالاکی وابەستە و متبوو دەپەڕێنێتەوە بۆ ئاستی چالاکییەکی ئازادانە، مرۆ دیلی پێداویستییەکانی ڕۆژانە و واقیعە، هەر بۆیە ئەو توانستانە لە واقیعدا دەچنێتەوە بەو ئومێدەی نموونە باڵاکانی بهێنێتەوە سەر ئەرزی واقیع و بەوەش تینوێتی بشکێنێت، ئەگەر مرۆڤ لەنێوان بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیدا چوونیەکییەک بەئەنجام بگەیەنێت، دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت و بگاتە ڕازی بوون. کاتێک ئادەمیزاد لە کۆیلایەتی سروشت ڕزگاری دەبێت و دەگاتە سەربەستی ڕوحی بەرهەمەکانی ناکاتەوە ئامانجی کارکردنی، بەڵکو دەیەوێت لەو کارانەی وردبێتەوە کە بەرهەمی هێناون و گەیشتووەتە جوانی کە چالاکی داهێنەرانەی ڕەنگ پێ دەدەنەوە، هونەر ناکەوێتە ستایشکردنی قوتابخانەی ژیان، بەڵکو وەک پیشەوەرێکە کە شتێک دروست دەکات، یان دروێنەکەرێک کە بەروبوومی کارەکەی دەچنێتەوە.

بێ گومان چالاکی هونەری سیمای خۆشنوودی ئەقڵی مرۆڤە بەو بەرهەمانەی دەستگیریان دەکات، هەرچی

(شیللەر ١٧٥٩- ١٨٠٥)ـە لە پێگەی سەربەستی بەرزتر دەکاتەوە و دەڵێت: لەمیانی ئیستێتیکاوە دەگەینە سەربەستی، هونەر خواوەندی ئازادییە و پێویستە پەیامەکەی لە ڕوحەوە سەرچاوە بگرێت نەک ماتریاڵ، پاشان بەرەو دامەزراندنی شانشینی ئیستێتیکا دەچێت کە ئازادی گەوهەرەکەیەتی: دەبێت لە وڵاتی پێداویستییەوە بپەڕینەوە بۆ وڵاتی ئازادی و ئەو وڵاتە ئیستێتیکییەش لەدەرەوەدا نییە، ئەو شانشینە لەنێو هەموو دەروونێکدایە و ڕەفتاری جوان دەبەخشێتە چینەکانی مرۆڤ. لای شیللەر هونەر لەبنەڕەتدا سەربەستییە، گەوهەری ئازادیش ئیستێتیکایە، گەوهەری ئەویش گەمەیە، گەمە مرۆڤ دروست دەکات و لەسەر ئەمە دەڕوات: پاڵنەری یاریی ئەقڵ لەڕووی مۆراڵی و فیزیاییەوە ئاراستە دەکات و مرۆڤ دەگەیەنێتە سەربەستی، ئەمەش وەک فیزیایی و کەینوونە، بە بوونی ڕووناکی ناوەوەی هیچ شەوێک ناکەوێتە دەرەوەی و بە ئارامبوونەوەی دەروونی ڕەشەبای گەردوون دەوەستێت، گەمە دڕندە دەکاتە مرۆڤ، پرسیار دەکات: ئەو خەسڵەتە چییە کە دڕندە لە مرۆڤایەتی نزیک دەکاتەوە؟ خۆشنوودی نێو خەسڵەتەکانە کە مەیلی لە گەمە و یارییە. بە لەدایکبوونی جوانی چێژی جوانیی سەربەست لەدایک دەبێت، هەر بۆیە هونەر دەبێتە جۆرێک لە خۆشی.

شیللەر لەم پێناوەدا زیاتر ڕوونی دەکاتەوە: لەنێوەند جیهانێکی بەهێزی سامناکەوە، لەنێو جیهانی یاسای پیرۆزدا پاڵنەری خولقاندنی جوانی، بەمانای جیهانێکی خۆشی و گەمە و مرۆڤی سەربەست لە هەموو لەمپەر و ئاستەنگەکان، بە هونەر مرۆ لە کۆت و پێوەند دەرباز دەبێت. وەک وتمان لای شیللەر هونەر ئازادییە، ئازادیش گەمەیە، بەڵام گەمەیەک نا کە لە بەرپرسیاریەتی خاڵی بێت، بەڵکو بەرهەمێک بێت لە ویستەکانی ئەقڵ و بەپێی سیستم بێت، دەڵێت: بەدەستهێنانی ئازادی لەڕێی ئازادییەوە یاسای بنەڕەتیی شانشینی گەمەی ئازادە، کە شانشینی جوانییە، پاشان دێتە سەر جوانی و پێی وایە ئیستێتیکا هۆیەکە بۆ دەربازبوونی مرۆڤ لە مۆرکە کۆمەڵایەتییەکەی، وای دەبینێت جوانی ئادەمیزاد وەئاگادێنێتەوە و کار دەکاتە سەر مەیل و ئارەزوو، بەوەش بەشداربوونی کۆمەڵایەتی پێ دەبەخشێت، دەڵێت: بەتەنیا مەیل و چێژ هارمۆنیەت لە کۆمەڵگەدا دروست دەکات، چونکە هارمۆنیەتی لە تاکدا دامەزراندووە.

جوانی لە ڕواڵەتدا بەمانای پیادەکردنی سەربەستی، بەم ئەرکە ئیستێتیکییەی هونەر هێزێکی ئەوتۆ دەستەبەر دەکرێت کە نامۆیی نەهێڵێت، دامەزراندنی شارستانییەت بەندە بە گۆڕینی بوونی مرۆیی بەرەو گەمە و یاری نەک کار. گەمە لە پێودانگی شیللەردا چالاکییەکی تایبەتمەندی مرۆڤە کە خەسڵەتی ئازادی هەڵگرتووە، بەپێچەوانەی چالاکی سوودبینینەوە کە پێداویستییەکان دەیسەپێنن، لە گەمەدا هەموو هێز و توانستەکانی مرۆڤ بە ڕێکوپێکی و چوونیەکی کاردەکەن، هونەر وەک گەمەیەکی دڵخۆشکەرە لەکاتێکدا ژیان شتێکی جدییە.

بەلای سارترەوە ئەدەب هەر یەک بابەتی هەیە کە ئەویش سەربەستییە، پێی وایە بابەتی ئەدەب هەمیشە وەک مرۆڤێکە لە جیهاندا، دەڵێت: با نووسەر ببێتە نووسەری نامە و وتاری تەنز ئامێز، با لە وتەکانیدا باس لە سۆزە تایبەتییەکانی بکات و هێرش بکاتە سەر سیستمی کۆمەڵگە، ئەو لە هەموو بارێکدا پیاوێکی سەربەستە و بەرەو ڕووی خەڵکی ئازادی دەکاتەوە و بابەتەکەشی هەر سەربەستییە، ئینجا دەڵێت: سەپاندن و زۆرەملێ بوونی نییە، مرۆڤ ئازادە، مرۆڤ خۆی ئازادییە. هونەر واتە سەربەستی و کاتێک هونەرمەندێک وێنەی گوڵێک، یان کێڵگەیەک دەنەخشێنێت وا دەگەیەنێت کە تابلۆکانی دەلاقەی واڵا بن بەسەر هەموو جیهاندا، نووسینیش دۆزینەوەی جیهانە و بڕوانامەی متمانەبوونە بە ئازادی خەڵکی، سارتەر گەوهەری کاری ئەدەبی بەوە لێکدەداتەوە کە دۆزینەوە و کەشفکردنی سەربەستییە، بەوەش بانگهێشت کردنی ئەوانی دیکە بەرەو ئازادی.

**دووەم: هونەر کاردانەوە و هەستەکانی هونەرمەند پاکیزە دەکات**

(ئالن) هونەر بە ناوەرۆکێکی مۆراڵی وابەستە دەکاتەوە و کار بۆ سەرخستنی دەروونەکان دەکات، هەروەها یاریدەمان دەدات تاوەکو بەرهەڵستی خولیاکانمان بکەین، بەو مانایەی کە هونەر ڕووپۆشێکی پاککەرەوەیە و دەبێتە ئامرازێکی کارا بۆ ڕێکخستنی

جەستە و مەرامەکان و پاککردنەوەی هەڵچوون و کاردانەوەکان، نموونە لەسەر موزیک دێنێتەوە و دەڵێت: ئاواز وێنەیەکی ڕێکوپێکی هاوارکردنە و موزیک ڕێکخەری ئەو دەنگانەیە کە مرۆڤ هەیەتی کاتێک دەنووزێتەوە، یان هاوار دەکات و دەناڵێنێت، گۆرانی و سەماش بەهەمان شێوەن، مرۆ لە دەربڕینی هونەریدا تەنیا ئامرازێک بۆ ڕێکخستنی کاردانەوەکانی دەدۆزێتەوە، ئالن پێی وایە هونەر یارمەتیمان دەدات تا هەست بە خۆمان بکەین، یان گەیشتن بە ڕاستی هەستەکانمان، بە چەشنی ئاوێنەیەکی دەروونە و هەموو مەیل و خولیاکانمانی لێوە دەبینرێت. لەڕاستیشدا پێوەندییەکی تۆکمە لەنێوان هونەر و مۆراڵدا بوونی هەیە، چونکە هونەرە جوانەکان خولیاکانمان پاکیزە دەکەنەوە و کاردانەوەکانمان ئاڵ و ڕوون دەکەنەوە، بەوەش تەبایی نێوان هەست و بیرکردنەوە بەئەنجام دەگەیەنێت، یان لەنێوان ئارەزووەکان و ئەرکەکاندایە. ئێمە هەست بە خۆشییەکی قووڵ دەکەین کاتێک شتێکی جوان دەبینین. ئەرکی کاری ئەدەبی و موزیک تەنیا ئەوە نییە خولیاکانمان ڕێک دەخەن، بەڵکو هەموو بەش و یەکەکان کۆنترۆڵ دەکەن تا ببنە گشت. چێژ هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕامانی وردی کەسێک بگەیەنێتە ئاستی ئیستێتیکا، بەوەش دەگاتە ڕەگەزی گشتگیر کە مرۆییە و جیهانی گشتی مرۆیی والا دەکاتەوە کە شوێنکات پێنازانێت هێندەی جیهانی گونجاندن و تەباییە و پێشتریش ئەفلاتوون لەم بارەیەوە قسەی کردووە.

کرۆچە بەهەمان شێوە هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا کاتێک دەڵێت: کاتێک هونەرمەند سەرنج و هەستەکانی خۆی دادەڕێژێت و پێکدەهێنێت، لەبنەڕەتدا لێیان دەرباز دەبێت و دەیانگەیەنێتە مۆرکێکی بابەتیانە، لەو گۆڕین و پەڕینەوەیەدا دەیەوێت لێیان جیابێتەوە تاوەکو ئیزافەیان بۆ بکات، ئەگەر هونەر ئەرکێکی پاکژکەرەوە، یان ئازادبوونی هەبێت، بەمانای ئەوەیە هونەرمەند لە هەست و سەرنجەکانی چالاکییەکی پۆزەتیڤانە دەنوێنێت و توانستی ئازادبوونی دەردەخات، ئەو ئارامییەی هونەرمەندانی مەزن پێی گەیشتوون لە ئاکامی ئەوەوەیە کە بەسەر ژاوەژاوی هەست و سۆزی ناوەکییاندا زاڵ بوون و نمایشکردنی ئارامبوونەوەی دەرەکییان جەختکردنەوەیە لە سەرکەوتنی ناوەکییان. هونەرمەند لە سۆنگەی هەوڵدانی دەربڕینەوە لە هەستەکانی خۆی دەرباز دەبێت و دەگاتە ئازادی، ئەمەش لەبەرخاتری ئەوانی دیکە ناکات، بەڵکو بەر لە هەر شتێک سەرەتا بۆ خۆیەتی.

### سێیەم: هونەر بەسەر نامۆبوونی مرۆدا زاڵ دەبێت

(هیگڵ) وای دەبینێت کە هونەر لە حاڵەتی نامۆییدا دەژی لە سەردەمەکەیدا، جیهانی هاودەمی دژ بە ئیستێتیکا ڕادەوەستێتەوە و هەمووان لە هەوڵی پارە و پوول و بازرگانیدان، سەردەم دەبێتە سەردەمی نامۆبوون و خودی ڕاستەقینە لەکیس دەچێت، بەڵکو خودێکی ساختە دەستگیر دەکات کە لە بەرژەوەندی و خۆپەرستیدایە و نغرۆی نێو ئەو واقیعەیە، هیگڵ ملکەچی ئەمە نابێت و نایەوێت نامۆیی باڵ بکێشێت، دەروونی هەلا هەلا بەهۆی ململانێی نێو جیهانەوە خۆی دەستگیر دەکاتەوە و بۆ ئارامی و ئاسوودەیی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هونەر لە سەردەمی ئەودا گەوهەرەکەی ون کردبوو و گوزارشت بوو لە بەرژەوەندییە مرۆییەکان، هەبوونی هونەرێک وەک زانست، یان ئیستێتیکا پێویستییەکی سەردەم بوو. دەڵێت: زانستی هونەر پێویستییەکی گرنگی ئەمڕۆیە و لە زەمەنەکانی پێشووتردا هونەر بە هەموو سادەییەکی خۆیەوە بەس بوو بۆ تێرکردنی تەواو، هونەر پاڵپشتیمان لێدەخوازێت لەڕێی هزرەوە نەک پاڵنەرەکانی بەرهەمهێنانی هونەری. ڕوانینی هیگڵ بۆ خەسڵەتی مرۆڤ ئەوەیە توانستی دەربڕینی هەیە لە بیروبۆچوونەکانی، ئەویش لەمیانی زمان و هونەرەوە، ئەمە ئەوە دەردەخات کە هیگڵ پێی وایە مرۆڤ تەنیا بەپێی پێداویستییەکانی بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو بە پێوەرەکانی ئیستێتیکا ئەوە ئەنجام دەدات، هەر بۆیە وای دەبینێت هونەر هەوڵدانی مرۆڤە بۆ سەرکەوتن بەسەر نامۆیی و دارمانەکانیدا، یان مرۆڤ بەندکراوی واقیعە و پێویستە لەو زیندانە ڕزگاری بێت، ئەوەش لەمیانی بەرزبوونەوە لە واقیع کە ئەمەش گەوهەری ئازادییە.

### چوارەم: هونەر ئەزموونەکانمان دەوڵەمەند دەکات

سانتیانا تێبینی ئەوە دەکات کە هەندێک هەن هونەر نزمتر دەبیننەوە بەبەراورد بە زانست و ئایین و مۆراڵ و فەلسەفە، پێی وایە ئەوانە بیریان چووەتەوە کە هونەر ئەزموونی ناوەکیمان دەوڵەمەندتر دەکات و دۆزینەوەی

جوانیش بەڵگەی هێنانەدی خێر و خۆشنوودی باڵایە. لەڕاستیدا هونەر تەنیا شێوەیەکی ئەو کردارەیە کە دەتوانێت ژیان و ئاسوودەیی فەراهەم بکات.

**پێنجەم: هونەر ئەکتیڤبوونی هونەر دێنێتەدی**

ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەرکی هونەر ببێتە شێواز، لە موزیکدا بەئەنجام گەیاندنی بیرۆکەی موزیکییە و زمانی ئاواز شک دەبات، لای شاعیر ژیانی ریتمە تایبەتییەکانە و لای نیگارکێش جیهانێکی بەرجەستەکراوە و هیچ ڕاستییەک بوونی نییە، بێجگە لە فۆرم و ڕەنگەکان، هەموو هونەرمەندەکان ئەرکی خۆیان پیادە دەکەن، چونکە ڕەگەزەکانیان لەلایە و چ ئامانجێکی ڕاستەوخۆیان نییە تەنیا بەدەرخستنی هونەرەکەیان نەبێت، ئەمەش زیاتر بۆچوونی هەوادارانی هونەر بۆ هونەرە.

هونەر گوزارشتە لە کەسێتی و زۆرینە پێیان وایە دەبێت خود و کەسێتی ڕەنگ پێ بداتەوە، چەندە خودی و تایبەتی بێت، هێندەش هونەرێکی جوان بەرهەم دێنێت، وەلێ لەدەستدانی مۆرکی تایبەتی و کەسێتی، یان ڕاستگۆیی لای جەماوەر دەبنەوە بەڵگەی دزێوی، تیورەکەی کرۆچە (سۆسەکردن- دەربڕین) لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕا دەبێتەوە و پێی وایە ئەرکی کاری هونەری لەمیانی گوزارشتکردنەوە بەیان دەبێت، ئەمەش دەربڕینی کاردانەوەی یەکە و بەشەکان بێت، یان گشتی، ئەم تیورە ئەوە دەسەلمێنێت کە هەموو کارێکی هونەری سیمایەکی تایبەتمەندی هەیە و هیچ کارێکی دیکە لەو ناچێت، هەر لاساییکردنەوە و کۆپیکردنەوەشی بە کارێکی کوێرانە دادەنرێت، چونکە ناچێتە خانەی داهێنانەوە ئەوەندەی وەک پیشە لێکدەدرێتەوە.

ئەگەر کارێکی هونەریی واقیعیش بەرجەستە بکاتەوە دیسانەوە خوڵقاندنی جیهانێکی خەیاڵی و ئەندێشەییە، هونەرمەند کاتێک پەلکێشی نێو ئەو واقیعەشمان دەکات لەو وەهمە کەمتر نییە کە قەڵەمی شاعیرێک، یان فڵچەی نیگارکێشێک ئەفراندوویەتی. فەیلەسوف و بیرمەندانی سەردەمی نوێ سەبارەت بە بەخششی هونەری و ئەرکەکانی ئەوە دەستنیشان دەکەن لەناو میللەتاندا هەمەچەشن و جۆراوجۆرن و بەرەو کایەکانی مۆراڵ و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری و خۆشگوزەرانی پەل دەکێشن. لە هونەردا ڕووبەرێک بۆ سەربەستی ئاشکرا دەکەن کە تێیدا داهێنەر هەناسە دەدات و وزەکانی خاڵی دەکاتەوە، هەر لەوێشدا هاوسەنگی ڕوحی بەدەست دێنێت، لە ڕوانینی هەندێکیشدا هونەر گەمەیەکی ئازادە و بۆ مەبەستی باش و چاکەخوازی تێدەکۆشێت، ئەگەرچی چەند فەیلەسووفێکیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا ناکۆکن کە کەڵک و سوودی هونەر وابەستەی مۆراڵ دەکاتەوە، وەلێ دیسانەوە گەڕاونەتەوە بۆ پیادەکردنی ئەو پێودانگەی هونەری وەک ئەرکێکی پیرۆز ناساندووە و هونەرمەندیش دەبێت لەمیانی پرۆسەی هونەرەکەیدا ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە هونەر نەمرە و وەچەکانی داهاتوو سوود لە هونەرەکەی وەردەگرن و بەخششەکانی بەهەند وەردەگرن، ئیدی هەر بەخششێک بن چ وەک وشە و دێڕە شیعر، یان تابلۆیەکی شێوەکاری و پەیکەرێکی تاشراو، یان موزیک و جووڵەی ڕیتم ئامێز.

**سەرچاوەکان:**


**١- الفن خبرة، جون ديوى. ت: زكريا ابراهيم، القاهرة/ بيروت ١٩٦٣.**

**٢- التربية عن طريق الفن، هربرت ريد. ت: عبدالعزيز توفيق جاويد، القاهرة ١٩٩٦.**

**٣- قضايا الابداع الفني، جمعة حسين، بيروت ١٩٨٣.**

**٤- فلسفة الجمال والفن عند هيجل، عبدالرحمن بدوي، القاهرة ١٩٩٦.**

**٥- معنى الفن، هربرت ريد. ت: سامي خشبة، القاهرة ١٩٩٨.**

**٦- مشكلة الفن، زكريا ابراهيم. القاهرة ١٩٥٢.**

**٧- فلسفة الروح، والتر ستيس، ت: امام عبدالفتاح امام. بيروت ١٩٨٣.**

**٨- البعد الجمالي، هربرت ماركوز، ت: جورج طرابيشي. دار الطليعة ١٩٧٩.**


**٩- النقد الفني، دراسة جمالية و فلسفية، جيروم ستولنيتز، ت: فؤاد زكريا. القاهرة ١٩٨٠.**

# مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی

## «ڕەخنەی ئەدەبی لە یۆنانی کۆندا لە ڕوانگەی ئەرستۆ و دوای ئەرستۆوە»

**لە فارسییەوە: سیما چۆمانی**
**(٢ - ٢)**

بە بڕوای ئەرستۆ کردارە تراژیدییەکان ئەو کردارانەن کە گۆڕانکاری لە چارەنووسی پاڵەواندا لە ڕێگای "گۆڕان و تێگەیشتن" دروست بکات، هەروەها پێویستە ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە لە بنەما و بنیادی خودی ئەفسانە سەرهەڵبدات، بە جۆرێک کە، یان بەهۆی پێداویستی، یان بە حوکمی ئەگەرەکان دەرەنجامی لۆژیکی ڕووداوەکانی ڕابردوو بێت، نەک تەنیا بەدوای ڕووداوەکانی تر و بێ پێوەندییەکی توندوتۆڵ و ئۆرگانیکی لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوو ڕوو بدات. بە بڕوای ئەرستۆ گۆڕانکاری بریتییە لە گۆڕینی بارودۆخی هەنووکەیی لە دژی ئەو و پێی وایە کە ئەم گۆڕانکارییە دەبێت بە حوکمی پێداویستی، یان بە پێی ئەگەرەکان بێتە پێشەوە و تێگەیشتن بە شێوەی گواستنەوە لە نەناسراو بۆ ناسراو پێناسە دەکات کە "دەبێتە هۆی ئەوەی نێوان ئەو کەسانەی کە پێویست بوو بە بەختەوەری، یان نەگبەتی بگەن لە هاوڕێیەتی بۆ دوژمنایەتی، یان لە دوژمنایەتییەوە بۆ هاوڕێیەتی بگۆڕێت و خۆشترین تێگەیشتنیش ئەوەیە کە گۆڕانکاری بە دواوە بێت." بە بڕوای ئەرستۆ ئەم جۆرە تێگەیشتنە کاتێک گۆڕانکاری لەگەڵدا بێت، دەبێتە هۆی وروژاندنی ترس و سۆز و لە حەقیقەتدا تراژیدیا لاسایی کردنەوەی ئەو کردارانەیە کە ئەم جۆرە سۆزە بوروژێنێت. ئەرستۆ بۆ ناساندن و تێگەیشتن چەند جۆرێک دەهێنێتەوە، پاشان بۆ چەند کۆمەڵە دابەشیان دەکات: تێگەیشتن لە ڕێگای هێماکانی وەرگرتن و چێژ و هۆکار. ئەو تێگەیشتنەی کە بە پێی زەوق و ئارەزووی شاعیر بەرهەم هاتبێت نەک لەگەڵ ناوەرۆکی ڕووداوەکانی چیرۆکدا کۆک بێت، ئەو تێگەیشتنەی کە بە ڕێگەی یادەوەری ڕوو دەدات، واتە بینینی شتێک هەستێکی ڕابردوو و لە بیرکراو دێنێتەوە یاد. ئەو تێگەیشتنەی کە لە ڕووی پێوەرەوە دێتە ئاراوە و بنەماکەی متمانەی شاعیر لەسەر پێوەرێکی درۆیینەیە کە گومان دەکات بۆ بینەر، یان خوێنەر ڕوودات. ئەرستۆ ئەم تێگەیشتنانەی جۆری یەکەم و دووەم دوور لە تەکنیک و بە لاوازی دەزانێت و پێی وایە: "باشترین تێگەیشتن ئەوەیە کە لە خودی ڕووداوەکان هەڵێنجرابێت، چونکە ئەو سەرسامییەی کە لەم دۆخەدا ڕوودەدات، بەهۆی بارودۆخێکی سەپێنراو بووە". (کتێبی هونەری شیعر -



ئەرستۆ

بەشی ١٦)

بەڵام ئەفسانە، بێجگە لە گۆڕانکاری و تێگەیشتن بەشێکی گرنگی دیکەشی هەیە کە ئەرستۆ بە "کارەساتێکی دڵتەزێن" ناوی دەبات و بەم جۆرە دەڵێت: "کارەساتی دڵتەزێن کردارێکە کە دەبێتە هۆی لە ناوچوون، یان ئازار. وەکو مەرگ لە سەر تەختەی شانۆ و هاوشێوەکانی." (کتێبی هونەری شیعر – بەشی ١١)

ئەرستۆ، بێجگە لە بەشە سەرەکییەکان چەندین بەشی تریش بۆ تراژیدیا دادەنێت و گرنگترینیان بریتین لە: پێشەکی، ناوەڕۆکی ڕووداوەکان، دەرهێنەر، گۆرانی گرووپی گۆبەندگێڕەکان. پێشەکی بەشێکە بەر لە هاتنی گرووپی گۆبەندگێڕەکان هەیە. ناوەڕۆکی ڕووداوەکان بەشێکە لە نێوان دوو گۆرانی تەواو دێت. دەرهێنان بەشێکە ئیتر گۆرانییەکی بە دوادا نایەت. یەکەمین گۆرانی گۆبەندگێڕان بە "ڕێگا" و گۆرانی شینگێڕیش بە "لاواندنەوە" ناودەنرێت. ئەفسانەی تراژیدیایش لە ڕوانگەی ئەرستۆوە دەبێت خاوەنی تایبەتمەندییەکی دیاریکراو بێت و چەندین بارودۆخی تایبەتی لە خۆ بگرێت و لە چەندین بارودۆخی تایبەتیش دوور کەوێتەوە. ئەفسانەی تراژیدیایی نابێت بە جۆرێک دابڕێژرێت کە تێیدا چاکەکاران لە بەختەوەرییەوە دووچاری نەگبەتی بن، چونکە ئەوە ترس و سۆزی بینەر ناورووژێنێت، بەڵکو دەبێتە هۆی دروست بوونی نەفرەت و دوورەپەرێزی، هەروەها نابێت خراپەکاران لە نەگبەتییەوە بەرەو بەختەوەری ئاراستە بکرێن، چونکە ئەم جۆرە گۆڕانکارییە هەستی مرۆڤەکان هۆشیار ناکاتەوە و ترس و سۆزیش ناورووژێنێت، هەروەها نابێت دۆڕاوە دەروون نزمەکان لە بەختەوەرییەوە دووچاری نەگبەتی بن، هەرچەندە ئەوەش هەستی مرۆڤایەتی دەروووژێنێت، بەڵام نابێتە هۆی دروست بوونی ترس و بەزەیی، چونکە: "ئەوەی ئەو کەسە مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە کە دووچاری نەگبەتی هاتبێت، بەڵام شایستەی ئەم نەگبەتییە نەبووە و ئەوەی ترس دروست دەکات بارودۆخی کەسێکە کە لە ئێمە دەچێت. کەواتە بابەتی بەزەیی ئەوە نییە کە مرۆڤێک بێت وەڵامدەرەوەی نەگبەتی و بابەتی ترسیش، مرۆڤێکە وەکو خۆمانە، هەورەها دۆڕاوێکی دەروون نزمی لە نەگبەتییەوە دووچاری نەگبەتی بێت، ڕووداوەکە بەشێوەیەک نییە کە بتوانێت ترس و بەزەیی لە دەروونی ئێمەدا دروست بکات". (کتێبی هونەری شیعر- بەشی ١٣)

بە ڕای ئەرستۆ بۆ ئەوەی ئەفسانەیەکی تراژیدیایی باش ببێتە تێکست، دەبێت گۆڕانکاری لە بەختەوەرییەوە بۆ بەزەیی تێدا ڕوو بدات و ئەم گۆڕانەش بەهۆی دەروون نزمی و دەروونی پاڵەوانی تراژیدی نییە، بەڵکو بەهۆی هەڵە گەورە، ترسناک و قەرەبوو نەکراوەکان هاتوونەتە ئاراوە. سەبارەت بە ڕێبازی پاڵەوانانی تراژیدیاش ئەرستۆ ئاماژە بە چوار خاڵی سەرەکی دەکات. بە ڕای ئەرستۆ ڕەفتار و سروشتی ئەم جۆرە کەسانە دەبێت گونجاو و پەسند کراو بێت. سروشتی پاڵەوانی تراژیدیا دەبێت لەگەڵ کەسایەتی و ڕەگەز و پلەی کۆمەڵایەتی ئەودا بگونجێت. سروشتەکەی دەبێت هاوشێوەی ڕەسەنایەتی خۆی بێت. پاڵەوانی تراژیدیا دەبێت لە سروشتی خودی خۆیدا – تەنانەت ئەگەر ئەم سروشتە ناجێگیری کردار و ڕەفتاریش بێت – جێگیر بکرێت، بێجگە لەوەش ئەم چوار خەسڵەتە سەرەکییە، سروشتی پاڵەوان پێویستە نزیک لە ڕاستی بێت و بە درێژایی ڕووداوەکان دەبێت ئەم خاڵە پەیڕەو بکرێت. ئەنجامی

چیرۆکیش دەبێت لە خودی داستان دەربێت و نابێت بە دەست تێوەردانی خوداکان و ڕووداوەکان پەیوەست بکرێت، بێجگە لەو ڕووداوانەی کە لە دەرەوەی چیرۆک ڕوو دەدات، یان بەر لە ڕووداوی ناوهێنراو لە چیرۆکدا ڕووی داوە، یان دوای ئەوە و ئەنجامدان لە دەرەوەی زەوقی چیرۆک، یان خوێنەر بێت. چۆنیەتی نووسینی تراژیدیا لە بابەتە گرنگەکانە کە ئەرستۆ گرنگی زۆری پێداوە. بە بڕوای ناوبراو: "شاعیر دەبێت لە کاتی ڕێکخستن و دارشتنی ئەفسانە و لە کاتی نووسینی بەرهەمیش تا ڕادەیەک خۆی لە شوێنی بینەر دابنێت، چونکە بە پەیڕەو کردنی ئەم شێوازە، گشت باردۆخەکان بە ڕوونی دەبینێت و گوایا خۆی لە کاتی ڕوودانیدا ئامادە بووە و دەتوانێت ئەوەی پێویستە دایبنێت و ئەوەی پێچەوانەی ئامانج و مەبەستی ئەو بێت لێ دوور کەوێتەوە. (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ١٧)

لە نووسینیشدا شاعیر دەبێت تا ڕادەیەک دەرفەتی دەرخستنی کەسایەتی و جووڵەکان لە بەرچاوی خۆیدا وێنا بکات و شاعیری بە توانست و کاریگەر کەسێکە کە خۆی زۆرترین ئاستی کاریگەری لەسەر هەبێت و خاوەنی سۆز و بەرچاو ڕوونی بێت و لەژێر کاریگەری سۆز و هەستەکانەوە بێت. "هەروەکو کەسێک لە ڕاستەقینەدا دەتوانێت حاڵەتی نائومێدی و نەگبەتی خۆی بە باشی وێنا بکات کە ئەم نائومێدی و نەگبەتییەی بتوانێت ڕاستییەک دەربخات. کەسێک بتوانێت حاڵەتی تووڕەیی و هەڵچوون بە باشی بنوێنێت کە بتوانێت دڵی خۆی لە تووڕەیی و هەڵچوون پڕ بکات."

لەم ڕووەوە، هونەری شیعر بۆ کەسانێکە کە بە سروشتی خۆیان لەم توانستە بەهرەمەندن، یان هەستێکی زۆریان هەیە، چونکە لە حاڵەتی یەکەمدا دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان لە چوارچێوەی هەر کەسایەتییەک کە بیانەوێ دەربێن و لە حاڵەتی دووەمیشدا دەتوانن خۆیان بدەنە دەستی هەستەکانەوە". (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ١٧)

شاعیر بۆ کار کردن لەسەر ناوەرۆکێک کە خۆی هەڵیبژاردووە، سەرەتا دەبێت پلانێکی گشتگیر لەبەرچاو بگرێت، پاشان کار لە ڕووداوی سەرەکی بکات و پلانەکە گەشە پێ بدات. بابەتێکی گرنگی تر کە ئەرستۆ لە تراژیدیا گرنگی پێ داوە "گرێ و کردنەوەی گرێیە" و بەم جۆرە باسی دەکات: "بەم بەشەی تراژیدیا دەڵێین گرێ کە لە سەرەتای تراژیدیاوە دەست پێدەکات و بە گۆڕانکاری و گۆڕانی دۆخەکە بۆ بەختەوەری، یان نەگبەتی کۆتایی پێدێت و ئەم بەشەی تراژیدیاش کە بەم گۆڕانکارییە دەست پێ دەکات و تا کۆتاییەکەی درێژە دەکێشێت بە کردنەوەی گرێ ناو دەبرێت." (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ١٧)

لەسەر بنەمای ئەم پێناسە و پۆلێن کردنە، ئەرستۆ تراژیدیا بۆ چوار کۆمەڵە دابەش دەکات: تراژیدیای تێکهەڵکێشی ڕاستەوخۆ بریتییە لە گۆڕانکاری و تێگەیشتن - تراژیدیای پڕ لە ئازار - تراژیدیای ڕێباز و سروشت - تراژیدیای ئاسایی کە ڕووداوەکانی لە دنیاکەی تردا درێژەی پێ دەدرێت. سەبارەت بە جیاوازی و لێکچوونەکانی تراژیدیایی، ئەرستۆ بڕوای وایە کە ئەم کارە لەسەر بنەمای لێکچوون و جیاوازییەکانی ڕواڵەتی چیرۆک هەڵناسەنگێنرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەوەیە کە گرێ و کردنەوەی گرێیەکان وەکو یەک بن، یان جیاوازییان هەبێت و بەرهەمی تراژیدیای بەهادار بەرهەمێکە کە هەم پلانی گرێ و هەم کردنەوەی گرێ تێیدا هونەریانە ئەنجام درابێت و داهێنەرانە بێت. خاڵێکی تر کە ئەرستۆ گرنگی پێ دەدات ئەوەیە کە نابێت لە کۆی ئەفسانە و چیرۆکە حەماسییەکان، تراژیدیا دروست بکرێت و لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەنجامەکەی لاواز و کەم بایەخ دەبێت، چونکە سروشتی تراژیدیا و حەماسەت جیاوازە و بنیادیان ناتەبایە. دواتر ئەرستۆ ڕوو لە بابەتی زمان و ڕەوانبێژی بەهۆی تراژیدیا و وتار دەکات و لە چوار بەشدا، لە چەندین بابەتی وەکو ئەندێشە و وتار - وردەکارییەکانی وتار - جۆرەکانی ناو و خەسڵەتەکانی تێکستی شاعیرانە دەکۆڵێتەوە. بە بڕوای ئەرستۆ وتاری شاعیرانە وتارێکە سواو و لاواز نەبێت. ئەم جۆرە وتارە دەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت، بەڵام نابێت تێیدا زاراوەی لاواز زۆر بوونی هەبێت، چونکە بەم جۆرە دووچاری لاوازی و نزمبوونەوە دەبێت، بەڵام نابێت زۆریش بە زمانی خەڵکەوە نامۆ و دوورەپەرێز بێت، چونکە لەم حاڵەتەدا، یان ناچار دەبێت کە سوود لە وشەی بێگانە وەربگرێت، کە لێرەدا دووچاری لاوازی دەبێت، یان ناچار دەبێت سوود لە



ئەفلاتوون

مانای خوازراو وەربگرێت کە لەم حاڵەتەشدا بە شێوەی مەتەڵ، یان ڕەمز دەردەچێت، یان ناچار دەبێت سوود لە وشەی ناجێگیر وەربگیرێت کە لەم بارودۆخەدا بێ مانا و ناڕوون دەردەکەوێت و لە هەر سێ حاڵەتەکەشدا بە شێوەی مەتەڵ و شاش دەردەچێت، ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازی و سستی دەربڕین و زمان و وتار. بەم شێوەیە داڕێژەری تراژیدیا دەبێت زمانێک بەکار بهێنێت کە کە لە سنووری نێوان زمانی گشتی و زمانی تایبەتی دابێت و ڕەوانی و ڕەوانبێژییەکەی لە تەک ناڕوونییەکەیدا بێت و لەگەڵیدا تەبا بێت: "بە گشتی دەبێت ئاوێتەیەک بێت لە هەر دوو جۆری زارەکی دوورەپەرێزی لە سواوی و لاوازی بەم ڕێگایەوە لەبەر دەست دەبێت کە وشەی بێگانە و گشت جۆرەکانی مەجازی و مانای خوازراو و جۆرەکانی تری ناو وتەکە بەکار بهێنێت. لە کاتێکدا کە گەیشتن بە وتەی ڕوون و ئاشکرا، بە ڕێگەی بەکارهێنانی زاراوەی ئاسایی و بەردەوام دەبێت. (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ٢٢)

بۆ جەخت کردن لەسەر وتەیەک کە ڕەوان و ڕوون بێت و دووچاری سواوی و لاوازی نەبێت، ئەرستۆ گرنگترین شێواز بەکارهێنانی "درێژەپێدان و گۆڕانکاری و کورتبڕی لە وتە" دادەنێت و بڕوای وایە کە ئەم جۆرە بەکارهێنانە وتار لە سواوی و لاوازی دوور دەخاتەوە و ڕەوانی دەپارێزێت. دوای کۆتایی هێنان بە باسی تراژیدیا، ئەرستۆ بە گشتی و بە کورتی ڕوو لە باسی حەماسی دەکات و هەندێک بابەت کە لە بارەی تراژیدیا باسی کردووە، سەبارەت بە حەماسیش دەیخاتەڕوو و لە ڕووی ناوەرۆکی ئەفسانەوە، وەکو تراژیدیا لێی دەڕوانێت، واتا حەماسیش دەبێت وەکو تراژیدیا، بریتی بێت لە یەک کردار و چالاکییەکی تەواو و سەرەتا و ناوەرۆک و کۆتایی هەبێت و داڕشتنی جوان بێت و بەشەکانی وەکو ئەندامی بوونەوەرێکی زیندوو پێوەندی ئۆرگانیکی هەبێت. ئەرستۆ شیعری حەماسی هۆمێر لە لایەنی ئەوەی کە ڕەچاوی گشت بارودۆخەکانی بە دروستی کردووە، بە بالاترین نموونەی شیعری حەماسی دادەنێت و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بە خاوەنی پایەیەکی بەرزی دەدانێت:

"هۆمێر هەر لە سەرەتاوە گشت ئەم بارودۆخانەی لەبەرچاو گرتووە و بە شێوەیەکی زۆر باش ئەنجامی داوە. لە دوو کۆمەڵەکەیدا، کە یەکێکیان بە ناوی "ئیلیادە" چیرۆکێکی سادەیە کە باس لە ڕووداوی دڵتەزێن دەکات و ئەوەی تریان کە "ئۆدیسە"یە چیرۆکێکی تێکهەڵکێشە لە زانیاری و تێگەیشتنەکان و پێوەندی بە خەسڵەت و سروشتی کەسایەتی هەیە و سەرەڕای ئەمانەش هۆمێر لە ڕووی وتار و ئەندێشەوە لە سەرووی گشت شاعیرانی دی بووە." (کتێبی هونەری شیعر - بەشی ٢٤)

ئەرستۆ لە بەشی (٢٤)ی کتێبی هونەری شیعردا باس لە تایبەتمەندییەکانی شیعری حەماسی و جیاوازی و لێکچوونەکانی لەگەڵ شیعری تراژیدیا دەکات و لە هەموو شوێنێک شیعری حەماسی هۆمێر وەکو بەرزترین نموونەی شیعری حەماسی بە بەڵگە دەهێنێتەوە و بە باشترین نموونەی دادەنێت: "لەنێوان ئەو خەسڵەت و خاڵی بەهێزە زۆرەی کە وا دەکات ستایشی هۆمێر بکرێت ئەم خەسڵەتە تایبەت بە خۆیەتی کە لە ناو هەموو شاعیراندا تەنیا کەسێک کە دەزانێت شاعیر لە هۆنراوەکەی خۆیدا تا چەندە مافی دەست تێوەردانی کەسی هەیە، هۆمێرە. لە ڕاستیدا شاعیر بەر لە خۆیدا دەبێت زۆر کەم قسە بکات، چونکە ئەگەر پێچەوانەی

ئەوە بێت، شاعیر ئیتر لاسایی نەکردۆتەوە، هەروەها هۆمێر ئەم خاڵەی فێری شاعیرانی تر کردووە کە چۆن دەکرێت بارودۆخی پێچەوانەوە ڕوون بکاتەوە و ئەم کارە لە ڕێگەی هەڵەوە بەرهەم دێت کە وتنی وشەی هەڵە بێت بۆ داپۆشینی وشەی ڕاستی. (کتێبی هونەری شیعر – بەشی ٢٤)

بەشێک لە نامیلکەی هونەری شیعریش تایبەتە بە بەراورد کردنی تراژیدیا و حەماسە. لەم بەشەدا ئەرستۆ بەم جۆرە دەیخاتەڕوو کە لاسایی باشتر و بەرزتر دەژمێردێت، ئەگەر ماوەکەی کورتتر بێت و بینەرەکانی کەسانی مەزنتر و هەڵبژاردەتر بن، بۆیە لەم گۆشە نیگایەوە حەماسە لە تراژیدیا بەرزتر دەنرخێنرێت، چونکە: "حەماسە ڕوو لە کەسانێکە بەرزن و بۆ تێگەیشتن پێویستیان بە نواندن و جووڵە نییە، لە کاتێکدا تراژیدیا ئاراستەی کەسانێک دەکرێت کە مام ناوەند و نزمترن. کەواتە، چونکە تراژیدیا نزمترە، ئاشکرایە کە دەکرێت لە دوای حەماسییەوە بێت. (کتێبی هونەری شیعر – بەشی ٢٦)

بەڵام لە گۆشەنیگایەکی ترەوە تراژیدیای بەرزتر لە حەماسی دەنرخێنێت و بڕوای وایە کە بە گشتی تراژیدیا لە سەرووی حەماسییەوەیە: "چونکە تراژیدیا گشت تایبەتمەندییەکانی حەماسی تێدایە، تەنانەت کە تێیدا کێشی حەماسیش بەکار دێت، سەرەڕای ئەمانەش تایبەتمەندییەکی گرنگی تر ئەوەیە کە بە هونەری مۆسیقاش بەهرەمەندە، ئەوانەش هۆکارێکی کاریگەرن بۆ چێژ بەخشین. تراژیدیا تایبەتمەندییەکی تریشی هەیە کە بریتییە لە ڕوونی و ڕەوانبێژی جا چ بخوێندرێتەوە، یان نمایش بکرێت. تایبەتمەندییەکی دیکەی تراژیدیا ئەوەیە کە سەرەڕای دەرفەتی کەمتر مەبەستی خۆی لە لاساییدا دەگەیەنێت، چونکە خەڵک چیرۆکێکیان لا پەسندە کە کورتتر بێت لەوەی کە درێژ و پەرشوبڵاو بێت. (کتێبی هونەری شیعر – بەشی ٢٦)

لە کۆتاییدا ئەرستۆ تراژیدیا بەهۆی تایبەتمەندییەکەی بە تایبەتی بەهۆی ئەم کاریگەرییەی کە لەسەر مرۆڤ دایدەنێت، چونکە مەبەستی خۆی باشتر دەپێکێت و لە سەرووی حەماسی دادەنێت. بەشێک لە کتێبی هونەری شیعریش تایبەتە بە لادانی کێشەکانی ڕەخنەگرانی شیعر و وەڵامدانەوەی ڕەخنەکان و ئەو ڕەخنانەی کە ڕەخنەگرانی شیعر و ئەدەبیات لێیان گرتووە. ئەرستۆ لە هونەری شیعر ئەوە دەخاتەڕوو کە تا چەندە بەسەر شیعرو ئەدەبیاتی سەردەمی خۆیدا زاڵ بووە و چۆن شیعری سەردەمی خۆی و ڕابردووی خۆی بە باشی ناسیوە. لە هەر بەشێک و لە هەر بابەتێکدا ئەرستۆ نموونەی بەرهەمەکانی ئەدەبی یۆنانی دێرینی هێناوەتەوە و بە لێهاتوویی ئەو بەشانەی هێناوەتەوە کە پێوەندی بە بابەتەکەوە هەیە. بەرهەمەکانی نموونەی هۆنراوەی کۆنتورس لە خەرمون – هۆنراوەی دیپلیاد بەرهەمی نیکۆخورس – ئانتە بەرهەمی ئەگاسۆن – لێنسە و دانایوس بەرهەمی تیۆدکت – ئەیفی ژەنی بەرهەمی ئوری پید – ئەلکیۆن بەرهەمی ئاستی دۆماس – ئولیس مەجروح بەرهەمی تلگونومیس – ئەنتیگۆنە، ئەلەکترا، ئۆژاکس، فیلۆکتس، ژنانی تراخیس، پاشا ئەدیپۆس، ئەدیپۆس لە کولونۆس بەرهەمی سۆفۆکلیس – ئەیفی ژەنی، هێلین، هیپۆلیت، ئەلسست و ئایۆن بەرهەمی ئوری پید – ئەگاممنون بەرهەمی ئایسخولۆس و هاوشێوەی ئەمانە، لە کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆ ئاماژەیان پێدراوە. لە کۆبەندی کۆتاییدا پێویستە نامیلکەی هونەری شیعری ئەرستۆ بە یەکەمین کتێبی ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی و ئەرستۆش وەکو مامۆستای مەزنی هونەری ڕەخنەی ئەدەبی بناسرێت.

ئەو ڕێچکەیەی کە ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە ئاراستەی باڵایی و پێشڤەچوون بریان، دوای ئەوان بەرەو نوشست هەنگاوی نا و ئیتر لە یۆنانی کۆن لە ئەسینا و لە ئەسکەندەرییە و لە ناوەندەکانی تری فەرهەنگی و ئەدەبیدا، ڕەخنەگرێکی ئەدەبی بە بەراورد بەم دوو کەسایەتییە نەهاتۆتە کایەوە و ڕەخنەی ئەدەبی دووچاری سستی هات. لەم سەردەمەدا چێژی ئەدەبی و بەهرەی سروشتی داهێنانی تراژیدیا و چیرۆکی قارەمانی لە یۆنان دامرکایەوە و ڕووی لە خامۆشی کرد و شیعر و ئەدەبیات ئەو شکۆ و مەزنییەی خۆی لە دەستدا. ڕەخنەی ئەدەبیش دوای ئەرستۆ، زۆرتر بە ئاراستەی وتار و ڕێزماندا دەڕۆیشت و ڕاڤە نووسین، کۆکردنەوەی بەرهەمەکان و ئامادە و ڕاستاندنی دەقە ئەدەبییەکان، جێگەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گرتەوە. هۆمێرناسی و شیکردنەوە و شرۆڤە کردنی بەرهەمەکانی بڕەوی سەند و باسە بێ کۆتاییەکانی زمانەوانی سەبارەت

بە شیعرەکانی هۆمێر لە ناو لایەنگرانی ئەدەبیات بۆ کۆڕە ئەدەبی و ویژەییەکان گەشەی فراوانی بە خۆیەوە بینی. بە دامەزراندنی کتێبخانە گەورەکان لە ئەسکەندەرییە کە خاوەنی سەرچاوەیەکی گەورە و سەرەکی ئەدەبی بوون، پرۆسەی ئامادەکردن و ڕاستکردنەوەی بەرهەمەکان لەچاو سەردەمی ڕابردوو بەرەو پێش دەچوو و ڕەخنەگران و تیوریناسانی ئەدەبی بۆ ئامادەکردن و ڕاستکردنەوەی کتێب و بەرهەمە کۆنەکان گۆڕان. یەکەمین ڕەخنەگری گەورەی دوای ئەرستۆ، تیۆ فراستۆس ئەرسۆسی یەکێکە لە بەرچاوترین قوتابی و پەیڕەوانی ئەرستۆ کە دوای مەرگی مامۆستاکەی، بوو بە جێگرەوە ئەو، هەروەها مامۆستای حیکمەت و فەلسەفەی قوتابخانەی پەیڕەوانی ئەرستۆ. ناوی ڕاستەقینەی تور تامۆسە و تیۆ فراستۆس نازناوێکە کە ئەرستۆ، بەهۆی زیرەکی و توانستی زۆری، پێی بەخشیوە. ناوبراو چەندین ساڵ دوای مەرگی ئەرستۆ، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی و دامەزرێنەری ئەو شوێنانە بوو کە نووسەران و وتار خوێنەکان بابەتەکانی خۆیان تێیدا دەخوێندەوە. تیۆ فراستۆس کتێبێکی سەبارەت بە هونەری شیعر نووسیوە کە لە ناو چووە و تەنیا ناونیشان و سەردێڕەکەی ماوەتەوە، هەروەها خاوەنی بەرهەمێکی ترە بە ناوی "سەبارەت بە کۆمێدیا" کە ئەم بەرهەمەشی بە تەواوی لەناو چووە.

ڕەخنەگرێکی گرنگی دیکەی ئەم سەردەمە (ئەریستۆکسنۆس تاراسی)یە. ئەویش یەکێکە لە دیارترین قوتابییەکانی ئەرستۆ و ڕکابەرێکی سەرسەختی تیۆ فراستۆس بوو بۆ بەدەستهێنانی پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانە. ناوبراو نووسەرێکی داهێنەر و بەهرەمەند بوو و گرنگترین بەرهەمی ئەدەبی بەناوی "بەرهەمی ئەدەبی کۆیلەکان" بوو کە لە ناو چووە، هەروەها سێ کتێبی گرنگی دیکەی سەبارەت بە مۆسیقا نووسیوە کە بەناوی "ئاواز ناسی" ناسراوە و دیارترین بەڵگەن سەبارەت بە مۆسیقای یۆنان.

دیمیتریۆس فالرۆنی لە ناسراوترین مامۆستایانی قوتابخانەی ئەسکەندەرییە و ڕەخنەگرێکی بەرچاوی ئەم قۆناغەیە. ناوبراو هاوڕێ و قوتابی تیۆ فراستۆس بوو، هەروەها یەکەمین کەس بوو کە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەفسانەکانی ئوزوپی دەدا و کتێبێکیشی لەم بارەیەوە نووسی. چەندین نامیلکە و کتێبی سەبارەت بە بەرهەمەکانی هۆمێر داناوە کە زۆربەیان لەناو چوون.

زنودوتوس ئەفسوسی، بەڕێوەبەری کتێبخانەی ئەسکەندرییە یەکێکە لە ناودارترین ئامادەکار و هەڵەبڕی دەقی ئەدەبی و دیوانەکانی شاعیران و ئەدیبانی بەر لە خۆی. لە گرنگترین چالاکییە ئەدەبییەکانی ئامادەکردنی دەستنووسە ڕەخنەییەکان و ڕاستاندنی ئەلیادە و ئۆدیسەی هۆمێرە و بنەمای کارەکەشی بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم دەقانە بە ڕووبەرووی کردنەوەیەکی ورد و ڕەخنەگرانەی دەستنووسە کۆنەکانی دانا و لادانی بابەتی بێ سوود و زیادکراو کە بەهۆی دەست تێوەردانی نابەجێی ڕەخنەگران و نووسەران بۆی زیاد کرابوو و ئەم کارە گەورە و بە نرخەی بۆ بەرهەمەکانی ئاناکریۆن و پینداریش ئەنجام دا. لە ڕاستیدا پێویستە ئەو بە یەکەمین کەس ناو ببرێت لە بواری کۆکردنەوەی دەقی ڕەخنەیی و ڕاستکراوە بە شێوەیەکی زانستی و وردبینانە. کاری سەرەکی ناوبراو بۆ ڕازاندنەوە و پاک کردنەوەی شیعرەکانی هۆمێر لە دەستێوەردان و شتی زیادە بۆ کراو، ئاراستە و پێداویستییە بەرچاوەکان، لەوانە نەبوونی هەماهەنگی و ناسازگاری وتارە لەگەڵ مەبەستی کەسێتی.

ئەریستۆڤانس بیزانسی، لە ڕەخنەگرە ناودارەکانی ئەم سەردەمە و خاوەنی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بوو و کاری کرد لە بواری ڕاستاندن و جوانکاری بۆ دەقە ئەدەبییەکان لەوانە: بەرهەمی هۆمێر، هزیود، ئەلکائیۆس، ئاناکریۆن، پیندار و بەرهەمە فەلسەفییەکان لەوانە: بەرهەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و کۆمەڵە بەرهەمێکی لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرانە ئامادە کرد، هەروەها چەندین بابەتی سەبارەت بە یوریپیدۆس و ئەریستۆڤانسی نووسەری کۆمێدی نووسی و کتێبێکی سەبارەت بە زاراوە ناسی بەناوی "لێکسیس" ئامادە کرد و داهێنانی خاڵبەندی کە لە شێوە خەتی یۆنانی بەکار دەهێنرێت لە کارەکانی ئەم ڕەخنەگرەیە، هەروەها ئەم هێمایانەی کە لە کتێبەکانیدا بەکاری دەهێنا، تا ئێستاش ماوەتەوە.

زویلیۆس کە نزیکەی سێ تا چوار سەدە بەر لە زایین لە ناوچەی ئەمفی پولیس ژیاوە یەکێکە لە ناودارترین ڕەخنەگرانی دوای ئەرستۆ کە زمانی نووسینی زبر و توند بوو، نووسینی زۆر توند و نەشتەری سەبارەت بە

ڕەتکردنەوەی بەرهەکانی ئەفلاتوون و هۆمێر نووسی کە تێیدا ڕەخنەی تێکەڵ بە داشۆرین کردبوو. نووسینە ڕەخنە ئامێزەکانی ناوبراو سەبارەت بە ئیلیادە و ئۆدیسەی هۆمێر لە نۆ بەش پێکهاتووە کە تێیدا هەوڵی داوە دژیەکەکان و خاڵە لاواز و ڕەهەند نەشیاو و ساختەکان و ئەو ئەفسانانەی کە هۆمێر سەبارەت بە خواوەندە جۆراوجۆرەکان، کەسایەتییەکان نووسیویەتی، ئاشکرا بکات، پاشان ڕەتیان بکاتەوە. زویلیۆس بە بێ گرنیگدان بە لایەنی مێژوویی و هەلومەرجی سەردەمی نووسینی ئەم هۆنراوەیە و دابونەریتی باوی ئەو کاتە، دەستی کرد بە ڕەخنەگرتن و دژایەتی کردنی ئەم بەرهەمانە، ئەم گرنگی پێ نەدانەش لە ڕووی زانستییەوە بە سەرەکیترین خاڵی لاوازی ڕەخنەکانی ئەو دادەنرێت. خاڵێکی لاوازی دیکەی زویلیۆس زمانە توند و زبرە ڕەخنە ئامێزانەکەیەتی کە بێ بەزەییانە ڕەخنەی تێکەڵ بە ریسواکردن و گاڵتە پێکردن کردووە. ڕەخنەکانی زویلیۆس لەسەر هۆمێر ئەوەندە توند بوو کە بووە هۆی ڕق و بێزاری لایەنگرانی هۆمێر، بە جۆرێک وتەکانی ئەویان وەکو لێدانی قامچی دەبینی کە دەکەوتە وێزەی بەرهەمەکانی هۆمێر، هەربۆیە نازناوی "قامچی هۆمێر"یان لێناو هەر ئەم قامچییە بێ بەزەییانەی ناوبراو لەسەر لاشەی شیعرەکانی هۆمێر بووە هۆی جۆشدانی ڕقی لایەنگرانی هۆمێر و لە دژی ناوبراو وەستانەوە، لە ئەنجامدا بە مەرگ، یان خۆ کوشتنی ناوبراو کۆتایی پێهات. شێوازی ڕەخنەگرتنی زویلیۆس زۆرتر وەکو نانەوەی ئاژاوەی لێهاتبوو و تێیدا وردبینی لە هەڵسەنگاندندا جێگەی ڕەخنەی زانستی گرتبووەوە، هەر بۆیە سەرەڕای ناودارییەکەی، لە مێژووی ئەدەبیاتی یۆنانی دێریندا ناوێک نییە وەکو ناوی زویلیۆس نەفرەت لێکراو بێت.

ئەریستارخۆس سامۆتراسی ڕەخنەگرێکی تری ناوداری ئەم سەردەمە کە بەوە ناسراوە لە ڕووی ویژدان و وردبینی و بێلایەنی و زانستیانە شیعرەکانی هۆمێری هەڵسەنگاندووە. نابراو هەوڵی تەواوی داوە و یەکێک بوو لە هەڵبەر و ئامادەکارانی دەقە ئەدەبییە کۆنەکان و شێوازە زانستییەکەی لە ڕەخنەگرتندا بۆ ڕاستکردنەوەی دەقەکان، بۆتە هۆی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی بەهێز و کاریگەر لە ئەسکەندەرییە و چەندین قوتابی لە دەوری کۆ بوونەتەوە و کۆڕێکی بەهێزیان لە ڕەخنەی ئەدەبی بنیاد ناوە. ئەریستارخۆس درێژەی بە کارەکانی دوو مامۆستاکەی زنودوتۆس و ئەریستۆڤانس دا و بە کارکردن لە سەر دەستنووسە کۆنەکانی بەرهەمی هۆمێر توانی بەرهەمێکی جوان و پوخت پێشکەش بکات و شیعرەکانی لە پاشکۆیەتی ڕزگار بکات. ئەو دەستنووسانەی کە ئەمڕۆ وەکو کۆنترین دەستنووسەکانی شیعری هۆمێر لەبەر دەستدان بە هەوڵ و ماندوو بوونی ئەو هاتوونەتە کایەوە، هەروەها هۆنراوەکانی ئیلیادە و ئۆدیسەی بۆ ٢٤ سروود دابەش کرد و ئەم پۆلێن کردنە هێشتا وەکو خۆی بەهێز و کاریگەر ماوەتەوە. لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەگرتنی ئەریستارخۆس بایەخ پێدانی بوو بۆ داخوازییەکانی سەردەمی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی و بارودۆخی ڕۆشنبیری و دابونەریتە باوەکان. ناوبراو هەوڵی دەدا لەسەر بنەمای ئەم تێبینیانە بەرهەمە ئەدەبییەکان ڕێک بخاتەوە، هەروەها دەستەواژەکان، توانج و زێدەڕۆیی جوانکاری کە لە شیعری هۆمێردا هەبوو و بە بڕوای ئەو بەهۆی دەستکاری ڕەخنەگرە نا ئەمینەکان هاتوونەتە ئاراوە بە شێوەیەکی تەواو لەم شیعرانەدا بپاڵێوێت و پاکیان بکاتەوە. ئەریستارخۆس لە ڕەخنە و شیکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی ڕابردوودا، بوونی هەر جۆرە مانا و هێما و دەستەواژەیەکی ڕەت دەکردەوە، تاوەکو بە هاوکاری بەڵگەی بەرچاو و بە پێی مانای بەردەوام، مانا دژوار و ئاڵۆزەکانی شیعرەکانی هۆمێر و شاعیرانی تر شی بکاتەوە.

دیدۆمۆس لە ڕخنەگرانی دیکەی ئەم سەردەمەیە کە بەهۆی ئەو توانستە لە ڕادەبەدەری کە لە کاری ڕەخنەگرتنی شیعرەکانی هۆمێردا هەیبوو، نازناوی "خالیکنترۆس"، یان "دێو ئاسا"ی پێ بەخشراوە و بە دوایین ڕەخنەگری ناوداری بەرهەمەکانی هۆمێر دەژمێردێت. دیدۆمۆس لە ناوچەی هالیکارناسۆس لە ناودارترین ڕەخنەگرانی سەردەمەکەی خۆیەتی. ناوبراو کە مێژوونووس و مامۆستای هونەری ئاخاوتن بووە، چەندین ساڵ لە ڕۆما وانەی چەمک و ڕوونکردنەوەی داوەتەوە و چەندین قوتابی پێگەیاندووە. کتێبەکانی سەبارەت بە بابەتە ئەدەبییەکان خاوەن بەهایەکی بەرزن و بە یەکێک لە پڕ بایەخترین و گرنگترین بەرهەمە ڕەخنە ئامێزەکان و

تیورییەکانی یۆنانی کۆن دەژمێردێن. دیدۆمۆس ڕەخنەگرێکی بلیمەت و لێوانلێو لە زانیاری بووە و ئاشنایەتی زۆری لەگەڵ بەرهەمە ئەدەبی و شیعری ئەدیبە گەورەکانی یۆناندا هەبووە، هەر بۆیە ئەوەی سەبارەت بە ڕەخنە و شیکردنەوەکانی بەرهەمی ڕابردووەکان نووسیویەتی بەهایەکی زۆریان هەیە و ئاماژەیە بۆ زەوقی زۆر و دیدی وردبینانە و زیرەکانە و زانیاری فراوانی ناوبراو لەو بوارانەی کە تێیدا کار لەسەر شیکردنەوە و ڕەخنە گرتن دەکات. لەنێوان بەرهەمە ئەدەبییەکانی دوو کتێبی "سەبارەت بە لاسایی" و "ڕێکخستنی وشە" گرنگی زۆریان هەیە. کتێبی "سەبارەت بە لاسایی" کە بەشێکی زۆری لەناو چووە، گرنگی بەوە دەدات کە لاسایی کردنەوە چییە و دەرئەنجامی چییە و بۆچی دەبێت بەکاری بهێنیت و فێری ببیت.

دیۆنسیۆس هەروەکو گشت تیوری زانانی سەردەمەکەی خۆی بڕوای وایە کە لاسایی کردنەوە لە بەرهەمەکانی پێشینان یەکێکە لە قۆناغە سەرەکییەکانی پەروەردەی ئەدەبی و بەهرەی نووسین. ناوبراو بڕوای وابوو هەر کەسێک بیەوێ هونەری نووسەرە خاوەن ستایل و قوتابخانەکانیان فێر ببێت، سەرەتا دەبێت دوای فێر بوونی بنەما و ڕێسا تیورییەکان، هەوڵی لاسایی کردنەوەی بەرهەمەکانی پێشینیان بدات و داهێنان لە ڕێبازەکانیاندا بکات. دیۆنسیۆس نووسینی چەند پارچە بە لاسایی کردنەوە لە زانا خاوەن قوتابخانەکان بۆ فێر بوونی وردەکارییەکان و تەکنیکی کاری ئەم زانایانە بە کارێکی پێویست دەزانێ، بە تایبەتی جەختی لەسەر لاسایی کردنەوەی بەرهەکانی گەزنەفۆن و هێرۆدۆت دەکردەوە. دیۆنسیۆس لە کتێبی "ڕێکخستنی وشە"دا باس لەوە دەکات کە نابێت کاری نووسین و ڕێکخستنی وشەکان گرنگی پێ نەدرێت و بە ئاسانی سەیری بکرێت، هەروەها نابێت وشەکان هەر جۆرێک کە هاتە پێشەوە، یان دڵخوازیانە داڕێژرێن، بەڵکو دەبێت ڕێسا و بنەماکان لە بەرچاو بگیرێن و پابەند بن پێیانەوە. دیۆنسیۆس جێگیری و بەهێزی بوونی وشە، ڕوونی و داهێنانی تێکهەڵکێش کردن و سوود وەرگرتن لە جوانکاری و ڕازاندنەوە لە هونەری وێناکردندا، بە سێ خەسڵەتی سەرەکی پێکەوە گرێدان و ڕێکخستنی هونەری وشە دادەنا و بڕوای وابوو کە دەبێت نووسەر گرنگی بەم لایەنانە بدات، هەروەها گرنگی بە جیاوازییە چلۆنایەتییەکانی نووسینی وشە لە پەخشان و تێکستی شیعری داوە و مەرج و خەسڵەتەکانی هەر یەکەیانی دیاری کردووە. کتێبی "ڕێکخستنی وشە" بۆ گشت ئەوانەی کە دەیانەوێت بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی یۆنانی کۆن لە ڕووی شێواز و ستایل، بخوێننەوە و لێیان بکۆڵنەوە، کتێبێکی زۆر بەسوودە، بێجگە لەم دوو کتێبە بنیادنەرە دیۆنسیۆس چەندین نامیلکە و کتێبی تری لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی نووسیوە کە یەکێک لەوانە بە ناوی "سەبارەت بە دێتینارخۆس"ە. دیۆنسیۆس لە ڕەخنەکانیدا هاوشێوەی ڕەخنەگرە بەرز و ناودارەکان هەڵکەوتووە و نووسینە ڕەخنە ئامێزەکانی بەڵگەی ئەوەن کە ناوبراو خاوەن هەستێکی جوان و زیرەکانە بووە و بیروڕاکانی بە ویژدانانە و بێ مەبەستی تایبەتی بووە. ئەوەش ئەوە دەردەخات کە توانستی فراوان و قووڵی سەبارەت بە زانست و هزری ئەدەبی لە پانتایی ئەدەبیاتی کلاسیکی یۆنانی کۆندایە. گرنگترین خاڵی لاوازی کاری دیۆنسیۆس ئەوەیە کە لە تێگەیشتن و دیارکردنی جوانکاری نووسین کە تا ڕادەیەک ڕووی لە شیعری گۆرانی کردووە، بێ توانایە و ناتوانێت درک بەوە بکات کە ڕەنگە تێکستێک دوور لە جوانکاری ئەدەبی بێت، بەڵام بەها و بابەتێکی زۆریشی هەبێت. لایەنێکی تری زێدەڕۆییە لەو ڕەخنەگرتنەدا، بە تایبەتی لە زانا مەزنەکانی هاوشێوەی ئەفلاتوون و توسیدید و وردبینی بۆ دەرخستنی هەڵەکان و گەورەکردنی هەڵە بچووکەکانی ئەم پیاوە مەزنانەیە کە بە بڕوای کۆمەڵێک لە توێژەرەوان بە ئیرەیی ناو دەبرێت.

یەکێکی تر لە ڕەخنەگرە ناودارەکانی ئەم سەردەمە "دیمیتریۆس"ە کە هەرچەندە وەکو دیۆنسیۆس نەناسراوە، بەڵام ڕەخنەگرێکی لێهاتووە و بەرهەمە بە ناوبانگەکەی بەناوی "سەبارەت بە شێوازی نووسین" شتێکە لە نێوان ڕەخنەی ئەدەبی گشتی و هونەری ڕەوانبێژی". دیمیتریۆس لە لایەنگرانی قوتابخانەی ئەرستۆیە و لە کتێبی سەبارەت بە شێوازی نووسینەکەی خۆیدا سوودی لە ستایلی هونەرە شیعرییەکەی ئەرستۆ وەرگرتووە و شێوازەکانی داڕشتنی بۆ چوار شێوازی سادە - نایاب - باڵا و کاریگەری پۆلێن کردووە و سەبارەت بە هەر یەکێک لەوانە بە درێژی و بە هێناوەی نموونە و بەڵگەی

زۆر لە تێکستی هۆنراوە کە نیشانەی هەڵبژاردنی باش و دەســتــڕۆیشــتــوویی ناوبراوە باس کــردووە، پاشــان کەموکوڕییەکانی دەست نیشـان کردووە و لە کـۆتایی شێـوازی چوارەم کـە بە ناوی داڕشـتنی سـەرنجـڕاکـێش و کـاریگەرییـە، لە شـێـوازەکـانی دیکەی بەرزتر داناوە و هۆیەکانی ئەم باڵاییەشی ڕوون کردۆتەوە.

نیۆ پێتۆلمۆس پاریۆنی و کائیسیلیۆس کالە ئەکتە دوو ڕەخنەگری دیکەی ناوداری ئەم قـۆناغـەن کـە بەداخـەوە شـتێکی کـەم لە بەرهەمـەکانیـان مـاوەتەوە. لوسیـۆنۆس هەرچەندە بە ڕەگـەز یۆنانی نیـیـە، بەڵام بە یەکـێـک لە باشـترین نوێنەرانی ئەدەبیـاتی "هێلینی" دەژمێـردێت. ناوبراو لە شـاری سـامـوسـاتای سـوریا ژیاوە و زمـانی دایکی سریانی بووە، سەرەڕای ئەوەش دوای فێـر بوونی زمانی یۆنانی، دەبێت بە یەکێک لە ناودارانی سەردەمی خۆی و لەم بوارەشدا لێهاتوویی زۆری لە خۆی نیشان دا. ناوبراو نووسـەرێکی بە توانست و ڕەخنەگرێکی گەورە و هۆشیـار بووە کە لە تایبەتمەندێتی بەرهەمەکانی شیـرینی لە ڕەوانبـێـژی و گـەپ لە تێکسـتـەکـانیـدا، هەروەها دوورکــەوتنەوە لە درۆ و ڕیا و ســاخــتــەکــاری لە تایبـەتمەندییـە سـەرەکـیـیـەکـانی ئەم کـەسـایەتیـیـەیە. بەرهەمەکانی زۆرتر گرنگی بە بابەتی ڕەوانبێژی دەدەن و لە قۆناغی پێگەیشـتنیـدا بەرەو فـەلسـەفە هەڵدەکشێن و لە کـۆتاییـەکـانی تەمـەنیـدا لایەنی ڕەخنەیی ئاسـتـێکی توندتریان بە خۆوە بینی.

لە گرنگترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی دەکرێت ئاماژە بە "فریادڕەسی لە بەردەم دەنگە ژێردارەکان، لیکسیـفانس، چیرۆکی ڕاستـەقینە و چۆن دەبێت مێژوو بنووسرێتـەوە" بکرێت. گـرنگـتـرین بەرهەمــە ئەدەبیـیــەکــانی بەناوی "کەڵەبابە" کە لایەنی پەلاماری ڕەخنەیی لە خۆ گرتووە، بە تایبــەتی لە ڕەخنەی ئەدەبیــدا. لەم بەرهەمــەدا، میکولۆسی پینەدۆز، لە کەڵەبابە هۆشیار و زاناکەی خۆی - کـە هەمـان فـیـسـاگـۆرسی ناودارە و دوای مـەرگی لە شێوەی کەڵەباب دەرکەوتووە - بابەتێکی سەرسوڕهێنەر و ڕەخنەیی گـەپ ئامـێـزانە گـوێبـیـسـت دەبێت. لەوانە ڕەخنەی کەڵەباب ئاراستەی شیعرەکانی هۆمێر دەکرێت و لایەنە نا ڕاسـتـەقـینەکـانی ئیلیـادە و ئۆدیسـە دەکـاتە ئامـانجی هێـرشی ڕەخنەکـانی. زانسـتی ڕەخنەگـرتن و شـێـوازی داڕشـتنێکی سـەرنجـڕاکـێش و کـاریگەری لوسیــۆنۆس وای کـردووە کـە ڕەخنەگـرێکی ناوداری لێ دەربچێت. بەرهەمـەکـانی نیشـانەی ئەوەن زانیـارییـەکی فراوان و قووڵی لە سەرجەم بەرهەمە ئەدەبییەکانی بەر لە خـۆی هەیە، بە تایبـەتی لە شـیـعـرەکـانی هۆمـێـر و نووسەرەکانی ئەتیکا.

دوایین گــەورە ڕەخنەگــری ئەدەبی لە یۆنانی کــۆندا لۆنگینۆسە و بەرهەمە بە ناوبانگەکەی بە ناوی "شێوازی دەربڕینی ئاست بەرز" لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی یۆنانی کۆندا بە هەمان شێوە گرنگی هەیە کە هونەری شیعری ئەرسـتـۆ هەیەتی، هەرچەندە سـەبارەت بە ئەوەیە کـە ئەم بەرهەمە، لە لایەن لونگینۆس نووسراوە، یان نووسەرێکی تر، لە کـۆنەوە چەندین ڕای جیـاواز هەیە، بەڵام زۆرینە ڕای وایە کـە ئەم کـتـێبـە لە لایەن لونگینۆس نووسـراوە. لونگینۆس بەرهەمــێکی زۆری ســەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری ڕەوانبێژی داناوە. لەوانە چەندین باس و لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و دیمۆستێن و هۆمێر، بەڵام گرنگترین بەرهەمی هەمان کتێبی شێوازی دەربڕینی ئاست بەرزە کە هەرچەندە بەشێکی لەناوچووە، بەڵام ئەوەی مـاوەتەوە شکۆ و گـرنگی ئەم کـتـێـبـە دەردەخات، بەشێوەیەک کۆمەڵێک لە توێژەرەوان نازناوی کتێبی زێڕینیان پێ بەخشیوە و لەگەڵ هونەری شیعرەکەی ئەرسـتـۆ بەراوردیان کـردووە. لونگینۆس لەم کـتـێـبـەدا بەهرەی درەوشاوە و ڕەخنە ئامێزەکەی خۆی لە شێوازێکی گەرم و هەستیـاردا دەردەخات و لە کۆتاییدا بە وردبینی و ویژدانەوە بەرهەمــە ئەدەبیــیــە کــۆنەکــان دەخــاتە بەر هەڵســەنگان و شــیـکردنەوە و بەڵگە و نموونەکــان بە شێوەیەکی ورد هەڵدەبژێرێت و دەیانهێنێتـەوە. شێوازی ڕەخنەگرتنی لونگینۆس تایبەتییە، نەک وەکو ئەرستۆ کە لایەنی فەلسەفی بەسەریدا زاڵ بێت، یان دیونسیۆس کە لایەنی هونەری بەسـەریدا زاڵە. لونگینۆس لە بەرهەمـە ئەدەبیــیـەکـانی ڕابردوودا بەدوای شـێـوازی دەربڕینێکی ئاست بەرزدا دەگەڕێت و لە هەر شوێنێک وشەیەکی جوان و گونجـاو بدۆزێتـەوە، سـتـایشی دەکـات. ئەم کـتـێـبـەی لونگینۆس بەدوای سـتـایلێکی ڕەوانبـێـژیدا وێڵـە و ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەبێت: دەربڕین لە ئاستێکی بەرزدا بێت. هەست بزوێن و کاریگەر بێت. لە زێدەڕۆیی پیـاهەڵدان بە دوور بێت. سـسـت و لاواز و کـرچوکـاڵ نەبێت. خـاڵی بێت لە ڕواڵەتخـوازی و ناچاری، دوور

بێت لە بێ سەلیقەیی و بێ بنەمایی، لە هزری بەرز و سروشتی باڵا بەهرەمەند بێت. لە ئیلهامەوە سەرچاوەی گرتبێت و بەشێک لە ئیلهام بێت. داهێنەرانە و بیرمەندانە بێت. تێکەڵ بە ریتمێکی بەرز بێت. ئەو شێوازەی کە لونگینۆس بە ناوی دەربڕینی ئاست بەرز ناوی دەبرد و بە پێوەری ڕەخنەی ئەدەبی و نرخاندنی بەهادار لە بێ بەهایی دادەنێت. بە بڕوای لونگینۆس لە دەربڕینی ئاست بەرزدا، دەبڕینێکە لە هەست و سۆزێکی بەرزەوە ئیلهامی وەرگرتووە و هەستی بەرزیش خاوەن لێکچوونی داهێنراو، جیاواز لە وشەی ئاسایی کە بیرەوەرییەکان و ڕوحەکان بورووژێنێت. لونگینۆس "شێوازی دەربڕینی ئاست بەرز" بە دەنگێکی پاراو و بەرز و بە بەخشندەیی ڕوحێکی مەزن دادەنێت. ڕەخنەی لونگینۆس خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی فراوانە و تێیدا ئاسەواری دەمارگیری کوێرانە و بیرتەسکی نەتەوایەتی و ڕێچکەیی و دابڕانی هزر و بیری چەقبەستوو نابینرێت، ناوبراو شێوازی دەربڕینی ئاست بەرز لە هەموو بەرهەمە گرانبەها و فۆلکلۆری پێشینان هەر لە "سەفەری بوون" ی تەوراتەوە بگرە تا دەگاتە تێکستەکانی سیسرونی ڕۆمی و دیمۆستنی یۆنانیدا دەبینێت و نرخی بۆ دادەنێت و بۆ ئەو جیاوازی نییە نووسەری بەرهەم خەڵکی کوێیە و سەر بە کام نەتەوە و کولتوور و ڕێبازە. لونگینۆس یەکەمین ڕەخنەگرە کە بڕوای وایە ناکرێت بە لوتکەی نووسین گەیشتن تەنانەت لە کاتێکدا کە دانەر خاوەن بەهرەیەکی سروشتی و تەندروست بێت و چێژ و بەهرەیەکی سروشتی هەبێت. سەرەڕای ئەوانەش خۆی زۆر پابەندی دابونەریتی سنووردارەکان نەکات و تا پێی بکرێت باڵندەی داهێنانی بەهرەکەی بەرەو دوندەکان هەڵفڕێنێت و بۆ بەرز و بەرزتر ئاراستە بکات، تاوەکو بە سەر گشت جیهان و گیانی هەموو بوونەوەر بەرز بێتەوەو ئەگەر لەم ڕێگەیەدا دووچاری هەڵە و دۆڕان هات گرنگ نییە و شتێک لە بەهای کارەکەی کەم نابێتەوە. شێوازی دەربڕینی ئاست بەرز لە دیدی لونگینۆسەوە کۆمەڵێ مەرجە کە زۆرتر ڕەهەندی دەروونی هەیە و کەم تا زۆر بە بواری زمانزانی و لێهاتوویی ڕەوانبێژی و توانستی دەربڕین و فراوانی زانیاری زمانەوانییەوە پەیوەست نییە، بەڵکو پێوەندی بە ڕوحی بەرز و درەوشانەوەی هزر و سەلیقەی نووسەر و ئیلهام و داهێنان هەیە.

کەواتە ناکرێت لە ڕێگەی ڕاهێنان و پەروەردەکردن پێی گەشت، هەرچەندە نووسەر لە شێوازی دەربڕینێکی باڵا بەهرەمەندیش بێت، لە ڕاهێنان و کار زۆر بێ نیاز نییە. لونگینۆس ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ناکرێت کەسێک بە لاسایی کردنەوە و فێر بوونی ڕێزمان و بە بێ پڕشنگی لێهاتوویی ببێتە نووسەرێکی مەزن و هەرگیز فریوی شکۆی ڕواڵەتی بریقەداریی ئەو وشانەی هەڵگری ئەندێشە و ئایدیۆلۆژیای بەرز نین ناخوات و پەلاماری نووسەری بیر تەسک و وتەی قەبە و بێ چێژ و بەهرەی ژاکاویان بە قامچی ڕەخنە و توێژینەوەی دەخاتە ژێر قامچییەکانی و کەموکوڕی نووسەرە مەزنەکان دەخاتە ژێر وردبینی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکانی.

لە ڕوانگەی لونگینۆس بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و هۆمێر و سوفۆکلیس و دیمۆستن لە باشترین نموونەی شێوازی ڕەوانبێژی ئاست بەرزن. ڕەخنەی ئەدەبی لونگینۆس نموونەی ڕەخنەی دەروونناسییە لە مێژووی ئەدەبیاتدا و یەکەمین ڕەخنەگریشە کە گرنگی بە بواری دەروونی نووسەر داوە و حاڵەتی ڕوحی نووسەری لە کاتی نووسیندا شیکردۆتەوە. بە بۆچوونی یەکێک لە توێژەرەوان، ئەگەر بەرهەمی "هونەری شیعر"ییەکەی ئەرستۆ لە مێژووی ئەدەبیاتی یۆناندا بە یەکەمین لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینە و لۆژیکی لە پانتایی ڕەخنە و تیوری ئەدەبی دابنرێت، ئەوە بەرهەمی "شێوازی دەربڕینی ئاست بەرز"ەکەی لونگینۆسیش بە دوایین توێژینەوە دادەنرێت کە لە بواری ڕەخنە و تیوری ئەدەبیدا هەوڵی زۆری داوە و لە لایەنی فراوانی و بەها و گرنگییەوە بە هیچ شێوەیەک لە کارەکەی ئەرستۆ کەم بایەختر نییە.

**سەرچاوە:**
**ماڵپەڕی "اندیشه سرا"**
**نووسینی: محمد حسین بهرامیان**

# گۆتلۆب فریگە:
# بنەماکانی فەلسەفەی شیکاریی لۆژیکی زمان

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

١- لەبەر ئەوەی مـــرۆڤ، لەو رۆژەوە پێـــوەندییـــە کۆمەلاّیەتییـەکـان لە کۆمەلّگەدا خـەتوخالّیـان داوە، لە زمان بەو لاوە شتـێکی دیکەی شک نەبردووە، هەست و نەست، رازونیـاز و ناخی دەروون و بیـری و هزری خـۆی پێ دەربڕێ، بۆیە هەر لە دوای دەرکـەوتنی فـەلسـەفـە، کـاتێک مـرۆڤ ژیرانە گـەیشـتـۆتە ئەو رادەیەی هەست بکات بیر دەکاتەوە بە تایبەتی کە ئەو بیرکردنەوەیەش لە چوارچێوەیەکی سیستمی نەزمییانە دارشتووە، ئەوەش لە خـۆیدا وەرچەرخـانێکی بێ نموونە بووە لە مـێـژووی هزری مـرۆڤـدا، بۆی دەرکـەوتووە کـە دەکـرێ، بۆ لێکدانەوەی هەندێ گـرفت و کـێـشـە و چەلّەمـە کـە لە کـایەی بیرکردنەوەی رێکوپێکدا کە ئەنجامێکی گومان هەلّنەگری لێ بکەوێتەوە، ئۆباڵەکەی بچێتە ئەستۆی زمان، چالاکی دەربڕین و توانایی بەرجەستەکردنەکەی بخرێتە ژێر باری ئەو تەنگو چەلّەمەیەی رووبەرووی توێژینەوەی فەلسەفە- لۆژیـک- هزر دەبێـتـەوە، بەلاّم ئەو بۆچوونە لە خـۆیدا لە چوارچێـوەیەکی گـشـتی دارێژراوە و پێـویسـتی بە تاووتو کـردن هەیە، زمـان ئەگـەرچی تاکـە ئـامـرازی دەربڕین بە دەنگ بێت، بە هیچ جـۆرێک ئەرکەکـەی لە رۆلّی چاو و بیستن و دەست لێدان و بۆنکردن کەمتر نەبێ، ئەوە خۆی لە خۆیدا بابەتێکە کایە و کەرەسەی توێژینەوەی سێ لقی سـەرەکـیـیـە: رێزمـان، سـایکۆلۆژی (دەروونـزانی) و لۆژیک. رێزمان لە بابەتی فـەلسـەفـەدا رۆلّێکی ئەوتۆی نەبووە و نابێ، بۆیە هەردوو لقی سـایکۆلۆژی و لۆژیک دەمێننەوە. لەو روانگەیەوە کۆششەکە بە دوولادا کراوە:

**یەکەم:** هەولّدان بۆ ساغ کردنەوەی سەربەخۆیی لۆژیک کە بە هیچ شێواز و جۆرێک پێوەندی بە دەروونزانییەوە نیـیـە و ئەو بابەتەی دەیکـات بە کـەرەسـەی توێژینەوە، راستـە هەر لە هزرەوە هەلّیـدەهێنجێ، بەلاّم خـۆی بابەتی دەروونـزانی نیـیـــە، ئەگــەر دەروونـزانی ســەرگــەرمی



**گۆتلۆب فرێگە**

توێژینەوەی ناوەرۆکی دیاردەکـــانی هزر بێ، لۆژیک سنووری ڕوخساری بنەماکانی هزر نابەزێنێ.

**دووەم:** لۆژیک، پێکهـــاتەیەکی تایبــەتی زمـــان هەڵدەبژێرێ کە هزر دەردەبڕێ، ئەو پێکهاتە بە دەستەواژە ناودەبرێ و دوو بەهای هەیە: دەکــرێ ڕاســـتی، یان ناڕاستییەکەی بە شێوازی تایبەتی ساغ و پشت ڕاست بکرێتــەوە. لەو دەروازەیەوە دەچینە ناو جیــهـانەکـەی گـــوتلۆب فـــرێگە (١٨٤٨- ١٩٢٥ز) کـــە پێش ڤتگنشــتـاین و لۆرد ڕەسڵ بە ڕابەری فـەلسـەفـەی شیکاریی دادەنرێ و لە ڕشتنی ڕەنگی تەلاری لۆژیکی مۆدێرن (بیرکاریدا) ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە.

٢- گۆتلۆب فـرێگە، ئەگـەرچی لە زانکۆ مـامۆسـتـای بیرکاری بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرگەرمی جێبەجێ کردنی لۆژیک بووە لە کایە و جیـهـانی بیـرکـاریدا، لەو چالاکـیـیـەیدا دووچاری کـێـشـەی سـەخت بۆتەوە و نارەحـەتیـان کـردووە و بەوپەڕی لەخـۆ بووردەیی کـە لە توانایدا بووە، کۆششی یەکلایی کردنەوەیانی کردووە:

– ئەو تەنگو چەڵەمـەیەی بە قـەیرانی بنەمـاکـانی بیرکاری ناوبراوە.

– پێوەندی لۆژیک بە سایکۆلۆژییەوە.

لە هەردوو خاڵدا ناچار کراوە دەستەویەخە، بە نووسین، ڕووبەڕووی چەند بیرکار و سایکۆلۆژیست و هزرمەندێک ببێتەوە، بە تایبەتی نووسینەکانی فەیلەسووفی نەمسایی فـــرەنتس برێنتـــانـۆ (١٨٣٨-١٩١٧) و ڕابەری فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسرڵ (١٨٥٩- ١٩٣٨ز) کە ئەویش تێزەی دکـتـۆرییـەکـەی هەر بیـرکـاری بووە و لە دواییــدا پشـــتی لەو بابەتە کـــردووە و ڕووی کـــردۆتە فەلسەفە!.. ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە، لەگەڵ ئەو کۆششەی خۆی کردوویەتی لە سەرەتادا دووخاڵ لە هزریدا جێگیر بوون کـــە ڕێگایان بۆ دانانی لۆژیکی مـــۆدێرن خـــۆش کردووە:

**یەکەم:** ناکرێ لە کـار و چالاکی فەلسـەفە و لۆژیکدا پشت بە زمـانی ژیانی ڕۆژانە ببـەسـتــرێ، چونکە لە توانایدا نییە بە شێوەیەکی زانستی بابەتەکان دەرببڕێ، لەو سیستمە سیمبۆلییەدا کە لۆژیک و بیرکاری پەنای بۆ دەبەن لاواز و بێ پێزە، بۆیە پێویست بووە زمـانێکی تر کە لە جیـاتی وشە سیـمبـۆل بەکـاربهێنێ و ڕۆبنرێ و پشـــتگوێ خـــســـتنی ئەو لایەنە و بایەخ نەدان بە ڕێنمـاییـەکـانی لۆژیکی زمـان بە لاڕێدا چوون و هەڵە و کـێــشـــەی گـەورە و زەبەللاحی لێــدەکـــەوێتــەوە، چارەسەرکردنیان ئاسان نابێ.

**دووەم:** قـانـوون و بنەمـاکـانی هزر کـەرەسـە و بابەتی توێژینەوەی لۆژیکن، ئەو لایەنە پتر بەلای زماندا دەچێ، نەک بەلای ســـایکۆلۆژیدا. ئەو بۆچوونە لە دوو لاوە ئەنجامی لێ کەوتۆتەوە:

– پشت بەستن بە لۆژیک بۆ چارەسەرکردن و یەکلایی کردنەوەی کـێـشە سەرەکـیـیـەکـانی بیـرکـاری کـە دوای توێژینەوە دەرکەوتووە سـروشـتـێکی لۆژیکیـیـان هەیە و لەسـەردەمی فـرێگەدا بە گـرفت و تەنگژەی بنەمـاکـانی بیرکاری (ماتماتیک) ناسراون.

– بایەخـدان بە چەند بابەتێکی لۆژیکی زمـان وەک: واتا و دەلالەت، دانانی چەند بنەمـایەکی ئەنجـامگیـریی لۆژیکی.

تێکڕای ئەو خـاڵانە بوونە مـایەی ئەوەی ئەو وێنەیە لە مێشکی فرێگەدا بنەخشێ کە بیرکاری بێگەرد (ڕووت) لە لۆژیکی پەرەسەندوو بەولاوە نییە و دەکرێ ئەو بابەتە لەچەند پێشەکییـەکی لۆژیکییەوە پەیدا ببێ و بکەوێتەوە بەوەی پشت بە چەند چەمکێک ببـەســترێ کـــە لە چوارچێــوەی لۆژیکیــدا پێناســەکـرابن. توێژەر لە چەند پێشـەکییـەکی گریمانە کراوی لۆژیکەوە دەست پێدەکات

چەند ئەنجامێکی دەستگیر دەبێ کە سەر بە بابەتی بیرکارین، بەو پێیە لەو جێگا و خاڵەی لۆژیک کۆتایی دێت، ماتماتیک دەست پێ دەکات(١). ئیتر توێژینەوە مۆدێرنەکانی بیرکاری لە سنووری لۆژیکدان و لۆژیکی مۆدێرنیش وەک بیرکاری ڕوخسارەکی و سیمبۆلییە. لێرەدا بە پێچەوانەی هۆسرەڵەوە، گۆتلۆب فرێگە هەوڵی داوە بنەما مەرجییەکانی بیرکاری ڕوون بکاتەوە بۆ ئەو مەبەستە بە پلەی یەکەم پەنای بردۆتە بەر پێناسە. لەبەرهەمەکانیدا، کە پتر نووسینن و لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاوکراونەتەوە و دوای مردنی کۆکراونەتەوە و چاپ کراون، کۆشاوە پشت ئەستوور بە شیکردنەوەی لۆژیکی، دوور لە میتودەی دەروونزانی (سایکۆلۆژی) چەمکی ژمارە، فرە، یەکڕەنگی و یەکەی پێناسە کردووە، ئەوەش وادەگەیەنێ کە فرێگە لە چالاکییە ئەکادیمییەکەیدا سەرگەرمی توێژینەوەی پێشمەرجە لۆژیکییەکانی بیرکاری بووە بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای لۆژیک بیرکاری جارێکی دیکە بنیاد بێنێتەوە(٢). ئەو بنیادنانەوەیە بە سیستم و نەزمێکی بێ ناکۆکی لۆژیکیانە پشت ئەستوور بووە کە فرێگە هیوای بووە بۆ بابەتی لۆژیکی- بیرکاری ڕەنگی بڕێژێ.

## لۆژیک و زمان

١- پێوەندی نێوان لۆژیک و زمان لە جیهانبینی گۆتلۆب فرێگەدا پشکی شێری بەرکەوتووە، بەڵام کام لۆژیک و چ زمانێک؟ چۆن ئەو لە هەردوو بابەتەکە گەیشتووە؟!

لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمییەکانی فەلسەفەدا دوو جۆرە لۆژیک لەیەکتری جیا کراونەتەوە. لۆژیکی ڕوخسارەکی کە ئەرستۆتلس دایهێناوە و ئەوەندەی پێوەندی بەو بابەتەوە هەیە لە:

چەمک، بڕیاردان (حوکم) و ئەنجامگیری پێکهاتووە. ئەو لۆژیکە لە چوارچێوەی زمانی ژیانی ڕۆژانە و فەلسەفەی سەردەمی خۆیدا (یۆنانی پێش زایین) هاتۆتە کایەوە، کەمتر پێوەندی بە زانستەوە هەبووە، لە کایەی بەکارهێنانی سیمبۆل لە جیاتی وشەی زمانی ئاسایی و پەتی بوون (ئەبستراکت)دا لاواز بووە بەو ڕادەیەی هانی هزرمەندانی داوە نەک هەر لە چاککردنی، بەڵکو لە دانانی لۆژیکی تر کە لەو سەردەمەدا بە سیمبۆلی دادەنرێ، بیر بکەنەوە. ئەو لۆژیکە خۆی ئەو مەرجانەی بەپێی پێویست تێدا نەبووە بەشێوەی میتودە لە پرۆسەی زانستدا پشتی پێ ببەسترێ، زمانەکەش، زمانی ژیانی ڕۆژانە ئەو توانایییەی نەبووە، لە پێکهاتە و چەمک و وشەدا، لە زانستدا بەکاربهێنرێ و لەجیاتی کار ئاسانی بابەتەکەی پتر تەمومژاوی کردووە، بەڵام لۆژیکی مۆدێرن کە فرێگە بە ڕابەرێک لە ڕابەرەکانی دانراوە چوار مەرجی تێدا بووە کونو کەلەبەرەکانی لۆژیکی ڕوخسارەکی بەپێی پێویستی پەرەسەندنی زانست پڕ کردۆتەوە:

**یەکەم:** پەنا دەباتە بەر میتودەیەکی ڕوخساری کە فۆرمالییە، ئەو میتودە لەوەوە پەیدا بووە کە ڕێنمایی پرۆسەی چالاکییەکانی پشت بە ڕوخساری سیمبۆلەکانی دەبەستن و بایەخیان پێ دەدەن و واتاکانیان پشتگوێ دەخەن، ئەوەش هەنگاوێکە بۆ نزیک بوونەوە لە بیرکاری کە خۆی زانستێکی ڕوخسارەکییە.

**دووەم:** پتر بەلای ڕوخسارەکیدا چووە، ئەو ڕوخسارەکییەشی کە سروشتە تایبەتییەکەی دیار و دەستنیشان دەکات، بۆتە مایەی ئەوەی پرسیار و بابەتەکانی دەروونزانی (سایکۆلۆژی) و ئیپستمۆلۆژی و میتافیزیک لێی دووربخرێنەوە.

**سێیەم:** بنەما و قانوونەکانی لە زمانێکی ڕۆنراوی دەستکردا فۆرمولە kunstlicher sprache دەکرێن و دادەڕێژرێن ئەو زمانە لە زمانی بیرکاری دەچێ، بەو واتایەی کە بابەتی نەگۆڕاوەکان بە سیمبۆل دەردەبڕدرێن و گۆڕاوەکانیش بەشێوازی لۆژیکی ئەرستۆ دەنووسرێنەوە.

**چوارەم:** دەستەواژەکانی لۆژیکی بیرکاری(٣) لە زمانی بابەتیدا کە بە میتازمانیش ناودەبرێ دادەڕێژرێن و فۆرمولە دەکرێن. زمانی بابەتی ئەو زمانەیە کە ناوەرۆکی دەستەواژەکانی زمانی ئاسایی کە ڕاستەوخۆ شت دەردەبڕێ، دەکات بە بابەتی توێژینەوە.

ئەو خاڵە تایبەتمەندییانەی ئەو لۆژیکە مۆدێرنە جیاوازی نێوان لۆژیک و ماتماتیکی ئەوپەڕی کەم کردۆتەوە. ئەو ئەرکە فرێگە گرتوویەتییە ئەستۆ و هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە بیرکاری لە لۆژیکەوە پەرەی سەندووە بەوەی پشت ڕاستی کردۆتەوە کە:

- هەموو چەمکە بیرکارییەکان دەکرێ بەهۆی چەمکی لۆژیکەوە پێناسە بکرێن.
- گشت دەستەواژەکانی بیرکاری دەکرێ لە بەڵگەنەویستە Axiome ڕاستەکانی لۆژیک بکەوێنرێنەوە و دەستگیر بێن(٤).

٢- بایەخدان بە زمان، بەڵام بەشێکی دیاریکراو لەو ئامرازە، لەلایەن فرێگەوە لەوەوە هاتووە کە لەنێوان زمان

بۆ نموونە نیهاد و گوزارەی نێو دەستەواژەی ڕێزمان لە جێگای بابەتی (بنە-بار)ی لۆژیک و سیمبۆل و هێما و خەسڵەت و کەرەستە و کاتیگۆرییە (چەمکە) لۆژیکییەکان بەکارهاتوون.

٣- فرێگە بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە کە پێش دەستبەکاربوون سەرنجی ئەو ئامرازانە بدات کە بە کاریان دەهێنێ، بۆیە پەنای بردۆتە بەر شیکردنەوەی پێکهاتەی زمان. ئەو هەنگاوە بۆتە مایەی ئەوەی، ئەگەرچی دواتریش ئەو بابەتە پشت ڕاست کرابێتەوە، واتا و دەلالەتی دەستەواژەکانی پەردەیان لەسەر لاببردرێ و ڕوون بکرێنەوە.

ئەو هەوڵە گرێ کوێرەیەکی کردۆتەوە، لەوەدا دەری خستووە کە هەندێک کێشەی فەلسەفە هەن لە ئەنجامی بە هەڵە بەکارهێنانی زمان و شارەزا نەبوون لە سینتاکسی لۆژیکی زمانەوە کەوتوونەتەوە. بۆ ڕێگرتن لەو کێشە سەختانە ڕەخنەکردنی زمانی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە لەلایەن فرێگەوە لەو خاڵانەدا جێبەجێ کراوە:

- واتا و دەلالەتی زمان لە یەکتری جیا کراونەتەوە(٥)
- لە دەستەواژەدا وێنەی لۆژیکی لە وێنەی ڕێزمانی ڕستە جیا دەکرێتەوە، ئەگەری ئەو بڕیارە لەوەوە هاتووە، چونکە هەریەکەیان ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە و لەوی تریان و لە یەکتری دایان دەبڕێ.

جیاکردنەوەی وێنەی لۆژیکی لە هی ڕێزمان هەردوو ئەرکی سەرشانی زمانەوان و زانای لۆژیک دیار و دەستنیشان دەکات. زمانەوان لە بابەتەکەیدا، لە ڕستەدا، بکەر و بەرکار و ئاوەڵناو بابەتی گەردان کردن و واتا بەدی دەکات، بەڵام لە لۆژیکدا کەرەسەیەکی تر لەو زمانەدا بەدی دەکرێ، ئەو دەستەواژانەی دووبەهان، بە پێوەری تایبەتی دەکرێ ڕاستی و ناڕاستییان پشت ڕاست بکرێتەوە، هەروەها پێوەندی و گۆڕاو و نەگۆڕاوە لۆژیکییەکان و لایەنی سیمانتیکی زمانن بابەت و کەرەستەی توێژینەوەی لۆژیکی دەبن.

لە لۆژیکی کۆندا وێنەی لۆژیکی (دەستەواژە) بریتی بووە لە: بنە- بار لەگەڵ ئامرازی پێوەندی (is) کە لە زمانی کوردیدا نییە و هەردووکیان پێکەوە دەبەستێتەوە.

لەو کایەیەدا گۆتلۆب فرێگە سەرگەرمی شیکردنەوەی ئەو بڕیارە کێشە ئامێزە بووە کە کانت لە شاکاری ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا لە بارەی جۆری دەستەواژەوە دابووی.



هۆسرەل

و پێشهات و ڕووداوە هزری و ژیرییەکان و ناوەرۆکی بیردا پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەستیاوی و پابەندی هەیە. لەو بۆچوونەی ئەو پێوەندییەی گریمانە کردووە و ئەوە کەوتۆتەوە کە وشە و دەربڕینەکانی زمان لە سیمبۆلی ئیدێ و بیرۆکان بەولاوە نین کە خۆیان زگماکین، یان بەهۆی ئەزموون و شارەزاییەوە Er-fahrang کەوتوونەتەوە. بەو پێیە ناو لە بەرانبەر بیرۆکە و وشە بۆ چەمکەکان و ڕستە و دەستەواژەکان لە بەرانبەر بڕیاردان دانراون و دەریان دەبڕن و نیشانیان دەدەن، ئەوە بابەتە کە لەتیوری سیمبۆلدا Semiotik دووپات دەکرێتەوە، بەڵام بەلای فرێگەوە لە زمانی ئاساییدا چەندین دەربڕین و چەمکی لەو جۆرە:

دەستەواژە، بڕیار، دەربڕ Ausdruck، ڕستە، چەمک، ئیدێ، وشە، سمبۆل، هێما:

بەکاردەهێنرێن بەبێ ئەوەی بە تەواوەتی و بە وردی ڕوون کرابنەوە و سنووری بەکارهێنانیان دیار و دەستنیشان کرابێ، هەندێک جاریش لە جێگا و لەبری یەکتری Synonym بەکاردێن. ئەمەش بووە بە ئاستەنگ لەبەردەم چالاکی هەردوو بابەتی لۆژیک و بیرکاری (ماتماتیک)دا.

ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی وای بۆ چووە کە سێ جۆر دەستەواژە بەکاردەهێنرێن:

**یەکـەم:** دەستـــەواژەی شــیکاری پێـــشـــیـــانە. (Apriorie).

**دووەم:** دەســـتـــەواژەی لێکدراوی پاشـــیـــانە. (Aposteriorie).

**سێیەم:** دەستەواژەی لێکدراوی پێشیانە. (٦)

ئەو سێ جۆرە بەلای کانتەوە دەکرێ بەو شێوەیە ڕوون بکرێتەوە:

لە هەموو بڕیار (حوکم) دانێکدا، ئەگەر پێوەندی دوو قۆڵی لەنێوان بنە- باردا مەبەست بووبێ، ئەو پێوەندییە بە دوو جۆر شیاوەکی دەبێ:

- بارەکە (ب) سەر بە بنە (ج) دەبێ و لەو دایە و لەو دەکەوێتەوە: ئەو جۆرە شیکارییە: سوکرات مرۆڤە، ناکرێ سوکرات مرۆڤ نەبێ!

- بارەکـــە (ب) بە تەواوەتی لە دەرەوەی بنە (ج)دا دەبێت: ئەو جۆرە لێکدراوە: هەموو لەشێک قورسە. باری (قورس) مەرج نییە لە چەمک و بۆچوونی (لەش) دابێت و لەو بکەوێتەوە، چونکە دەکرێ مرۆڤ لەشێکی بێ قورسایی وێنا بکات.

بەڵام جۆری سێیەمی دەستەواژە هەیە کە لەلایەکەوە لێکدراوە، بارەکەی لە بنەکە جیایە، دەکرێ بنەکە وێنا بکرێ بەبێ ئەوەی بارەکـــەی بە ناچارییـــانە پێـــوەی پەیوەیست بێ، بەڵام ســـاغ کـــردنەوەی ئەو ڕەوشـــە ناوەڕۆکی دەستەواژەکە، پێوەندی نێوان بنە و بارە لە یەکتری جیاوازە کە پێویستی بە پەنابردنە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوە نییە، چونکە پێشیانە دەزانرێ و ئەو بوونە پێشیبیانە خۆی مەرجی ئەو ڕەوشەیە.

بەلای فرێگەوە جۆری سێیەمی ئەو دەستەواژەیەی کانت داکۆکی لە بوونەکەی کردووە نەک هەر ناڕاستە و ساغ ناکرێتەوە، بگرە بە پێچەوانەی بڕیار و هزری دروست و بنەماکانی لۆژیکە(٧) ئەگەر هاتو بار -Prad ikat پێشەکی بەشێوەیەک لە شێوەکانی لە بنە -Sub jektدا نەبێت و لە دەرەوەی بێ، ناکرێ پێشیانە بەبێ پەنابردنە بەر پێوەر- ئەزموون و تاقیکردنەوە بزانرێ و ڕاستی و ناڕاستییەکەی پشت ڕاست بکرێتەوە.

٤- ئەگەر لە زمانی ئاساییدا وێنەی ڕێزمانی هەبێ ئەوە لە لۆژیکدا وێنەی لۆژیکی هەیە، ئەگـــەرچی هەردووکیان لە بابەتی زمانەوە پەیدا بوون، بەڵام دوو شتی لە یەکتری جیاوازن و کەرەسەی دوو لقی سەربەخۆن. وێنەی ڕێزمانی باسی چۆنیەتی دارشتنی ڕستە دەکات و هەر لەو وشەوە تاوەکو کار و بکەر و بەرکار و ئاوەڵناو، ئەو پێکهاتەیە بە تێکڕایی وێنەیەک دەنەخشێنێ هەست و نەستی قسەکەر دەردەبڕێ.

وێنەی لۆژیکی وێنەیەکە ڕوخساری دەستەواژەی زمان بەرجەستە دەکات کە لە لۆژیکی کۆندا لە بنە و بار و پێـوەندی (ist) پێکهاتبوو، لە لۆژیکی نوێدا لە پێوەندییە لۆژیکییەکان و هاوبەندی دەستەواژە پێکدێت. لەو وێنە لۆژیکییەدا ناوەڕۆک و بڕیار لە یەکتری جیا دەکرێنەوە. بڕیار لێرەدا ئاراستەی بنەوبار دەکرێت. ئەو بڕیارەش لەوە بەولاوە نییە کە بارێک بە بنەیەک دەبەخشێ بەبێ ئەوەی بەلایەوە گرینگ بێت و یەکلایی بکاتەوە ئایا ئەو دەستەواژەیەی ئەو بڕیارەی لە بارەیەوە دراوە ڕاستە، یان ناڕاستە، چونکە لەو ڕەوشەدا بیرۆکەیەک بڕیاری لە بارەوە دەدرێ بەبێ ئەوەی شتێک پشت ڕاست بکرێتەوە، ئینجا وێنەی دەستەواژەکە مایەی ڕاستی و ناڕاستییەتی، گوتە تایبەتییە هەندەکییەکان لەو بارەیەوە هیچ ڕۆڵێک ناگێڕن. لە وێنە و فۆرمی لۆژیکیدا وشە لادەبرێ و سیمبۆل لەجێگای دادەنرێت، بەڵام وێنەکە ناگۆڕێ و هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەوی دەگۆڕدرێ پێکهاتە و ناوەڕۆکە نەک فۆرم و وێنە، بۆیە دەگوترێ دەکرێ بەهۆی نەگۆڕە لۆژیکییەکانەوە وێنەی لۆژیکی دەربـبڕدرێ. وێنەی لۆژیکی خۆی ڕاستی و ناڕاستی دەستەواژە لۆژیکییە ساغ دەکاتەوە و بەبێ ئەوەی پێویست بکات مرۆڤ پەنابەرێتە بەر هەڵکەوت- دەوروبەر، ئەگەر بگوترێ «سوکرات مرۆڤە» وێنەی لۆژیکییەکە، کە هی ئەو دەستەواژەیە، ڕاستی پێوانەکە پشت ڕاست دەکاتەوە، بەڵام وێنە ڕێزمانییەکە شتێکی دیکەیە و ناوەڕۆکی دەستەواژەکەش پێویستی بە هەڵکەوتی تاقیکراوەی ئەزموونی هەیە بۆ ئەوەی بەلایەکدا ڕوون بکرێتەوە.

### واتا و دەلالەت

لە چوارچێوەی شرۆڤەکردنی پێوەندی نێوان زمان و لۆژیکدا بەگشتی و لۆژیک و بیرکاری (کەلکول- ژمێرە) بە تایبەتی فرێگە لە شاکاری کورت و پوخت و بەپێزی «واتا و دەلالەت»دا باسی هەندێک چەمکی کردووە کە بابەت و کەرەسەی سەرەکی لۆژیکیان لێ پێکدێت. لەسەرەتادا کۆشاوە پێناسەی «یەکسانی» لە ژمێرە و لۆژیکدا بکات و نموونە لە بارەی دەستەواژەی شیکار و

لێکدراوی هێناوەتەوە و لە ئەنجـامـدا سـەرنجی ئەو ئاسـتـانەی داوە کـە بۆ توێژینەوەی بابەتی لۆژیک پێویستن:

١- a = a.

٢- b = a.

دوو دەستـەواژەی لە ڕوخسـار و لەو زانینەی دەیدەنە دەست، لە یەکتری جیاوازن. بۆ نموونە دەستەواژەی یەکەم شـیکاری پێشـیـانەیە، هەردوو بەشی هاوکێـشـەکـە یەکـسـانن، هیچ شـتـێک لە بارەی هەڵکەوت- دەوروبەرەوە ناڵێ و ناداتە دەست، بەڵام دەسـتـەواژەی دووەم بە پێچەوانەی دەستـەواژەی یەکەم زانین فراوانتر دەکات و ناکرێ پێشیانە پشت ڕاست بکرێتەوە، چونکە دەستەواژەیەکی لێکدراوە. دەستەواژەی یەکەم پێویستی بەوە نییـە لەگەڵ جیـهانی دەرەوە بەراورد بکرێت ئایا شـتی وا هەیە، یان نا، چونکە هەر لەخـۆیدا گـەواڵەی ڕاستی خۆی هەیە، بەڵام ئەوی دووەمیـان پێـویستی بە جۆرە زانینێکی ئەزموونی هەیە بۆ ئەوەی ساغ بێتەوە، ئایا دەلالەتی ناوی پیتی یەکەم a هەمان دەلالەتی ناوی دووەم Bیە. لەو ڕوونکردنەوەیەدا چەند وشـــەیەک بەکارهێنران: سیمبۆل، ناو، دەلالەت، واتا، ئەو وشانە چی دەگـەیەنن و چۆن ڕوون دەکـرێنەوە و چ ڕۆڵێک لە لۆژیکی نوێدا دەگێڕن؟!

بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکـــە و وەڵامـــدانەوەی پرسیـارەکان فرێگە نموونەی ئەستـێرەی سەر لەبەیان و ئەستێرەی ئێواران دەهێنێتەوە(٨) لەو دوو نموونەیەدا ناوێک بەکارهاتووە کە لە خۆیدا دوو دەلالەت نیشـان دەدات، ناوەکە هی ئەستێرەیە، بەڵام دەلالەتەکە بەیانی و ئێوارەیە. کەوابوو ناو و دەلالەت لە یەکتـری جیـاوازن ئەستێرەیەک کە ئێواران دەردەکەوێ و ئاماژەیە بۆ کاتی ئێواران هەمان ئەستـێرە خۆیەتی کـە سەر لەبەیانیـان دەردەکەوێ و ئاماژەیە بۆ بەیانیان. کەوابوو ناو لەخۆیدا واتا و دەلالەتی هەیە. لە جـێگایەک دووکـەڵ دەبینرێ، دەلالەتەکەی ئەوەیە کە لەوێ ئاگر هەیە.

- هەموو دەستەواژەیەکی پڕ واتا و سوودبەخش واتا و دەلالەتی هەیە، واتایەکە ئەو بیرۆکەیە کە دەری دەبڕێ، دەلالەت ئەو شمەکەیە کە ناوەکە ئاماژەی پێدەکات(٩).

کـە دەگـوترێ B = a مـەبەست لەوەیە کـە پیـتی a یەکسانە بە پیتی B، ئەگەر بێتو هەر یەکێک لەو پیتانە بەناو، یان بە سـیـمـبـۆل دابنێین، ئەوە دەکـرێ بگوترێ «یەکـسـان» Gleichheit لە لۆژیک و بیـرکـاریدا بریتـییـە لە پێـوەندی نێـوان یەک شت خـۆی کە دووبارە ببێتەوە و لە دەستەواژەیەکدا بەکاربێت، یان لە پێوەندی نێـوان پتـر لە یەک شت ئەوەندەی ئەو ناو و سیـمـبـۆڵانە شتێک ناوبنێن و ئاماژەی پێبدەن.

بەو پێـیـە شی کـردنەوەی زمـان ئەوەندەی پێـوەندی بە واتا و دەلالـەتەوە هـەیە، بـە تایبـــەتـی لە ڕوانـگەی لۆژیکەوە سێ ڕەهەند و ئاسـتی لە یەکـتـری جـیـا و توندوتۆڵ بە یەکەوە بەند، دیار و دەستنیشان دەکات:

**یەکەم:** ئاستی سیمبۆل و پێکهاتە و ڕوخسـار. لەو ئاستەدا لایەنی ڕوخسارەکی بە دەردەکەوێ.

**دووەم:** ئـاسـتـی واتا sinn کـــە لایەن و ڕەهەندی هزری- بیری زمان و هاوبەندی نێوان بیرۆکە و سیمبۆل و داڕشتنەکانی دەردەبڕێ.

**سـێـیـەم:** ئاسـتی دەلالەت Bedeutung لایەنی شـمـەکی و مـاددی نیـشـان دەدات کـە بە تایبـەتی دەسـتـەواژەکـانی زمـان ئامـاژەی پێـدەدەن(١٠)، ئەو خـەسـڵـەتە شـمـەکـیـیـە ئامـاژە پێـدراوە لە دەرەوەی زمـانەکـەدایە. لە ڕوانگەی لۆژیکەوە پشت ئەسـتـوور بەو ئاسـتـانەی زمـان هەر ناوێـک، هەر دەسـتـەواژەیەک دەبێ واتا و دەلالـەتیـان هەبێ، خـۆ ئەگـەر هاتو ناوەکـە واتای هـەبێ بـەبێ دەلالەت، ئـەوە لـە ناوێـکی پـووچ بـەولاوە شـتـێکی دیکە نابێ، هەمـان شت دەسـتـەواژەکـەش دەگرێتـەوە، هەر دەسـتـەواژەیەک ناوی هەبێ و دەلالەتی نەبێ، بە دەسـتـەواژەی ڕاسـتەقینە ناژمـێـردرێ و بەها و بایەخی ڕاست و دروستی لە دەست دەدات و دەچێتە نێو خـانەی دەسـتـەواژەی پووچ و بێ بایەخـەوە. کـەوابوو ناو دوو ئەرکی سـیـمـانتـیـکی هەیە: واتایـەک دەردەبڕێ و دەلالەتێک نیشان دەدات.

### زمانی سیمبۆلی

١- ئەگـەر مـرۆڤ لە مێـژووی فـەلسـەفە بەگـشـتی و لە ڕێبـازەکـانی فـەلسـەفـە بە تایبـەتی ورد بێـتـەوە، بۆی دەردەکـەوێ کـە ئەو مـێـژووە هەر چۆنێـک بێـتـە بەرچاو و لێک بدرێتـەوە بریتی بووە لە مـێـژووی چەند پرسـیـارێک کـــە بە درێژایی ژیانی هزری- بیـــری کـــراون و لە چوارچێـــوەی چەند کـێـشـــەیەکـــدا داڕێژراون، هەر فەیلەسووفـەش لە ڕوانگەی تایبەتی جیهاندیدی خۆیەوە کـۆشـاوە وەڵامی پرسـیـارێک، یان چەند پرسـیـارێکی کێشەئامێز بداتەوە، ئەو وەڵامـە- وەڵامـانە خەسڵەت و تایبـەتمەندی ڕێبـازە فـەلسـەفـەییـەکـەی لە چوارچێـوەی جـیـهـاندیدە یەک ڕەنگە- هەمـەڕەنگیـیـەکـەیدا دیار و

دەستنیشان کردووە. فریگە فەیلەسووفیک- زانای لۆژیک و بیرکارییە کە بەدرێژایی چالاکی ژیانی ئەکادیمی خۆی پرسیاری پێوەندی نێوان لۆژیک و بیرکاری و ئەو «میتودە- زمانەی» هەردوو بابەتەکە پەنای بۆ دەبەن، زمانی سیمبۆلی، کێشە بابەتی سەرەکی بووە کە سەرگەرمی یەکلایی کردنەوەی بووە. بۆ ئەو مەبەستە چەند توێژینەوەیەکی کورت و پوخت و بە پیت و پێزی لەو کایەیەدا بە دیاری پێشکەش بە کتێبخانەی فەلسەفە- لۆژیک کردووە.

ئەو بیرکارە- فەیلەسووفە کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە بیرکاری (ماتماتیک) لە لۆژیکەوە پەیدا بووە و کەوتۆتەوە، ئەو کۆششە چەند ئاستەنگێکی خستووەتە بەردەم، پێویستە بۆ چارەسەرکردنیان چەندین هەنگاوێک بهاوێژێ و هەڵگرێ:

- پشت ڕاستی بکاتەوە کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان دەروونزانی (سایکۆلۆژی) و لۆژیکدا نییە. هەردووکیان لە میتودە و بابەتی توێژینەوەدا لە یەکتری جیاوازن، ئەگەر یەکەمیان سەرگەرمی توێژینەوەی ناخی دەروون بووبێ، چۆن لە باری سەرنجە هەستییەکاندا (انطباعات) دەردەکەوێ، بەلای لۆژیکەوە چەمک و بۆچوون لەنێو دەستەواژەدا لێوەی دەکۆڵرێتەوە. مرۆڤ چۆن بیر دەکاتەوە و مەبەستی بیرکردنەوەکەی چییە لە لۆژیکدا هیچ ڕۆڵێکی نییە ئەوی بایەخی پێدەدرێت: چۆن دەبێ و پێویستە مرۆڤ ڕاست و دروست بیربکاتەوە.

٢- دەبوو فریگە بۆ ئەو ئەرکە قورسەی چوو بووە ژێرییەوە، گۆڕانێک لە لۆژیکدا بکات پتر لە ڕوخسارەکی نزیک بێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بیرکاریدا کۆک بێت و بگونجێ، بۆیە دەبوو چەند بیرۆکەیەکی نوێ و چەمکی سیمبۆلی ڕۆبنێ، ئەو بابەتەش پێویستی بە سیستمێکی لۆژیکی هەبووە کە لەو پێکهاتە سیستمانە بچێ کە لە زانستە ڕوخسارییەکان، بە تایبەتی بیرکاری بچێ و هەردوو بابەتی سەلمێنە و ساغ کردنەوە بگرێتەوە.

بیرکاری و لۆژیک، ئەگەرچی وا بێتە بەرچاو کە دوو بابەتی سەربەخۆیان هەیە دەیکەن بە کەرەسەی توێژینەوە. لۆژیک بنەما و یاساکانی هزری کردووە بە قەدەغە و پاوانی خۆی، بیرکارییش سەرگەرمی توێژینەوەی ژمارەیە، بەڵام هەردووکیان بە هیچ جۆرێک توخنی شتێک، کەرەسەیەک ناکەون کە خودی بێت و بابەتی سایکۆلۆژی بێت وەک بۆچوون و یادگار و هەست و سۆزی ناخی دەروون، ئەوەی خۆیانی پێوە خەریک دەکەن کەرەسەیەکی بابەتی ڕوخسارەکییە، دەکرێ بە بوونەوەری بیری (هزری) دابنرێن کە تەنیا هەر لە مێشکی توێژەردا هەن ڕاستی و دروستیان پەکی لەسەر هەڵکەوت و هەلومەرجی دەوروبەر و ئەو کەسەی لە مێشکیدان نەکەوتووە.

فریگە لە بارەی ئەو هەوڵەی گوتوویەتی:

ئەو بنەمایانەی من دەستبەرداریان نەبووم و بەوپەڕی تواناوە داکۆکیم لێکردوون ئەمانەن:

- بابەتی سایکۆلۆژی (دەروونزانی) لە هی لۆژیک و خودی لە بابەتی، بە تەواوی لە یەکتری جیا بکرێنەوە.

- دەربارەی دەلالەتی وشەکان پێویستە لە چوارچێوە و لەنێو دەستەواژەدا، نەک هەر وشەیەک بە تەنیا بپرسرێ و بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

- دەبێ هەمیشە جیاوازی نێوان چەمک و شت (شمەک) لەبەرچاو بگیرێ و بەهەند دابنرێت(١١).

بۆ ئەو مەبەستە، بۆ بەلایەکدا خستنی کێشەکە کە بە شێوازێک لە شێوازەکان لەنێوان فریگە و هۆسرەڵی ڕابەری ڕێبازی فینۆمینۆلۆژیدا بووە، وای بۆچووە کە بۆچوون Vorstellung هەمیشە سروشتێکی سایکۆلۆژی - دەروونی هەیە و پێویستە لە هەردوو بابەتی چەمک و شمەک جیا بکرێتەوە.

ئەگەر زانستەکان لە چوارچێوە گشتییەکەدا بایەخ بە ڕاستی (هەقیقەت) بدەن و سەرگەرمی توێژینەوەی بن، لە جیهاندیدی فریگەوە ئەو زانستە جۆربەجۆرانە لە وردەکاری ئەو ئامانجە سەرەکییەکان لە یەکتری جیا دەبنەوە. فریگە گوتوویەتی:

چۆن وشەی «جوان» ئیستێتیک و وشەی «چاکەکاری» ناوەرۆکی بابەتی ئاکار دیار و دەستنیشان دەکەن، وشەی «ڕاست» ئاراستەی لۆژیک بەدەردەخات. ڕاستە گشت زانستەکان ڕاستییان کردووە بە ئامانجی خۆیان، بەڵام لۆژیک بە شێوازێکی دیکە سەرگەرمی ڕاستییە. فیزیک چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ قورسی و گەرمی دەکات، لۆژیکیش لە بابەتی خۆیدا هەروایە. بەدەرخستنی ڕاستی و پەردە لەسەر لادانی ئەرکی سەرشانی زانستەکانە، بەڵام لۆژیک بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ، یاسایەکانی ڕاستی بزانێ(١٢) لە قانوونەکانی ڕاستی بووندا دەلالەتی وشەی ڕاستی بەدەردەکەوێ. بەو پێیە دەکرێ کەرەسە و ئەرک و ئامانجی لۆژیک دیار و دەستنیشان بکرێت، بە تایبەتی هزر بڕیاردان و


ئەنجـامگیــریی. ئەو پرســیــارەی لێــرەدا دەکــرێ و لە چوارچێوەی لۆژیک دەچێتە دەرەوە ئەوەیە:

ئایا وشـەی ڕاسـتی خـەسـڵـەت و تایبـەتمەندییـە، یان جۆرێکە لە پێوەندی؟!


٣- گـۆتلۆب فـرێگە بە تەواوەتی باوەڕی وابوو کـە تاوەکو ئەو سەردەمی ئەو تێیدا دەستبەکار بووە، لۆژیک پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە زمانی ئاسایی و ڕێزمانەوە هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا، زمانی ژیانی ڕۆژانە و (ئەڵەمانی کە زمانی ئەو بووە) ئەو شێوازەی پێی دەنووسرێ و تۆمار دەکرێ و ڕێزمانەکەشی لە توانایاندا نییە دەستەبەری بنەمایەک ببێ سیستمێکی ڕێکوپێک و وردی زمانی سیمبۆلی لەسەری بنیاد بنرێت، بۆیە ناچار بووە سیستمێک ڕەنگ بڕێژێ، بێجگە لە پێکهاتە لۆژیکییەکان: پێوەندیی و گۆڕاو و نەگۆڕاوەکان چوار سیمبۆلی سەرەکی تێدا بەکاربهێنرێت(١٣) سیمبۆلەکان بەو جۆرەن:

**یەکەم:** سیمبۆلی ناکردن:


سیمبۆلێکە بچێتە سەر هەر دەستەواژەیەک بەهایەکەی، ڕاستی و ناڕاستییەکەی پێچەوانە دەبێتەوە، ئەگەر بەهای دەستەواژەکە ئاریێ بوو، ئەو سیمبۆلی ناکردنە دەیکات بە ناریێ، ئەگەر لە لۆژیکی ئاساییدا بۆ ئەو ناکردنە ئەو سیمبۆلە: (¬) بەکارهاتبێ، فرێگە سیمبۆلێکی دیکەی پێشنیار کردووە کە بەو جۆرەیە: (┬). بۆ نموونە:





لەو دەستەواژە هاوکێشە سیمبۆلییەدا (A) ئاریێ و (B) ناریێ کراوە. بە هەمان شێوە:




لێرەدا (A) ئارییە و (B) ناریێ کراوە(١٤). بە هەمان شێواز دەکرێ هەردوو بەشی هاوکێشەکە نا بکرێت:




- دووجار نا کردن، ئا کردنی لێ دەکەوێتەوە، بەو پێیە نا کردنی ناکراو دەبێتە ئا کراو (لەبار):





**دووەم:** سیمبۆلی گرتنەخۆ:


لە لای فرێگە بە سیمبۆلی مەرجەکی Die Bedingtheit ناونراوە لە لۆژیکی ئاساییدا بەو جۆرە بەکارهاتووە: →

ئەو سیمبۆلە دوو بەشی دەستەواژە پێکەوە بەند دەکات ئەو ئەنجامەی لێی دەکەوێتەوە، سێ جار ڕاست و جارێک هەڵە دەبێ. فرێگە ئەو سیمبۆلەی بۆ بەکارهێناوە: ├──

هاوکێشە سیمبۆلییەکە بەو جۆرە دەبێت:




ئەنجامەکەش کە لێوەی دەکەوێتەوە بەو جۆرە دەکێشرێ(١٥).




**سێیەم:** سیمبۆلی یەکسانی:

ئەو سیمبۆلە دووبەشی دەستەواژەیەک، یان دوو دەستەواژە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و یەکسانیان دەکات. ئەو دەستەواژەیەی لێی دەکەوێتەوە و بە ئەنجام دادەنرێ لە چوار جاردا دووی ڕاست و دووی چەوت دەبێ.

ئەو سیمبۆلە بە پێچەوانەی ناکردن و گرتنەخۆ ڕاستەوخۆ ناو دەگرێتەوە و ناوەڕۆک پشتگوێ دەخات(١٦). لەلای فرێگە بەو جۆرە نەخشێنراوە.

├── (A == B)

هەردوو بەشی هاوکێشەکە، یەکەمیان سیمبۆلی (A) و ئەوی دیکەیان (B)ی بۆ دانراوە، لەو دەستەواژەیەدا ئەوە دەگەیەنێ کە هەردوو ئاماژەی A لەگەڵ B هەمان ناوەڕۆکی تیوری چەمکیان هەیە. وەک یەکن لە بەهادا جیاواز نین، لە هەموو سەردەم و جێگایەکدا دەکرێ یەکێکیان لە جێگای ئەوی دیکەیان دابنرێت.

**چوارەم:** بڕیاردان:

لێرەدا بڕیار لە جیاتی وشەی عەرەبی (حوکم) دانی لۆژیکی و وشەی ئەڵمانی Das Urteil بەکارهاتووە. بڕیاری لۆژیک هەمیشە بە سیمبۆلی و هێما دەردەبڕدرێ(١٧). بڕیار بە سیمبۆلەکەیەوە نووسرا

هەمیشە بڕیارەکە دەکات، بە بۆچوونێکی پێوەندی، بەبێ ئەوەی بەلایەکدا یەکلایی بکاتەوە ئایا لەودا ڕاستی دەبینی، یان نا. سیمبۆلەکە بەو جۆرە لەلایەن گۆتلۆب فرێگەوە نووسراوە:

⊢—— A

ئەگەر مرۆڤ لەو سیستمە سیمبۆلییە ورد بێتەوە کە فرێگە ڕەنگی ڕشتووە و لەو نووسینەدا بەشێکی بچووک و کەمی باس کراوە، بۆی دەردەکەوێ کە تا بڵێیی ئاڵۆز و تەمومژاوییە، بۆیە لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووفەکانەوە لەلایەک بایەخی تەواوەتی خۆی پێنەدراوە و لەلایەکی دیکەوە بڵاونەبۆتەوە و پەیڕەویش نەکراوە.

## بابەتی ژمارە

١- بە مەبەستی ساغ کردنەوەی پێوەندی توندوتۆڵی نێوان لۆژیک و بیرکاری (ژمێرە)ساڵی ١٨٨٤ز فرێگە شاکاری بنەماکاری زانستی ژمێرەی بڵاوکردۆتەوە، تێیدا بۆ لەیەکتری نزیک کردنەوەی هەردووک بابەت لە یەکتری، کۆشاوە بە جۆرێک پێناسەی «ژمارە» بکات لە بۆچوونی ئەزموونی و میتافیزیکی دووری بخاتەوە و پشت بە بیرۆکەکانی لۆژیک ببەستێ، ئینجا لەوەی کۆڵیوەتەوە تا چەند دەکرێ چەمکی «هاوبەندی» Fuc-tion لەبیرکاریدا لەگەڵ چەمکی «چەمک»ی لۆژیکدا بگونجێ و بێتەوە. ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتووە، ئەوە بووە: بیرکاری لەخۆیدا لۆژیکێکی پەرەسەندووە.

لەچوارچێوەی کارکردن بۆ ئەو پرۆژەیە لە سەرەتادا ئەو پرسیارەی کردووە: ژمارە چییە؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا سێ بۆچوون لە ئارادا بوون:

**یەکەم:** ژمارە تەنیا سیمبۆلێکە لە پرۆسەی هاوکێشەی ژمێرە و بیرکاریدا بەکاردێت.

**دووەم:** ژمارە سیمبۆلێکی بێ واتایە و پێویست بە پێناسەکردنی ناکات.

**سێیەم:** ژمارە بریتییە لە ئەبستراکت (پەتی) کردنێکی دەروونی (سایکۆلۆژی) لەچەند ڕەوش و هەڵکەوتنێکی ئەزموونی و تاقیکردنەوەوە.

بەلای فرێگەوە ئەو بۆچوونانە تەمومژاوی و تێکەڵو پێکەڵن و بە تەواوەتی وەڵامی پرسیارەکە نادەنەوە و کێشەکە یەکلایی ناکەنەوە و بەلایەکیدا ناخەن.

- ئەگەر مرۆڤ بڵێ: «ژمارە یەک شتێکە» (١٨) ئەو ئاخاوتنە پێناسە نییە، بەڵکو جۆرێک لە دەربڕین، لێکدانەوە و شرۆڤە کردن نیشان دەدات، چونکە بە ئاشکرا ئەوەی دەرخستووە کە ژمارە (یەک) سەر بەشتە.

فرێگە لەوە نیگەران بووە کە لە زانستێکی پێشکەوتووی وەک بیرکاری (زانستی ژمێرە)دا چەمکی بنەڕەتی (ژمارە) نەکرێ پێناسە بکرێت، مرۆڤ ناچار دەکات، ئەو بیروڕا و بۆچوونانەی زانایانی ماتماتیک و فەیلەسووفەکان لەو بارەیەوە تاووتو و شی بکاتەوە، ئەوی پتر جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە هەریەکە بە جۆرێک وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، بۆیە بە ئاشکرا دەڵێم و ناچاربووم توێژینەوەکانم بەلای فەلسەفەدا بەرم، چونکە بۆم ساغ بۆوە کە بۆچوونی فەیلەسووفەکان لە هی بیرکاران گونجاوترە و توێژینەوەیەکی بنەڕەتی چەمکی ژمارە هەمیشە دەبێ لە پاوانی فەلسەفەدا بکرێت، بەڵام ئەو ڕاستییە لەو هەڵکەوتە کاڵ و کەم ناکاتەوە کە ئەو کارە ئەرکی هاوبەش و ناوکۆیی فەیلەسووف و بیرکارانە (ماتماتیک)(١٩) فرێگە هەردوو کایەی بیرکاری و فەلسەفە (لۆژیکی) توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستۆتەوە، ئەو ئەنجامەش مایەی ئەوە بووە کە چەمکە بنەڕەتییەکانی بیرکاری بەشێوازی لۆژیکی دەکرێ پێناسە بکرێن.

٢- بەو پێیە فرێگە کۆشاوە، ئەگەرچی ئەو کۆشانەی لەلای فەیلەسووف و بیرکارانی دوای خۆی بەپێی پێویست بایەخی پێ نەدرابێ، بە نیاز و مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ناسراو بە تەنگژەی بنەماکانی بیرکاری و خۆشکردنی زەمینەی لە یەکتری نزیککردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی هەردوو بابەتی لۆژیک و بیرکاری بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە کێشەکان سروشتێکی لۆژیکیان هەیە، خوێن بە شادەمارەکانی ئەو پرۆگرامەدا بکاتەوە کە پرۆژەیەک بووە لە مێشکی لایبنیتسدا، پرۆژەی ڕشتنی ڕەنگی زمانێکی سیمبۆلی تێیدا لە جیاتی وشەی ئاسایی زمانی ڕۆژانە بە چەند سیمبۆلێکی سادە و ساکار دەست پێ بکات پشت بە بەڵگە نەویست و سەلمێنە ببەستێ و لە چەند بنەمایەکی ئەنجامگیری پێکهاتبێ دەرفەتی ئەوە بدات دەستەواژە لە یەکێکی دیکە بخاتەوە، پرۆگرامێک ڕێکوپێک و تەواو بێ، هیچ جۆرە ناکۆکییەک تێیدا جێگای نەبێتەوە و سەلمێنە و بەڵگە نەویستەکانی سەربەخۆ بن. ئەوەش بەو ڕاستییە پشت ئەستوور دەبێ کە زمانە سیمبۆلییەکە پێوەندی بە شمەکی جیهانی دەوروبەرەوە نییە بۆ ئەوەی ساغ بکاتەوە(٢٠)، بەڵکو پەنا دەباتە بەر ڕێبازێکی دیار و ڕەنگڕێژراوی پێناسە و شی کردنەوەی کێشە و

پرســەکــان شــیکردنەوەیەکی لۆژیکی، بەرەو یەکــلایی کردنەوەی پێوەندی نێوان لۆژیک و بیرکاری.

## جیهانی چەمک و شت و دەروون

١- ئەو سێ چەمکە، ئەگەر بە سێ هێما و سیمبۆل دابنرێن کە ئاماژە بە بوونی سێ بوونەوەر بکەن و پشت ڕاست کردنەوەیان وا سووک و ئاسان نەبێ، ئەوە بابەتێکی هەرە گرینگی ئەو چالاکییەی هزری مرۆڤ پێکدەهێنن کە هەر لە سەردەمی فیتاگۆرسەوە بە فەلسەفە ناوبراوە، ئەگەرچی فرێگە بە مەبەستێکی دیکە ئەو بابەتەی تاووتو کردووە، بەڵام ئەنجامەکەی دەرگای چوونە ناو جیهانی بە پێز و هەمەڕەگی فەلسەفەی بۆ خستۆتە سەر پشت و تاڕادەیەک پشتی پی کردۆتە جیهانی وشک و برینگ و بێ گیانی بیرکاری (ماتماتیک).

ئەو ڕەوشە نوێیە کە ئەو خۆی تێدا دیوەتەوە و ئەنجامی کۆششە بە پێزەکەی بووە، بریتی بووە لە بژارکردنی پاوانی لۆژیک لە هەموو کەرەسە و بابەتێکی دەروون و دەروونزانی (سایکۆلۆژی) و دوورخستنەوەی زمانی لۆژیک لە شمەک و ڕەگەزەکانی جیهانی دەوروبەر.

ئەو شرۆڤە کردنە وا دەگەیەنێ کە فرێگە باوەڕی بە بوونی سێ کایەی سەربەخۆی لە یەکتری جیا و لە هەمان کاتدا بەیەکەوە بەستراو هەبووە:

**یەکــەم:** جـیـهـانی چەمک و وێنە و بوونەوەرە ئەبستراکتەکانی.

زانستە ڕوخسارییەکان (بیرکاری، ئەندازە..)

**دووەم:** جیهانی شمەکی دەوروبەر کە بە جیهانی فیزیک ناودەبرێ.

**سێیەم:** جیهانی ناخی دەروون و کەرەسەکانی: هێزی ئەندێشە، هەست، سۆز، خواست و ئارەزوو، خۆشەویستی، کینە(٢١) ئەو جیهانەی سێیەم کە فرێگە ویستوویەتی لە جیهانی لۆژیک دایبڕێ کەرەسەکانی بە بۆچوون VorsteLLung ناوبردووە. ئایا جیهانی یەکەم و دووەم سەر بەو جیهانەن؟ بەلای فرێگەوە وەڵامەکە بە (نەء) دەبێ و بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵوێستەی خۆی، هەوڵی داوە لە چوار خاڵدا جیاوازی نێوان کەرەسە و بابەتی بۆچوون و چەمک و شمەکەکان ساغ بکاتەوە، ئەو ساغ کردنەوەیە ویستوویەتی دوو نیشانە بپێکێ:

**یەکــەم:** بوونی سەربەخۆیی سێ کایە و پاوانی سەربەخۆ.

**دووەم:** ئەو چالاکییانەی هزر کە قسە لەو سێ جیهانە دەکەن سەربەخۆن.

هەر مرۆڤێک لەو جیهانە ڕەنگینەدا، ئەگەر لە هێزی هەستێک لە هەستەکان بێ بەش نەبووبێ شت دەبینێ، هەست دەکات، تام دەکات و چێژی پێدەگات گوێی لە دەنگ دەبێت و دەبیستێ، ئەو درەختە، ئەو خانووە، ئەو تاشە بەردە بەدی دەکات، لە هەمان کاتدا دڵنیایە لەوەی کەسانی دیکەش هەن کە هەمان توانایی هەست کردنیان هەیە، ئایا ئەو بیرۆکە و بۆچوون و وێنانەی لە مێشکیدا هەن چ پێوەندییەکیان بەو شمەکانی دەوروبەرەوە هەیە کە هەست بە بوونیان دەکات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە جیاوازی نێوانیان دەردەخات و بەلای فرێگەوە ئەو جیاوازی و لەیەکچوون و پێوەندییانە دەکرێ لەو خاڵانەدا نیشان بدرێن:

**یەکەم:** مرۆڤ ناتوانێ بۆچوونەکان ببینێ، یان دەستیان لێ بدات، بۆنیان بکات، یان تامیان بکات و بیانبیستێ، بەڵام شت، شمەک ئەو لایەنانەیان تێدایە.

مرۆڤ، ئەگەر لە دەوروبەری قەڵادزێی ئێستا بە پیاسە بەرەو باکوور بڕوات، کانیاوی خاتوون ئەستی و مێرگی سەوز دەبینێ. ئەو دیتنە وێنەیەکی سەوزی مێرگەکە لەمێشکدا دەنەخشێنێ، بەڵام مرۆڤ، ئەگەر ئەو هەستەی هەبێ، بەچاو ئەو وێنەیەی لە مێشکی دایە، نایبینێ.

**دووەم:** مرۆڤ بۆچوون وێنا دەکات، چونکە هەست و سۆز و مەیل و ئارەزوو ڕاز و نیازی هەیە. ئەو بۆچوونەی مرۆڤ هەیەتی سەر بە ناوەرۆکی هۆشیەتی(٢٢) Be-wusstsein.

مێرگە سەوزە دڵڕفێنەکەی باکووری شاری قەڵادزێ و ئەو مەلە خنجیلانەی لەوێ دێن و دەچن، ئەو تیشکی زێڕینەی ڕۆژ کە ڕەونەقی پێ بەخشیوە، هەن بەبێ ئەوەی پەکیان لەسەر من بکەوێ، بەڵام بەهیچ جۆرێک ناشێ و ناگونجێ هەست و نەست، ئێشو ئازار بەبێ خودێک هەبن کە دووچاریان دەبێ. هەلومەرجی بوونی جیهانی ناخ و ناوەکی خۆی خۆیەتی.

**سێیەم:** بۆچوون پێویستی بە مرۆڤێک هەیە ئەو بۆچوونەی هەبێ. شمەکەکانی جیهانی دەرەکی- دەوروبەر بە بەراورد لەگەڵیدا سەربەخۆن.

ئەگەر مرۆڤێکی تر لەگەڵمدا لە باکووری قەڵادزێ پیاسەکەی کردبایە بێ هیچ ئەگەرێک ئەو مێرگە دڵڕفێن و کانییەکەی خاتوون ئەستی دەبینی، بەڵام هەر یەکێک

له ئێمه وێنەیەکی تایبەتی ئەو مێرگە سەوزە و کانییەکەی دەبوو. من لەسەر کانییەکە جێ پێی کەسانێک بەدی دەکەم پێش من لەوێ بوون، بەڵام هاوڕێیەکەم ئەوەی نەدی. ئەو بۆچوونەی من لە بارەی ئەو دیمەنە تابلۆ ئاسایە بەشێکە لە سروشت و گەوهەری من و لە هی هاوڕێیەکەم جیایە! گریمان بۆچوونێک لە هۆشێکدا نەمێنێ و لە هەمان کاتدا بۆچوونێکی دیکە لە هۆشێکی تردا بنەخشێ، ئەو پرسیارە بەکراوەیی- بەبێ وەڵام دەمێنێتەوە: ئایا ئەو بۆچوونە هەمان بۆچوون خۆیەتی، یان نا؟!

**چوارەم:** هەر بۆچوونە هی کەسێکە، هیچ کاتێک دوو کەس یەک بۆچوونیان نییە(٢٣).

ئەگەر ئەوە وا نەبووبایە دەبوو بۆچوون سەربەخۆبایە و پەکی لەسەر کەس نەکەوتبایە. بە پێچەوانەشەوە ڕاستی ئەوەیە کە دوو بۆچوونی لە هەموو وردەکارییەکدا وەک یەک نییە و نابێ. ئیتر لێرەوە دەبێ بوونی ڕاستەقینەی هەر سێک پاوانە جیهانەکە پەسند بکرێت.

ئەگەر فرێگە لەسەردەمی خۆیدا بەڕادەی شایستە بایەخی پێنەدرابێ، توندوتۆڵ بەو سیستمە سیمبۆلییە ورد و ئاڵۆزەوە بەند بوو کە خۆی ڕەنگی ڕشتووە و تێگەیشتنی و بەکارهێنانی سووک و ئاسان نەبووە. هەرچۆنێک بێت، تاوەکو ئێستا هیچ فەیلەسووفێکی بیرکار و پسپۆڕ لە لۆژیکی مۆدێرندا نەیتوانیوە ئەو سنوورە ببەزێنێ کە گوتلۆب فرێگە ڕەنگی ڕشتووە!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Bertrand Russell.: Einfuhrung in Die mathematische Philosophie. Holle Verlag. Darmstadt und Genf. ohne Datum. S.212. ff.**

**2- Edo Pivcevic.: Von Husserl zu Sarte. LTW. 1943. Munchen. 1972. S.30.**

**3- Dr. J.M. Bochenski.: Formale Logik. Munchen 1970. S.311. ff.**

**4- Bochenski.: Ebenda. S.335. ff.**

**5- Gottlob Frege.: Funktion, Begriff, Bedeutung: uber sinn und Bedeutung. VR kleine Vandenboeck- Reihe Gottingen 1966. S. 44. ff.**

**6- Immanuel Kant: Kritik der reinen Vernunft A.7, B.11-12. (30).**

**7- Gottlob Frege.: Ebenda. S.41. ff.**

**8- Gottlob Frege.: Ebenda. S. 40. ff.**

**9- Gottlob Frege.: Ebenda. S. 42. ff.**

**١٠- د. ياسين خليل: مقدمة في الفلسفة المعاصرة. ليبيا ١٩٧٠، ص٤٢.**

**11- Gottlob Frege.: Die Grundlagen der Arithmetik. Georg Olms. Hildesheim 1961. S.XXII.**

**12- Gottlob Frege.: Logische Untersuchungen VR-Reihe Gottingen 1966. S.30-31.**

**13- Franz Schupp.: Geschichte der Philosophie im Uberblick. Bd.3. Neuzeit. Meiner 2003. Para. 518. ff.**

**14- Gottlob Frege.: Begriffsschrift und andere Aufsatze Darmstadt. 1964. S.10. ff.**

**15- Gottlob Frege.: Ebenda. S.5.ff.**

**16- Gottlob Frege.: Ebenda. S.13.ff.**

**17- Gottlob Frege.: Ebenda. S.1.ff.**

**18- Gottlob Frege.: Die GrundLagen der Arithmetik. Einleitung S.XIII.**

**19- Gottlob Frege.: Ebenda. S.XVII.**

**٢٠- د. ياسين خليل: منطق المعرفة العلمية. ليبيا ١٩٧١، ص٢٤٧ وفي أماكن مختلفة.**

**21- Gottlob Frege.: Logische Untersuchungen. S.40.**

**22- Gottlob Frege.: Ebenda. S.41.**

**23- Gottlob Frege.: Ebenda. S.42.**

# کاریگەریی ئەندێشەکانی تۆماس هابز لەسەر سیاسەتکاریی فەرمانڕەوایانی عەرەب

**عەبدولسەمەد مەحموودی**
**لە فارسییەوە: مقداد شاسواری**

کاتێک بیرۆکەی ئازادییەکی پوخت و بێ خەوش دەکەوێتە ناو مێشکی گەلان و مرۆڤەکانەوە، هیچ هێزێک ناتوانێت ڕەوتەکەی ڕابگرێت


**هیگل، فەلسەفەی زەین**

**پوختە**

لەم نووسینەدا دەمانەوێت تیورییەکانی تۆماس هابز و ڕەنگدانەوەی لە وڵاتانی عەرەبی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا تاووتو بکەین، مایەپووچبوونی ئەم تیورییانە، بە سەرنجدان بەو گۆڕانکارییانەی هاتوونەتە کایەوە لەم گۆشەیەی جیهاندا بخەینەڕوو، هەروەها بڵێین هەرچەندە لەوانەیە لە سایەی دۆخەکانی ئەمێستای جیهاندا، بتوانرێت تیوری "دۆخی ئاسایی" هابز لە گۆڕەپانی سیاسەتی دەرەوەدا دەکار بگیرێت، بەڵام لە ڕوانگەی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیاکانی نوێی پێوەندی و کاڵبوونەوەی سنوورەکان و پەرەسەندوویی وتووێژەکانی دیموکراسی لە جیهاندا، هەروەها پەرەسەندنی چینی ناوەڕاست و... دەکارگرتنی لەلایەن فەرمانڕەوایان بۆ هەڵسووراندنی کۆمەڵگە، دەرهاوێشتەیەکی دیکەی نابێت بێجگە لەوەی ئێستا لە وڵاتانی عەرەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا دەبینرێت.

## خوێندنەوەیەکی دیکەی ئەندێشەکانی تۆماس هابز

دەبێت هەوێنی ئەندێشەو فەلسەفەی سیاسی تۆماس هابز لە نێو تیوری "دۆخی ئاسایی" ئەودا بدۆزینەوە، دۆخێک کە لە ڕوانگەی ئەوەوە بە "شەڕی هەمووان دژی هەمووان" و "مرۆڤ گورگی مرۆڤە" دەناسرێتەوە. هابز لەو باوەڕەدایە هەموو مرۆڤ حەز و هۆگرییەکی لە ڕادەبەدەری بۆ هەبوونی دەسەڵات هەیە، کە ئەو مەیل و هۆگرییە تەنیا بە مردن دەوەستێت و کۆتایی دێت. هۆکاری ئەو حەز و مەیلە بە هەبوونی دەسەڵات هەر تەنیا ئەوە نییە، کە مرۆڤ حەزی گەیشتنی بە شادی و خۆشییەک هەیە پتر لەوەی ئێستا هەیەتی، یان ناتوانێت بە هەبوونی دەسەڵاتێکی مامناوەندی، واتە نە کەم و نە زۆر، ڕازی و دڵخۆش بێت، بگرە هۆکار ئەوەیە کە ناتوانێت بێ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی زیاتر، هێشتنەوەی ئەم دەسەڵاتانەی ئێستای، کە پێویستییەکە بۆ خۆشگوزەرانی مسۆگەر بکات، بۆیە لەم بارودۆخە ئاشووبە خێڵەکییە، ڕەنگە لە هەر ئانو ساتێکدا مرۆڤەکان بکەونە شەڕکردن لەگەڵ یەکدیداو تەمای قڕکردنی یەکتر بکەن، دەبێت سەرچاوە و مەرجەعێک هەبێت تا خەڵکەکە لە دەوریدا کۆ ببنەوە و لەم شپرزەیی و دۆخە ئاڵۆزە ڕزگاریان ببێت. لەم ڕووەوە ئەوان، واتە خەڵکەکە، بەرمەبنای پەیماننامەیەک لەگەڵ یەکدیدا – نە



**تۆماس هابز**

لەگەڵ فەرمانڕەوا – سەرچاوە و مەرجەعێکی باڵاتر و بەهێزتر بەناوی "لۆیاتان" بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە دەهێننە کایەوە و بەم شێوەیە، کۆڵەکەو ئەستوونی "لۆیاتان" بەسەر "خۆمان و غەریزەی ترس لە مەرگ"ی هاووڵاتیان و ئارەزوویان بۆ گەیشتن بە هێمنایەتی و ئاشتی و ئارامی دادەڕێژێت. شایانە بگوترێت تیور داڕێژەرەکانی سەدەی هەڤدەم، دوو جۆری "پەیماننامەی کۆمەڵایەتی" یان دەناسی: یەکێک ئەوەی کە لە نێوان تاکەکاندا دەبەسترێت و کۆمەڵگە پێکدەهێنێت.

دووەم ئەوەی کە لەنێوان خەڵکەکە و فەرمانڕەوادا دەبەسترێت و پێکهێنەری حکوومەتێکی شەرعییە. ئەوەی یەکەمیان پەیماننامەیەکی دوولایەنەیە، کە خەڵکەکە لەسەر بنچینەییدا پێوەندی پێکەوە دەکەن و خۆیان لە رووی ئەرکەوە بە یەکدییەوە دەبەستنەوە بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەڵگە لەسەر پێ ڕابگرێت و بپارێزێت. ئەم پەیماننامەیە لە ڕاستیدا، جۆرێکە لە دانوستاندن و مەرجدارە بە یەکسانی لایەنەکان و لە خۆگری سۆز و بەڵێنێکە کە لە دەرەنجامیدا کۆمەڵگە دێتە کایەوە. ئەم پێوەندییە، لەسەر بنچینەی ئەو سۆز و بەڵێنانەی بە ڕاستگۆییەوە بە یەکدی دراون، لە نێوان هێزە تاکییەکانی کەسانێکدا کە پێکەوە بوونەتە هاوپشک، پێوەندی و وابەستەیی دروست دەکات و بناغەو بنەڕەتێک بۆ هێز دێنێتە کایەوە، بەڵام لەم جۆرە پەیماننامە کۆمەڵایەتییەی کە لە نێوان خەڵک و فەرمانڕەوادا دەبەسترێت، ڕووبەڕووی کارێکی گریمانەیی و خێڵەکی دەبینەوە کە هەریەک لە ئەندامانی کۆمەڵگە ئەنجامی داوە: چاو نووقاندن لە هێز و بژاردەی تاکی، بۆ دامەزراندنی حکوومەت. لەم حاڵەتەدا، تاک نەک هەر دەسەڵاتێکی نوێ، زیاتر لە ڕابردوو، ناهێنێتەدی و نەک هەر بە بەڵێن، قەول و سۆزێک دەئەستۆ ناگرێت، بگرە لەو دەسەڵاتەیش کە هەیبوو، دەست دەکێشێتەوە و بەوە ڕازی دەبێت کە ببێتە فەرمانبەری حکوومەت، ئەو حکوومەتەی کە دەسەڵاتەکەی دەرهاویشتەی هێزی یەک بە یەکی خەڵکەکەیە، دەسەڵاتێک کە بە پشتیوانی هەمووان، دەبێتە ماف و پاوانی حکوومەت. دیارە کاتێک تاک لەبەر ڕۆشنایی سیستمی دامەزراو لەسەر سۆز و بەڵێنی بەرانبەردا، دەسەڵات وەدەست دەهێنێت و بەوە ڕازی دەبێت کە دەسەڵات تەنیا لە دەستی حکوومەتدا بێت، دەسەڵاتی خۆی لە دەست دەدات. کەسانێک کە پەیمانێک پێکەوە دەبەستن و دەست دەخەنە ناو دەستی یەکدییەوە لە دوورەپەرێزی دێنە دەرەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، لە حاڵەتی دووەمدا، گۆشەگیر دەبن. دەبێ بڵێین کە لۆیاتانی جێ مەبەستی هابز دەرهاویشتەی پەیمانی کۆمەڵایەتی جۆری دووەمە: "بوونەوەرێکی تاک و تەنیا" کە خەڵک بە پێی پەیماننامەیەک، دەسەڵاتی خۆیانیان پێ بەخشیوە تا لە بەرانبەریدا، ئاشتی و ئاسایشیان بۆ دابین بکات.

لە ڕاستیدا، زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگەیەک بە گوێرەی پەیماننامەیەک "سەر لە بەری دەسەڵات و توانایی خۆی دەبەخشێتە کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شێوازی زۆرینەی ڕایەکان، ئیرادەو جیاوازییەکان بۆ یەک ئیرادە بگۆڕێت: ئەمەیش بەو واتایەیە کە ئەوان کەسێک، یان چەند کەسێک دادەمەزرێنن بۆ ئەوەی نوێنەریان بێت و هەرکەسێک هەموو هەنگاونانێکی ئەو نوێنەرە لە کاروبارێکی پەیوەست بە ئاشتی و ئاسایشی گشتی، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ببینێت بە شێوەیەک قبووڵی بکات وەک ئەوەی خۆی هۆکاری ئەو هەنگاونانە بووە و بەو شێوەیە ئیرادەی خۆی ڕادەستی ڕاوبۆچوونی ئەو بکات. ئەمە لە خۆیدا شتێکە زیاتر لە کۆدەنگی، یان ڕێککەوتن: واتە لە ڕاستیدا یەکگرتنی هەمووانە لە

کەسێکدا کە بەپێی سۆز و پەیمانی هەمووان بۆ یەکدی بە شێوەیەک هەڵدەبژێردرێت کە دەڵێیت لە گرێبەستەکەدا هەر کەسێک ئاوها بە ئەوی تر دەڵێت "من مافی خۆم لە حوکمڕانێتی بەسەر خۆمدا بەو کەسە، یان بەو کۆمەڵە کەسە ڕادەسپێرم و هەموو کردەوەکانی ئەو بە هەق و ڕەوا دەزانم، بەو مەرجەی تۆیش مافی خۆتی پێ بسپێریت و بە هەمان شێوە هەموو کردەوەکانی ئەویش بە هەق و ڕەوا بزانیت"، بۆیە "هەرچەندە دەستنیشانکردنی فەرمانڕەوا بەرمەبنای ڕای زۆرینە ئەنجام دەدرێت، بەڵام هەمووان مافەکانی خۆیان بۆ ئەو دەگوازنەوە و چ دەنگیان بەو دابێت، یان نەدابێت، ملکەچی دەسەڵاتەکەی ئەو دەبن. دەبێت ئەوەش بزانرێت، چونکە ڕاسپاردن و گواستنەوەی مافەکانی ئەوانە، لێبڕاو و بێ گەڕانەوەیە، واتە پەشیمانبوونەوەی تێدا نییە، فەرمانبەران نە دەتوانن مافەکانی خۆیان وەربگرنەوە و نە بۆ فەرمانڕەوایەکی دیکەی بگوێزنەوە، بە تایبەت کە فەرمانبەران نە دەتوانن پاشایەتی ڕەت بکەنەوە و نە بڕیاری فەرمانبەرێتی لە کەسێکی تر بدەن.

"لە ڕاستیدا هەرچەندە فەرمانڕەوا بەرمەبنای ئەو پەیماننامەی تاکەکان لەگەڵ یەکدیدا بەستوویانە دەستنیشان دەکرێت، بەڵام لەنێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەرانیدا پەیماننامەیەک لە ئارادا نییە و حوکمڕانێتی لەسەر بنەمای پەیماننامەیەکی لە پێشتر قایم و ڕاگر نییە، بۆیە ئەگەر هاووڵاتییەک بە هۆکاری هەنگاونانێکی حکوومەت لە پێناو دابینکردنی ئاسایش و ئاشتی بۆ کۆمەڵگە، زیان ببینێت، مافی ئەوەی نییە لە بەرانبەر حکوومەت، یان میردا نارەزایەتی دەربڕێت، چونکە دەسەڵاتی میر دەرەنجامی پەیماننامەیەکە، لە نێوان هاووڵاتیاندا بەستراوە نەک لە نێوان میر و هاووڵاتیاندا، بەڵام لەکاتی نارەزایەتی دەربڕینی ئەو لە بەرانبەر میردا، دەبێت بڵێین لە دیدی هابز، ئەو کەس "دژی پەیماننامەکەی خۆی و پێچەوانەی یەکسانی هەنگاوی ناوە"، هەر بۆیە "لەوێوە کە هاووڵاتی دامەزرێنەر و بنیادنەری هەموو کردەوە و دادوەرییەکانی حکوومەتە، هەرچی میر دایبنێت و فەرمانی پێ بدات، نە دەتوانێت ئازار بە هاووڵاتی بگەیەنێت و نە بە نایەکسانیش لێکدەدرێتەوە، چونکە هەرچی لەلایەن میرەوە دەکرێت لە هاووڵاتییانەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ نموونە، ئەگەر هاووڵاتییەک سکاڵا لە بەرانبەر ئەشکەنجە و ئازاری میر بکات لە ڕاستیدا ئەو سکاڵا لە شتێک دەکات کە خۆی بنیادنەر و دامەزرێنەریەتی، ڕاسپاردنی مافە تاکییەکان بە فەرمانڕەوا بە بیانووی دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش بۆ هاووڵاتیان لەلایەن ئەوەوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە فەرمانڕەوا وەک "یاسادانەر" و کەسێک دەربکەوێت کە مافی دانانی یاسای هەیە، چونکە تەنیا یاساکانی دارێژراو و دانراوی ئەو دەتوانێت ببێتە پارێزەری ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگە. لەسەر ئەم بنچینەیە، ئەوە پێوەرەکانی خراپی و باشی و ڕەوایی و نارەوایەتی لە چوارچێوەی یاسا مەدەنییەکاندا دادەڕێژێت و ڕاڤە دەکات، دەگۆڕێت و هەڵیدەپەسێرێت تاوەکو بە مەزەندەی خۆی، وڵات لەنێو ئاشتی و ئاسایشدا ڕابگرێت، هەر بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی فەرمانڕەوا لە شێوازی یاسادانەر، یان ڕاڤەکاری یاساکان، بڕیاری سوودمەندبوون، یان زیانبەخشبوونی ئەندێشەکان و ڕێکارەکان بۆ ئاشتی دەکەوێتە دەستی ئەو و بەم شێوەیە دروستی و نا دروستی ڕێبازەکان و ئەندێشەو بڕواکان لە کۆمەڵگە، نەک "ڕاستییەکان" بگرە ڕێژەی کاریگەرییان لە دابینکردنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگە – لە دیدی فەرمانڕەوا– دیاری دەکرێت. چونکە لە دیدی هابز، ڕێبازی پێچەوانەی ئاشتی و ئارامی، ناکرێت ڕاستەقینە بێت.

لە ڕاستیدا هەموو ئەوەی تا ئێرە باسی لێوە کرا، لە بارەی جۆری یەکەمی حکوومەت بوو لە دیدی هابزەوە، چونکە ئەو، واتە هابز، حکوومەت بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکات : حکوومەتە دامەزراوەییەکان کە هەڵقوڵاوی پەیماننامەی نێوان هاووڵاتیانەو تاکەکان ئەوان واتە حکوومەت، بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی ئاسایی بنیاد دەنێن. دووەم، حکوومەتە دەستخستەو داگیرکارەکانە کە دەرهاویشتەی زاڵبوونی کەسێک، یان دەستەیەکە بە ڕێگەی زۆرەملێوە بەسەر کۆمەڵگەدا، ئیدی ئەو زۆرەملێیە لە دەرەوە بێت، یان لە ناوەوە. کە لە دیدی هابزەوە، لەم جۆرە حاڵەتانەیش، ئەگەر کەس، یان دەستە دەستدرێژیکارەکە، بە خێرایی بەسەر بارودۆخدا زاڵ بوو، ئەوە دەبێت هەمووان ملکەچی فەرمانەکانی بن، چونکە ئەو خەرج و مەزاخ و بودجەو تێچووەی کە دەبێت لە دۆخی ئاساییدا بەهۆی ئەنجام و شوێنهاتەکانی شەڕی نێوخۆیی بیدەین، لەوە زیاترە کە دەبێ بیدەینە فەرمانڕەواییەکی داگیرکەر. لەسەر ئەم بنەمایە، هابز هەمان دەسەڵاتەکانی حکوومەتە دامەزراوەیی، یان هەڵبژێردراوەکان بەپێویست دەزانێت بۆ حکوومەتە

خۆسەپێن و داگیرکەرەکان. هابز بە ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونە کۆنەی کە دەڵێت " قازی و دادوەری چاکەو خراپەکانی مرۆڤ، تەنیا ویژدانیەتی" لە پەیماننامەی خۆیدا "هۆکارەکانی یاسا"دەڵێت: ئەگەر هەرکەسێک ئازاد و سەربەست بێ کە فەرمانەکانی ویژدانی خۆی جێبەجێ بکات، بەهۆی ئەوەی ویژدانەکان لێک ناچن و جیاوازن، هیچ ئیمکان و دەرفەتێک بۆ ئەوە نامێنێت خەڵکی، تەنانەت بۆ یەک کاتژمێریش پێکەوە لە ئاشتی و ئارامیدا بژین.

ئەو بەڵگەیەی کە هابز بۆ ئەم بۆچوونەوەی خۆی دەخاتەڕوو، ئەوەیە کە چونکە هەرکەس لە گۆشەنیگای خۆیەوە ڕاڤەی ئازادی دەکات و نە لە دیدی ئەوانی ترەوە، بۆیە ئەگەری هەڵگیرسانی فیتنەو ئاڵۆزی و پشێوی و لە ئەنجامیشدا گەڕانەوە بۆ "دۆخی ئاسایی" زیاتر دەبێت. هەروا کە ئاماژەی پێدرا "لۆیاتان"ی هابز، ئاکام و ئەنجامی ڕاسپاردنی مافەکانی هاوولاتیانە بە فەرمانڕەوا، بەڵام دەبێت بزانرێت کە لە دیدی هابز، هەندێک ماف هەن نابێت ڕاسپێردرێن. بۆ نموونە، " مرۆڤ ناتوانێت چاوپۆشی لەمافی بەرگریکردن لەخۆی بکات لەبەرانبەر کەسانێکدا کە بەزۆر هێرشی دەکەنە سەر و دەیانەوێت ژیانی بخەنە مەترسییەوە" لەبارەی زامداربوون، دیلبوون و زیندانیبوونیشدا هەر بەم شێوەیە. بە سەریەکەوە، مرۆڤ ناتوانێت چاو لە ئاسایشی بوونی خۆی بپۆشێت، ئیدی قسە لەسەر ژیانی بێت، یان لەسەر ئامرازەکانی پاراستنی ژیانی بێت: هیچ کەسێک ناتوانێت مافی پاراستنی خۆی لە بەرانبەر مەرگ و برینداربوون و زیندانیکردن بە کەسێکی تر ڕاسپێرێت، یان لەو مافەی خۆی خۆش ببێت.

## ئەندێشەکانی هابز و فەرمانڕەوایانی عەرەب

لەگەڵ ئەوەشیدا کە تۆماس هابز فەیلەسووف و تیوری داڕێژەر لە بواری دەوڵەتە شموولییەکانی سەدەی هەڤدەمی زایینی بووە، دەبێت بڵێین زۆرێک لە ئەندێشەو بیرکردنەوەکانی ئەو لە بارەی "لۆیاتان" و میکانیزمەکانی سەرهەڵدان و کارایییەکەی ڕێژەی توانایی و دەسەڵاتی لۆیاتان لە بەرانبەر فەرمانبەراندا، لەدوای تێپەڕینی چەندین سەدە، لەبارەی چەندێک لە حکوومەتەکانی ئەم سەردەمە -بەڵام نە لە ئەورووپا- بگرە لە گۆشەیەکی دیکەی جیهان، ڕاست دەردەچێت. هەر دەڵێیت هابز لەو سەردەمەدا وەک تیوری داڕێژێکی سیاسی، بۆ حکوومەتە عەرەبییەکانی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقادا تیوریداڕێژی دەکرد. ئەگەر سەیرێکی مێژووی وڵاتانی عەرەبی لە ڕۆژهەڵات و باکووری ئەفریقا بکەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە ژیانی ئەوان، بە درێژایی کات و سەردەم، لە ژێر سێبەری دیکتاتۆرییەت و ڕژێمە خۆسەپێنەکاندا گوزەراوە.

لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەروبەندی یەکەمین جەنگی جیهانی و گۆڕانکارییەکانی دوای دووەمین جەنگی جیهانی، زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا. گرژی و بێ سەروبەریی هەڵقوڵاو لە شۆڕشەکان لە پاڵ ئەویشدا دەمارگرژیی خێڵەکی لەنێو دانیشتوانی ئەو دوو ناوچەیەو دروست نەبوونی "دەوڵەت - میللەتی" مۆدێرن تێیاندا بووە هۆکار، کە خەڵکی عەرەب، ئامێز بۆ یەکەم کەس بکەنەوە کە هەوڵی دەدات بە زۆریی هێز خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و حکوومەتێکی کۆجێ و شموولی بنیاد بنێت. بەم شێوەیە ئەم بارودۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی وەک دەمارگرژییە خێڵەکییەکان و بێ سەروبەری و ناسەقامگیرییەکانی کە دوابەدوای سەربەخۆبوون سێبەری خستە سەر ئەو وڵاتانەو زاڵ بوو بەسەر هەلومەرجەکەدا، کە لە پاڵیشیدا پێکهاتەی ئەندێشەو بیرکردنەوەکانی خەڵکی عەرەب کە ساڵانێکی زۆر لەسەر بنەمای تیوری زاڵبوون پەروەردە کرابوون، هەروەها سستی و لاوازیی دامودەزگا مەدەنییەکان و نەبوونی سەروەریی یاسا لەو وڵاتانەدا، بوون بە هۆکارگەلێک کە بۆ ڕزگاربوون لە دۆخێکی ئاوهادا، کە کەم و زۆر لەگەڵ "دۆخی ئاسایی" هابز هاوتەریب بوو، پێشوازی لە دیکتاتۆرگەلێکی سەربازی و مەدەنی بکەن، تەنانەت بە ڕزگارکەری میللی ناوزەدیان بکەن، یان هەر لەدوای کورتە ماوەیەکدا، بە ڕاسپاردنی هەموو مافەکانیان بۆ فەرمانڕەوا، ڕێخۆشکەریی حوکمڕانێتییەکی درێژخایەنی بۆ بکەن ئەوان "حکوومەتە داگیرکەرەکان". لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بڵێین کە گەورەترین فاکتەری شەرعییەت بەخشین بە حکوومەتە عەرەبییەکان لە سەرەتای کاریاندا، شتێک نەبوو بێجگە لە ترس و ڕاکردنی خەڵکەکە لە " دۆخی جەنگی" و بێ سەروبەری و دەرەنجامی سەربەخۆیی وڵاتەکانیان. بە واتایەکی دیکە، ئەرکی تایبەت و بنەڕەتی و سەرنجڕاکێشی حکوومەتەکان لە ناوچە عەرەبییەکەدا "

دابینکردنی ئاسایش و ئاشتی" بۆ هاووڵاتیان بووە تا ئەو کاتەی ئەم پێویستییەیان بۆ مسۆگەر کرابێت، فەرمانڕەواکانیش لەسەر حوکمڕانیەتی خۆیان ماونەتەوە، بێ ئەوەی لەلایەن فەرمانبەران - بە واتای خەڵک و شەقام- هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا بکرێت. ئەم دیکتاتۆرانە بە درێژایی و تێپەڕینی زەمەن، بە بیانووی دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش بۆ هاووڵاتیان، خۆیان لە شوێنگەی یاسا داڕێژ و تاکە ڕاڤەکاری یاسا نیشان دەداو هەر کردار و بیروباوەڕ و ڕێبازێکیان بە دڵ نەبوایە، یان بە قازانج و سوودی خۆیان نەزانیبوایە، وایان دەردەخست کە ئەو کردار و بیروباوەڕ و ڕێبازە، لەگەڵ ئارمانجە باڵاکانی حکوومەت "کە سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئاسایشە" هاوتەبا نییە و بەم بەهانەو هەنجەتەوە سەرکوتیان دەکرد.

فەرمانڕەوایانی عەرەب بە گوزەر و تێپەڕینی زەمەن، بە قیتکردنەوە و دامەزراندنی دامودەزگاکانی تۆقێنەری پۆلیس - هەواڵگری و ڕێکخستنی هێزەکانی سەربازیی ملکەچ و گوێڕایەڵ و بە سوود وەرگرتن لە دوژمنێک بە ناوی "ئیسرائیل" دەست و زمانی هەموو بەرهەڵستکارانی خۆیان لەنێو خۆی ولاتدا دەبەست و لە زیندانەکانیان دەئاخنین، یان هەر لەناویان دەبردن و بەسەربەکەوە بارودۆخێکیان هێنا کایەوە کەم تا زۆر مرۆڤی دەخستەوە یادی چیرۆکە نێودارەکەی "کێڵگەی ئاژەڵان"ی بەرهەمی "جۆرج ئۆروێل" : دوا بەدوای داگیرکردنی کێڵگەی "مانێر" لەلایەن گیانلەبەرانەوە و گۆڕینی ناوەکەی بۆ "کێڵگەی ئاژەڵان" ئەنجوومەنێکی پێکهاتوو لە سێ بەراز بە ناوەکانی "سنۆباڵ و ناپلیۆن و سکۆیلەر" فەرماندەیی ئەویان لە ئەستۆ گرت.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک، بە سەرهەڵدانی ناکۆکی لە بیروڕای ئەندامانی فەرماندەیی ئەنجوومەنەکە، یەکێک لە بەرازەکان "ناپلیۆن" بە هاوکاری ئەو تووتکە سەگانەی لە ماوەی ڕابردوودا شیری پێ داون و بە دزی و شاراوەییەوە گەورەی کردوون، کوودەتایەک لە دژی دوو بەرازەکەی تر ئەنجام دەدات و فەرماندەیی بە دەستەوە دەگرێت. ئەو "ناپلیۆن" بە هاوکاری ئەو سەگە هارانە، پەیتا پەیتا حکوومەتە تۆقێنەرەکەی خۆی جێگیر دەکات تا ئەوێ کە هیچ یەکێک لە گیانلەبەرەکان توانایی ئاخاوتنێکی نەما لە دژی ئەودا. لە ڕاستیدا ئەو بە یارمەتی ئەو سەگە هارانەو دروستکردنی دوژمنێکی خەیاڵی بە ناوی "سنۆباڵ" یان ترساندنیان بە " گەڕانەوەی حوکمڕانیەتی مرۆڤەکان بەسەر کێڵگەدا" ڕێگری لە هەر جموجووڵ و بیروباوەڕێکی بەرهەڵستکاری کرد و ئەو کارەی بە هەنگاونانێکی ناکۆک لەگەڵ ئاسایشی کێڵگەو هاوپێوەندی گیانلەبەران لە قەڵەم دەدات و سەرکوت دەکات. هێدی هێدی هەموو ئەو گیانلەبەرانەی لەو کێڵگەدا دەژیان باوەڕیان کرد کە لە دەربڕینی کەمترین ناڕەزایەتی لە بەرانبەر "ناپلیۆن"دا، جارێکی دیکەو سەرلەنوێ دۆخە ناخۆشەکەی پێشتر و کویلایەتیکردنیان بۆ مرۆڤەکان بەسەریاندا زاڵ دەبێتەوە.

جێی ئاماژە پێدانە کە دیکتاتۆرە عەرەبەکانیش بۆ ماوەی چەندان ساڵ بە پشتبەستن بە پۆلیس و ئاسایش و ڕاگەیاندنی "باری نائاسایی" و دووبارەکردنەوەی هەبوونی مەترسی دەرەکی، بە بەردەوامی کۆمەڵگەیان لە حاڵەتی تەنگژاوی ڕاگرتووە و هەموو ناڕەزایەتییەک و هەر جووڵەیەکی بەرهەڵستکارییان سەرکوت کردووە. لە دیدی ئەوانەوە، واتا دیکتاتۆرە عەرەبەکان، بەرزبوونەوەی هەر دەنگێکی ناهاوتەبا لەگەڵ ئاشتی و ئاسایشی ولات کە هەڵبەت ڕاستتر وایە بگوترێت ناهاوتەبا لەگەڵ بیروباوەڕ و سیاسەت و ئاسایشی خۆیان، نەک ناهاوتەبا لەگەڵ ئاشتی و ئاسایشی ولات"، هەروەک ژەهرێکە کە دەتوانێت کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر ببات، یان بەرەو باری جەنگی، یان هەمان "باری ئاسایی" بیگەڕێنێتەوە. ئەو دیکتاتۆرانە، هەرکاتێک ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی دەربڕینی هاووڵاتییانیان بوونەتەوە، بە خێرایی ئەوانی خستووەتە یادی ئەو ڕۆژانەی کە لەسەر بنەمای ڕازیبوون و لە نێو خۆشی و شادی دەربڕینی هەمووان "یان بە واتایەکی دیکە، ڕێککەوتن و تەوافوقی هاووڵاتییان" گەیشتنە سەر کورسی حوکمڕانیەتی و لەبەر ئەوە، هەر جۆرە ڕووبەڕووبونەوەیەکی بەرانبەر بەخۆیان بە سپڵەیی و بەڵێن شکێنی و بە زیانی کۆمەڵگە لە قەڵەم دەدەن و دەکەونە بێ دەنگ کردن و کپ و سەرکوتکردنی.

لەم ماوە پڕ ئاڵۆزی و پشێوییەی ڕابردوودا، چەندان جار بینیمان کە دیکتاتۆرە عەرەبەکان هەوڵیان داوە لە ڕێگەی نمایشکردنی ئەو فیلمانەی ئەوان لە ڕۆژە سەرەتاکانی گەیشتن بە حوکمڕانێتییان لەنێو پێشوازی و چەپڵەڕێزان و هوتافکێشانی هاووڵاتییان نیشان دەدات، یان سەرلەنوێ گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی ئەو سەردەم و پەنجە خستنە سەر ئەو خزمەتانەی پێشکەش بە کۆمەڵگەو هاووڵاتییانیان کردووە، تا وا نیشان بدەن و

بخەنەوە یادەکان کە، هاتنە سەر کورسی دەسەڵاتیان تەنیا بە ویست و ئارەزووی خۆیان نەبووە، بگرە زیاتر لەسەر داواو ئارەزووی هەرەزۆری هاووڵاتییان بووە، بۆیە ئەم نارەزایەتییە دەربڕینەی ئێستایان سپڵەیی، تەنانەت جۆرێکە لە خیانەت، دەڵێیت بە لاچوونیان لەسەر حوکم، دەرگاو دەروازەکان لە ڕووی تیرۆریستان، دز و چەتەکان، دوژمنان و داگیرکەرانی بیانیدا دەکرێتەوە. ئەم شێوازە هەڵسوکەوتە لەلایەن زۆربەی دیکتاتۆرە عەرەبەکان، کەم تا زۆر، لە سەردەمەکانی دوورو و درێژ و ڕەش و خوێناوییان بەکارهاتووە، بەهەرحاڵ، دەکرێت بڵێین ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ئێستای وڵاتە عەرەبییەکان شایەتی و بەڵگەی ڕۆشنە لە ناکارابوونی شێوازەکانی حوکمڕانیەتی لەم جۆرە و پەستی و بێزاری خەڵکەکەیە. ئەم دیکتاتۆرانە، بە شوێنگری و پێڕەوکردنی سیاسەتە کۆنە شکست خواردووەکان و پێداگرییان لەسەر ڕێباز و ڕێچکە داڕزیوەکەی وەک ڕێبازی "دۆخی ئاسایی" هابز لە نێوخۆی سنوورەکاندا دووچاری سێ هەڵەی ستراتیژی بوونە:

**(١) چاونووقاندن لە ئاستی پێویستییەکانی جیهانی ئەمڕۆدا**

لە زەمەنێکدا کە زۆربەی حکوومەتەکان، تەنانەت لە ڕووسیاو چین، بێ ئەوەی ڕوو لە دیموکراسییەت و بە فەرمی ناسینی پلۆرالیزم "حکوومەت ئیئتیلافی، یان فەلسەفەی فرەگەرایی" بکەن ناتوانن فەرمانڕەوایەتی بەسەر خەڵکیدا بکەن و لەگەڵ سیاسەتەکانی خۆیاندا هاوکۆک و هاوتەریبیان بکەن و لەم ڕووەوە هەوڵ دەدەن هەرچی زووترە ڕێگەخۆش بکەن بۆ دەربازبوون بەرەو دیموکراسییەت، کەچی فەرمانڕەوایانی ملهوڕ و سەرەڕۆ لە وڵاتانی عەرەبی هەروا گیرۆدەی ئەو شێواز و سیاسەتە داڕزیو و لە باو کەوتووانەی وەک تۆقاندن و سەرکوت و دەمکوتکردن، یان بەرتیلدان بە هاوڵاتییانن، هەر دەڵێیت ئاگاداریش نین کە "سەردەمێکی تازە" دەستی پێکردووە و کەڵک وەرگرتن لە سیاسەتەکانی پێشوو تێیدا وەک ئەوە وایە گرێ لە "با" بدەن و شتێک بێجگە لە شکست و ناوپیسی و زەلیلی بۆیان نەمێنێتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەوان، چونکە تەنیا قوتابی قوتابخانەکەی هابز بوونە، نەیانتوانیوە و نایشتوانن ئەم وانە گەورەیە لە فەیلەسووفێکی گەورەی دیکەی وەکو مۆنتسکیۆ فێر بن کە: بۆ پێڕەوکردنی سیاسەتێکی سەرکەوتوو، دەبێ لایەنە باشەکانی سیستەمی پاشایەتی لە بواری پێوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ دەستکەوتەکانی سیستەمی کۆماری لە بواری ڕووکردنە ناوخۆییەکانیدا ئاوێتە بکرێت.

**(٢) پشتگوێ خستنی لاوان**

لەم ڕۆژانەدا کە لە شەقامەکانی وڵاتانی عەرەبی ڕادەمێنین، کە خۆپیشاندانیان تێدا دەکرێت، گەنجانێک دەبینین کە بەپێی داتاو ئامارەکان، پتر لە سەدا شەستی حەشیمەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنن "لەم دەڤەرەدا لەسەدا شەستی دانیشتوان تەمەنیان لە خوار سی ساڵەوەیە". "ئەم ملیۆنان گەنجە حەز و خولیای زۆریان لەسەردایە کە دەیانەوێت- دەشێت بیانەوێت- بگەنە ئەو حەز و خولیاو ئارەزووانەیان، بەڵام حکوومەتەکانی دەڤەرەکە سەلماندوویانە کە نەک هەر توانایی وەدی هێنانی خەون و ئارەزووی ئەو گەنجانەیان نییە، بگرە لە زۆر حاڵەتیشدا ڕێگرییان لێدەکەن بۆ گەیشتنیان بە ئارەزووەکانیان". گەنجانی ئەم سەردەمە کە گەنجانی نەوەی "ئێکس"یشیان پێ دەگوترێت "گەنجانێکن کە لە زۆر ڕووەوە دەبێت بە نەوەیەکی نەناسراو ناوزەد بکرێن" لەبەرئەوەی هێشتا پێناسەیەکی ورد لە بارەیانەوە لەبەردەستدا نییە و لەوانەیە شیاو بێت بگوترێت کە ئەمە یەکێکە لە گرفت و ئاریشە بنەڕەتییەکانی درک پێنەکردن و ڕاڤەو شەنوکەو کردنی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە وڵاتی توونس یەکێک لە ئەندامانی ئەم نەوەیە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی گڕی ئاگر لە خۆی بەردەدات و خۆی دەسووتێنێت، لە وڵاتی میسردا هەر ئەم گەنجانە، حزبە لە بیرکراوەکان بە دوای خۆیاندا ڕادەکێشن. وا دێتە بەرچاو کە سیاسەت بۆ ئەم نەوەیە، هەر تەنیا لە کەناڵی باسوخواسە بەربڵاوەکانی سیاسی لە ڕۆژنامەکان و زانکۆکان و بنکەکانی دەسەڵات و بڕیاردەر پێناسە ناکرێت و گەمەی سیاسەت، گەمەی بردنەوە و دۆڕاندن نییە.

لە وڵاتی جەزایر، یەمەن، لیبیا و "سوریا" و بەحرێنیش، بینەری ڕەوت و کرداری ناباو و نەناسراوی ئەم نەوەیەین. ئەوەی گەنجانی ئەم سەردەمە لە سەردەمی پێش خۆیان جیا دەکاتەوە، دەکرێت لە دووخاڵدا کورت بکرێتەوە: یەکەم ئەوەی کە ئەم گەنجانە سەر بە هیچ ئایدیۆلۆژیاو چینێکی دیاریکراو نین، بگرە لە تێکڕای لایەنەکانی نێو کۆمەڵگەدا هەڵقوڵاون. دووەم، خوێندەواری و ئاگایی و ڕۆشنبیری بەرچاویان و

دەستگەیشتنیان بە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە لەوە دەچێت هۆکارگەلی سەرەکی بن بۆ سەرهەڵدانی ئەو بزاوتانەی لە چەشنی بزووتنەوەی شەشی نیسانی میسر. دواجار دەکرێت بڵێین کە داواکاری سەرەکی ئەم گەنجانە، پێچەوانەی گەنجانی نەوەی ڕابردوو نییە کە پتر خوازیاری ژیان لە وڵاتێکی سەقامگیر و بێ کێشەبوون بگرە ئەوانە شەیدای ژیانن لە وڵاتێکی ئازاد و سەربەستدا کە تێیدا مافەکانی هاووڵاتیبوون و ئازادییەکانی تاک بە ڕەسمی و بە یاسا دابین و مسۆگەر کرابێت.

**(٣) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنۆلۆژیاکانی نوێی پێوەندی**

ئەگەر تا دوێنێ حکوومەتە لاسار و سەرەڕۆکان دەیانتوانی بە دروستکردنی فەزایەکی بارگاوی و پڕ لە ترس و تۆقاندن و کپکردن و داخستنی ڕۆژنامەکان، یان تەنانەت کوشتنی ڕۆژنامەنووسان، ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان و وتووێژی نێوان هاووڵاتیان بگرن و بە ئاگابوونیان لە ڕووداوەکان و ئەندێشەو بیرکردنەوە جۆراوجۆرەکان، پێچەوانەی ئەوەی حکوومەت بڵاوی دەکاتەوە، یان کارکردنی ڕایەڵەکان و کەرەستەکانی پێوەندی گشتی بە شێوەیەک بوو کە تەنیا "کەمایەتییەک" لە توانایدا بوو یەکلایەنە بۆ "زۆرینەیەک" پەیامگەیەنی بکات، ئەمڕۆ لە سایەی بڵاوبوونەوە و برەوسەندنی تەکنۆلۆژیاکانی وەک ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێگەخۆش بووە بۆ سازدانی پێوەندیکردنی "هەمووان لەگەڵ هەمووان" و وتووێژی دوولایەنە و چەند لایەنەی هاوکات دەستەبەر بووە. یان بە گوتەی هابرماس، پەرەسەندن و بەربڵاوی و ڕەواج و ڕمێنی ئەو تەکنۆلۆژیایانە ڕێخۆشکەریی "ئەقڵانیەتێکی لێک تێگەیشتن"ی لە کۆمەڵگەدا کردووە. لە ڕاستیدا دەبێت بگوترێت کە ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە، مژدەهێنەری ئازادی، بە تایبەت "ئازادییەکانی تاک" وەک ئازادی بیروباوەڕ و دەربڕین و... ئامرازی بڵاوبوونەوەی بیروڕا جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەیەو هاووڵاتیان لە ڕێگەی ئەم ئامرازانەی تەکنۆلۆژیاوە دەتوانن لە بارەی "چاک" و "خراپ" لەسەر بنەمای تێگەیشتنی ویژدانی و ئەقڵی خۆیان بڕیار بدەن. شایانی گوتنە ئەگەر ئازادی بیروباوەڕ و دەربڕین "وەک یەکێک لە ژیاریترین و بنەڕەتیترین ئارمانجەکانی کۆمەڵگەی سیاسی، پشتگوێ بخرێت و لەبیر بکرێت، سەقامگیری وڵات دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە مرۆڤ لە ژیاندا تەنیا بە ئاسایش و پارێزراوی ڕازی نابێت. کاتێک مرۆڤەکان دەگەنە ئاشتی و ئاسایش دەیانەوێت لە هەموو جۆرەکانی ئازادیش بەهرەمەند بن. مرۆڤەکان ئاژەڵ نین، تەنیا بە گەیشتن بە خواردن و خواردنەوە و چالاکییە سێکسییەکان و شتگەلی لەم بابەتە ڕابوەستن و ڕازی بن. وینستۆن سمیت سەرەڕای هەبوونی ئاسایشی تەواو لە "ئۆشینا" لەسەر بنەمای ڕۆمانی ١٩٨٤ی جۆرج ئۆرویل لە دژی حزب شۆڕش دەکات، "برا گەورە"کەی هێمنایەتی و ئاسوودەیی پێ دەبەخشێت، بەڵام سمیت لێی بێزارە، چونکە ئەو دەیەوێت ئازادی هەبێت. سمیت دەیەوێت ئازادی هەبێت تاکو بزانێت لە ئۆشینا دا چی ڕوودەدات. ئەو شەیدای هەبوونی ئازادییە تا بۆ هەرکوێ ویستی بڕوا، هەرچییەکی حەزی لێ بوو بیخوێنێتەوە، هەر کەسێک دڵی ویستی بتوانێ بیبینێت، بەبێ ئەوەی لەژێر چاودێری توندوتۆڵی "تلسکرین" دا بێت، واتە چاودێری سیاسی. سمیت هێندە ساویلکە نییە کە کاتێک لەوە دەگات دەتوانێت لە "ئۆشینا" دا لە هێمنایەتی و ئاسوودەیی تەواو ژیان بەسەر ببات، هەست بە ڕەزامەندی تەواو بکات. لە ڕاستیدا ئەو هێمنایەتی و ئاسوودەییەی لە "ئۆشینا" بۆ ئەو دابین کراوە، خۆی لە خۆیدا ونبوون و نەمانی هێمنایەتی و ئاسوودەییە، چونکە ئەو بێ بەهرە کراوە لە ئاسوودەیی ئازادی، چونکە ئەو نا ئاسوودە کراوە لە بەهرەمەندبوون لە ئازادی. شایانی ئاماژەیە کە، گەنجانیش لە وڵاتانی عەرەبیدا، وەک وینستۆن سمیت لەوە گەیشتوون ئاسایشێک کە بن عەلی، حوسنی موبارەک، موعەممەر قەزافی، "بەشار ئەسەد"، ئال خەلیفە و عەلی عەبدوللا سالح و... جاڕی دابینکردنی لێدەدەن بۆ هاووڵاتیان، لە ڕاستیدا "نەبوونی ئاسایشە"، چونکە هاووڵاتیان بەردەوام لە حاڵەتی ترس و دڵەڕاوکێدان، نەوەکا بە بیانووی جۆراوجۆرەکان و لەژێر پەردەی پاراستنی ئاسایش و هێمنایەتی بخرێنە زیندان، یان ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە. ئاسایش و هێمنایەتییەک کە نرخی بەهرەمەندبوون لێی، لە دیدی فەرمانڕەواکانی عەرەب، دەست هەڵگرتنە لە ئازادی.

**کۆبەند**

زۆربەی وڵاتانی عەرەبی، یان لەت و بەشگەلێکی جیابووەوەن لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە سەروبەندی

یەکــەمین جــەنگی جــیــهــانی، یان لەبەر ســێــبــەری ڕووداوەکـانی دوای دووەمین جـەنگی جــیـهــانی لەژێر داگــیــرکـاری و ســەرپەرشــتــیکردنی وڵاتانی خـۆرئاوا ڕزگـاریان بووە و ســەربەخــۆبیــان وەرگــرتووە، بەڵام ئەم ســـەربەخـــۆیی وەرگـــرتنانە بە واتای دامـــەزراندنی دەوڵەتگەلی نەتەوەیی مـۆدێرن نەبووە لەو خـاک و سـەر زەمینەدا. بە واتایەکی دیکە، ئەم وڵاتانە دەرهاویشتـەی ئیـرادەی نەتەوەیی و پشت ئەسـتـوور بە یاسا نەبووە لە گەیشتن بە سەربەخۆییدا ڕەوت و ڕێگەیەکی سروشتییان تەی نەکـــردووە، ڕێـخـــۆشکەریی هاتنەســـەر کـــاری حکوومـــەتەکـــانیش لەو وڵاتانەدا لەســـەر بنەمـــای هاوپەیمانیکردن لەگـەڵ خـێـڵـەکـان، یان لە ئەنجـامی کوودەتاو شۆڕشگەلێکی خوێناوی بووە. ئەم ڕاستییەو لە پاڵ ئەویشـــــدا هەبوونی دوژمنێکی دەرەکی بە ناوی "ئیـــســـرائیـل" بە درێژایی چەندان ســاڵ، بەدیهـێـنانی "ئاسـایش" و هێـمنایەتی لە کۆمـەڵگەدا، وەک زەقـتـرین فاکتەر و هۆکاری شەرعییەت بەخشین بە فەرمانڕەوایانی عــەرەب دەگــۆڕێت و بیـانوویەک بوو لە دەسـتـیـاندا بۆ دەمکوت و سەرکوتکردنی بەرهەڵستکاران و ڕێگرتن لە بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتی هاووڵاتییـان، تا ئەوێ کە هەر بەم بیانووەوە، بە درێژایی ساڵانێکی زۆر "باری نائاســایی" یان بە ڕاگــەیاندراوی دەهێــشــتــەوە، واتە کارێک کە وڵاتان لەکاتی پێشهاتی قەیرانە قورس و مەترسیدارەکانی وەک جەنگ و قاتوقڕی و... ئەویش بۆ مـــــاوەیـەکی کـــــورت ئەنجــــــام دەدەن. ئـەوان، واتا فـەرمانڕەوایانی عـەرەب، سیاسـەتی ڕاگەیاندنی باری نائاساییـان دەگـۆڕی بە ڕێوشوێن و نەریتـێک بۆ مـاوەی ٣٠ یان ٤٠ سـاڵ بەسـەر هاووڵاتیـانیـاندا دەسـەپاند. ئەوان هەر بەم بیـــانووەوە، بە بیـــانووی دابینکردنی ئاسایش، هەتا چەند مانگێک بەر لە ئێستا ڕێگرییان لە هەر بزاوتێکی ناڕەزایی دەربڕین و خـۆپیـشـاندان، یان تەنانەت لە سازدانی ئاشکرای ڕێوڕەسمە ئایینییـەکـان دەکرد و لە ڕاستیدا کۆمەڵگەیەکی یەک دیویان دروست کردبوو. هەرچییـەکی هاوتەریب نەبوایە لەگـەڵ ویست و سەلیقەی فەرمانڕەوایان قەدەغە بوو.

بە کـورتی، سـتـراتیـژیەتی فـەرمـانڕەوایان پـتـر لە هەر شـتـێک بەسـەر "پاراسـتنی هێـمنایەتی و ئاسـایش" دا ڕاگـــیـــرابوو، بۆیە ئازادی هاووڵاتیـــان هەر ئەندازە و سنوورێکی هەبوایە، نەدەبوایە ناهاوتەریب و پێچەوانەی سـتـراتیـژیەتی حکوومـەت بێت، یان سیـاسـەتەکـانیـان سنووردار بکات، بەڵام ڕووداوەکــانی مــاوەی ڕابردووی سەرزەمینی عـەرەب، ئەو سیـاسـەتانەی وەک سیـاسـەتی ڕاگـەیاندنی "باری نائاسـایی" بە بیـانووی پاراسـتنی ئاسـایش و بەکـارهێنانی زۆر و هێـز و سـەرکـوتکردن، چیدی بۆ بەردەوامبوونی ئەو حکوومەتانە کەڵک نادات. لەبارەی نشـوسـتی فـەرمـانڕەوایانی عـەرەب لە جێبـەجێ کردنی ڕێبازی هابز، دەبێ پەنجە لەسەر دوو خاڵ دابنێین: یەکـەمیـان ئەوەیە کە هەرچەندە هاووڵاتیـان ئامـادەن بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی شەڕ و پشـێوی و ئاشووب هەندێک لە مافەکانیان بۆ فەرمانڕەوایان بگوازنەوە، بەڵام ئەمە بە واتای گواستنەوەی هەموو مافە تاکییەکان نییە، چونکە هەندێک لەو مـافانە، وەک مـافی بەرگریکردن لە خۆ، لە کـاتی کەوتنە بەر پەلامـارێکدا لەلایەن فـەرمـانڕەوا، یان هێــزەکــانی ســەر بەو، شــایانی گــواســتنەوە و دەست لێهەڵگرتن نییە.

دووەم، لەبەر چاو نەگـرتنی هەلومـەرجی سـەردەمـەکـەو گـۆڕانکـارییـە بەدیهـاتووەکـان لە هەمـوو بوارەکـان لە جیـهـانی ئەمـڕۆکـەدا، هابز لە ڕۆژگـارێکدا کـەوتبـووە تیـوریدارێژی و پەسندکردنی حکوومـەتە شمووڵییـەکانی چەشنی دامـەزراوەیی، یان داگـیـرکـاری کـە بەریتـانیـا گیرۆدەی پشـێوی و شەڕی نێوخۆیی بوو و بەهۆی نەبوونی حکوومـەتێکی بەهێـز کـە بارودۆخـە ئالۆسکاوەکـە تێک بهـێنێـتـەوە ئازاری دەچەشت. لە کـاتێکدا لە جیـهـانی ئەمڕۆکـەدا، سیاسـەتی نێـوخۆیی حکوومەتەکـان، پـتر لە هەر شتێک، لەسەر پاژنەی "ئازادی" دەسووڕێت. بێجگە لەوەیش، لە ڕۆژگـاری ئێـسـتـادا، لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاکـانی پێـوەندی، برەوسـەندن و پەرەسـەندوویی ئامـرازەکـانی گـەیاندن، چەمکی "ئاسـایش" واتایەکی دیکەی وەرگـرتووە و زۆر بە توندوتۆڵی لەگەڵ "ئازادی"دا پێکەوە بەسـتـراوەتەوە. بە واتایەکی دیکە، لە جیـهـانی ئەمـڕۆکـەدا بەبێ هەبوونی "ئازادی" واتایەک بۆ هەبوونی ئاسایش نامێنێتەوە.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری ئیتیلاعاتی سیاسی - ئیقتیسادی**

**ژمارە "٢٨٤" هاوینی ١٣٩٠.**

# ئاگر و گوڵ

ئەحمەد یاسینی پشکۆ
(سەقز)

گەلانی ئاریایی لە کۆنەوە زۆر جێژنی جۆراوجۆریان هەبووە و لەناویاندا دوو جێژنی نەورۆز، واتە شۆڕشی سروشت و سەرهەڵدان و جموجووڵی بوونەوەران، یان فەروەردەگان سەرەتای وەرزی گەرما و جێژنی مێهرەگان سەرەتای وەرزی سەرما.

جێژنی نەورۆز بایەخێکی تایبەتی هەبووە، تەنانەت پاش ئەو هەوراز و نشێوە زۆرەی کە لە هەزاران ساڵ پێشەوە بڕیویەتی و ئێستا گرینگی خۆی هەر پاراستووە و وەک یەکێک لە مەزنترین جێژنەکانی نەتەوەکەمان ماوەتەوە، تەنانەت بۆتە هێمای خەبات و تێکۆشان، بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی لە ناو نەتەوەی کورددا.

چاوێک بەسەر دوو جێژنی کۆن، واتە فەروەردەگان و مێهرەگاندا دەخشێنین: عێل و هۆزەکانی کۆنی کورد هەموویان شوانە وێڵە و مەڕدار بوون، ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم ئاژەڵانە دابین کردووە. ڕوونتر بڵێم، خۆراکیان لە شیر و جلوبەرگیان لە خوری ئەوان دابین کردووە و بۆ گەرمێن و کوێستان ڕۆیشتوون، بەدوای هەوار و لەوەڕگەدا گەڕاون و ئێستاش کارەساتی ڕۆژگار لێی گەڕێ، کەیفی لە شوانییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری دەناڵێ. ئێستاش هەرچەند ئاژەڵداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە و مەڕدارەکان کاتی بەران تێکردنیان گڕیوە، بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە، هەرکەس کەرتە مەڕێکی هەبێ، ئەو ڕۆژەی کە بەران لە مەڕی دەکات، میوانداری لە دەر و جیران دەکات و مێوژ و خورما و شیرینی دەبەخشێتەوە، ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش لە ملی بەران نەکات، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە ناو مێگەل، بەڵام زۆر دوور نییە، هەر بە

بیری من، مەردار لە ئاخر و ئۆخری مانگی مێهر (ڕەزبەر) بەرانیان لە مەڕ دەکرد و جێژنیان دەگرت، کە ئەو جێژنە ناوی جێژنی مێهرەگان بوو. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بوو کە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە جێژنی میهرەجان و بە هەموو ڕۆژێکی خۆش دەڵێن میهرەجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ و پێشینیان دەڵێن: بەرخ بە سەد ڕۆژ ڕوحی وەبەر دێ و مەترسی بەر ئاوێتی (بەرخستن و لەبار چوون) کەم دەبێتەوە. جێژنی ئەو سەد ڕۆژەش لە زۆر شوێنی کوردستان بەڕێوە دەچێ و پێی دەڵێن جێژنی سەتە، یان بێڵن دانا. لە شەوی ئەوەڵی بەهار زەوی مەڕ دەست پێدەکات و جێژنی هەرە گەورەی مەردارە و پێی دەڵێن جێژنی فەروەردەگان و دوای سێزدە ڕۆژ، واتە سێزدە بەدەر بەرخ لەگەڵ دایکی سارەما کراوە و لە کۆز ڕۆیشتۆتە دەرێ و هەر لە خۆشی بەرخەکان، ماڵ و خێزان لەگەڵ ئاژەڵەکان ڕۆیشتوونە دەرێ.

لە بارەی چۆنیەتی پەیدابوونی جێژنی نەورۆزەوە، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە بیروباوەڕی جیاواز دەکەن و گەلێک ڕووداوی مێژوویی، چ ئەفسانەیی، یان ڕاست دەکەنە سەرەتای پەیدابوونی نەورۆز، نەورۆز واتە ڕۆژی نوێ، ئەویش دوو نەورۆزە، یەکیان نەورۆزی گشتی و ئەوی تریان نەورۆزی تایبەتی.

نەورۆزی گشتی ڕۆژی یەکەمی خاکەلێوەیە کە هەتاو لە سەرەتای بورجی حەمەلە، واتە ڕاست لە ئەوەڵی بەهاردایە، بە بڕوای کەسانێک خودا لەو ڕۆژەدا دنیای بەدی هێناوە و هێندێکی دیکە دەڵێن: چونکە خودا لەم ڕۆژەدا ئادەمی خولقاندووە، بۆیە نێوی نراوە نەورۆز. دەستەیەکی دیکە لەسەر ئەم باوەڕەن کە جەمشید لە سەرەتاوە ناوی جەم بووە و کاری گەشتوگەڕان بووە، کە گەیشتۆتە ئازەربایجان، یان بەپێی وتەیەکی دیکە، وڵاتی بابل، دەستووری داوە کە تەختێکی خەملیو، بەزێڕ و گەوهەری لەسەر بەرزاییەک بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ دانێن و ئەو جار تاجێکی لەسەر داناوە و لەسەر تەختەکە دانیشتووە، کاتێک خۆر هەڵاتووە، یەکەم تیشکەکەی کە لە تەختەکەی جەمی داوە، خەرمانەیەکی گەشاوە و زێڕینی لە دەوری تەختەکە ساز کردووە، خەڵک بە دیتنی ئەو دیمەنە شاد دەبن و دەڵێن: ئەمە ڕۆژێکی نوێیە، هەر لەزەمانی پەهلەویدا بە تیشک دەڵێن «شید» و جەمیان کردووە بە جەمشید. ئەو ڕۆژەی کە جەمشید چۆتە سەر تەخت، ڕۆژی شەشی خاکەلێوە بووە کە بە نەورۆزی تایبەتی نێودێر کراوە، یان بە واتایەکی دیکە جەمشید زاناکان کۆ دەکاتەوە و لێیان دەپرسێ: چ شتێک دەتوانێ ئەم پاشایەتییە بپارێزێ؟ زاناکان دەڵێن: بە هانای خەڵکەوە چوون و چاکەکردن بە خەڵک، جەمشید خۆی ساز کرد و دەستووری دا بە نۆکەر و ژێردەستەکانی کە بە کاروباری هەژار و لێقەوماوان ڕابگەن، ئەو ڕۆژەی کە وای کرد، ڕێکەوتی هەبوو لەگەڵ ڕۆژی هورمز لە مانگی خاکەلێوەدا و بە دوای ئەوەدا ناوی ئەو ڕۆژەی کرد بە نەورۆز و تا ئێستا هەر بەردەوامە.

لە دەقە ئەفسانەییەکاندا هاتووە کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین حەزرەتی زەردەشت لە دایک بووە، بۆیە ئەو ڕۆژەیان بە نەورۆز نێودێر کردووە، هەروەها بەپێی دەقێکی ئەفسانەیی دیکە نەورۆز ڕۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکی مێشک خۆردا سەرکەوت و خەڵک بە هەڵکردنی ئاور ئەو ڕۆژەیان کردە جێژن، یان دەڵێن نەورۆز، ڕۆژێکە کە ئاور دۆزراوەتەوە، یان ئەو ڕۆژەیە کە شەووڕۆژ پێکەوە بەرانبەرن.

لە کتێبە ئاسمانییەکان وەک قورئان، ئاوێستا و تەوراتدا هاتووە کە یەزدان دنیای لە شەش ڕۆژاندا بەدی هێناوە و گەلانی ئێرانی باوەڕیان وابوو کە یەزدان ئەم کارەی لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگێکدا ئەنجام داوە کە ڕوحەکان لە ئاسمانڕا گەڕاونەتەوە سەر زەوی، ئەم مانگە ناوی فرووهەر بووە و لەم مانگەدایە کە یەزدان ڕوحی مردووەکان دەگێڕێتەوە ناو کەسوکاریان و ئەو میوانداریەش دە ڕۆژان دەخایەنێ، بۆیە خەڵک لەم ڕۆژانەدا ماڵەکانیان خاوێن دەکەنەوە، جلوبەرگی نوێ لەبەر دەکەن و بۆنی خۆش بە هەموو لایەک بڵاو دەکەنەوە و ماڵەکانیان بە شینایی و گوڵ، دەنگی مۆسیقا و ڕووناکی، کەیلی شادی و خۆشی دەکەن.

نەورۆز لە ڕوانگەی ئاینەوە: هاتنی ئادەم بۆ سەر زەوی- وێستانی کەشتی حەزرەتی نووح، دوای سێڵاوەکە لەسەر کێوی ئاگری (جوودی) لەباکووری کوردستان- حەزرەتی سلێمان ئەنگوستیلە گوم کراوەکەی خۆی دۆزیبیەوە- هاتنی جوبرەئیل بۆ لای پێغەمبەری ئیسلام- گەیشتنی حەزرەتی محەمەد بە پێغەمبەری-

حەزرەتی برایم دوای شکاندنی بتەکان، مەنجەنیقی بۆ ساز کرا و بە ئیزنی خودا مەنجەنیق بوو بە گوڵستان.

لەلایەکی دیکەوە عەرەبەکان دەڵێن: کە گوایە دنیا و ئادەم لەم ڕۆژەدا کە شەووڕۆژ پێکەوە بەرانبەرە، بەدی هاتوون، بۆیە پێی دەڵێن نەورۆز، واتە ڕۆژی نوێ. بە ڕوایەکی دیکە، ٦ هەزار ساڵ لەمەوپێش کەیومەرس لەگەڵ شای ئەوکاتە لە کێوەکانی ڕەواندز دەست بە شەڕ دەکا و ئەو ڕۆژەی کە سەردەکەوێ، بە لەشکرەکەی دەڵێ: لەسەر تەواوی کێوە بەرزەکان ئاور بکەنەوە، تا بەڵکو ئەو کەسانەی کە پەڕەوازە بوون، بگەڕێنەوە و ئەو سەرکەوتنەش دەوروبەری نەورۆز بووە.

کردنەوەی ئاور ئەوە ناگەیەنێ کە کورد ئاورپەرست بووبێتن، بەڵکو لەناو دینی زەردەشتدا ئاور شتێکی پیرۆزە. لە کوێستانی چاوبەڵەک و دەم بە قاقای پێکەنینەوە، بڵێسەی ئاوری پیرۆزی نەورۆز، خەمەکانی ڕابردوو لەگەڵ خۆی دەبات و هەر بڵێسەی بێت ئاوری سووری نەورۆز، یا چوارشەممەسووری.

لەبیروباوەڕی کوردەکاندا، مانگی سەفەر مانگی شوومە، تەنانەت تا بۆیان بکرێ کاروان و سەفەری ناکەن کە کەوتە چوارشەممە هەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە زۆر بە پارێزەوە بۆ شوێنی ئیش و کار دەچن هەتا بۆیان بکرێ بە تەنێ و گۆشە گرتن ڕای دەبوێرن. لە برێک ناوچەدا کاسەیەکی چینی سپی و جوان لە هەر ماڵێکەوە دەینێرن بۆ مەلا هەتا بە قەڵەمی قامیش و مەرەکەبی ڕەش لە مزگەوت دوعا لەو کاسە سپییە بنووسێت دوعای وەک (قل اعوذ وەکان) مام مەلا ئەم جارە ئەم دوعایە لە کوپە ئاورێک بەناوی تەبەڕوک دەخوێنێتەوە و سەر قەڵەمانەشی دەدەنێ، بەوە لە هێندێک شوێن وەک ئاگری شەوی نەورۆز، شەوێ لەسەر بان و لە کوڵانەکان ئاگر دەکەنەوە. لە کاتی کردنەوەی ئاوردا بازی بەسەر دەدەن و دەڵێن: سووری تۆ بۆ من و زەردی من بۆ تۆ (سووری کردەوەی باش و زەردی کردەوەی ناشیرین و خراپ).

هەر لەسەردەمی کۆندا، خەڵک کاتێک لە چنگ سەرماوسۆڵی زستان نەجاتیان دەبوو، جێژنیان دەگرت، پاشان ئەو جێژنە گەیشتە میر و حاکمەکان و دواتریش دەوڵەتەکان جێژنیان گرت. بە هاتنی نەورۆز، هەستانێک لە ناخی مرۆڤدا دەست پێدەکات و خێزانەکان ماڵ خاوێن دەکەنەوە، سەردانی نەخۆش و ئەو بنەماڵانە دەکەن کە کەسێکیان لەدەست داوە، هەروەها سەردانی گۆڕی مردووەکان دەکەن و دەیانەوێت بەهاتنی ئەو ڕۆژە نوێیە هەموو شتێک وەلانێن و خەم و خەفەت بەر بادەن و ژیانێکی دیکە دەست پێ بکەن.

نەورۆزانە لەلایەن گەورەکانەوە بە چکۆلەکان دەدرێت لەلایەن دۆستانەوە پێک دەگات و کاتێک منداڵەکان لەناو گوندەکان بۆ هەلاوە مەلاوە، واتە نەورۆزانە دەگەڕێن، کاتێک دەچنە هەر ماڵێک، ئەم دێرانە دەڵێن: هەلاوە مەلاوە، کچتان بووک، کوڕتان زاوا- هەلاوە مەلاوە، شتێکمان بۆ بخەنە ناو تاوە، هاتەرێ ماتەرێ، سەری ئاوەڵم بەقنگی کەرێ، شتێکم بۆ بخەنە ژێر چەپەرێ- هەلاوە مەلاوە، یەک هێلکە تەواو- هەنگوینی شانەشانە خانمی سەر باڵەخانە، کوا بەشم نەورۆزانە خوا بەرەکەت خاتە ئەو گەوڕ و کەڵەخانە، بزنتان بیبێ یەکانە مەڕتان بیبێ دووانە، یاشەوی ڕۆژی نەورۆز بە زۆری گەورەکان کە بەڕۆژ لە ڕوویان هەڵنایەت دەگەڕێن، لە کولانکە و بەر هەیوانەوە، سەتڵێ پڕ لە عەتر و شانە و ئاوێنە و گەنم دەخەنە خوارێ و هەلاوە مەلاوە دەکەن و ئەم شیعرانە دەڵێن: هەڵاوە مەلاوە هورمزیار هۆی داوە، کرمانجی دەپاڕاوە، جێژن و بەهاری کورد سەرلەنوێ ژیاوە، یان (لەنوێ هاڵاوە) لە مەزنان و هەڵچوون لە کوڕە گەل و کچۆڵان هەی لاوە مەی لاوە لە هەموانم سڵاوە...تاد خاوەن ماڵیش هەر شتێک کە شک ببات وەک: هێلکە، شیرینی، سنجوو، پوول و...تاد دەیدات پێیان و زۆر بە ڕووی خۆشەوە بەرێیان دەکات، کە زۆرتر هێلکەیە.

هێلکە نمادی گۆی زەوی و هەروەها گەرایە، ئەگەر ئەو کەسەی لە سەربانەکانەوە لە تەمەنی لاویدایە و دڵی بەکیژێکەوە بێت، کیژەکە دەنگ و پشتێنی کوڕە لاوەکە دەناسێتەوە، بە یاسای ئاشقانە لەنێو لۆچی پشتێنەکەدا ئەنگوستیلە، ئاوێنە و شتی وای بۆ تێ دەبەستێ، بۆ گەشە و نەشەی منداڵان هێلکە سوور کردن باوە، هێلکە بەچەند شێوە ڕەنگ دەکرێ بە پەلکە پیواز بە جەوهەر و مازیک و قەڵەم ڕەنگی و شتی وا ڕەنگ دەکرێ و دەیدەنە دەست منداڵان، هێلکە شکێنە دەست پێ دەکرێت کە ئەویش یاسایەکی تایبەتی هەیە، زۆر کەس بۆ ئەوەی هێلکەکەیان نەشکێت، دەچن دەیخەنە نێو خوێوە، دووکەس کە هێلکەشکێنێ دەکەن، یەکیان هێلکەکەی

خۆی لەناو قولی مشتی دەگرێت بەو چەشنە تۆزقاڵێ سەری دەرکەوێت، ئەوی دی بە سەری هێلکەکەی خۆمی لەم هێلکەکەی تر ڕادەکێشێ کە بیشکێنێت، دیارە هەر کامیان ڕەقتر بێت، ئەوی دی دەشکێنێت و یارییەکە دەباتەوە، لەکاتی لێدانی هێلکەکان، دەڵێن بەسەرەکەی دەدەم لە قوڵەکەی، تادەرپەڕێت زەردێنەکەی، یان زۆرجار ئەوەی هێلکەی ساخی پێ نەبێت کە سەر و قوڵی بە ساخی مابێت، یان دۆڕاندبێتی، بەلاج هێلکە شکێنێ دەکات یانی بەلاشانەکەی!

یەکێک لەو یاسا و دابەی کە لە نەورۆزدا باوە میرمیرێنە، کە لەم یاسا کۆنەدا هەموو ساڵێک یەکێکیان دەکەنە حاکم و فەرماندەرە، تەواو دەسەڵاتیان پێ دەدەن کە دەستوور بدات بەم بۆنەوە نۆکەر و خزمەتکار و بەردەستی دەنێنە بەر دەستی دارۆغە و گەزیر و کوێخای هەیە، ئەم میرە بەم جۆرە زۆر بە تین و گەورەهێز حکوماتی دەکات و حوکمی وەک ئاوی دەم خورینک خوڕ و ڕەوانە، تاوانباران تەنبێ دەکا و سزایان دەدات، خەڵکی جەریمە دەکا، دز و ڕێگری دەخاتە نێو بەندەوە ناحەز کارەکانی دەخاتە گرتووخانە ئەو حوکمەی هەتا پەنجا و چوار ڕۆژ ماوەی هەیە، ئیتر لەمەودوا ڕامالْ دەدرێ. ئەو یارییە ئێستاش لە زۆر شوێن وەک هەبەکی و ئاڵتوون و...تاد بەڕێوە دەچێ،

یەکێکی تر لە یاسای نەورۆز، کۆسە گەڕانە، بەم چەشنە دووکەس لە لاوەکانی ئاوایی بە وێنەیەکی وا کە سەروسەکوتی خۆیان دەگۆڕن و ڕدێنێکی کوڵکن و زڵ و سمێلێکی فش و گەورە لە لۆکە، یان لە خوری بۆ خۆیان دادەنێن، دەم و پلْیان لە ئاردەوە وەردەدەن دوو کەوچک بە نیشانەی شاخ لە سەریان دەچەقێنن، خەنجەرێکی داریش بە بەریدا دەکات و زەنگۆڵەیەک بەخۆیدا هەڵدەواسێ قاپووت، یان کەپەنک و فەرەنجی لەبەر دەکەن، دیارە یەکێکیان کە وا دەکات و دەبێتە مێرد ئەوی دی کە جلوبەرگی ئافرەت لەبەر دەکات، دەبێتە ژنی ئەوی دیکەیان و بە جووت هەڵدەپەڕن و گۆرانییەکی تایبەتی خۆیان هەیە کە دەڵێن بەم چەشنەیە (کۆسە هاتووە بۆ تووتن- کەوتووە وەک سەگی کوڵکن، کۆسە بابی خەلیلی- پاشی وەک چالە قیلی) کە زۆر یاسای تر هەیە وەک کۆسە بابانێ، یان سەمەنی دانان:

سەمەنی کە بریتییە لەگەنم، یان نۆک و نیسکی داچێندراو لەنێو قاپ و تۆنگەدا کە یەک دوو مانگی دەمێنێ بۆ هاتنی نەورۆز، دایدەچێنن و هەموو ڕۆژێک ئاوی دەدەن هەتا بنج دەبەستێ، بڕێک ماڵ هەن کە موور و زەنگیانە بە گەڵای ئەم سەمەنییە دادەکەن ئەم داچێندراوە سەوز دەبێ و دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێش دەنوێنێ، لەبەر ئەوە لەم کاتی بەفر و تۆف و بەند و کرێوەی زستاندا سەوزایی لە دەرەوە نایەتە بەرچاو، کەوابێ سەمەنی سەوز دیمەنێکی تایبەتی هەیە و ئەم سەمەنییە هەروەها دەمێنێ هەتاکو ڕۆژی سێزدە بەدەر کە ئەوکاتەی دەیبەن بەدەم ئاوێکی ڕوونی دادەدەن، بەڵام سەمەنییەکی تر هەیە کەڵکی خواردنی لێ وەردەگرن وەک حەڵوا شیرینە و بەتامە بەم چەشنە بڕێک گەنمی تایبەت دەکەنە نێو دەورییەکی گەورە سوێسنە، یان شتی وا ئاوی دەکەنە پاڵی هەتاکو نزیک ئەوە بێ چەکەرە بێنێ، ئەوکاتە دەیهێننە دەرەوەی لەسەر ڕاخەرێکی پانی دەکەنەوە وشکی دەکەنەوە، دوایی بە دەستاڕی ئارد دەیهاڕن. ئەم جارە لەنێو دیزەی دەنێن، ئەگەر سەمەنییەکە زۆر بێت، کوڕ و کچی دەوروبەر بەر بانگ دەکرێن و لە دەورەی سەمەنییەکە ڕەشبەڵەک دەگرن و هەڵدەپەڕن و هەتا دەکوڵێت و هەر کەسێک تۆزێکی لێ دەخوات و بڵاوەی دەکەن و لە نجەلدالْی دەنێن، کە هاتوو توند بوو ئەو دەم دەیخۆن، لە تاموشرینیدا چەشنی حەڵوایە، لە زۆربەی ماڵەکاندا سفرەی حەوت سین دەڕازێتەوە کە ئەم شتانەی لەسەرە:

١- سەمەنی بەمانای ژیانەوەی گیاکان.

٢- سماق بۆ تامی چێشت.

٣- سێو کە زۆرتر سێوی سوورە، نیشانەی بیر و بڕوای باشە، هەروەها هێمای خۆشەویستییە.

٤- سەعات، یان سکە، سەعات بۆ ئاگاداربوونەوە لە گۆڕینی ساڵ و سکە نیشانەی دەوڵەتی باشە.

٥- سەوزی بە مانای پایەداربوون لە ژیاندا.

٦- سیر، یان سرکە بۆ خاوێنی شتەکان.

٧- سنجوو کە بۆنی گوڵەکەی سەرچاوەی دڵدارییە.

هەروەها بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی سفرەکە، ئەم شتانەش دادەندرێن: لە سەردەمی ئێستا قورئان و پێش ئیسلام کتێبی ئاوێستا داندراوە- ئاوێنە نیشانەی یەکڕەنگی- مۆم بە مانای گەورەیی ئاور و باشترین یاسا دێت- ماسی نیشانەی زیندووبوون- شیرینی وەک خورما و

کــشـــمـیش کــە دادەی ئەهووراییـن- هێلکەی ڕەنگاو نیشانەی کردەوەی باش و...تاد.

هەروەها لەسەردەمی کۆندا لە زۆربەی شار و گوندەکان بۆ مـاوەی ١٥ ڕۆژ مـیـری نەورۆزی دروست کـراوە کـە مرۆڤ و کارەکانیان بەم شێوەیە بوون:

١- میر.

٢- وەزیر کە پیاوێکی قسە خۆش بووە.

٣- وەزیری دەسـتی ڕاست کـە دەسـتـووری باش و بەجێی بەم شێوەیە ڕادەگەیاند: بە دەستـووری ئەمیـر، زیندانی بێ تاوان دەبێ ئازاد بکرێ- ئەو بنەماڵانەی کە شەڕ و ئاژاوە لەنێـوانیـاندا هەیە، دەبێ ئاشت ببنەوە- دەوڵەمەندەکان دەبێ زەکات بە فەقیرەکان بدەن و...تاد.

٤- وەزیری دەستی چەپ کە دەستـووری بێ جێـوڕێی ڕادەگەیاند بە هیچ کەس جێبەجێ نەدەکران، بەم شێوەیە: بەیانی دەبێ تەواوی پیـاوان نیـوەی سـمـێڵی خـۆیان بتـاشن- لەمـرۆوە تا بەیانی دەبێ، تەواوی کـوڕانی ١٣ ساڵ بۆ سەری، ژن بێنن و...تاد.

٥- میرزا کە نەفەرێکی نووسەرە، ئەم کارەی دەکرد.

٦- چەند نەفەر خزمەتکار.

٧- گرووپی سەربازی، شمشێر بە دەست و جلوبەرگی سووریان لەبەر دەکرد.

٨- پیـاوێکی گـۆپاڵ بەدەست کە دەستـووری ئەمیـری ڕادەگەیاند.

٩- گرووپی مووزیکژەن.

١٠- گرووپی سروود و گۆرانی.

١١- وشکەڕن کــە جلوبەرگی لەپێـــستی ئاژەڵ بـۆ دروست دەکـرا و بێـجگە لە ئەمـیـر، قـسـەی بە هەمـوو کەسێک دەگوت.

هەر لە وەرزەمڵ و وەنەوشـە و ئاربابا و ناڵەشکێنەوە تا دەگـاتە گـردی مـامـە یارە هەمـوو گـیـانلەبەر و بێ گیانیش بۆ ژیانێکی نوێ هاودەنگ لەگەڵ چیا و نواڵە و کـوێـسـتـان و تاڤگە و شـەتاوان پڕ بە دڵ دەچریکێن و دەڵێن:

«ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە- جـێـژنێکی کـۆنی کوردە بە خۆشی و بەهاتەوە» گردی مـامـە یارە لە نزیک شـاری سلێـمـانیـیـە و گـۆڕی پیـرەمـێردی نەمر، دانەری شیـعـری نەورۆز لەو شـوێنەیە و پیرەمـێرد توانی جێـژنی گـەورەی نەورۆز، بکاتە جێـژنی نەتەوەیی، کە پیـرەمـێرد بۆ خـۆی دەفـەرموێت: ئاگری نەورۆز من هەڵم گیرساندووە. ساڵان لە گردی مامە یارە بوو، ئەمساڵ وا لەناو جەرگمایە، بۆیە جێژنی نەورۆز هەموو کاتێک بەڕێز و حورمەتەوە گیراوە، چونکە گرینگترین پەیام دەخاتە نێو دڵی ئۆگـرەکـانی، بەهار مـانگی ئەفـراندن و خـولقـاندن و داهێنانە. هەر لە گــۆڕانی ئاووهەوا بەرەو خــۆشـتــر و گـەرمـتـر، خـوێنیش لە لەشی بوونەوەردا دەبزوێ، ئاو و گیان لە هەناوی ڕووەک و دار و درەختدا دەگەڕێ، ڕەفتار و هەڵسـوکـەوتی نەک مـرۆڤ، بەڵکو ئاژەڵ و ڕووەکـیش دێتە جۆشو خرۆش، کە واتای ڕۆژێکی نوێ دەگەیەنێت.

کە دەکـەوینەوە بیـر گـۆڕانییـەکـەی حـەسـەن زیرەک و (هاتەوە تەیرەکـەی ماڵ لە گەرمێنی)، دەبێ تێ بکۆشین تا دڵێـکی سـەوزی بەهاریمان هەبێ و بەردەوام گـوڵ و جـوانی بەسـەردا ببـارێت و بیـری چاک و وتەی چاک و ڕوانینی چاک لە ناخـمـاندا چرۆ دەر بکات و گـەشـە و نەشــەی هەبێت و دەرگــای ڕووناکی بەرەو ڕوومـــان بکرێتەوە بۆ پیرۆزی ڕاگرتنی نەورۆز و بەکارهێنانی وەک پلان و هێـمـایەکی سەربازی ئیـمـپـراتۆریەتی مـیـدیا، مادەکان، کە باپیرە گەورەی کوردەکانن و ڕۆڵەی ئەوانن، سـەعـاتی سـفـر بۆ هێـرشکردنە سـەر نەینەوا لـەگـەڵ بابلیـیـەکـان لە ٦١٢ی پێش زایینی، شـەوی نەورۆز دادەنێن و بڕیار دەدەن بۆ سـەرەتای هێـرش کـردن، ئاگـر لەسەر چیاکانی کوردستـان بکرێتەوە، تا بابلییەکان بزانن کاتێ دەست پێکردنی شەڕە.

لە ساڵی ٧٠١ی پ.ز ئەو شەڕە دەستی پێ کردووە و ڕۆژی دەست پێکردنی شەڕەکە، نزیک سەری ساڵ دەبێ و دوای ٨٨ساڵ شـەڕیش هەر لە نزیک سـەری سـاڵ، کـورد دوای ئەوەی بەســـەر نەینەوادا زاڵ بووە و بەشــێکی کوردستـانیـان لە دەستیـان ڕزگار کردووە، سەردەمانێک ڕۆژی نەورۆزیان بە دەست پێکردنی سـەری سـاڵی نوێی کوردییەوە داناوە، واتە لە ڕۆژی دەست پێکردنی شەڕەوە ئەو ڕێکەوتە داندراوە.

ڕێکەوتی کوردی لەگەڵ هەوەڵ ڕۆژی بەهار دەگۆڕێ، کە لێـرەوە دروشـمی ناوی سـاڵ بەناوی گـیـانلەبەرەکـان دادەمەزرێ،

بەم شێوەیە:

وەرزی تۆ مشک، گایە و پڵنگە/ کەروێشک ئەم جار دوای ئەو نەهەنگە.

مـار و ئەسپ و مـەڕ مـەیموونە و مـریشـک/ سـەگ و
بەرازە، تەڕ بێ، یان وشک.
سرشتی ئاژەڵەکان کە ناویان بەناوەوەیە بەم جۆرەن:
**مـشک:** ناهێـڵێ دانە وێڵـەتان/ دامـەنێن دەغـڵ لەو
هەوێڵەتان.
**گا:** بۆت دەکـێـڵی بەشـانی زەوی/ بۆ نـانی تۆیە دەکـا
مل نەوی.
**پڵنگ:** سامناک ددانـی گڕە/ لەنێـو دڕندان بـە ترسـە و
دڕە.
**کـەرویشـک:** دەکـەن ڕاوی بەتـاژی/ بەبێ چیـا و کـەژ
بەخۆشی ناژی.
**نەهەنگ:** گەورەتر دەعبا لە دنیا/ خۆی ڕاناگرێ دەعبا
لە بەریا.
**مار:** سامناکە و پێـمان دوژمنە/ هەرکە تووشی بووی
ورد ورد بیجنە.
**ئەسپ:** بۆ سـواری سەفـەر پێـویسـتـە/ بایـەخی هەیە و
زۆری خۆشەویستە.
**مەڕ:** پێـمان دەدا لە گوانی شـیـری/ خـۆشـە مـاست و
دۆی کەرە و پەنیری.
**مـەیموون:** ئۆینبـاز دەرەخـسێ بۆتان/ زۆر ژیر و وریا
دەیناسن خۆتان.
**مـریشـک:** هێلکە و جـوچک دەدا پێت/ گـارەگـاریەتی
گەر بە هێلکە بێت.
**سـەگ:** بەوەفـایە و قـاوێس بـڵاوە/ دەڵێن کـە تەڕ بوو
ئەوسا گڵاوە.
**بەراز:** گـڵاوە و چەپەڵ نـاحـەزە/ گـۆشـتـی تێکـەڵاو بە
چەورو بەزە.

**سەرچاوەکان:**
**(١) گۆڤاری مهاباد ژمارە (١١١) نەورۆز و زمانی موقەدەس، قاسم تاباک.**
**(٢) دیوانی پیرەمـێـرد، نووسـینی مـحـەمـەد ڕەسـووڵ هاوار، ئینتشاراتی محەمەدی، سەقز.**
**(٣) هاتنی بەهار لە زمانی زانای بەناوبانگ شێخ محەمەدی خاڵ.**

# هەندێک ڕێوشوێنی ساکار بۆ پیتچنین

محەمەد ئەمین شاسەنەم
(بۆکان)

وشە سەرەکییەکان: مەودا (واتە: فاصلە space)، خاڵبەندی، پیتچنین، وشە.

ئێستاکە لە سەردەمی کۆمپیوتەرداین و تاڵمان بێت و خۆشمان بێت، ئەم کەرستەیە شوێنی خۆی لە سەر ژیانی هەمووماندا داناوە و زۆربەی ئیشەکانمانی ساکار کردووەتەوە. یەکێک لەو ئیشانە، پیتچنینە کە لە ڕابردوودا کارێکی ئەستەم و دژوار بوو، بەڵام ئێستاکە بەشی پیتچنین لە هەر زمانێکدا بەرەو پێشکەوتن چووە و زۆر فۆنتی جوان و بەکەڵک دروست کراوە، کە لەم بوارەدا یارمەتیمان دەدەن، هەر بۆیە، ئەگەر نووسراوێکی کوردی (چ کتێب، چ وتار، چ ڕۆژنامە و گۆڤار)، لەم بەستێنەدا نەتوانێت بە دروستی و ڕاستی هەنگاو هەڵبێنێتەوە، خوێنەر تووشی سەرلێشێواوی دەکات و کاغەز و کۆمپیوتەر و کەرستەکانی دیکەی چاپ خەسار دەکات و خۆشیان ڕەنج بەخەسار دەردەچن.

دوای خوێندنەوەی ئەم وتارە، بە چاوخشاندنێک بە سەر کتێبە چاپکراوە کوردییەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کتێبانە کەمایەسییان تێدایە و لەبەرچاو نەگرتنی ئەم خاڵە ساکارانە، بووەتە هۆی شپرزەیی ڕێنووسی کتێبەکان.

**فۆنتە کوردییەکان:**

**١- فۆنتی عەلی.**

ئەم فۆنتانە بە پێی تەختەکلیلی عەرەبی ساز کراون، لە برێکیاندا بۆ سەر و ژێر و بۆر، دەبێت کلیلی شیفت دابگریت، کە ئەم کارە هەم کاتێکی زۆری دەوێت و هەم دەستی پیتچن ماندوو دەکات. هەندێکیشیان پیتە



حەسەنی قزڵجی

عەرەبییەکانیان بۆ پیتە کوردییەکان داناوە.

**٢- فۆنتی دیلان.**

بۆ خۆیان دوو دەستەن:

ئەلف) دیلانی کۆن، کەڵک وەرگرتن لەوان زۆر دژوار بوو و زۆربەی پیتەکان لە سەر تەختەکلیل لە شوێنی خۆیاندا نەبوون.

ب) دیلانی نوێ، بە پێی تەختەکلیلی فارسی ساز کراون و لە جیاتی پیتە عەرەبییەکان، پیتی کوردی دانراون. کارکردن بەم فۆنتانە بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵات زۆر خۆشە.

٣- فۆنتی یونیکورد.

ئەم فۆنتانە بە پێی ستانداردی فۆنتی سەر ئینتەرنێت ساز کراون، تایبەتمەندیی ئەم فۆنتانە ئەوەیە کە لە هەر شوێنێکی دنیادا بابەتەکە بخوێنرێتەوە تێک ناچێت.

ئێستاکە ئەم فۆنتانە برەوێکی زۆریان هەیە و زۆربەی دامودەزگاکان کەڵکی لێ وەردەگرن، هەر بۆیە پێشنیازی منیش هەر کەڵک وەرگرتن لەو دەستە فۆنتەیە.

٤- فۆنتەکانی دیکە کە کەمتر کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، وەک زانست، چرۆ، میدیا و....تاد

**پیتچنین:**

پیتچنین تەنیا ئیشێک نییە، بەڵکو هونەریشە؛ هونەرێک کە ئاستی مرخی پیتچن نیشان دەدات، ئەگەر نووسراوێک، بە شێوەیەکی ڕازاوە و جوان پیتچنی کرابێت، ئەوە نیشانەی بەرزیی مرخ و هونەر و دەسڕەنگینیی پیتچنەکەیەتی؛ پێچەوانەی ئەم بابەتەش هەر دروستە.

**هونەری پیتچنین لە چەند بەشدا دیارە:**

١- هەڵبژاردنی فۆنتی جوان بە پێی بابەت. بۆ نموونە، ئەگەر کتێبەکە پەخشان بێت، پیتچن دەتوانێت کەڵک لە دوو، یان سێ فۆنتی جیاواز وەربگرێت، فۆنتێک بۆ دەقی سەرەکی، فۆنتێک بۆ سەردێڕەکان و فۆنتێکیش بۆ ژێرنووس. هەڵبەت کەڵک وەرگرتن لە فۆنتی زۆر، پیتچن تووشی سەرلێشێواوی دەکات، بەڵام دەتوانێت لە شێوە جۆراوجۆرەکانی هەر فۆنتێک کەڵک وەربگرێت، وەک دۆخی ڕەش (bold) و دۆخی لار (Italic)،

**تێبینی:** ئەو فۆنتانەی خڕن، بۆ خوێندنەوە خۆشترن.

٢- ڕازاندنەوەی یەکدەستی لاپەڕەکانی کتێب. واتە وا نەبێت کە لاپەڕەیەک ٢٥ دێڕی تێدا بێت، بەڵام لاپەڕەیەکی دیکە، ٢٢ دێڕی تێدا بێت، یان سەردێڕێک لەگەڵ دێڕی سەرەوەی خۆیەوە مەودایەکی زۆری هەبێت و سەردێڕێکی دیکە، مەودایەکی کەمتری هەبێت.

(لە داهاتوودا و لە ژمارەکانی دیکەدا، بە تێروتەسەلی لە سەر ئەم بەشانە دەدوێم.)

٣- کتێبەکە دەبێت لە باری خاڵبەندییەوە یەکدەست بێت. (ئەم بەشە لەم وتارەدا باس دەکەین.)

**پیتچنین لە باری خاڵبەندییەوە:**

١- هەر وشەیەک لەگەڵ وشەکەی پێش و دوای خۆی، مەودایەکی تەواوی هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەو وشەیە تەنیا یەک پیت بێت. ئەم خاڵە بە تایبەت دەبێت لەو وشانەدا کە ڕادەی پیتەکانیان کەمە، دەبێت ڕەچاو بکرێت؛ وەک (لە، بە، و، کە، بۆ و...تاد)

نموونە:

**(ئیش کە ئێستە ڕووی لە هەورازە، سەرەولێژی نەکەی**

**بیری وردیشی ئەویّ، هەر بە دوعا و نویژی نەکەی)**
(سەرچاوە: دیوانی شوکری فەزڵی)
(فێری زانست و هونەر بوو ئەو لە سایەی خوێندنی
تۆش تەشیمان بۆ دەڕێسی، یادگاری شیرنە!)
(سەرچاوە: دیوانی هێمن، شیعری یادگاری شیرین)

**تێبینی:** ئەگەر وشەی «بە» لەگەڵ وشەیەکی دیکە تێکەڵ بوو و ئاوەڵناوی دروست کرد، لە نێوانیاندا مەودا دانانرێت.

نموونە:

**(بەنرخە، تازەیە، بەرزە، بەهێزە**
**ئەوەی فەرمووت لە بارەی پیاوی دێزە:**
**«ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی**
**موحەقەق دایکی حیزە و بابی زانی»)**

(سەرچاوە: دیوانی هێمن موکریانی، شیعری دەسکەوتی خەبات.)

دەنا، ئەگەر واتایەکی نوێی نەدا و دوو وشەی جیا بوون، مەودایان لە نێوان دادەنرێت.

نموونە:

**(ئای لە پیرێژن چەند مەکربازە**
**کۆنە دەفرۆشێ بە نرخی تازە!)**

(سەرچاوە: فۆلکلۆر)

٢- ئەم هێمایانە لەگەڵ وشەی پێش خۆیانەوە مەودایان نییە، بەڵام لەگەڵ وشەی دوایانەوە، مەودایەکی تەواویان هەیە: ویرگوڵ واتە کۆما «،»، خاڵ «.»، کۆمای خاڵدار «؛»، نیشانەی سەرسوڕمان «!»، نیشانەی پرسیار «؟»، دوو خاڵ «:».

نموونە: (خوێنەری بەڕێز! خۆت بە وردی سەرنج بدە هێماکان و مەوداکەیان.)

(پیرەژنێک و پیرەمێردێک بووکێکیان هەبوو. بووکەکەیان زۆر تەمەڵ و تەوەزەل بوو. جارێکیان پیرەمێردەکە گوتی:

- ژنەکە، تۆ دەست دەرە گۆزەکە، بکەوە ڕێ بۆ ئاو. منیش گۆزەکەت لە دەست ڕادەکێشم. بزانین بووکەکەمان شەرم دەیگرێ بچێ بۆ ئاو.

ئاوایان کرد. پیرەژنەکە دەستی دا گۆزەکە، پیرەمێردەکە خەریک بوو گۆزەکەی لە دەست بستێنێ و گوتی: پیرەژن، بیدە بە من، من دەچم بۆ ئاو. تۆ پیر بووی.

پیرەژنەکە گوتی: نا، نا، ئەمە کاری ژنانە، خۆم دەچم.

بووکەکەیان تەماشای کردن... تەماشای کردن، پێیان پێکەنی و گوتی:

- ئەیەڕۆ، ئەیەڕۆ! ئینسانی پیر چۆن سەری لە هیچ دەرناچێ! ئا ئەمەش ئەقڵێکی زۆری دەوێ؟ نازانن ئەمڕۆ یەکێکیان بچێ بۆ ئاو، سبەینێش ئەوی تریان!)

(سەرچاوە: پێکەنینی گەدا، حەسەنی قزڵجی، چاپی یەکەم، بڵاوکەرەوەی کولەپشتی، بۆکان، ١٣٩١ی هەتاوی)

٣- ئەم هێمایانە لەگەڵ وشەی پاش و پێشی خۆیان مەودایەکی تەواویان هەیە، بەڵام لەگەڵ وشەی نێو خۆیان مەودایان نییە: کەوانە ( )، دوو کەوانە «»، کەوانی سەرکووڕ [ ]، کۆمای ئاوەژوو " ".

نموونە:

(ئالیس کاتێک بیستی کەروێشکەکە لەگەڵ خۆی قسە دەکات: «ئەی هاوار! وەدرەنگی کەوتم!» زۆری پێ سەیر نەبوو و سەرنجی بۆ لای ڕانەکێشرا. (دواتر کە بیری لەم بەسەرهاتە دەکردەوە، بە خۆی دەگوت دەبوایە لەم بابەتە سەری سووڕ بمایە، بەڵام لەو کاتەدا دەتگوت هەموو شتێک ئاسایی بوو!)

(سەرچاوە: ئالیس لە وڵاتی سەیروسەمەرەکاندا، لوویس کارۆل، وەرگێڕانی محەممەدئەمین شاسەنەم)

**تێبینی:** ئەگەر وشەی نێو هێماکانی بەشی ٣، لەگەڵ وشەیەکی دەرەوەی خۆی، پێوەندیی هەبێت، وشەکەی دەرەوە لەگەڵ هێماکان مەودایان نادرێتێ.

نموونە: (پێکەنینی گەدا)ی حەسەنی قزڵجی، ڕچەشکێنی چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

٤- تەقەڵ (خەتی تیرە)

دوو چەشنە:

ئەلف) تەقەڵی لە سەرەوە «-» کە بە داگرتنی کلیلی (-) دەنووسرێ، لەگەڵ پیتەکان وەکو تێکەڵ دیارە.

ب) تەقەڵی لە خوارەوە «-» کە لە زۆربەی تەختەکلیلەکاندا بە داگرتنی کلیلی شیفت لەگەڵ (j) دەنووسرێت. ئەم شێوەیەیان جوانترە و لەگەڵ وشەکە پێکەوە نانووسێن.

تەقەڵ بەم شێوەیە دێت:

ئەلف) لەگـەڵ ژمـارە: لە دوای نـووسـینی ژمـارەکـە، ڕاسـتـەوخـۆ تەقـەڵ دادەندرێت و مـەودای ناوێت، بەڵام دوای تەقەڵەکە مەودایەک هەیە،

نموونە:

(کتـێبـەکانی قـزڵجی ئەمـانەن: ١- پێکەنینی گەدا، ٢- وەرگێڕانی چیرۆکی بیانی و...تاد)

ب) لەگەڵ وشە: لە پاش و پێشی تەقەڵەکەوە مەودا هەیە،

نموونە:

(حـەسەنی قـزڵجی یەکـێکە لە بنووس و چیـرۆکنووسـە بەناوبانگەکـانی کـورد و هەر لە سـەردەمی کـۆمـاری مەهابادەوە - کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیا کاری ئەکرد - تا ئەم دواییـانە، هەر ئەوەندەی دەرفـەتێکی دەسگیـر بووبێ، قەڵەمی لە نووسینی وتاری سیـاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیـری و چیـرۆکی ڕیالیـستی و وەرگـێڕانی ئەدەبی پێشکەوتخوازی جیهانی، کۆڵ نەبووە،)

(سەرچاوە: پێکەنینی گەدا، حەسەنی قزڵجی)

**تێبینی:** ئەم هێمایە لە ڕۆمان و چیرۆکدا بۆ وتووێژی نێـوان کـەسـایەتیـیـەکـان بە کـار دێت، کـە لەم کـاتەدا دەکەوێتە سەرەتای بەند (پەرەگراف) و پێویست ناکات لەگـەڵ سـەرەتای ڕسـتـەکـە مـەودای هەبێت، بەڵام دوای نووسینی تەقەڵەکە، مەودامان هەیە،

نموونە:

(ئاخری مانگ ئەفەندی گوتی: کوا دەفتەری ماڵەوە؟

- ئەوەتا.

- حیسابی هەموو ڕۆژێکت نووسیوە؟

- نەخێر. چی بنووسم؟ هەموو ڕۆژێ ٣٠٠ فلسە، ئەوا ئێستا دەنووسم مەخاریجی ئەم مانگە: ٩ دینار.

- کـاکـە، ئەمـە دەڵێی چی؟ گـۆترە نیـیـە، ئەمـە تیجارەتە، (بە چپەوە) کچەکەشم لە ماڵەوە دەینووسێ. سەری مـانگ بەرامبـەریان دەکا، بەڵکو زاکر فڕوفـێڵی کردبێ!)

(سەرچاوە: پێکەنینی گەدا، حەسەنی قزڵجی)

# جوانیناسی
# (ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی بزاڤی جوانیناسی)

د. بەهرام میقدادی
لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد
(تاران)

(جوانیناسی)، یان (ئیستێتیکا)(Aesthetics) بە گوێرەی (فەرهەنگی زاراوەی بریتانیکا) بەم چەشنە پێناسە کراوە: (لێکۆڵینەوەی هزری هونەر و چەشنە جۆراوجۆرەکانی هەڵسوکەوت و ئەزموونە پێوەندیدارەکان بە هونەرەوە١).

ڕەگەزی ئەم وشەیە بۆ وشەیەکی یۆنانی دەگەڕێتەوە کە ماناکەی دەبێتە (هەست پێکردن). بۆ سەرهەڵدانی ئەم چەمکە، مێژوویەکی دیاریکراومان لەبەر دەست نییە، چونکە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی هونەر، زەینی مرۆڤ هەمیشە بەرەو جوانی هۆگرایەتی نیشان داوە.

هەوەڵین باسە تیوری و هزرییەکان لەمەڕ ئەم چەمکە بۆ (ئەفلاتوون) و چەند هزرڤانی دیکەی سەردەمی کۆن وەک (ئەرستۆ)، (هۆراس) و (لانجاینووس) دەگەڕێتەوە. هەر کام لەم کەسایەتیگەلە پێوەرێکیان بۆ باشی، یان نەباشی هونەر بە چەشنی گشتی و بەرهەمی ئەدەبی بە چەشنێکی تایبەتی دامەزراندووە.

(ئەفلاتوون) لە کتێبی (کۆمار)دا فێرکاری بە سەرەکیترین تایبەتمەندی بەرهەمی ئەدەبی ئەژمار کردووە و بۆ پارێز لە بڵاوبوونەوەی لەناوچوویی و داڕماوی ئەخلاقی، هەبوونی جوانی لە شیعردا ڕەت دەکاتەوە، بەڵام(ئەرستۆ) دژ بە ڕوانگەی مامۆستاکەی، لە کتێبی (بووتیقا) لایەنگری لە شیعر دەکات و لەزەت و چێژ بردن لە خوێندنەوەی بەرهەمگەلی ئەدەبی لە یەکەمین مەبەست و ئامانجی هەبوونی ئەو دەقە لە ئەژمار دێنێت.

ڕوانگە و بیرۆکەی (هۆراس) لەسەر ئەم کۆڵەکە بینا کراوە کە دەبێت نێوان ئەم دوو چەمکە ئاشتی ساز بکرێت. ئەو دوو هێمانەی (سەرخۆش بوون) و (فێرکاری) لە پێوەرگەلی لێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبی



**کانت**

له ئەژمار دێنێت. دواتر له سەدەگەلی ناوەندی و ڕێنیسانسیش، هەر کام لەم بیرۆکانە، یان ڕەتکرانەوە، یان هاتنە ئارا، یان ئەوەی کە بە شرۆڤەی جۆراوجۆر هەمیسان سەریان هەڵدا.

بە تەواوی ئەمانە، زاراوەی جوانیناسی بۆ یەکەم جار له ساڵی (١٧٥٠)ی زایینی وەک وتەزایەکی فەلسەفی له کتێبێک هەر بەم ناوە له لایەن (ئەلیکساندر بووم گارتن) بە کار برا. لەم کتێبەدا (بووم گارتن) بەشوێن پێوەندی نێوان لێکدانەوەی جوانی له یەک لاو بیرۆکەی هونەر له لایەکی ترەوەیە. ئامانجی ئەم نووسەرە بەدەسهێنانی ڕاڤەیەک له هونەر بوو کە وەک چەشنێک له چەشنگەلی داهێنەریەتی مرۆڤ کە مەبەستی بەکار هێنانی جوانییە، بهێنێتە ئارا، بەڵام گەورەترین گۆڕانکاری لەم بوارەدا له لایەن (عەمانوئێل کانت) فەیلەسووفی ناوازەی ئەڵمانی بەکار براوە.

(کانت) له کتێبی (ڕەخنەی ئەقڵی پەتی) بە ڕەوشتی میتافیزیکی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ئاوڕ له شیکاری مەسەلەی جوانیناسی دەداتەوە. ئەم فەیلەسووفە مەزنە، جوانی وەک پردێکی نێوان جیهانی بەرهەست و دەرهەست له ئەژمار هێناوە و ئەو تامو لەزەتانە کە له جوانی هونەر دەبێتەوە له چەشنە هەستیارەکانی دیکەی بەتامو چێژبوون جیا دەکاتەوە و ئەوانە ناو دەنێت: (تامو چێژە بێ لایەنەکان).

بەم ڕوانگەیەی (کانت)، جوانی دیاردەیەکی بە تەواوی پەیوەندیدار بە هەست له قەڵەم دراوە و گرینگییەکی ڕوحی و دەروونی بۆ دابین بووە. هەر لەو سەردەمەدا (هیگڵ) فەیلەسووفی بەناوبانگ، جوانی وەک (دەنگدانەوەی هەست ئاسای هزر) ناو لێدەنێت و پێداگرییەکی زۆر لەسەر ڕوانگەی کانت دەکات.

ئەمە بووەتە بنەمای فەلسەفی و فیکری جوانیناسی بۆ هاتنە ناو گۆڕەپانی ئەدەبەوە. کەواتە، بە کۆتایی هاتنی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەم، جوانیناسی له فەرەنسە جێی خۆی کردەوە و بۆ یەکەم جار له بواری ئەدەب ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی دەبێت. له ساڵی ١٨٠٤ (بینامین کۆنستان٢) له بیرەوەرییەکانی خۆی لەمەڕ جوانیناسی ئاماژە بۆ ڕوانگەی کانت دەدات. دوای بینامین، (تیۆفیل گووتیێ٣) له پێشەکی دوو بەرهەمی خۆی بە ناوی (ئالبێرت تووس و مادمازێل دوومۆپەن) دروشمی (هونەر بۆ هونەر)ی ڕاگەیاندووە و بەیاننامە سەرەتاییەکانی ئەم بزاڤەی خستە ئاراوە. له ڕوانگەی ئەو، ئامانج و ئاکامی هونەر سیما و ڕوخساری جوانە و هیچ پێوەرێک بەر لەم مەبەستە ناتوانێت پێوانەی هەڵسەنگاندنی هونەر له ئەژمار بێت. هەر لەم زەمەنەدا (بودلێر)، (تیۆدۆر دووبانڤێل٤) و (فلۆبێر) بە جەخت و تێکۆشانی خۆیان بۆ ڕزگاربوونی هونەر، لەم نووسەرە لایەنگریان کرد، بەڵام له ئەمەریکا تەنیا (ئێدگار ئالان پۆ) شاعیر و نووسەرە هەرە گەورەی ڕۆمانتیک بوو کە دەبێتە پێشەنگی بزاڤی جوانیناسی.

(بنەمای شاعیرێتی) ناوی وتارێکی (ئالان پۆ) بوو کە لەم دەقە گەشە بە هەڵوێستی هونەر بۆ هونەر له بەستێنی شیعر دەدات. ئەو له ڕەتکردنەوەی فێرکاری، ئەم پرسە دەهێنێتە ئارا کە چۆن دەکرێت بۆ دەربڕینی حەقیقەت، کە پەیوەستی بە زمانێکی سانا، ڕوون، کورت و دوور له هەست هەیە، ئێمە له شیعر یارمەتی وەربگرین. بە واتەی ئەو، کۆکردنەوەی شیعر و حەقیقەت ئەستەمە.

سێ دەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم بە تایبەت دەیەی

(١٨٨٠)ی زایینی بووە هۆی سەرهەڵدان و سەرکەوتوویی بزاڤی جوانیناسی لە بریتانیا، بەو جۆرە کە تینێکی زۆری پێدرا. (واڵتر پیتر٥) نووسەر و ڕەخنەگری ئینگلیزی، یەکەم نووسەر بوو کە دوای تەئسیر وەرگرتنی ڕاستەوخۆی (جان ڕاسکین٦) و (گرووپی شاعیرانی پێش ڕافائێل٧) لە نووسەرە پێشەنگەکانی فەڕەنسە، خۆی سەرقاڵی کۆکردنەوەی میتودی بنەمای فیکری ئەم بزاڤە لە بریتانیادا کرد. لە ١٨٧٣ ئەو کتێبی توێژینەوەیەک لە مێژووی ڕینێسانسی بڵاوکردەوە و باسی ڕێژەیی بوونی ئەدەبی خستە ئاراوە. (پیتر) لە ژێر کاریگەریێتی (بودلێر) و (فلۆبێر)، وای بۆ دەچوو کە گەڕان بە شوێن حەقیقەت وەک ئەوەیە کە شوێن تراویلکە کەوتبێتی و بەر لەوە هیچ شتێکی دیکە بەدی ناهێنێت و لەو بڕوایە بوو کە هونەر دەبێت لە هەموو کۆت و بەندە دەرەکییەکان ڕزگار بێت.

(پیتر) هەروەها لەسەر فۆڕمی بەرهەمی ئەدەبی پێداگری دەکات و شێوازیش وەک پێوەرێک بۆ لێکدانەوەی ئەم جۆر بەرهەمە دەهێنێتە ئاراوە. ئەندێشە و ڕوانگەی (واڵتر پیتر)یش لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم کارتێکەری خۆی بەسەر چەند نووسەری ناوازە وەک (لیۆنێل جانسۆن٨)، (ئیرنێست داوسۆن) و (ئۆسکار وایڵد٩)ی نواندووە. لە بەرهەمگەلی ناوازەی ئەم بزاڤە دەکرێت ئاماژە بە ڕۆمانی (وایڵد) بە ناو (وێنەی دوریان گرای١٠) بدرێت.

ئەگەر چی بزاڤی جوانیناسی بە (قوتابخانەی لەناوچوویی) گەیشت، بەڵام هیچ کاتێکیش لە ناو نەچوو و بە تەواوی هەرەسی نەهێنا، تەنانەت شاعیرانێک وەک (ویلیام باتلەر) و (ئیلیەت)ی خستە ژێر کاریگەریێتی و پەنجە دەسەڵاتی خۆییەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە دروشمی خۆبژێوی بەرهەمی ئەدەبی یەکێک لە کۆڵەکەکان و واتا گرینگەکانی قوتابخانەی جوانیناسی، دواتر بووە بنیادنەری گەورەترین بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخیش، واتە ڕەخنەی نوێ.

**پەراوێزەکان:**

**1- Roy Davis " Aesthetics", Encyclopaedia Britannica, 1973.**
**2-Benjamin Constance.**
**3-Teophile Gantier.**
**4- Theodore de Bauvilles**
**5-Walter Pater.**
**6- John Rnskin.**
**7- Pre - Raphaelite.**
**8- Lionel Jonson.**
**9- Oscar Wilde.**
**10- The Picture of Dorian Gray.**

**ژێدەر:**

**فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەی ئەدەبی (لە ئەفلاتوون-ەوە هەتا سەردەمی ئەمڕۆ)، نووسینی: دکتۆر بەهرام میقدادی، دەزگای فکر ڕوز، تاران: ١٩٩٩.**

# زمانی ستاندارد
# لە هەندێک وڵاتدا (*)

**د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**
**(زانکۆی ڕاپەڕین - کۆلێژی پەروەردە)**

**(١ - ٢)**

١- ئێران

لە دوای ڕووخـــانی ڕژێمی شـــاهەنشـــاهی لە ١٩٧٩/٢/١١، کـۆمـاری ئیـسـلامی ئێـران دامـەزرا، پایتەختەکەی (تاران)ـە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە (١).

لە مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩ دەستووری کۆماری ئیـسـلامی ڕاگـەیەندرا، ئەو دەسـتـوورە بڕیاری سێ دەسەڵاتەکەی دیکە دەدات: جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریی (٢). دەسـتـووری ئێـران، کـە بە (یاسـای بنەڕەتی کـۆماری ئیـسلامی ئێران) ناودەبرێت، لە ٢٤ی ئابانی ساڵی ١٣٥٨ هەتاوی بەرانبەر (١٥)ی ئەیلوولی ١٩٧٩ نووسـراوە، لە کـۆتایی سـاڵی ١٩٨١ ڕاسـتـەوخـۆ بڕیاری لەسـەر دراوە و لە ڕاپرسـییـەکی جەماوەریدا، کە هاوکـات بوو لەگـەڵ هەڵبـژاردنەکـانی سـەرۆک کـۆمـار لە ساڵی ١٩٨٩ پەسند کرا (٣).

لەم دەسـتـوورەدا لە مـادەی (١٥)دا ئامـاژە بە زمـان دەکات، تێـیدا بە ڕاشکاوی دەڵێت زمـانی فـەرمی وڵات فارسییە.

مـادەی (١٥): زمـان و نـووسـینی فـەرمی و هـاوبەشـیی خەڵکی ئێران فارسییە، پێویستە بەڵگەنامە و نووسراوە فەرمییەکان و کتێبەکانی قوتابخانە بەم زمان و نووسینە بێت، بەڵام کـــەڵک وەرگـــرتن لە زمــانە ناوچەیی و قەومییەکان** لە چاپەمەنی و ڕاگەیاندنە گرووپییەکان و وانەوتنەوەی ئەدەبیـاتی خـۆیان لە قـوتابخـانەکـان لەتەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە.(٤)

واتە زمـانی فارسی بە تەنیا زمـانی فەرمی و گشـتییە لە وڵاتدا، بۆیە پێویسـتە لەسەر گەلانی ئێران بە هەمـوو نەتەوە و چینەکـانی، ئەم زمـانە لە هەمـوو دامـەزراوەکـانی وڵاتدا بەکـاربهـێـنن، هەروەها زمــانی فـێــرکــردنە لە



**سمكۆی شكاك**

قـوتابخـانەكـان. دەربارەی زمـانی كـوردی، كـە زمـانی چەندین ملیـۆن كـوردە لە ئێـران، كـەچی تەنیـا دەشێ لە بواری ڕۆژنامـەنووسی و هۆكـارەكـانی ڕاگـەیاندندا بە گشتی بەكاربهێنرێت، واتە ئەم زمـانە لە ئێـران زمـانی پڕوپاگـەندە و ڕاگـەیاندنی حكوومـییـە و هۆكـارێكە بۆ تێگەیشتنی سیاسەتی وڵات، هەروەها دەشێ ئەم زمـانە لەپاڵ زمـانی فـارسی ئەدەبەكەی بخوێنرێت، بەو واتایەی ئەم زمـانە و زمـانانی تر هیچ سـەربەخۆییـەكیـان نییـە و هیچ لایەنێكی یاسایی و دەستووری نییە بۆ فێربوونیان، بەڵكو ئەگـەر بەكاربهێنرێت، ئەوە پێویستـە لە خزمـەتی سیـاسـەتی وڵاتدا بێت، ئەگـەر ئەم زمـانە بۆ خـوێندنیش بەكـارهـات و بووە زمـانی فـێـركـردن، ئەوە پـێـویسـتـە لە قوتابخانەكاندا لەپاڵ زمانی فارسی بخوێنرێت.

لە مـادەی (١٦)ی دەسـتـووری ئێـراندا هاتووە «لەبەر ئەوەی زمانی قورئان و زانست و پەروەردەكانی ئیسلامی عەرەبییە و ئەدەبی فارسیش بەشێوەیەكی تەواو لەگەڵیدا هاوكـۆكـە، بۆیە پێـویسـتـە ئەم زمـانە لەدوای قـۆنـاغی سـەرەتایی تاكـو كـۆتایی قـۆنـاغی ناوەندی بـخـوێنرێت» (٥). واتە زمـانی فـارسی زمـانی ڕەسمییـە لە وڵاتدا، كـەچی زمـانی عـەرەبی كـە زمـانی قـورئانی پیـرۆزە، ئەوە تەنیا بۆ ماوەی سێ ساڵ زمـانی فێركردنە.

كەواتە وەكـو دەردەكەوێ لە وڵاتی ئێران زمانی كـوردی و زمـانـانی تر جگە لە فـارسی بە زمـانی ناوچەیی سـەیر دەكرێت، ئەم كـارەش دیارە بەرنـامەی بۆ داڕێژراوە، تـاكـو كوردەكانی كوردستانی ئێران لایەنی هەستی نەتەوەیی و بەهای ڕوحییـەتی نەتەوەییـان لاواز بێت و زمـانی خۆیان لەبیـر بكەن، هەروەكـو (هاشـمی ڕەفسـەنجانی) سـەرۆكی پێـشـووی ئێـران دەڵێت: «لاوازی زمـان دەبێـتـە هۆی لاوازی بەهای ڕوحانی گـەل» (٦)، كە ئەمـەش بەڵگەیەكە لەسـەر ئەوەی كـە لاوازكـردنی زمـانی كـوردی لە ئێـران، دەبێتە هۆی لاوازبوونی بەهای ڕوحییەتی گەلی كورد.

دیارە ئەم مـادەیەی دەسـتـووری ئێـرانیش لە واقـیـعـدا بوونی نییـە، چونكە ڕێگا نادرێت وانەی زمـان و ئەدەبی كوردی، یان زمانەكانی تر جگە لە زمان و ئەدەبی فارسی لە قوتابخانەكان بخوێنرێت، تەنیا بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و بۆ ناوەند و گــرووپی ئەهلی (ناحكوومی)یە، دەشـێت بەشـێــوەیەكی زۆر سنووردار وانەی زمــانی كــوردی بخوێنرێت، ئەویش تەنیا لەپاڵ زمانی فارسیدا، واتە بە بەراوردكـردنی لەگـەڵ زمـانی فـارسی، یان وەرگـێـڕانی لە فارسی بۆ كوردی، یان لە كوردی بۆ فارسی.

ئەگـەر بێـینە سـەر بزووتنەوەی ڕزگـاریخـوازی كـورد لە كوردستـانی ئێران، بەتایبەتی سەیری پەیڕەو و پرۆگـرامی (حزبی دیموكراتی كوردستـانی ئێران) بكەین، دەبینین لە مادەی دووەم لە بڕگـەكـانی (١٢، ١٣) ئاماژە بە زمـانی كـوردی لەپاڵ زمـانی فـارسـیـدا دەكـات، وەكـو زمـانێكی فـەرمی لە هەرێمی كـوردسـتـانی ئێـران. ئەم بە فـەرمی كــردنەش بۆ هەمـــوو ناوەندەكــانی خــوێندن و یەكــە ئیدارییەكانی ناوچەكانی هەرێمی كوردستانی ئێرانە، بەم شێوەیەی خوارەوە: (٧)

**مــادەی دووەم:** بنچــینەكــانی ئیــدارەی ناوچەكــانی هەرێمی كوردستانی ئێران.

١٢- زمـانی كوردی، زمانی فەرمیی هەموو ئاستەكانی خوێندن و پێـوەندییە ئیدارییەكانی هەرێمی كوردستـانە، زمـانی فـارسی لە هەرێمی كـوردسـتـانیش لەپاڵ زمـانی كوردی لە قوتابخانەكاندا دەخوێنرێت.

١٣- پێـوەندییـە فـەرمـیـیـە ئیـدارییـەكـانی هەرێمی كوردستـان لەگەڵ ئۆرگانەكانی سەر بە دەوڵەتی فیدراڵ لە كــوردسـتــان و هەرێمـەكـانی دیكەی ئێـراندا بە زمـانی فارسی دەبێ.

دیارە لە داهاتوودا ئەگـەر هەرێمی كـوردسـتـانی ئێـران

دابمەزرێت، ئەوە لەپاڵ زمانی کوردیدا، زمانی فارسیش زمانی فەرمی هەرێمی کوردستانی ئێران دەبێت، کەچی ئەوەی جێگەی داخە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نووسراو گۆڕینەوە لەنێوان یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکە و حکوومەتی ناوەندی ئێران بە زمانی فارسی دەبێ، هەروەک لە پەیڕەو و پرۆگرامەکەدا هاتووە، کە بەداخەوە دەبوایە ئاماژە بە زمانی کوردیش بکات، تاکو لە داهاتوودا ئەگەر کورد شتێک لە ئێران بەدەست بهێنێت، ئەوە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی فارسیدا ببێتە زمانی ستاندارد و زمانی فەرمی وڵات.

سیستمی نوێی خوێندن و پەروەردە لە ئێران، سەرەڕای ئەوەی لە مادەی (١٥)ی یاسا بنەڕەتییەکەی ئەو وڵاتەدا ڕێگەی خوێندنی بە زمانی کەمینە نەتەوەکان داوە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، کەچی پەراوێزیان خستن و منداڵانی کورد و ئازەری و بەلووچ و تورک لە خوێندنی زمانە زگماکییەکەیان بێ بەشکران، تەنانەت سیستمی دەسەڵات بەگشتی و بەشی هەرە زۆری بەناو ڕووناکبیرە فارسەکانیش زۆر بە توندی دژی خوێندنی هەر چەشنە زمانێکی غەیرە فارسین و پێیان وایە خوێندن بە زمانەکانی کوردی و ئازەری و تورک و بەلووچ دەبێتە هۆی پارچە پارچەبوونی وڵاتەکەیان (٨).

لێرەدا گەرەکە باکگراوندێکی خێرا بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستانی ئێراندا بکرێت، بەو واتایەی بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ڕژێمە جیاجیاکانی ئێران.

لە سەردەمی پەهلەوی یەکەمدا لە ساڵی ١٣٠٤ (١٩٢٥) کاتێ ڕەزا شا بوو بە شای ئێران، کەوتە دژایەتیکردنی زمان و کولتووری نەتەوە نافارسەکانی ئێران (٩)، ئەوەبوو ڕەزا شا زمانی فارسیی بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئێراندا سەپاند، کە فارس نین، واتە لەم مێژووەوە زمانی فارسی بوو بە تاکە زمانی فەرمیی ئێران و تاکە زمانێک بووە، کە لە پەروەردە و فێرکردن و کاروباری دەوڵەتدا بەکارهێنراوە(١٠). بەم جۆرە زمانی فارسی نە تەنیا بوو بە زمانی (نەتەوەیی) نەتەوەی ئێران، بەڵکو هەموو زمانەکانی دیکەی وڵات قەدەغەکران و ڕێگەی چاپکردنی کتێب و دەرکردنی ڕۆژنامەش تەنیا بۆ زمانی فارسی بوو، زمانەکانی ئازەری و کوردی و عەرەبی و بەلووچی و تورکی وەک دیالێکتی زمانی فارسی دانران (١١).

لە سەردەمی پەهلەوی دووەمیش کاتێ محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی هاتە سەر تەخت، کە هاوکات بوو لەگەڵ پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دواتر محەمەد ڕەزا شا بە پشتیوانی ئەمریکا و ئینگلیز، کۆماری کوردستانیان رووخاند و کۆتایی بەو سەردەمە زێڕینەیان هێنا، کە بۆ زمانی کوردی هاتبووە کایەوە، بەهۆیەوە محەمەد ڕەزاشاش وەک باوکی، سیاسەتی زاڵکردنی زمانی فارسی و سەپاندنی وەک تاکە زمانی خوێندن لە ئێراندا درێژە پێدا. (١٢)

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، کەمینە نەتەوە بندەستەکانی ئێران هیوایەکیان لە دڵدا گەڕابووەوە، کە مافە سەرەتایی و مرۆییەکانیان بۆ دابین بکرێ، بەڵام زۆر زوو ئەو خەونە شیرینەیان لێ کرایە تراویلکەیەکی سامناک(١٣)، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ڕێگەی نەدا خوێندن جگە لە زمانی فارسی بە زمانەکانی تر بکرێت، ئەگەرچی لە دەستووریش ڕێگەی بە خوێندن بە زمانەکانی کەمینە نەتەوەکان دابوو، بەڵام جێبەجێی نەکرد. کەواتە خوێندن بە زمانی دایک و زگماکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەک ئاواتێک مایەوە و دەسەڵاتدارانی ئێران تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئاوڕیان لەم مادەیەی دەستووری وڵات نەداوەتەوە و هیچ هەنگاوێکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە نەناوە (١٤)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەمخۆرانی زمانی کوردی چەندین هەوڵیان داوە بۆ خوێندن بە زمانی کوردی، لەوانە لە سەردەمی بزووتنەوەکەی سمکۆی شکاکدا قوتابخانەیەک بە زمانی کوردی کراوەتەوە، بەجۆرێک بەر لە دەستپێکردنی یەکەمین جەنگی جیهانی، سمکۆی شکاک لەگەڵ عەبدولڕەزاق بەگ هاوکار و هاوبیر بوون، عەبدولڕەزاق بەگ پرۆژەیەکی گەورەی بە مەبەستی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ لە مێشکدا هەبوو و بە پشتیوانی سمکۆ دڵگەرم بوو، هەر بە هاوکاری ئەویش بوو یەکەمین قوتابخانەی کوردی لە شاری (خۆی) کردەوە، کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣، ڕووداوێکی گرنگ و مێژوویی بوو، یەکەم جار بوو کە منداڵانی کورد دەیانتوانی بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن، هەر بۆیە



حافز

بەم بۆنەیەوە ڕێوڕەسمێک پێکهات، لەو ڕێوڕەسمەدا عەبدولڕەزاق و سمکۆ وتاریان پێشکەش کرد و بەگەرمی سوپاسی هاوکاری ڕووسەکانیان کرد (١٥)، هەروەها (حزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران) چەندین دەزگا و دامەزراوی تایبەتییان بۆ کردنەوەی قوتابخانە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگە پێکهێنا و خوێندن بە زمانی کوردی دەستی پێکرد، واتە بۆ ماوەی (٣ - ٤) ساڵ لە بەشێکی بەرچاوی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندن بە کوردی لە قوتابخانەکاندا هەبوو، بەجۆرێک لە ساڵی خوێندنی ١٣٦٠ - ١٣٦١ (١٩٨١ - ١٩٨٢) کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان سەر بە حزبی دیموکراتی ئێران سەدان قوتابخانەی لە شارۆچکە و گوندەکانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی ئێران کردەوە و سیاسەتی داخستنی قوتابخانە و نەخوێندەواری هێشتنەوەی خەڵکی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پووچەڵ کردەوە (١٦)، بەڵام بەداخەوە لە ساڵەکانی ١٣٦٣ و ١٣٦٤ هەتاوی (١٩٨٤ و ١٩٨٥ی زایینی)دا، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ناوچانەیان داگیرکردەوە، کە بە دەست هێزی پێشمەرگە و ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە بوون. (١٧)

لە ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی (١٩٨٤ زایینی) قەرارگای ڕەمەزان سەر بە سوپای پاسداران، دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی بە ناوی (ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیووبی) لە شاری ورمێ دامەزراند، ئەم دەزگایە لە بەهاری ١٣٦٤ (١٩٨٥)ەوە گۆڤارێکی کوردی بە ناوی (سروە)ی بڵاوکردەوە، کە لە سەرەتادا ئەم گۆڤارە هەر سێ مانگ جارێک دەردەچوو، دواتر بەشێوەی مانگانە دەردەچوو، ئەم دەزگایە لە ساڵی ١٣٦٥ (١٩٨٦) (یەکەمین کۆنگرەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی) لە شاری مەهاباد پێکهێنا (١٨).

لە زانکۆی (ئازادی) لە شاری سنە، لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنی ١٣٧٨ - ١٣٧٩ (١٩٩٩ - ٢٠٠٠)دا ڕاگەیەندرا، کە کۆماری ئیسلامی ڕێگای داوە لە زانکۆی ئازادی شاری سنە، یەکەی خوێندنی زمانی کوردی دابنرێت و لە کورد و غەیری کورد ئەو قوتابیانەی پێیان خۆشبێت، دەتوانن ئەو وانەیە بخوێنن. دیارە ئەم هەنگاوەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەنەبێ شتێکی تازە و داهێنراو و نوێ بێت، بەڵکو لە سەردەمی شادا، هەم لە زانکۆی تاران و هەم لە زانکۆی تەورێز، چەند یەکەیەکی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەخوێنرا، تەنانەت زانکۆی تەورێز، کۆمەڵێک نامیلکە و پەرتووکی کوردی، کە کۆکراوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی بوون چاپ کرد (١٩).

لە ساڵی ١٣٧٩ (٢٠٠٠) لە شاری مەهاباد ناوەندی (سۆما) دامەزرا، دواتر ئەم ناوەندە لقی لە شارەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کردەوە، وەکو شارەکانی (سەردەشت، نەغەدە، پیرانشار، سنە، سەقز، شنۆ، بۆکان.... تاد)، ئەم ناوەندە چەندین جار داوای خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا خستووەتە بەردەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران (٢٠)، بەجۆرێک ئەم ناوەندە لە سەرەتای دروستبوونییەوە تا ئێستا زیاتر لە (١٠) نامەی بۆ سەرکۆمار، وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ئیرشاد و شوورای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی ڕەوانە کردووە، کە لە پاش دانپێدانانی ئەم ناوەندانە، گەڕاونەتەوە بەر دەستی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و دوایی بێ وەڵام ماونەتەوە (٢١).

زۆر لە زمانەوانانی ڕەگەزپەرستی فارس پێیان وایە لە ئێران لە یەک زمان زیاتر نییە و ئەویش زمانی فارسییە،

لەوانە (سادق کیا)، کە مامۆستای زمانی پەهلەوییە، لە وتوێژێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (کیهان)ی چاپی ئێران، کە لەژێر سەردێڕی (در ایران فقط یک زبان وجود دارد) (لە ئێـران تەنیـا یەک زمـان هەیە) بڵاوبۆوە، دەڵێت: لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵ دراوە هەندێک دیالێکتی ئێرانی وەکو زمانی کوردی پێیـان بنووسرێت و ئەدەبیاتیـان بۆ پێکبـێنن، لەو تێکۆشـانەدا، کـە مـەبەسـتـەکـەی سەرنخوونکردنی دەسەڵاتی زمانی فارسییە، دەرکەوتووە کە ئەو دیالێکتـانە توانایی دانانی وشـەی زانسـتی و ئایینی و کولتوورییان نییە و دەبێ ئەو وشانە لە فارسی، یان زمانی دیکە وەربگرن. (٢٢)

(سـادق کـیـا) لە درێژەی قسـەکـانیـدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کوردی و بلووچی زمان نین، بەڵکو دیالێکتی فـارسین، هەروەها عـەرەبی و تورکی و ئەرمـەنیش زمـان نین و دەبێ وەکــو دیالێـکتی فــارسی دابندرێن، لەبەر ئەوەی زۆربەی وشەکانیان لە فارسی وەرگرتووە. کەواتە سـادق کـیـا لێـرەدا بانگەشـە بۆ پرۆژە و سـیـاسـەتی بە دیالێکتکردنی زمــانی غـەیری فــارسی دەکــات، ئەو سـیـاسـەتە ژیانی ڕۆشنبـیـری و ژیانی ڕۆژ بە ڕۆژی بەگوێرەی زمان دابەش دەکات و لە یەکتریان دادەبڕێت و زمـانی فـارسی دەکـاتە زمـانی (کولتـووری بەرز)، واتە زمانی ڕۆشنبیری بۆ خوێندن و نووسین، زانست، هونەر، ئەدەبیـات، پەروەردە و ڕاگـەیاندن. زمـانی کـوردی و زمانەکانی دیش دەکـاتە دیالێکتـێک کە تەنیا شـیـاوی بەکارهێنانن لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئەویش هەر بە شـێـوەی زارەکی (٢٣). کـەواتە دەسـەڵاتی فـارسی لە ئێـران ئینکاری بوونی فـرەزمـانی خـەڵکی ئێـران دەکـات و دەیەوێ بە زۆرەملێ بیسـەلمێنێت، کـە لە وڵاتی ئێـراندا هەر یەک زمـان هەیە و ئەویش زمـانی فـارسـیـیـە و زمانەکانی دی دیالێکتی فارسین!، کە ئەمە بەداخەوە دوورە لە ڕاسـتـی و بۆچوونێکی نازمـانـەوانی و ناڕۆشنبیری و نازانستییە دەرهەق بە زمانەکانی گەلانی ئێران دەیکات، بەجۆرێ ئەم بۆچوونانە تەنیا خزمەت بە بیـری ناسـیـۆنالیـزمی فـارسی دەکـات، کـە بیـرێکی توندڕەوی نازانستی و نازمانەوانییە.

ئەگەر بۆ سەرەتاکانی ستانداردکردنی زمانی فارسی بگەڕێینەوە، ئەوە دەبینین بە چەندین هەوراز و نشـێودا ڕۆیشـتـووە. لە سێ سـەدەی یەکـەمی کـۆچیـدا، زمـانی عـەرەبی وردە وردە زمـانی پەهلەویی لادا و بۆ خـۆی ئەرکی ئەوەی گـرتە ئەسـتـۆ، بەڵام لە سـەردەمی دروسـتـبـوونی دەوڵەتی نیـمچە سەربەخۆیی تاهیـریان و دەوڵەتە سەربەخۆکـانی سـەفـاریان و سـامـانیـان، ئەو زمانەی پێی دەگوترا دەری، یان فارسی دەری، کەم کەم ئەرکەکانی زمانی عـەرەبی گرتە ئەستۆ، زمانی پەهلەوی کە بەدرێژایی دەوڵەتی ساسانی زمانی ڕەسمیی ئێران بوو، بوو بە دوو شـێـوە: یەکـیـان ئەو شـێـوەیەی لە کتێبەکانی زەردەشتی و پەندنامە و دەقە ئەدەبییەکانی کۆتایی ساسـانی و سـەرەتای ئیسـلامدا دەبینرا، ئەوەی تریش زمـانی دەربییە، کە بریتی بوو لە زمانی ئاخاوتنی خـەڵکی پایتـەخت و چەند شـارێکی دیکە لە کـۆتایی سەردەمی ساسانیدا. (٢٤)

زمـانی پەهلەوی لە کـۆتایی دەوڵەتی سـاسـانیـدا، زمــانێکی زیندوو نەمــابوو و تەنیــا لە نووســیندا بەکاردەهات، لە بەرانبەردا زمانی دەری بوو بوو بە زمانی قســەکـردن و لە نـووسـیندا بەکـار نەدەهات، دەربارەی ســەرهەڵدانی (دەری)، ڕای جــیــاواز هەیە، هەندێک دەڵێـن: لە (مــەڕو) پەیدابووە و هەندێکیش وەکــو (ئەشپـولەر) پێیـان وایە لە سەردەمی ئیسلامدا سەری هەڵداوە، (بەهار) پێی وایە لە خۆراسان سەری هەڵداوە و لەگەڵ زمانی خەڵکی بەڵخ و بوخارا و زمـانی سەغدی یەکـێکە، (زیبعـەللا سـەفـا) لەو باوەڕەدایە زمـانی دەری پاشماوەی زمانی پارسییە. عەلی ئەشرەف سادقی هەموو ئەو بیـروڕایانە ڕەت دەکـاتەوە و بۆچوونی «یان ریپکا»ی پێ لە هەمووان ڕاسـتـترە، کە پێی وایە بناغـەی زمـانی (دەری) لە دیالێکتەکانی ناوچەکانی باشووری ئێرانن، کـە هەر لە سـەردەمی سـاسـانیـیـەوە لەژێر کـاریگـەریی دیالێکتە جیـاوازەکانی ئێران، بەتایبەتی دیالێکتەکانی ناوچەی مـاد لە ڕۆژئاوای ئێـران بوون، کـە ئەوانیش بۆ خۆیان لە سەدەی دووەمی پێش زایینییەوە بەتوندی لەژێر کـاریگـەریی زمانی پـارسیدا بوون. گـەلێک هۆکـار بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو زمــانە لە خــۆراســان، وەکــو پاشـەکـشـەی زمــانی پارسی لە خـۆراسـان و دەست بەسەرداگرتنی تەواوی ساسانییەکان بەسەر ئەو پلانەدا، لە دوای ڕووخــانی دەوڵەتی هەیتــەڵی لە ســەردەمی ئەنەوشـێـرواندا لە سـەدەی شـەشـەمی زاینیـیدا و هاتنی کـۆچەرانی مـانی لە ترسی سـاسـانیـان و کـۆچکردنی زەردەشتیان لە ژێر گوشاری عەرەباندا. (٢٥)

بەهەر حاڵ ئەو زمانەی کە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی

یەکەمین دەوڵەتەکانی ئیسلامی لە خۆراسان و وڵاتی ئەودیوی ڕووبار و سیستان، شتی پێ نووسرا، (دەری) بوو، هەرچەندە هەندێک نیشانە هەن دەریدەخەن کە (دەری) هاوشێوەکانی لە خۆراسان و وڵاتی ئەودیوی ڕووبار پێیان گوتراوە (دەری) و لە ئەهواز و بەسرە و لە سەرانسەری باشووری ئێران برەوی هەبووە و چەندین وشە و فرێزی ئەو زمانە لەسەر زاری کەسانی وەکو موعاویە، ئیبن مەرفرەغ، حەجاجی کوڕی یووسف، قوتەیبەی کوڕی موسلیمی عومانی شاعیر بەکارهاتوون، کە نیشانەی بەکارهێنانیەتی لە زۆر ناوچەی ئێراندا. یەکەم دەرکەوتنی نووسینی ئەو زمانە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران لە ئەودیوی ڕووبار سەری هەڵداوە، لەو سەردەمەدا هەر زمانێک ویستبای بگاتە پایەی ستانداردی، دەبوو نەیارێکی بەهێز لە مەیدان وەدەرنێت، کە زمانی عەرەبی بوو، کە لەو کاتەدا هەموو نووسینێکی ئیداری و ئایینی و زانستی و ئەدەبی پێ ئەنجام دەدرا، هەڵبەت زمانی عەرەبی بۆ خۆشی نەیارێکی گەورەی وەکو زمانی پەهلەوی لەسەر ڕێگەی دیالێکتەکانی ئێران وەلانابوو و زەمینەی گەشەکردنی ئەوانی خۆش کردبوو. زمانی عەرەبی، زمانی پەهلەوی سەرەڕای هەبوونی نەریتی دوور و درێژی نووسین و سووربوونی زەردەشتیان لەسەر پاراستنی پایەکەی، لە مەیدان وەدەرنابوو و بۆ خۆی جێگای گرتبۆوە. (٢٦)

زمانی (فارسی دەری) ئەو کاتە بوو بە زمانی ستاندارد، کە یەکەم شیعری ڕەسمی بەو زمانە گوترا و یەکەم پەخشانی پێ نووسرا، هەروەها شێوەی (دەری) لە ڕێگەی شیعری ڕوودەکی و فیردەوسییەوە وەک زمانی ئەدەبی بەکارهات، کە لە ناوچەی ژووری ڕۆژهەڵاتی ئێران بووە، بەتایبەتیش شانامەی فیردەوسی ڕۆڵێکی کارای لەوەدا گێڕا، کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەدەبیات بەو شێوەیە ببووژێنێتەوە و شێوەکەش ببێتە زمانی ئەدەبی سنوورێکی فراوان (٢٧). بێ گومان شاری (شیراز)یش کە مەڵبەندی شیعری حافز و پەخشانی سەعدی بوو، هەروەها یەکێکە لە سەرچاوەکانی ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی ئەمڕۆی فارسی، کە تێکەڵەیەکە لە شێوەی شیراز و تاران، دیارە بە بوونە پایتەختی تاران، دەسەڵاتی ڕامیاریش تێکەڵ بە زمانە ئەدەبییەکەی شیراز بووە و ئەو زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی لێکەوتۆتەوە، کە ئێستا فارسەکان پێی دەنووسن و دەخوێنن (٢٨). دوای دامەزراندنی (خانەی هونەر)، وردە وردە چەند قوتابخانەیەکی دیکەش پەیدابوون و لەو سەردەمەدا نووسینی کتێبی دیکەش پەیدابوون و لەو سەردەمەدا نووسینی کتێبی خوێندن لە بەشە جیاجیاکاندا وەکو پێویستییەک هاتە پێش و ئەوەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی چەندین وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی فارسیدا. ئەو قوتابخانانە بوونە هۆی پەرەگرتنی خوێندەواریی گشتی لە نێو خەڵکدا و زۆربەی خەڵک دەیتوانی بنووسێ و بخوێنێتەوە و لەسەر مەسەلەکان بۆچوونیان هەبێت. بەکارهێنانی زمانی خوێندەوارانیش کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر زمانی فارسی، خوێنەری نووسین لەچاو پێشوو گۆڕانی بەسەرداهات. بەشێکی کەمی خەڵکی دەربار و چینی سەرێ بوون، کە خوێنەری بەرهەمی جاران نووسەران بوون، بەڵام ئەم جارە ژمارەی خوێنەران زۆر زیادی کرد، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی نووسەرانیش گۆڕان لە زمانی نووسینیاندا بکەن و نووسەران بۆ کۆمەڵە خەڵکێکیان دەنووسی، یان بۆ خۆیان دەیانخوێندەوە، یان خەڵک بۆی دەخوێندنەوە، لەبەر ئەوە ناچاربوون بە زمانێک بنووسن کە بەشی زۆری خەڵک تێی بگات. پەرەسەندنی چاپیش گۆڕانی گەورەی لە زماندا بەدەستهێنا، بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی گەورەی ئێران سەرەتا لە قەڵەمڕەوی عوسمانی و هیندستان چاپ کران، پاشان وردە وردە چەندین چاپخانە لە ئێران دامەزران کە سەرباری چاپکردنی بەرهەمی ئەدەبی کۆن، لە دوای (مەشروتە) بوونە هۆی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤاریش. یەکێک لە نیشانەکانی دیاری شارستانی ئەورووپا زانکۆکان بوون، لە ئێرانیش دامەزراندنی زانکۆ بوو بە زەمینەخۆشکەری نووسین و وەرگێڕانی کتێبی زانستی بە فارسی و سەرەنجام ژمارەیەکی زۆر زاراوەی زانستی هاتە نێو زمانی فارسی. (٢٩)

لەبەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا لە سەردەمی (مەشروتە) و دوای ئەوەدا ڕوویان دا، زمانی ستاندارد لەو سەردەمەدا چەندین کار و ئەرکی دیکەی بە ئەستۆ دەگرت و زۆر لە نوێخواز و پەرەپێدەرانی زمان و کۆمەڵناسان، بە وەلانانی سەرمەشقەکانی زمانی ئەدەبی، هەوڵیان دا بە پەرەپێدانی زمانێکی سادە و بەهێز، پەرەگرتنی کۆمەڵایەتی ئەو زمانە بێننەدی. گۆڕانکارییەکانی سەردەمی مەشروتە لە ڕووی بەهێزی و

قوولّیی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چ فەرهەنگی و چ کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک لە شۆڕش حیساب دەکرێن، ئەو شــۆڕشــە چەندین ئەنجــامی زمــانەوانی گــەورەشی لێکەوتەوە، کە نیشانە و بەرهەمی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون.

لە دوای سـەفـەویـان، مـاوەیەک ئێـران لە ژێر دەسـتی ئەفـغــانەکــان بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو (نادر شــا) لەناوی بردن و حکوومــەتەکــەی ڕووخــاندن، پاشــان زەندییــەکــان لە ئێــران بوونە فــەرمــانڕەوا و سـەرەنجـام قاجارییەکان بەسەر زەندییەکاندا زاڵ بوون و کۆتاییان بەبێ سـەرەو بەرەیی هێنا و تارانیـان کـردە پایتـەخت، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیران لە هەمـوو لایەکی ئێـرانەوە ڕوو بکەنە تاران و تاران بوو بە شوێنی کۆبوونەوەی بژاردەکـانی وڵات، کە لە شار و ناوچە جیـاوازەکانی ئێرانڕا دەهاتن و زمانی زگمـاکیـان لێک جیـابوو و زۆربەیان کـاربەدەستی گـەورەی دەوڵەت بوون، ئەوانە وردە وردە بوونە چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی لە تاران، لەبەر ئەوەی زمانی زگماکیان جیاوازبوو، لەبەر ئەوە لە گفتوگۆی خۆیاندا جۆرە زمانێکیان بەکاردەهێنا، کـە لە زمـانی سـتـاندارد و سـەرمـەشـقـە ئەدەبییـەکـانی پێشووی زمانی فارسی پێکهاتبوو، ئەو زمانە نوێیە پێی دەگــوترا «لەفــزی قــەڵەم» (٣٠)، هەروەها هۆکــاری کـۆمـەڵایەتی و ئابووری وایان کـرد، خـەڵک زۆر ڕوو لە شارەکـان بکات و لە ئەنجامدا شارەکان گـەورە بن، ئەو خــەڵکە کــۆچەرە وردە وردە لە شــارەکــاندا چینێکی کۆمەڵایەتی تازەیان پێکهێنا. ئەو چینە مامناوەندییە بە فــێــربوونی خــوێندەواری و زانست دەیانەویست چینە کـۆمـەڵایەتییـەکـەیان پێش بخـەن. پێـوەندی سیـاسی و فەرهەنگی و بازرگانی کە لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە دەستی پێکردبوو، لە سەردەمی قاجارییاندا زیادی کرد، زۆربەی ئێرانییەکان سەفەریان بۆ ئەورووپا کرد و شارەزای ژیاری ئەورووپا بوون، زانست و شارستانی نوێی ئەورووپا سەرنجی ئێرانیانی ڕادەکێشا، زۆر بیرمەندی ئێرانی کە تامـەزرۆی ئەو شارستـانییـەتە بوون، فـێری زمانەکـانی ئەورووپا بوون و دەسـتـیـان کرد بە وەرگـێـڕانی بەرهەمـە زانستی و فیکری و ئەدەبییەکانی ئەورووپا. ئەو بابەتە لە دوو ڕووەوە بۆ زمـان بە بایەخ بـوون، یەکـێکیـان ئەوەبوو کە ئەو بەرهەمە وەرگێڕدراوانە کـاریگەرییـەکی قوولّیـان کـردە سـەر وشـە و پێکهـاتەکـانی زمـانی فـارسی، ئەوی تریشـیــان ئەوە بوو کــە لە زۆر بواری فــەرهەنگیــدا، لەوانەش زمـان، شێوازی بیـرکردنەوەی ئێـرانییـەکان بەو هۆیەوە گۆڕانی بەسەردا هات. (٣١)

وەرگـرتنی ئەو شـارسـتـانیـیـەتەی ئەورووپا و گـۆڕینی سیـسـتـمی فـێـربوونیـان بە پێـویست دەزانی، لەبەرئەوە (خـانەی هونەر) بە هەوڵ و کـۆشـشی (ئەمـیـر کـەبیـر) دامـەزرا، ئەو بەش و زانستـانەی کـە لەو (قـوتابخـانە)دا دەخوێنران و شێوازی وانە گوتنەوەشی بۆ ئێران تەواو تازە بوو، زۆربەی مامۆستاکانی (خانەی هونەر) لە ئەورووپاوە هاتبـوون و چەندین وشـە و زاراوەی نوێیـان خسـتـە نێـو زمـانی فـارسی و ئەوانەی لـەوێ خوێندنیـان تەواو دەکرد، وردە وردە بوونە چینی ڕۆشنبیری کۆمەڵ و بە وەرگێڕان و نووسـینی کـتـێـبی زانسـتی و فـیکری، بوونە هاریکاری گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێران. (٣٢)

٢- تورکیا

کۆماری تورکیا دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا چەند لایـەنێکی خـاکی کـیـشـوەری ئەورووپای گرتۆتەوە، پایتـەختەکەی شاری (ئەنقەرە)یە(٣٣)، ئەم وڵاتە وڵاتێکی فرەئایین و فـرەنەتەوە و فـرەزمـانە(٣٤)، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تورکـیـا دەوڵەتێکی عـیلمـانییـە و ئایینێکی ڕەسمـی نییـە بۆ وڵات، ئەگـەرچی دەسـتـووری تورکــیــا بـاوەڕی بە ئـازادی ئایین و بۆچوونەکــان هەیە، بەهۆیەوە لەم وڵاتەدا زۆرینەی خــەڵک لەســەر ئایینی پیـرۆزی ئیـسـلامن و ڕێژەیەکی کـەمـیش لە ئایینەکـانی (مەسـیـحی - ئەرسەدۆکـسی) جوولەکـە لەخۆ دەگـرێت. (٣٥)

دەربارەی زمـانیش، ئەوە زمـانی ڕەسـمی لەم وڵاتەدا تەنیا زمانی تورکییە و هەموو زمانەکانی تر لە وڵاتەکەدا بە قەدەغەکراو دانراون، زمانی تورکیش کە ٧٧٪ خەڵک قــســەی پێ دەکــەن، زمــانی کــوردی ٢٠٪ و زمــانی عــەرەبیش ٢٪ قسـەی پێ دەکـەن، جگە لەم زمـانانەش، هەنـدێ زمـــــانی تریش لەم وڵاتـەدا هەیـە، ئارامـی، ئەرمـــــەنی، ئەلبـــــانی، جـــــۆرجی، یـۆنانی، ئازی، شەرکەسی(٣٦).

لە تشـــرینی دووەمی ١٩٢٢ دەوڵـەتی تورکـیــا دوای ڕووخـانی خـەلافـەتی عـوسمـانی دروسـتبـوو و کـاری بە دەسـتـووری عـوسـمـانی ڕاگـرت و تورکـیـا دەسـتـوورێکی مـەدەنی نوێی بۆ خـۆی دانا، کـە سـوودی لە دەسـتـووری

سویسرا وەرگرت و لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٣ کۆماری تورکیا ڕاگەیەندرا و (مستەفا کەمال ئەتاتورک) بووە سەرۆکی وڵات و ئایینی لە وڵات جیاکردەوە و سیستمی عیلمانی لە تورکیا چەسپاند(٣٧).

ئەگەر بێینە سەر ستانداردکردنی زمانی تورکی، ئەوە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ناسیۆنالیزمی تورک لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەک هێزێکی نوێی سیاسی لە ئیستەنبوڵ و هەندێک ناوچەی تری تورکیادا دەرکەوت، ناسیۆنالیزمی تورکی دەیویست لەپاڵ ڕیفۆرمی سیاسی و دەستووریدا، ئایدۆلۆژیای ئایینی دەوڵەتی عوسمانی بگۆڕێت بە ئایدۆلۆژیای تورک، بۆیە دوای یەکەمین جەنگی جیهانی، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تێکشکێندرا و لەسەر کەلاوە و پاشماوەکەی، دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی تورک دامەزرێندرا، لەگەڵ ئەم وەرچەرخانەشدا ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی تورک لە ئایینییەوە بە ناسیۆنالیزم گۆڕدرا، یان تورکیزم کرا بە ئایینی نوێی دەوڵەتی تورکیا، بۆیە تورکبوون، لە جیاتی موسڵمانبوون لە دەوڵەتی نوێی تورکیادا، کرایە بنچینەی هاووڵاتیبوون، زمانی تورکیش کە لە بنچینەدا دیالێکتی ئیستەنبوڵ بوو، کرایە زمانی ستانداردی دەوڵەتی تورکی و جێگای زمانی تورکی عوسمانی گرتەوە(٣٨)، سەپاندنی زمانی نوێی تورکی شانبەشانی پرۆسێسی دروستکردنی نەتەوەی تورک دەستی پێ کرد، دەوڵەت لە پرۆسێسی ستانداردکردنی دیالێکتی ئیستەنبوڵیدا، ئەلفوبێی لاتینی لەجێی ئەلفوبێی عوسمانی (عەرەبی) سەپاند و زمانی هەموو گەلانی تری تورکیای قەدەغەکرد، گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ ئەلفوبێی لاتینی بە پرۆسێسێکی دوورودرێژ و ورد و هەمەلایەنە تێپەڕیوە، تورکەکان لەنێوان ساڵانی ١٩٢٣ - ١٩٢٨دا کارێکی وایان کرد، کە هەر نووسینێک لەبارەی زمانەوە نووسرابا، زۆرتر لە ڕێنووس و ئەلفوبێ دەدوا، ئیدی بە هەموو شێوەیەک لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر ئەو مەسەلە گرنگە ئامادە دەکرا تا لە مارتی ١٩٢٦ لە (باکۆ) کۆنگرەی تورکناسی بەسترا، لەو کۆنگرەیەدا مەسەلەی پەسندکردنی ئەلفوبێی لاتینی بۆ زمانی تورکی خرایەڕوو، پاش مشتومڕێکی زۆر ئەلفوبێی لاتینی پەسندکرا، پاش ئەو پەسندکردنە بە دوو ساڵ و لە ٩ی ئابی ١٩٢٨ کەمال ئەتاتورک وتارێکی خوێندەوە و وتی: زمانە شیرین و دەوڵەمەندەکەمان ئیتر لەمەودوا بە پیتی نوێباوی تورکی خۆی دەنوێنێ، پێویستە خۆمان لە پیت و پێوار و نیشانەبەندی و نائاشنایانەی کە چەندین چەرخە بیر و هۆشیان لە چوارچێوەیەکی ئاسندا شاردووینەوە ڕزگاربکەین، دواتریش هەر هەمان ساڵ ئەنجوومەنی میللەتی تورکیا ئەلفوبێی لاتینی پەسندکرد و چەندین کۆڕ و کۆمەڵەش وەک (کۆڕی زمان)، (کۆمەڵەی وردکردنەوەی زمانی تورکی) دانران بۆ لێکۆڵینەوە و کارکردن لەسەر هەموو لایەنێکی زمانی تورکی(٣٩)، بۆیە دەوڵەتی ناسیۆنالیزمی تورک، لەڕێی زمانی نوێی تورکییەوە، کەواتە بە تورککردنی خەڵکانێک کە بە تەواوی لە ڕابردووی کولتووری و ڕووناکبیری، تەنانەت لە زمانی خۆیان دابڕابوون، لەم دۆخەشدا ئەلفوبێی لاتینی - تورکی، لە پرۆسێسی کوشتنی زمانی کوردیدا بەسەر کوردی باکووری کوردستانیشدا سەپێنرا و پیرۆز کرا(٤٠).

لەبەرانبەردا گەلی کورد لە تورکیا لە خەباتکردنی بەردەوام بوو، بەسەرکردایەتی (شێخ سەعیدی پیران) و لە ١٩٢٥/٣/٢١ سەربەخۆیی کوردستانی ڕاگەیاند و (دیاربەکر)ی کردە پایتەختی خۆی، لە ١٩٢٥/٥/٧ شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران زۆربەی زۆری ناوچە و شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، لەوانە (وان، قارس، بەتلیس، باینجان، ڤاژێ، مەلاتییە، دەرسیم... تاد)، بەڵام دوایی تۆرانییەکان بە هاوکاری هەندێ لە کوردە خۆفرۆشەکان توانییان (شێخ سەعیدی پیران) لە باکووری شاری (ڤاژێ ) دەستگیر بکەن و لەگەڵ (٢٧) هەڤاڵی لە ١٩٢٦/٦/٢٩ لەسێدارە دران(٤١).

پێشتریش خەباتکردنی گەلی کورد لە تورکیا هەر بەردەوامبوو، دەرکەوتنی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری لە ساڵی ١٨٧٩ لە دژی عوسمانییەکان و دواتر لە ١٨٨٠ لە دژی قاجارییەکان لە وڵاتی فارس سەرکردایەتی کردن، بە سەرەتایەکی ڕاستەقینەی هۆشیاری بیری نەتەوەیی کورد لەقەڵەم دەدرێت(٤٢). هەرچەندە چارەنووسی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبێدوڵڵا هەرەسی هێنا، بەڵام دەستپێکی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی بە مانا نوێیەکەی لە بزووتنەوە و ڕاپەڕینە کوردییەکانی سەدەی هاوچەرخدا تۆمار کرد(٤٣).

دوای لەناوبردنی ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ -

١٩٠٩) بڕیاری دا سیاسەتێکی جیاواز لە بەرانبەر کورد پەیڕەو بکات، تاکو زاڵبوون بەسەر کوردستان زامن بکات، ئاغا و سەرکردە کوردەکانی لەخۆی نزیک کردەوە و دروشمی (کۆمکاری ئیسلامی) بۆ خۆڕاکێشانی کورد و تەواوی نەتەوە ئیسلامییە ناتورکەکان بەرزکردەوە(٤٤).

کورد لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەم، ڕۆڵێکی گەورەی لە جووڵاندنی ڕووداوە سیاسییەکانی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، دوو لە چواری ئەوانەی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقییان لە ساڵی ١٨٨٩ دامەزراند، کوردبوون، ئەوانیش عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی بوون، بەشداریکردنی ئەم دوو کەسایەتییە لە دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە، بەشداری کورد لە بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی چاکسازی و گۆڕانکاری لەپاڵ نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی پیشان دەدات، وەک تورک و عەرەب و ئەلبانی و ئەرمەنی(٤٥). ئەم پرۆسەیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم خێراتربوو، میقداد مەدحەت بەدرخان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە دەرەوەی وڵات لە (قاهیرە) بە ناوی (کوردستان) لە ساڵی ١٨٩٨ دەرکرد و تا ساڵی ١٩٢٠ بەردەوام بوو(٤٦)، ئەم ڕۆژنامەیە بە هەردوو زمانی کوردی و تورکی عوسمانی دەردەچوو و لە نووسیندا ئەلفوبێی عەرەبی بەکاردەهێنرا و (٣١) ژمارەی لی دەرچوو(٤٧). هەریەکە لە فیکری ئەفەندی دیاربەکری و کوردی ئەحمەد ڕامز یەکەم کۆمەڵەی کوردی - ڕۆشنبیرییان لە ساڵی ١٩٠٠ بە ناوی (عەزمی قەومی کوردی) دامەزراند(٤٨).

لە (٢٣)ی تەمموزی ١٩٠٨ ئیتیحادییەکان کوودەتایەکیان ئەنجام دا و کۆتاییان بە دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هێنا و بەڵێنی چاکسازی دەستووری و ژیانی پەرلەمانی ڕاستەقینەی دا، کورد وەکو تەواوی نەتەوەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی سوودی لە ڕەوشی کرانەوەی سیاسی (بەهاری تورکیای گەنجەکان) وەرگرت(٤٩).

هەرچەندە ئەم کرانەوەیە تەمەنی کورت بوو، بەڵام ناوەندە کوردییە جیاوازەکان هەوڵی دامەزراندنی ئەو پارت و ڕێکخراوانەیان دەدا، کە هەر یەکە لەلای خۆیەوە ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بەخۆی دەردەکرد و کولتووری هۆشیاری نەتەوەیی لەنێو کورددا بڵاودەکردەوە، لەم بارەوە (کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی) یەکەمین کۆمەڵەی سیاسیی کوردیی ئاشکرا بوو(٥٠)، کە لە ئیستەنبوڵ دامەزرا، ئەو کۆمەڵەیە گۆڤاری (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) دەرکرد و لە ویلایەتەکانی بەتلیس و مووسڵ و دیاربەکر و ئەرزەڕۆم لقیان کردەوە(٥١)، ئەم گۆڤارە بە زمانی کوردی و تورکی بڵاودەکرایەوە، ژمارە (١)ی لە ٢٢ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ دەرچوو و دوا ژمارەشی کە ژمارە (٩) بوو، لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٠٩ دەرچوو(٥٢).

هەروەها خەلیل خەیالی و کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی، کە سەر بە کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کوردی بووە، ڕۆڵی سەرەکی لە دامەزراندنی یەکەم قوتابخانەی کوردی بینیوە، کە قوتابیان زمانی کوردی تێدا بخوێنن، ئەم قوتابخانەیەش لە ساڵی ١٩١٠ لە گەڕەکی (جەمبەرلی تاش) لە شاری ئیستەنبوڵ بە ناوی (قوتابخانەی نموونەیی کوردی مەشرووتی) دامەزرا، ئەم گەڕەکەش لەمێژوودا خوێندنی لەناو کورد بەخۆیەوە نەبینیبوو(٥٣).

هەروەها کۆمەڵە قوتابییەکی کورد لە پەیمانگەی کشتوکاڵی (خەڵق ئالی) لە ساڵی ١٩١٢ لە ئیستەنبۆڵ کۆمەڵەیەکیان دامەزراند و ناویان نا (کۆمەڵەی هێڤی)، کە لەنێوان ساڵانی ١٩١٢ - ١٩١٤ دوو گۆڤاریان بە زمانی کوردی بە ناوی (ڕۆژی کورد، هەتاوی کورد) دەرکرد و لە چەندین وتاردا باسی گرنگی زمانیان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕوون کردۆتەوە(٥٤).

دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە کورد هەر زوو کاردانەوەی هەبوو لەبەرانبەر هاتنە سەر تەختی ئیتیحادییەکان و چەندین ڕاپەڕین و شۆڕشیان لە دژی هەڵگیرساند، لەوانە ساڵی ١٩٠٩ عەشیرەتەکانی میللی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشا(٥٥)، کوردانی دەرسیم، ڕاپەڕینی کوردانی ئاگری لە عەشیرەتەکانی حەیدەر ئانلی(٥٦)، بزووتنەوی بەدلیس لە ساڵی ١٩١٣ بە سەرۆکایەکی مەلا سەلیم بەدلیسی(٥٧).

ئەگەر بێینە سەر دەستووری تورکیا، ئەوە ئەم دەستوورە چەندین جار هەموار کراوە، دواجار ساڵی ١٩٨٢ بوو، کە تاکو ئێستا بەکارە و تێیدا باسی زمانی ڕەسمی وڵات دەکات، لە مادەی (٣)ی دەستوورەکەدا هاتووە:«دەوڵەتی تورکیا بە خاک و گەلەکەیەوە، یەکەیەکی تەواوە و ناکرێت پارچە بکرێت و زمانە

فەرمییەکەشی زمانی تورکییە» (٥٨).

هەروەکو لەم مادەیەدا دەردەکەوێت، ئەوە تەنیا زمانی تورکی زمانی ستاندارد و ڕەسمی وڵاتە، زمانەکانی تر هەر هەمـوو بە قـەدەغـەکـراو دادەنرێت. دیارە ئەمـەش زوڵمێکی گەورەیە لە نەتەوەی کورد لەم وڵاتەدا دەکرێت، هەروەها لە پێشەکی دەستووری ساڵی ١٩٨٢ هاتووە: «چەمکی سـەروەری بەشـێـوەیەکی ڕەها و بەبێ هیچ مـەرجـێک بۆ نەتەوەی تورکـە»، هەروەها نووسـراوە: «هەمـوو ئەو کـەسـانەی پێـوەندییـان بە ڕەگـەزنامـەی دەوڵەتەوە هەیە تورکن» (٥٩)، واتە لێـرەدا هەمـوو تاکـێکی وڵاتەکـە بە تورک دادەنێت و ئامـاژە بە بوونی هیچ نەتەوەیەک جگە لە تورک لەسـەر خـاکی تورکـیـا ناکات. لە مادەی (٢٤)ی دەستووریشدا هاتووە: «جگە لە زمـانی تورکی نابێت هیچ جـۆرە زمـانێکی تر وەک زمانی دایک لە قوتابخانەکاندا بخوێنرێن و وانەیان پێ بوترێتـەوە» (٦٠)، بە واتایەکی تر منداڵانی کـەمـە نەتەوەکانی تر مافی ئەوەیان نییـە بە زمانی دایک و نەتەوەکەی خۆیان بخوێنن، ئەوان تەنیا دەتوانن بە زمانی تورکی بخوێنن.

دیارە وەکـو دەردەکـەوێت لەم دەسـتـوورەدا بڕگـە و مادەکانی زۆر ڕوون و ئاشکران و زۆر ڕەگەزپەرستانەن، کە تەنیا تورک خاوەنی مافی نەتەوەییە، بەو واتایەی هەمـوو مـاف و جیـاوکـەکـان تەنیـا بۆ نەتەوەی تورکە و ئەوان نەتەوەی یەکەم و دوایەمین لە وڵاتی تورکیا.

دەبێ ئەوەش بڵـێین کـە سـەرانی تورک لە نەوەدەکـانی سـەدەی ڕابوردوودا بیـروبۆچوونیـان لەبارەی زمـانی کـوردییـەوە زۆر توندبوو، بەجـۆرێک فـێـربوونی زمـانی کـوردییـان بە تیـرۆر و دابەشکردنی وڵات لەقـەڵەم دەدا، هەروەکو (سلێمان دیمیرێل) سەرۆک کۆماری پێشووتری تورکیا لە ساڵی ١٩٩٣ لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت: «کـورد مـافی کـەم نییـە، ئەوەی ئەوان داوای دەکـەن ئیمتیازە، ئێمەش ئیمتیاز بە کەس نادەین، من تورکیا دابەش ناکـەم، ئێـمـە کـێـشـەی کـوردمـان نییـە، بەڵکو کێشەی تیرۆرمان هەیە، فێربوونی زمانی کوردی دەبێتە هۆی دابەشکردن، تا کـێـشـەی تیـرۆر چارەسـەر نەکـەین، ناتوانین کێشە ڕۆشنبیرییەکان چارەسەر بکەین» (٦١).

هەروەها لە هەمـوو دەستوورەکـانی تورکیا هیچ دەقێک نییە ئاماژە بە بوونی گەلی کورد و زمانەکەی لە دەوڵەتی تورکیا بکات.

بەجـۆرێک وەکـو پێـشـتـر لە مـادەی (٣)ی دەسـتـوور خستمانەڕوو، کە تەنیا ئاماژە بە زمانی تورکی دەکات، بەمـەشـەوە دەردەکـەوێت کـە تورکـیـا نکوڵی لە بوونی نەتەوەی کـورد و نەتەوەکـانی تر دەکـات. کـەواتە وەکـو دەردەکـەوێت، ناسـیـۆنالیـزمی تورک هەر لەسـەرەتاوە پرۆژەی دەوڵەتێکی دارشـتـبـوو، کـە لە سایەیدا جگە لە تورکی هیچ ڕەگەز و زمان و کولتوورێکی تر مافی بوون و ژیانی نەبێت، تورکـبوون تەنیـا بناغـەی ئایدیۆلۆژیای ناسیـۆنالیـزمی تورک نەبوو، بەڵکو دواتر کرایە پێوەری هاووڵاتیبوون و تورکیزمیش بە تاکە کولتووری سیاسی زاڵ و ئایینی نوێی دەوڵەت گۆڕدرا (٦٢).

کـورد لەناو تورکـیـا بۆ بەدەسـتـهـێنانی مـافـەکـانی، چەندین ڕێگەی جۆراوجۆری گرتووەتەبەر، بەتایبـەتی لە ڕێگەی دامـەزراندنی پارت و ڕێکخـراو و کـۆمـەڵە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانەوە، کە هەندێکیان لە ناوەوەی تورکـیـا کـاردەکـەن و لەلایەن حکوومـەتی تورکـیـاوە مۆڵەتیان پێ دراوە و هەندێکی تریان لە دەرەوەی تورکیا کاردەکەن و لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە بە قەدەغەکراو لەقەڵەم دراون، لەوانە:

- پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا – ١٩٦٥.
- پارتی ڕزگاری – ١٩٧٤.
- کـۆمـەڵەی فـەرهەنگی و دیموکـراتی شـۆڕشگێـڕ – ١٩٧٤.
- ڕێکخراوی مائویستی کاوە – ١٩٧٦.
- لایەنگرانی ئازادی نەتەوەیی کورد – ١٩٧٧.
- پارتی کـرێکارانی کـوردسـتـان پ. ک. ک. – ١٩٧٨.
- پارتی ئیسلامی کوردستان – ١٩٩٢.
- پارتی کاری خەڵک .HED- 1990
-پارتی دیموکراتی .DP - 1993
-پارتی کـاری دیموکـراتی خـەڵک HEDP - 1994 .(63)

هەروەها چەندین کـۆمـەڵە و گـرووپی کـوردی بۆ خـزمـەتکردنی زمـان و ئەدەب و مـێـژووی کـوردی پەیدابوون، لەوانە:

١- کۆمەڵەی تەعالی کوردستان ١٩٠٨.
٢- کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی ١٩٠٨.
٣- کۆمەڵەی هێڤی ١٩١٠.
٤- کۆمەڵەی کوردستان ١٩١٣.

٥- کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد ١٩١٨.
٦- کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد ١٩١٩.
٧- کۆمەڵەی خۆیبوون ١٩٢٥(٦٤).

بەشداریکردنی کوردیش لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا و دەرچوونیان بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە هەڵبژاردنە یەک لەدوای یەکەکان، لەم نێوەندەشدا پەرلەمانتارە کوردەکان لەهەر خولێکی پەرلەمان چەندین داواکارییان پێشکەش بە لایەنە سەرکەوتووەکانی پەرلەمانی تورکیا کردووە، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩١، کاتێ نوێنەرە کوردەکان (٢٢) کورسی پەرلەمانییان بەدەستهێنا، پێش چوونە نێو پەرلەمان و سوێند خواردنیان چاویان بە (عیسمەت ئینۆنۆ و سلێمان دیمێریل) کەوت لەو خولەدا سەرکەوتووبوون و نامەیەکی (٢٠) خاڵییان دانێ، لەوانە:

١- دانان بە بوونی نەتەوەی کورد لە دەستوور و یاساکاندا بەپێی واقیعی سۆسیۆلۆجیای تورکیا.

٢- ڕەتکردنەوە و کێشانەوەی ئەو دۆخانەی کە لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا، لەسەر حسێبی هەبوونی نەتەوەی کورد بۆ پشتگیریکردنی تورکیا کراون.

٣- بۆ ئەوەی چەمکی هاوچەرخانەی نەتەوەی کورد دەستنیشان بکەین، پێویستە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بە نووسین و قسەکردن زمانی کوردی ئازاد بکرێت و ڕێگە بە کولتووری کوردی بدرێت و قوتابخانە بە زمانی کوردی بکرێتەوە، هەروەها ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیشیان بۆ دابین بکرێت(٦٥).

دیارە ئەم خاڵانە لەسەرەتاوە جێبەجێ نەکران، بەڵکو زۆر بە توندی ڕەتکرانەوە، بەڵام ئەمڕۆ دوای چەندین ساڵ تورکیا بە قۆناغێکی دیکەدا تێدەپەڕێت، کە خەریکی چارەسەرکردنی پرسی کوردە لە تورکیا، لەم پێناوەشدا چەندین مافی سەرەتایی پێ داون، لەوانە لە ٢٠٠٤/٦/٩ بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کوردستانی تورکیا، حکوومەتی تورکیا ماوەی بە بڵاوکردنەوەی پەخشی تەلەڤزیۆنی بە زمانی کوردی دا، هەرچەندە سەرەتا چەند کاتژمێرێک بوو(٦٦)، بەڵام دواتر کەناڵی (TRT6) بووە کەناڵێکی (٢٤) کاتژمێری بە زمانی کوردی، دیارە ئەمەش دەسکەوتێکی باشبوو بۆ کورد، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی تورکیا خاوەن میدیای تەلەڤزیۆنی تایبەت بە خۆیەتی، کە بە گرووپی (TRT) ناسراوە، بڕیاری پەخش و بڵاوکردنەوەی (TRT6) بە زمانی کوردی دەنگدانەوەیەکی باشی لەناو تورکیا و ئەورووپا دروست کرد(٦٧). بەرنامەکانی ئەم تەلەڤزیۆنە بە زمانی کوردی کرمانجی سەروو و بە شێوەزاری بۆتانییە، چونکە زیاتر بەرنامەکانیان ئاراستەی کوردەکانی تورکیایە.

لەبەرانبەر کردنەوەی ئەم کەناڵە، هەندێ حزبی تورکیا ڕەخنەیەکی توندیان ئاراستەی حکوومەت کرد، لەوانە (جیهان پاچەچی) سکرتێری گشتی (مەهەبە) لە ٢٠٠٩/١/٤ ڕەخنەی لە کردنەوەی تەلەڤزیۆنەکە گرت و گوتی: «ئەم کارە دەبێتە هۆی پارچەبوونی تورکیا و هەوڵێکە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەک لەناو نەتەوەی تورکیا، کە خاوەنی زمان و ئەلفوبێیەکی جیاواز دەبێت» (٦٨).

بەر لەمەش حکوومەتی تورکیا لە ١٩٩٤/٣/١٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی باکووری کوردستان، حکوومەتی تورکیا دانی بە جەژنی نەورۆزدا نا (٦٩)، کە ئەمەش کاردانەوەیەکی باشی لە شارە کوردییەکانی تورکیا نایەوە، چونکە پێشتر یادی جەژنی نەورۆز دەکرایەوە، بەڵام هەمیشە بە شەڕ و کوشتن و گرتن و ئازاردان کۆتایی پێ دەهات.

هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٩ لە هەنگاوێکی شایستەدا حکوومەتی تورکیا (زانکۆی دیجلە)ی لە شاری ماردین کردەوە، لەم زانکۆیەدا بەشی زمانی کوردی کرایەوە و لە یەکەمین تاقیکردنەوەی خۆیدا مامۆستایانی ئەم بەشە بڕیاریان دا خوێندنی باڵا (ماستەر) لەم بەشەدا بکرێتەوە، کە (٢٥) قوتابی وەکو دەستەی یەکەم وەرگیران بۆ وەرگرتنی پلەی ماستەر لە بابەتی کوردۆلۆجیا، دیارە ئەم دەستپێکە شتێکی باشە، چونکە دواجار ئەم قوتابیانە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبنە مامۆستا و دواتر دەکرێت قوتابیان لە قۆناغی یەکەم وەرگرن.

### ٣- سووریا

سووریا دەکەوێتە کیشوەری ئاسیاوە و پایتەختەکەشی (دیمەشق)ە، وڵاتێکی کۆماری نەتەوەییە، یەک ئەنجوومەنی هەیە، ئەویش ئەنجوومەنی گەلە، سەرۆک کۆمار، خۆی جێگرەکەی دیاری دەکات، هەروەها سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانیش دیاری دەکات(٧٠). ئەم وڵاتە بەدرێژایی مێژوو کەوتۆتە ژێر داگیرکارییەوە، دوایەمین

داگیرکاری فەرەنسییەکان بوو، بۆیە سووریبیەکان لە ١٧ی نیسانی ١٩٤٦ توانییان داگیرکاری لە وڵاتەکەیان دەربکەن و سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن(٧١). بەجۆرێک بەر لەم مێژووە کاتێک ئینگلیز و فەرەنسییەکان گەیشتنە دوا بەشینەوەی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئەوە فەرەنسییەکان بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ، فەرەنسا مافی فەرمانداریێتی کردنی کوردستانی ڕۆژئاوا و ویلایەتی مووسڵی بەرکەوت، بەڵام پاش ئەوەی ئینگلیزەکان عیراقیان داگیرکرد و بەشێکی زۆری کوردستانی باشووریان داگیرکرد، بەتایبەتی ویلایەتی مووسڵ، ئیتر ئینگلیزەکان پلانێکیان دانا بۆ ئەوەی ویلایەتی مووسڵ لەژێر دەستی فەرەنسییەکان دەربهێنن(٧٢).

بۆیە بەپێی پەیماننامەکانی (سایکس بیکۆ، سان ڕیمۆ، لۆزان)، دەبوو سووریا تا نیسانی ١٩٦٤ لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسییەکاندا بمێنێتەوە، بەڵام ئەمە تا ساڵی ١٩٤٦ی خایاند(٧٣).

ئەگەر بێینە سەر زمانی کوردی لە سووریا، ئەوە دەبینین ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە، دانیان بە کورد و زمانەکەی و مافەکانیدا نەناوە، بەڵکو لەبەرانبەردا بە عەرەبیش کراون، بەجۆرێک ئەو ڕێبازی بەعەرەبکردنەی لە سووریا کاری پێ کراوە، ئاوێنەی ڕێبازی بەعەرەبکردن لە عیراق و ڕێبازی بە تورککردن لە تورکیایە، لەم پێناوەشدا حکوومەتی سووریا دەستی بە دەرکردنی کوردەکان و بە عەرەبکردنیان و گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکەیان کرد (٧٤).

دیارە کردەوەکانی حکوومەت بەرانبەر بە کورد بەرنامەداڕێژراو بوو، لە ساڵی ١٩٦٣ (محەمەد تەلەب هیلال) بەرپرسی ئاسایشی ناوخۆی پارێزگای حەسەکە، دوازدە خاڵ پێشنیاز دەکات، وەک پیلانێک دژی کورد، ئەم دوازدە خاڵەش لە ڕاپۆرتێکی نهێنی بەناوی (خوێندنەوەی باری سیاسی، کۆمەڵایەتی و نیشتمانی پارێزگای جەزیرە) ئاراستەی حکوومەت دەکات، کە ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرێت:

١- دەرکردنی کورد لە خاکی خۆیان.
٢- ڕێگە نەدان بە خوێندن بۆ کوردان.
٣- گەڕاندنەوەی کوردە داواکراوەکان بۆ تورکیا.
٤- ڕێگە نەدان بە دەرفەتی دامەزراندن بۆ کوردان.
٥- شاڵاوی پڕوپاگەندە دژی کورد.
٦- جێگۆڕکێکردن بە مەلایانی ئایینی کوردزمان بە مەلایانی عەرەبی.
٧- ڕێبازی (لێکیان کەرەوە و تێکیان بەرەوە) لە ناو کۆمەڵگەی کوردی جێبەجێ بکرێت.
٨- نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە کوردییەکاندا.
٩- دامەزراندنی ناوچەیەکی سەربازی عەرەبی بە درێژایی سنووری تورکیا.
١٠- دامەزراندنی کێڵگەگەلی پەروەری بۆ نیشتەجێبوونی عەرەب.
١١- نکوڵیکردن لە مافی دەنگدان و گرتنە دەستی پلە و پایەی حکوومی هەر کەسێک کە عەرەبی نەزانێت.
١٢- نکوڵیکردن لە مافی هاوڵاتی سووری بوون لەو ناعەرەبانەی، کە دەخوازن لە ناوچەکەدا بژین(٧٥).

دیارە ڕژێمی سووریا ئەم دوازدە خاڵە و چەندین خاڵی تری، بەدرێژایی مێژوو دژی کورد پەیڕەو کردووە. کوردیش لە سووریا بەرانبەر بەم کارانە بێ دەنگ نەبووە، چ لەسەردەمی دەسەڵاتی فەرەنسی، یان لە سەردەمی ڕژێمی سوریا، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ماندیداتی فەرەنسیدا، کورد خەباتی دەکرد لە پێناوی مافی نەتەوەیی و ڕۆشبیری، لە کۆنترین بەڵگەنامەدا هەندێ لە ڕۆشنبیر و سەرۆک هۆزی کورد، گەلاڵەنامەیەک پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی فەرەنسا دەکەن، بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەرانی سووریا، لە ١٩٢٨/٦/٢٣ کە واژۆکەران داوایان کردووە بە دابینکردنی هۆیەکانی بەدیهێنانی ڕزگارییان، ئەم بەڵگەنامەیەش ئەم داواکارییانەی لەخۆ گرتووە(٧٦):

١- بەکارهێنانی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ڕەسمی لە ناوچە کوردییەکان.
٢- ڕێگادانی خوێندنی زمانی کوردی لەو قوتابخانانەی دەکەونە ناوچە کوردییەکانەوە.
٣- گۆڕینی فەرمانبەرانی ناوچە کوردییەکان بە فەرمانبەرانی کورد(٧٧).

هەروەها کورد لەلایەن خۆیانەوە بە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لە گوندەکانیان سوودیان بینی، لەسەر حیسێبی تایبەتی خۆیان ئەنجامیان دابوو، چونکە لە قوتابخانە حکوومییەکان جگە لە زمانی عەرەبی ناخوێنرێت(٧٨)، لەم قوتابخانانەدا قورئان و ئایین و زمانی کوردی و ئەدەبی کلاسیکی کوردی دەخوێنرێت(٧٩) و لە هەندێ ناوچەی گەورەی وەکو

دیمەشق و بەیرووت وانەی ئێواران بۆ کرێکار و پیشەگەران هەیە بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی.

هەروەها کاتێک فەرەنسییەکان لەنێو سووریا چوار دەوڵەتیان بۆ کەمایەتییەکانی سووریا دروست کرد: دەوڵەتی حەلەب (لەگەڵ سیستمێکی تایبەتی بۆ سەنجاق و ئەسکەندەروونە)، دەوڵەتی شام، دەوڵەتی دروز، دەوڵەتی عەلەوییەکان، بەڵام هیچ کیانێکی کوردی لە کوردستانی بندەستی سوریا دروست نەکرد، بۆیە لە ساڵی ١٩٣٧ کوردەکانی جەزیرە داوای بنیاتنانی سیستمێکی وەک سەنجاق و ئەسکەندەروونەیان دەکرد، کەچی لەبەرانبەردا دەسەڵاتی دیمەشق بە زەبری هێز وەڵامی داواکەی کوردیان دایەوە(٨٠).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستووری سووریا، ئەوە دەبینین ئەم دەستووره سەرەتاکەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سووریا دەگەڕێتەوە، بەگوێرەی بەیاننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠، لەم ساڵەدا یەکەمین دەستووری سوریا لەدایکبوو، بەڵام ڕووناکی نەبینی، بەهۆی داگیرکردنی لەلایەن فەرەنسییەکانەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٢٤ دەستوورێکی تر دانرا، ئەویش کاری پێ نەکرا، لەساڵی ١٩٣٠ دەستوورێکی تر بە هەموارکردنی دەستووری پێشووتر دانرا، پاشان لە ساڵانی ١٩٤٩ و ١٩٥٨ و ١٩٦٤ و ١٩٦٦ و ١٩٦٩ چەندین دەستووری کاتی تر لە وڵات دانرا، کە هەریەکەیان بە هۆی داگیرکاری و کوودەتای سەربازی ئەوی تری ڕەت دەکردەوە، تا دواجار لە ساڵی ١٩٧٠ کاتێک (حافز ئەسەد) بە کوودەتای سەربازی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانی گرتە دەست، بەهۆیەوە لە ساڵی ١٩٧١ دەستووری کاتی وڵاتی دەرکرد و لە ١٩٧٣/٣/١٢ کردی بە دەستووری هەمیشەیی و هەر لەو ساڵەدا خستییە ڕاپرسیی جەماوەرییەوە، بۆیە ئەم دەستووره تاکو ئێستا بەکاره(٨١).

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە، لە دەستووری سووریادا بەهیچ شێوەیەک باسی کورد و زمانەکەی و مافەکانی نەکراوە، بۆیە لێرەدا هەندێ لە مادەکانی دەستوور و ڕاڤەکانی خۆمان دەخەینەڕوو:

لە مادەی یەکەمدا دەڵێت: «١- کۆماری عەرەبی سووریا وڵاتێکی دیموکراتی میللی و سۆشیالیستییە، خاوەنی کیانێکە ناکرێت سازش لە هیچ بەشێکی بکرێت، کە ئەندامە لە وڵاتانی یەکێتی کۆمارییەکانی عەرەب. ٢- هەرێمی عەرەبی سووریا بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی. ٣- گەل لە هەرێمی عەرەبی سووریا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب، بۆ بەدەستهێنانی یەکێتییەکی تەواو کاردەکات و خەبات دەکات» (٨٢).

ئەگەر سەیری ئەم مادەیە بکەین، ئەوە دەبینین زاراوەی (کۆماری عەرەبی سووریا) تەنیا ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە گەلی سووریا لە یەک نەتەوە پێکدێت، ئەویش نەتەوەی عەرەبە!، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر لەم وڵاتەدا بکات، لەبەر ئەوەی «سووریا وڵاتێکە لە کەمایەتی جۆراوجۆر پێکهاتووە و هەرگیز یەکێتییەکی نەتەوەیی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، ئەم کەمایەتییانەش، یان مەزهەبین: (دروز، عەلەوی، چەرکەس، مەسیحی)، یان ئەتنیکین: کورد، ئەرمەن، عەرەب» (٨٣).

هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە ناکرێت خاکی سووریا پارچە پارچە بکرێت، ئەم دەقە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵدانێک بە مەبەستی جیابوونەوە لە وڵات، بەتایبەتی نەتەوەی کورد کە لە داهاتوودا هەر ڕووناکییەکی لەم وڵاتەدا بۆ دەرکەوێت، ئەوە هەوڵی جیابوونەوە و سەربەخۆیی خۆی دەدات.

مادەی چوارەمی دەستوور دەربارەی زمانی ستاندارد و ڕەسمی وڵاتە، کە تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکات وەک زمانی ستانداردی وڵات، هەروەکو لە مادەکەدا هاتووە «زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمییە» (٨٤). ئەم مادەیەش لایەنی ڕەگەزپەرستی و شۆڤینی عەرەبی پێوە دیارە، چونکە تەنیا ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەکات، بەبێ ئەوەی باسی زمانی کەمایەتییەکانی وڵات بکات.

مادەی (٢١) پەیوەستە بە سیستەمی پەروەردە و ڕۆشنبیری لە وڵاتدا، لەم مادەیەشدا پەروەردە و لایەنی ڕۆشنبیری تەنیا پەیوەست دەکات بە نەتەوەی عەرەب، هەروەک لە مادەکەدا هاتووە: «ئامانجی سیستەمی فێرکردن و ڕۆشنبیری، دروستکردنی نەوەیەکی عەرەبی نەتەوەیی شۆشیالیستیی زانستییە، بە مێژوو و خاکەکەی بەستراوەتەوە» (٨٥).

مادەی (٨٣) پەیوەستە بە خۆکاندیدکردن بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، لێرەدا ئەوپەڕی شۆڤینی و نەتەوەپەرستی پێوە دیارە، چونکە مەرج دادەنێ بۆ ئەو کەسەی خۆی بۆ ئەم پۆستە کاندید دەکات، دەبێ تەنیا لە نەتەوەی عەرەب بێت، بەو واتایەی نەتەوەکانی تر مافی

خۆپالاوتن و خۆ کاندیدکردنیان نییە، هەروەکو لە مادەکەدا هاتووە «مەرجە ئەو کەسەی خۆی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار کاندید دەکات، دەبێت عەرەب بێت بە تەواوی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و تەمەنی (٣٥) ساڵی تەواوکردبێت» (٨٦).

هەروەکو لە دەستووردا دەردەکەوێت، کە گەلی کورد لە سووریا لە هەموو مافەکانیان بێ بەش کراون، دەبێ ئەوەش بوترێت، کە لە پێش هاتنە سەر تەختی بەعسییەکان بۆ سەر حوکم، کورد لە سووریا چەندین بزاڤی رۆشنبیرییان هەبوو، چ ئەو کوردانەی کە لە دوای سەرکوتکردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ تورکیایان جێهێشتبوو و هاتبوونە سوریا، یان کوردەکانی سووریا(٨٧). لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردی لەم پارچەیەدا سەرەتا بەشێک بوو لە بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردستانی باکوور و لەدواییشدا بوو بە بنکە بۆ ئەم مەبەستە، ئەویش دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لە دایناموی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستانی باکوورەوە کۆچیان بۆ ئەم بەشەی کوردستان کرد، بەهۆی زوڵم و زۆرداری حکوومەتی تورکیای کەمالی(٨٨)، بۆیە دەتوانین هەندێ لایەنی بواری رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی سووریا (رۆژئاوای کوردستان) بخەینەروو:

١- گۆڤاری هاوار کە گۆڤارێکی ئەدەبی کۆمەڵایەتی بوو، لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە دەردەچوو، ژمارە (١)ی لە (١٥)ی نیسانی ١٩٣٢ و ژمارەی کۆتایی لە (١٥)ی ئایاری ١٩٤٣ لە شاری دیمەشق دەرچوو، واتە (٥٧) ژمارەی لی دەرچووە، ئەم گۆڤارە سەرەتا بە زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی بڵاودەکرایەوە، دواتر بە ئەلفوبێی لاتینی دەردەچوو، چونکە جەلادەت بەدرخان لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٣٢ توانی ئەلفوبێی لاتینی لە زمانی کوردیدا جێگیر بکات. ئەم گۆڤارە بەشێکی بۆ فێربوونی ئەلفوبێی لاتینی کوردی تەرخانکردبوو(٨٩)، هەروەها هەندێ بەشی تری بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی و نووسینی منداڵان و باسکردنی مێژووی کوردایەتی بوو(٩٠).

لەبارەی قوتابخانە و کردنەوەی قوتابخانەوە، گۆڤاری (هاوار) لە ژمارە (١٧)یدا و لەژێر سەردێری (دەرسخانە)دا دەنووسێ: «لە بەیرووت (٢٠٠) کوردی ئۆمەری و ماردینی هەیە، دکتۆر کامەران بەدرخان هەرچی منداڵی ئەوانە هەیە گەیاندوونییە خوێندن، دوای گەیشتنیان بە (٥) ساڵی، دکتۆر بەدرخان داوای لە حکوومەت کردووە کە قوتابخانەی بۆ چاک بکەن و کردی، ئەمرۆ لە بەیرووت بەشێوەی رەسمی و دانانی حکوومەت دەرسخانەی کوردی هەیە، کە زیاتر لە سی قوتابی تێدا دەخوێنن، مامۆستای وان (مستەفا ئەحمەد بوتی)یە» (٩١). دواتر بەم شێوەیە لەگەڵ کوردانی سووریا بەراوردیان دەکات «لە عەندیوەرێ تا جەرابلس بەم شێوەیە چەند قوتابیمان هەیە، دەبا دەرسخانەی وەک دەرسخانەی بەیرووتێ بکەنەوە، ئەم میللەتە بەخت رەش و هەژارە، لە نەزانی رزگارکەن و پێیان بخوێنن و پێیان بگەیەنن، ئەگەر دەشیانەوێ روخسەت وەربگرن، بێ گومان ئەمرۆ لاو هاتە بەر ئەم کارە، ئەوا سبەش دەرسخانە دەکەنەوە» (٩٢)، هەروەها لەم گۆڤارەدا چەندین جار بانگەوازی یەکخستنی زمانی کوردی تێدا کراوە، بەجۆرێ کە زمانێکی یەکگرتوو (ستاندارد) دابمەزرێ و شێوەزارەکان یەک بخرێن و زمانی کوردیش لە وشەی بێگانە پاک بکرێنەوە و بەرەو پێشەوەش ببرێت(٩٣).

٢- گۆڤاری رۆناهی، گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیرییە لە شاری دیمەشق بە ئەلفوبێی لاتینی لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە دەردەچوو، ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە لە (١ی نیسانی ١٩٤٢) دەرچوو و دوا ژمارەشی کە ژمارە (٢٨)ـە، لە ئاداری ١٩٤٥ دەرچوو، ئەم گۆڤارە بە کرمانجی سەروو و ئەلفوبێی لاتینی بڵاودەکرایەوە(٩٤).

٣- دامەزراندنی کتێبخانەیەکی کوردی لەلایەن جەلادەت بەدرخان بە ناوی (کتێبخانەی هاوار)، ئەم کتێبخانەیە توانی (٢٠) کتێب لە بوارەکانی رێزمانی کوردی، فەرهەنگی، ئایین، چیرۆکی کوردی دەربکات.

٤- گۆڤارەکانی (رۆژا نوو) و (ستێر) لە ساڵی ١٩٤٣ لەلایەن کامیران بەدرخان بە ئەلفوبێی لاتینی دەرچوو، کە هەردووکیان گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیری بوون(٩٥).

لەم قۆناغەدا چەندین تایبەتمەندی دەردەکەون، لەوانە:

١- بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد لەم بەشەی کوردستان.

٢- بۆ یەکەم جار سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی کوردی لەم بەشەی کوردستان.

٣- لەدایکبوونی ئەلفوبێی کوردی (ئەلفوبێی

لاتینی).
٤- پێکهێنانی یەکەمین کتێبخانەی کوردی لەم بەشەی کوردستان، بەناوی کتێبخانەی هاوار.
٥- دەرکەوتنی هەندێ ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری کورد، لەوانە: نوورەدین زازا، عوسمان سەبری، قەدری جان، جگەرخوێن، ڕەشید کوردی... تاد.
میر جەلادەت بەدرخان لە سالانی (١٩١٩ - ١٩٣٢)دا توانی ئەلفوبێیەکی لاتینی بۆ زمانی کوردی دابنێت، کە لە سالی ١٩١٩ دا دەستی بە هەولەکەی کرد، دواتر لە سالی ١٩٣٢ دا تەواوی کرد، دوای ئەوە بیری لە یەکگرتنی زمانی کوردی کردەوە، هەر بۆیەش دەیوت «لە یەکێتی زماندا هەنگاوی یەکەم یەکخستنی پیتەکانە، چونکە گەر یەکێتی لە پیتدا نەبێت، لە زمانیشدا نابێت» (٩٦). ئەم ئەلفوبێیە دواتر بووە بنچینەیەکی نووسینی کوردی، هەروەها لە سالی ١٩٣٢ لە دیمەشق دوو پەرتووکیشی لە بارەوە دەرکرد، کە هی یەکەم (ڕێزمانا ئەلفابێ یا کوردی) بە زمانی کوردی و عەرەبی و فەرەنسی و فارسی دەرکرد، دووەمیش فێربوون بوو بۆ ئەم ڕێنووسە لاتینییە بە ناوی (ڕوپەلنەن ئەلفا بێ، ژ بۆ فێربوونا زمان و نڤیسینا کوردی)(٩٧).
هەروەها لە هاوینی ١٩٥٧ (پارتی دیموکراتی کوردستان) دامەزرا، لەم نێوەندەش کۆمەلێ ڕۆژنامە لەلایەن ئەم پارتەوە دەرچوون، لەوانە لەدایکبوونی یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسی کوردی، کە زمانحالی پارتی بوو بەناوی (دەنگی کورد)، ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتا بە زمانی کوردی بە ئەلفوبێی لاتینی دەردەچوو، دواتر لە سالی ١٩٦٥ بە زمانی عەرەبی دەرچوو(٩٨).
ئەوەی لەم قۆناغەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەوە جیابوونەوە و دووبەرەکی لەنێو پارتی لە سالی ١٩٦٥ ڕووی دا، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دوو بالی (چەپڕەو و ڕاستڕەو) لەخۆوە بگرێ و دوو ڕۆژنامەی جیا دەربکەن، بەم شێوەیە:
أ - ڕۆژنامەی (دەنگی کورد) کە بە پرۆگرامی چەپڕەوی ناسرابوو، لەلایەن (ئوسمان سەبری) و (سەلام بەدرەدین)ـەوە دەردەچوون.
ب - ڕۆژنامەی (دیموکراتی)، ئەم ڕۆژنامەیە دوای جیابوونەوە لە سالی ١٩٦٦ دەرچوو، کە بە پرۆگرامی ڕاستڕەو ناسرابوو و لەلایەن (حەمید دەروێش) و (ڕەشید حمۆ) دەردەچوون.

ئەم قۆناغە بە سەردەمی نوێکردنەوە و نوێبوونەوە دەناسرێت(٩٩)، کە تێیدا چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی دەرچوون، لەوانە:
١- گۆڤاری گولستان، ئەم گۆڤارە لەسەر دەستی جگەرخوێن لە سالی ١٩٦٨ بە زمانی کوردی دەرچوو تا سالی ١٩٩٦ی خایاند و (٢٠) ژمارەی لی دەرچوو.
٢- گۆڤاری گەلاوێژ، ئەم گۆڤارە لە سالی ١٩٧٩ - ١٩٩٦ بەردەوامبوو و (٢٨) ژمارەی لێ دەرچوو.
٣- گۆڤاری ستێر، ئەم گۆڤارە لە سالی ١٩٨٣ - ١٩٩٤ بەردەوامبوو، (٢٤) ژمارەی لێ دەرچوو، خالە گرنگەکانی ئەم گۆڤارە بریتی بوون لە وروژاندنی مەسەلەی نووسین و فێربوونی ئەلفوبێی لاتینی و دۆزینەوەی زاراوەی جێگیر بۆ خستنە نێو فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی بوو.
٤- گۆڤاری خوناف، ئەم گۆڤارە بۆ خزمەت و زیندووکردنەوەی زمانی کوردی بلاوکرایەوە، ژمارە یەکی لە ئابی ١٩٨٦ دەرچوو و تا پاییزی (١٩٩٥) بەردەوامبوو، لەم ماوەیەدا (١٨) ژمارەی لێ دەرچوو، ئەم گۆڤارە بابەتەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بوارەکانی زمان و ئەدەب و فۆلکلۆر بلاودەکردەوە.
٥- گۆڤاری گورزک گول، ئەم گۆڤارە ژمارە (١)ی لە ئاداری ١٩٨٩ دەرچوو تا بەهاری ١٩٩٢ بەردەوامبوو، (١٥) ژمارەی لی دەرچووە.
٦- گۆڤاری زانین، ئەم گۆڤارە لە سالی ١٩٩١ - ١٩٩٧ بەردەوامبوو، (١٢) ژمارەی لێ دەرچوو.
٧- گۆڤاری ڕۆژ، ئەم گۆڤارە لە سالی ١٩٩١ - ١٩٩٦ بەردەوامبوو، (٩) ژمارەی لێدەرچوو.
٨- گۆڤاری ئاسۆ، ئەم گۆڤارە لە سالی ١٩٩٢ - ١٩٩٣ بەردەوامبوو، (٤) ژمارەی لێ دەرچوو.
٩- گۆڤاری پێرس، ئەم گۆڤارە لە سالی ١٩٩٣ـەوە دەردەچێت تاکو ئێستاش بەردەوامە، ژمارەکانی تا ئێستا گەیشتۆتە (١٢) ژمارە.
١٠- گۆڤاری ڕۆژهەلات، ئەم گۆڤارە لە سالی ١٩٧٨ - ١٩٨٢ بەردەوامبوو، (٦٥) ژمارەی لێ دەرچوو، کە گۆڤارێکی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئەدەبی بوو لە لبنان لەلایەن یەکێتیی میللی کوردییەوە دەردەچوو.
١١- گۆڤاری بەهار، ئەم گۆڤارە لە سالی ١٩٩٤ - ١٩٩٧ بەردەوامبوو، تەنیا (٤) ژمارەی لێ دەرچوو.
١٢- ڕۆژنامەی نەورۆز، ئەم ڕۆژنامەیە هەر لە سالی

(١٩٩٠) دەردەچێت و تاكو ئێستا بەردەوامە و (١٥) ژمارەی لێ دەرچووە.

١٣- ڕۆژنامەی (دەنگ)، ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٩٥ - ١٩٩٨ بەردەوامبوو، (١٧) ژمارەی لێ دەرچوو.

١٤- ڕۆژنامەی دەلاڤ، ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٩٠ - ١٩٩٦ بەردەوامبوو و تەنیا (٣) ژمارەی لێ دەرچوو.

١٥- ڕۆژنامەی هێڤی، ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٩٤ دەرچوو و تەنیا دوو ژمارەی لی بلاوكرایەوە.

١٦- ڕۆژنامەی خوێندڤان، ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە بلاوكراوەتەوە و تا ئێستاش هەر دەردەچێت و (٣) ژمارەی لی دەركراوە.

كەواتە لە سەردەمێكی دیاریكراو و لە چوارچێوەیەكی دیاریكراودا ڕێگە بە زمانی كوردی لە كوردستانی سووریا دراوە، كە ئەویش خۆی لە كردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی و دەركردنی كتێبی ڕێزمانی(١٠٠) و دەركردنی گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی كوردیدا دەبینییەوە، بەجۆرێك لەم بەشەی كوردستان زمانی كوردی كرمانجی سەروو بووە و زیاتر خۆیان بە ئەلفوبێی لاتینی دەبەستنەوە، ئەویش بەهۆی كاریگەریی كوردەكانی توركیا كە هاتوونەتە ئەم بەشەی كوردستان، بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە بە ئەلفوبێی عەرەبی شت نەنووسراوە، بەڵكو كۆمەڵێ كتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار لەپاڵ ئەلفوبێی لاتینی، ئەلفوبێی عەرەبیشیان بەكارهێناوە.

**پەراوێز و سەرچاوەكان:**

*- سەرەتا باسی ئێران و توركیا و سوریا دەكەین، لەبەر ئەوەی سێ پارچەكەی تری كوردستان دەكەوێتە ئەم سێ وڵاتەوە، بۆیە هەر لەوێ باسی ڕەوشی زمانی كوردی لەپاڵ زمانی ڕەسمی ئەم سێ وڵاتە دەكەین.

١- كەریم ئەحمەد محەمەد داودی (٢٠١٠)، كورتە ئینسكلۆپیدیای جوگرافیای جیهان، بەرگی یەكەم، ل١٢٧ - ١٢٩.

٢- عەلی كەندی (٢٠٠٨)، ئینسكلۆپیدیای كوردستان و جیهان، چاپی دووەم، هەولێر، ل ٩٧.

٣- یان یەرپە (٢٠٠٤)، دابەشكردنی دەسەلاتەكان لە ئێران، و: فایەق سەعید، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل ٣١.

**- لێرەدا وشەی (قەومی) لە ئێران نەتەوە ناگرێتەوە، چونكە لە ئێران تەنیا فارس نەتەوەیە، لە نەتەوە بچووكتر، (قەوم) دەگرێتەوە، بە بڕوای فارسەكان كورد و عەرەب و تورك.... قەومن نەك نەتەوە!

٤- دستور جمهورية ايران الاسلامية، ط١، طهران، ١٤٠٣ كۆچی.

٥- دستور جمهورية ايران الاسلامية، ط١، طهران، ١٤٠٣ كۆچی.

٦- بڕوانە: محمد هماوندي (د)(٢٠٠٣)، تهديد الارض و اللغة في كوردستان - من هو المسؤول؟، دار هماوند للنشر والطبع، مطبعة رامان، السليمانية، ص ٩٦. جريدة الحياة اللندنية، عدد (١٠٧٢٩)، ١٩٩٢/٦/٢٥، صحيفة (صوت الكويت اللندنية)، ١٩٩٢/٦/٢٣.

٧- بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، پەسندكراوی كۆنگرەی چواردەم (كۆنگرەی گەشەكردن و بە جەماوەریتركردنی خەبات)، ١٠ - ١٤ی ئەیلوولی ٢٠٠٨، ل٦ - ٧.

٨- ڕەسوول سوڵتانی، زمانی زگماك لە ئێراندا، ڕ. هەولێر، ژ (٩٨٩)، ٢٠١١/٣/٩، ل١٧.

٩- قادر فەتاح ئەحمەد (٢٠١٠)، خوێندن بە زمانی كوردی لە ڕۆژهەلاتی كوردستاندا، نامەی ماستەر، بەشی كوردی - كۆلێژی زمان - زانكۆی سەلاحەددین، ل ١٣.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل ١٣ - ١٤، ئەویش وەریگرتووە لە: فاخته زمانی، سخنرانی در نشست كميسيون عالی حقوق بشر سازمان ملل متحد در خصوصی مسائل اقليتهای ملی، اتنيكی مذهبی و زبانی، سايت (اخبار روز)، ١٩ دیسامبەر، ٢٠٠٨.

١١- ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید (٢٠٠٩)، ناسیۆنالیزمی ئێران (١٩٠٦ - ١٩٤١)، نامەی ماستەر، ل١١٦.

١٢- قادر فەتاح ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل١٥.

١٣- ڕەسووڵ سوڵتانی، زمانی زگماك لە ئێراندا، ل١٧.

١٤- قادر فەتاح ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل١٧.

١٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

١٦- سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

١٧- هەمان سەرچاوە، ل١٦.

١٨- هەمان سەرچاوە، ل١٧.

١٩- بڕوانە: أ - قادر فەتاح ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل ١٩ - ٢٠، ب - بەدرەدین ساڵح (٢٠٠٠)، بزاڤی ڕووناكبیری لە كوردستانی ئێران، مێزگرد، ط. ڕامان، ژ (٥١)، (ه)ی ئەیلوولی ٢٠٠٠، ل١٦٠.

٢٠- قادر فەتاح ئەحمەد، هەمان سەرچاوە، ل٢٢ - ٢٣.
٢١- هەمان سەرچاوە، ل٢٣.
٢٢- ئەمیری حەسەنپوور(د)(٢٠١٠)، شۆڤینیسمی سۆرانی و ئەفسانەکەی، بەشی یەک: سەرەتاکان، هەفتەنامەی فەرهەنگ، ژ(٢٢)، چوارشەممە ٣ی مارسی ٢٠١٠، ل ١٠، ئەویش چاوپێکەوتنەکەی سادقی کیا لەم سەرچاوە وەرگرتووە: صادق کیا، در ایران فقط یک زبان وجود دارد، روزنامه کیهان، دوشنبه ١٨ی بەمن، ١٣٣٨ (١٩٥٩).
٢٣- ئەمیری حەسەنپوور(د)، هەمان سەرچاوە، ل١١.
٢٤- ناصر قلی سارلی، زبان فارسی معیار، ل٢٧٠.
٢٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠.
٢٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٢.
٢٧- جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، ل٨.
٢٨- عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، ل ١٦.
٢٩- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٣.
٣٠- ناصر قلی سارلی، زبان فارسی معیار، ل٣١٠.
٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣١١ - ٣١٢.
٣٢- هەمان سەرچاوە، ل٣١٣ - ٣١٤.
٣٣- مصطفی فاخوري، ص١٤٩.
٣٤- عەلی کەندی، ل١١١ - ١١٢.
35- www.wikipedia.org. wiki - Turkia.
36- www.wikipedia.org. wiki - Turkia.
٣٧- جهاد صالح (١٩٨٧)، الطورانية التركية بين الاصولية والفاشية، دار الصداقة للطباعة والنشر، بيروت، ص١٣٦.
٣٨- ڕەفیق سابیر (د)(٢٠٠٨)، بەستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاینده، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٢٥ - ٢٦.
٣٩- ئەمجەد شاکەلی(٢٠١١)، زمانی کوردی ناسنامە و نیشتمانی کوردە، ل ١٠٦.
٤٠- هەمان سەرچاوە، ل٢٦.
٤١- عەلی کەندی، ل١١٨.
٤٢- بیار مصطفی سیف الدین (٢٠٠٩)، کێشەی کورد لە پێوەندییەکانی ئەمریکا - تورکیا، و: سەرمەد ئەحمەد، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ل١٣٤.
٤٣- لقمان محو (٢٠٠٧)، الكرد و كردستان: بيبلوغرافيا مختارة و معرفة، ترجمة هڤال، مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر، اربيل، ص٢١.
٤٤- بيار مصطفى سيف الدين (٢٠٠٩)، ل١٢٥.
٤٥- هوگر طاهر توفيق (٢٠٠٤)، دور الصحافة الكردية في تطوير الوعي القومي الكردي ١٨٩٨ - ١٩١٨، دار سبيريز للطباعة والنشر، دهوك، ص٣٣ - ٣٤.
46- Martin StrohMeier (2003) Crucial image in the Presentation of Kurdsih Narional identity p.21-26. Brig Leiden - Boston.
٤٧- هۆگر تاهیر تۆفیق (٢٠٠٩)، ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ل٢٢ - ٢٣.
٤٨- زنار سلوبي(١٩٩٧)، مسالة كردستان - ٦٠ عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية، تنقيح وتقديم د. عزالدين مصطفى رسول، رابطة كاوه للثقافة الكوردية، ط٢، بيروت، ص٣٦.
٤٩- كندال (١٩٨٢)، الاكـــراد في ظل الامـــبــــراطورية العثمانية، ص٥٣.
٥٠- بیار مصطفی سیف الدین، هەمان سەرچاوە، ل١٢٧.
٥١- هەمان سەرچاوە، ل١٢٧.
٥٢- محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسور(د)(٢٠٠٤)، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عیراقدا ١٩٢١ - ١٩٥٣، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ل٢٦.
٥٣- هۆگر تاهیر تۆفیق (٢٠٠٩)، ئەلف و بێی کوردی بە پیتی عەرەبی و بە پیتی لاتینی - دروستبوون و پەرەسەندنی ١٨٩٨ - ١٩٣٢، و: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ل٣١.
٥٤- هۆگر تاهیر تۆفیق، هەمان سەرچاوە، ل٣٣.
٥٥- م. س. لازاريف (١٩٩٨)، المسألة الكردية ١٩١٧ - ١٩٢٣، ترجمة عبدي حاجي، دار الرازي، بيروت، ص٢٢٠ - ٢٢١.
٥٦- بیار مصطفی سیف الدین، هەمان سەرچاوە، ل١٢٩.
٥٧- كمال مظهر احمد (١٩٨٤)، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، ترجمة محمد ملا عبدالكريم، دار افاق عربية للطباعة والنشر، ط٢، بغداد، ص١١٠ - ١١٢.
٥٨- دستور الجمهورية التركية، موقع الجمهورية التركية www.Turkia.com.
٥٩- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، هەمان سەرچاوە، ل٢٥- ٢٦.
٦٠- م. ئە. حەسرەتیان، یاسا دەستوورییەکانی تورکیا و کورد لە سەردەمی نوێدا، ل١١٠.
٦١- هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم، هەمان سەرچاوە، ل٢٧.

٦٢- م. ئه. حەسرەتیان (٢٠٠٧)، یاسا دەستوورییەکانی توركيا و كورد لەسەردەمی نوێدا، و: د. دلێر ئەحمەد حەمەد، ل٧.
٦٣- هێرش عەبدوڵلا حەمە كەریم، هەمان سەرچاوە، ل٢٦ - ٢٧.
٦٤- ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید(٢٠١١)، ڕووداوەکانی کوردستان لە ئاوێنەی ئەدەبدا، دەزگای توێژینەوە و بلاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ل٧٦ - ٨١.
٦٥- م. ئه. حەسرەتیان، هەمان سەرچاوە، ل١٤١ - ١٤٢.
٦٦- عەلی کەندی (٢٠٠٧)، مێژوونامە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل ٧٨٥.
٦٧- حەسەن ئەحمەد مستەفا (٢٠٠٩)، گرفتە بنچینەییەکانی توركيا، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ل٨٤.
٦٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.
٦٩- عەلی کەندی، مێژوونامە، ل٧٢٥ - ٧٢٦.
٧٠- عەلی کەندی (٢٠٠٨)، ئینسكلۆپیدیای کوردستان و جیهان، ل٨٦ - ٨٧.
٧١- مصطفی فاخوری (٢٠٠٧)، ل٢٤٦.
٧٢- دێرک کینان (٢٠٠٧)، کورد و کوردستان لە نێوان بەرداشی داگیرکەراندا، و: سەلام ناوخۆش، چاپی سێیەم، هەولێر، ل٤٩ - ٥٣.
٧٣- هەمان سەرچاوە، ل٥٣.
٧٤- کەریم یەڵدز (٢٠٠٩)، کورد لە سوریا، و: شاهۆ قادر خانزاد، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل١٩٤.
٧٥- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨ - ٧٩.
٧٦- صلاح بدرالدين (١٩٩٨)، غرب كردستان - دراسة تاريخية سياسية و ثقافية موجزة، رابطة كاوا للثقافة الكردية، برلين، ص٤٢.
٧٧- هەمان سەرچاوە، ل٤٢ - ٤٣.
٧٨- لوسيان رامبو (١٩٩٨)، الكرد و الحق، ترجمة عزيز عبدالاحد نباتي، اربيل، ص١٤٣.
٧٩- هەمان سەرچاوە، ل١٤٣.
٨٠- دێرک کینان (٢٠٠٧)، ل٥٣ - ٥٤.
٨١- ليلاف حمدامين عزيز (٢٠٠٧)، الحقوق السياسية للكرد في الدول التي تضم كردستان، من مطبوعات مكتب الفكر و التوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، مطبعة مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السليمانية، ص٢٢٠ - ٢٢١.
٨٢- دستور الجمهورية العربية السورية. www.syria.people.couneel.org.
٨٣- دێرک کینان (٢٠٠٧)، ل٥٣.
٨٤- دستور الجمهورية العربية السورية.
٨٥- هەمان سەرچاوە.
٨٦- سەرچاوەی پێشوو.
٨٧- عبدالرحمن قاسملو (١٩٧٣)، کوردستان و کورد، و: عبدالله حسن زادە، لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ل٩٨ - ٩٩.
٨٨- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل (٢٠٠٩)، کورد لە سوریا ١٩٢٠ - ١٩٤٦، لە بلاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ل١٣٣.
٨٩- بدرخان سندی(د)(١٩٩٤)، میللینی یا گۆڤارا (هاوار)، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٣٣)، ل٣٤.
٩٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦ - ٢٩.
٩١- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل(٢٠٠٩)، ل١٤٠-١٤١.
٩٢- هەمان سەرچاوە، ل١٤١.
٩٣- عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل (٢٠٠٩)، ل١٤١.
٩٤- کەمال مەزهەر ئەحمەد(د)(١٩٧٨)، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل٢٣٦ - ٢٣٧.
٩٥- عبدالقادر بدرالدين (٢٠٠٠)، موجز عن مسيرة الصحافة الكردية في الجزء الغربي - سوريا، من مطبوعات رابطة كاوا للثقافة الكردية، ص٦٠ - ٦٢.
٩٦- ئیسماعیل ئیبراهیم بادی (١٩٨٩)، جەلادەت بەدرخان، گ. (دەنگێ مە)، ژ (٤)، دهۆك، ل٦١.
٩٧- هەمان سەرچاوە، ل٦٢.
٩٨- عبدالقادر بدرالدين (٢٠٠٠)، ل٦٣ - ٦٤.
٩٩- هەمان سەرچاوە، ل٦٥ - ٧٠.
١٠٠- لە کوردستانی سوریا کۆمەڵێ کتێب لەسەر زمان و ڕێزمانی کوردی دەرچوون، لەوانە:
- جەلادەت بەدرخان ئەم کتێبانەی نووسیوە:
١- ڕێزمانا ئەلفا بێ یا کوردی - شام - ١٩٣٢.
٢- ڕوپەڵنەن ئەلفابێ، شام، ١٩٣٢، ... تاد.

- کامەران بەدرخان ئەم کتێبانەی نووسیوە:
١- ئەلف و بێ یا من - دیمەشق - ١٩٣٨.
٢- ئەلفبایا کوردی - ١٩٣٩.
٣- ڕێزمانا زمانێ کوردی - ١٩٥٦.
- قەدری جان: ئەم کتێبەی نووسیوە، ئەلف و بای کوردی.
- جگەرخوێن: ئەم کتێبەی نووسیوە، اوائو دەستورا زمانی کوردی، ١٩٦١.

# بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨
# لە خانەقین و ناوچەی بنکوورە

## (لەبەر ڕۆشنایی یادداشت و دەسنووسەکانی مەلا عەزیزی شاوازدا)

**ئەحمەد باوەڕ**
**(زانکۆی گەرمیان – کۆلێژی پەروەردە)**

شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بووە مایەی ئەوەی کۆتایی بە فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی لەعیراقدا بهێنێ و سیستمێکی کۆماری نوێ بەسەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) بێتە کایەوە. هەر لەگەڵ دەسەڵات گرتنە دەستیدا، قاسم کەوتە ئەوەی کۆمەڵێک هەنگاوی جۆر بەجۆر بنێ لەبواری ڕیفۆرم و دەسەڵاتدا، لەهەمان کاتدا خۆی لەو گرووپ و ڕێکخراوە سیاسییانە نزیک بکاتەوە کە پێشتر دژی پاشایەتی و فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی کاریان دەکرد و چالاکی جۆربەجۆریان لە گۆڕەپانی سیاسی عیراقدا هەبوو یەکەم هەنگاوێکیش کە دەسەڵاتی نوێ لە بواری یاسایی و دەستووریدا کاری بۆ کرد، ئەویش پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی سەروەری (سیادة) بوو بە سەرۆکایەتی کەسایەتییەکی سەربازی سوننی کە لیوا محەمەد نەجیب ڕوبێعی و هەریەک لە محەمەد مەهدی کوبەی شیعەو خالید عەبدولباسیت نەقشبەندی کوردی بامەڕنی سەر بە قەزای ئامێدی بوو، بێجگە لەوە لەو حکومەتەشدا کە عەبدلکەریم قاسم خۆی سەرۆکایەتی دەکرد، دوو کەسایەتی کوردی وەک باباعەلی کوڕی شێخ مەحموود (١٩١٢-١٩٩٦) بۆ وەزیری هاتوچۆ و کار و محەمەد ساڵح مەحموودی بۆ وەزیری تەندروستی بەشدار کرد، هەروەها لەو دەستوورە کاتییەشدا کە بەسەریەکەوە لە(٣٠) ماددەی تەواو و (٤) دەروازە پێک هاتبوو. بەجۆرێ لە دەروازەی سێیەمیدا بەتەواوی دانی بەوەدا نابوو کە (عەرەب و کورد) لەم وڵاتەدا هاوبەشن و مافەکانیشیان لەچوارچێوەی خاکی عیراقدا پارێزراو دەبێ.

هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی شۆڕشدا و لە زۆربەی شارو شارۆچکە ئاوەدانەکانی ئەو کاتەی کوردستانی وەک: سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، دهۆک، زاخۆ، خانەقین، کفری، کۆیە و شوێنانی دیشەوە کۆمەڵانی خەڵک هاتنە سەرشەقامەکان و خۆشنوودی و پشتگیری خۆیان بۆ شۆڕش و گۆڕانکاری نوێ دووپات کردەوە و هاوکات (پارتی دیموکراتی کوردستان)یش لەو کاتەوە و لە ڕێگای سکرتێرەکەیەوە ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠٠) کە لەو دەمانەدا لەشاری کەرکووک بوو، برووسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕش نارد و پشتگیری حزبەکەی بۆ دووپات کردەوە بە جۆرێک وای بۆ

لێک دایەوە کە سەرهەڵدانی کۆماری نوێ، دەروازەی سەردەمێکی تازەیە لە بنیادنانی پێوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب بەرەو پێشکەوتنی زیاتر. دوابەدوای ئەمەو لە ١٦ی تەمموز و تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ بەسەر سەرکەوتنی شۆڕشدا (پارتی دیموکراتی کوردستان) داوای لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد کە وەک ئەرکێکی مێژوویی و بۆ بەدیهێنانی داواکانی نەتەوەی کورد، پشتگیری لە شۆڕش بکەن، بە چەند ڕۆژێ دوای ئەمەش هەر پارتی دیموکراتی کوردستان شاندێکی گەورەی جەماوەری لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستانەوە گەیاندە شاری بەغدا بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن لە شۆڕش و سەرکردایەتییەکەی بە جۆرێک گەورەترین شاندی جەماوەری لە کوردستانەوە ئەوەیان بوو کە لە ڕێکەوتی ٢٧ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨دا گەیشتە شاری بەغداو لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە پێشوازی لەو جەماوەرە گەورەیە کرا کە لەو ڕۆژەدا ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی سەرۆکایەتی کرد و تێیدا وتارێکی گرنگی خوێندەوە و پێوەندییەکانی نێوان عەرەب و کوردی لە مێژەوە تێدا ڕوون کردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا عەبدولکەریم قاسم لە ماوەی قسەکردنیدا لەگەڵ شاندی کوردی و جەماوەری کوردستاندا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە گیانی برایەتی لەنێوان عەرەب و کورددا پارێزگاری لێ بکرێ و هەوڵ بۆ ئەوەش بدرێ کە ڕێبەری شۆڕشی کورد، مستەفا بارزانی (١٩٠٣-١٩٧٩) کە لە دەرئەنجامی شۆڕشی ساڵی (١٩٤٣-١٩٤٥) و شکست هێنانی کۆماری کوردستان و لە ساڵی ١٩٤٧ـەوە پەنای بردبووە بەر یەکێتیی سۆڤێت، دووبارە لەگەڵ هەموو یاوەرانیدا بگەڕێنەوە عیراق و کوردستان، هەرچەندە هەنگاوگەلێکی لەم جۆرە نارەزاییەکی گەورەی لێکەوتەوە بە تایبەتی لەنێوەندی کاربەدەستان و عەرەبە شۆڤێنییەکانی ئەوکاتە بەتایبەتی کەسێکی وەک عەبدولسەلام عارف (١٩٢١-١٣/٥/١٩٦٦) کە یەکێک بوو لەوانەی سەرسەختانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو دۆسییەدا دەکرد. ئەوەبوو عەبدولکەریم قاسم لەسەر داوای خەڵکی کوردستان ڕازی بوو لە٢٧ ی تەمموزی ١٩٥٨ـەوە لێبوردنێکی تایبەتی بۆ بارزانییەکان و بە تایبەتی مەلا مستەفای بارزانی دەرکرد بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ وڵات، ئەوەبوو بارزانی لەسەر ئەم بنەمایەو لەگەڵ هەردوو هاوەڵیدا کە بریتی بوون لە: میرحاج ئەحمەد و ئەسعەد خۆشەوی لە ٢١ی ئابی هەمان ساڵ لە مۆسکۆوە بەرەو ڕۆمانیا بەڕێ کەوتن و لەلایەن سەرۆکی ئەو وڵاتەوە پێشوازی لێکراو پاشان لەشاری (بوخارست)ی پایتەختی هەنگاریاوە و لە ڕێگای باڵوێزخانەی (کۆماری عەرەبی یەکگرتوو)ـەوە برووسکەیەکی بۆ سەرۆک قاسم لێداو پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشەکەی لێکرد. دواتر لەوێشەوە هاتە (پراگ) ی پایتەختی چیکۆسلۆفاکیاو لەلایەن (ئەنتۆنی فۆتن)ی سەرۆکییەوە پێشوازی لێکرا، هەر لێرەشەوە داوای لەقاسم کرد کە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ فەراهەم بکا.

وەک ئەوەی سەرۆکی عیراق لە ٢ی ئەیلوولەوە وەڵامی برووسکەو داواکارییەکەی بارزانی دایەوە و بڕیاری ئەوەشی دا کە هەموو ئاسانکارییەک بکا بۆ گەڕانەوەی.

بۆ ئەو مەبەستەو بە پیرەوەچوونی بارزانی کەسایەتییەکی وەک ئیبراهیم ئەحمەد چوار پاساپۆرتی عیراقی لە وەزیری ناوخۆی عیراق وەرگرت و بەهاوەڵی و ئەندامێتی هەریەک لە نووری ئەحمەد تەها، عوبیدوڵلا بارزانی و شێخ سادق بارزانی سەردانی چیکۆسلۆفاکیایان کرد و لەگەڵ بارزانی و هاوەڵانیدا دوای ئەوەی کە سەردانی وڵاتی میسرو جەمال عەبدولناسریان کرد لەوێوە گەڕانەوە وڵات و لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ دا گەیشتەوە بەغدا بە جۆرێک لەڕێوڕەسمی گەڕانەوەیدا لە فڕۆکەخانەی (موسەننا) لە لایەن هەزاران هاووڵاتی کورد و عەرەبەوە پێشوازی لێکراو وەک میوانێک لەئوتێلی (سەمیر ئەمیس)ی ئەوکاتەی شاری بەغدا دابەزی و بە ڕادەیەکی بەرچاو پێشوازی لە کۆمەڵانی خەڵک و میوانەکانی دەکرد، بەجۆرێک لە ناوچەکانی کوردستانیشەوە بە تایبەتی لە شار و شارۆچکە ئاوەدانەکانی ئەو کاتەی وەک: هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، ناوچەی بادینان و هەروەها شارۆچکەکانی ئەو دەمانەی وەک کفری و خانەقینیشەوە هەمان ڕەوت گیرایە بەر، تەنانەت گوند و دێهاتە ئاوەدانەکانی ئەودەمانەشی گرتەوە، بۆ نموونە لە ناوچەیەکی وەک (بنکوورە)ی ئەوکاتەوە کە سەر بەشاری خانەقین بووە، چوونەتە پێشوازی مەلا مستەفای بارزانی و سەرکردەی کوردان لەم بارەیەوە و وەک لەیاداشتە دەسنووسە ڕۆژانەییەکانی کەسایەتی ناسراوی ناوچەی (بنکوورە)

مەلا عەزیزی شاوازدا هاتووە و زۆر بەوردییەوە رووداوە رۆژانەییەکانی ئەوکاتەی نووسیوەتەوە. دەبینی لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشدا لە ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ دا بەشێوازێکی سادە و بێ ئەوەی هیچ وردەکارییەکی دی بنووسێتەوە، نووسیویە: (عیراق ئینقلابی کردو عەبدولئیلا کوژرا)، هەواڵێکی لەم بابەتەو شێوازی تۆمارکردنی لەناوچەیەکی دوورە دەستی ئەوتۆدا کە لەو رۆژگارەدا تەنانەت قەڵەم و کاغەزیشی زۆر بە کەمی تێدا دەست دەکەوت و تەنیا دوو ساڵ بوو قوتابخانەی تێدا کرابووەوە، سەرەڕای ئەوەش سەرچاوەیەکی راگەیاندنی وەک رادیۆ لە چەند ماڵێکی یەکجار کەم و دەوڵەمەندا نەبێ، دەست نەدەکەوت، بۆیە بۆ رۆژی دواتر و بۆ زانینی هەواڵی زیاتر سەبارەت بە رووداوەکانی شۆڕش وەک لەیاداشتەکانیدا هاتووە خەڵکی (گوندی سەوزبلاخ) کە یەکێک بووە لە گوندە ئاوەدانەکانی ئەو رۆژگارە بە بەراورد لەگەڵ گوندەکانی دی ناوچەکە، بە زۆری کەسایەتییە ناسراوەکانی لە دەوری ئەو رادیۆیە کۆبوونەتەوە کە لەماڵی شێخ محەمەد نەجیمی کوڕی شێخ مستەفای تاڵەبانیدا هەبووە. لە رۆژی ١٥ی تەمموزداو بەهەمان شێوە وای تۆمارکردووە کە: (ئەمڕۆ مامۆستا سەید نیزامەدین و غەریبەی غەزال هاتن بۆ لای رادیۆ بۆ هەواڵی تازە لەلای ماڵی نەجیم خەبەریدا کەوا نووری سەعید کوژراوە). لێرە بەدواوە دەبینی زۆر بە تاسووقەوە کەوتوونەتە ئەوەی هەواڵی زیاتری رووداوەکان بزانن و ئەو رادیۆیانەشی کە سەرچاوەی گەیشتنی هەواڵەکانی رۆژانە بووە بۆ ئەوان، بەردەوام پێویستی بە شەحن، یان پاتری نوێ هەبووە، بۆیە بۆ ئەو مەبەستەو تاقیبکردنی هەواڵەکان خەڵکیان ناردۆتە خانەقین، یان ئەوانەیان راسپاردووە کە هاتوچۆی شاریان کردووە. وەک ئەوەی گرنگترین تۆماری رۆژانەی ئەو لە رۆژی ١٧ی تەمموزدا ئەوە بووە کە نووسیویە: (ئەمڕۆ ئەحمەد زەریفە - کە خەڵکی گوندەکەیان بووە- پاتری بۆمان هاورد بۆ رادیۆ)

جگە لە هەموو ئەوانەش لەم رۆژانە بەدواوە و وەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان، کۆمەڵانی خەڵک دەروازەیەکی نوێ و قۆناغێکی نوێ لەژیانی رۆژانەیدا دەستی پێ کردووە، ئەوەش بۆ خۆی ئەو جۆرە ئازادییە بووە کە لێرە بەدواوە باڵی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی عیراقدا کێشاوە و هەمان رەنگدانەوەش ئەم ناوچەیەی گرتۆتەوە بۆ نموونە کەسێکی وەک مەلا شەریفی زەنگنەی هاوڕێی کە پێشتر چالاکوانێکی ناو(حزبی هیوا) بووە و نازناوی (پەیوەند) بووە وا لێ کردووە کە بچێتە شاری خانەقین و وێنەی مەلا مستەفای بارزانی کە پێشتر قەدەغە بووە، دووبارە لە سەری بشواتەوە و بە ناو خەڵکدا بڵاوی بکاتەوە.لەم بارەیەشەوە ئەوەتا لە رۆژی ٢٣ی تەمموزدا دەنووسێ: (ئەمڕۆ شەریف چوو بۆ شار و وێنەی مستەفا بارزانی برد لە سەری تەبع بکاتەوە). لەرۆژی دواتر و لە٢٤ی تەمموزدا وای تۆمار کردووە کەسێکی وەک مامۆستا عەبدولسادە کە لەساڵانی پێشتردا مامۆستای قوتابخانەی گوندەکەیان بووە، نامەیەکی لەگەڵ وێنەیەکدا بۆ دەنێرێ کە وێنەی سەرۆکی تازەی عیراق عەبدولکەریم قاسم و جەمال عەبدولناسری سەرۆکی ئەو کاتەی میسری لەگەڵدا بووە وەک لە بەشێکیدا هاتووە: (کاغەزی عەبدولسادەم بۆ هات وێنەی پاڵەوانی مەزن عەبدولکەریم قاسم و جەمال عەبدولناسری لەگەڵ بوو)، کەچی لێرە بەدواوە وەک چۆن لە هەموو ناوچەو شارەکانی کوردستان و عیراقەوە شاندی جۆر بەجۆر سەردانی شاری بەغدا دەکەن و بەمەبەستی پیرۆزبایی کردن دەچنە سەردانی کردنی بەرپرسانی ئەو دەمانە، هەروەها پاشماوەکانی سیستمی پاشایەتی وەک: کۆشکی پاشایەتی و کۆشکی ریحاب، بەڵام وەکیتر بەزۆری ئەو سەردانانەی کە لەناوچە کوردنشینەکان و شارە ئاوەدانەکانی ئەو دەمانەوە رێک دەخران، بەرادەیەکی زۆر رێکخستنەکانی (پارتی) لەپشتەوەبوون وەک ئەوەی لەشارێکی ئاوەدانی وەک خانەقینی ئەو دەمانەو ناوچەی (بنکوورە)شەوە بەهەمان شێوە لەوانەبوون کە رێکخستنەکانی حزبێکی سیاسی وەک پارتی دینامیکییەت و رێکخەری بوون، لەلایەکی دیشەوە گەلێک کەسایەتی ژیر و هوشیاریش لەوانەبوون کە هەر بەخۆیان هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی وڵات وای لێ کردن کە بەپیری ئەو بارودۆخەوە بچن و بەڵێن و پیرۆزبایی خۆیانی بۆدووپات بکەنەوە. لەم بارەیەشەوە و لە ٢٥ی تەمموزی هەمان ساڵەوە باسی لەوە کردووە: «ئەمڕۆ چووم بۆ خانەقین، بریار وابوو زوو بچم بۆ بەغدا، کەچی کردمیانە هاوڕێی مەلا عارف بۆ ئەوەی پێکەوە بچین. ئەوەبوو نانی نیوەڕۆم لە ماڵی مەلا عارف خوارد،

سەعات سێ سوار ئۆتۆمبیل بووین بۆ بەغدا، لە سەعات شەش گەیشتینە جێ، بۆ مەغریب لە ئوتێل (رشید جدید) یەکمان گرد -مەبەستی ئەو شاندەیە کە لە کوردستانەوە چوو بوون- لە (ئوتێل ڕەشید) خەوتین شەوی بە (٥٠٠) فلس»، بەڵام لە ڕۆژی دواتر، واتە ٢٦ ی تەممووزدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە: «ئەمڕۆ وەعدی ئەوەمان هەیە بچین بۆ لای (رئیس وزرا) دواتر من و مەلا عارف لای (ئوتێل شەهرەزاد) چاوەڕێمان کرد وتیان قەرار دراوە بۆ بەیانی ڕۆژی یەک شەممە». پێش ئەوەی بچنە سەر مەوعید و لە ڕۆژی دواتردا سەردانێکی کۆشکی ڕیحاب دەکەن و ئەوسا لەگەڵ شاندەکەدا کۆدەبنەوە، چونکە بەخۆی لە یاداشتی ڕۆژی ٢٧ی تەممووزدا ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە ڕۆژی یەک شەممە: «چووینە قەسر ڕیحاب و چەند سەعاتێ خەریک بووین، دوایی هاتینەوە بۆ ئوتێل و وەفد هەمووی حازربوو لە سەعات یەک کەوتینە ڕێ بۆ لای وەزارەتی دیفاع، کە چووین ئیبراهیم ئەحمەد یەک سەعات خوتبەی دا» لەم ماوەیەدا کەسایەتییەکی وەک ئیبراهیم ئەحمەد کە سکرتێری پارتی بووە و لە درێژەی وتارەکەیدا کە گەورەترین شاندو جەماوەری کوردستان تێیدا ئامادەبوون، بە زۆری باسی لەبرایەتی نێوان کورد و عەرەب کردووە، هەر لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە تاڕۆژی گەیشتبووە ئەو گۆڕانکارییەی کە لەو ڕۆژەدا هاتبووە کایەوە، بەڵام لە ڕۆژانی دواتردا بە هەمان تەرز لەسەر چۆنێتی ڕووداوەکان دواوە و باسی چۆنێتی گەڕانەوە و ڕێوڕەسمی گەڕانەوەی کردووە تا ئەوکاتەی گەیشتۆتە ڕۆژی ٢٩ی تەممووز و لە یاداشتی ئەمڕۆیدا تەنیا یەک بەیت شیعری نووسیوە و پێ دەچێ هی خۆی بێ:

**کاکە تۆ مەگری کورد لەغەم دەرچوو**

**کاتێکت زانی وەکو شیر هەڵچوو**

لە ٧ی ئابی ١٩٥٨ بەدواوە کە دەکاتە ڕۆژی پێنج شەممە بە هەمان شێوە ئەو ڕووداوانەی تۆمار کردووە کە پێوەندییان بە شۆڕشی تەممووز و گۆڕانکارییەکانییەوە هەیە، لەوانە چۆنێتی دەستاودەستکردنی وێنەی عەبدولکەریم قاسم لەناو خەڵکداو تا دەگاتە ئەوەی لە ١٨ی ئەیلوولی ١٩٥٨دا دەنووسێ: (عەبدولکەریم قاسم بەیانی تەنفیزی تەقسیم ئەرازی کرد)، کەچی لێرە بەدواوە یاداشتەکانی ڕۆژانەی بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە کەسایەتییەکی وەک مەلا مستەفای بارزانی چۆن لەلایەن حکومەتی تازە دامەزراوی عێراقەوە بڕیاری ئەوەی بۆ دەردەچێ کە بگەڕێتەوە عێراق، بە تایبەتی لە ٦/١٠/١٩٥٨ەوە کە بارزانی دوای ئەوەی سەردانی (پراگ) و (قاهیرە) دەکاو لەوێوە دەگاتەوە بەغدا و چۆن لەلایەن جەماوەرێکی گەورەی عێراقەوە بە کورد و عەرەبەوە سەرەڕای حزبە سیاسییەکانی ئەو دەمانە لە (فرۆکەخانەی موسەننا) پێشوازی لێ دەکرێ کەسێکی وەک ئەمیش لە یاداشتەکانی خۆیدا نووسیویە (مەلا مستەفا داخلی بەغدا بوو) هاوکات لە ڕۆژانی دواتردا زۆر بە تاسەوە دەچێتە شاری خانەقین و دەکەوێتە هەواڵ پرسینی بارزانی: (چوومە خانەقین بۆ هەواڵپرسینی مەلا مستەفای بارزانی)، تەنانەت لەو ڕۆژانەشدا کە کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستانەوە چوونەتە پێشوازی بارزانی، ئەمیش بۆ خۆی دەنووسێ کەوا لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوکارانیدا لەوانە مەلا شەریفی زەنگنە و مامۆستایان محەمەد سەعید و کەمال ئەفەندی: «سەعات دوازدە لە خانەقینەوە کەوتینە ڕێ بۆ بەغدا بۆ پێشوازی مەلا مستەفای بارزانی سەعات چوار و نیو چووینە (ئوتێل سەمیر ئەمیس) پاش هوتافات و خیتاب خۆر ئاوا بوو. دوایی چووین بۆ شارع ئەمین. شەو لە (فندق فەرەح کەوکەب) خەوتین.

ئەوەشی کە زیاتر پێوەندی بە هەواڵەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووز و ناوچەی (بنکوورە)وە بێ و لە یاداشتەکانی مەلا عەزیزی شاواز واتە (زیرەک)دا تۆمار کرا بێ لە ٨ی مانگی تشرینی هەمان ساڵدا ئەوەی بۆ باس کردووین کە: «ئەمڕۆ ڕەشەبایەکی توند و ساردی هات. هەموو خەڵکی (سەوز بلاخ) لە (تازەدێ) دەعوەت بووین. مەولوودی جمهوریەت بوو».

# بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

«شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ دەرگایەکی نوێ بوو لەبەردەم کاروانی ژیانمدا.»

**کەریم شارەزا**

**پێشەکی**

بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، لە ژیانێکی سەختدا دەژیام، چونکە هەرچەندە مامۆستا بووم لە شارەکەی خۆمدا و کەمە مووچەیەکم هەبوو ژیانمی پێ دابین بکەم، بەڵام سەبارەت بە گوشاری حکوومەتی پاشایەتی لەسەرم لە بارەی بیروباوەڕی سیاسیم و ژیانم لەگەڵ کاکە دلزارم کە شیوعییەکی ناسراوبوو چەندان ڕاپۆرتی خراپم لە هەق دەنووسرا و دەناردران بۆ فەرمانگەی پۆلیس و ئاسایشی شارەکەمان و بانگ دەکرام و ئاگادار دەکرامەوە کە لەگەڵ برادەرانم کار لە دژی حکوومەت دەکەم، بەڵام هەمووجار بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستای خوالێخۆشبوو جەلال حەوێزی لەلای بەڕێوەبەری پۆلیس و ئاسایش پاکانەی بۆ دەکردم کە لە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیدا نیم و مامۆستایەکی پەروەردکارم بە دڵسۆزیی وانەکانی زمانی عەرەبی و کوردی سەرکەوتووانە دەڵێمەوە و چالاکی دیکەی وەک دەرچوواندنی پەخشنامەی سەر دیوار و دەوربینینم لە نمایشە وەرزشییەکانی قوتابخانەکانی قەزای کۆیە، وەک بێژەر و پێشکەشکاری چالاکی هونەریی لەلایەن تیپی سروود و مۆسیقای قوتابخانەکەمان ئەنجام دەدەم.

لەلایەکی دیکەشەوە چەندین جار بانگ دەکرام بۆ دیوانی قایمقامیەت لە سەردەمی قایمقامیەتی خوالێخۆشبوو (هادی چاوشلی) لە پایزی ١٩٥٦ تاکو تەمموزی ١٩٥٨ بۆ ئەوەی گوشار بخەمە سەر کاکە دلزاری برا گەورەم تا پاکانە لە شیوعییەت بکات، منیش پێم دەگوت: ئەو برا گەورەمە و ناتوانم گوشاری بخەمە سەر و دەی خۆت بانگی بکە و ئەم داوایەی لێ بکە. ئەویش دەیگوت: (من لەسەر فەرمانی حکوومەت ئەم داوایەم چەندین جار لێکردووە، کەچی بێ سوود بووە و پاکانەی نەکردووە)، منیش گوتم: (جەنابی قایمقام، کەواتە چۆن

به داواکاریی من ئەم کارە دەکات و دەست لە بیروباوەڕی خۆی هەڵدەگرێت؟).

**هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨**

هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی پێشکەوتووخواز دەرگایەکی نوێی لەبەردەم کاروانی ژیانمدا کردەوە و لەگەڵ جاڕدانی بەیاننامەی ژمارە (١)ی ئەم شۆڕشە، لەوە گەیشتین کە ئەمە شۆڕشێکی پێشکەوتووخوازی گەلانی عیراقە بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوایەتییەکانییەوە و لەو ساوە ئاسۆیەکی گەشی ئازادی لەبەردەم میللەت دەرکەوت و لە هەموو لایەک بووە خۆپیشاندانی جەماوەریی و وردە وردە هەواڵی ڕووداوەکانی ئەو شۆڕشە مەزنەش بڵاوکرایەوە و ئەوەمان زانی کە بنەماڵەی پاشایەتی هەر لە عەبدولئیلای جێنشینی مەلیک و خودی مەلیک فەیسەڵی دووەم کوژراون و بە کوشتنی یەکەمیان خەڵکەکە زۆر دڵشادبوون، بەڵام بە کوشتنی مەلیک فەیسەڵی تەمەن (٢٣) ساڵ نیگەران بوون، چونکە جاریێ چ کارێکی وای نەکردبوو تاکو لەسەری بکوژرێ. لەلایەکی دیکەشەوە کە زانرا (نووری سەعید)ی سەرۆک وەزیرانی ئیتیحادی هاشمی (عیراق- ئوردن) نەکوژراوە خەڵکەکە ترسێکی زۆریان کەوتە دڵ و لەوە دەترسان نەبادا بەو ناوەی کە سەرۆک وەزیرانی هەردوو هەرێمەکانی (عیراق- ئوردن)ە بەپێی یەکگرتنی هاشمی کە لە شوباتی ١٩٥٨ بەسترابوو، داوای یارمەتی عەسکەری لە حکوومەتەکانی پەیمانی بەغدا (سەنتۆ) بکات و بێن و شۆڕشەکە لەناو ببەن، بەڵام بۆ ڕۆژی ١٥ی تەمموز کە ڕاگەیەنرا نووری سەعید بە جلی ژنانەوە کوژراوە، جەماوەر لە هەموو لایەک بەجۆشتر کەوتنە شایی و شادی دەربڕین.

حکوومەتی شۆڕش بە سەرۆکایەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم پارێزگارەکانی هەموو پارێزگاکانی عیراقی گۆڕی و کەسایەتی نیشتمانپەروەری دڵسۆزی میللەتی لەجێ دانان.

بۆ پارێزگای هەولێر لە جێی خالید نەقشبەندی کە کرابوو بە ئەندامی (ئەنجوومەنی سیادە) بەناوی کورد، لیوا ڕوکن عەلائەدین مەحموود کرا بە پارێزگای هەولێر و دوای هەفتەیەک بەسەر شار و قەزاکاندا گەڕا و سەردانی کۆیەی کرد و زۆر بە گەرمی لەلایەن کەسایەتی و جەماوەری شارەکە پێشوازی کرا و لە دیوانی قایمقامیەت دانیشت و نوێنەری چین و توێژەکانی خەڵکەکە چوونە سەردانی و داخوازییەکانیان پێشکەش کرد و یەکێک لەو داخوازییانەیان گواستنەوەی قایمقام (هادی چاوشلی) بوو، ئەندامان و هەوادارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ لادانی بوون، بەڵام ئەندامان و هەوادارانی حزبی شیوعی ئەو داواکارییەیان لەلا پەسند نەبوو و منیش یەکێک لەوانەبووم دەمگوت: ئەم زاتە هەرچەندە لەسەر داوای حکوومەت ئازاری داوین، بەڵام چونکە گەلێک چاکسازیی باشی لە شارەکەدا کردووە وەک کردنەوەی شەقام و دروستکردنی کتێبخانەی گشتی و کردنەوەی ڕێگای کۆیە- ڕانیە و پرۆژەی دروست کردنی گەرەکی سەرباغ لە شارەکەدا، بۆیە پێویستە بە ڕێزەوە بگوازرێتەوە بۆ قەزایەکی تر. جەنابی پارێزگار ئەو زاتەی گواستەوە بۆ هەولێر و بەشێوەیەکی کاتی کردییە سەرۆکی شارەوانی هەولێر و لەجێی ئەو بەشێوەیەکی کاتیش (فەوزی جەمیل سائیب)ی قایمقامی ڕواندزی گواستەوە بۆ قەزای کۆیە و دوای ئەویش کەسایەتییەکی دڵسۆزی کوردایەتی (عەبدولوەهاب فەیزی حیکمەت)ی کردە قایمقامی کۆیە.

لە هەموو شارەکانی کوردستان شاندی کورد بۆ پیرۆزبایی کردن لە سەرکردەی شۆڕش زەعیم عەبدولکەریم قاسم چوونە بەغدا و لە ڕۆژی ٢٧ی تەمموزی ١٩٥٨دا زەعیم پێشوازی لێ کردن و سوپاسی ئەو پیرۆزباییەی کردن و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کە ئەوکات سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەناوی هەموو شاندەکان بە وتارێک پیرۆزبایی کوردی گەیاندە ئەو سەرکردەیە و بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژیش دەستووری کاتی کۆماری عیراق بڵاوکرایەوە کە لە ماددەی سێیەمدا دان بەوەدا دەنێ کە (عەرەب و کورد لەم نیشتمانەدا هاوبەشن) و ئەم داننانە بە نەتەوەیەکی سەرەکی لە عیراقی نوێدا بووە بنچینەی داننان بە مافی ئۆتۆنۆمی کورد و لە دواتریش مافی ئەوەی هەبێ کوردستانی باشوور ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی لە عیراقێکی فیدراڵدا وەک ئێستا گەیشتووینە ئەم قۆناغە، بێجگە لەمەش لە دروشمی دەوڵەتی کۆماری عیراقدا خەنجەری کورد بەرانبەر بە شمشێری عەرەب داندرا و ڕەنگی زەردیش کە ڕەمزە بۆ ڕابردووی کورد لەناو ئەستێرەیەکی ناوەڕاستی ئاڵای سەروەریی دەوڵەتی داندرا.

لە سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨دا، پۆلیسێک هاتە قوتابخانەکەمان و داوای لە بەڕێوەبەر کرد، ڕێگە بدات من بچم بۆ لای قایمقام، جەنابی

بەڕێوەبەریش مامۆستا جەلال حەوێزی زۆر پەشۆکابوو، وای دەزانی وەکو سەردەمی پاشایەتی بۆ گرتنم بانگم دەکەن. منیش لەگەڵیدا چووم بۆ لای قایمقام و لە دوورەوە بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێ کردم و پێی گوتم: (من بۆیە لە دوام ناردووی، چونکە بیستوومە تۆ نووسەر و شاعیری و لەم ڕۆژانەدا جەماوەری کۆیە خۆپیشاندانێک بۆ پشتگیری حکوومەتی زەعیم عەبدولکەریم قاسم ساز دەکەن، منیش حەز دەکەم وتارێک بخوێنمەوە، داوات لێدەکەم وتارێکم بە کوردییەکی ڕەوان بۆ بنووسی تاکو وەک کارگێڕی قەزای کۆیە بەرانبەر خۆپشاندەران بیخوێنمەوە. منیش گوتم: بە سەرچاو بۆ سبەی بۆتی دێنم و بۆشت دەخوێنمەوە تاکو جەنابتان بەڕەوانی بەرانبەر بە جەماوەری خۆپشاندەر بیخوێننەوە، بۆ ڕۆژی دوایی کە چووم بۆ لای و گوتیان: کەریم شارەزا هاتووە یەکسەر گوتی: با بفەرمووێ، منیش چوومە ژوورەوە و وتارەکەم وا بۆ نووسیبوو کە سەرۆکی هەرە گەورەی قەزاکەیە و هەرچی میللەت پێی بوێ و دەوڵەت پێی بکرێ بۆ ئەم قەزایەی دەکات. کە بۆم خوێندەوە دەستخۆشی لێ کردم و فەرمووی چۆنم دەویست تۆ وات بۆ نووسیوم. دوای دوو ڕۆژ خۆپشاندانەکە لەبەردەم دەرکی سەرای کۆنی کۆیە کە ئێستا (فولکەی حاجی قادری کۆیی)یە سازدرا و خۆپیشاندانەکەی جەماوەریش کە لەژێر چاودێری بەرەی دووقۆڵی نێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێکخرابوو دەستی پێکرد، من بە ناوی هەوادارانی حزبی شیوعی بەڕێوەبەری بەرنامەی خۆپشاندانەکە بووم و (خالید سەعید) کە بە دکتۆر خالید ناسرابوو نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە پێشکەشکردنی بڕگەکانی بەرنامەی خۆپیشاندانەکە. جەنابی قایمقام وتارەکەی پێشکەش کرد و خوالێخۆشبوو کاک عوسمان عەونی شاعیر و من سەرو هۆنراوەیەکی سیاسیمان پێشکەش بە جەماوەری خۆپیشاندەر کرد و لە هەموو لایەکیش هاواری (بژی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی پێشکەوتووخواز) و (بژی برایەتی کورد و عەرەب) و (بژی سەرۆکمان زەعیم عەبدولکەریم قاسم) بەرز دەبووەوە، لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەی ١٩٥٨/٢/٢دا خۆپیشاندانەکە کۆتایی هات.

**بەشداریی کردنم وەک نوێنەری مامۆستایانی کۆیە لە کۆنگرەی یەکەمی سەندیکای مامۆستایانی کۆماری عیراقدا**

لە سەرەتای مانگی یازدەی ساڵی ١٩٥٨دا حکوومەتی کۆماری عیراق ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی سەندیکایەک بۆ مامۆستایانی عیراق پیشان دا و لەو ساوە مامۆستایان لە بەغدا و لە پارێزگاکاندا کەوتنە خۆ بۆ دامەزراندنی ئەو سەندیکا پیشەییە و پێکەوەنانی لیژنەی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی یەکەم و دانانی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکاکە. تاکو جێی (کۆمەڵەی مامۆستایان) بگرێتەوە کە لە ڕووی پیشەییەوە هیچی بۆ مامۆستایان نەدەکرد.

لە هەولێر لیژنەیەکی ئامادەکار دامەزرا و من پێوەندیم پێوەکردن و خۆم پاڵاوت بۆ ئەندامیەتی کۆنگرەی دامەزرێنەری سەندیکاکە لە بەغدا و لە ئەنجامدا لیستێک لە ئەندام و هەوادارانی حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان پێکهات بۆ ئەوەی مامۆستایانی سەرجەم قەزای هەولێر، لە ناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ لە تەلاری دواناوەندی هەولێر کە ئێستاکە بەشێکە لە تەلاری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەو پاڵێوراوانە هەڵبژێرن کە متمانەیان پێ دەکەن ببنە نوێنەریان و پارێزگاری لە مافەکانیان بکەن.

هەڵبژاردنەکە لەژێر چاودێری دادوەر و نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردە و لیستی پیشەیی و لیستی سەربەخۆ بەڕێوەچوو و ئەوەی شیاوی باسیشە بۆ هەر ٥٠ مامۆستا نوێنەرێک بۆ کۆنگرە هەڵبژێردرا و بە هەموو پارێزگای هەولێریش ٧٠٠ مامۆستا هەبوون، بۆیە ژمارەی پاڵێوراوانی لیستەکە ١٤ مامۆستابوون و لە ئەنجامدا ئەم زاتانەی خوارەوە لە لیستی پیشەیی بە ئەندامی کۆنگرەی یەکەمی سەندیکای مامۆستایانی عیراق هەڵبژێردران:

١- ئەنوەر تاهیر بەکر.
٢- بورهان نەجمەدین.
٣- پەترۆس گۆرگیس.
٤- جەلال شەریف.
٥- حەیدەر عوسمان.
٦- خالص جەواد.
٧- خەلیل حەمەد خۆشناو.
٨- عەبدوڵڵا زێباری.
٩- کەریم شارەزا.
١٠- محەمەد عەبدوڵڵا ڕۆستەم.
١١- محەمەد عەلی دزەیی.
١٢- مووسا خەلیل.

١٣- مەجید ئەحمەد ئاسنگەر.
١٤- خاتوو نەیلۆفەر وجدی.

دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە لە بەغدا بڕیاری دا لە ڕۆژی **١٩٥٩/٢/٢**دا لە شاری بەغدا و لە هۆڵی مەلیک فەیسەڵی دووەم کۆنگرەکە ببەسترێ و بەو پێیە ئەندامە هەڵبژێردراوەکان لە ڕۆژی (١)ی شوباتەوە گەیشتنە بەغدا و دوای نیوەڕۆ کۆبوونەوەیەکی ئامادەکاری لە خوێندنگای غەربیەی ناوەندیی سازدرا و لەو کۆبوونەوەیەدا مامۆستا عەبدولغەنی چەرچەفچی سەرۆکی کۆمەڵەی هەڵوەشاوەی مامۆستایان وتارێکی سەرپێی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و تێیدا گوتی: «ئەرکی سەندیکا ئەوەیە پارێزگاری لەمافی پیشەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی مامۆستایان بکات و (کۆمەڵەی هەرەوەزی لەکارکردن) دابنێ تاکو مامۆستایان جلوبەرگ و خۆراکی خۆیان بە نرخێکی هەرزانتر لە بازاڕ چنگ کەوێ و کۆمەڵەی دروستکردنی خانووانی بۆ پێک بێت تاکو مامۆستا بە نرخێکی گونجاو خانوویەک بۆ خێزانەکەی دابین بکات. ئێمەی خوێن گەرمی سیاسەت ئەوەندە گوێمان بە وتارەکەی نەدا، چونکە هەر لە پیشە و دەستکەوتی مامۆستایانەوە دوا، بەڵام دوای ئەو هاوڕێ (عەزیز ئەلشێخ)ی ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی و پاڵێوراوی جێگری یەکەمی نەقیبی سەندیکا وتارێکی سیاسی پێشکەش کرد و گوتی سەندیکا ئەرکی نیشتمانی و سیاسیشی لەسەرە، بۆیە دەبێ ئێمە هەموومان بە یەک هەڵوێست پشتی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و سەرۆک عەبدولکەریم قاسم بگرین. ئێمە دەمانگوت: ئەم قسانە تەواون، کەچی لە ڕاستیدا بۆ توێژی مامۆستایان وتەکەی عەبدولغەنی بەکەڵک و ڕاست و تەواوبوون، چونکە ئەوەی هاوڕێ عەزیز ئەلشێخ گوتی زیاتر ئەرکی سیاسی حزبەکانە نەک سەندیکا.

## کردنەوەی کۆنگرە

سەرلەبەیانی ڕۆژی **١٩٥٩/٢/٢** کۆنگرەکە بە چاودێری زەعیم عەبدولکەریم قاسم کرایەوە، بەڵام خۆی لەبەر کاری پێویستتر ئامادە نەبوو، لە جیاتی خۆی وەزیری مەعاریف (پەروەردە) بە وەکالەت هەدیب حاجی حموود ئامادەبوو، بە وتەیەک کۆنگرەی کردەوە و چەند وتارێکی نوێنەری لیستەکان خوێندرانەوە و منیش ڕوخسەتم وەرگرت و لەسەر شانۆ شیعرێکم خوێندەوە کە بە زمانی کوردی بوو بەناوی (هێزی گەل) و سەرەتای بەم جۆرە دەستی پێ دەکرد:

**هێزی گەل هێزی خەبات و ڕاپەڕین**
**هەروەکو بورکانی گەرمی ئاگرین**
**کەوتە کڵپەداری ژینی دوژمنی**
**کرد بە زوخاڵ هەر لە پەپوو تابنی!**

تا لە کۆتایی گوتم:

**ڕەورەوەی مێژوو بەرەوە پێش بێ گومان**
**هەر دەسووڕێ هەر دەسووڕێ بێ وچان!!**

بۆ دوای نیوەڕۆ بەسەر چەند لیژنەیەک دابەش کراین، ئێمەی کورد بە زۆری چووینە لیژنەی نەتەوەکان. لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تورکمانی کەرکووک و یەک- دوو مامۆستای عەرەب و سەرۆکی لیژنەکەشمان مامۆستایەکی شیوعی بوو بەناوی (عەلی ئەلشۆک). ئێمەی ئەندامانی کورد هەوڵێکی زۆرمان دا بۆ دەستکەوتی گرنگ بۆ پرۆسەی خوێندن لە کوردستاندا بە زمانی کوردی وەک:

١- دانانی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ خوێندنی کوردی.

٢- بەستنی کۆنفرانسێکی ساڵانە بۆ مامۆستایانی کورد بۆ پەرەپێدانی خوێندنی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستاندا.

لێرەدا نوێنەری تورکمانەکان بەرهەڵستی ئەم دوو داواکارییەیان دەکرد و دەیانگوت: ئێمە عیراقین دەبێ تەنیا بەزمانی عەرەبی بخوێنین، چونکە زمانی قورئانی پیرۆزە. ئێمەش بەرپەرچمان دەدانەوە و دەمانگوت: ئەم مافەمان بەپێی ڕاسپاردەی (کۆمەڵی گەلان) و (یاسای زمانە و ناوخۆییەکانی عیراقە) کە لە ساڵی **١٩٣١**دا دەرچووە ئێمە هەر بە کوردی خوێندوومانە و دەخوێنین و سەرۆکی لیژنەکەش لەگەڵ ئێمەدابوو و داواکارییەکەمان چەسپا و بۆ ڕۆژی دوایی دەستەی گشتی کۆنگرەکە پەسندی کرد.

## ئاهەنگی کۆکتێل لە بەهووی ئەمانەی بەغدا و ئامادەبوونی زەعیم عەبدولکەریم قاسم

کۆنگرەی سەندیکای مامۆستایان ئاهەنگێکی لە هۆڵی (بەهووی ئەمانە) لە ئێوارەی یەکەم ڕۆژی سازدا و لەناکاو زەعیم عەبدولکەریم بە یاوەری وەسفی تاهیر لەگەڵ شاعیری مەزنی عەرەب جەواهیری هاتن و بە شەپۆلێکی چەپڵە و هوتاف پێشوازیکران، زەعیم وتارێکی بەنرخی لە بارەی پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە

و فـێـرکـردن لە کـۆمـاری عـیـراقـدا پێـشکەش کـرد و جەواهیـریش هۆنراوەیەکی بەرزی لە سـتـایشـی زەعـیم و کـۆمـاری پێـشکەوتووخـوازی عـیـراق پێـشکەش کـرد. دوابەدوای ئەویش خوالێخۆشبوو مامۆستا خەلیل حەمەد خۆشناو هۆنراوەیەکی بەزمانی کوردی خـوێندەوە، کە لێ بووەوە پەیامنێـری ڕۆژنامـەی (ئـیـتـحـاد ئەلشـەعب)ی زمانحاڵی حزبی شیوعی بوو داوای لە من کرد هەندێک لەو هۆنراوەیەی بۆ بکەمـە عـەرەبی و منیش بەپێی توانایی کـارەکەم کـرد و بۆ ڕۆژی دوایی لەگـەڵ هەواڵی ئاهەنگەکە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکرایەوە.

### دیدەنی زەعیم عەبدولکەریم قاسم لەلایەن شاندی مامۆستایانی کوردەوە

لە نیـوەڕۆی ڕۆژی دووەمی کـۆنگرەکـە شـانـدێکی مامـۆستـایانی کورد و یەک دوو مامـۆسـتـای بەغـدایی، چووینە دیدەنی سەرۆک عەبدولکەریم قـاسم لە وەزارەتی بەرگریی کە پێشتر وادەکەیان بۆ دەستنیـشان کرابوو. کە گەیشتین لە هۆڵێکی گەورەیان داناین و لەلایەن یاوەری زەعیم جەنابی (وەسفی تاهیر) پێشوازی کراین و گوتی: زەعـیم لەگـەڵ باڵیـۆزی هیند کۆبۆتەوە، کە میـوانەکەی ڕۆیشت دێتە دیدەنیـتـان. زۆری پێ نەچوو زەعـیم هات و ئێمە بە چەپڵە و هوتافی گەرم پێشوازیمان لێ کرد و هات لە سەرەوە لەپاڵ مێزێکی دوور و درێژ دانیشت و ئێمەش لەدەوری کۆبووینەوە. شاعـیری بەغدایی خـاتوو (وەفـیە ئەبو قـلام) هۆنراوەیەکی لە سـتـایشی زەعـیم و دادگـای گەل پێشکەش کرد و دوابەدوای ئەویش من هۆنراوەیەکی خۆم خوێندەوە کە سەرەتاکەی بەم جۆرە بوو:

**دەوەستین گشت قوتابی و خوێندەوار و کارگەر و جووتیار**
**لەژێر بەیداغی ئازادیت بەیەک دەنگ و بە یەک بڕیار**

ئینجا زەعـیم وتارێکی بەنرخی لە بارەی پەرەپێدانی پرۆسەی خوێندنی بنەڕەتی تا دەگاتە زانستگا پێشکەش کــردین و بە چەپڵــە و هوتاف وەڵامـمان دایەوە کـــە لە دیدەنییـەکە بووینەوە یاوەرەکـانی زەعیم هۆنراوەکـەمـیـان نارد بۆ ئێـسـتـگەی ڕادیـۆی کـوردی بەغـدا و چەندجـار خوێندرایەوە.

### دیدەنی بارزانی نەمر لە بەغدا

سـەر لە ئێـوارەی ڕۆژی دووەمی کـۆنگرەکـە، ئێـمـەی مامۆستایانی هەولێر چووینە دیدەنی سەرکردەی کورد کە چەند مـانگێک بوو لە یەکـێـتـی سـۆڤـیـەتی جـاران گەڕابووەوە عیراق و کوردستان، کە گەیشتینە بارەگاکەی کە لە کۆنە قەسرەکەی نووری سەعید لەبەری کەرخ بوو، ڕوومـان کـردە ئەو هۆڵەی کـە بارزانی پێـشـوازی لە مـیـوانانی دەکرد، لەو دەمـەدا کـۆمـەڵێک کەسـایەتی و سەرۆک هۆزی عـەرەب، هەستان و جێگاکەیان چۆڵ بوو، بۆیە ئێمەیان لەجێی ئەوان لە تەنیشت بارزانیی نەمر دانا و بە گـەرمی بەخـێـرهـاتنی کـردین و ئێـمـە داوای سەرکەوتنمان بۆ کرد و بەخێرهاتنەوەمان کرد.

لەو دەمـەدا خـوالێـخـۆشـبـوو مـحـەمـەد تۆفـیق وردی نیشتمانپەروەر و فۆلکلۆریست لەگەڵ لاوێک لە بەردەمی بارزانی وەسـتـابوون. ئێـمـەی بەو زاتە مـەزنە ناسـاند و گوتی: ئەمە مامۆستا جەلال شەریفە نیشتمانپەروەرێکی دڵسـۆزە و دەسـتـی بۆ منیش درێژ کرد و گـوتی: ئەمـەش کەریم شارەزایە شاعـیرێکی لاوی کۆییە. کەوای گوت وامزانی چوومەتە ئاسمان، ئینجا مامۆسـتـایان مەجید ئاسنگەر و مـووسـا خـەلیـل و ئەنوەر تاهیـر و ئەوانی دیکەی بە سەرۆک بارزانی ناساند.

ئینجا بە وردی بە بارزانی گوت: ئەم لاوەی کە لە تەکم وەسـتـاوە کـوردی سـووریـیـە و کـتـێـبـێکی داناوە بەناوی (دۆستایەتی کورد و عـەرەب) بە زمانی عەرەبی، دەیەوێ پێشـەکـییـەکی کورتی بە ئیـمزای خۆت بۆ بنووسی تاکو کـتـێبـەکەی بەهادار بێت، ئەمیش لە وەڵامـدا گـوتی: بە ڕۆژ مـیـوانم زۆرە و بەجێی بێـڵن تاکـو بەشـەو شـتـێکی کورتی بۆ بنووسم و ئێوەش پاکنووسی بکەن.

دیدەنـیـیـەکـەمـان نزیکەی کـاتژمـێـرێکی خـایاند و وامانزانی خولەکێکە و بۆمان بووە دەرفەتێکی مێژوویی لە کاروانی ژیانمدا.

### هەڵبژاردنی نەقیبی سەندیکای مامۆستایان

لەدوا کـۆبوونەوەی دەسـتـەی گـشـتی کـۆنگرەکـە لەژێر چاودێری دادوەرێک، نەقـیبی سەندیکای مـامـۆسـتـایانی عـیـراق هەڵبـژێردرا ئەویش دکـتـۆر فـەیسـەڵ ئەلسـامـربوو، لەگەڵ دوو جێگری، یەکەمیان هاوڕێ عەزیز ئەلشێخ بوو، دووەمـیشـیـان مـامـۆسـتـا ڕەفـیق حیلمی بوو بەو ناوەی کە مـامۆستایەکی کوردی نیشـتمـانپەروەری تێکۆشەرە و بەم جۆرە کۆتایی بە کۆنگرەکە هات و لەسـەرجـەم ئەندامـانی کە ٤٠٠ نوێنەربوون، ٤٣ ئەندامی کـورد بەشداری تێدا کـرد و هەندێک دەسـتـکەوتی بەنرخـیـان لە مـەیدانی پرۆسەی خوێندن بە کوردی لە کوردستاندا بەدەست هێنا.

# ئارکێولۆژیای کات و شوێن لە ئێستای هونەردا

سۆران ئیسماعیل


هەر کــــارێکی هونەری، ئەگـــەر بەدەربێت لە هەر کردەیەکی یاساوڕێساکانی پێکهاتەی تابلۆ، ئەوکاتە هیچ گــەیەنەرێکی تیـــزی داهێنان و دانســـقــەیی لە بوونی کارەکەدا نابێت بە بار بۆ گۆڕینی لە دۆخێک بۆ دۆخێکی تر، ئەم گـۆڕینەش سـانا نییـە لە مـاوەیەکی کـورت بێـتـە کایەوە، بەڵکو ماوەیەکی درێژخایەن و تەمەنیکی زۆری هونەری هونەرمەندی گەرەکە.

هەر لەبەر ئەوەیشـە کـاتێ لەبەر تابلۆیەکی هونەرمـەند (قـەرەنی جەمیـل) دادەمێنێت، ئەوە کەمەندکێش دەبیت بۆ ڕەهەنـدی دوورونزیکی نێـو تابلۆی هـونەرمـەند بەچەند زەمـەنێکی لێک بەسـتـراو لە ئەزمـوونی چەندین سـاڵەی کارکردنی هونەری. ئەم هەلی تێڕوانینەش ڕێک لە ماوەی کـردنەوەی دواپێـشـانگای تایبـەتی خـۆی لە ناو هۆڵی گەلەری کوردستان بە دەرفەت زانرا.

لای «شارل لالۆ» هونەر بە مانا فراوانەکەی بریتییە لە پرۆسەی گۆڕان و کار لەسەرکردنی بابەتە سروشتییەکان.

قووڵبوونەوە بۆ ناو چەمکەکانی سروشت و خاسییەتی فیـزیکی ئەو کـەرەسـتـە ماددیانەی سروشت پێکدێنێت، تەنیا ئامرازێک نین بۆ بەر دەستڕاکێشکردنی هونەرمەند بۆ نێو دارشتنی کارێکی هونەری، ئەگەر بێتو فەلسەفەی چەمکگەرایی و بەخشینی فیکرەی کەسی هونەرمەندی لە چەند بابەتێکەوە لە پشتەوە نەبێت.

هونەرمـەند قـەرەنی جـەمـیـل لە سـروشت و ژینگەی وڵاتەکـەی چاوی هەڵهـێـناوە و لە زۆرێک لە وڵاتانی دەرەوە بە چاوێکی پڕ لە وردبینی جـوانی گـەڕاوە. ئەو جێگە گـۆڕکـێـیـە لە بینایی چاو پەروانەی هەژمـوونێک دەسـووڕێنێت کـە پڕاوپڕ بێت لە چۆڕانەوەی ئەزمـوون و تـاقـیـگەی هونەری، دیارە بوونی ئەو نێـوەندی ژینگە



**قەرەنی جەمیل**

جیاوازە بۆ ئەو هەوێنێکە بۆ بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکانی، بۆیە پێوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان کارە هونەرییەکان و ژینگەی دەوروبەری هەیە، ئەویش لە ڕێگەی بە ئاوێتەکردنی هونەرەکەی لەگەڵ سروشتدا بۆ بەخشینی فۆرمێکی دیکە بۆ سروشت و گۆڕین و جوانکردنی لە دیدی هونەرییەوە، بەڵام ئەو جوانییە زریق و بریقە ڕەنگاڵەییە نییە، یان جوانییەک بێت تەنیا لەو بوارەوە دەروازەی تابلۆکانی پێ بکرێتەوە و چوونە ژوورەوە بێت، بەڵکو هاوکێشەی جوانییەکە زێتر بەلای فیکرە و گوزارشت کردنی تەرحی بابەتەکانەوە دەشکێتەوە، ئەوەش جوانییەکی بزر و خەفە پێکراوە بۆ بەر دیدی هەموو بینەرێکی ئاسایی، هەر ئەمەش وا دەکات توێژی چێژ نەقڵێشێتە بەر پێڵووی ڕوانینەکانی تەماشای کارێکی سادە. لە زۆربەی تابلۆکانی هونەرمەند قەرەنی جەمیل دا، شێوە کردەیەکی کەشکاری دەبینرێت بە بوونی فیگەری جۆراوجۆری وەک تاوێرەکان کە تێیدا پارچە پارچە و شەق شەقن بۆ کەرتی گەورە و بچووک، ئەمەش گۆڕانە لە سروشت، کات و شوێنی جوگرافیایە، بەڵام لە حەقیقەتدا هونەرمەند پەیوەست بە فیکرکاری و تەقینەوەی کات و شوێنی نەستێک دەکات کە لە ئارکیۆلۆژیای بنیادی عەقڵدا خۆی دەگیرسێنێتەوە.

کەڤرەکان بە بوونی بارستایی جیاجیا جێ چەقی ڕووکەشی تابلۆی گرتووە، ئەم دەرکەوتنە وەک ئاماژەیەک وایە کە هونەرمەند لە قۆناغی منداڵی و هەراشیدا لەناو دەڤەری خۆی کە ژینگەیەکی کولتووری گوندنشینی کوردەوارییە بەرەو بەرزایی و نشێوی هەڵگەڕابێ، بۆنی خاک و خۆڵ و یاری بەقوڕ و لیت، کاریگەری بەسەر سایکۆلۆژیای بینینی هەبێت و بە شێوەیەکی کرداری و مەیدانی ڕەنگی دابێتەوە.

شوێنێک لە کاتە جیاوازەکان، شوێنێکە لە داڕمان و بنیادنانەوەی وەهم و حەقیقەت، ئەمەش لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ (ثیمە)ی تابلۆ دەردەکەوێت لە کاڵی و تۆخی ڕەنگەکان و ڕێژەی بۆیەی بەکارهێنراوی وەک ئەکریلک و کەرستەی جۆراوجۆر کە شێوە تەکنیکێک لەنێوان زبری و سافی ڕووکەشی تابلۆ دەنێتەوە و وا هەست دەکرێت پارچە قورماشی تابلۆکە پارچەیەکی ڕاستەوخۆی ناو سروشتە کۆلاژی تابلۆکە کراوە.

لە بواری ڕەنگسازییەوە لە تۆناتی ڕەنگەکانی قاوەیی





و خۆڵەمـێشی و سـووربـاوی و نارنجی و ئۆکەری و ڕەش و سپی تێناپەڕێت.

لە هەندێ تابلۆدا بەشێوەیەکی هارمۆنی و لە هەندێکی تریشـدا کـۆنتـراست. ئەم ڕەنگانە بەر مـەعـریفـەی تێـڕوانینێک دەکـــــەون کـــــە لـەودیـوی ڕەنـگـە هەسـتـیـیـەکـانەوەن، ئەوەندەی چەمکە فـیکرییـەکـەی مـەبەسـتـە، نیـو ئەوەندە چەمکە جـوانییـەکـەی نادات، بەڵام لەم نێوەندەدا چێژ دەبێتە هەڵگری پەیامێک لە پڕۆسەی کار و ڕەنگسازی خۆی بەیان دەکات. تەنیا ئەو چێژە ڕەنگیانە نییە کە لە مـاوەی چاوترووکـانێکەوە چاو تێـر بکات.

چێـژێکە پێـویسـتی بە مـاوەیەکی زۆرە بۆ تێـربوون، بۆ وەرگـرتن، یان ڕەتکردنـەوەی لە مـێـشک و ئینتـیـبـاعی ناوەوەدا.

وادیارە لە زۆربەی تابلۆکانی هێڵی ئاسۆیی پشتگوێ خستووە. ئەگەر هەشبێت بۆ نیو چارێکی فەزای ئاسمانی تەرخـان کـردووە، سێ بەشـەکـەی تر و زیاتریشی بە پانتـایی زەوی و دەشتـایی پڕکردۆتەوە، بەڵام لەهەندێک تابلۆی تردا تەنیا بە ڕووبەری بیابانی بەخشیوە. لەمەوە بۆچوونی بینەر بۆ دوو بابەت سـەرنجـڕاکـێش دەکـات.

یەکـیـان ئەو یادگـاری و دیاردە ڕۆژانـەیەی کـە لە ئاکـامی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانـی خۆی بەسەریدا هاتووە و دەیگێڕێتـەوە وەک بوونی ئاژەڵەکانی گورگ و تووڵەتاژی و مـانگا و بزن و باڵندەی وەک باز و لەق لەق، کـە ئەم فـیگەرانەش هێمایەکن بۆ بوونی ئاوەدانی گوندنشینەکان ئاوەدانییـەک کـە لە فـیگەری مـرۆڤ بێ بەشـە، ئەمـەش وێنەیەکی مـەترسـیـدارە هونەرمـەند ئامـاژەی پێـدەدات لەوەی کـە بەسـەر مـیللەتەکـەی و ناوچەکـەیدا هاتبـێت. زێـتـریش دیوی دەرەوەی ژیاری دەڤـەرەکـە بە چۆڵـەوانی نیـشـان دەدات و ناچێـتـە ناو قـووڵایی جـومگەکانـی ژیانی خەڵـک و دێهاتەکـان لەبەرانبـەر گـەورەیی و جـەوهەری بابەت، دەسکاری فۆرم دەکات و دەیشڵەقێنێت بۆ هێنانە کـایەی فـۆرمی ناو فـۆرم، دەکـرێ ئەمەش بەسەرنجڕاکێشی دووەم دابنرێت.



ئەم فــیگەرانەی ئامــاژەمــان پێــدان، دەلالـەت و مــانای زۆر شت دەگــەیەنن، لەوەیە هونەرمــــەند لە ســـایکۆلۆژیای منداڵیی خـۆیدا ترسـێکی بەرانبـەر بەم ئاژەڵانـە لا دروست بووبـێت و لەلایـەکی ترەوە لەوەیە دەربڕینێک بێت بۆ کاولکردن و تێکدانی ئاوایی و گـوندەکـان و بەڕەڵڵا بوونـی ئاژەڵەکـان بێت بەرەو دەشـتـایی،

هەروەها لە ڕوویەکی ترەوە خــوێندنەوەی کــارەســات و بەسەرهاتەکانە لە بری فیگەری مرۆڤ، هونەرمەند ڕۆڵی ئاژەڵی کردۆتە بەدیلی دیمەنە خەفەتبارەکان و سەروەری پێدەبەخشێت و تێکەڵی بەشێکی گرنگی کولتووری کورد بووە.

ئەگەر ڕووی تەماشاکردنمان لەتابلۆیەکی تر بکەین تەنیا یەک فیگەری مرۆڤ دەبینین لەشێوەی تەرمی ئێسک و پرووسکدایە و لەژێر چاڵێکدا پاڵکەوتووە، ئەمەو بوونی فیگەری شێوە لانکێکی منداڵ دیسان لەژێر چاڵێکی زەویدا نیوەی بەرچاو دەرکەوتووە، ئەم دوو تابلۆیەی هونەرمەند هێمای زیندەبەچاڵی مرۆڤ دەگەیەنێت کە لە شالاوەکانی ئەنفالدا بەسەر خەڵکی گوند و زێدی هونەرمەنددا هاتووە و گوزارشکردنی بەجۆرە چەمکێکی تری لێکدانەوەی زاتی خۆیەتی کە لێرەدا تەکنیک زیاتر ڕۆڵ دەبینێت، هەروەک لەهەندێ تابلۆی تردا چەندین شێوە قۆڵت و کەند و جێ شەقبوونی زەوی دەبینرێت و لە هەندێکی تردا چەندین جێ پاشماوەی تۆز و دووکەڵ و لە شوێنی تردا شەپۆلی ئاو و گۆماو دەبینرێت. لە زۆربەشیاندا بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ بەدواداهاتنی زنجیرە ڕێگایەکی نەپچڕاوە و بەدوایەکدا هاتوو.

لە چەند تابلۆیەکی تریشدا تۆپەڵە گردۆڵکەی بچووک بەدوای یەکدا دێن و لە شێوەی بینینی دوور و نزیک دیارن، یان چەقی تابلۆکەیان گرتووە.

بە بۆچوونی من هونەرمەند لە یەک کات و شوێندا دوو حاڵەتی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ بەکات و شوێن دەسپێرێت. لەنێوان دیدەنی دیاردە دیار و ئاشکراکان و نێوان فینۆمینا تەلیسماوییەکان ئەو حەقیقەتەی شێوازی کارکردنی بەسەردا سەپاندووە.

هەروەک لەتابلۆکان دیارە ئەو دیمەنانەی شێوەی قۆڵت و چاڵ و کەند و وشکایین، نەهامەتی و کارەسات و زوڵم و کاولکاری نیشان دەدات لایەنی نێگەتیڤە.

ئەوانەی دیمەنی گۆمی ئاو و گرد و ڕێگای ڕەهەند برن، ئەوە ئاوەدانین و نوێ کردنەوەی خۆشگوزەرانی و گەشبینین و ئاسۆی دوارۆژن پۆزەتیڤن بۆ زیندووکردنەوەی ژیارێکی تازە و بناغە لەسەر دروستکردنی ئارکیۆلۆژیای فیکری و سەرهەڵدان و بووژانەوەی مەعریفەیەکن بۆ بە شارستانیەت بوونی شار و شارۆچکەکان.

# دیاردەی شانۆی بچووک
# لە دووەمین فیستیڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی هەولێر

**موحسین محەمەد**

شانۆی بچووک شێوازێکی هونەری شانۆییە لە زۆربەی وڵاتاندا هەیە، ئەو شانۆیە وەک شوێن و ئامانجی هونەری، ڕێبۆرتواری تایبەتی خۆی هەیە، بابەتە هەنووکەییەکانی ئەو میللەتانە لە بەرهەمەکاندا پتر دەردەکەون وەک لە ستایل، یان ئامانجی هونەری، ماوەی شانۆگەرییەکانیش بەگشتی لە حەفتاو پێنج خولەک بەرەو خوارەوەن. ژمارەی کارەکتەرکانی هەر شانۆگەرییەک: یەک ئەکتەری (مۆنۆدراما)، یان دوانە ئەکتەری یان سیانە ئەکتەرین، لە ڕووی پێکهاتەوە یەک پەردەیین و بە بەردەوامی نمایش دەکرێت تاوەکو کۆتایی. ململانێ لەو شێوازە هونەرییەدا لاوازە، هەندێک لەو شانۆیانە ئامانجی سیاسی، یان کۆمەڵایەتییان هەیە، بڕێکیشیان ئامانجی هونەرییان هەیە، کە تێیدا ئەکتەرێک، یان دوو ئەکتەر توانایی هونەریی خۆیان نمایش دەکەن.ساڵی ٢٠٠٦ لە ئەنکەرە شانۆگەریی (منم نازم حیکمەت) لە بیرەوەری ئەم شاعیرە شۆڕگێڕەدا لە سەر شانۆی بچووک (کوچک تیاتر) نمایش کرا، ئافرەتێک ڕۆڵی نازم حیکمەتی دەبینی، بابەتەکە ئامانجێکی سیاسی هەبوو، بایەخێکی ئەوها بە لایەنی هونەری نەدرا بوو، ئەوەی بینیمان پتر گوتاری سیاسی بوو نەک هونەری.

شانۆی بچووک لەکوردستان وەک ستایلێکی هونەری لەسەر ئاستی جێگە (شانۆ) بوونی نەبووە، بەڵام لەسەر ئاستی نمایش شانۆگەریی بچووک هەیە.ئەگەر ئاوڕێک لە بەرهەمەکانی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووی هەولێر بدەینەوە دەبینین، زۆربەی بەرهەمەکان خەسڵەتی شانۆی بچووکیان هەبووە، بێ گومان هونەرمەندەکان ڕازی نابن شانۆکەیان بەو ستایلە پێناسە بکرێت، ئەگەر نا یەکێکیان لەسەر پرۆگرامەکەی ئاماژە بە ستایلی هونەرەکەی دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی بەرهەمەکان ماوەی نمایشیان لە نێوان سی و پێنج خولەک بۆ چل و پێنج خولەک تێپەڕی نەدەکرد، بەدەگمەن هەبووە ماوەی ئەو شانۆگەرییانە بگاتە شەست خولەک. شانۆگەریی دووانە ئەکتەری (گوڵێ و هیوایەکی نوێ) ماوەکەی شەست خولەک بوو، لە بەهاری ئەمساڵ لەسەر شانۆی گەورەی هۆڵی گەل نمایش کرا. کێشەی گەورە لێرەیە، زۆربەی شانۆگەرییەکان لەسەر شانۆی هۆڵی گەل نمایش دەکرێن؟! کەچی بۆ خۆیان شانۆی بچووکن.

شانۆگەریی (براکوژی) ماوەکەی لە شەست خولەک کەمتر بوو، بەرهەمەکە لە ڕۆمانێکی گەورەی نیکۆس کازانتزاکی وەک براکوژی وەرگێرابوو، ئینجا پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا بەو ماوە کورتە چۆن توانرا



چیرۆک و بابەت و ملمـلانێ بەرجەستـە بکرێت؟ ئایا بەچەند تابلۆیەکی پڕ لە جـوولەی جـوان و گـوزارشـتی هونەری دەتوانن بڕێک لەو داهێنانەی ڕۆمـانەکـە بخـەنە ڕوو؟ ئەمەش پرسیارێکی دیکەیە هەمیشە خۆی بەسەر ئەو نمایشـە کـورتانەدا دەسـەپێنێت کـە بابەتی گـەورە دەخەنە ڕوو.

وەک ڕاستییەکی هونەری ئێستای شانۆی هەولێر خۆی لە شـانۆی بچـووکـدا دەبینێتـەوە، زۆربش ئەسـتـەمـە بگەڕێتەوە ئەو ئاستە هونەرییەی پێشتر هەیبووە، ئەگەر لەدەیەی دادێ شـانـۆ نەکـوژێتـەوە، ئەوە من دڵنیـام بەتەواوی دەبێتە شانۆی مۆدەی بۆنەکان. بێ گومان ئەم شانۆیە بەو شێوازە هونەرییەی ئێستای بەردەوام دەبێت، ئینجـا بۆ ئەوەی ئەو قـۆناغـە مێـژووییـە بەو شـێـوازە هونەرییە بناسرێتەوە پێویستە بەلانی کەم بایەخی زۆر بەلایەنی هونەری و بابەتە هەنووکەییـەکـان بدرێت تاکو بینەر لەو هونەرە دانەبڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە شـانۆگـەرییـەکـان بەتەواوی لەسـەر شانۆی بچـووک و بە ستایلی هونەری شانۆی بچووک نمایش بکرێن، تاوەکو لە ئاییندەدا ئەو هونەرە بگەڕێتـەوە سـەر قـۆناغی زێڕینی خۆی.

لە دووەمین فیسـتـیڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی هەولێر دیاردەی شانۆی بچـووک زۆر زاڵ بوو، ڕەنگە دوو هۆکـار لەپشـتی ئەو دیاردەیەوە بن، یەکـەمـیـان: ئامـانجی دروسـتکردنی گـوتاری هاوبەشی ئەو مـیللەتانەیە کـە بەشدار بوون. دووەمیان: توانایی دارایی فیستیڤاڵەکەیە کە ڕەنگە لە توانایدا نەبێت شـانۆیی پیـشـەیی هونەری زۆربەی وڵاتان بانگهـێـشت بکات. ئەگـەر شـانۆگـەریی (زریان) دەرهێنانی د. فـازڵ جـاف کـە لە ئایاری ئەم ساڵدا وەک مەشق و ڕاهێنانی قوتابیانی کۆلێژی هونەرە جـوانەکـانی هەولێـر نمایشکرا لێ دەربهـێـنین، تەنانەت بەرهەمـەکـانی کـوردسـتـانیش وەک شـانۆی بچـووک دەمـێـنێننەوە. شـانۆگـەری وێرانە نواندن و دەرهێنانی کـامـەران ڕەووف ئیـشی شـانۆی شـار، وەکـو بنەمـا مۆنۆدرامایە بەڵام کارەکتـەرێکی تریش بە قـەبارەیەکی بچووک لەتەنیشتی کارەکتەری سەرەکی دەردەکەوێت کە مـاوەکـەی پەنجـا خولەک بوو، ئەو بەرهەمـە پێـشـتـر لە سلێـمـانی و لە هەولێـر نمایش کـرا بوو، پێـشـەکـیش دەمـانزانی توانایی و داهێنانی کـامـەران ڕەووف لە نواندندا بینەرانی سـەرسـام دەکـات. کـامـەران ڕەووفی هونەرمەند لە هەناوی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مـیللەتەکەیەوە هاتووە، لەناو کـارەکـتـەرە ماندووەکـانی کـۆمـەڵگەی کـوردەواریدا، ئەکـتـەرێکی زۆر زیندووە، ئەوەی مایەی دڵخۆشییـە، بە تێپەڕبوونی ئەو ساڵانەی تەمەنی ئەو هونەرمەندە، ئەوە کارێکی ئەوهای نەکردبووە سەر توانایی نواندنی، ئەو سەلماندی هەست و ئەندێشەی ئەکـتـەر دوو کـەرسـتـەی زۆر گـرینگن بۆ جـووڵاندنەوەی یادەوەرییە هونەرییەکان و دووبارە بەرجەستەکردنەوەیان بە هەمـان ڕوحـیـەتی سـەردەمی پێـشـووی، باشـتـرین بەڵگەش ئەو خـەڵاتە بوو کـە بەدەسـتی هێنا. بابەتی وێرانە بۆ سـەردەمی نمایشی یەکـەم زۆر گـونجـاو بوو، مـامۆسـتایەک لەبەر ئەوەی لە پۆلدا باسی جەژنی نەورۆز و گـەلی کـوردی کـردووە زیندانی دەکـرێت، کـە مـاوەکـەی تەواو دەکـات دەگەڕێتەوە ماڵەکەی، دەبینێت سەردەمەکە گۆڕاوە و کوردستان ئازاد بووە، بەڵام خێزان و منداڵەکەی نابینێتـەوە، ئەو دۆخـە نوێیـەی زیندانییـەکی دیکەی بۆ دروست دەکات.

شـانۆگـەری (شـەوی بکوژان) دەرهێنانی شـێـرزاد عـەبدوڵڵا بەرهەمی شـانۆی شـۆڕشـڤانی دهۆک سیـانە ئەکتەر بوو، ماوەکەی کەمتر لە شەست خولەک بوو، ئەو شانۆگـەرییە چەندین جـار لە هەولێـر نمایش کـراوە، بەڵام بەڕاسـتی توانایی نواندنی ئەو سێ ئەکـتـەرە، ئەوەی سەلماند کە شـانۆی دهۆک زۆر لە پێش شانۆی ئێستـای هەولێرەوەیە. شانۆگەری (بارانی هاوین)ی بەغدا، دوانە ئەکـتـەر بوو و مـاوەکـەی پەنجـاو پێنج خـولەک بوو، بەداخەوە ئیشەکە لەچاو ئاستی تیپەکە ئەوەی نیشان



نەدەدا. لەو شانۆگەرییەدا ئافرەتێک ماوەی سی ساڵە چاوەڕێی گەڕانەوەی مێردەکەی دەکات، دوای ئەوەی بێهوودە دەبێت، هەوڵ دەدات هاوسەرەکەی کۆپی بکات، لەم ئارەزووەیدا ئافرەتەکە هەموو ئەو ئازارانەی خەڵکی عیراق دەخاتە ڕوو کە لەسەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری و ئابڵووقەی ئابووری بەسەریاندا هاتبوو. باری دەروونی قارەمانی شانۆگەرییەکە ئەوە هەڵدەگرێت لە بابەتێکەوە باز بداتە سەر بابەتێکی تر، بەڵام دەرهێنەر توانیبووی لە هێڵی گشتی شانۆگەرییەکە دەرنەچێت، کە ئەویش بابەتی کۆپیکردنی هاوسەری قارەمانەکە بوو، ئەو کارە هونەرییە وەک شانۆیەکی بچووک لە بابەتێکی سیاسی باو دەدواو پەیامێکی ترسناکی سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری دەخستە ڕوو. شانۆگەری (گازی فرمێسک هێنەر و ئازادی میسر) سیانە ئەکتەر و ماوەی پەنجا خولەک بوو، ئەوە پتر خۆی لە شانۆی ئەماتۆریدا دەبینییەوە وەک لەشانۆی هونەری. بابەتی شانۆگەرییەکە سیاسی بوو، سێ زیندانی حەسەن و حەبیب و لەیلا سەربردەی نارەزایی و خۆپیشاندانی شارەکەیان لەسەردەمی حوکمی عەسکەری دەگێڕنەوە کە ئێمە بەتەواوی هەستمان دەکرد ئەوان ئازارەکانی ئەمڕۆی گەنجانی سەر شەقامی خۆپێشاندانەکانی میسر دەگێڕنەوە، بەکارهێنانی بووکۆڵە وەک دادەوەر و فەرمانڕەوای سەربازی، کۆمەڵەی سەربازان ئەو توانایییە هونەرییە جوانەی شانۆی ئەماتۆری میسری پێشان دا. شانۆگەری (بێ قیبلەنما)ی تورکیا، دوانە ئەکتەر بوو، ماوەکەی شەست خولەک بوو کە لەچەند شوێنێکی جیاوازی پارکی شانەدەردا نمایش کرا، بەداخەوە بینینی هاوبەش دروست نەبوو، لەبەر ئەوەی لەلایەک ستایلی شانۆکە بچووک بوو، لەلایەکی دیکەوە ژمارەی بینەران و ئەوانەی لە پارکەکەدا بوون لە قەبارەی کارەکە گەورەتر بوو، گرفتی هەرە سەرەکیش زمانەکە بوو، ئەو شانۆگەرییە بەتەواوی لەسەر دواندن و خۆدواندنی نێوان کارەکتەر بنیات نرابوو.

شانۆگەری (زەوی و گەردوون)ی ئێران، دەتوانم بڵێم تاکە ئیشی هونەری شانۆی بچووک بوو کە بە ستایلێکی زۆر نوێ کە ئێمە پێی ئاشنا نەبووین، لەسەر شانۆی بچووکی بەڕێوەبەرایەتی نمایشکرا. سێ ئافرەتی پۆشتە بە جلوبەرگی سپی ئایینی، بە ئاماژەیەکی سەمای سۆفیگەری مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی چەندین بەسەرهاتی زۆر گرنگ بە نمایشی بووکۆڵە دەگێڕنەوە، هەرچەندە لە تەکنیکی هەندێک لەدیمەنەکان ئەو ئاستە هونەرییەیان نەبوو، وەک دیمەنی کەشتییەکە، پەڕینەوەی مووسا لە ئاوەکە، بەڵام بەگشتی ئەو ستایلە شانۆییە بچووکە بۆ هونەرمەندان و بینەران گرنگ و پڕ بایەخە، ماوەکەی پەنجاو پێنج خولەک بوو، گێڕانەوەکان هاوشان لەگەڵ خوێندنەوەی شیعر و مۆسیقا دەچوونە پێش. شانۆگەری (تاکسی)ی ئەڵمانیا، سیانە ئەکتەر بوو، تاکە شانۆگەریی پێشبڕکێ بوو کە ماوەکەی نەوەد خولەک بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دەقەکە لەسەر دواندن بنیات نرابوو نەگەیشتە بینەران، شانۆگەریی (سیمۆنا تۆ لەدایک بوویت)ی ئیسپانیا مۆنۆدراما بوو، ماوەکەی شەست خولەک بوو. شانۆگەری (گوڵاڵە سوورەکانی)ی عەنکاوە ـ کوردی ـ عەرەبی سیانە ئەکتەر بوو، ماوەکەی شەست خولەک دەبوو، تێکەهەڵکێشانی زۆری تێدابوو، ئەوەی کە پێویست بوو لە یەکێتی بابەت بەدی نەدەکرا. بەم شیکارییە خێرایە، تەنیا شانۆی ئۆغەندی (نەخێر تۆ نا ئەی هاوڕێ) شانۆگەرییەکی سیاسی بوو، بەخەسڵەت شانۆی گەورە بوو، ئەویش ئاوێتەیەک بوو لە سەماو گۆرانی، مۆسیقا لە بابەتێکی تراژیدا ماوەی ئەو شانۆگەرییەش تەنیا شەست خولەک بوو. شانۆی ئیتاڵیا (ئافرەتە نزاکارەکان) ئەم شانۆگەرییەش لە چەندین شوێنی جیاوازدا لەناو قەڵای هەولێر نمایش کرا، بەداخەوە لەبەر زۆری ژمارەی بینەران کە دوو سەد کەس دەبوون بە بەراورد لە شوێنی نمایشەکان، جێ گۆڕینەکان بووە هۆی ئەوەی بینین لەلای بینەران دروست نەبێت، تێبینی

دەکرا، چەندین کەس وەڕس ببوون و لا بەلا رادەوەستان نەیاندەتوانی دوای نمایشەکە بکەون، چونکە دەیانزانی دیمەنەکان نابینن، ئەگەر ئەو شانۆگەرییە بۆ پەنجا کەس نمایش بکرایە زۆر باشتر دەبوو. شانۆی پاکستان (ئێمە نەفرەت لێکراوین) سیمای شانۆی پیشەیی هونەرییان پێوەدیار بوو، ژمارەی کارەکتەرکان زۆربوون، بەڵام ئەوانیش لە ڕووی بابەت و ماوەی شانۆگەرییەکانەوە شانۆی بچووک بوون، شانۆی ئەوانیش سیاسی بوو. لە ڕووی هونەرییەوە، شانۆی ئاهەنگسازی و ئۆپەرێت و شانۆی ئەرڤان بسکاتۆری ئەڵمانی بوو، درێژدادڕی زۆری پێوەدیابوو، لە گوتارەکانی شیما کرمانی کە خۆی نووسەر و دەرهێنەر و قارەمانی شانۆگەرییەکە بوو.
ئەوەی لە هەردوو شانۆگەری ئۆغەندی و پاکستانی زۆر گرنگ بوو ئەوەبوو ئەوان کولتووری خۆیان هێنابوو، بەمەش چێژی تایبەتیمان لەو دوو شانۆگەرییە بینی، هەرچەندە بەرهەمەکەی پاکستان ماوەکەی زۆر کورت بوو، پەنجا خولەک بوو، بەڵام سیمای شانۆی گەورەی پێوەدیار بوو، هەستمان دەکرد کارەکە ئەماتۆری نییە، هەرچەندە لە هەندێک ڕووی هونەرییەوە لاواز بوو، وەک تێهەڵکێشانی نابەجێ وەک بابەتی فەلەستین و کشمیر، لەپاڵ ئەم دوو ئاماژەیە دەبوایە ناوی کوردستانیش بهاتبایە، بەڵام دیارە ئەوان لە بارودۆخی کوردستان بێ ئاگان. شانۆ بچووکەکان بەگشتی بەشی زۆری بابەتەکانیان هەنووکەیی بوون، ئەمەش لەلایەن ڕاگەیاندنی لیژنەی دادوەرییەوە وەکو بابەت نەک وەکو قەبارەی هونەریی شانۆگەرییەکان ئاماژەی پێکرا، ئینجا پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا شانۆکاری کورد






بەتایبەتی شاری هەولێر، کە ئێستا شانۆکەی گەڕاوەتەوە سەر سیمای شانۆی لاوان و شانۆی ئارەزوومەندان، چ سوودێک لە شێوازی شانۆی بچووک دەبینێت؟ لە کاتێکدا یەک تیپی شانۆی شاری هەولێر نە لە یەکەم نە لە دووەمین فیستیڤاڵدا بەشداری نەکردووە، ئەمە پرسیارێکە پێویستی بە وەڵامدانەوەی جددی هەیە.
ڕەنگە هەڵسوڕێنەرانی فیستیڤاڵ گەیشتبێتنە ئەو باوەڕی دەڵێت: ئاستی هونەری شانۆی هەولێر کۆتایی هاتووە، شایانی ئەوە نییە لە فیستیڤاڵێکی ئاوادا بەشداری بکات، پاساوێکیش بۆ ئەم بۆچوونە، بۆ ئەوەی خۆیان لەو ڕەخنەیە دەرباز بکەن ئەوەیە: ئەگەر هونەرمەندێک یان شانۆگەرییەک هەبووایە ئەوە بەشدارییان پێ دەکرد.
دواجار ئەوەی هەموو شانۆکاران لێی دڵنیان ئەوەیە: ئەو شانۆگەرییانەی لە کوردستان هەڵبژێردرابوون بۆ بەشداریکردن لە فیستیڤاڵەکەدا، لەسەر بنەمای پێشبڕکێی نێوان تیپەکانی کوردستان نەبووە، بەڵکو تەنیا لەسەر ئارەزووی هەڵسوڕێنەرانی فیستیڤاڵەکە بەشدارییان پێکراوە. هونەرمەندان ئاواتی ئەوە دەخوازن، بەشداریکردن لە فیستیڤاڵ لەسەر بنەمای پێشبڕکێی پێشووی نێوان تیپەکانی کوردستان بێت، نەک بەشێوەی هەڕەمەکی، هیوادارین بۆ ساڵی ئاییندە ئەو کەموکوڕیانە چارسەربکرێن، لە پێناو بووژانەی ئەو چەق بەستنەی شانۆی کوردی تێکەوتووە.

# فەلسەفەی پێش سوکرات لەتالیسەوە تا دیمۆکریتۆس

هاشم سەڕاج

ڕێبوار سیوەیلی لەم کتێبەیدا کە لەژێر ناوی [فەلسەفەی پێش سوکرات لە تالیسەوە تا دیمۆکریتۆس] نووسراوە، سەرەڕای بۆچوون و لێکدانەوە فەلسەفییەکانی خۆی سەبارەت بە هەندێک بابەت، هەوڵی داوە زۆرترین داتاو زانیاری لە بارەی بیرمەندان، یان فەیلەسووفانی پێش سوکرات بخاتە ڕوو، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش متمانەی کردووەتە سەر سەرچاوەگەلێک کە بە زمانی جیاجیا نووسراون، لەوانە سکەندناڤی، ئینگلیزی، فارسی، عەرەبی... من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم پوختەی بیروبۆچوونی هەریەک لەم بیرمەندانە لەچەند خاڵێکدا چڕ بکەمەوە، پاشان پێم باشە لە ڕێگەی ئەم خوێندنەوەیەوە ئاماژە بە بابەتی «شیعر و فەلسەفە»، یان «شیعر و هزر» بدەم کە لە بنەڕەتدا لەم قۆناغەی بیرمەندانی پێش سوکراتەوە سەرچاوە دەگرێت و [مارتن هایدگەر ١٨٨٩-١٩٧٦] لە زۆربەی توێژینەوەکاندا سەبارەت بە پێوەندی نێوان شیعر و فیکر، یان شیعر و فەلسەفە ئاماژە بەو قۆناغەی بیرمەندانی پێش سوکرات دەدات، بە تایبەتی لە توێژینەوەکەیدا دەربارەی دەقەکانی «فریدریش هۆڵدرلین ١٧٧٠- ١٨٤٣» و ماهیەتی شیعر و فەلسەفە، چونکە لای هایدگەر شیعری مەزن پەیوەستە بە فیکرەوە، یان تێفکرینی شاعیران بوار بۆ زمان خۆش دەکات تا لە ڕێگەی ئەوانەوە بدوێت و شتێکمان پێ بڵێت، یان شتێکمان لە بارەی حەقیقەتی بوونەوە بۆ دەربخات کە لە هەبووەکاندا دەردەکەوێت..



هایدگەر شیعر و فیکر بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن بە یەکەوە گرێ دەدات، ئاخر شیعر زمانە، زمانیش پێوەندییەکی بنەڕەتی بە هزرەوە هەیە، هەڵبەتە زمان لای هایدگەر [ماڵی ڕاستەقینەی بوونە]. پێیشی وایە [مرۆڤ زمان بەکاری ناهێنێت، بەڵکو «ئەوە زمانە بەکاردەهێنێت]، یان لە تێکستی شیعریدا «ئەوە زمانە دەدوێت» لە هەمان کاتدا هایدگەر لە کتێبی «بنەڕەتی هونەر»دا جەخت لەسەر زمانی شیعری دەکات کە توانایی ئاشکراکردنی نادیارەکانی هەیە، پاشان ئەو بۆچوونە هایدگەرییە کە جەخت لەسەر پێوەندی نێوان هزر و شیعر دەکات لای «ئەدۆنیس» بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت و هەوڵ دەدات تێکستەکانی هەڵگری جۆرێک لە هزر و پڕشنگی فەلسەفی بن. مەبەستم ئەوەیە کە فەلسەفەی پێش سوکرات، یان بیرمەندانی ئەو قۆناغە هەوڵیان داوە هزر و بۆچوونە فەلسەفییەکانی خۆیان لە مەڕ سروشت و پەیدابوون و توخمە جۆراوجۆرەکانی گەردوونەوە بە ستایلێکی شیعری دەربڕن، بۆیە هەست دەکەین لەم قۆناغەدا هزر ئاوێتەی کەینوونەی شیعر دەکرێت، جا لێرە بەدوا هەوڵ دەدەم بۆ

کتێبەکەی «سیوەیلی» بگەڕێمەوە.

لە بەشی یەکەمدا لە بیرکردنەوەی پێش فەلسەفی دەدوێت کە بریتییە لە بیرکردنەوەی ئایینی و هزری دێرین لای هیندی، چینی، ئێرانی...تاد و ئایینی کۆنفوشیۆسی و بەرەهمەنیزم و بودایی و زەردەشتی...تاد و لە ئەفسانەکانی ئەفریقیا و مەکسیکدا و هەوڵ دەدات بیرکردنەوەی میتۆسی «ئەفسانەیی لە بیرکردنەوەی لۆگۆسی «هۆشەکی» جیا بکاتەوە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی فەلسەفە لە یۆنان دیاری دەکات. یەکێک لەو هۆکارانە، مالّتا شارێکی بازرگانی بوو و دەرگەکانی بەسەر کولتووری ئەو دەمەی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئەیۆنیادا ئاوەڵا بوون، هەروەها یۆنانییەکان خەڵکێکی خاوەن خەون و خەیاڵ و لێکدانەوە بوون و پرسیاریان دەکرد و بە تێبینی لە شتەکانی دەوروبەری خۆیان ڕادەمان و دەیانویست لە دەرەوەی وەڵامە ئەفسانەییەکانەوە بەشێوەیەکی هۆشەکی لە شتەکان بگەن و لەم ڕووەشەوە پشتیان بە دانایی ئەقڵی خۆیان دەبەست، بۆیە وشەی فیلۆسۆف لای یۆنانییەکان واتای دۆستانی حیکمەت و دانایی دەبەخشێت، گریمانەی ئەوەیان دەکرد ئەم هەوڵە لۆگۆسییە بیانگەیەنێت بە «سۆفیا».. واتا حیکمەت و دانایی، هاوکات وشەی «سۆفیا».. لای سۆفییەکان هێمای کچێکی بنێس و باڵا بەرزی جوانە].. لێرەدا «سیوەیلی» یەکەمین دەستەی دۆستانی دانایی و حیکمەت کە بە پێکهێنەری دەسپێکی فەلسەفەی پێش [سوکرات ٤٦٩-٣٩٩پ.ز] دادەنرێن بە فەیلەسووفانی سروشت نێوزەد دەکات، چونکە سەرقاڵی بیرکردنەوە بوون لە سروشت و دیاردە و گۆڕانکارییەکان، بۆیە «نیتشە» پێی وایە فەیلەسووفانی پێش سوکرات چونکە لە کاریگەری بیروڕا ئایدیالییەکانی ئەفلاتوون دوور بوون، خاوەن فەلسەفەیەکی دنیایی و تەندروستیانە بوون» سیوەیلی سێ خەسڵەتی هاوبەش لە هزر و بیرکردنەوەی فەیلەسووفانی پێش سوکرات دیاری دەکات:

(١) هەوڵیان دەدا چییەتی «ماهیەتی» جیهان و بوون شی بکەنەوە.

(٢) هەوڵیان دەدا بیسەلمێنن کامە ڕەگەزی سروشتی «ئاو، ئاگر، خاک، هەوا» سەرچاوەی سەرەکی بوون و جیهانە.

(٣) هەوڵیان دەدا بەشێوەیەکی هۆشەکی بگەن بەو بنەمایانە کە دەروونی ئەم جیهانەیان پێکهێناوە، ئێستا هەوڵ دەدەم بە کورتی بیروبۆچوونی یەکەیەکەی ئەم بیرمەندانە بخەمە ڕوو:

## ١- تالیس ٦٢٤-٥٤٨پ.ز»

تالیس خەڵکی شاری مالّتا بووە، بە دامەزرێنەری قوتابخانەی مالّتایی ناسراوە، گرنگی بە زانستەکانی سەردەمی خۆی داوە، لە بابلی و سۆمەرییەکانەوە فێری ژمارەناسی و لە میسرییەکانەوە فێری ئەستێرەناسی بووە. توێژینەوەی لە بارەی کێشە تیۆرییەکانەوە کردووە، یەکێک لەوانە چەمکی ئۆنتۆلۆژییە کە لە جەوهەری بوونی کۆڵیوەتەوە، تالیس چەمکی تایبەتمەندێتی دەگشتێنێت و دەیانکاتە خەسڵەت و تایبەتمەندی نەگۆڕ و هەمیشەیی هەموو شتێک، پاشان ئەم خەسڵەتە لای ئەریستۆتالیس پێی دەگوترێت «جەوهەر» جەوهەر، سەرەتا، یان بناوان و بنەڕەت و هەوێنی هەر شتێک، لای تالیس بریتییە لە ئاو، تالیس دەستەواژە فەلسەفییەکانی بە ستایلێکی شیعری دەردەبڕێت، بەو مانایەی شیعر ئاوێتەی هزر دەکرێت، یان شیعر بەشێک لە دنیابینی مەعریفی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و بەدوای شتە نادیارەکاندا دەگەڕێت.. [هەموو شتێک لە ئاوەوە دروستبووە و دەبێتەوە بە ئاو]، «هەموو شتێک پڕە لە خواکان».. تالیس دوای وردبوونەوەی لە هێزی ڕاکێشانی «موگناتیس» گەیشتە ئەو بڕوایە کە هەموو جیهانی ماددی پڕە لە «هێز»، بەم جۆرەش جووڵە و بزوانی شتە ماتەریالییەکان، پێوەندیی بە هێزێکی ناوەکییەوە هەیە لە خۆیاندا، نەک بە هێزێکی بزوێنەرەوە، بەپێی ئەو میتودەی تالیس بیری پێ کردووەتەوە، بنەڕەتی بوونی هەموو شتێک ئاوە، ئاو لە بووندا هەمیشەییە، نەگۆڕە، بەردەوامە، بنەمایە، ئەو ڕەگەزەیە کە بەردەوام هەیە و دەمێنێت.. لای تالیس ئاو سەرچاوەی بوونە، یان هەوێنی بوونە، ڕێبوار سیوەیلی لەم کتێبەدا زانیارییەکی زۆری تالیسی مالّتی دەخاتەڕوو، لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەو گوتانەی تالیس تۆمار بکەم کە تێیاندا زمان لە ڕێگەی شیعرەوە گوزارە لە هزرگەلێکی فەلسەفی دەکات.

- لەناو هەموو بووەکاندا، کۆنترینیان خواوەندە، چونکە دروستکراو نییە.

- جوانترین شت جیهانە، چونکە شاکاری خوداوەندە.

- گەورەترین شت، زەینە، چونکە سەر بە هەموو شوێنێکدا دەکات.

- بەهێزترین شت ناچارییە، چونکە فەرمان بەسەر هەمووساندا دەکات.

- داناترین شت، کاتە، چونکە هەموو شتێک ئاشکرا دەکات.

## ٢- ئەناکسیمەندەر «٦١٠-٥٤٦پ.ز»

ئەناکسیمەندەر هاوولاتییەکی تری شاری مالّتایە و وەک «تیۆفراستۆس» دەڵێت قوتابی و جێنشین و میراتگری تالیس بوو، دیۆگینۆس لائیرتیۆس لە بارەی ئەناکسیمەندەرەوە دەڵێت خەڵکی مالّتا بوو، ئەو «بێ سنوور»ی وەک بنەما و ڕەگەزی بیروڕای خۆی دەستنیشان کرد، بڕوای وابوو شتە بەشەکییەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام گشت ناگۆڕێت. وەک لەم کتێبەدا

هاتووە ئەناکسیمەندەر لە بواری زەویناسی دانایەکی هزر فراوان بووە، لە ماتماتیک و فیزیا و فەلسەفەدا کاری کردووە و گوایە یەکەمین کەسیش بووە نەخشەی جیهانی کێشاوە. ئەناکسیمەندەر لە وێناکردن و دەربڕینەکانیدا وشەی ئاپیرۆن – apeiron–ی بەکارهێناوە، کە واتای بێ کۆتا، یان بێ سنوور دەگەیەنێت. بە بڕوای ئەو، ئەو مادەیەی بوونی لێوە دروست بووە چوار ڕەگەزەکە نییە و نابێت یەکێک بێت لەو ڕەگەزانە، بەڵکو دەبێت شتێکی بێ کۆتاو بێ سنوور بێت، کە ناتوانرێت دەستنیشان بکرێت و ببینرێت، لای ئەناکسیمەندەر ئەم بێ کۆتاییە نەمرە و پیر نابێت و گشت جیهانەکانی لەخۆی گرتوون، هەروەها کات، دەستنیشانکەری پەیدابوون و هەبوون و نەبوونی هەموو شتێکە، وێڕای ئەمانەش، بێ کۆتا جووڵەیەکی نەمرە کە لە ئەنجامدا گشت ئاسمانەکانی لێوە پەیدابووە. لەم کتێبەی (سیوەیلی)دا کۆمەڵێک بیرمەند و فەیلەسووف کاریان لەسەر تێزەکەی ئەناکسیمەندەر کردووە، بۆ نموونە ئەریستۆتالیس بە دوو جۆر لە چەمکی «ئاپیرۆن» دواوە.. هاوکات ئەناکسیمەندەر دەستەواژە فەلسەفییەکانی بە زمانێکی شیعری دەربڕیوە، ئەناکسیمەندەر دەڵێت: شتەکان لە کامە سەرچاوەوە هاتوون کاتێک وێران دەبن، بەپێی ناچاری دەچنەوە سەر هەمان بنەوان، ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕەنجی سزا دەکێشن، کاتێکیش بە حوکمی زەمانە دەست دەکەنە ئەنجامدانی نادادوەری، زیانەکانی یەکتر باربوو دەکەنەوە» ئەناکسیمەندەر جگە لەوەی کات دەکاتە پارسەنگ بۆ ئەوانەی نادادوەرییان ئەنجام داوە، بەم جۆرە ئاپیرۆن، یان بێ کۆتا دۆخی سەرەتایی شتەکانە، پێی وایە: وێڕای ئەم جیهانەی ئێمەی تێدا دەژین، جیهانگەلێکی تریش هەن کە بێ کۆتا ناتوانین بیانناسین. بابەتگەلێکی جۆراوجۆری تری فەلسەفەی لە بارەی بوونگەرایی و گەردوونناسی و پەیدابوونی گیانلەبەرانەوە...تاد دەربڕیوە.

### ٣- ئاناکسیمنس: «٥٨٥-٥٢٥ پ.ز»

ئاناکسیمنس سێیەم فەیلەسووفی مالّتاییە و فەلسەفە لەگەڵ ئاناکسیمنس تایبەتمەندی گفتوگۆی لەخۆیدا بەرجەستە کرد، لە هەمان کاتدا بیرۆکەی هەوێنی «ئاو»ی تالیسی و «بێ کۆتایی» ئەناکسیمەندەری ڕەت کردەوە و دانا، ئاناکسیمنس کتێبێکی لە بارەی سروشتەوە داناوە ئەمە دەسپێکی کتێبەکەیە [بەو جۆرە کە ڕوحی ئێمە لەسەر هەوا بەندە و هەوا توانایی ژیانمان دەداتێ، ئەوە هەر هەوایە کە تەواوی جیهان دەهێنێتە بوون] هیپۆلیتۆس لە بارەی «ئاناکسیمنس»ـەوە دەڵێت: خەڵکی مالّتا و شاگرد و موریدی ئەناکسیمەندەر بوو، لەو بڕوایەدا بوو بنەمای یەکەم هەوایە و بێ سنوور و بێ کۆتاییە... ئاناکسیمنس بڕوای وابوو هەموو شتێک تەنانەت خواوەندەکان و شەیتانەکانیش لە هەواوە پەیدا دەبن، «پلۆتارک»یش لە بارەی «ئاناکسیمنس»ـەوە دەڵێت: ئەو دەیگوت سەرما دۆخی چڕبوونەوە و گرژیی شتەکانەو گەرماش حاڵەتی سادە بوونەوە و ناسکییان، هەروەها دەیگوت زەوی لە ئەنجامی چڕبوونەوەی هەواوە پەیدا بووە و زۆریش گەورەیە و لەسەر هەواش وەستاوە، خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی تر بەرهەمی زەوین، ئاناکسیمنس بەدوایین فەیلەسووفی ئەیۆنیا دادەنرێت.

### ٤- پیتاگۆراس و پەیڕەوکارانی

پیتاگۆراس لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا ژیاوە، ڕێبوار سیویلی بە درێژی لە ژیان و بیروڕا و بۆچوون و چۆنیەتی مردنی ئەم بیرمەند و عاریفە دەدوێت، پیتاگۆراس یەکەم بیرمەند بووە بەخۆی گوتووە «فیلۆسۆفۆس.. واتە ئەڤینداری دانایی، یەکەم کەسیش هەم عارف و هەم ماتماتیکزان بووە.» لە دوورگەی سامۆس لە هەرێمی ئەیۆنیاس لە بنەماڵەیەکی خانەدان لەدایک بووە. لە تافی لاویدا لە ترسی دەستەڵاتی دیکتاتۆری پۆلیکراتیس و هێرشی بەردەوامی فارسەکان بۆ سەر دوورگەی سامۆس، بەرەو میسر ڕای کردووە و لەوێ ئەستێرەناسی و ئەندازەی خوێندووە، بە دامەزرێنەر و ڕابەری ڕێبازێکی ئایینی لە «کرۆتۆن»ی خوارووی ئیتالیا دادەنرێت، ئەندامانی ئەم ڕێبازە کە پێکهاتبوون لە کچ و کوڕان بڕوایان بەیەکسانی هەبووە، هەروەها گیاخۆربوون «ڕووەکی» و خۆیان لە خواردنەوەی ماددەی هۆشبەر بەدوور گرتووە، وەک هاوەڵ و دۆستی یەکتر وابوون و پیتاگۆراس لەو بڕوایەدا بووە «دۆستان هەموو شتێکیان هاوبەشە» بە پێ خواسی بەڕێدا ڕۆیشتوون و ژیانێکی سادە و هەژارانەیان بەسەر بردووە و ئەو جلوبەرگانەیان نەپۆشیوە کە لە پێستی ئاژەڵ دروست کراون، پیتاگۆراس بڕوای بە نەمری ڕوح و بەگوێزرانەوەی ڕوح هەبووە بۆ ناو لەشی ئاژەڵانی تر «دۆنادۆن».. بڕوای وابووە ڕووداوەکانی ڕابردوو لە ڕەوەندێکی بازنەییدا دووبارە دەبنەوە و هیچ شتێک بە ڕەهایی نوێ نییە، مەرجەکانی ڕێبازە ئاینییەکەی پیتاگۆراس بریتی بوون لە:

- پێویستە خۆی لەخواردنی پاقلە بپارێزێت.
- نابێت شتی کەوتوو هەڵبگرێتەوە.
- نابێت دەست لە کەڵەشێری سپی بدات.
- نابێت دڵ بخوات.
- نابێت بهێڵێت پەڕەسێلکە لە بنمیچی ماڵەکەیدا هێلانە دروست بکات.
- تەماشای ئاوێنەی کەنار چرا

مەکە.. وەک لەم کتێبەدا هاتووە کە پیتاگۆراس پێوەندی بە کەسایەتی زەردەشتەوە هەبووە، «گاتری» نووسەر ئاماژە بە هیپۆلیتۆس دەدات کە نووسەرێکی یۆنانی کۆنە، لە کتێبی «بەرپەرچدانەوە»کانیدا نووسیویەتی «پیتاگۆراس سەردانی زاراتاسی کلدانی کردووە»، هەروەها لە زمانی کلمنتی ئەسکەندەرانییەوە نووسیویەتی: پیتاگۆراس لەگەڵ باشترین کلدانی و مەجووسییەکان لە پێوەندیدا بووە»، بەلای پیتاگۆراس و پەیڕەوکارانییەوە «گەردوون» بوویەکی زیندووی یەزدانییە و بۆ هەمیشە دەمێنێت، وەلێ مرۆڤ بوونێکی شیرازە لێ تێکچووی پەرتەوازەی هەیە و ڕوحە نەمرەکەشی بە زۆر چووەتە ناو جەستەیەکی کاتییەوە، کە ئەو جەستەیە دەمرێت و لەناو دەچێت، بەڵام ڕوح بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، ئەگەر مرۆڤێک مرد، ئەوە ڕوحەکەی دەچێتە ناو جەستەی گیاندارێکی ترەوە، بۆیە کاتێک پیتاگۆراس کەسێک دەبینێت لە سەگێک دەدات پێی دەڵێت: لێی مەدە، من لە دەنگی ئەودا، دەنگی یەکێک لە هاوڕێکانم ناسییەوە» پیتاگۆراس پێی وابوو، فەزای جیهان پڕە لەو ڕوحانەی کە چاوەڕوانن بچنەوە ناو جەستەی ترەوە، پیتاگۆراس بایەخی بە فەلسەفەو ژمارە و مۆسیقا دەدا، ئەریستۆتالیس لە بارەی پیتاگۆراسییەکانەوە دەڵێت: پیتاگۆراسییەکانی هاوسەردەمی ئەم زانایە، ماتماتیکیان بە بنەڕەتی شتەکان دادەنا، لەنێو ماتماتیکدا ژمارەشیان بە لەپێشتر دادەنا، لەبەر ئەوەی پێوەندییان لەنێوان مۆسیقا و ماتماتیکدا دەبینی، بوونیان لەبەر ڕۆشنایی سیستمی ژمارەکاندا لێکدەدایەوە و بە مۆسیقاوە دەیانبەستەوە و بە ژمارە و «هارمۆنی»یان دادەنا»، هەروەها حەمید عەزیز دەڵێت: شارەزایان لەو باوەڕەدان کە مۆسیقا لە ژیانی ئەندامانی ئەم ڕێبازەدا دەورێکی گرنگی گێڕاوە و لە کاتی نوێژ و ئاهەنگی ئایینیدا بە مەبەستی پاککردنەوەی نەفس لەگەرد و خەوش، مۆسیقای تایبەتیان لێداوە». لای سیوەیلی ژمارەییبوونی جیهان لای پیتاگۆراسییەکان لەو ڕووەوە کە جیهان سیستمێکی هاوئاهەنگی هەیە و ئەم هاوئاهەنگی و هارمۆنیەتەش لەو سیستم و ڕێکوپێکییەی ژمارەکانەوە هاتووە، چونکە ژمارەکان بۆ خۆیان هەڵگر و پەیڕەوکەری جۆرێکی تایبەتن لە ڕێکخستن و هارمۆنی، واتە پیتاگۆراسییەکان هەم لە ئاستی ئایینیدا کاریان کردووە و بڕوایان بە لێبوردەیی ئایینی هەبووە، هەم لە ئاستی فەلسەفەدا کە گرنگییان بە ئیستێتیکا و ڕیتمی ژمارە و پەیوەستکردنی بە هارمۆنیای گەردوونەوە داوە.

لەم کتێبەدا چەندین بیرمەند و فەیلەسووف لە بارەی بەرهەمەکانی پیتاگۆراس قسەیان کردووە، هەندێک پێیان وایە پیتاگۆراس سێ بەرهەمی هەبووە، لە بارەی فێرکردنەوە، لە بارەی پیاوی سیاسییەوە، لەبارەی سروشتەوە، هەروەها هیراکلیدسی کوڕی سراپیۆن پێی وایە پیتاگۆراس چەند دەقە شیعرێکی نووسیوە، یەکێک لە بارەی جیهانەوە، دەقێکی تریش بەناوی شیعری پیرۆز کە بەم جۆرە دەست پێ دەکات.

– ئەی لاوان کۆی قسەی من ئەمەیە:

– ڕێز بگرن لە سکون «وەستان» و بێ دەنگی.

لە شیعرێکی تریشدا دەڵێت:

– لە بەرانبەری هیچ کەسدا شەرم نەتگرێت.

پیتاگۆراس هەر جۆرە زیادەڕۆییەک ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت نابێت هیچ کەسێک لە سنووری خۆی تێپەڕێنێت، نە لە خواردن و نە لە خواردنەوەدا، چێژە سێکسییەکان بخەرە زستانەوە و لە هاوینەدا نەفس دۆستییت بکەرە پیشەت، هەروەها نەم دۆزینەوە زانستییەی پیتاگۆراس لە بواری ئەندازەدا کە تێگەیشت [لە سێگۆشەیەکی گۆشە وەستاودا چوار گۆشەی یەکەم لە بەرانبەر چوارگۆشەی باقی لاکانی ترە] تائێستا بە دۆزینەوەیەکی دەگمەن لە قەڵەم دەدرێت و لە تێکڕای بوارە زانستییەکاندا کاری پێ دەکرێت، پیتاگۆراس دەڵێت: ڕوحی مرۆڤ لە سێ بەش پێکهاتووە، هەست و ئەقڵ و مەیل، ئاژەڵەکانیش هەست و مەیلیان هەیە، بەڵام هۆش و ئەقڵ تایبەتمەندیی مرۆڤە، شوێنی ڕوح لە دڵەوە تا مێشک بڵاوبووەتەوە. پیتاگۆراس کە ئامادە نەبوو پێ بخاتە نێو کێڵگەی لۆبیاکانەوە، بە دەستی سۆراکۆشییەکان کوژرا.

## ٥- هیراکلیتۆس [٥٤٦-٤٨٢پ.ز]

لە شاری «ئیفسووس» لە دایک بووە، ڕێبوار سیوەیلی لەم توێژینەوەیەدا زۆر بە وردی کار لەسەر دەستەواژە فەلسەفییەکانی هیراکلیتۆس دەکات و چەندین دەلالەتی جۆراوجۆریان لێ دەدۆزێتەوە، هەروەها بەشێک لە دەستەواژەکان بە ستایلێکی شیعری نووسراون، هیراکلیتۆس خاوەن هزرێکی فرە ڕەهەندە، وێڕای فەلسەفە بایەخی بە سیاسەت و ڕەوشت و ئایینیش داوە، کاریگەری بەسەر ئەفلاتوون و ستۆیکەکانەوە هەبووە، هەریەک لە هیگڵ و نیتشە و هایدگەر ستایشیان کردووە. هیراکلیتۆس لە پارچەیەکی فەلسەفیدا دەڵێت: «من لە دەروونی خۆمدا کەوتمە پشکنین» مەبەستی گەڕان بەدوای خود و خۆناسینە، لۆگۆس جۆرێکە لە ئیدراکی بێ سنووری یەزدانیانە و نوێنەرایەتی هەموو ئەو یاسایانە دەکات، کە جڵەوی گشت پرۆسیسەکانی گەردوون دەکەن، لۆگۆس لەلای هیراکلیتۆس لەبەردەم تاکەکەسدا، دەروازەی تێگەیشتنە، پێوەرێکی گشتییانەی تێگەیشتنە، نەک پێوەرێکی

تاکەکەسییانە، هەروەها چەمکی گۆڕان ناوەڕۆکی فەلسەفەی هیراکلیتۆس پێکدەهێنێت، گۆڕان پرۆسەیەکی بەردەوامە لە بوونی هەر شتێکدا، هیراکلیتۆس لە پارچەی «١٢٦»دا بە ستایلێکی شیعری لە چەمکی گۆڕان دەدوێت و دەڵێت: «شتە ساردەکان گەرم دەبن، شتە گەرمەکانیش سارد دەبنەوە، شتە تەڕەکان وشک دەبن و شتە وشکەکانیش هەمان شتە تەڕەکانن».

بۆیە تایبەتمەندییەکانی سروشت لە ڕوانگەی ئەم فەیلەسووفەوە بە جووڵە و گۆڕانەوە بەندە، هیراکلیتۆس دەڵێت: «شیاو نییە دووجار پێ بخەینە هەمان ڕووبارەوە» «خۆر هەموو ڕۆژێک نوێ دەبێتەوە» لە ڕوویەکی دیکەوە هیراکلیتۆس هێرش دەکاتەسەر هەستەکان و پێی وایە دەبێت بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە تەنیا پشت بە ئەقڵ ببەسترێت، هەروەها لۆگۆس لەلای هیراکلیتۆس لەبەردەم تاکەکەسدا، پێوەرێکی گشتییانەی تێگەیشتنە. سیوەیلی لەم توێژینەوەیەدا بە وردی چەمکەکانی ئیبستمۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژیای هیراکلیتۆس باسی یەکایەتی جیهان و گەشەی جیهان و گۆڕانە بازنەیی و یاسا مەندەکانی جیهان دەکات، لای هیراکلیتۆس جەوهەر و بنەما و هەوێنی جیهان، یان ماددەی یەکەم، بریتییە لە ئاگر «ئەم جیهانە ئاگرێکی نەمرە، کە هەمیشە هەبووە و هەیە و هەردەمێنێت و بەپێی پێوەری ڕێکخراوی خۆی کڵپە دەکات و بەپێی پێوەری ڕێکخراویش دەکوژێتەوە» لای هیراکلیتۆس ئاگر هەوێنی هەموو شتێکە، سیوەیلی لەم کتێبەدا زۆرترین دەقی هیراکلیتۆس و ئەو تێکستانەشی خستووەتە ڕوو کە لە بارەیەوە نووسراون، هەندێک لە فەیلەسووفان هیراکلیتۆسیان بە خۆپەرست و لووتبەرز و لەخۆبایی لە قەڵەم داوە، کەچی وەک لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێت هیراکلیتۆس فەیلەسووفێکی دووربینە و زۆر بە قووڵی بیری لە بوون و جیهان کردووەتەوە، لێرە بەدوا هەوڵ دەدەم بەشێک لە ڕستە فەلسەفی/ شیعرییەکانی بخەمەڕوو.

– خۆر هەموو ڕۆژێک نوێ دەبێتەوە.

– ئەگەر هەموو شتەکان ببوونایە بە دووکەڵ، دەکرا بە لووت دەستنیشان بکرێن.

– گوێدرێژ زبڵی بەلاوە گرنگترە لە زێڕ.

– دانایی یەک شتە: تێگەیشتن لە هزرێک، یان مەبەستێک کە فەرمانڕەوای هەموو شتێکە.

– ناتوانیت سنوورەکانی ڕوح بدۆزیتەوە، تەنانەت ئەگەر سەراپای ڕێگەکانیش تەی بکەیت، ئەو مانایەکی ئاوا قووڵە.

– ئێمە هەم پێ دەخەینە ڕووبارێکەوە و هەم پێ ناخەینە ناویەوە، ئێمە هەین و نین.

– مرۆڤ لە بەرانبەر خوادا بە منداڵ ناودەبرێن، هەروەک چۆن منداڵیش لە بەرانبەر پیاودا.

– ناکرێت دووجار پێ بخەینە هەمان ڕووبارەوە.

– پێویستە لاشەکان دوورتر لە کەوڵ توور هەڵدرێن.

– ئەگەر خۆر نەبایە، بەهۆی ئەستێرەکانی ترەوە شەو دادەهات.

– من بەدوای خۆمدا دەگەڕام.

– چاوەکان شایەتێکی باشترن لە گوێیەکان.

– سەرەتاو کۆتایی لە چێوەی بازنەدا، هەمان شتە.

– پیاوانی شەڕانی دوژمنی ڕاستەقینەن.

– ڕوحی ئەو پیاوانەی لە نەبەردیدا دەکوژرێن، لە ڕوحی ئەو کەسانە پاکترە بە نەخۆشی دەمرن.

– هەموو شتێک لە ئاگر پێکهاتووە و پارچە پارچەش دەکرێتەوە سەر ئاگر.

– هەموو شتێکیش پڕە لە ڕوح و خوداوەندی.

هیراکلیتۆس لە تەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ڕێبوار سیوەیلی لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا لە ئیلیاییەکان و فەیلەسووفە ئیلیاییەکان دەدوێت، مەبەست ئەو گرووپە فەیلەسووفەیە کە لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە تاکو ناوەڕاستی هەمان سەدە، لە شاری ئیلیا چالاکبوون، ئەوەی ئەم کۆمەڵە فەیلەسووفە لێک نزیک دەکاتەوە لێکچوونی میتۆد و ڕەتکردنەوەیان بۆ ئەزموونی هەستەکان وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە و پەسندکردنیان بۆ ستانداردی ماتماتیکیانە لە پێناو ڕوونکردنەوە و گرنگی بەڵگەکاندا.

**١- گەزنۆڤان « ٥٧٠- ٤٧٥ پ.ز»**

گەزنۆڤان وەک گەڕیدەیەکی پیر و بەساڵداچوو دەناسرێت کە بە خۆی و سازەکەیەوە بە شەقامەکاندا دەگەڕاو داستانی پاڵەوانەکانی بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە و بژێوی ژیانی لە ڕێگای مۆزیک ژەنینەوە بەدەست دەهێنا، بیروڕا ئایینی و فەلسەفییەکانی لە ڕێگەی چەند گوتەزاو دەستەواژەیەکی کورت بۆ خەڵکی دەخستە ڕوو، گەزنۆڤان [شاعیرێکی دانای نەفس بەرز، ئازادە بیر و ڕەخنە تاڵ بووە]. گەزنۆڤان زۆرتر سەرقاڵی ناسینی خوداوەند بووە، بەڵام هەر لە ڕیزی فەیلەسووفە پێش سوکراتییەکاندا پۆلێنی دەکەن، گەزنۆڤان بەدوای بنەمای سەرەتای بووندا نەدەگەڕا و گرنگی بە نووسینی ساتیرە شیعر دەدا و بیرە فەلسەفییەکانی خۆیشی بە ستایلێکی شیعری دەردەبڕی، یان وەک لە سەرەتای خوێندنەوەکەدا ئاماژەم پێ دا، شیعر و هزری ئاوێتەی یەکتر دەکرد، گەزنۆڤان بڕوای بە یەکتاپەرستی و تاکخودایی هەبوو، واتە دژی فرە خوداوەندی بوو، پێشی وابوو «هەموو ئەوەی لە ناو مرۆیەکاندا مایەی شەرمەزاری و بەدناوییە، هۆمێر و هزیود داویانەتە پاڵ خوداوەندەکان، دزی، زیناو یەکتر فریودان».. پێی

وابوو خوداوەند بە هیچ شێوەیەک لەسەر شێوەی مرۆڤ نییە، دەیگوت شتێکی بێ هوودەیە وێنای خوداوەند بکەین، کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەڕوات، بەو جۆرەی کە لە ئەفسانەکانی یۆناندا خراوەتەڕوو، بۆیە شیعری کردە دەربڕی مەبەستە فەلسەفییەکان، یان شیعر بووە دەفرێک بۆ دەربڕینی بیروڕای فەلسەفی. گەزنۆڤان وەک شاعیرێکی مۆنۆتیست «تاکخودا باوەڕ» پێی وایە خوداوەند تەنیا بەهۆی هێزی بیرکردنەوەیەوە گەردوونی ڕاگرتووە، مرۆڤ لای گەزنۆڤان لە ئاست خوداوەندا خاوەن دانایییەکی سنووردارە و تێگەیشتن و ئیدراکی مرۆڤ بە تێپەڕینی کات گۆڕانی بەسەردا دێت و پێش دەکەوێت، هێزی دادپەروەریش لە زانین و مەعریفەدایە و تەنیا ئەقڵ دەتوانێت دادوەری و یاسا بهێنێتە دی نەک هێز و وزەی بازوویی مرۆڤ. مەبەستی ئەوەیە کە لە شارە یۆنانییەکاندا بایەخیان بە پێشبڕکێی زۆران بازی دەدا، لەو بڕوایەشدا بوو کە «ڕوح هەناسەیە»، لێرە هەندێک لەڕستە شیعری و فەلسەفییەکانی دەخەمە ڕوو. کە لە بارەی سروشتەوە گوتوونی:

– هەموو شتێک لە خاکەوەیە «زەوی» و هەموو شتێک لە خاکدا کۆتایی دێت.

– هەر شتێک پەیدا دەبێت و گەشە دەکات، خاک و ئاوە.

– خۆر بەسەر زەوییەوە هەڵواسراوە و گەرمی دەکاتەوە.

– ئەوەی ئیریس «پەلکەزێڕینە»ی پێ دەڵێن، هەورێکە ئەرخەوانی، دوور و تۆخ و زەرد دێتە پێش چاو.

– ئێمە هەموو لە ئاو و خاک هاتووینە دنیاوە.

– ئەگەر خوا هەنگوینی زەردی دروست نەکردبا، ئێستا خەڵک هەنجیریان بەشیرینتر دەزانی.

**٢-پارمەنیدس «٥١٥-٤٥٠پ.ز»**

پارمەنیدس یەکێکە لە قوولترین فەیلەسووفە دێرینەکانی یۆنان، بە مامۆستای یەکەمی قوتابخانەی ئیلیایی دادەنرێت، پارمەنیدس لەگەڵ زینۆنی قوتابی خۆی بەیەکەوە هاتوچۆی قوتابخانەی پیتاگۆرسییەکانیان کردووە و ڕەخنەیان لە هەندێک بیروبۆچوونی ئەم قوتابخانەیە گرتووە، پارمەنیدس بەشداری لە کاروباری سیاسیشدا کردووە، بە تایبەتی لە نووسینی یاسادا بۆ شاری ئیلیا، دەقی فەلسەفی پارمەنیدسی لەبنەڕەتدا دەقێکی شیعرییە و کەسانێک لەو بڕوایەدان، بۆیە پارمەنیدس بە شیعر مەبەستەکانی خۆی دەربڕیون، چونکە فەلسەفە لەسەردەمی ئەودا بێزراو بووە و ئەویش هەوڵی داوە لە ڕێگەی شیعرەوە ڕەونەقێک بە دەقە فەلسەفییەکانی بدات، پارمەنیدس کەسێکی توێژەرەوە و ڕەخنەکار و گومانکار بووە.

ئەفلاتوون پێی وایە.. پارمەنیدس ڕەخنەی لەوە دەگرت کە خەڵک هەستەکانیان وەک ئامراز و هۆکاری بەدەستهێنانی زانین پەسەند کردووە و بە سەرچاوەی دانایییان زانیوە، بەلای پارمەنیدسەوە جیهان و بوون، نەک هەر بابەتی هەستکردنی نین، بەڵکو تەنیا بابەتی بیرکردنەوەی پەتین، بیرکردنەوە، هزرینە لە شتێک کە هەیە، چونکە ناکرێت بیرکردنەوە لە دەرەوەی بوون بێ و هزرینیش دەربڕینی بوونە، بوون دروستکراو نییە، لەناو ناچێت، هەمیشەییە و دابەشیش نابێت، ئەقڵ و خۆ دەربازکردن لە نەزانی و تاریکی دەدات، لای پارمەنیدس تاریکی هێمای نەزانییە و ڕووناکیش دانایی، هەروەها دادوەری پێش مەرجی گەیشتنە بە حەقیقەت، داوا دەکات تەنیا متمانە بە لۆگۆس، یان عەقڵی گشتگرەوە بکرێت، کە لە بیرکردنەوەدا خۆی بەرجەستە دەکات و بوونمان وەک خۆی پێ دەناسێنێت.

لای پارمەنیدس بوون لە ئاستی فۆرمدا بازنەیەکی هەموولا وەک یەکە و بێ سەرەتایە و بۆشایی تێدا نییە. بێ بڕانەوەیە و بێ جووڵەیە، نە پەیدا بووە و نە لەناو دەچێت و نە دابەشیش دەبێت، بۆیە گشتێکی یەکتایە و هەمیشە بە بەردەوامی و بە ڕەهایی هەیە، پارمەنیدس وای بۆ دەچێت، ئەوەی لە دەرەوەی بوونە، بوونی نییە، ئەوەی بوونی نییە، نییە، کەواتە بوون جووتەکی نییە و یەکەکییە، پێی وایە بوون نەگۆڕە، چونکە ناکرێت بوون پەیدا بووبێت، ئەگەر بوون پەیدا بووبێت، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە پێشتر شتێک هەبووە و لێوەی پەیدا بووە، ئەوەش مەحاڵە کە بگوترێت بوون لە نەبوونەوە پەیدابووە، چونکە نەبوون لە بنەمادا نییە، نەبوون نابێتە سەرچاوە بۆ بوون. ڕێبوار سیوەیلی بە وردی کاری لەسەر بابەتە فەلسەفییەکانی پارمەنیدس کردووە، هەڵبەتە «ڕێگای بڕوا» دەقێکی تری پارمەنیدسە کە لە ڕێگەی شیعرەوە بیروڕا فەلسەفییەکانی دەردەبڕێت، دیۆگینۆس لائیرتیۆس دەڵێت: پارمەنیدس خەڵکی ئیلیا و کوڕی پورس و لە شاگردەکانی گەزنۆڤان بوو، یەکەمین کەس بوو کە ڕایگەیاند زەوی خڕ و لەچەقی جیهاندایە، ئەو بڕوای وابوو، دوو ڕەگەز بوونیان هەیە، ئاگر و خاک، کە یەکەمیان وەک پیشەکار و دووەمیان کەرەستەی پێشەوایە، بە بڕوای پارمەنیدس ڕوح و زەین یەک شتن، هیۆلیتۆس لە بارەی پارمەنیدسەوە دەڵێت: بڕوای وایە کە جیهان کۆتایی پێدێت، بەڵام شتێک لە بارەی چۆنیەتی ئەمەوە ناڵێت.

**٣- زینۆنی ئیلیایی (٤٩٠-٤٣٠پ.ز ناوبانگ ٤٦٠-٤٥٠پ.ز)**

زینۆن لە بواری لۆژیک و ماتماتیک و فەلسەفەدا کاری کردووە و لەپێناو خۆشەویستی بۆ شارەکەی دژی پاشا ستەمکارەکەی وەستاوە و لەسەر ئەم

هەڵوێستەشی بە توندی سزا دراوە، زینۆن قوتابی پارمەنیدس بووە لەو سەردەمەدا سوکرات زۆر گەنج بووە و زینۆن لە وەسفکردنێکی سەرزەنشتکارانەدا سوکرات بە «سەگێکی چالاکی ڕاوکردن» دەچوێنێت، زینۆن فەلسەفەی خۆی لەسەر شێوەی مەتەڵ دەربڕیوە و ئەمەشی بۆ بەرگریکردن لە بیروڕای پارمەنیدس ئەنجام داوە، بە ئامانجی ساخکردنەوەی دوو خاڵی گرنگ:

**یەکەم:** ڕەتکردنەوەی هەبوونی جووڵە.

**دووەم:** ڕەتکردنەوەی فرەیی، لێرەدا «ڕێبوار سیوەیلی» لە مەبەستی زینۆن دەدوێت کە بۆ و لەبەرچی لە بواری فەلسەفەدا پەنای بردووەتە بەر بەکاربردنی مەتەڵ و پارادۆکس، زینۆن فەیلەسووفێکی لۆژیکباوەڕ و ئەقڵانییە، هەوڵی داوە بیروڕای پارمەندیسی مامۆستای بەشێوەیەکی لۆژیکی و ئەقڵانی بسەلمێنێت، لەبەر ئەوەشە میتودی زینۆن بە میتودی دیالێکتیکی بەناوبانگە، زینۆن بەرپەرچی پیتاگۆراسییەکانی داوەتەوە، بڕوایان وابووە بوون یەکایەتی نییە و فرەییە، چونکە پارمەنیدس فرەیی ڕەت کردبووەوە و گوتبووی گۆڕان و جووڵە وەهم و خۆ خەڵەتاندنە، زینۆن لە بارەی فرەییەوە دەڵێت: واقیع شیاوی دابەشکردنە، بۆیە ئەگەر وابێت، ئەوە دەکرێت واقیعەت تا بێ کۆتا دابەش بکرێتە سەر قەبارە و بەشی تر، هەرچەندەش بچکۆلە بن، لەبەر ئەوە شتێک نییە پێی بگوترێت یەکایەتی، چونکە هەر شتێکمان وەک یەکایەتی گریمانە کرد، هێشتا شیاوی دابەشکردنەوەیە، لەبەر ئەوەش یەکایەتی نییە. زینۆن لە دژی جووڵەیش دەڵێت: هەرگیز ئەخیلۆس ناتوانێت پێش کیسەڵەکە بکەوێتەوە، چونکە هەتا ئەو دەگاتە ئەو پنتەی کیسەڵەکە لێوەی ڕۆیشتووە، کیسەڵەکە ماوەیەکی تری بڕیوە، پێویستە ئەخیلۆس ئەو ماوەیەش ببڕێت و تا ئەوەش دەکات دیسانەوە کیسەڵەکە پنتی پێشوی بڕیوە و لەوێ دوورکەوتووەتەوە، بۆیە ئەخیلۆس هەمیشە گیرۆدەی بڕینی ئەو ماوەیە دەبێت، مامۆستا هایلند باس لە نامەکەی «سنیکا» دەکات کە دەڵێت: «لە ڕاستیدا «زینۆن لەو بڕوایەدا بووە هیچ شتێک بوونی نییە» ، بەڵام هیگڵ لە بارەی بۆچوونەکانی زینۆنەوە دەرهەق بە چەمکی جووڵە بەم شێوەیە بەرپەرچی ئەریستۆتالیس دەداتەوە و دەڵێت: زینۆن بەهیچ شێوەیەک هەبوونی جووڵەی ڕەت نەکردووەتەوە پرسیارەکە لە بارەی ڕاستەقینەی جووڵەوەیە، جووڵە بە تێکڕایی ناڕاستە، چونکە ناکۆکە لەگەڵ خۆی، ئەوەی کە دەجووڵێت ناکرێت بوون بێت، چونکە ئەوەی دەجووڵێت پێویستە لە شوێندا بجووڵێت و بوون لە بێ شوێندا بێ جووڵەیە. زینۆن لە تێزەکەیدا کۆمەڵێک ناکۆکی ئاشکرا کردووە کە لەنێوان هەستکردن و ئەزموون و بیرکردنەوەدا بوونیان هەیە، بۆیە مامۆستا کاپلستون پێی وایە ئیلیاییەکان فرەیی و جووڵەیان ڕەت دەکردەوە،.. هەڵبەتە ئەوان ئەوە ڕەت ناکەنەوە کە ئێمە هەست بە جووڵە و فرەیی دەکەین، بەڵکو دەڵێن ئەوەی ئێمە هەستی پێ دەکەین، چاو بەست و خەڵەتاندنە، هەستپێکراو، ڕەنگدانەوەیە، نەک بوونی ڕاستەقینە. تەنیا بەهۆی هزرین و بیرکردنەوەیشەوە دەتوانین لە بوونی ڕاستەقینە تێبگەین، بیرکردنەوەش پیشان دەدات نە فرەیی هەیە و نە جووڵە و نە گۆڕان.

ڕێبوار سیوەیلی لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک دەقی زینۆن و چەندین بیروڕای فەیلەسووفان دەربارەی زینۆن دەخاتەڕوو، زینۆن پێی وایە:

– هەر شتێک لە جیهاندا، یان بێ کۆتا گەورەیە، یان بێ کۆتا بچووکە. ئەمەیش ناکۆکە و ناکرێت لە هەمان کاتدا هەمان شت، هەم بێ کۆتا گەورە و هەم بێ کۆتا بچووکیش بێت.

– سەبارەت بە خستنەسەر و لێ لابردن دەڵێت: ئەوەی زیاد دەکرێت هیچ و ئەوەی کەم دەکرێتەوەش هەر هیچە.

– ئەگەر فرەیی هەیە، شتەکان بە ناچاری هەمان ئەو ڕێژەیەن کە هەن نە کەمتر لەوە و نە زیاتریش لەوە.

– ئەگەر فرەیی هەیە، هەبووەکان بێ سنوورن.

– جووڵێنەر نە لەو شوێنەی کە تێیدا هەیە، دەجووڵێت، نە لەو شوێنەی کە تێیدا نییە.

– تیر لە هاوێشتندا وەستاوە، واتە کات پێکهاتووە لە ساتەکان، ئەگەر وانەبێت، ئەنجامەکەش پەسەند نییە.

– ئەوەی لە هەر ساتێکی زەماندا بۆشایی بەرانبەری خۆی داگیر کردووە جووڵاو نییە، چونکە هیچ شتێک لە ساتدا جووڵاو نییە و ئەوەی جووڵاو نەبێت، وەستاوە.

– جیهانەکان هەن، بەڵام بەتاڵایی بوونی نییە، بنەماو هەوێنی هەموو شتێک گەرما و سەرماو وشکی و تەڕاییە کە بۆ یەکتر دەگۆڕێن، مرۆڤ لە خاکەوە لە دایک دەبێت و ڕوح لە پێوەندی گشت ڕەگەزەکانەوە دروست دەبێت. کە بە شێوەیەک تێک دەئاڵێن کە هیچ ڕەگەزێک بەسەر ئەوانی تردا باڵا دەست نییە.

### ٤- ئەمپادۆکلیس «٤٩٢پ.ز، ٤٣٢پ.ز»

ئەمپادۆکلیس فەیلەسووفێکی فرە کار بووە، جگە لە فەلسەفە خەریکی مامۆستایەتی و سیاسەت و شیعریش بووە، پێی وابووە خوداوەندەکان لێی حاڵی دەبن، باو و باپیرانی ئەمپادۆکلیس سەرقاڵی پەروەردەکردنی ئەسپی پێشبڕکێ بوون، لە ڕووی فەلسەفییەوە لەژێر کاریگەری پیتاگۆراس بووە، گوایە چەند وتارێکی ئەم فەیلەسووفەی دزیوە، لە ڕووی شیعریشەوە شەیدای تێکستەکانی پارمەنیدس بووە و لاسایی شێوازی نووسینی ئەوی کردووەتەوە، یان لەم بوارانەی خوارەوە سوودی لەم دوو

فەیلەسووفە وەرگرتووە، ڕەهەندی بوونناسیانە و فیزیک، بابەتە ئایینی و ئیتیکییەکان و مەسەلەی گوێزانەوەی ڕوحەکان «دۆنادۆن»، لەگەڵ ئەو گریمانەیەی کە پەیدابوونی بازنەیی گەردوون لە بوونەوە بۆ نەبوون دەخاتە ڕوو، ئەمپادۆکلیس پێی وایە پێویستە تاکەکەس بەهۆی بەدەستهێنانی زانین و دوورکەوتنەوە لە سروشتە پڕ هەڵە و گوناهبارەکەی خۆیەوە، خۆی لە بازنەی چارەنووس ڕزگار بکات و بە گەڕانەوەی پۆ پیتی سەرەتای بوون، بچێتەوە سەر هێڵی هاوسەنگی گەردوون، ئەمپادۆکلیس بنەمای تێزە فەلسەفییەکەی بەم شێوەیە داڕشتووە «هاوشێوەکان یەکتر دەناسنەوە» و مرۆڤ جەوهەرێکی ڕوحی نییە کە شتەکان بەهۆیەوە بناسێت، بەرزترین ئۆرگانی ناسێنەر شتێکە وەک خوێن، کە بەهۆیەوە ڕاستەقینەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەم ئۆرگانە بریتییە لە تێکەڵەی چوار توخمە سەرەکییەکە، ئاگر، هەوا، خاک و ئاو، هەروەها بیرۆکەی خۆشەویستی و ڕق وەک ئەو دوو هێزەی کە پرۆسەی ئەم تێکەڵبوون و جیابوونەوەیە بەهۆیانەوە ڕوودەدات، گەردوون بەو دوو هێزەوە گەمارۆ دراوە، پاشان ئەمپادۆکلیس هەر لە ڕێگەی ئەم دوو هێزەوە «ڕق و خۆشەویستی» توانیویەتی پێوەندییەک لەنێوان یەکگرتن و جیاوازی و لەنێوان نەگۆڕ و جووڵەدا دروست بکات، لێرەدا لە تێزەکەی پارمەنیدس دوور دەکەوێتەوە، ئەمپادۆکلیس لەلایەکی دیکەوە لە خراپەی جیهان دەدوێت کە چۆن تا دێت هێزی ڕق بەسەر پێوەندییەکاندا زاڵ دەبێت، مرۆڤ لە پەرستگەکاندا هەنگوینی زەردباو دەڕێژێت و خوێنی ئاژەڵەکان فیچقە دەکات. ئەمپادۆکلیس ئەوکاتە دژی قوربانی و ئاژەڵکوژی بووە، لە پارچەی «١١٨»دا دەڵێت: کاتێک لە دەمەی لە دایکبووندا عەردی نەناسراوم بینی، دامە پڕمەی گریان و شیوەنم کرد، یان دەڵێت: میحراب هێشتا لە خوێنی پەتی گاکاندا نغرۆ نەببوو، بەڵکو ئەوە مەزنترین ناپاکی مرۆیەکان بوو، کاتێک ژیانیان لەو ئەندامە جوانانەی «وەک: ئاژەڵەکان» دزیبوو، شەق و پەقیان کردن و قووتیاندان، بەلای ئەمپادۆکلیسەوە ئەگەر مرۆڤێک قوربانی بکات، یان بکوژێت، سزاکەی ئەوەیە سی هەزار ساڵ سەرگەردان بسووڕێتەوە.

سەبارەت بە پرۆسەی دۆنادۆن پێی وایە و دەڵێت: من ڕۆژگارێک کوڕێک، کچێک، ڕووەکێک، باڵندە و ماسییەکی گەورە و لاڵ بووم، کە لە دەریاوە هاتمە دەر. ڕێبوار سیوەیلی سەبارەت بە ئەمپادۆکلیس و لەم بەشەدا هەم دەقگەلێکی ئەم فەیلەسووفە دەخاتەڕوو، هەم بابەتگەلێک کە دەربارەی تێزە فەلسەفییەکەی نووسراون، لە هەمان کاتدا سیوەیلی بە وردی کار لەسەر بیروبۆچوونەکانی دەکات و پوختەی فەلسەفەکەی بە خوێنەر دەناسێنێت.

### ٥- ئاناکساگۆراس «٥٠٠-٤٢٨ی پ.ز»

ئاناکساگۆراس خەڵکی کلازۆمینایە، فەیلەسووفێکی سەردەمی پریکلیس شاو یۆرپیدسی شانۆنامەنووس بووە، هەوڵی داوە لە گەردوون و لە جیهانی ڕێکخراو تێ بگات، پێی وابووە پەیدابوونی گەردوون بەرەنجامی چالاکییەکانی پرانسیپی ئەقڵە، ئاناکساگۆراس ئەم پرانسیپە ئەقڵییە بە نووس «nus» نێوزەد دەکات. ئاناکساگۆراس بەتاوانی ڕەتکردنەوەی خوداوەندەکان تاوانبارکرا، گوایە ئەمە پاش ئەوە ڕووی داوە، کە ئاناکساگۆراس گوتوویەتی: «خۆر بەردێکی داغە»، لە ڕوویەکی ترەوە ئەم فەیلەسووفە چەشنی پارمەنیدس و هیراکلیتۆس ڕۆڵی مەعریفەتناسانەی هەستەکان ڕەت ناکاتەوە، پێی وایە ئەگەر شتێک لە بنەمادا بوونی نەبێت، جۆرایەتی و کوالیتەشی نییە و ناتوانێت ببێتە بابەتێک بۆ هەستکردن، بۆیە کاتێک هەستەکان هەست بە شتەکان دەکەن، ئەمە بەڵگەیە لەسەر بوونی ئەم شتانە، لە بواری بوونگەرایی و فیزیکدا چەشنی ئەمپادۆکلیس سێ بیرۆکەی پەیوەست بە یەک دەخاتەڕوو.

- بیرۆکەی فرەیی بێ بڕانەوە و ڕەگەزە بنەماییەکان.
- بیرۆکەی تێکەڵبوون و جیابوونەوە.
- بیرۆکەی نووس، یان ئەقڵی جیهانی.

بەلای ئاناکساگۆراسەوە، هەر چوار توخمەکە، ئاگر، ئاو، خاک و هەوا، بریتین لە تێکەڵەیەک لە سپێرماتاکان، لەبەر ئەوە هەموو ژینەکییەک تیکەڵەیەکە لەو سپێرماتایانە، کە بریتین لە جۆرایەتی ناو ئێسک، خوێن و لینجی..تاد.

ئاناکساگۆراس وەک پارمەنیدس بڕوای وایە کە بوون هەمیشەیی و نەگۆڕە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمپادۆکلیسەوە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە بوون یەکایەتی بێت، پێی وایە هیلینایییەکان بە هەڵە لە پەیدابوون و لەناوچوون تێگەیشتبوون، چونکە هیچ شتێک ناتوانێت پەیدابێت و لەناو بچێت، بەڵکو ئەو شتە تەنیا دەتوانێت بەهۆی پرۆسەی تێکەڵبوون و جیابوونەوەی لەوەی کە هەیە، لەناو بچێت، پێشی وایە هەموو شتەکان پێکەوە بوون، تا «نووس» هات و ڕێکیخستن، نووس ڕێکخستن و پرۆسەی بونیاد بەخشین بە جیهان ئەنجام دەدات، هەروەها دەڵێت: لە هەموو شتێکدا ڕێژەیەک لە هەموو شتێک هەیە، بێجگە لە نووس «ئەقڵ» شتگەلێکیش هەن ئەقڵ لەوانیشدا هەیە، ئاناکساگۆراس جیاوازی لەنێوان ڕوح و ئەقڵدا دەکات، بەڵام لە کردەوەدا وەک جەوهەرێک مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، هاوکات ئەقڵ بە بنەمای ڕەسەنی هەموو شتەکان دەزانێت. پێی وایە لە

تەنی هەموو شتێکدا کە سادە و سەقامگیر و نایابە، هەروەها تایبەتمەندییەکانی زانین و بوونی جووڵەش دەخاتە پاڵ هەمان بنەماوە و دەڵێت ئەوە ئەقڵ بوو کە گشتی بە گەڕ خست، ڕێبوار سیوەیلی لەم بەشەدا بە قووڵی کار لەسەر دەقەکانی ئاناکساگۆراس دەکات و تێکستگەلێکیش دەخاتە ڕوو کە لە بارەی فەلسەفەی ئاناکساگۆراسەوە نووسراون، هاوکات بیروبۆچوونی ئەو فەیلەسووفانەش شی دەکاتەوە کە دەربارەی ئاناکساگۆراس دەدوێن.

## ٦- دیموکریتۆس (دەوروبەری ٤٦٠- ٣٧٠ پ.ز)

دیموکریتۆس لە شاری ئابیدرا لە دایک بووە و قوتابی لوکیۆپۆس بووە کە ئەمیش یەکێک بووە لە شاگردەکانی زینۆن، دیموکریتۆس چەندین بەرهەمی فەلسەفی نووسیوە.. لەوانە میکرۆ دیاکۆسمۆس «سیستمی جیهانی بچووک، ماکرۆدیاکۆسمۆس «سیستمی جیهانی گەورە» کتێبێکیش بەناوی لە بارەی ڕوحەوە، دیموکریتۆس سەردانی ئێران، هیندستان، میسر و ئەسیوبیای کردووە، لە میسر ماتماتیکی خوێندووە، جگە لەمانەش فیزیا، دەرمانسازی، زانستی جەنگ و ئیتیکی خوێندووە، یان بەگشتی بەرهەمەکانی دیموکریتۆس دابەش دەبنە سەر ئەم بوارانە، فیزیک، ماتماتیک، هونەری موزیک، تەکنیک و ئیتیک.. دیموکریتۆس پێی وایە ئەو زانینەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە دێنە دەستمان زانینێکی تەمومژاوییە، چونکە هەستەکان هەڵخەڵەتێنەرن، بەڵام بیرکردنەوە ڕێگای ڕاستەقینەی تێگەیشتن و ناسینە، سەبارەت بە بوون دەڵێت: بوونی هەر شتێک بوونێکی پێکهاتەیی هەیە و لەسەر چڕبوونەوەی گەردیلە و چوونیەکەکان لە بۆشاییەکی تایبەتدا وەستاوە، هەروەها ئەوەی بەلای هەستەکانی ئێمەوە وەکو گۆڕان خۆی بەدیار دەخات لەلای دیموکریتۆس بریتییە لە جیابوونەوە و یەکگرتنەوە، تەنانەت سەرلەنوێ بنیادنانەوەی گەردیلەکان، کە بریتین لەو تەنانەی لە بۆشاییدا دەسووڕێنەوە، ئەوەی لە پرۆسەی گۆڕاندا ڕوو دەدات هەڵوەشانەوەی شێوەی شتەکەیە، بەڵام گەردیلەکان بە نەگۆڕی دەمێننەوە.

لای دیموکریتۆس گەردیلەکان بوونێکی ماتەریالیانەی نموونەیی و پێشینەن، ڕێبوار سیوەیلی پێی وایە میتودی دیموکریتۆس زۆر لە میتودی تالیسی مالّتاییەوە نزیکە، لای ئەم فەیلەسووفە ڕوحیش لە گەردیلەی ناسک پێکهاتووە، کە ئەو گەردیلانە سروشتی ئاگریان هەیە و سووکەڵەن، بۆیە لای دیموکریتۆس ئەوەی کە هەیە ماتەریالیەتە، هەتا ئەو خوداوەندانەیش کە باسیان لێوە دەکات، لە گەردیلە و ئەتۆم دروستبوون و مانەوەشیان لە زەماندا هەمیشەیی نییە و کاتییە، لەبەر ئەوەی هیچ خوداوەندێکی تەگبیرکەر و پلاندارێژەر لای دیموکریتۆس بوونی نییە، هەروەها هیچ ڕووداوێک بەبێ هۆ ڕوونادات، بەڵام هەموو ئەوەی ڕوودەدات هۆکاری خۆی هەیە و پێویستە، بەم جۆرە هەبوونی خوداوەندەکان و ڕوح لای ئەم فەیلەسووفە، بوونێکی سەربەخۆیانە نییە و بەهەبوونی پێویستییەکەوە بەستراوە، بەڵام لە ڕووی فیزیکییەوە دیموکریتۆس پێی وایە ئەتۆمەکان لەت ناکرێن و دابەش نابن، بۆ یەکەی لە خۆیان بچووکتر، لە ڕووی چۆنایەتییەوە وەکیەک و یەکسانن، هەروەها نابینرێن و نادیار و ژمارەیان بێ کۆتایە، هاوکات گەردیلە ئەتۆمەکان قەبارە و کێش و فۆرم و دۆخی جیاوازیان هەیە و پێوەندییان بە یەکدیشەوە جیاوازە، هەروەها ڕوح لای دیموکریتۆس هەڵگری ئاگایی نییە، بەڵکو وەک ئەریستۆتالیس گوتوویەتی جۆرێکە لە پرانسیپی ژیان، ڕوح شتێکی ماتەریالییە و لە گەردیلە ئەتۆمەکان دروستبووە، هەروەها پێی وایە ڕوح جۆریک لە ئاگر، یان مادەی گەرمە، گەردیلە خڕەکان لەگەڵ ڕوحدا هەمان شوناسیان هەیە، ڕوح دەبێتە هۆی جووڵەی گیانداران، لەبەر ئەوەی جەوهەرێکی ماتەریالیانەی هەیە، بوونێکی مەرگینی هەیە و شیاوی لەناوچوونە، ڕوحی هەر تاکەکەسێک لەگەڵ هەڵوەشانەوەی جەستەیدا نامێنێت پێشی وایە ئەم جیهانە، یان ئەم دروستبوونە، بەرئەنجامی پلانێکی، یان ئەقڵێکی ڕێکخەر نین، بەڵکو تەنیا ئەنجامێکی هێزە سروشتی و یاسا سرووشتیەکانن، ئەمانەیش بەشێکن لە تایبەتمەندی و سروشتی گەردیلەکان، لە ڕووی ئاکارییەوە پێی وایە دەبێت مرۆڤی بیرکەرەوە ژیانی خۆی لە میانەی توێژینەوەدا بەدەست بهێنێت، هەروەها قسە سێبەری کردەوەیە، هەروەها ئەو کەسەی ببێتە کۆیلەی سامان، هەرگیز ناتوانێت مرۆیەکی دەستپاک و دروستکاری لێدەربچێت، بۆیە دەبێت مرۆڤ، یان باش بێت، یان لاسایی پیاوچاکان بکاتەوە، لە هەمان ڕوانگەوە دەڵێت: وای بە باش دەزانم لە جیاتی بەدەستهێنانی پاشایەتی ئێران، ڕاستەقینەیەک ئاشکرا بکەم، هەروەها ڕەفتاری ئاکارییانە لە خودی خۆمانەوە دەست پێ دەکات و خەتاکار بۆ خۆی لەو کەسە بێ بەختترە کە خەتای لێ کردووە، دیموکریتۆس جەخت لەسەر ئەم سێ حاڵەتە دەکات کە گوتەکانی «زەردەشت»مان بیردەخاتەوە، بیرکردنەوەی باش، قسەی باش، ڕەفتاری باش، ڕێبوار سیوەیلی هەم بەرهەمێکی زۆری دیموکریتۆسی خستووەتەڕوو، هەم کۆمەڵێک نووسراو کە لە بارەی ئەم فەیلەسووفەوە نووسراون.

لێرەدا بەشێک لە گوتەکانی دیموکریتۆس تۆمار دەکەم..

– پزیشکی نەخۆشییە جەستەییەکان تیمار دەکات، دانایی ڕوح لە مەیلەکان ڕزگار دەکات.

– مرۆڤ جیهانێکی بچکۆلەیە.

– نە جەستە و نە پارە مرۆڤ ناگەیەنن بە بەختەوەری، بەڵکو لە ڕێگای بیرکردنەوەی دروست و زیرەکییەوە.
– لە کاتی نەهامەتیدا بیرکردنەوەی لەوەی ئەرکە، کارێکی مەزنە.
– پەشیمان بوونەوە لە کاری شەرماوی، ڕزگاری ژیانە.
– گەورەیی، قبووڵکردنی هەڵەیە بە ئارامی.
– ئەو کەسەی دەیەوێت، کەسێکی تر هۆشیار بکاتەوە، کە خۆی بەهۆشیار دەزانێت، هەوڵێکی بێهوودە دەدات.
– ئەوکەسەی ببێتە کۆیلەی سامان، هەرگیز ناتوانێت مرۆیەکی دادوەری لێ دەربچێت.
– هونەر و دانایی بەبێ فێربوون بەدەست نایەن.
– باشترە مرۆڤ کەمایەتییەکانی خۆی ببینێت، نەک هەڵەی کەسانی تر.
– پێویستە زۆر بیرکردنەوە پرۆڤە بکرێت نەک زۆر فێربوون.
– سووربوون ئەوەیە کەسێک بەردەوام قسە بکات و حەز نەکات گوێ لە کەسانی تر بگرێت.
– پیاوی حەسوود خۆی وەک دوژمنێک ئازار دەدات.
– ئەوکەسەی تەنانەت یەک هاوڕێی باش و دروستی نییە، شایستەی ئەوە نییە بژی.
– ئەوکەسەی هیچ کەسێکی خۆش ناوێت، بە بڕوای من هیچ کەسیش خۆشی ناوێت.
– ئەوی تر کەسێک ستایش بکات، باشترە لەوەی خۆی بیبکات.
– هاتمە ئەسیناو کەس نەیناسیم.
– بەرازەکان لە لیتاودا خۆش ڕادەبوێرن.
– کاتێک ناخی خۆت بکەیتەوە لێشاوێکی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ دەرد و گەنجینەیەک لە خراپییەکان دەدۆزیتەوە.
– مرۆیەکان هەر ڕۆژێک، هزرگەلێکی نوێیان هەیە.
– خوازیاری زانینی هەموو شتێک مەبە، نەکا بەرانبەر هەموو شتێک نەزان بیت.
– خۆشبەختی لەوەدا نییە گاران و ئاڵتوونت هەبێت، ڕوح جێگەی بەختە چ باش و چ خراپ.
– شتە جوانەکان لە ڕێگەی فێربوون و ڕەنجکێشانەوە بەدەست دێن، بەڵام شتە ناشیرینەکان لەخۆوە و بەبێ زەحمەتکێشان دێنە دەست.
– هاوڕێیەتی بەردەوامی ئاست نزمەکان، ئامادەیی ناشیرینکاری زیاد دەکات.
– ئومێدی مرۆیە خاوەن کولتوورەکان، لە سامانی نەزانان بە تواناترە.
– گەورەترین چێژەکان، لە بینینی شتە جوانەکانەوە بە دەست دێن.
– گەمژەن ئەوانەی بەبێ چێژکردن لە ژیان دەژین.
– گەمژەن ئەوانەی ئاواتی ژیانێکی درێژیان هەیە، بەبێ ئەوەی لە ژیانی درێژ چێژ وەربگرن.
– گەوجەکان لە ترسی مەرگ خوازیارن پیر بن.
– هەر چێژێک نا، بەڵکو ئەوانەیان هەڵبژێرن کە لە شتی جوانەوە پەیدا دەبن.
– سەلامەتی ڕوح، یان ئارامی باوک بۆ منداڵ گەورەترین ڕێنماییە.
– میانەڕەوی خۆشحاڵی بەهێز و چێژیش دەباتە سەرێ.
– تەنیا ئەوانە خۆشەویستی خوداکانن کە لە بێدادی وەڕسن.
– ژیانی بێ جەژن و شادی، ڕێگایەکی درێژی بێ میوانخانەیە.
– مرۆڤی بیر دروست کەسێکە خەم لەوە ناخوات کە نیەتی، بەڵکو دڵشادە بەوەی هەیەتی.
– ئەو چێژانەی درەنگ پێیان دەگەین، زۆرترین ئاسوودەییمان پێ دەبەخشن.
– زەوی هەمووی بۆ پیاوی دانا واڵایە، چونکە بۆ ڕوحی پاکژ سەراپای جیهان نیشتمانە.
– بەپێی سروشت، حکوومەتکردن بەشی بەهێزەکانە.
– ترس دەبێتە هۆی کاسەلێسی، بەڵام چاکەکاری لێ بەرهەم نایەت.
– بوێری سەرەتای کارە، بەڵام بەخت فەرمانڕەوایی کۆتایی کارەکەیە.
– ژن لەبیرکردنەوەی بەدو شوومدا، زۆر لە پیاو تیژبینترە.
– ڕازانەوەی ژن، کەم دوورییەتی، سادەیی ڕازانەوەش جوانە.
– خۆشبەخت کەسێکە شادمانە بەوەی هەیەتی، بەدبەخت کەسێکە زۆری هەیە و ناشاد.

ئەم خوێندنەوەیە بریتییە لە کورتکردنەوەی کتێبی «فەلسەفەی پێش سوکرات»ی ڕێبوار سیوەیلی، یان خستنەڕووی چۆنیەتی ژیان و پوختەی بیروڕای فەیلەسووفە مالتاییی و ئیلیاییەکانە، وا هەست دەکەم لەلای زۆربەی ئەو فەیلەسووفانە هزر و شیعر، یان شیعر و فەلسەفە تا ڕادەیەک ئاوێتەی یەکتر دەبن، یان وێناو بۆچوونە فەلسەفییەکان بە شێوە و ستایلێکی شیعری گوزارەیان لێ دەکرێت، ئەم ڕوانینەیش بۆچوونێکی هایدگەرم بیر دەخاتەوە کە پێی وایە شیعر جۆرێکە لە تێفکرین، کەواتە پێویستە شیعر هەڵگری جۆرێک لە هزر بێت، چونکە شیعر زمانە و هاوکات لەنێوان زمان و فیکردا پێوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە، بۆیە ئەوە زمانە لەنێو دەقدا دەدوێت و پرشنگی هزرە جۆراوجۆرەکان پەرش و بڵاو دەکاتەوە.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: فەلسەفەی پێشسوکرات**
**بابەت: فەلسەفە.**
**نووسینی: ڕێبوار سیوەیلی**
**شوێنی بڵاوکردنەوە: دەزگای زەریاب**
**چاپی یەکەم: ٢٠١٢**
**چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر کوردستان، عیراق.**

# نامەیەکی مستەفا بەگی کوردی بۆ حەسرەتی
# وەڵامی سالم بۆ کوردی و حەسرەتی

ئا: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)
(کەلار)

لە دنیای ئەمڕۆدا کە پێی دەڵێن: جیهانگیری، ئینتەرنێت بە فەیسبووک و جیمەیڵ و یاهوو... مۆبایل و تەلەفۆنیش کە ئێستەکە باوە لەنێو دنیای ئەمڕۆدا، بە کورتە نامە و مەسج و کۆڵ و نازانم چی و چی، هەواڵی یەکتر دەپرسین و دەپرسرێت.

جاران لەنێو شاعیران و نووسەران و ئەدیبان و مەلا و میرزا و زانایانی کۆندا هەواڵ پرسین بە فەیسبووک و ماسنجەر و کورتە نامەی مۆبایل نەبووە، هاتوچۆ و ئەم شار بۆ ئەو شار و ئەم گوند بۆ ئەو گوند بە ئۆتۆمبێلی ئاخر مۆدیل و بە ساردکەرەوەی فوول مواسەفات نەبووە، بەڵکو بە گوێدرێژ و ئەسپ و نامەی سەر کاغەز ئەگەر کەسێک بڕۆشتایە بۆ شار و گوند دەبوو، ئەمەش تا چەند ساڵێکی نزیکیش هەروەها بووە.

هەر ئەم نامانە تاکو ئێستاش پڕن لە سۆز و موحیبەت، پڕن لە خۆشەویستی پاک و بێگەرد، پڕن لە سەرگوزەشتەی جوان و مێژووی گرنگ و بەڵگەی ڕاستگۆیی و سەلمێنراو و بایەخدارن بۆ نەوەی ئەمڕۆ، ئەگەر نەوەی ئەمڕۆ قەدری بزانن.

ئەم نامەیەی کە لە بەردەستدایە، یەکێکن لەو نامانەی کە پڕە لە موحیبەت و خۆشەویستی نێوان دوو شاعیر کە دۆست و هاودەمی یەکتر بوون، دەمانێک ئەم دوو هاوڕێ خۆشەویستە نامە گۆڕینەوەیان لەگەڵ یەکتردا هەبووە، بەنامەی شیعری هەواڵی یەکتریان پرسیوە و خەمی یەکتریان بە با داوە.

یەکێک لەو نامانەی کە ئێستاکە بەردەستی ئێمە کەوتووە و دەمانەوێ بە خوێنەری ئازیزی بناسێنین، دوو نامەی حەسرەتی و کوردییە، لەگەڵ شیعرێکی سالمی ساحێبقڕاندا کە دەکرێتە ناواخنی ئەم باسە.

حەمەبۆر لە دیوانی موستەفا بەگی کوردیدا ئاوڕی لەم نامانەی کوردی و حەسرەتی داوەتەوە، بەڵام بەهەندێ بیر و بۆچوونی جیاوازەوە کە ئێستاکە ئێمە پێچەوانەی وتەکانی ئەو قسانێک دەکەین.

موستەفا بەگی کوردی و سالم، نامە گۆڕینەوەیان لەگەڵ یەکتریدا هەبووە، بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا بینیبێتم تەنیا حەمەبۆر ئاماژەی پێ کردووە، لەم باسەدا ئاوڕێکی تریش لەو بابەتە دەدرێتەوە.

حەسرەتی و کوردی و سالم، سێ شاعیری هاودەمی یەکتربوون، تاکو ئێستا هیچ کەسێک لەم ڕوانگەوە هیچی نەوتووە و بەڵگەی باوەڕ پێکراوی تەواومان لەبەردەستدا نییە جگە لەم سێ پارچە هۆنراوەی هەر سێ شاعیر نەبێت.

حەمەبۆر لە بەرگی دووەمی دیوانی کوردیدا لە لاپەڕە (٨٢)دا دەڵێت: شایانی دەست نیشان کردنە کەوا (حەسرەتی) (نازناو)ی (مەلا عومەر) ناوێک و هاواڵ و هاوچەرخی (کوردی) بووە و من بە (مەلا عومەر)ی (ڕەنجووری)(*) دەزانم کە دەشێ ئەویش بێجگە لە نازناوی (ڕەنجووری)، نازناوی (حەسرەتی)یشی بووبێ وەک (سالم) نازناوی (بیمار) و (کوردی) نازناوی هیجریشی هەبووە و ئەگەر ئەم (حەسرەتی)یە، ئەو ڕەنجوورییە نەبێ کە (محەمەد عەلی قەرەداغی) دیوانێکی نایابی ئامادەی چاپ کردووە، ئەوە لەوەندە پتری لێ نازانم کە (کوردی) هەڵبەستی (قەوسی ئەبرۆ و موژەت تیر و کەوانە بە عومەر)ی بۆ ئەو گوتووە. وەک لەوێدا نیشانەم بۆ کردووە، بەڵام وەڵامەکەی ئەو مەلا

عـومـەر (حـەسـرەت)یەم، یان (ڕەنجـووری)یەم، دەست نەکەوتووە کە بۆ (کوردی)ی نووسیوە، ئەوە بەرانبەر بەو هەڵبەستەی تری (کوردی) نابێ.

حەمـەبۆر لەم بابەتەدا ئەگەرچی شـارەزاییـەکی باشی هەبووە، بەڵام لە هۆنراوەی (قـەوسی ئەبرۆدا...) زۆر پێداگری لەوە دەکات کە ئەو شیعرە هی کوردییە و هی حەسرەتی نییـە، لە دەستنووسێکدا کـە کـۆپییـەکم لە مامۆستا حەمە ڕەشیدی ئەمینی پاوەیی وەرگرتووە، ئەم دوو نامە شیعریەی مستەفا بەگی کوردی و حەسرەتیم تێدا بینییەوە، زۆربەی شیعرەکانی ئەم دەستنووسە هی کوردی و نالی و فکری و حەسرەتی و... کۆی شیعری شاعیرانی نێو ئەم کەشکۆڵە نزیکەی (٥٠) شاعیری کورد و فارسن و شیعری کوردی و فارسی و عەرەبی شاعیرانی کوردی تێدایە، قەبارەی دەستنووسەکەش بریتییە لە (١٦ × ٢٣سم) و ئەوەی ماوەتەوە لە کەشکۆڵەکە ٢٢٨ لاپەڕەیە، بەپێی دوایین لاپەڕەی وا دەردەکەوێت کۆتاییەکەی لێ فەوتابێت.

بەڵام لەم دەستنووسەدا دوای ئەوەی شیعرەکەی کوردی نووسراوە، شیعرەکەی حەسرەتی دێت و لە سەری نووسراوە (حسرتی در جواب)، دواتر دەچێتەوە سەر شیعرەکانی کوردی و لە سەرەتایانەوە نووسراوە (وله)، من لەگەڵ ڕای مامۆستا حەمەبۆردا نیم و دەڵێم: ئەم هۆنراوەی (نیم نیگای دولبەری من، دڵ دەڕفێنێ، بە عەلی) هی مستەفا بەگی کوردییە، هەروەها هۆنراوەی (قەوسی ئەبرۆ و موژەت تیر و کەوانە بە عومەر) هی حەسرەتی-یە، بەڵگەشم بۆ قسەکانم ئەم کەشکۆڵەیە کە لە سەر زۆربەی شیعرەکان ناوی شاعیرەکانی نووسیوە، لێرەشدا نووسیویەتی (حەسرتی در جواب)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم هۆنراوەیە هی حەسرەتی-یە نەک کوردی، ناو هاتنی حەسرەتی-ش لە کۆتاییدا بەڵگەیەکی ترە، جگە لەوەش دەبینین ناوەڕۆکی نامەکەی کوردی جۆرە پرسیارێکە لە حەسرەتی و دەڵێت: بە عەلی، حەسرەتیش کاتێک وەڵامی دەداتەوە دەڵێت: بە عومەر.


مامۆستا سەرچاوەکانی هەڵبەستی قەوسی ئەبرۆ دەکاتە سێ بەشەوە:

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشەیان هەڵبەستەکەیان بە هی (کوردی) داناوە، ئەوانیش (عن، گل/١، مس، کو، ف، نم/١، کم، گ١/، گ٢/، س)ن.

من، بەپێی ئاشنایەتیم لەگەڵ شیعری (کوردی) دا، (شێوە) و (سۆز و مۆرک)ی تێدا ڕەچاو دەکەم، هەر بۆیە (عن)م کردە بنکە و دەسکەلای لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەم هەڵبەستە کە ئەم تاکە لە هەموو سەرچاوەکاندا یەکەمینە.

**بەشی دووەم:** لە سەرچاوەکاندا ئەم بەشە، یان هەڵبەستەکەیان بە هی (بیمار)، یان (سالم) داوەتە قەڵەم، ئەویش بەوەدا کە لە هەشتەمین تاکی ئەم هەڵبەستەدا وشەی (بیمار) هەیە، دەبێ ئەوەش دیاری بکەم لە (بیمار) نازناوی سەرەتای ژیانی (سالم) بووە، بەم پێیە هەڵبەستەکەیان بەلاوە یان هی (سالم)، یان هی (بیمار)ێکی تر بووە و ئەوانیش (ن، س/٢)ن کە من پشتگیری ئەم خاوەن دیاریکردنی هەڵبەستەکەیان ناکەم.

**بەشی سێیەم:** لە سەرچاوەکانی ئەم بەشەدا هەڵبەستەکە هی (حەسرەتی)یە، چونکە لەو (هەشتەمین) تاکە ناوبراوەدا، (ناو)ی حەسرەتی هاتووە، ئەوانیش (گل/٨، گل/٩) وە پەراوێزی (کم و س/١)ە کە لەو



**نامەکەی مستەفا بەگ**

پەراوێزەدا نووسراوە: (ئەم غەزەلە بەناوی- (حەسرەتی)یەوە لە یەک دوو جێگادا نووسراوە)....

حەمەبۆر زۆر پێداگری لەوە دەکات کە ئەم هۆنراوەیە هی کوردییە بەناوی (کۆهکەن) یان بەیتی (حەوتەم)، ئەی ئەگەر حەسرەتی بەیتی (حەوتەم)ی تێکەڵاوی غەزەلەکەی خۆی کردبێت، ئەی ئەوەیان چی؟!

ناتوانین ئەو ڕایە بلێین کە حەسرەتی بەیتێکی کوردی هێناوە و ناوەخنی هۆنراوەکەی خۆی کردبێت؟! لێرەدا کەوانەیەک بۆ باسەکەم دەکەمەوە و دەڕۆمە سەر باسی شیعرێکی (سالم) و لێرەدا ناواخنی ئەم بابەتەی دەکەم و سەرەباسێکی دی دەهێنمە ناوەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە ئەم شیعرە هی حەسرەتی-یە، لە کەشکۆڵی نەجمەدین مەلادا لەکۆی شیعرەکانی سالم لە یەکێک لە کەشکۆڵەکانیدا هاتووە و دەڵێت:

**قامەتت سەرووی ڕەوانە بە حوسێن**
**عاریزت باغی جینانە بە حوسێن**
**شەربەتم زەهرە لە دووریت بە حوسن**
**زیندەگیم دەردی گرانە بە حوسێن**
**غەیری دووری نییە سەیل و یەرەقان**
**هەر فیراق قابیلی جانە بە حوسێن**
**هێرشی لەشکری غەم، نەوعی یەزید**
**وا لە دڵ زەخمی زەمانە بە حوسێن**
**دڵ لەبەر تیری نیگاهی غەمزەت**
**ڕووبەڕوو میسلی نیشابە بە حوسێن**
**(سالم)ی توشنەی هیجرت بە عەلی**
**پەیڕەوی ڕێگەی ڕەوانە بە حوسێن**

نەجمەدین مەلا نیشانەی (چ، ن)ی بۆ داناوە، واتە: چاپ نەکراوە، ئەم هۆنراوە لە دیوانی سالمی چاپکراوی گیوی موکریانیدا نەهاتووە و لە بەرکوتێک لە خەرمانی شیعری سالمی مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغیشدا نییە.

لە کۆی باسەکەدا بۆ ئەم شیعرە چەند بەڵگەیەک دەهێنمەوە..


١- قامەتت سەرووی ڕەوانە بە حوسێن: سالم لێرەدا بەشداری ئەم نامانەی حەسرەتی و کوردی دەکات و دەڵێت: بە (حوسێن)، لە سەر هەمان کێش و وەزن و ڕێگا.

٢- سالم لە باسی دووری ئەواندا دەڵێت: شەربەتم وەکو زەهری مارە.

٣- سالم لە دوا بەیتیدا دەڵێت: هیجرت بە عەلی، سوێند بە عەلی دەخوات و دەڵێت: پەیڕەوی ڕێگەی ڕەوانە بە حوسێن، واتە: پەیڕەوی ڕێگای (حەسرەتی و کوردی) ڕوون و ئاشکرایە سوێند بە حوسێن.

٤- هاتنی ناوی، یان وشەی (بیمار) لە شیعرەکەی حەسرەتی، نیشانەی ئەوەمان نیشان دەدات کە حەسرەتیش ئاگاداری شیعرەکەی سالم بووە، بەپێی وشەی (بیمار)، وا پێدەچێت حەسرەتی دوای سالم شیعرەکەی نووسیبێت.

دەتوانین لە کۆی باسی ئەم سێ شیعرەدا ئەمەش بلێین: نامەکەی حەسرەتی و سالم و کوردی بەم شێوە بێت: یەکەم جار کوردی نامەکەی نووسیبێت، دواتر سالم شیعرەکەی نووسیوە، دوابەدوای ئەوە حەسرەتی شیعرەکەی خۆی نووسیوە، یان کوردی هۆنراوەکەی نووسیوە و حەسرەتی وەڵامی داوەتەوە و ناوی (بیمار) واتە: (سالم)ی هێناوە، سالمیش ئەو پارچە شیعرەی



**وەڵامی سالم بۆ کوردی**

نووسـیـوە، هاتنی ناوی (بیـمـار) وا پێـدەچێت کـە حەسرەتی بە سالمی وتبێت (بیمار) و نەیزانیبێت کە سالم ناوی خۆی گۆڕیوە بە (سالم)، بۆیە ناوی بیماری هێناوە، سالمیش لە شیعرەکەدا وتوویەتی (سالم) کەواتە ناوی من ئێـسـتـاکـە (سـالم)ـە نەک بیـمـار، یان لە بۆچوونێکی تردا کـە بەڵگەدار ترە ئەوەیە کـە سـالم دەڵێت: سالمی تینووی دووری ئێوەم بە عەلی و پەیڕەوی ڕێگەی ئێوەم کردووە.

لە ڕاستـیـدا بەپێی دوا بەیتی شـیـعـرەکەی سالم، وا دەردەکەوێت سالم دواجار شیعرەکەی نووسیبێت، چونکە دەڵێ ڕێگەی ڕەوان، ناڵێت: ڕێگای ڕوون، سـالم ڕووی دەمی بۆ دوو کـەسە نـەک یەک کەس، ئەمـەش سوورمـان دەکات لە سەر ئەوەی بڵـێین، سالم دواجـار شیعـرەکەی نووسیوە.


بەڵگەیەکی دی لە سەر ئەوەی هۆنراوەی قـەوسی ئەبرۆ هی حەسرەتییە، تەمـاشایەکی ئەم بەیتـە دەکـەین: (بە عەلی سوێندت دەدەم، شیعەی ئەگەر ڕەحمت بێ... خۆ ئەگەر سوننەی ئەی شۆخی زەمانە، بە عومەر) حەسرەتی سـوێندی بە عـەلی دەدات ئەگـەر شـیـعـەیە، خـۆ ئەگـەر سوننەیشە سـوێندی بە عـومەر دەدات، کـەچی عـومەر و عـەلی و ئەبوو بەکر و عـوسـمـان و حـوسـێن و... لەلای سوننەکان ڕێزی تایبـەتیـان هەیە، لەلای شـیـعـەکـانیش تەنیا عەلی، بەڵام لێرەدا حەسرەتی دووبەرەکییەکی لەنێو هەڵبەستەکەیدا دروست کردووە، بەڵام لەلای کوردی ئەوە بەدی ناکرێت، ئەمەش هەردوو هەڵبەسـتـەکەی کوردی و حەسـرەتیـیـە، کە مـامـۆسـتـا حـەمـەبۆر بڵاوی کـردۆتەوە بەناوی یەک کـەسـەوە، واتە بە ناوی (مـسـتـەفـا بـەگی کوردی)یەوە هێناویەتی.

نامەکەی مستەفا بەگی کوردی بۆ حەسرەتی:

**نیم نیگای دولبەری من، دڵ دەڕفێنێ، بە عەلی**
**نووکی پەیکانی موژەی، خوێن دەتکێنێ، بە عەلی**
**چاوی مەخمووری، لە خەوی سەحەری هەڵساوە**
**بادەیی ساغیری عوشرەت دەڕژێنێ، بە عەلی**
**تیرەکەی ئەمڕۆ کە هێناوەتە سەر گۆشی برۆ**
**شیشە و جامی سەبووحی دەشکێنێ، بە عەلی**
**تاری کاکۆڵی کە ئەفشانە لە سەر مەیتەنی ئاڵە**
**ڕوشتەیی جان و دڵ و دین دەپسێنێ، بە عەلی**
**نەقدی فرمێسکی لە دەست مەردومی چاو، سەند بە (حوکم)**
**باج لە دەست مەردوەی ئاوی دەستێنێ، بە عەلی**
**مایەیی عەشقی وەها (پوختە دەکا) مەردومی خاو**
**خوێن لە جەرگ و دڵ و دیدە دەمەیێنێ، بە عەلی**
**(قادر)ـە (کوردی) لە بۆ حەشری هەموومان (قادر)**
**عەشقی ئەو، زیندە دەکات و دەمرێنێ، بە عەلی**

وەڵامی حەسرەتی بۆ کوردی:

**قەوسی ئەبرۆ و موژەت، تیر و کەمانە، بە عومەر**
**نیگەهت قەیدی دڵە، ئافەتی جانە، بە عومەر**
**تیر بارانی نیگاهت لە دڵی عاشقی زار**
**تیژ و سۆهان زەدە، وەک نووکی سنانە، بە عومەر**
**بە شەرارەی غەمی تۆ نەخلی مورادم سووتا**
**باغی شادیم هەموو دەم فەسڵی خەزانە، بە عومەر**
**تیغی ئەبرۆی خەمت، سوورەتی سەیفی (عەلی)یە**
**باعیسی زەمزەمە و شووری جیهانە، بە عومەر**
**بە (عەلی) سوێندت دەدەم، (شیعە)ی ئەگەر ڕەحمت بێ!**
**خۆ ئەگەر (سوننە)ی، ئەی شۆخی زەمانە، بە عومەر**
**پەرتەوی عاریزی یار و دڵی سەد پارەیی من**



**وەڵامی حەسرەتی**

**قسەی شەوقی مەهوو، چاکی کەتانە، بە عومەر**
**(حەسرەتی) نەماوە ئەگەر کۆهکەنی بیمارم**
**دولبەرم هەر وەکو شیرینی زەمانە، بە عومەر**

وەڵامی سالم بۆ کوردی و حەسرەتی:

**قامەتت سەرووی ڕەوانە بە حوسێن**
**عاریزت باغی جینانە بە حوسێن**
**شەربەتم زەهرە لە دووریت بە حوسن**
**زیندەگیم دەردی گرانە بە حوسێن**
**غەیری دووری نییە سەیل و یەرەقان**
**هەر فیراق قابیلی جانە بە حوسێن(*)**
**هێرشی لەشکری غەم، نەوعی یەزید**
**وا لە دڵ زەخمی زەمانە بە حوسێن**
**دڵ لەبەر تیری نیگاهی غەمزەت**
**رووبەڕوو میسلی نیشابە بە حوسێن**
**(سالم)ی توشنەی هیجرت بە عەلی**
**پەیڕەوی ڕێگەی ڕەوانە بە حوسێن**

**پەراوێز:**

* لە ڕاستیدا هەر چەند چاوم بە دیوانی مەلا عومەری ڕەنجووریدا گێڕا، نازناوی (حەسرەتی)م پێش چاو نەکەوت، بە گومانم لەوەی حەسرەتی نازناوی مەلا عومەری ڕەنجووری بوو بێت،

بەڵام لە کتێبی مێژووی ناودارانی کوردی بابا شێخ مەردۆخ ڕۆحانی (شیوا)ی لاپەڕە (٣٢٤)ی بەرگی یەکەمدا، باس لە حەسرەتی ناوێک دەکات و دەڵێت:

حەسرەتی سنەیی: ناوی موحەممەد تەقی، نازناو "حەسرەت"، شاعیرێکی خەڵکی سنەیە کە وەک ڕەونەق ئێژێ، بابی لە چینی کەم دەس بووە و خۆیشی ئەگەرچی خوێندوویە و پێگەیشتووە، بەو حاڵەش عومری بە دەروێشی و هەژاری ڕابردووە، زۆری سەفەر کردووە و جارێکیان لە گەڕانەوە لە سەفەرێکیدا، دەوری ساڵی ١٢٥٠ ک. م. لە شاری تفلیس لە دنیا چووە.

حەسرەتی دەوری دە هەزار بەیت شیعری داناوە کە تەنیا بەشێکی کەمی لێ بەجێ ماوە.

لە کتێبی ناوبراودا دە بەیت شیعری فارسی ئەم حەسرەتییە هاتووە، ئێمە لێرەدا تەنیا مەبەستمان لە وەرگرتنی ئەم زانیارییە، ناوی شاعیر و هاوزەمانی شاعیرە لەگەڵ شاعیری ناوبراودا، ئەم شاعیرەش هاوزەمانی کوردی بووە، هەروەها لە کتێبی شاعیرانی کوردی فارسی گۆیاندا لە لاپەڕە (٢٢٤) دا باس لە چەند (حەسرەت)ی ناوێک دەکات، لەنێو ئەو حەسرەتیانەدا ناوی هەمان حەسرەتی هاتووە کە بابا مەردۆخ ئاماژەی پێ کردووە و هەمان شیعری کتێبەکەی مەردۆخی بڵاوکردۆتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**١- کەشکۆڵێکی بێ ناوونیشان کە لە مامۆستا حەمە ڕەشیدی ئەمینی پاوەییم وەرگرتووە، لە جێگایەکی ئەم کەشکۆڵەدا نووسراوە: لە سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی نووسراوە، ١٣٩٠ی ١٤ی شعبان.**

**٢- کەشکۆڵی مینای شکستە: بەقەڵەمی نەجمەدین مەلا، بەرگی یەکەم، لە ١٩-٤-١٩٤٠ دا نووسیویەتییەوە.**

**٣- دیوانی کوردی (مستەفا بەگی "کوردی"ی ساحێبقڕان): لێکۆڵینەوەی محەمەد مستەفا "حەمەبۆر"، بەرگی یەکەم و دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.**

**٤- بەرکوتێک لە خەرمانی شیعری سالم: محەمەد عەلی قەرەداغی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.**

**٥- مێژووی ناودارانی کورد "عارفان، زانایان، وێژەوانان، شاعیران": بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی (شیوا)، و- ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە کتێبەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر- ٢٠١١.**

**٦- شاعران کُردِ پارسی گوی: سید عبدالحمید حیرت سجادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیام، نشر احسان، تهران، ١٣٧٥.**

**(*) لە دەستنووسەکەدا بە ڕێنووسی کۆن (حسن) نووسراوە کە دەکرێ بە (حوسن) و بە (حەسەن)یش بخوێنرێتەوە. (ڕامان)**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# گۆڤاری (ڕامان)ی پێشەنگ

**مەدحەت بێخەو**

هەر لەدوای ئازادبوونی بەشێکی زۆری خاکی هەرێمی کوردستان و دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بوار بۆ هەمـوو چالاکـیـیـەکـانی وێژە و ڕۆشنبـیـری و هونەر ڕەخسـاو بۆ تۆڵە و قـەرەبووکـردنەوەی ئەو هەمـوو سـاڵە تاڵەی ڕۆژگاری دیکتاتۆری.. نووسەران و هونەرمەندان بە گـشـتی کـەوتنە چالاکی و پێـشـکەش کـردنی بەرهەمی سوودبەخش و ڕێژەیەکی زۆر کتێب و گۆڤار و نامیلکەی چاپکراو لە بابەتی شیـعر و چیرۆک و هەمەجۆر کەوتنە بازاڕەوە، بەڵام لەناو هەموویاندا گۆڤـاری (ڕامـان) زیاتر سەرکەوتنی بەدەست هێنا و لەناو هەمـوو بڵاوکراوەکـاندا بوو بە پێـشـەنگ و درەوشـایەوە، ئەویش لە ناوەڕاسـتی نەوەدەکانەوە پەخش بوو و خێـرا سـەرنجی خوێنەرانی بۆ لای خـۆی ڕاکـێـشـا و بوو بە گـۆڤـارێکی پێـشـەنگی ڕۆشنبیری و وێژەیی و زانستی، تەنانەت ئەکادیمیش نەک هەر لە هەرێمی کـوردسـتـاندا، بەڵکو لە هەر سێ پارچە ئازیزەکەی تری کوردستانیش، هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی دەرەوەشـدا کـە لە مـاوەی ئەم (١٦) سـاڵەی (ڕامـان)دا زیاتر لە (٦) هەزار نووسەر و دکتۆر و شارەزا بە بەرهەمە بە پێـزەکـانیـان بەشـداربیـان لە گـۆڤـاری (ڕامـان)ی خۆشەویستدا کردووە.

بەڵێ (ڕامـان) بوو بە رووگـەی سەرەکی ڕۆشنبیـران بۆ بەشداریکردن و سـوود وەرگرتن لە بابەتە بە سوودەکـانی ڕۆشنبیری و هونەری و زانستی و مێژوویی و کولتووری و دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆربەی پسـپـۆڕ و نووسـەر و هونەرمەندان کرا، کە ئەمانە هەمووی هونەرەکەی بۆ برای نووسـەر و ڕۆشنبیر و سـەرنووسـەری گـۆڤـاری (ڕامـان)ی خۆشەویست دەگەڕێتەوە کە بە زیرەکی و ئەزموونی درێژی توانی ئەم گۆڤارە بەهادارە بەم شێوەیە پێشکەش بکات، بە دیزاینێکی جـوان و بێ هەڵەی چاپ خـۆی بنوێنێ، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو بڵاوکراوانەی بەشێوەیەکی زۆر و بۆر و پڕ هەڵەی چاپ ڕۆژانە لە شـەقـامـەکـان دەکـەونە بەرچاو، بێ گـومـان ئەم زۆری و بۆرییـە کـە زۆربەیـان شـایانی خـوێندنەوە نین، لە دواڕۆژدا زۆر بەگـران لەسـەر ئەدەب و نووسینی کوردی دەکەوێتەوە، بۆیە لێرەدا شایانی ئاماژە پێکردنە کە تیشکێک ئاراستەی برای بەڕێزم کاک (ئازاد عـەبدولواحـیـد) بکەم کـە مـن هەر لە سـەرەتای حەفـتـاکـانەوە ئاشنایەتی و برادەرایەتیم لەگەڵی بەهێـز بوو، بۆیە زوو بەهرە و توانای (کاک ئازاد)م بۆ دەرکەوت کـە لە هەمـوو کـۆڕەکـانی یەکـێـتـیی نووسـەرانی کـورد بەشـداری دەکـرد و بە ڕەخنەو ڕوونکردنەوەی بەپێـزی سەرنجی هەموو بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا کە ئەوکـاتە لە دەوری سـەرەتای لاوی و هەرزەییـدا بوو، هەروەها خـاڵێکی گرنگتر هەیە کە پێـویسـتـە هەمـوو ڕۆشنبـیـرێکی کـورد شـانازی پێـوە بکات، ئەویش لەو کاتەی چەند ساڵێک نیشتـەجێی شاری سلێـمانی بوو، توانی زۆر سـەرکـەوتووانە تۆژینەوەیەکی بەپێـز و بەنرخ دەربارەی سـەرەتای نوێخـوازی لە شـیـعـری کـوردیدا پێشکەش بکات و گرەو لە هەمـوو نووسەر و لێکۆلەر و توێژینەران ببـاتەوە و بەرهەمە بەنرخەکەی لە دوو بەرگدا بەچاپ گەیاند دەربارەی شاعیری نوێخوازی کورد (شێخ نووری شـێـخ سـالح)ی شـاعـیـر، هەروەها ئامـاژەش بە (گۆران)ی شاعیری نوێخـواز بدات کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە چاپخـانەی (دارالجاحظ) لە بەغداد بە چاپی گـەیاند، ئەم توێژینەوەیە بوو بە بنیادی زانینی سەرەتای نوێخوازی لە شیـعری کوردیدا کە پێـویسـتـە هەمـوو خـوێنەرێک ئەم سەرچاوە بەهادارە بخوێنێتەوە. وێڕای ئەم شاکارەش کاک ئازاد بە دەیان بەرهەمی ڕۆشنبـیـری و ئەدەبی بەپێـزی پێشکەش بە خوێنەران و کتێبخانەی کوردی کردووە.

لە کۆتاییدا هیـوادارم وێنەی (کاک ئازاد) بۆ خزمەت کـــردنی ئەدەب و نـووســـینی کـــوردی هەر زۆر بێ.. پیـرۆزبایی گـەرمم پێـشکەشـە بە یادی شـازدە سـاڵەی گۆڤـاری (ڕامـان)ی خۆشـەویست و پێـشـەنگ، دووبارە دەست خۆشی لە کاک ئازاد و ستافەکەی دەکەم، هەروەها دەستخۆشی لە هەمـوو بەشداربووان و هاوکارانی (ڕامان) دەکـەم.. لەگـەڵ دروود و سـڵاوی زۆرم بۆ گـیـانی پاکی خاوەن ئیمتیـازی گۆڤاری ڕامان شەهیدی نەمر (شەوکەت شێخ یەزدین).

# جیهانی تایبەت بە منداڵ

**یووسف عەبدولقادر ڕەسووڵ (*)**






* به دەیان ساڵه ئەوانەی له بواری منداڵاندا کار دەکەن و له سایکۆلۆژیەتی منداڵ تێدەگەن، به تایبەتی زانا و شارەزاو پسپۆرانی ئەو بواره، هەوڵیان داوه به شێوەیەکی زانستیانه کەشوهەوایەکی تایبەت به جیهانی منداڵان فەراهەم ببێ، لەبەر ئەوەی جیهانی منداڵ جیهانێکی بێگەرد و پاکژ و دوور له ئاڵۆزی و توندوتیژییه. به داخەوه زۆر هەن به هەڵسوکەوتی دوور له پەروەردەیەکی ڕاستودروست منداڵ تووشی لادان دەکەن له جیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن منداڵێکی به کەڵک و ئامادەکراوی بۆ ئایینده لێ دەر بچێ، ئەو ئەرکەش سەرەتا له پەروەردەی خێزانییەوه دەست پێ دەکا، بەتایبەتی ئەگەر دایک و باوک هەڵسوکەوتی باش لەگەڵ منداڵەکەیان بنوێنن، ئەوه کەسایەتی بەهێزی بۆ دروست دەکەن، خۆ ئەگەر به پێچەوانەوه بوو، ئەوه منداڵ تووشی سەرلێشێوان و توندوتیژی دەبێت، دواتر دەبێته مایەی کارەسات بۆ خێزان و کۆمەڵ، چونکه ئاییندەی کۆمەڵ منداڵ بنیاتی دەنێ.

* له کۆمەڵگای ئێمەدا لەبەر ئەوەی بایەخی تەواومان به دنیای منداڵان نەداوه، یان له بایەخی ئەو دنیایه تێ نەگەیشتووین و نەمانتوانیوه وەک پێویست هەموو لایەنەکانی دەروونی منداڵ دیراسەت بکەین، بۆیه بەشێکی زۆری منداڵانمان شەرمنن و بڕوایان بەخۆیان نییه و تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوون، لەبەر ئەوەی ئەو جۆره منداڵانه هەر له سەرەتای ژیانیانەوه پشتگوێ خراون و بایەخی پێویستیان پێ نەدراوه و سەرکوت کراون، یان ڕێزیان لێ نەگیراوه و هیچ حسابێکیان بۆ نەکراوه، بۆیه وەک بوونەوەرێکی بەرچاو کەسایەتییەکەی نەپارێزراوه، کەواته پەروەردە له سەرەتاوه له خێزانەوه دەست پێ دەکا تا دەگاته دەرەوەی ماڵ و قوتابخانه و دەوروبەرەکەی، هەر ئەوانەش بڕیاردەر و هۆکارن بۆ دروست بوونی کەسایەتی منداڵ که بۆ دوارۆژ مرۆڤێکی تەندروست و بەهێزی لێ دروست بێ، یان لادەر و لاواز و ڕووخاو، که دەبێته بار بەسەر کۆمەڵگاکەوه.

* منداڵ هەر له سەرەتای ژیانییەوه پێویستی به ڕۆشنبیرکردن هەیه و دەبێ پێویستییەکانی بۆ دابین بکرێ که زۆر شتی سادەن، چونکه به باشی زانیاری وەردەگرێ و له مێشکیدا دەمێنێتەوه و لەبیری ناکا، تەنانەت ئەگەر نەتوانێ دەریشی ببرێ، له سەرەتاوه له شتی زۆر سادەوه دەست پێدەکات، هەرچییەکی هەیه به زمانێکی ساده و ساکار تێی بگەیەنین، پاشان که وێنەکه دەبینێ خۆی دووبارەی دەکاتەوه، هەرچەنده تەمەنی گەوره دەبێ، بەپێی تەمەنی خۆی شتەکان وەردەگرێ و لێی ڕادێ، ئەوەش سەرەتای ڕۆشنبیرکردنی منداڵه، لەو حاڵەتەدا منداڵ حەزی له خوێندنەوه و خۆ ڕۆشنبیرکردنه، بۆیه پێویسته هەر له سەرەتای ژیانییەوه لەسەر چیرۆک خوێندنەوه ڕایبێنین، دەبێ چیرۆکەکانیش زۆر ساده بن، باس له خۆشەویستی و لێبوردەیی و ڕاستگۆیی بکات، چونکه منداڵ له کارەکتەری چیرۆکەکانەوه فێری زۆر زانیاری دەبێ و دەچێته ناو کەسایەتییەکه و دەیەوێ لاسایی بکاتەوه، به مەرجێک دایک و باوک زانیارییەکان به باشی بگەیەنن، که منداڵیش چووه ناو کەسایەتییه باشەکانەوه هەست به بوون و کەسایەتی خۆی دەکا، بۆیه پێویسته بەشێوەیەکی هۆشیارانه و زانایانه چیرۆکەکەی بۆ دەستنیشان بکرێ که دووربێ له توندوتیژی و مردن و خوێن ڕشتن و ڕوحی تۆڵه سەندنەوه و هەمیشه کارەکتەری خەراپی ناو چیرۆکەکه وا نیشان بدرێ که تووشی پەشیمانی و شەرمەزاری و دابڕان دەبێ، لەو حاڵەتەدا بەدڵنیایی منداڵەکه ڕقی له کارەکتەره خەراپەکه دەبێتەوه و خۆی لەو کاره دزێوانه لادەدات که ڕقی لێیەتی، له هەمان کاتیشدا خۆی له کەسایەتی کارەکتەره باشەکه دەبینێتەوه و هەوڵ دەدا لاسایی بکاتەوه.

* پێویسته له سەرەتای ژیانی منداڵەوه دایک و باوک که چیرۆک بۆ منداڵ دەگێڕنەوه هەوڵ بدەن به زمانێکی زۆر پاراو و ساده منداڵەکەیان بدوێنن، دوور له وشەی قەبه و فەلسەفەی دنیای ئاڵۆزی گەوران، چونکه زۆرجار چیرۆکەکه تێکەڵی خەونەکانی دەبێت، بۆیه ئەوانەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دنیای منداڵدا دەکەن، پێویسته له سایکۆلۆژیەتی منداڵ بگەن و زانستییانه ئاگایان لەو دنیا پڕ له بەرائەته بێت و تێکەڵی ڕوحی پاکی منداڵ بن تا سەر لەمنداڵ نەشێوێنن. له هەمووشی گرنگتر ئەوەیه نابێ دایک و باوک ململانێ لەگەڵ منداڵەکەیان بکەن و بەهاتوهاوار و قیژاندن و لێدان و هێرش کردنه سەری، تەنانەت ئەگەر کەتنێکیشی کرد سەرکۆنەی بکەن، چونکه لەو حاڵەتەدا منداڵ تووڕه و بێ تەبیعەت و شەرانگێز دەردەچێ، خۆ ئەگەر داوای شتێکی کرد و پێیان باش نەبوو، پێویسته زۆر به ئارامی قەناعەتی پێ بهێنن که ئەوه باش نییه، بەڵام بەرانبەر بەوه شتێکی تری بۆ بکرێ تا هەست بەوه بکا تۆ دژی خواستەکانی ئەو نیت، بەڵام پێی بڵێیت ئەوه باشه، ئەوەش خەراپه بۆ ئەوەی منداڵەکەت ئارام بێ، لەمەدا پێویسته ئارام و لەسەرخۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵدا بکرێ.

**(*) پسپۆڕی نووسین و هونەری منداڵان.**